پەیامی زانایان

گۆڤاڕێکی ڕۆشنبیری ئایینیە یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان دەری دەکات

کوردستان و مەزهەبی ئیمامی شافیعی

بەرەو گەشە پێدانی ڕەوشی ئایینی و ڕێکخستنەوەی مزگەوتەکان

- یەکخستنی دروشمە ئایینیەکان هەنگاوێك بۆ گەڕاندنەوەی بیری میانڕەوی
- دارنینی ئایین لەمەزهەب و فیقهی موجتەهیدەکان دابڕینی شەریعەتە لەژیان
- پەیڕەوکردنی مەزهەبێکی دیاریکراو لـــە ڕوانگەی مەقاصیدی شەریعەوە

- بۆچی کورد مەزهەبی ئیمامی شافیعی پەیڕەو کردووە؟
- گرنگی فیقهی تەبایی و ڕەچاوکـــردنی ئەدەبی ئیختیلاف

وتەی دەسپێک

هەوڵی بەرەو پێشبردنی دۆخی ئایینی و ئاستی هۆشیاری موسڵمانان بە پێی تێگەیشتن و مەنهەجی زانایانی ئیسلامو واقعی میژوویی میللەتی کوردی موسڵمان، ئەرکی لە پێشینەی هەردوو دامەزراوەی (وەزارەتی ئەوقاف و کارو باری ئایینی و یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان)ە، کە لە ئێستادا بە ستراتیژو بەرنامەی تۆکمەو ئەزموون وەرگرتن لە وڵاتانی ئیسلامی و بە پاڵپشتی زانایان و خەڵکۆرانی رەوشی دینداری لە هەرێمی کوردستان هەنگاوی گرنگ لە ئارا دان.

چەندە کۆمەڵگەی کوردستان پەیرەوکاری مەزهەبی پێشەوای زانایانی پێشین ئیمامی شافعی بێت (رەزای خوای لەسەر بێت)، ئەوەندە زیاتر لە رووی زانستی شەرعی و عەقڵی و مەعریفیەوە بەهرەمەند دەبێت، چونکە ئەو پەیرەوە نایابە کۆکەرەوەی هەردوو مەسلەکی فەرموودەو قیاسە، کە لەیەك مەدرەسەی مەزندا کۆی کردنەوەو، بۆ یەکەم جار ئەو پەرتەوازەییەی نەهێشت لە نێوان ئەو دوو مەدرەسەیەدا هەبوو، توانی بە بەهێزی بەڵگەی نەقڵی و زمانەوانی و عەقڵی هەردوو مەدرەسەکە گرێ بدات بەیەکەوەو کەشێکی پێشکەوتوو لە ئەداو خزمەتی شریعەت و ئاراستەی شارستانیەتی ئیسلامی بێنێتە کایەوە، کە زۆربەی زانایانی لێهاتووی بواری تەفسیرو فەرموودەو فیقهوو ئوسوڵی فیقهی و عەقائیدو تەسەوف و سیرەت و زمانەوانی لە ئوسوڵی مەزهەبەکەی خۆی لەماوەیەکی کەمدا کۆ بکاتەوەو، گەورەترین خزمەت بە ئیسلام و موسڵمانان بکات، ئەو ریوایەتەش کە هاتووە: (لا تسبوا قریشاً فإن عالمها تملأ الأرض علما) بەرجەستە بکات.

وەك ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل فەرمووی پێش شافیعی (زانایان یان پزیشك بوون یان سەیدەلانی) (یان فیقه بوون یان فەرموودەناس) بەڵام ئەو زاتە بۆ یەکەم جار هەم پزیشك بوو هەم سەیدەلانی، واتە هەم فیقە و هەم فەرموودەناس بوو.

لەم سۆنگەوە ئەنجومەنی باڵای فەتوای یەکێتی زانایان فەتوایەکی گرنگ و پێویستی تایبەت بە چەند پرسێك لە پیناو ڕێکخستنەوەو یەکخستنەوەی دروشم و پەرستشەکان لە چوارچێوەی مەزهەبی پەیرەوکراوی ئیمامی شافیعی لە مزگەوتەکانی کوردستان باڵاو کردەوە، بۆ ئەوەی ببێتە بنەمایەك بۆ بەرەو پێشبردنی ئاستی هۆشیاری موسڵمانان و نەهێشتن و کەمکردنەوەی خیلاف و ناکۆکیەکان.

هەر بۆیە ژمارەی ئەم جارەی (پەیامی زانایان) هیوا خوازە کە ئەو ڕاستیە نیشانی خوێنەرانی بدات و لە ڕێگەی بابەتەکانییەوە ئەو ڕاستییە بسەلمێنێت کە پەیرەوکردنی مەزهەبی ئیمامی شافیعی (ڕەزای خوای لەسەر بێت)، واتە: یەکریزی موسڵمانانی کورد، دوورکەوتنەوە لە فەوزا و ناجێگیری و ناڕێکی فەتوا، جێبەجێکردنی سوننەتەکانی پێغەمبەرو شەریعەتی ئیسلام بە گشتی وەك خۆی، تێگەیشتن لە دەقەکانی شەریعەت و مەبەستەکانی، وێڕای یەکخستنی پەرستشەکان لەناو مزگەوتەکانی کوردستاندا، لە پێناو نەهێشتنی خیلاف و دووبەرەکی و ناتەبایی و گێرانەوەی هێمنی و خودا پەرستی بۆ ئاستی خوازراو، دوور لە نەفامی و دەمارگیری و بیری نامۆو ناواقعی و نەگونجاو لەگەڵ رابردووی زانایانی کوردی موسڵمان.

پەیامی زانایان

www.zanayan.org

ژمارە (104)

ڕێبەندان 2723ک

ڕەجـــەبی 1445ھ

شـــوباتی 2024م

گۆڤاڕێکی ڕۆشنبیری ئایینیە.. مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان دەری دەکات

خاوەنی ئیمتیاز

د. عبـدالله مـەلا وەیسی

amalazada@gmail.com

سەرنووسەر

د.عبـــــدالله شێرکـاوەیـی

Sherkaway83@gmail.com

07504632715

سەرپەرشتی و هەڵسەنگاندن

پ.د.حسن شێخ خالید موفتی

د. عـــومەر مەلا حسن مرۆ

د. جـــــــەعفەر گـــوانی

ڕاوێژکاران

مـــــامۆستا مـــەلا جـەلال خەیلانی

د.عـــرفـــان رشید شـــەریـــف

د. مـــــحمد نصرالله هـــەورامانی

د.أنس محمد شـــەریف دۆسـکی

د. حسن حـــمدامین خـــــــۆشناو

د. دلشـاد محمود معروف گەڵاڵەیی

مامۆستا مـەلا نجم الدین شەمساوا

E_mektebzanayan@gmail.com

www.zanayan.org



ناونیشان: هەولێر – شەقامی شێست مەتری سێڕیانی ڕێگەی موسڵ – بارەگای مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان

لەم ژمارەیەدا

– بەیاننامەی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان پەیوەست بە رەوشی ئایینی لە هەرێمی کوردستان

– مەزهەبی ئیمامی شافعی دەروازەیەکی خێرو گرنگ بووە بۆ گەلی کورد لەرووی ئایینی و کلتوریيەوە..... د.عبدالله مەلا وەیسی

– گرنگی پێگەی زانایان و پەیامی یەکڕیزی نێو موسڵمانان..... مەلا جەلال خەیلانی

– پوختەی فەتوای ئەنجومەنی باڵای فەتوای یەکێتی زانایان .....ئەنجومەنی باڵای فەتوا

– دریژەی بەڵگەی شەرعی و سەرچاوە فیقهیەکانی یەکخستنی پەرستش و دروشمەکان لە مزگەوتەکانی کوردستان.....

– یەکخستنی دروشمە ئایینیەکان هەنگاوێك بۆ گەڕاندنەوەی بیری میانڕەوی زانایانی کورد..... د.عرفان رشید شریف

– یەکخستنی پەرستش و دروشمە ئایینیەکان هۆکـــــاریکە بۆ تەبـــــایی و ئـــــاشتەوایی میللەتی کـــــورد.... د.مادح مەلا محمد بەرزێوەیی

– دارنینی ئایین لەمەزهەبء فیقهی موجتەهیدەکان دابڕینی شەریعەتە لەژیانء پیلانێکی زۆر مەترسیدارە! ..... د.ئیبراهیم محمد هەرشەلی

– پەیرەوکردنی یەك مەزهەب ئەرکێکی ئیسلامییە..... مەلا عومەر سوێری

– پەیڕەوکردنی مەزهەبێکی دیاریکراو لە ڕوانگەی مەقاصیدی شەریعەوە..... عەلی محمد هێرۆیی

– بانگەوازێك بۆ مامۆستایانی ئایینی..... مەلا عبدالله مەلا محمد هەڵەبجەیی

– بۆچی کورد مەزهەبی ئیمامی شافیعی پەیڕەو کردووە؟ ..... مەلا عبدالله شێرکاوەیی

– حوکمی خوێندنی (بسم الله الرحمن الرحیم) بەدەنگی بەرز لەنوێژدا لێکدانەوەیەکی بابەتی و زانستیانە..... د.قاسم غەفوور

– بۆچوونی زانایان لەسەر (بەسمەلە– بسم الله) لەگەلَ فاتیحەو سورەتەکانی تری قورئاندا..... مەلا محمد اسماعیل ئێنەیی

– حوکمی چوار بابەتی فیقهی پێویست بە بەڵگەی دروست..... پ.د. حسن خالد موفتی

– حوکمی سەڵات و سەلامی دوای بانگ و صەڵاو تەمجیدی بەیانیان..... مەلا عماد الدین مەلا فائز عبدالله

– (چوار) باس دەربارەی (بانگ) و بابەتە پەیوەستەکانی..... مەلا محمد مەلا محمود تاوەگۆزی

– قنوت لە فیقهی ئیسلامیدا لێکۆڵینەویەکی بەراوردکاری..... کمال ئەمین گوڵپی

– حوکمی شەرعی (تەلقین)ی مردوو..... مەلا ئەبوبەکر مەلا تاهیر بەحرکەیی

– پرسی قورئان خوێندن لەسەر مردووان و بۆچوونی زانایان..... مەلا عبدالحمید عبدالفتاح قەڵادزەیی

– حوکمی دەرکردنی زەکاتی سەرفیترە بە پارە..... پ.ی. د. حسن محمد پشدەری

– کاریگەری خواپەرستی بێخەوش لەسەر ژیانی مرۆڤ..... د. عبدالله وەرتی

– مەقاسیدی زیکرو تەسبیحات لە ڕوانگەی شەریعەتەوە..... د.محمد نصر الله هەورامانی

– گرنگی فیقهی تەبایی و ڕەچاوکردنی ئەدەبی ئیختیلاف..... سەرباز محمد حسن

– خوێندنی ویردو تەسبیحات لە دوای نوێژە فەرزەکان بە دەنگەوە..... پ.ی.د. کمال محمد أبوبکر بۆسکێنی

– الأذان المبدع ظهر يوم الجمعة بأمر الخليفة الراشد عثمان بن عفان (رض) وسنيَّة الرواتب القبلية لصلاة الجمعة.....الشيخ طيب البحركي

– دور صلاح الدين الأيوبي في إنتشار المذهب الشافعي في مصر والشام والعراق وإقليم الجزيرة– أربيل ..... الشيخ حسام الدين جودت عمر

– حكم من قال:"اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى سَيِّدِنَا مُحَمَّدٍ عَدَدَ خَلْقِكَ" هل يكتب له صلاةٌ واحدة أم صلاةٌ بِعَدَدِ الْخَلْقِ؟..... د.نامق إسماعيل مصطفى الكزني

– دوا گۆشە.. ئەم هەنگاوە بۆچی؟..... سەرنووسەر

بەیاننامەی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان پەیوەست بە رەوشی ئایینی لە کوردستان

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان
زانایانی ئایینی قەدرگران
موسڵمانانی بەرێزی کوردستان

لەروانگەی هەست کردنمان بە بەرپرسیارێتی ئایینی و پیشەیی و سەقامگیری کیان و کۆمەڵگەو بەرەو پێشبردنی رەوشی ئایینی لە هەرێمی کوردستان، یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان لەرۆژی 6ی9ی2023 بە بەلاغێک کۆتایی بە کۆبوونەوەی خۆی هێناو ئەم چەند خاڵەی خوارەوە بە گرنگ دەزانێت:

یەکەم: گەلی کورد لە چوارچێوەی هەستی موسڵمانێتی خۆیدا هەمیشە رێزگرتن لە رێڕەوی گەورە زانایان بەلایەوە گرنگ بووەو، بە سەرچاوەیەکی بەهێزی لایەنی ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانی لێی روانیوە، بەردەوامیش هەوڵ و خزمەتەکانی مەلای کورد بەرهەمدارو لە گەشەو پێشکەوتن خۆی بینیوەتەوەو نەکەوتۆتە ژێر باری فەوزای دروستکراوو ناکۆکی و ململانێی نا تەندروستەوە.

دووەم: یەکێتی زانایان لەگوزەرانی زانایان و بارودۆخی ئایینی و رەوشی ئیدارەدان و ئاستی هەوڵ و هەنگاوو کاردانەوەکان تێدەگات، بەردەوام پەیامی خۆی هەبووەو پێشنیاری دیراسەکراوی گەیاندووە، بۆیە دڵنیایی دەدەینە سەرجەم زانایان سوورتر دەبین لەخزمەتکردنی ئایین و پاراستنی رێڕەوی گەورە زانایان و، ئەو ئامانجانەی یەکێتی زانایانی لەسەری دامەزراوە.

سێیەم: لەپێناو پاراستنی بەهای کاری بانگەوازی و گوتاری ئایینی و بەرەو پێشبردنی رەوشی دینداری و ئارامی دۆخی مزگەوتەکان و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و ئاشتی کۆمەڵایەتی و، رێگری لە نالەباری بۆچوونی هاوردەو نازانستی و ناکامڵ و پاراستنی پێگەو رێڕەوی زانایان و، یەکدەنگی و یەکڕیزی فیقهی لەناو موسڵمانانی کورد وەك هەر وڵاتێکی تری ئیسلامی، لەرووی فکری و عەقیدەیی دێرینی مەلای کورد پەیڕەوکردنی مەزهەبی ئیمانی شافیعی وەک مەزهەبی رسمی هەرێمی کوردستان بە پێویست دەزانێت.

چوارەم: یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان مەرجەعی یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی مەلای کوردەو نوێنەرایەتی زانایانی ئایینی لەهەرێمی کوردستان دەکات، ئەنجومەنی باڵای فەتوای ئەم یەکێتیەش بەرپرسیارە لە دەرکردنی فەتواو بابەتە ئیجتیهادییەکان، بۆیە ناکرێ مینبەری مزگەوت و کەناڵ و پەیج و سایتی کەسی ببنە شوێنی فەتوادان، هەروەها مزگەوت شوێنی خواپەرستی و ناوەندێکی گەورەی پەروەردەی رۆحی و ئیمانییە، پێویستە پەرەی زیاتری پێ بدرێت، وە رێگە نەدرێت ببێتە شوێنی پەرتەوازەیی و لێکترازان و ناکۆکی و ململانێی فکری و مەزهەبی و کەشی ئارامی دینداری بشێوێت، چونکە دەبێتە فاکتەری بەرهەمهێنانی رق و کینەو ئاژاوەو گوتاری توندڕەی و دواجار خزمەتێك بە گەل و وڵات ناکات.

پێنجەم: یەکێتی زانایان نیگەرانە لە دۆخی نالەباری کەرکوک و گوزەران و دواکەوتنی موچەی هاوڵاتیان لە لایەن حکومەتی عیراقەوە، کە نابێ پرسی بودجەو مووچەو مافە یاسایی و دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستان تێکەڵ بە ململانێی سیاسی بکرێت، داواش لە هێزو لایەنە سیاسیە کوردستانیەکان دەکەین بە یەکهەڵوێستی و تەبایی نێوخۆی هەرێم ئاوڕی جددیتر لە خزمەتکردنی هاوڵاتیان بدەنەوە.

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان
6ی9 ی2023

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان
مەکتەبی تەنفیزی
ئەنجومەنی باڵای فەتوا

اتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان
المكتب التنفيذي
المجلس الأعلى للإفتاء

ژمارە/ ١٠١٣ بەروار/ ٥/ ١٠/ ٢٠٢٣

بۆ/ وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی – نوسینگەی جەنابی وەزیر

بابەت/ یەکخستنی پەرستش ودروشمەکان لە مزگەوتەکانی کوردستان

ئاماژە بە کۆبونەوەی جەنابی وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئایینی لەگەڵ مەکتەبی تەنفیزی لە ٢٠٢٣/٩/٧، و بەمەبەستی پاراستنی بەهای کاری بانگخوازی ونارامی دۆخی مزگەوتەکانی کوردستان، وریگە گرتن لە بۆچوونی هاوەردە ونازانستی، وپاراستنی پیگە وریزەوەی زانایانی ئایینی کورد بۆ دروستکردنی یەکریزی فیقهی لە ناوموسلمانانی کوردستان وەک هەر وەلاتێکی تری ئیسلامی، هاوپێچ لەگەڵ نوسراومان دەقی فەتوای ژمارە ٨/ ٢٠٢٣ ی ئەنجومەنی باڵای فەتوا سەبارەت بە (رێنمایی شەرعی تایبەت بە یەکخستنی پەرستش ودروشمەکان لە مزگەوتەکانی کوردستان بە پێ ی مەزهەبی ئیمامی شافیعی) بۆتان دەنێرین بە مەبەستی پەیرەو کردنی لە سەرجەم مزگەوتەکانی کوردستان ....

لەگەڵ ڕێزمان

د. عەبدوڵڵا مەلا وەیسی
سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

وێنە بۆ/
- نوسینگەی سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان
- سەرجەم لقەکانی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان ... بۆ ئاگاداریتان
- ئەنجومەنی باڵای فەتوا .. لەگەڵ بەراییەکان
- کارگێری

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان
مەکتەبی تەنفیزی
ئەنجومەنی باڵای فەتوا

إتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان
المكتب التنفيذي
المجلس الأعلى للإفتاء

ژمارە/ ١٠٠٧ بەروار/ ٨/ ١٠/ ٢٠٢٣

زمارەی فەتوا: ٨/ ٢٠٢٣
- بەروار: ١٠- ربیعی دووەم/ ١٤٤٥کۆچی – ٢٤/ تشرینی یەکەمی/ ٢٠٢٣ – ٨ خەزلوەر٢٧٢٣ کوردی
- بابەت کردن: پەرستشەکان.

(رێنمایی شەرعی تایبەت بە یەکخستنی پەرستش ودروشمەکان لە مزگەوتەکانی کوردستان بە پێی مەزهەبی ئیمامی شافعی)

قال تعالى: (فاسألوا أهل الذكر إن كنتم لا تعلمون) (سورة النحل: ٤٣)

الحمد لله، والصلاة والسلام على سيدنا محمد رسول الله، وعلى آله وأصحابه ومن والاه.

وبعد:

پشت بەستن بە کۆبونەوەی ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە رۆژی سێشەممە ٢٠٢٢/٥/١٠ کە تیایدا تاوتوێی نوسراوی وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی ژمارە ١٥٤٦ لە ٢٠٢٢/٤/١٨ کرا کە داوای یەکخستنی پەرستش ودروشمەکان لە مزگەوتەکانی کوردستان بە پێی مەزهەبی ئیمامی شافعی کرد بوو، بەو پێیەی مەزهەبی ئیمامی شافیعی (رەحمەتی خوای لێبێت) کۆکەرەوەی هەردوو مەدرەسەی فەرمودە ورەئیە و، نزیکترین مەزهەبە بۆ جێبەجێکردنی سوننەتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بە شایەتیدانی گەورە زانایانی فەرمودەناسی، وەک:(الحافظ ابوبكر بن خزيمة)، هەروەها (الحافظ ابوبكر البيهقي)، هەروەها (الحافظ ابن الصلاح الشهرزوري)، ئەمە جگە لەوەی کە زیاتر لە هەزار ساڵە مەلای کورد ئەو مەزهەبەی هەلبژاردووە لەسەر بنەمای بەڵگە وزانست، نەک تەنها تەقلید، کە ئەمەش بووەتە هۆی یەکڕیزی نەتەوەییمان لە ڕووی ئایینی و دوورکەوتنەوەمان لە پەرتەوازەیی.

ناشکرایە کە مەبەستی سەرەکیش لە پەرستش ودرووشمەکان لە مزگەوتەکاندا بارێزگاریکردنە لە یەکریزی موسڵمانان وبرایەتی وخۆشەویستی نێوانیان وسەقامگیری کۆمەڵگە، بۆ دروستکردنی کەشێکی ئارام بۆ ئەوەی موسڵمانان بە شێوەیەکی تەندروست خوایەرستیان ئەنجام بدەن، بۆیە دوای ئالوگۆر کردنی بیرو ڕا لە نیوان ئەندامانی

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان
مەکتەبی تەنفیزی
ئەنجومەنی باڵای فەتوا

إتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان
المكتب التنفيذي
المجلس الأعلى للإفتاء

ژمارە/ ١٠٠٧ بەروار/ ٣/ ١٠/ ٢٠٢٣

سەردەمی پێغەمبەر–صلى الله عليه وسلم- هەبووە وفەرمودەی دروستیشی لەسەرە.

٨- زۆر ئەستەمە لە ئێستادا مەرجە شەرعیەکانی کۆکردنەوەی نوێژەکان بە هۆی بارانەوە بێنە جێ، بۆیە ناکرێت (پێشنوێژ- ئیمام) لە مزگەوتەکەی بریاری کۆکردنەوەی نوێژەکان بە هۆی بارانەوە بدات، وژمارەیەک لە مزگەوتەکانی کوردستان نوێژەکانی (عەسر) وەیا(عیشا) یان تێدا ئەنجام نەدرێت.

٩- پێویستە ئەو کەسەی (پێشنوێژ - ئیمام)ی دەکات، شارەزا بێت لەو مەرج و دارشتانەی کە هەیە لە فیقهی مەزهەبی ئیمامی شافیعیدا (رەحمەتی خوای لێبێت) بۆ ئەوەی نوێژی نوێژخوێنان بەتاڵ نەبێتەوەو تەنها دەنگ خۆشی ولەبەربوونی قورئان گیڤایەت نییە بۆ پێشنوێژی.

لە کۆتاییدا داوا کارین کە سەرجەم پێشنوێژ و وتارخوێنان پابەندبن بەم ڕێنمایە شەرعیانە بۆ ئەوەی هیچ کێشە و ناکۆکیەک لە مزگەوتەکاندا ڕونەدات و،موسوڵمانان لە گەشێکی ئارامدا پەرستشەکانیان ئەنجام بدەن .

خوای گەورە پشت وپەنای هەمووان بێت.

وصلى الله على سيدنا محمد وعلى آله وأصحابه أجمعين.

ئەنجومەنی باڵای فەتوا

١٠- ربیعی دووەم/ ١٤٤٥کۆچی – ٢٤/ تشرینی یەکەمی/ ٢٠٢٣ – ٨ خەزلوەر٢٧٢٣ کوردی

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان
مەکتەبی تەنفیزی
ئەنجومەنی باڵای فەتوا

إتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان
المكتب التنفيذي
المجلس الأعلى للإفتاء

ژمارە/ ١٠٠٧ بەروار/ ٤/ ١٠/ ٢٠٢٣

ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە کۆبونەوەی ڕۆژی ٢٠٢٣/١٠/١٦ وگەڕانەوە بۆ سەرچاوەکانی مەزهەبی ئیمامی شافعی، گەیشتن بەم ڕێنماییانە شەرعیانەی خوارەوە:

١- خوێندنی نزای قنوت لە نوێژی بەیانیاندا سوننەتێکی دووپاتکراوە لەناو نوێژدا، و کاتێك ئیمام لەبیریکرد؛ سوننەتە سەجدەی سەهووی بۆ ببات، چونکە یەکێکە لە دوو سوننەتەکەی ناو نوێژ، هەروەها پێویستە لەسەر مەئمومەکان شوێنی ئیمام بکەون لە ئەنجامدانی ئەم سوننەتەدا.

٢- خوێندنی ئایەتی (بسم الله الرحمن الرحيم) لە سەرەتایی سورەتی (الفاتحة) لە لایەن ئیمام و مەئمومەوە پێویستە و (واجب)ـە، و نەخوێندنی نوێژ بەتاڵ دەکاتەوە، بۆیە پێویستە (پێشنوێژ- ئیمام) لە نوێژەکانی (بەیانی ، مەغریب، عیشا) و (نوێژی هەینی وجەژنەکان) بە دەنگی بەرز بیخوێنێت.

٣- بانگی یەکەمی ڕۆژی هەینی دروشمێکی کارپێکراو بووە بە دریژایی مێژوو لە مزگەوتەکانی کوردستان، وکۆدەنگی هاوەڵانی پێغەمبەری خودای (صلى الله عليه وسلم) لەسەرە، بۆیە پێویستە لە مزگەوتەکان پەیرەو بکرێت.

٤- ئەنجامدانی دوو رکاعەت پێش نوێژی جومعە سوننەتە، و بە لایەنی کەمی دوو ڕکاتە، دوای هاتنی کاتی بانگی نیوەڕۆ ئەنجام دەدرێت.

٥- خوێندنی دوعای (وەسیلە) لە دوای بانگ و قامەت سوننەتێکی کارپێکراوە، بۆیە سوننەتە(پێشنوێژ- ئیمام) لەدوای قامەت وپێش دەستپێکردنی نوێژەکەی بە دەنگ بیخوێنی .

٦- خوێندنی صەلەوات بەهەر صیغەیەکی شایستە لە دوای بانگ وقامەت؛ سوننەتێکی دامەزراوی پێغەمبەرە –صلى الله عليه وسلم- .

٧- خوێندنی ویرد وتەسبیحات لەگەڵ نوێژە فەرزەکان بە دەنگێکی نەرم ومامناوەند بەشێوەیەك کە ڕەچاوی نوێژخوینان بکرێت، سوننەتێکی دامەزراو وکارپێکراوە، لە

حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
نەخشەی وەزیران
وەزارەتی نەوقاف و کاروباری ئایینی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارگێڕی و دارایی
بەڕێوەبەرایەتی مزگەوتەکان و پشکنین

حكومة إقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة الأوقاف والشؤون الدينية
المديرية العامة للإدارة والمالية
مديرية المساجد والتفتيش

ژمـــــــــارە:
ڕێکەوت: / /٢٧٢٣کوردی

ژمـــــــــارە: ٢٩٢٤
ڕێکەوت: ٥ / ١١ /٢٠٢٣ی زایینی

بۆ/ بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی (هەولێر- سلێمانی- دهۆک- هەڵەبجە- گەرمیان)
بەڕێوەبەرایەتیەکانی نەوقافی (زاخۆ- سۆران- ڕاپەڕین)
ب/گشتاندن

ئامازە بەنوسراوی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان ژمارە (١٠١٣) لە (٢٠٢٣/١٠/٢٥)، هاوپێچ ناوەرۆکی نوسراوی نەنجومەنی بالای فتوا بە ژمارە (١٠٠٧)لە ٢٠٢٣/١٠/٢٤)بۆتان دەنێرین لە پێناو بەرژەوەندی گشتی کار بکرێت بە ناوەرۆکی نوسراوی ئامازە پێکراو ..

لەگەل ڕێزدا..

د. پشتیوان صادق عبدالله
وەزیری نەوقاف و کاروباری ئایینی
٢٠٢٣/ /

وێنەیەک بۆ:
- نووسینگەی بەڕێز وەزیر بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز بڕیکاری وەزارەت بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەری گشتی کارگێڕی و دارایی بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا.
- مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان / نوسراوتان ژمارە (١٠١٣لە ٢٠٢٣/١٠/٢٥) بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا
- بەڕێوەبەرایەتی مزگەوتەکان و پشکنین/لەگەڵ بەراییەکان.
- خولاو.

ناونیشان: هەرێمی کوردستان - عێراق/ هەولێر
پۆستی ئەلیکترۆنی: E-mail: info@moera.gov.krd
Address: Kurdistan Region – Iraq/ Erbil

د.عبدالله مەلا وەیسی

سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

"مەزهەبی ئیمامی شافعی دەروازەیەکی خێرو گرنگ بووە بۆ گەلی کورد لەرووی ئایینی و کلتوورییەوە"

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

یەکێ لە ئامانجەکانی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، کارکردنە بۆ یەکریزی نیۆ مالّی کوردو تەبایی نیۆ موسلّمانان، بەدریژایی میژووش ئەو راستیە سەلماوە، کە مەلای کورد لەم پێناوە رەنجی زۆری داوەو خزمەتی زۆریشی پێشکەش کردووە، هەموو ئەو هەست و هەلوێستەی زانایان لە چوارچێوەی خۆپێگەیاندنێکی دروست و زانستی بە شارەزایی تەواو لە بواری مەعریفەی ئایینی و نەهجی گەورە زانایان و مەزهەبی ئیمامی شافعی خۆی بینیوەتەوە، کە دەروازەیەکی خێرو گرنگ بووە بۆ گەلی کورد لەرووی ئایینی و کلتوورییەوە.

زانایانی ئایینی بەو رۆل و پێگەو کەسایەتیە ئایینی و کۆمەلایەتی و زانستیەی هەیانە، کاریگەری گەورەیان لە ئاراستەی کۆمەلگەو بەرێوەبردنی مزگەوت و گوتاری ئیسلامی و تەبایی ناو موسلّمانان و قولکردنەوەی گیانی ئاینپەروەری و نەتەوەپەروەری هەبووە، هیچ کات دەرفەتی درزو پەرتەوازەیی و ناکۆکی و رەفتاری رەتکردنەوەو کەراهیەت نەداوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تێگەیشتنی دروستی دەقەکان و ئاستی پابەندی لە پەیرەو کردنی مەزهەبی ئیمامی شافیعی لەناو کۆمەلگەدا.

کوردو مەزهەبی ئیمامی شافعی میژوویکی دێرینیان هەیە، زانایانی کوردو میللەتی کورد رێژەی هەرە زۆریان لەسەر رێڕەوی مەزهەبی شافعی رۆیشتوون، کە هیمای تەبایی و تێگەشتن بووەو بەهاو گەورەی زۆری بەم گەلە بەخشیوە، سەرەڕای ئەمەش کوردو زانایانی ئایینی ئەو پەڕی رێزو ئەدەبیان بەرامبەر تێکڕای بۆچوونی زانایان و مەزهەبی دیکە نواندووە، کە زادەی هۆشیاری و قەناعەتی بووە نەك شتی دیکە.

پەیرەوی ئەو رێڕەوەو لەبەر چاوگرتنی واقعی زۆرینەی ئێستاو رابردووی کورد لەرووی مەزهەبیەوە، بۆ ئێستا گرنگەو ئەرکە لەپێناو گەیشتن بە ئامانجی گەورەو حیکمەتی شریعەت رەچاوی بکەین، بۆ ئەوەی رۆژ بەرۆژ خزمەتی پتر پێشکەش بکەین و خالّی هاوبەشی جیاوازیەکان بکەینە هەوێنی ئاشتەوایی کۆمەلگەو بەرەو پێشبردنی رەوشی دینداری و بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری، چونکە رێسایەکی مەقاسیدی هەیە دەلّێ: (مراعاه الغالب مقصد شرعی).

کاتی خۆی پیاوێك چووە لای ئەبو یەعلای حەنبەلی گوتی: هاتوومە فیقهی حەنبەلی لای تۆ بخوێنم، ئەویش فەرمووی: تۆ خەلّکی کوێی؟ گوتی: خەلّکی شیرازم. گوتی: باشە من زانیومە خەلّکی شیراز شافعی مەزهەبن تۆ هاتووی فیقهی مەزهەبی حەنبەلی بخوێنی، کە گەڕایتەوە شوێنی خۆت و فەتوا بە پێی مەزهەبی حەنبەلی بدەیت و رەچاوی فیقهی زۆرینە کە شافعی مەزهەبن نەکەیت، ئەوە فەوزا دروست دەکەیت! بۆیە نامەیەکت بۆ دەنوسم برۆ لای ئەبو ئیسحاقی شیرازی فیقهی شافعی بخوێنە.

کەواتە ئێمە پێویستمان بەوە هەیە بەو پەڕی رێزەوە مامەلّە لەگەلّ بۆچوونی گەورە زانایان و مەزهەبە فیقهیەکان بکەین، بەلّام ناکری بە هیچ شێوەیەك دەرگای فەوزا بکەینەوە، بۆیە رێکخستنەوەی دروشم و پەرستشەکان لە ئێستادا هەولّێکی پێویستەو بەرپرسیارێتی هەموو لایەکمانە کاری بۆ بکەین و بە رێزگرتن لە یەکتری و قبولکردنی جیاوازییەکان و کارکردن لەسەر خالّە هاوبەشەکان کوردستان بەرەو ئاقارێکی چاکتر ببەین.

گرنگی پێگەی زانایان و پەیامی یەکڕیزی نێو موسڵمانان

مەلا جەلال خەیلانی

جێگری سەرۆکی یەکێتی زانایان

ئاشکرایە لای هەموومان لە قورئانی پیرۆز خوای گەورە گرنگی زۆری داوە بە زانایان، هەروەك دەفەرموێ:(شَهِدَ اللَّهُ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ وَالْمَلَائِكَةُ وَأُولُو الْعِلْمِ قَائِمًا بِالْقِسْطِ) ئەم ئایەتە پیرۆزە چەند شتێکی گرنگمان بۆ دەردەخات:

یەکەم: خوای گەورە شایەدی زانایانی لەگەڵ شایەدی خۆی و فریشتەکانی هەژمار کردووە.

دووەم: خوای گەورە کەسی عادل و دادپەروەر نەبێت قبوڵی ناکات بە شایەد.

سێیەم: ئەم شایەدیە لەسەر گەورەترین بابەتە کە دانپێدانانی تاك و تەنیایی خوای گەورەیە.

چوارەم: خوای گەورە لەم شایەدیە ناوی پێغەمبەرانی نەهێناوە چونکە (اولوا العلم) ئەوانیش دەگرێتەوە. لەهەمان کاتدا خوای گەورە بە یەك دین و یەك ئومەت و یەك پارچە ناوی تێکڕای موسڵمانانی بردووە، هەروەك دەفەرموێ: (كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ) یان دەفەرموێ: (وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا)، کەواتە ئەوەی ئیسلام لە ئێمە دەخوازێ تەوحیدو یەك پارچەیی نەك پەرتەوازەیی و جیاکاری، هەر کەس بە بۆچوونی خۆی بێ گوێ لە یەکگرتن و پێکەوە دانیشتن کار بکات و حیساب بۆ ڕای بەرامبەر نەکات کەمتەرخەمی و پێچەوانەی مەقسەدی شەرعە، لە کاتێکدا یەك باوەڕو یەك شەریعەت و یەك نەتەوە و یەك نیشتیمان و یەك شارستانیەت هەموومان کۆدەکاتەوە.

هەروەها ئەمە بڕیاری خوای گەورەیە کە دەفەرموێ: (وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَا تَنَازَعُوا فَتَفْشَلُوا وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ) ئیدی بۆچی ئێمە لێکدابڕاو و پەرتەوازەبین بە تایبەتی زانایانی میراتگری پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت).

لەلایەکی ترەوە خوای گەورە بە پێغەمبەر دەفەرموێ: (وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ) بۆیە ئەبێت زانایان ڕەحمەت بن بۆ خەڵك نەك زەحمەت بن، وە ئەبێ زانایان بۆ هەموو خەڵك بن نەك بۆ تاخێك و گروپێك بن، خوای گەورە بۆ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێ: (فَبِمَا رَحْمَةٍ مِنَ اللَّهِ لِنْتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنْتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لَانْفَضُّوا مِنْ حَوْلِكَ)، بۆیە زانایان پێویستە نەرم و هاتیەوە و گونجاو بن لەگەڵ خەڵك نەك تووندوتیژ بن، خوای گەورە بە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێ: (إِنَّكَ لَا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَنْ يَشَاءُ)، بۆیە زانایان وانەزانن هەموو خەڵك لەسەر دەستی ئەوان هیدایەتی وەردەگرێ، هەموو خەڵك گوێڕایەڵی ئەوان دەبێت، چونکە ئەمە بۆ پێغەمبەرانیش ڕێکنەکەوتووە.

بۆیە پێویستە لەسەر زانایانی ئیسلام لە کوردستان ئەوپەڕی توانای خۆیان بخەنە گەڕ بۆ یەکخستن و ڕێکخستنی موسڵمانان، چونکە ئاژاوە و دووبەرەکی لە ناو موسڵمانان ئەگەر زوو چارەسەر نەکرێت سنووریکی بۆ دانەنرێت ئاژاوە لە دوای ئاژاوە سەر هەڵدەدات، ئەو کاتە چارەسەری ئاسان نابێت، ئەگەر زانایانی وڵاتی ئیسلام لە چەند لایەکەوە خزمەتیان بە میللەتەکەی خۆیان کردبێ، زانایانی کورد لە هەموو لایەکەوە خزمەتکاری میللەتەکەی خۆیان بووینە، خواناس و ڕاستگۆ و دڵسۆز بووینە بەوپەڕی توانای خۆیان بەرگریان لە شەریعەتی ئیسلام کردووە، پابەندی ڕاو فەتوای موجتەهیدەکانی ئیسلام بووینە، ڕای خۆیان بەسەر هیچ کەس فەرز نەکردووە بەبێ پشتگیری زانا گەورەکان، چونکە بەدبەختی و بەڵا لەوەدایە بیر و ڕای جیاواز لەسەر هەندێ دروشم و سوننەت نزیکمان کاتەوە لە پلەی هەرە مەترسی کە تەکفیرو تەفسیق و بە هەڵە تاوانبارکردنی یەکتر، ئەوکات موسڵمانان تووشی سەرگەردانیەکی کوشندە دەبن هەرچەندە ئەم دیاردەیە مەترسیدارە تووشی بەشی زۆری دەوڵەتە ئیسلامییەکان بووە، بەڵام توانیویانە کۆنترۆڵی بکەن و تێپەڕێنن، بۆ نمونە دەوڵەتی میسر توانیویەتی ئەك کێشەیە چارەسەر بکات.

بۆیە ئێمەش لە هەرێمی کوردستان پێویستە چارەسەری ئەم گرفتانە بکەین بە حیوار و دیالۆك و یەکتر قبوڵ کردن، چونکە لەم سەردەمە خەڵك لە بیروڕا دەربڕین ئازادە، نابێ ئێمە بە هەموو قسەیەك زوو تەنگاو بین، بەڵام پێویستیشە چارەسەری بۆ بدۆزینەوە چونکە هەر شتێك زۆر ڕای لەسەر دروست بوو، ئەمە دەبێتە جێگای گومان لەلای خەڵکی عەوام، بۆیە ئەم جیاوازیانە لەناو هەندێ لە مزگەوتەکان هەن لەسەر هەندێ دروشم و زیکرو ویردو ئەوراد، پێویستە بۆ موسڵمانان ڕوون بکرێتەوە، چونکە ئەمە بوویتە هۆکاری پەرتەوازەییەکی زۆر لەناو مزگەوتەکان و نوێژ خوێنەکان.

کورتەی فەتوای ئە نجومەنی باڵای فەتوا تایبەت بە :

(ڕێنمایی شەرعی تایبەت بە یەکخستنی پەرستش و دروشمەکان لە مزگەوتەکانی کوردستان بە پێی مەزهەبی ئیمامی شافعی)

بسم الله الرحمن الرحيم

قال تعالى: {فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِنْ كُنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ} (سورة النحل: 43)

الحمد لله، والصلاة والسلام على سيدنا محمد رسول الله، وعلى آله وأصحابه ومن والاه. وبعد:

ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە ڕۆژی سێشەممە 2022/5/10 کۆبونەوەی تایبەتی ئەنجامدا بەمەبەستی تاوتوێ کردنی نوسراوی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی ژمارە 1546 لە 2022/4/18 کە داوای یەکخستنی پەرستش و دروشمەکان لە مزگەوتەکانی کوردستان بە پێی مەزهەبی ئیمامی شافعی کرد بوو، بەو پێیەی مەزهەبی ئیمامی شافیعی –ڕحمەتی خوای لێبێت– کۆکەرەوەی هەردوو مەدرەسەی فەرمودەو ڕەئیەو، نزیکترین مەزهەبە بۆ جێبەجێکردنی سوننەتی پێغەمبەر –صلى الله عليه وسلم– بە شایەتیدانی گەورە زانایانی فەرمودەناسی، وەك: (الحافظ ابوبكر بن خزيمة)، هەروەها (الحافظ ابوبكر البيهقي)، هەروەها (الحافظ ابن الصلاح الشهرزوري)، ئەمە جگە لەوەی کە زیاتر لە هەزار ساڵە زانایانی ئاینی کوردستان ئەو مەزهەبەیان هەڵبژاردووە لەسەر بنەمای بەڵگەو زانست، نەك تەنها تەقلید، کە ئەمەش بووەتە هۆی یەکڕیزی نەتەوەییمان لە ڕووی ئایینی و دوورکەوتنەوەمان لە پەرتەوازەیی.

ئاشکرایە کە مەبەستی سەرەکیش لە پەرستش و دروشمەکان لە مزگەوتەکاندا پارێزگاریکردنە لە یەکریزی موسڵمانان و برایەتی و خۆشەویستی نێوانیان و سەقامگیری کۆمەڵکە، بۆ دروستکردنی کەشێکی ئارام بۆ ئەوەی موسڵمانان بە شێوەیەکی تەندروست خواپەرستیان ئەنجام بدەن، بۆیە دوای ئالوگۆر کردنی بیرو ڕا لە نێوان ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای فەتوا و گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکانی مەزهەبی ئیمامی شافعی، گەیشتن بەم ڕێنماییانە شەرعیانەی خوارەوە :

1- خوێندنی نزای قنوت لە نوێژی بەیانیاندا سوننەتێکی دووپاتکراوە لەناو نوێژداو، کاتێك ئیمام لەبیریکرد، سوننەتە سەجدەی سەهووی بۆ بێت، چونکە یەکێکە لە دوو سوننەتەکەی ناو نوێژ، هەروەها پێویستە لەسەر مەئمومەکان شوێنی ئیمام بکەون لە ئەنجامدانی ئەم سوننەتەدا.

2- خوێندنی ئایەتی (بسم الله الرحمن الرحيم) لە سەرەتایی سورەتی (الفاتحه) لە لایەن ئیمام و مەئمومەوە پێویستە و (واجب)ـــە، و نەخوێندنی نوێژ بەتاڵ دەکاتەوە، بۆیە پێویستە ئیمام لە نوێژە جەهریەکاندا بە دەنگی بەرز بیخوێنێت.

3- بانگی یەکەمی ڕۆژی هەینی دروشێکی کارپێکراوەو کۆدەنگی هاوەڵانی پێغەمبەری خودای –صلى الله عليه وسلم– لەسەرە، بۆیە پێویستە لە مزگەوتەکان پەیرەو بکرێت.

4- ئەنجامدانی دوو ڕکاعەت پێش نوێژی جومعە سوننەتەو بە لایەنی کەمی دوو ڕکاتە، دوای هاتنی کاتی بانگی نیوەڕۆ ئەنجام دەدرێت.

5- خوێندنی دوعای (وەسیلە) لە دوای بانگ و قامەت سوننەتێکی کارپێکراوە، بۆیە سوننەتە پێشنوێژ (ئیمام) لەدوای قامەت و پێش دەستپێکردنی نوێژەکەی بە دەنگ بیخوێنی .

6- کۆکردنەوەی نوێژەکان بە هۆی بارانەوە سوننەت نیە، بەڵکو ڕوخسەتێکە و پێویستە تێکڕای مەرجەکانی تیادا بێتە دی، کە زۆر ئەستەمە لە ئێستادا مەرجە شەرعیەکان بێنە جێ.

7- ئەنجامدانی نوێژی فەرز لەسەر کورسی دروست نییە، تەنها بۆ کەسێك نەبێت کە نەتوانێت ڕابوەستێت بە پێوە و نەشتوانێت لەسەر زەوی دابنیشێت.

8- لە ڕەمەزانداندا پێویستە ڕۆژوەوانان کەمێك پێش بانگ خۆیان بگرنەوە لە خواردن و خواردنەوە (الإمساك)، و بە تێکڕاییش لەگەڵ بیستنی بانگدا دەستهەڵگرن، بە پێچەوانەوە ڕۆژوەکەیان بەتاڵ دەبێتەوە.

9- قورئان خوێندنی پێش نوێژی جومعە بە دەنگێکی خۆش و ماماوەند کارێکی خێر وپەسندە لە لایەن زانایانەوە بەپێی بەڵگە گشتییەکانی شەریعەت، بەمەبەستی هاندانی موسڵمانان بۆ هاتن بۆ ئەو فەریزەیە و وەبیرهێنانەوەیانە و پاداشتی گەورەشی تیادایە بۆ کەسی قورئانخۆێن و ئەوانەیش کە گوێی لێ دەگرن.

10- مەسح کردن لەسەر گۆرەوی دروست نییە، چونکە گۆرەوەی ئەم سەردەمە مەرجە شەرعیەکانی مەسحکردنی لێ نایەتە جێ .

11- دانانی بەربەست (السترة) بۆ نوێژ" بەگشتی فەرز نییەو سوننەتە بۆ ئەو نوێژخوێنەی بەتەنها لە دەرەوەی مزگەوت نوێژ دەکات، بۆیە پێویستە (السُترة) لە ناو مزگەوتەکان نەمێنێت.

12- بوونی پایەو دینگە لەناو ریزی جەماعەتدا، هیچ گرفتێکی شەرعی دروست ناکات" پێویست نیە نوێژخوێنان ریزەکانیان لەیەکتر دوورنخەنەوە، یان کێشەی لەسەر دروست بکەن.

13- پێویستە ئەو کەسەی پێشنوێژی دەکات، شارەزا بێت لەو مەرج و دارشتانەی کە هەیە لە فیقهی مەزهەبی ئیمامی شافیعیدا – رەحمەتی خوای لێبێت– بۆ ئەوەی نوێژی نوێژخوێنان بەتاڵ نەبێتەوەو تەنها دەنگ خۆشی و لەبەربوونی قورئان کیفایەت نییە بۆ پێشنوێژی.

14- خوێندنی صەلەوات بەهەر صیغەیەکی شایستە لەدوای بانگ و قامەت" سوننەتێکی دامەزراوی پێغەمبەرە–صلى الله عليه وسلم.

15- خوێندنی ویردو تەسبیحات لەگەڵ نوێژە فەرزەکان بە دەنگێکی نەرم و ماماوەند بەشێوەیەك کە ڕەچاوی نوێژخوینان بکرێت، سوننەتێکی دامەزراو و کارپێکراوە، لە سەردەمی پێغەمبەر–صلى الله عليه وسلم– هەبووە و فەرموودەی دروستیشی لەسەرە.

16- صەلاّ و تەجیدی پێش نوێژی بەیانیان دروشمێکی شایستە وپەسندە، بە مەبەستی ئاگادار کردنەوەی موسوڵمانان و ئامادەباشی بۆ نوێژی بەیانی، ئەگەرچی ئەصل وایە هەموو مزگەوتێك بۆ نویژی بەیانیان دوو بانگبێژی هەبێت بەڵام جێبەجێکردنی ئەم ئەصلە لە ئێستادا ئەستەمە.

17- خوێندنی تەلقین لەدوایی ناشتنی مردوو بە هەر زمانێ و، بەو شێوەیەی کە کارپێکراوە لەلایەن زانایانەوە" کارێکی پەسندە و وردەکاری و بەشەکانی لە فەرمودە دروستەکان وەرگیراون.

لە کۆتاییدا داوا کارین کە سەرجەم پێشنوێژ و وتارخوێنان پابەندبن بەم ڕێنمایە شەرعیانە بۆ ئەوەی هیچ کێشە و ناکۆکیەك لە مزگەوتەکاندا ڕوونەدات و، موسوڵمانان لە گەشێکی ئارامدا پەرستشەکانیان ئەنجام بدەن .

خوای گەورە پشت و پەنای هەموان بێت.

وصلى الله على سيدنا محمد وعلى آله وأصحابه أجمعين.

ئەنجومەنی باڵای فەتوا

9/ **شوال**/ 1443ھ = 10/**ئایار**/2022م = 20/ **گوڵان**/ 2722ك

تێبینی:

هەرچەند دوا هەڵوێست و بڕیاری یەکێتی زانایان و وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لەسەر ئەو نۆ خاڵە بووە، کە بڕیاری ژمارە (4932) لە 5ی11ی2023 گشتاندنی بۆ کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی فەتوایەکە وردەکاری و بەڵگەو بۆچوونەکانی بەدرێژی تێدایە بە پێویستمان زانی وەك خۆی دایبەزێنین..

دریژەی بەڵگەی شەرعی و سەرچاوە فیقهییەکانی

یەکخستنی پەرستش و دروشمەکان لە مزگەوتەکانی کوردستان

بە پێی مەزهەبی ئیمامی شافیعی

ئە نجومەنی باڵای فەتوای یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

قال تعالى: {فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِنْ كُنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ} (سورة النحل: 43)

الحمد لله، والصلاة والسلام على سيدنا محمد رسول الله، وعلى آله وأصحابه ومن والاه.

دوا بەدوایی ئەوەی کە ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە بەرواری 9/ شوالی 1443 کۆچی 10 ئایاری 2022 زایینی ژمارەیەك ڕێنمایی شەرعی تایبەت بە یەکخستنی پەرستش و دروشمەکانی ئایینی لە

مزگەوتەکانی کوردستان بە پێی مەزهەبی ئیمامی شافیعی دەرکرد، وا لە خوارەوە سەرجەم بەڵگەی شەرعی و سەرچاوە فیقهییەکان دەخەینە ڕوو :

یەکەم: خوێندنی نزای قنوت لە بەیانیدا سوننەتێکی دووپاتکراوە لە ناونوێژدا، و کاتێك ئیمام لەبیری کرد، سوننەتە سەجدەی سەهووی بۆ ببات و لە ڕێزی تەحییاتی یەکەم دانراوە لە گرنگیدا، هەروەها پێویستە مەئمومەکان شوێنی ئیمام بکەون لە ئەنجامدانی ئەم سوننەتە، و چەندین بەڵگەی دروست هەیە لە سەر ئەم سوننەتە لەوانە:

لە ئەنەسی کوری مالیکەوە ریوایەت کراوە دەفەرموێ: (قَنَتَ شَهْرًا يَدْعُو عَلَيْهِمْ ، ثُمَّ تَرَكَهُ ، وَأَمَّا فِي الصُّبْحِ ، فَلَمْ يَزَلْ يَقْنُتُ حَتَّى فَارَقَ الدُّنْيَا) واتە: پێغەمبەری خوا- درودی خوای لەسەر بێت- ماوەی مانگێك لە هەموو نوێژە فەرزەکان دوعای قنوتی خوێندو تیایدا دوعای لەو بێ باوەرانە کرد کە کۆمەڵێك لە هاوەڵە قورئان لەبەرەکانیان شەهید کرد، کە نارد بونی بۆ ئەوەی قورئانیان فێر بکەن، دوای مانگەکە وازی لێ هێنا تەنها لە نوێژی بەیانیان نەبێ بەردوام بوو لەسەر قنوت خوێندن تیایدا تا دونیای بەجێهێشت، ئەم فەرمودەیە ئیمامی بەیهەقی لە السنن الكبرى 287/2 ریوایەتی کردووە، و ئیمامی نەوەوی لە مجموعدا 3/ 484 بە صحیحی داناوە، و ئیمامی مەقدیسی لە کتێبی المستخرج من الأحاديث المختارة130/6 بە حەسەنی داناوە، و ئیمام حافزی عیراقی لە کتێبی طرح التثريب 42/3 و ئیبن ئەلولەقن لە کتیبی البدر المنير620/3 دەفەرمون لە هەرچوار خەلیفەکە ڕاشیدەکە ڕیوایەت کراوە کە لەبەیانیاندا بەردەوام قنوتیان خوێندووە.

دووەم: خوێندنی ئایەتی (بسم الله الرحمن الرحيم) لە سەرەتایی سورەتی (الفاتحه) لە لایەن ئیمام و مەئمومەوە پێویستە و (واجبە) و نەخوێندنی نوێژ بەتاڵ دەکاتەوە، هەروەها پێویستە ئیمام لە نوێژە جەهریەکاندا بە دەنگی بەرز بیخوێنێت.

ئەگەر چی ئەم بابەتە جیاوازی تێدا هەیە لە نێوان مەزهەبە موعتەبەرەکاندا لە بەر جیاوازی بەڵگەکانی لەسەر ئەم بابەتە ڕیوایەت کراون، بەڵام لە بەر ئەوەی مەئمومەکان هەموو مەزهەبیان شافعیە پێویستە هەرکەس ئیمامەتی دەکات لە نوێژە فەرزەکان بەدەنگی بەرز (بسم اللة الرحمن الرحيم) بخوێنێ وە زانایانی مەزهەبی شافعی دەستیان بە چەند بەڵگەیەکی بەهێز گرتووە لەم بابەتەدا و، فەرمودەی ئەوان ڕاجیحە، وەك لەم بەڵگانەی خوارەوە دەردەکەوێت:

أ- نـەعیمی مـوجمیر ڕیوایـەت دەکـات دەفـەرموێت: نوێـژم لـەدوای ئەبوهورەیرە کرد کە نوێژی دابەست فەرمووی: (بسم الله الرحمن الرحيم) و پاشان فاتحەی خوێند فەرمووی (آمین) و خەڵکیش وتیان ئامین ....لەکۆتاییدا دوای ئـەوەی سـەلامی دایـەوە فـەرموی ((والذي نفسي بيده إني لا شبهكم صلاة برسول الله صلى الله عليه وسلم)) واتە:- سوێند بـەو کەسـەی نەفسی مـن بەدەسـتە مـن لـە هـەمووتان زیاتر نوێژەکەم بەنوێژی پێغەمبـەر دەچێت، ئەم فەرمودەیە ئـیبن و حەبان ڕیوایەتی کردووە زانـای حـەدیس شـێخ شوعەیب ئەرنـەئوتی دەفـەرموێ: صـەحیحە لەسـەر مـەرجی مسلم بڕوانـە (صحيح ابـن حبـان 100/5) وە ئـەم فەرموودەیـە نەسـائی و ئـیبن خزیمـە و دار قوتنی وحاکم وبەیهەقیش ڕیوایەتیان کردووە.

ب- ئیبن عەببـاس دەفەرموی (كان النبَي صلى الله عليه وسلم يجهر بسم الله الرحمن الرحيم في الصلاة)، واتـە:- پێغەمبـەر درودی خـوای لـێ بێـت بسـم الله الـرحمن الـرحيم ی بـەدەنگی بـەرز دەخوێنـد لـە نوێژدا، دار قوتنی ڕیوایەتی کردووە و بە صحیحی داناوە 68/2 بەژمارە 1160.

ج- بسـم الله الـرحمن الـرحيم ئایەتێکـە لـە سـورەتی فاتیحـە، چـونکە فاتیحە ناو نـراوە بـە (سبع المثانی) پرسیار لە ئیمامی عەلی کرا ڕەزای خوای لێبێت لە بارەی (سبع المثانی)کام سورەتەیە فـەرموی سـورەتی فاتیحەیە وتیان ئـەی ئیمـام سـورەتی فاتحـە شـەش ئایەتـە فـەرموی: (بسـم الله الـرحمن الـرحيم) ئایەتێکـە لـــــە فاتیحـە (دار قـوتنی ڕیوایەتی کردوو 87/2 بەژمارە 1194 و بەصحیحی داناوە. کەواتـە ئەگـەر ئایـەتێك بیـت لـە فاتیحـە حـوکمی ئایەتـەکانی تـری هەیـەو پێویستە بەدەنگی بەرز بخوێندرێت .

د- وە لە وەڵامی ئەو فەرموودەیەی کە بوخاری وموسلم لـە ئەنەسـی کوڕی مالیـك ڕیوایـەتیان کـردووە، کـە ئەنـەس دەفـەرموێ (صلیت خلف النبَي صلى الله عليه وسلم وأبي بكر وعمر وعثمان فكانوا يفتتحون بالحمد لله رب العالمين ...) زانایـان دەفـەرمون مەبەسـتی ئەوەیـە کـە بـە سـورەتی فاتحـە نوێـژیان دەسـت پێـدەکردو هـیچ سـورەتێکی تریـان لـە پـێش فاتیحـە نەدەخوێنـد، وە هـەر یـەك لـە ئیمامی سیوطي لە کتبی تدریب الراوی 254/1 و ئیمامی عیراقی لە (ألفية)کەی و سەخاوی لە (فتح المغيث) 280/1، ئەم فەرمودەیەی ئەنەسیان بە معلل داناوە مانای ئیشی پێ ناکریت .

هـ - ئیمـامی شـافیعی لـە کتیبـی (الأم 130/1) لـە ئەنەسـی کـوڕی مالیك ڕیوایەت دەکات دەفـەرموێ حـەزرەتی موعاویـە -ڕەزای خـوای لێبێت- هاتە مەدینە پێش نوێژی بۆ خـەڵك کـرد (بسـم الله الـرحمن الـرحيم) ی لـە فاتیحـە نـەخوێنـد، وە لـە ڕیوایـەتێك لـە فاتیحـە خوێندی بەلام لە سورەتی دوای فاتیحە نەیخوێند... کـە نوێـژ تـەواو بوو هاوەڵان لێی کۆبونەوە، وتیان: ئەی موعاویە ئەوە چیە دزیت لـە نوێژەکـە کـرد(و بۆیـان راسـت کـردەوە) ئەنـەس دەفـەرموێ پاشـان ئیمامی موعاویە -خودا لێی ڕازی بێت -(بسم الله الرحمن الرحيم) لـە پێش فاتیحە و لـە پـێش هـەموو سـورەتێك دەخوێنـد کـە لـە نوێـژدا دەیخوێند، بۆیە زانایان دەفەرمون: ئەمـە وەك ئیجماعیکی هاوەڵانی پێغەمبـەر وایـە، کەواتـە بـا ئێمـەش پابەنـد بـین بەفـەرمودەی سـەر مەزهەبەکـەمان و لـە ڕای زۆرینـە لا نـەدەین و ئـەم سـوننەتە تـەرك نەکەین.

سـێیەم: بـانگی یەکـەمی ڕۆژی هـەینی دروشمێکـی کـارپێکراوە، کـۆدەنگی هـاوەڵانی پێغەمبـەری خـودای –صـلی الله علیـە وسـلم- لەسەرە، بۆیە پێویستە لە مزگەوتەکان پەیرەو بکرێت.

کاتێـك کـە پێویسـت بـوو ئیمـامی عوسمـان –ڕەزای خـوای لێ بیـت- بڕیاری پێدا ، یارانی خۆشەویست هەر هـەموویان یەکدەنگ بـوون و ڕەخنـەیان لـێ نـەگرت، کەواتـە بـوو بـە ئیجماعێکی سـکوتی وەك شارحەکانی صـەحیحی بوخـاری و ئیمـامي قسطلاني و بـدر الـدين العيني دەفەرموون... بروانە: (إرشاد الساري 2 / 585، عمدة القاري 6 / 211)، وە ئـەو ئیجماعـەی لـە سـەر چەسـپا زیـاتر لـە (1400) هەزارو چوار سەد ساڵە، بۆیە پێویستە ماموستایانی ئاینی وخـەڵکی کوردستان بەردەوام ببن لە سەری و ئەو ئیجماعە تێکنەدەن.

چـوارەم: سـوننەتی پـێش نوێـژی جومعـە، سـوننەتە و بـە لایـەنی کەمەکـەی دوو ڕکاتـە، دوای هـاتنی کـاتی بـانگی نیـوەڕۆ ئـەنجام دەدرێت.

ئـەم سـوننەتەش یـەکێکی دیکەیـە لـەو سـوننەتانەی کـە پێویسـتە نوێـژخوێنانی مزگەوتـەکان تـەرکی نەکـەن و خویـان لـەو خێـرە بـێ بـەش نەکـەن، سـونەتی پـێش نوێـژی جومعەیـە، چـونکە چـەندین بەڵگەی تەواوی لەسەر هەیە و پێغەمبەر- درودی خودای لەسەر بـێ- ئەم سونەتەی ئەنجام داوە، هەندێك لەو بەڵگانە:

أ- ئەبوو هوڕەیڕە-ڕەزای خوای لێبێت- دەفەرموێ سولەیکی غەتەفانی هـات بـۆ مزگـەوت لەکاتێکـدا پێغەمبـەر –درودی خـودای لێبێـت- خوتبـەی جومعـەی دەخوێنـدەوە پێغەمبـەر پێـی فـەرموو: ((أصليت ركعتين قبل أن تجيء؟ قال: لا، قال: فصل ركعتين و تجَوّز فيهما)). قال الحافظ ولي الدين العراقي في (طرق التثريب في شرح التقريب 24/3). رواه ابن ماجه في سننه بإسناد صحيح، واتە: ئایا دوو ڕکاتت کرد پێش ئەوەی بێیت بۆ مزگـەوت؟ فـەرمووی: نـەخێر، فـەرمووی: کەواتـە دوو ڕکـات بـە کـورتی بکـە، زانـای بـەناوبانگ مەجـد ئـیبن تەیمیـە بـاوکی ئـیبن تەیمیـە دەفـەرموێ وتـەی ((قبـل أن تجيء)) بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە مەبەستی پێغەمبەر -درودی خوای لێبێت- ئەو دوو ڕکاتە ڕاتیبەیە کە لەپێش جومعە سوننەتە ئـەنجام بـدرێت، نەك (تحيه المسجد).

ب- ئیبن حـەببان لـە نـافع کـە یەکێکـە لـە تـابعین ڕیوایـەت دەکـات و دەفەرموێ: ئیبن عومەر- ڕەزای خودای لێبێت- پێش نوێـژی جومعـە چوار ڕکاتی سوننەتی دەکـرد و، درێژیشـی دەکـردەوەو ، وە لـە دوای

نوێژی جومعەش کە دەگەڕایەوە ماڵەوە دوو ڕکاتی دەکرد، وەدەیفەرموو : پێغەمبەر- درودی خودای لێبێت- وای دەکرد، (بڕوانە صەحیحی ئیبن حەببان 227/6فەرموودەی ژمارە 2476 وەئیمامی زەیلەعی) لە کتێبی (نصب الرایە 207/2) وشیخ شوعەیب ئەرنەئوت دەفەرمون سەنەدەکەی صەحیحە لە سەر شەرتی بوخاری وە ئەلبانی بە صەحیحی داناوە .

د- لە ئیمامی عەلیەوە- ڕەزای خوای لێبێت - ڕیوایەت کراوە دەفەرموێ: ((أنّ الرسول -صلى الله عليه و سلم- صلّى قبل الجمعة أربعاً و بعدها أربعاً)) واتە پێغەمبەری خوا پێش نوێژی جومعە چوار ڕکاتی کردووە دوای نوێژی جومعەش چوار ڕکاتی کردووە، ئەم فەرموودەیەش ئیمامی زەینەدیی عێراقی لە کتیبی (طرح التثريب 42/3) دەفەرموێ: (إسناده جيد).

هـ- پێغەمبەری خوا -درودی خودای لێبێت- دەفەرموێ: ((مَا مِنْ صَلاةٍ مَفْرُوضَةٍ إلاّ وَبَيْنَ يَدَيْهَا رَكْعَتَانِ))، ئیبن حەببان ریوایەتی کردووە و شێخ شعیب ئەرنەئوت بە صحیحی داناوە، واتە: هیچ نوێژێکی فەرز نیە کە لە پێشی دوڕکات سوننەت نەبێت، وە ئاشکراشە کە ئیجماعی زانایانیش هەیە لەسەر ئەوە هەیە کە نوێژی جومعە یەکێکە لە نوێژە فەرزەکان.

و- پێغەمبەری خوا -درودی خودای لێبێت- دەفەرموێ: ((بين كل آذانين صلاة)) واتە: لە نێوان هەر بانگ و قامەتێکدا نوێژێکی سوننەت هەیە، چونکە قامەتیش بە بانگ بەکارهاتووە لە فەرمودەکانی پێغەمبەردا -درودی خودای لێبێت- وەك ڕوون کرایەوە.

پێنجەم: خوێندنی دوعای (الوسیلە) لە دوای بانگ و قامەت

سوننەتێکی کارپێکراوی ئازیزمانە –صلى الله عليه وسلم- ، بۆیە سوننەتە پێشنوێژ پێش دەستپێکردنی نوێژەکەی بە دەنگ بیخوێنی.

چونکە ئەم دوعایە خێر وپاداشتێکی زۆری هەیە، لە عەبدوللای کوری عەمری کوری عاص ڕیوایەت کراوە دەفەرموێ: گوێم لە پێغەمبەر بوو دەیفەرموو: ((إذا سمعتمُ المؤذّنَ فقولوا مثلَ ما يقولُ. ثمّ صلّوا عليّ ، فإنّهُ مَن صلّى عليّ صلاةً صلّى اللّهُ عليه بها عشرًا . ثمّ سلوا اللّهَ ليَ الوسيلةَ . فإنّها منزلةٌ في الجنّةِ لا تنبغي إلّا لعبدٍ من عبادِ اللّهِ . وأرجو أن أكونَ أنا هو . فمن سأل ليَ الوسيلةَ حلّتْ لهُ الشّفاعةُ))، کە گوێتان لە بانگبێژ یان قامەتبێژ بوو هەر چیەکی گوت وەك ئەو دووبارەی بکەنەوە، واتە: وەلامی بدەنەوە و پاشان صەلەوات لە سەر من لێ بدەن چونکە ئەو کەسەی یەکجار صەلەواتم لە سەر لێ بدات خوای گەورە بە هۆی ئەو صەلەواتەی ئەوەوە دە جار صەلەواتی لە سەر لێ دەدات، پاشان داوای وەسیلەم بۆ بکەن لە خوای گەورە چونکە وەسیلە مەنزلگایەکە لە بەهەشتا خوای گەورە تەنها بۆ یەك کەس لە بەندەکانی خۆی ئامادەی کردووە وە ئومێدەوارم ئەو بەندەیە من بم، جا هەر کەسێك داوای ئەو مەنزلگایەم لە خوا بۆ بکات شەفاعەتی من حەڵاڵ دەبێت بۆی ، ئیمامی موسلیم ئەم فەرمودەیەی ڕیوایەت کردووە لە صەحیحەکەی 288/1 بەژمارە:384 .

وە ئاشکراشە کە قامەتیش هەر وەکو بانگە، ئەوانەی دوای بانگ سوننەتن بەهەمان شێوە دوای قامەتیش سوننەتن، لە فەرموودەی پێغەمبەر -درودی خودای لێبێت- هاتووە قامەتیش بانگە و بە قامەتیش وتراوە بانگ، ئیمامی بوخاری لە پێغەمبەری خوداوە ریوایەت دەکات کە پێغەمبەری خوا فەرموویەتی: ((بين كل آذانين صلاة ثم قال في الثالثة لمن شاء)) واتە:- لە نێوان هەر بانگ و قامەتێکدا نوێژێکی سوننەت هەیە ئەم ووشەیەی سێ جار دوو بارە کردەوە پاشان فەرمووی هەرکەس ئارەزوو دەکات ، بڕوانە ((صحيح البخاري128/1)) فەرموودەی ژمارە 627.

زانایان دەفەرموون مەبەست لە وشەی (الأذانین)بانگ و قامەتە بە بەلگەی ((لمن شاء)) ئەگەر مەبەستی تەنها بانگی نوێژە فەرزەکان بێ و مەبەستی قامەت و بانگ نەبێ نەدەبوایە بفەرموێ (لمن شاء)، چونکە ئەگەر تەنها مەبەستی بانگ بێت ئەو وەختە مانای ئەوەیە لە نیوان دوو بانگدا نوێژێك هەیە، هەر نوێژێك بێت، نوێژە فەرزەکانیش دەگریتەوە، کەواتە: مرۆڤ دەتوانێت نوێژە فەرزەکانیش ئەنجام نەدات چونکە دەفەرموویت: (لمن شاء)، هەرکەس حەز دەکات، بۆیە زانایان دەفەرموون: مەبەستی نوێژی سوونەتە لە بەینی بانگ و قامەتە، وەوشەی (الأذانین) تەغلیبە، مەبەستی بانگ و قامەت، وەك وشەی (القمرین)وایە کە مەبەست پێی رۆژ و مانگە، چەندین وشەی دیکەش لە زمانی عەرەبیدا ئەوها بەکاردێن، بۆیە زانایانی مەزهەبی حەنەفی و شافیعی حەنبەلی دەفەرموون: دوعای وەسیلە لە دوای قامەتیش سوننەتە . بڕوانە (فتح القدير 217/1 ، المجموع 3/ 130 والمغني لابن قدامة 440/1) .

شەشەم: کۆکردنەوەی نوێژەکان بە هۆی بارانەوە سوننەت نیە، بەڵکو روخسەتێکە و پێویستە تێکڕای مەرجەکانی تیادا بێتە دی، کە زۆر ئەستەمە لە ئێستادا مەرجە شەرعیەکان بێنە جێ.

ئەصل لە ئەنجامدانی نوێژەکان ئەوەیە کە هەر نوێژێك لە کاتی خۆیدا ئەنجام بدرێت و کۆ نەکرێتەوە چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إن الصلاة كانت على المؤمنين كتابا موقوتا﴾ وە ئەوفەرموودانەی کە باس لەگەورەیی ئەنجامدانی نوێژ لە کاتی خۆیدا و، دیاریکردنی کاتەکانیان دەکەن ئەوەندە زۆر و بە هێزن کە بە بەلگەو مەرجی زۆر بە هێز نەبێت ناکرێت لێیان لا بدەین.

ئەو فەرمودەیەی بەلگەیە بۆ ئەنجامدانی نوێژ بە کۆکردنەوە بە هۆی بارانەوە ئیمامی موسلیم لەحەزرەتی ئیبن عەببەس ڕوایەتی کردووە -خودا لێی ڕازی بێت- ، «جمع رسول الله صلى الله عليه وسلم بين الظهر والعصر، والمغرب والعشاء بالمدينة، في غير خوف، ولا مطر» في حديث وكيع: قال: قلت لابن عباس: لم فعل ذلك؟ قال: «كي لا يحرج أمته.

ئیمامی تیرمیزی لە کۆتایی سونەنەکەیدا دەفەرموێت: " هەموو ئەوەی لەم کتێبەدایە لە فەرمودەکان کاری پێ کراوە و هەندیك لە ئەهلی عیلم وەریان گرتووە تەنها دوو فەرمودە نەبێت فەرمودەکەی ئیبن عەببەس کە دەفەرموێت (أن النبي صلى الله عليه وسلم جمع بين الظهر والعصر بالمدينة، والمغرب والعشاء من غير خوف ولاسفرٍ، ولا مطرٍ) وە وئەو فەرمودەیەی پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم- کە دەفەرموێ: (إذا شرب الخمر فاجلدوه فإن عاد في الرابعة فاقتلوه) وە لە کتێبەکەماندا عیللەتەکەیانمان باس کردووە، بڕوانە: (سنن الترمذي 258/6).

وە هەر ئیمامی ترمذي و دارقطني و حاکم و طبراني هەر لە ئیبن عەببەسەوە فەرمودەیەك ڕیوایەت دەکەن بە پێچەوانەی ئەم فەرموودەیە کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم: دەفەرموێ (من جمع بين الصلاتين من غير عذر فقد أتى بابا من أبواب الكبائر). سنن الترمذي 259/1 ، سنن الدارقطني247/2، المعجم الكبير للطبراني 216/11، المستدرك على الصحيحين409/1، ئیمامی ترمذی لەگەڵ ئەوەی ئەم فەرمودەیە بە لاواز دادەنێ بەڵام دەفەرموێ: "والعمل على هذا عند أهل العلم: أن لا يجمع بين الصلاتين إلا في السفر أو بعرفة".

هەروەها ئیمامی بەیهەقی دەفەرموێ ئەو ڕیوایەتەی کە دەفەرموێ: (من غير خوف ولاسفر، ولا مطر) ئیمامی بوخاری لە صەحیحەکەیدا ناوی ناوە ئەگەرچی سەنەدەکەی بە مەرجی خۆشیەتی لە بەرئەوەی پێچەوانەی ڕیوایەتی جمهوری ڕاویەکانە کە باسی (المطر)ی تیادا نییە. سنن البيهقي(368/3).

بۆیە: ناکرێت بڵێین سوننەتە، بەڵکوو تەنها ڕوخسەتێکەو لە سنورێکی تەسك و، زانایان بە ئیجتیهاد لە کۆی مانای فەرمودەکان و عەمەلی صەحابەو تابعین وەریان گرتووە و ڕێگەیان پێداوە.

لەبەر ئەو هۆکارانە زانایان چەند مەرجێکیان داناوە بۆ ئەنجامدانی ئەم جۆرە جەمعە، کۆی ئەو مەرجانە خۆی دەبینێتەوە لەوەدا کە ئەگەر نوێژخوێن بێتەوە بۆ مزگەوت بۆ نوێژی دووهەم بەهۆی بارانەکەوە توشی ئەزیەت ببێت، ئەمەش وەك ئیمامی بەیهەقی دەفەرموێ وەرگیراوە لە فەرموودەکەی ئیبن عەببەس کە فەرموویەتی: (أرادَ أنْ لا يُحْرِجَ أمَّتَهُ) واتە: ویستوویەتی ئوممەتەکەی توشی ئەزیەت نەکات ، کەواتە ئەگەر ئیحراج و ئەزیەت نەبوو نابێت ئەنجام بدرێت، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ الصَّلَاةَ كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ كِتَابًا مَوْقُوتًا﴾ (سورة النساء: 103) وە ئەو فەرموودانەی کە باس لە ئەنجامدانی نوێژەکان دەکەن لەکاتە دیاریکراوەکانی خۆیاندا زۆرن و بەهێزن، کەواتە ئەگەر هاتنەوە بۆ نوێژی دووهەم ئەزیەتی تیا نەبوو ئەم ڕوخسەتە جێبەجێ ناکرێ، ئەو مەرجانەش بریتین لە:

أ- دەبێت (جمع التقديم) بێت (جمع التأخير) دروست نییە.

ب- ئەو کەسەی جەمعەکە دەکات ئەهلی جەماعەتی ئەو مزگەوتە بێت نەك ڕێبوار بێت.

ت- مالّی لە مزگەوت دوور بێت بە شێوەیەك ئەزیەت بخوات بە هۆی بارانەکەوە.

د- بارانەکە لەکاتی نیەت هێنانی نوێژی یەکەم هەبێت و بەردەوام بێت تا سەلام دانەوەو لە کاتی نیەت هێنانی نویژی دووهەمیش هەر هەبێت، وە بارانەکە زەوی و جل و بەرگ تەڕ بکات.

هەروەها پێویستە نیەتی کۆکردنەوە بهێنێ لە کاتی نوێژی یەکەمدا و فەصلی زۆر نەکەوێتە نێوان دوو نوێژەکان و بە نوێژی یەکەم بکەن وەك جەمعی پێش خستن لە سەفەردا.

کەواتە: ئەگەر بە ئۆتۆمبیل دەهاتە مزگەوت یان لە ژێر گویسەبان و سواندەی ماڵانـدا یـان لـە ژێـر چـەترو سـەیوانێکدا دەیتـوانی بگاتـە مزگەوت و تەڕ نەدەبوو ئەوە بۆی نییە نوێژەکەی جەمع بکات.

هەر کاتێك بەو مەرجانـەی سـەرەوە جەمعەکـە ئـەنجام درا پێویسـتە بۆ نوێژی دووهـەم بـانگ بـدرێت و دەرگـای مزگـەوت دانـەخرێت لـە بەر ئەوانەی نەهاتونـە مزگـەوت، یـان مەرجـەکانیان تیـادا نەهاتۆتـە دی.

هـەروەها جـەمع کـردن بـەهۆی بـەفرو تەرزەشـەوە دروسـتە بـە مەرجێك بتوێتەوە و جل و بەرگ تەڕ بکات و خەڵك ئەزیـەتی پێـوە ببینێت.

بەڵام بەهۆی بای بەتین و سەرماو گەرماو قوڕ و تاریکییەوە جەمع کـردن دروسـت نییـە، چـونکە وەك ئیمـامی نـەوەی لـە (المجمـوع) دەفەرموێ بـای بـەتین و سـەرماو گـەرماو قـوڕ وتـاریکی لەسـەردەمی پێغەمبـەر -صـلی الله علیـە وسـلم- و خەلیفەکانیشـدا هـەبووە بـەڵام نەقڵ نەکراوە جەمعیان کردبێت بەو هۆیانەوە.

لـە کۆتاییـدا ئەنجومـەنی بـاڵای فـەتوا پێـی وایـە لـە واقیعـی ئێستای کوردوستاندا ئەستەمە لە زۆربەی کات و شوێن لە زوربـەی خەڵکیـدا ئەو مەرجانەی زانایان دایانناوە بۆ دروستی ئەم کۆ کردنەوەیە بێنـە دی، بۆیـە پێویسـتە موسـوڵمانان خۆیـان بپـارێزن، و لەسـەر ئەصـلی نوێژکردن لەکاتی خۆیدا بمێننەوە، مەگەر زۆر دڵنیابن لـە هاتنـە دی تێکڕای مەرجەکان، چونکە ئەو دەقانەی کە باس لە پارێزگاری کردن لە نوێژ لـەکاتی خۆیـدا دەکـەن زۆر بـەهێز و صـەریحن وەك ئایـەتی: ﴿إِنَّ الصَّلَاةَ كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ كِتَابًا مَوْقُوتًا﴾ (سورة النساء: 103)، وە هـەروەها فـەرمودەکانی تایبـەت بـە (أحادیـث المواقیـت) دیـاری کردنی کاتەکانی نوێژ بەگشتی، وە هـەروەها دەرچوون لـە خیلاف و جیاوازی زانایان مەبەستێکی شەرعییە.

بـۆ زانیـاری زیـاتر بگـەڕێرەوە ئـەم سەرچـاوانە: الـذخیرة في فـروع المالکیـة 374/2، البیـان في المـذهب للعمرانـي 380/4 ومـا بعـدها، المجموع شرح المهذب381/4 ، منهاج الطالبین ص:46 ، تحفة المحتاج 403/2، والمغني لابـن قدامـة204/2، وشـرح صحیح مسلم للنـووي 215/5، وفتح الباري شرح صحیح البخاري لابن رجب 360/4 ومـا بعـدها.. الـدیباج علـی صحیح مسـلم بـن الحجـاج للامـام السـیوطي 335/2 ، کنز الراغبین شرح الجلال المحلي (1: 392)..

حەوتەم: ئە نجامدانی نوێژی فەرز لەسەر کورسی دروست نییە، تەنها بۆ کەسێك نەبێت کـە نـەتوانێت ڕابوەسـتێت بـە پێـوە و نەشـتوانێت لەسەر زەوی دابنیشێت.

چـونکە نوێـژە فـەرزەکان واجبـە بـە پێـوە ئـەنجام بـدرێن، ئەگـەر کەسـێك نـەیتوانی بـە پێـوە بوەسـتێت لـە بـەر ئـازارێکی زۆر ئـەوا ئەتوانێت بـە دانیشـتانەوە ئـەنجامیان بـدات، بـەڵام دروسـت نییـە لـە سەر کورسی مەگەر بۆ کەسێك کـە بـە هـیچ شـێوەیەك نـەتوانێت بـۆ کارو نەریتی خۆی وەك کەسابەت و خواردن و حەسانەوە دابنیشێتە سەر زەوی ئەوکات دروستە لـە سـەر کورسـی ئـەنجامی بـدات، کەواتـە پێویسـتە لـە سـەر موسـڵمانان کـە خۆیـان بپـارێزن لـە ئەنجامـدانی نوێژی سەر کورسی تەنها لەو حاڵەتە دەگمەنەدا نەبێت، چونکە لـەو کاتـەدا: {لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا} (سورة البقرة: 286)، بـە پێچەوانەوە نوێژەکەیان بەتاڵە، چونکە موخالیفی نوێـژی حـەزرەتی پێغەمبـەرو ئەصحابی کیرام و تـەواوی موسـڵمانانی چـواردە سـەدەی پێشـووە، تەنانـەت پێغەمبـەرمان – صلی الله علیـه وسلم - لـە کـاتی نەخۆشی وەفاتیشیدا لـە سـەر کورسـی نوێـژی نـەکردووە، بـەڵکو بـە دانیشتانەوە ئەنجامی فـەرمووە، فعَنْ أنس بن مالكٍ(رضي الله عنه) قال : " صَلَّى النَّبيُّ –صلى الله عليه وسلم-خَلْفَ أبي بكرٍ في ثوب واحدٍ وهـو قـاعدٌ". رواه أحمـد في المسـند بإسـناد صـحيح: (21/ 117)بـرقم(13444). والضـياء المقدسـي في الأحاديـث المختـارة وصححه (18/6)برقم(1966)،لە کاتێکدا کورسی وجودی هەبووە لە پێش ئیسلام و دوای ئیسلامیش. بـۆ زیـاتر بڕوانـە: نهایـة المطلب لإمام الحرمین(مبحث: العذر الـذي یجوز القعـود معـه في الصلاة).:ج1 ص 198.

هەشتەم: لە ڕەمەزانداندا پێویستە ڕۆژووانان کەمێك پـێش بـانگ خۆیان بگرنەوە لە خواردن و خواردنەوە (الامساك) و بـە تێکڕاییش لەگـەڵ بیستنی بانگـدا دەسـتەهەڵگرن، بـە پێچـەوانەوە ڕۆژوەکـەیان بەتاڵ دەبێتەوە.

ئیمساك و خۆگرتنەوە لەخواردن و خواردنەوە ماوەیەك پێش بـانگی بـەیانی سـوننەتە، کـە ئـەو ماوەیـە بـە نزیکـی (١٠) خولـەك خـەملێنراوە، ئەمـەش وەکـو حێبـەحێکردنی سـوننەتی پێغەمبـەر– صـلی اللـه علیەوسـلم– بەئەنـدازەی خوێنـدنی پـەنجا ئایـەت بـووە، بەبەڵگەی : (عن أنس بن مالك عن زيد بـن ثابـت -رضي الله عنهما- قال: «تسَحَّرْنَا مع رسول الله -صلى الله عليه وسلم-، ثم قام إلي الصلاة. قال أنس: قلت لزيد: كم كان بين الأذان وَالسَّحُورِ؟ قال: آية قراءة متوسطة،قدر خمسين آية).متفق عليه.

بـۆ ئـەوەی کـەس نەکەوێتـە گومـان لەدەرکـەوتنی فـەجری صـادیق، ئەمـەش لـەبابی ئیحتیاتـە، ئـەو دوو فەرمودەیـەش کـە هـاتووە بـاس لەخواردن دەکات لەکاتی بانگدا مەبەست پێی بانگی یەکەمە.

یەکـەمیان: کـە ئیمـامی بوخـاری و موسـلیم لـە ئـیبن عومـەرەوە ڕیوایەت دەکەن -رضي الله عنه- بە مـەرفوعی: «إنَّ بـلالاً يُؤذّن بلَيلٍ، فكُلوا واشرَبُوا حتي تسمَعُوا أذان ابنِ أمّ مَكتوم».متفق عليه.

دووهەمیان: ئەو فەرموودەیەی کەدەفەرموێت: إذا سَمِع أحدُكم النّداءَ والإناءُ علي يده، فلا يَضَعْه حتي يَقضيَ حاجتَه منه.رواه البخاري ومسلم، ئەم فەرموودەیەش هەرمەبەستی بانگی یەکەمە.

پێشەوا نووی – ڕەحمەتی خوای لێ بێت– لەمجموع دا دەفەرموێت: (هەرکەسـێك پارووییـەکی لەدەمـدابێتو لـەو کاتـەدا بـانگ درا،

پێویستەپاروەکە لەدەمی فڕێ بداتو بەڕۆژوو بێت، ئەگەر قووتی داو زانی بانگی بەیانیە ڕۆژوەکەی بەتاڵە. المجموع : ٦/٣٣٣.

نۆیەم: قورئان خوێندنی پێش نوێژی جومعە بە دەنگێکی خۆش و مامناوەند کارێکی خێرو پەسندە لە لایەن زانایانەوە بەپێی بەڵگە گشتییەکانی شەریعەت و هاندانی موسڵمانانە بۆ هاتن بۆ ئەو فەریزەیەو وەبیرهێنانەوەیانە و پاداشتی گەورەشی تیادایە بۆ کەسی قورئانخوێن و ئەوانەیش کە گوێی لێ دەگرن.

خوێندنی قورئانی پیرۆز بە دەنگی بەرز لە ڕۆژانی هەینیدا لە مزگەوتەکاندا پێش بانگ: کارێکی شایستەیەو هاندانی موسڵمانانە بۆ هاتن بۆ ئەو فەریزەیەو وەبیرهێنانەوەیانە:{وَذَكِّرْ فَإِنَّ الذِّكْرَى تَنفَعُ الْمُؤْمِنِينَ} (سورة الذاريات:55) پاداشتێکیشە بۆ کەسی قورئانخوێن و ئەوانەیش کە گوێی لێ دەگرن، بە تایبەت سوەرەتی الكهف کە چەندین فەرمودەی صەحیحی لە سەرە لەوانە: عن أبي سعيد الخدري (رضي الله عنه) مرفوعا:" مَنْ قَرَأَ سُورَةَ الْكَهْفِ يَوْمَ الْجُمُعَةِ أَضَاءَ لَهُ مِنَ النُّورِ مَا بَيْنَ الْجُمُعَتَيْنِ) المستدرك على الصحيحين للحاكم (2/ 434)بڕقم(3450)، هەروەها یەکێکە لە شیعارەکانی ڕۆژی هەینی کە لە سەدان ساڵە لە جیهانی ئیسلامیدا بە کوردستانیشەوە تا ئەمڕۆ ئەنجام دەدرێت بێ ئینکاری هیچ زانایەکی متمانە پێکراو، چونکە موسڵمانان بە پەسەندیان زانیوە و عادەتێکی جوان و شایستە بووە لەو تەوقیتەدا، هەر شتێك موسڵمانان بە پەسەند و جوانی بزانن خودایش (جل شأنة) بە پەسەند و چاکی هەژمار دەکات، وەك هاتووە بە ئیسنادی صەحیح لە (ابن مسعود)دوە (ڕ.خ): " فَمَا رَآهُ الْمُسْلِمُونَ حَسَنًا فَهُوَ عِنْدَ اللَّهِ حَسَنٌ" رواه الإمام أحمد في مسنده: (1/ 379) برقم(3600) والطبراني في المعجم الأوسط: (4/ 58) برقم(3602) والحاكم في المستدرك على الصحيحين:(3/ 83)برقم(4465) وقال:" هذا حديث صحيح الإسناد، ولم يخرجاه، وله شاهد أصح منه إلا أن فيه إرسالا" ووافقه الذهبي في التلخيص فقال: صحيح". هەروەها مەعلومە کە تەسبیحات و زیکری خودا لە ناو مزگەوتدا زۆر گەورەو پڕ پاداشتە بەڵام ناگاتە خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز وەك ئیمامی نەوەوی لە المجموع شرح المهذب (2/ 164) دەفەرموێت:" قراءة القرآن أفضل من التسبيح والتهليل وسائر الأذكار إلا في المواضع التي ورد الشرع بهذه الأذكار فيها".

دەیەم: مەسح کردن لەسەر گۆرەوی ئەم سەردەمە دروست نییە، چونکە گۆرەوەی ئەم سەردەمە مەرجە شەرعیەکانی مەسحکردنی لێ نایەتە جێ .

یەکێك لەو بابەتە شەرعیانەی کەلە چوار چێوەی ڕوخسەت دەستنیشان کراوە مەسح کردنە لەسەر خوف ، ئەم ڕوخسەتەش لە فەرموودەی پێغەمبەری خۆشەویست- صلى الله عليه وسلم - هاتوة : عن سيدنا علي -رضي الله عنه- قال : (رخص لنا رسول الله -صلي الله عليه وسلم - المسح علي الخفين ثلاثة أيام للمسافر و يوماً وليلة للحاضر) رواه ابن خزيمة في صحيحه : ١/٩٨ ،وإبن حبان : ٤/١٥١ بهذا اللفظ ، وهو في صحيح مسلم ١/٢٣٢ ومسند أحمد ١/١١٣ وغيرهما بلفظ قريب منه.

مەرجی ئەم خوفەش :-

یەکەم: دەبێت تا قولەپێ داپۆشێت بەفەرموودەی : (لا يلبس الخفّين إلا مَن لم يجد النعلين فليقطعهما حتي يكون أسفل من الكعبين) رواه البخاري ومسلم.

دووەم: دەبێت بۆ ڕۆیشتن بەرگە بگرێت، چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-و هاوەڵە بەڕێزەکان کە خوفیان لە پێ دەکرد بۆ هاتوچۆ پێڵاویان بەکار نەدەهێنا .

-لەژێر ڕۆشنایی ئەم مەرجانە، مەسح کردن لەسەر گۆرەوی ئەمڕۆ دروست نیە چونکە مەرجی دووەمی تێدا جێبەجێ نابێت، بەرگەی ڕۆیشتن ناگرێت و ناتوانرێت بێ پێڵاو بۆ ڕۆیشتن پشتی پێ ببەسترێت .

وە ئەو فەرموودەیەش کە ئیمامی تیرمیزی ڕیوایەتی کردوو کە وتویەتی: (تَوَضَّأَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَمَسَحَ عَلَى الْجَوْرَبَيْنِ وَالنَّعْلَيْنِ) زانایانی فەرمودەناس بە لاوازیان داناوە لەوانە: (سوفیانی سەوری و ئیبن موعین و وئیمامی موسلیم ونەسسائی و عوقەیلی و دارقوتنی و ئیمامی نەوەوی دەفەرموێت: " ئەوانە زانایانە پێشەواو ناسراوی فەرمودەن ئەگەرچی تیرمیزی وتویەتی فەرمودەیەکی حەسەنە بەڵام ئەوانە پێش دەخرێن لەسەر ئەو، بەڵکو هەر یەکێك لە ئەوانە ئەگەر بەتەنهاش بێت هەر پێش دەخرێ لەسەر تیرمیزی بە یەکدەنگی زانایانی شارەزا لەم بوارەدا" .بڕوانە: (المجموع شرح المهذب" 1/500).

موبارەکفوری لە (تحفة الأحوذي 1/ 285)دەفەرموێت: ئەصل شۆردنی قاچەکانە وەك ئەوەی زاهیری قورئان فەرمانی پێ کردووە ، بۆیە لادان لەو ئەصلە نابێت، مەگەر بە فەرمودەی صەحیح و بەهێزی وانەبێت کە زانایانی فەرمودە یەکدەنگ بن لەسەر صەحیحیەکەی وەك فەرمودەکانی مەسح لەسەر خو، بەڵام فەرمودەکانی مەسح لەسەر گۆرەوی چونکە لە بارەی صەحیحیەکەیانەوە جیاوازی هەیە لە نێوان زانایاندا، ناکرێ لابدەین لە شۆردن کە بە قورئان سابت بووە بەو فەرمودانە، هەر لەبەر ئەوەشە –ئەوانەی پێیان دروستە لەسەر گۆرەوی مەسح بکرێت مەرجیان داناوە بۆ ئەو جۆرە گۆرەویانە بۆ ئەوەی بچنە مانای خوفەکەوە.

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (منتهي الارادات: 1/23، الدر المختار : 1/50 ، كشف الحقائق : 1/24 ، جواهر الإكليل:1/24 ، مغني المحتاج :1/65 ،حاشية ابن العابدين: 1/263-264).

یازدەهەم: دانانی بەربەست (الستره) بۆ نوێژ بەگشتی فەرز نییە، و سوننەتە بۆ ئەو نوێژخوێنەی بە تەنها لە دەرەوەی مزگەوت نوێژدەکات، بۆیە پێویستە (الستره) لە ناو مزگەوتەکان نەمێنێت.

لە چەند فەرموودەیەکی صەحیحدا فەرمان بەئەنجامدانی ئەم سوننەتە کراوە. بەڵام فەرز نییە، بۆیە ئەگەر کەسێك نوێژی کردو سوترەی دانەنا لە پێش خۆی ئەوا نوێژەکەی قبوڵەو هیچ گوناهبار نابێت، بەڵام کارێکی خیلافی سوننەتیشی ئەنجام داوە.

ئەوەش کە فەرمانەکەی لە واجب بوونەوە گۆڕیوە بۆ سوننەت بوون ئەوەیە کە لە چەند فەرمودەیەکی صەحیحدا هاتووە پێغەمبەر - درودی خوای لەسەر بێت- نوێژی کردووە و سوترەی دانەناوە لەوانە: ئیمامی بخاری ڕیوایەتی کردووە لە ئیبن عەبباسەوە - خودا لیی ڕازی بێت-(أقبلت راكبا على حمار أتان، وأنا يومئذ قد ناهزت الاحتلام، ورسول الله صلى الله عليه وسلم يصلي بالناس بمنى إلى غير جدار، فمررت بين يدي بعض الصف فنزلت، وأرسلت الأتان ترتع، ودخلت في الصف، فلم ينكر ذلك علي أحد) رواه البخارى برقم: (493) (105/1).

هەروەها ئیمامی ئەحمەد ریوایەت دەکات لە ئیبن عەبباسەوە دەفەرموێ: (أن النبي –صلى الله عليه وسلم- صلى في فضاء ليس بين يديه شيء) رواه الامام أحمد في مسنده " 1965 " 465/2 وقال المحقق أحمد محمد شاكر إسناده صحيح .

وەئەم سوونەتە بە چەند شێوەیەك جێبەجێ دەکرێت وەك لەم فەرمودەیەدا ڕوون کراوەتەوە:

پێغەمبەری خوا –صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێ: (إذا صلى أحدكم فليجعل تلقاء وجهه شيئا، فان لم يجد فلينصب عصا، فان لم يجد، فليخط خطا ثم لا يضره من مر بين يديه)، رواه أحمد و أبوداود، واتە: ئەگەر یەکێك لە ئێوە نوێژی کرد با شتێك لە بەرامبەر دەموچاوی دا بنێت، ئەگەر دەستی نەکەوت با دار عەسایەك بچەقێنێ، ئەگەر دەستی نەکەوت با خەتێك بکێشێ، پاشان هەرچی بە پێشیدا ڕۆیشت زیانی پێ ناگەیەنێت.

ئیمامی نەوەوی –ڕەحمەتی خوای لێبێت- لە (منهاج الطالبين) دا دەفەرموێ: (ويسن للمصلي الى جدار أو سارية، أو عصا مغروزة، أو بسط مصلى، أو خط قبالته دفع المارة).

وە لە ناو مزگەوتدا پێویست نییە نوێژخوێنان سوترە دابنێن و ئیمام سوترەیە بۆ مەئمومەکان و هە ڕیزێکیش دەبێتە سوترە بۆ ڕیزەکەی دوای خۆی ، وە ئەگەر کەسێك لە ناو مزگەوت نوێژی بە تەنها کرد یان نوێژی سوننەتی کرد سوننەتە بچێتە پشت دیوارێك یان پایەیەك ئەگەر ڕێگەی هەبوو و پێویست ناکات دارو کەلوپەلی تایبەت دروست بکرێت بۆ ناو مزگەوت بۆسوترە چونکە نەبیسراوە لە سەردەمی پێغەمبەر –صلى الله عليه وسلم- و هاوەڵان ئەم دارو کەلو پەلانە هەبوبن لەگەڵ ئەوەی زۆر سوور بوون لەسەر جێبەجێکردنی سوننەتی ئازیزمان، و ئە فەرشانەی ناو مزگەوتەکانیش کە لەشێوەی بەرمالێن یان خەتیان لێ دروستکراوە دەبن بە سوترە .

دوانزەهەم: بوونی پایەو دینگە لەناو ڕیزی جەماعەتدا، هیچ گرفتێکی شەرعی دروست ناکات؛ پێویست نییە نوێژخوێنان ڕیزەکانیان لە یەکتر دووربخەنەوە، یان کێشەی لەسەر دروست بکەن. دروستە بۆ ئیمام، یان کەسێك کە بەتەنها نوێژ دەکات لە نێوان

پایەکانی مزگەوتدا نوێژەکەی ئەنجام بدات. بڕوانە: (السنن الكبرى للبيهقى 148/3).

لە فەرموودەیەکدا کە ئیمامی بوخاری و موسلیم گێڕاویانەتەوە لە عبداللەی کوڕی عومەرەوە –خوا لێیان ڕازی بێت- کە پێغەمبەری خوا –صلى الله عليه وسلم- کاتێ چووە ناو کەعبەوە؛ لە نێوان دوو کۆڵەگەدا نوێژی کرد.

بەڵام ئەوانەی کە لە ڕیزەکاندا دەوەستن و جەماعەت دەکەن؛ لای هەندێك لەزانایان کەراهەتی هەیە بۆیان کە لەنێوان پایەکانی مزگەوتدا بووەستن، لەکاتێکدا مزگەوتەکە فراوان بێت و جێگای تر هەبێت بۆ نوێژکردن، بەڵام ئەگەر مزگەوتەکە فراوان و گەورە نەبوو، یان جێگا کەم بوو؛ کەڕاهەتی نیە.

ئیمامی شافیعی، ئیمامی مالیك، ئیبن سیرین؛ وحەسەنی بەصری و کۆمەڵێك لە زانایان ڕێگەیان داوە بە نوێژبکرێت لەنێوان پایەکانی مزگەوتدا بە بێ کراهەت .(بڕوانە: مصنف ابن أبى شيبه147/2)

هەروەها پرسیار لە ئیمامی ڕەمەلی- کە یەکێکە لە موحەقیقنی مەزهەبی ئیمامی شافیعی- کراوە لە بارەی ئەوەی ئایا نوێژ کردن لە نێوان پایەکانی مزگەوت کراهەتی هەیە؟ ئەویش فەرمویەتی کەراهەتی نییە بڕوانە: (فتاوى الرملي 232/1).

کەواتە: ئەم بابەتە بابەتێکی خیلافیەو زانایانی مەزهەبی ئیمامی شافیعی بە مەکروهیان دانەنانەوە، بۆیە نابێت بکرێتە هۆی جیاوازی فیتنە لەناو مزگەوتەکاندا.

سێزدەهەم: پێویستە ئەو کەسەی پێشنوێژی دەکات، شارەزا بێت لەو مەرج و داڕشتانەی کە هەیە لە فیقهی مەزهەبی ئیمامی شافیعیدا – رەحمەتی خوای لێبێت- بۆ ئەوەی نوێژی نوێژخوێنان بەتاڵ نەبێتەوەو تەنها دەنگ خۆشی و لەبەربوونی قورئان کیفایەت نییە بۆ پێشنوێژی.

چونکە پێش نوێژی بەیەکێك لە باشترین کارە خێرییەکان دادەنرێت لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا ، کە پێویستە باشترین کەس بەو کارەهەستێت کە خاوەنی ئاکاری بەرز بێت لە زانست و خواناسی و دادپەروەری و جوان خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز، هاوکات پێشنوێژی یەکێکە لە شیعارەکانی ئیسلام بەهۆیەوە نوێژی بەکۆمەڵ دروست دەبێت کە خێری زیاترە لە نوێژ کردنی بەتەنها ، بەڵای زانایانی حەنەفی و هەندێك لە زانایانی مالکی و ڕایەکی پێشەوا ئەحمەد پێشنوێژی لەبانگ وتن و قامەت خێری زیاترە، کەواتە پێویستە بە گرنگیەوە بڕوانرێتە ئەم کارە پیرۆزە و لایەنی پەیوەندیدار ڕێگەنەدات کەسانێك مەرجی پێشنوێژیان تێدا نیە بەوکارە هەستن، چونکە بەڵای تێکڕای زانایانەوە مەرجە ئەو کەسەی پێشنوێژی دەکات هەموو ڕوکنەکانی نوێژ بەپێی شەرع جێبەجێ بکات، هاوکات پێویستە لە دانانی کەسێك بۆ ئەم ئەرکە پیرۆزە ڕەچاوی شارەزایی لە شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام و ئاگاداری مەزهەبی پێشەوا شافعی هەبێت، بۆ ئەوەی هەر شتێك لە نوێژەکەدا هاتە پێشەوە زانستی ئەوەی هەبێت کە بەپێی شەرع مامەڵەی لەگەڵ بکات ، هەر بۆیە جمهوری زانایان کەسی شەرع زان لەسەر قورئانخوێنی باش بۆ پێشنوێژی لە پێشتر دەزانن.

سەرچاوەکان: (نهاية المحتاج : ٣٠ /٦٤]١٦٣، الدسوقي :١ /٣٢٨، مراقي الفلاح: ١٥٧ ، فتح القدير:١/٣٠٣ ، نهاية المحتاج : ٢/١٧٥).

چواردەهەم: خوێندنی صەڵەوات بەهەر صیغەیەکی شایستە لە دوای بانگ و قامەت؛ سوننەتێکی دامەزراوی سەروەرمانە –صلى الله عليه وسلم- جا بە دەنگێکی بەرز بێت یان بە دەگمەن نزم. سەروەرمان -صلى الله عليه وسلم- لە چەندین فەرمودەدا فەرمانی پێ کردووە: لە فەرمودەی صەحیحیدا کە تیایدا ئادابی بانگ و سوننەتەکانی بەیان فەرموە هاتووە: عن عبد الله بن عمرو بن العاص-رضي الله عنهما-، أنه سمع النبي –صلى الله عليه وسلم- يقول: «إذا سمعتم المؤذن، فقولوا مثل ما يقول ثم صلوا علي، فإنه من صلى علي صلاة صلّى اللهُ عليه بها عشرا..» صحيح مسلم (1/ 288) برقم(384). جا کە فەرمانی داوەو دەفەرموێت:" ثم صَلُّوا عليَّ"، واتە: لە پاش بانگ صلاوات لە دیداری من بدەن"، ئیتر دیاری نەکردووە ئایا بە دەنگی بەرز بێت یان نزم, کەواتە بە هەردوو شێواز دروستە، هەروەها دیاری نەکردووە کە یەك جار بێت یان زیاتر، کەواتە تۆ ئازادی لە ژمارەدا، گرنگ ئەوەیە لە پاش بانگ بێت، فەرمانەکەیشی گشتی و بۆ کۆی ئیماندارانە بۆیە بانگدەر و قامەتکار و نوێژخوێن و گوێبیستی بانگ و قامەتیش لەم حوکمەدا یەکسانن و هەموویان دەگرێتەوە و سوننەتە لە پاش بانگ و لە پاش قامەتیش بیخوێنن.

وەك پێشەوا (شيخ الإسلام النووي)لە منهاج دا دەفەرموێت:" ولكلِ أن يصلي على النبي-صلى الله عليه وسلم- بعد فراغه ثم اللهم رب هذه الدعوة التامة.." وقال العلامة ابن حجر في تحفة المنهاج ج1 ص 257:" ويسن لكل من المؤذن والمقيم وسامعهما أن يصلي ويسلم على النبي (ε) بعد فراغه من الأذان أو الإقامة للأمر بالصلاة عقب الإمام في خبر مسلم وقس بذلك غيره..الخ". وجاء في كتاب مُنتهَى الإرادات للحنابلة (ج 1، ص113 – 114) ما نصُه: (وسُنَّ لمؤذنٍ وسامعٍ أنْ يُصَلِّيَ على النبيِّ (صلى الله عليه وسلم)".

بە نیسبەت ئەوەی کە سەدان ساڵە سێ جار صلاّواتەکان دەخوێندرێت لە پاش بانگ بە دەنگی بەرز: ئەسڵەکەی وەك گوتمان سوننەتەوە فەرمانی پێ کراوە، دیاریکردنی ژمارەکەیش سوننەتی پێشەوا حەزرەتی صلاح الدینی ئەیوبیە (ڕ.خ)، وەك (الحافظ السخاوي) لە (القول البديع)یدا ص 196 هەروەها شێخی ئیبنو حەجەر لە (الفتاوى الكبرى الفقهية 1/ 131) یدا، کە پاش فەتحی میصر و ئازادکردنی لە دەستی فاتیمەیکان ئەو شێوازەی دامەزراند و هەموو موسڵمانانیش لە دەوڵەتی ئەییوبییەوە تا ئەم سەردەمە بە جوان و شایستەیان زانیوەو ئەنجانیان داوە لە بەر ئەسڵەکەی کە سوننەتە هەروەها فەرمانی پێشەوای موسڵمانانی لە سەر بووە خودایش دەفەرموێت: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ} (سورة النساء: 59). مەعلومیشە کە حەزرەتی صەلاح الدین یەکێکە لەو پێشەوایانەی کە (أولي الأمر) دەیانگرێتەوە بە ئیتیفاق چونکە رزگارکاری بیت المقدس بووە. شێخی السخاوی دەفەرموێت لە پێنج فەرزەکەدا بانگوێژان سڵاواتەکان دەخەنە پاش بانگەکانەوە جگە لە مەغریب کە لە بەر تەنگی کات نایخوێنن، هەروەها جگە لە نوێژی بەیانی و هەینی کە تیایاندا سڵاواتەکانیان پێش دەخەن، ئەمیش کارێکی شایستەیەو داهێنراوێکی چاکەو خاوەنەکەیشی پاداشتی لە سەر وەردەگرێت مەیش سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ فەرمانی: (الناصر صلاح الدين أبي المظفر يوسف بن أيوب ". بۆ ئیستیحبابی جەهر پێکردنی بانگوێژان بە سڵاواتەکانی پاش بانگ ئیستیدلالی کردووە بە عمومی ئایەتی: {وَافْعَلُوا الْخَيْرَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ} (سورة الحج: 77)، پاشان دەفەرموێت: ومعلوم أنّ الصلاة والسلام من أجل القرب لا سيّما وقد تواردت الأخبار على الحث على ذلك مع ما جاء في فضل الدعاء عقب الأذان والثلث الأخير من الليل وقرب الفجر والصواب أنه بدعة حسنة يؤجر فاعله بحسن نيته"، بروانە: القول البديع في الصلاة على

الحبيب الشفيع للحافظ السخاوي (ص: 196). كەواتە: ئەسڵی صڵاواتەکانی دوای بانگ سوننەتە و شێوازەکەیشی داهێنراوێکی چاکە وەك پێشەوایان (السخاوی وابن حجر) باسیان کردووە، هەروەها جگە لەمانەیش (جەهر) کردن بە صڵاواتەکانی پاش بانگ لە بابی داهێنانی (السنة الحسنة)یە، کە پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم- فەرمویەتی: هەر کەسێکی کارێکی باش دابهێنێت پاداشتی خۆی و ئەوانەیش کە چاوی لێ دەکەن تا رۆژی دووایی بۆ دەنوسرێت، جاء في صحيح مسلم (4/ 2059) برقم(1017) عن جرير بن عبد الله(رضي الله عنه)مرفوعا: «من سنَّ في الإسلام سنة حسنة، فعمل بها بعده، كتب له مثل أجر من عمل بها، ولا ينقص من أجورهم شيء..الحديث». بۆ درێژەی ئەو بابەتەو بەڵگەکی زیاتر بڕوانە: ئەحکامی (بیدعەت) و (قیاس) و (تەرك) لە شەریعەتی ئیسلامدا، پ.د. حسن موفتی، لاپەڕەکانی: 127 بۆ 312.

پانزەهەم: خوێندنی ویرد و تەسبیحات لە گەڵ نوێژە فەرزەکان بە دەنگێکی نەرم و مامناوەند بەشێوەیەك کە ڕەچاوی نوێژخوینان بکرێت، سوننەتێکی دامەزراو و کارپێکراوە، هەر لە سەردەمی پێغەمبەری خواوە –صلى الله عليه وسلم- هەبووەو فەرموودەی دروستیشی لەسەرە.

بەڵگەی زیکرەکانی پێش نوێژ:

لە دایکی رافع ڕیوایەت کراوە -ڕەزای خودای لێبێت - دەفەرموێ وتم ئەی پێغەمبەری خوا کردەوەیەکم پیشان بدە کە خودا پاداشتم لە سەری بداتەوە پێغەمبەری خوا -درودی خودای لێبێت- فەرموی ((يَا أَمَّ رَافِعٍ، إِذَا قُمْتِ إِلَى الصَّلاَةِ فَسَبِّحِي اللَّهَ عَشْرًا، وَهَلِّلِيهِ عَشْرًا، وَاحْمَدِيهِ عَشْرًا، وَكَبِّرِيهِ عَشْرًا، وَاسْتَغْفِرِيهِ عَشْرًا، فَإِنَّكِ إِذَا سَبَّحْتِ عَشْرًا قَالَ: هَذَا لِي ، وَإِذَا هَلَّلْتِ قَالَ: هَذَا لِي ، وَإِذَا حَمِدْتِ قَالَ : هَذَا لِي ، وَإِذَا كَبَّرْتِ قَالَ : هَذَا لِي ، وَإِذَا اسْتَغْفَرْتِ قَالَ: قَدْ غَفَرْتُ لَكِ.)) مانای: ئەی دایکی رافیع کاتێك کە ویستت نوێژ بکەی پێش نوێژ (10) جار بڵێ ((سبحان الله))، (10) جار بڵێ ((لا الـة إلاّ الله))، (10) جار بڵێ ((الحمد لله))، (10) جار بلێ ((أكبر الله))، (10) جار بلێ ((استغفر الله))، چونکە کە وتت ((سبحان الله)) خوای گەورە دەفەرموێ ئەوە بۆ منە، کە وتت ((لا الة إلاّ الله)) دەفەرموێ ئەوە بۆ منە، کە وتت ((الحمد لله)) دەفەرموێ ئەوە بۆ منە، کە وتت ((أكبر الله)) دەفەرموێ ئەوە بۆ منە، کە وتت ((استغفر الله)) دەفەرموێ ئەوە بەراستی لێت خۆش بووم . ئەم فەرمودەیە ئیبنو سوننی لە کتێبی (عمل اليوم والليلة) ڕیوایەتی کردووە و شیخ ئیبنو حەجەری عەسقەلانی لە کتابی (نتائج الأفكار 1/389-390) بە فەرمودەیەکی حەسەنی داناوەو ئەلبانیش لە سلسلة الأحاديث الصحيحة 14/287 بە ذمارة 3338 بە حەسەنی داناوەو چەند فەرمودەی دیکەشی لەم بارەیەوە هێناوە .

بەڵگەکانی زیکرەکانی دوای نوێژە فەرزەکان :

دوای نوێژە فەرزەکان زۆر گرنگە زیکرو تەسبیحات بکرێت بەتایبەت زیکرە بیستراوەکان لە پێغەمبەر -درودی خوای لەسەر بێت- ، خوای گەورە دەفەرموێ ((وَمِنَ اللَّيْلِ فَسَبِّحْهُ وَأَدْبَارَ السُّجُودِ)) (سورة: ق/40) زانایانی تەفسیر دەفەرموون مەبەستی زیکرکانی دوای نوێژەفەرزەکانە .

ئەبو هوریرە -ڕەزای خوای لێبێت- دەفەرموێ: گوێم لە پێغەمبەر بوو دەیفەرموو ((مَنْ سَبَّحَ دُبُرَ كُلِّ صَلاَةٍ ثَلاَثًا وَثَلاَثِينَ ، وَكَبَّرَ ثَلاَثًا وَثَلاَثِينَ ، وَحَمِدَ ثَلاَثًا وَثَلاَثِينَ ، وَقَالَ تَمَامَ الْمِائَةِ : لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٍ ، غُفِرَتْ خَطَايَاهُ وَإِنْ كَانَتْ دُنُوبُهُ مِثْلَ زَبَدِ الْبَحْرِ)) رواه مسلم 1/418 بەژمارە 597 . واتە:- هەر کەسێك لە دوای هەر نوێژێك (33) جار بڵێت (سبحان الله) و (33) جار بڵێت (الحمد لله) و (33) جار بڵێت (الله أكبر) کە دەکاتە (99) جار لە سەری سەدەمین بڵێت (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ ، لَهُ الْمُلْكُ ، وَلَهُ الْحَمْدُ ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ) لە هەندێك لە ڕیوایەتەکان بە زیاد کردنی (يُحيي ويميت) لە دوای (ولـه الحمـد) خوای پەروەردگار لە گوناهەکانی خۆش دەبێت ئەگەر چی گوناهەکانی وەك کەفی سەر دەریا زۆر بن .

- وە لە سەوبانەوە ڕیوایەت کراوە دەفەرموێ پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت کە لە نوێژ تەواو دەبوو سێ جار دەیفەموو (أستغفر الله) پاشان دەیفەرموو (اللهم أنت السلام ومنك السلام تباركت يا ذا الجلال والإكرام) وە لەهەندێك لە ڕیویەتەکان بە زیاد کردنی وشەی (فحينا بالسلام) لە دوای (ومنك السلام) ئیمامی مسلم ڕیوایەتی کردووە 1/414 بەژمارە 592 .

- وە لە موغیرەی کوڕی شوعبەوە دەفەرموی پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت لە دوای هەموو نوێژێك کە سەلامی دەدایەوە دەیفەرموو (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ ، لَهُ الْمُلْكُ ، وَلَهُ الْحَمْدُ ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ، اللَّهُمَّ لَا مَانِعَ لِمَا أَعْطَيْتَ ، وَلَا مُعْطِيَ لِمَا مَنَعْتَ ، وَلَا يَنْفَعُ ذَا الْجَدِّ مِنْكَ الْجَدُّ) ئیمامی مسلم ڕیوایەتی کردووە 1/414 بەژمارە 593 .

- هەروها سوننەتە (آية الكرسي) بخوێنرێ لە ئەبو ئومامەوە ڕەزای خوای لێبێت دەفەرموی پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت فەرمووی: (من قرأ آية الكرسى دبر كل صلاة مكتوبة لم يمنعه من دخول الجنة إلا أن يموت) واتە:- هەر کەسێك آية الكرسي بخوێنی لە دوای هەمو نوێژێك ڕێگر نابێت لە چونە بەهەشتی جگە لە مردن نەبێ واتە کە مرد دەچێتە بەهەشتەوە. ئیمامی نەسائی 44/9 بەژمارە 9848 ڕیوایەتی کردوە وەزانایانی حەدیس و ئەلبانی بە صحیحیان داناوە بروانە سلسلة الأحاديث الصحيحة 2/661 بەژمارە 972.

- هەروەها سوننەت و خێرە ئەو زیکرانە بەدەنگی بەرز بوترێن بۆ ئەوەی خەڵکی فێرببن و تەرکی نەکەن، وە لەسەردەمی پێغەمبەردا بەدەنگی بەرز خوێندراون . عن ابن عباس رضي اللّه عنهما : ((أنّ رَفْعَ الصَّوْتِ بِالذِّكْرِ حِينَ يَتَصَرَّفُ النَّاسُ مِنَ الْمَكْتُوبَةِ كَانَ عَلَى عَهْدِ

النبيّ صلى الله عليه و سلم ، وقالَ ابْنَ عبّاسٍ: كُنْتَ أعلَمُ إذا انْصَرَفُوا بذلكَ إذا سَمِعتُهُ)) أخرجه البخاري168/1 بەژمارە 841 ومسلم 410/1 بەژمارە 583. واتە:- ئیبن عەبباس دەفەرموێ بەرزکردنەوەی دەنگ بۆ خوێندنی زیکرەکانی دوای نوێژ کاتێک کە خەڵکی لە نوێژە فەرزەکان تەواو دەبوون لە سەر دەمی پێغەمبەردا درودی خوای لەسەر بێت هەبوو من بەدەنگ بەرزکردنەوەی زیکرەکان دەمزانی خەڵک لە نوێژ تەواو بوون .

شانزەهەم: صەڵا و تەمجیدی پێش نوێژی بەیانیان دروشمێکی شایستە و پەسندە، بە مەبەستی ئاگادار کردنەوەی موسوڵمانان و ئامادەباشی بۆ نوێژی بەیانی، ئەگەرچی ئەصل وایە هەموو مزگەوتێك بۆ نوێژی بەیانیان دوو بانگبێژی هەبێت بەڵام جێبەجێکردنی ئەم ئەصلە لە ئێستادا ئەستەمە، بۆیە زانایان هەر لەکۆنەوە بە باشیان زانیوە(أستغفر الله و صەلەوات و تەمجید) لە کاتی بانگی یەکەم ئەنجام بدرێت بۆ ئەوەی نوێژخوێنان لێیان تێکنەچێت.

حەڤدەهەم: خوێندنی تەلقین لە دوایی ناشتنی مردوو بە هەر زمانێ و، بەو شێوەیەی کە کارپێکراوە لەلایەن زانایانەوە؛ کارێکی پەسندە و وردەکاری و بەشەکانی لە فەرمودە دروستەکان وەرگیراون.

لەو فەرمودانەی کە بەشێك لە قنوتی لێ وەرگیراوە ئەو فەرمودەیەیە کە ئیمامی طبراني لە (المعجم الكبير240/8) ڕیوایەتی کردووەو ئیبن حەجەری عەسقەلانیش لە (تلخيص الحبير 313/2) فەرمویەتی "إسناده صالح "(عن سعيد بن عبد الله الأودي، قال: شهدت أبا أمامة وهو في النزع، فقال: إذا أنا مت، فاصنعوا بي كما أمرنا رسول الله صلى الله عليه وسلم أن نصنع بموتانا، أمرنا رسول الله صلى الله عليه وسلم فقال: " إذا مات أحد من إخوانكم، فسويتم التراب على قبره، فليقم أحدكم على رأس قبره، ثم ليقل: يا فلان بن فلانة، فإنه يسمعه ولا يجيب، ثم يقول: يا فلان بن فلانة، فإنه يستوي قاعدا، ثم يقول: يا فلان بن فلانة، فإنه يقول: أرشدنا رحمك الله، ولكن لا تشعرون. فليقل: اذكر ما خرجت عليه من الدنيا شهادة أن لا إله إلا الله، وأن محمدا عبده ورسوله، وأنك رضيت بالله ربا، وبالإسلام دينا، وبمحمد نبيا، وبالقرآن إماما، فإن منكرا ونكيرا يأخذ واحد منهما بيد صاحبه ويقول: انطلق بنا ما نقعد عند من قد لقن حجته، فيكون الله حجيجه دونهما ". فقال رجل: يا رسول الله، فإن لم يعرف أمه؟ قال: «فينسبه إلى حواء، يا فلان بن حواء»، هەروەها ئیمامی موسلیم لە ئەبوسەعیدی خودریەوە ڕیوایەتی کردووە حەزرەت -صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی (لقنوا موتاكم لا إله إلا الله). واتە: وشەی لا إله إلا الله بەبیر مردووەکانتان بهێننەوە .

تەلقین کاری سەلەفی صالح و ئەهلی مەدینە بووە صاحیبی (التاج والإكليل لمختصر الخليل53/3) لە ئیبن العربی نەقل دەکات دەفەرموێت: " إذا أدخل الميت قبره فإنه يستحب تلقينه في تلك الساعة وهو فعل أهل المدينة الصالحين من الأخيار لأنه مطابق لقوله تعالى: {وَذَكِّرْ فَإِنَّ الذِّكْرَى تَنفَعُ الْمُؤْمِنِينَ} ﴿الذاريات: 55﴾ وأحوج ما يكون العبد إلى التذكير بالله عند سؤال الملائكة " .

ئیمامی ئیبنو ئەلقەیم لە کتێبی "الروح" (ص: 13) دەفەرموێت" فصلّ ويدل على هذا أيضا ما جرى عليه عمل الناس قديما وإلى الآن من تلقين الميت في قبره، ولولا أنه يسمع ذلك وينتفع به لم يكن فيه فائدة وكان عبثاً، وقد سئل عنه الإمام أحمد رحمه الله فاستحسنه واحتج عليه بالعمل" .

وەهەروەها بەڵگەیە لەسەر ئەوە ئەوەیە کە هەر لە دێرزەمانەوە تاکو ئێستا کار و عادەتی خەڵکی وابووە تەلقینی مردوویان داوە لە ناو قەبرەکەی ..وە پرسیار لە ئیمامی ئەحمەد کراوە لە بارەی تەلقینەوە ئەو بە باشی داناوە، و بەڵگەی بەوە هێناوەتەوە کە کار لەسەر ئەوەیە کە مردوو تەلقین دەدرێت.

بۆیە: لە بەر ئەو بەڵگانەی سەرەوە زانایانی مەزهەبی ئیمامی شافیعی بە سوننەتیان زانیوە بڕوانە: (المجموع للنووی: 5/ 303-304 ، ومغنی المحتاج 2/ 60).

وصلى الله على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين

ئە نجومەنی باڵای فەتوای هەرێم

9/ شوال/ 1443ھ = 10/ایار/2022م = 20/ گوڵان/ 2722ك

یەکخستنی دروشمە ئایینییەکان
هەنگاوێك بۆ گەڕاندنەوەی بیری میانڕەوی زانایانی کورد

پ.د. عرفان رەشید
مامۆستای زانکۆ و ئەندامی ئەنجومەنی باڵای فەتوا

بە درێژایی مێژووی گەلی کورد لە پاش سالی ١٦ی کۆچی، کە ئەم خاك و خەڵکەی ئێمە دەست لەملانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بوون، دەست لەملانێکی خۆ ویستانە کە هەڵقوڵاوی قەناعەتی تەواوی گەلی کورد بوە، وەرگرتنی ئەم ئاینە پاش تاقیکردنەوەی ئاین و دروشمە ئایینیەکانی دیکە بوە کەبەهۆیەوە ڕۆحی نەك هەر ئاسودە نەبوە بەڵکو هەندێ جار لەژێر سایەو سێبەری ئەو ئاین و بیرانەدا یان باڵادەستان و دەمڕاستانی ئەو نەخشە ئاینیانە دووچاری چەوساندنەوە و بەبێبەش لەماف و حەقی ڕەوای خۆیان کراوە.

قۆناغی یەکەم: کە بڵاوبونەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بووە گرنگی خۆی هەبوە، سڕینەوەی پەیام و دروشمی ئاینەکانی دیکە هەنگاو و لێبڕانی زۆری ویستوە کەلایەن دڵسۆزانی ئیسلامەوە خۆیان بۆ تەرخان کردوەو توانیویانە بە سەرکەوتن و پیرۆزی بگەن.

قۆناغی دووەم: ئەرکێکی گرنگ هاوشێوەی قۆناغی یەکەم چۆنیەتی پێگەیاندنی کەسانێك کە تایبەت بن بەهەڵگرتن و فێربونی زانستەکان تاکو ببنە خاڵی سەرەکی و بنەڕەتی بۆ گەڕانەوەی خەڵك بۆلای ئەم جەمسەرە گرنگانە تاکو پرسیاریان لێ بکەن و بتوانن بەڕاستی پەیوەست بن بە ئایینەکەیانەوە کە ئیسلامە، هەر لە خوا پەرستییەکان وەکو چۆنیەتی نوێژ ، ڕۆژوو ، زەکات ، حەج ، بە مەرج و ڕوکن و سوننەتەکانیانەوە، لەبواری مامەڵە، کام مامەڵە حەڵاڵەو کامەیان حەرام مەرجەکانیان، ڕوکنەکانیان، بابەتە کۆمەڵایەتیەکان، باری کەسێتی قەزاو ماف ....هتد، ئەمەش پێویستی بە نەفەسێکی دوور و درێژ هەبووە تاکو خەڵکی فێر بکرێن و پابەند بن بەیاساو ڕێساکانەوە.

- سەرەڕای ئەمانەش، ئەرکێکی دیکە لەسەر زانایانی کورد بوە کە هەوڵیان داوە هەموو خەڵکی لە چۆنیەتی پەرستنەکاندا لەسەر یەك

"کۆدەنگی زانایان لەسەر ئەوەیە حەرامە پرسیار لەو کەسانە بکرێت کە فەتوا بە ئاسان دەدەن و لەڕای بەهێزی زانایان هەڵدێن"

ڕێڕەو بن ، چونکە ئەوەی کە زانایانی ئیسلام زانیویانەو درکیان پێ کردوە لە ڕاجیایی زانایان کە دەرەنجامی تێگەیشتن بوە لە دەق و ئەو واتا زۆرانەی کەلەزمانی عەرەبی لەسەر یەك ووشە بونی هەیە و پاشان بەڵگەکانی سوننەت و هەموو ئەو تێڕوانینانەی کە ڕووبە ڕووی سوننەت دەبنەوە و شەنوکەوکردنی هەموو ئەو بابەتانە کەلە ئاستی تێگەیشتنی خەڵك و درك کردنیاندا نەبوە، خۆ ئەگەر ڕای هەموو زانایانیان بهێنایە و بڵاویان بکردایەتەوە لە ناو خەڵکیدا چ پەرتەوازەییەك دروست ئەبو، چ تەلفیق و کار کردن بە ڕوخسەت و ڕای لاواز و بێ بەڵگە ئەکەوتە ناو خەڵکیەوە.

بەڵام ئەوە زانایی و بەسەلیقەیی زانایان بوە کە خەڵکیان لەسەر ڕاڕەوی زانایەکی مەزنی وەکو شافعی –ڕەحمەتی خوای لێ بێت – ئاڕاستە کردوە، کەمەزهەبێکی وەسەت و مودەلەل بوەتە چەتری سەری مسوڵمانان و خەڵکە گشتیەکەش کە پێویست بوە تەقلیدی موجتەهیدێکی سەربەخۆ بکەن کە مەزهەبەکەی مودەوەن بێت و سەرچاوەکانی تەشریع ڕەنگدانەوەی تەواوی لە فیقهی مەزهەبەکەدا هەبێ لەو هەموو ڕاجیایی و کێشمە کێشە ڕزگاریان بوە، هەر بۆیە تادەستی دەرەکی و پەرتەوازەیی و کەسانی نائەهل سەریان نەکێشایە نێو مالی زانایانی کورد کەسە بەناو زاناکان دەستیان نەخستە ناو فەرهەنگی سەدان سالەی گەورە زانایان و مەلای کورد، لەسەر تاسەری کوردستان یەك بانگ و سەڵاو یەك شێوەی پەرستش و یەك دڵ و یەك گیان وەکو فریشتە لەمزگەوت و مالێ و دەشت و شاخ و سارا و سەرڕەزو چەم و ڕوبارەکان ڕووەو ڕووگەی خواپەرستی نوێژ دەکراو بەیەك جۆر ڕۆژوو دەگیرا و هەموو کارو ئەرکە شەرعیەکانی دیکەش بەهەمان جۆر.

وەلێ هەزاران جەخار، لە رێگای فەتواو فیکری موعەلەبەوە بەناوی نوێگەری و کرانەوەو هەستانەوە و بەناو جیهادی کافران و داگیرکاران درزی گەورە خرایە نێو ڕیزی مسوڵمانان و هەموو ئەو یاساو ڕێسایانەی کە گەورە موجتەهیدانی ئیسلام لەسەری کۆك بوون، هەموو ئەو کتێبە بەنرخانەی کە دەیان ڕاڤەو تەعلیق و پەراوێزیان لەسەر نوسرابو لەبەر چاوی خەڵکی بێ نرخ کران و لە جێگای ئەو کتێبانەی کەچەندین بەرگ و سەدان لاپەڕە بوون، نامیلکە و کتێبۆچکەی لاواز و بێ بنچینەی زانستی هێنرایە ناو حوجرەو مزگەوتەکانەوە، ئەو ماوەی چەندین ساڵەی کەفەقێ شارەو شارو گوندو گوند دەگەڕا بۆ خوێندنی زانستە عەقڵی و نەقڵیەکان کرانە دەورە سەریعە و چەندین فیتەرو پەنچەرچی و برین پێچ و بازرگانی مایەپوچیان هێناو کرانە کادرو پاشان مەلاو بەڕاست و چەپ فەتوای دەرەکیان هێنایە وڵاتی کوردەواریەوە بێ ئەوەی بیر لە زمان و زەمینەو چۆنیەتی فەتواو جێبە جێ کردنی لە دۆخی کوردستاندا بکەنەوە، بەهەر حاڵ ئەوەی گرنگە بۆ ئەمڕۆی کوردستانی ئێمە کەخەڵکی لەم پەرتەوازەییە ڕزگار بکەین و بیانگەڕێنینەوە بۆ شارێی گەورە زانایانی کوردی دڵسۆز بەخاك و خەڵك و ئاین و مێژووی پــڕ سەروەری مزگەوت و مینبەر و میحراب.

لە ڕێی بەرجەستەکردنی ئەم خاڵانەوەدەبێت-:

یەکەم: بەدەستهێنانی زانستە شەرعیەکان پێویستیەکی گرنگە لەسەر قوتابی و فەقێکان و بەرپرسیارێتیەکی داوا کراوە لەسەر شانی زانایان .

پێویستە لەسەر هەموو مسوڵمانان کە زۆربە لێبڕاوانە هەوڵی تێگەیشتنی زیاتر بدەن لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و جێبەجێکردنی ئەرکە پیرۆزەکانی ئیسلام ، هەروەك پێویستە لەسەریان کەڕۆڵیان هەبێ لە بڵاو کردنەوەی زانستە شەرعیەکان ، ئەمەش بەخوێندنی وانە شەرعیەکان لەخزمەت زانایانی متمانە پێکراو بەتایبەتی زانستەکانی بیروباوەڕ لەسەر ڕێڕەوی زانایانی ئەهلی سوننە (ئەشعەری) و (ماتوریدی) خوێندنی فیقهی شافعی و شارەزابون لە زانستی فەرموودەو سیرەو ژیاننامەی پێغەمبەر – صلى الله عليه وسلم – ، لەهەوڵی چاپکردن و بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبانەدابن کەزانایانی گەورەی کورد ڕەزامەند بوون لە خوێندن و بڵاو کردنەوەیان.

ئەرکی زانایان و پێش نوێژو وتاربێژانە کە خەڵکی شارەزا بکەن لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و وەڵامی پرسیاری شەرعی مسوڵمانان لەسەر مەزهەبی پێشەوا شافعی –ڕەحمەتی خوای لێ بێت – بەدەنەوە وفێری بیروباوەڕی دروست و یاساکانی پاك و خاوێنی و نوێژو ڕۆژو و زەکاتیان بکەن، بەشێوازێك کەلەگەڵ ڕوحی سەردەم بگونجێت، دوور لەهەموو ئاڵۆزکردنێك بەتایبەتی ئەگەر تەماشا بکرێت پێغەمبەر – صلى الله عليه وسلم– لەسەر دوانگە خەڵکی فێری کاروباری ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەکرد چونکە بەشێك لەو وتارە حەماسیانەی کە خەڵکێك خووی پێوە گرتوە هیچ سوودێکی زانستی نیە وپاش ماوەیەك لەبیردەچنەوە بەڵام فێر بوونی فیقهو شارەزابوون لە ئیسلام وەکو ئاوی سازگار وایە و هەموو کات خەڵکی پێویستیان پێی هەیە.

دووەم: مەترسی دوورکەوتنەوە لە زانستەکان ، بەبەڵگەی ئەوەی کە بوترێت چەند بابەتێکە ڕاجیایی زۆری تێدایە و باشترواییە لێی دووربکەوینەوە.

- لەو بابەتە مەترسیدارانەی کە دوژمنانی ئیسلام بڵاویان کردۆتەوە کەسانی نا دڵسۆز نەخشەیان بۆ کێشاوەو بیرو هزری گەنجەکانیان پێ داگیر کردوە ئەو دروشمەیە کەهەندێ کەسی ساویلکەی پێ هەڵخەڵەتاوە، بەڵکو هەندێ لەو کەسانەش کەبانگەشەی زانست و زانیاری بۆخۆیان دەکەن بە پێویستی نازانن کە قوتابیانی زانستە شەرعیەکان مکوڕ بن لەسەر خوێندنیان و ساردیان دەکەنەوە لە قوڵبونەوەی زانستەکان هەموو بەڵگەیەکیشیان ئەوەیە ئەو زانست و بابەتانە ڕاجیایی تێدایە، سەرقاڵی شتانێك دەبن کەسودی نیە، سەرەنجام چەند گەنجێکی بێ زانست دەبنە دەمڕاستی زانست و بەڕاست و چەپدا فەتوا دەدەن و خۆیان گومڕا و خەڵکیش گومڕا دەکەن، کەسانێك پەروەردە دەکەن کە ئاشنا نابن بەیاسای ئاینەکەیان و ناتوانن خاڵێك بۆ سەر کاروانی زانست و مەعریفە زیاد بکەن.

ئەمەش پێچەوانەی هەوڵ و زانستی زانایانە، هەر کەسێك بەویژدانەوە سەیری (موسەننەفی حافز عەبدول ڕەزاق) و (موسەننەفی حافز ئەبو شەیبە) بکات، هەزارەها بابەت دەبینێ لەبابەتە فیقهی و شەرعیەکان کە هاوەڵ و شوێنکەوتوە زاناکانیان ڕاجیاییان هەبوە لەسەریان، لەکاتێکدا ئەوان ئەهلی هیدایەت و ڕێپیشاندەر بوون، هەموو مەبەستێکیشیان گەیشتن بوە بەڕەزامەندی خوای گەورە، پاش ئەوانیش لەدوای چەرخی سێهەمەوە زانست و زانیاری گەیشتە لوتکە و بەچەرخی زێڕین هەژماردەکرا ، وڵاتی مسوڵمانان پشکی گەورەیان هەبوە لە زانایان و هەموویان عەودالی زانستە شەرعییەکان بوون .

هەر بۆیە بە ئەرکێکی هەنوکەیی و گرنگی دەزانین کەزانایان ئامۆژگاری گەنجەکانمان بکەن و بانگهێشتیان بکەن تالە کۆڕە زانستیەکاندا ئامادە بن و سود لە زانستی زانایان وەربگرن، لەبری ئەوەی ئەو گەنجانە کاتی خۆیان لە کافتریا و شوێنە گشتیەکان بەسەر بەرن باڵە خزمەتی ئەو زانایانەدا دابنیشن و فێری زانست و ئاکاری بەرز بن، چونکە ئەو گەنجانە سەروەتێکی گەورەی ئەم وڵاتەن، بەداخەوە ئەو شارەزاییەیان نیە کە بتوانن بیری نامۆ و نەخوازراو لەبیری ڕاست و دروست

"ئەگەر زانایان ڕای هەموو زانایانیان بهێنایەو بڵاویان بکردایەتەوە لە ناو خەڵکیدا چ پەرتەوازەییەك دروست ئەبو، چ تەلفیق و کارکردن بە ڕوخسەت و ڕای لاوازو بێ بەڵگە ئەکەوتە ناو خەڵکیەوە، بەڵام ئەوە زانایی و بەسەلیقەیی زانایان بوە کە خەڵکیان لەسەر ڕاڕەوی یەك مەزهەب ڕاگرتوە"

جیابکەنەوە، زۆر جار ئەو مەترسیە بوە بە دیاردە کەکەسانی هەلپەرست گەنجەکانیان فریوداوەو بەناوی ئیسلامەوە دووچاری خۆتەقاندنەوەو تووندونیژییان کردوون، ئەم ڕێڕەوە نەگریسە لەکۆی و دڵسۆزی زانایانی ڕاستەقینەی کورد لەکۆی !

وعلوم شرع الله نادَت جَهْرَةً

هذا أوانُ فيه طِيُّ بِساطي

سێیەم: قەدەغەکردنی شوێنکەوتنی ڕوخسەتی زانایان بەشێوەیەکی ڕەهاو فەتوادان بەڕای ئاسان.

گومانی تێدا نیە کە حەرامە شوێنکەوتنی ڕوخسەتی زانایان بەشێوەیەکی ڕەهاو هەڵبژاردنی ڕای زانایان و گەڕان بەدوای ڕای ئاسان و لاوازدا تەنها لەبەر ئەوەی کەحەزو ئارەزووی بەو فەتوا شازانە ئاسودە دەبێت بەبێ ڕەچاو کردنی بەڵگەی بەهێزی زانایانی متمانە پێکراو، هەندێ لەو کەسانە بە ئەنجەتی ڕا زۆری زانایان ڕەوایەتی بەڕایەکی لاواز دەدەن و بەڕایەکی ڕاجحی دەدەنە قەڵەم، کاتێک پرسیاریان لێ دەکرێت چۆن فەتوا بەم ڕا شازە دەدەن؟ هەموو بەڵگەیەکیان ئەوەیە مادام چەند ڕایەك هەیە ئاساییە کار بەیەکێکیان بکرێت، ئیتر ئەو هەموو قەیدو یاساو ڕێساو بنەمایەی کە زانایان داياننناوە وەلا دەنێن و کار بە هەواو ئارەزووەکەی خۆیان دەکەن ئەم

کەسانە ئەگەر چی لەبەر دەم دەستەیەك لەخەڵك خۆیان بە نوێگەرو کارئاسانکار نیشان دەدەن بەڵام لای خوای گەورەو لای زانایانی ئیسلام کەسانێکی هەلپەرستی ئارەزوو پەرستن و هەڵوەدای ئارەزووە ناشەرعیەکانیانن خوای گەورە دەفەرموێت: ((أَرَأَيْتَ مَنِ اتَّخَذَ إِلَهَهُ هَوَاهُ أَفَأَنْتَ تَكُونُ عَلَيْهِ وَكِيلًا أَمْ تَحْسَبُ أَنَّ أَكْثَرَهُمْ يَسْمَعُونَ أَوْ يَعْقِلُونَ إِنْ هُمْ إِلاَّ كَالْأَنْعامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ سَبِيلًا)) الفرقان ٤٣ – ٤٤

یان دەفەرموێت: (أَفَكُلَّمَا جَاءَكُمْ رَسُولٌ بِمَا لَا تَهْوَىٰ أَنْفُسُكُمُ اسْتَكْبَرْتُمْ) البقره ٨٧. یان دەفەرموێت: (فَلَا تَتَّبِعُوا الْهَوَىٰ أَن تَعْدِلُوا وَإِن تَلْوُوا أَوْ تُعْرِضُوا فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا) النساء 135 .

یـــــــــــــــــــــان دەفـــــــــــــــــــــەرموێت: (وَلَا تَتَّبِعُوا أَهْوَاءَ قَوْمٍ قَدْ ضَلُّوا مِنْ قَبْلُ وَأَضَلُّوا كَثِيرًا وَضَلُّوا عَنْ سَوَاءِ السَّبِيلِ) المائده ٧٧ .

لەم ئایەتە پیرۆزانەوە فێر دەبین کە بەشێك لە بنەماکانی ئاین دوورکەتنەوەیە لەهەواو ئارەزووەکانمان و شوێن نەکەوتنی ڕەهای ڕوخسەتی زانایان، چونکە هەواو ئارەزووەکانمان و شوێن نەکەوتنی ڕەهای ڕوخسەتی زانایان، چونکە ئەو هەواو ئارەزووە سەرەنجامەکەی دۆزەخ و سزای پەروەردگارە : ((حفت الجنة بالمكاره، وحفت النار بالشهوات)) رواه مسلم /٤/ ٢١٧٤

هەر بۆیە کۆدەنگی زانایان لەسەر ئەوەیە حەرامە پرسیار لەو کەسانە بکرێت کە فەتوا بە ئاسان دەدەن و لەڕای بەهێزی زانایان هەڵدێن ، چونکە ڕاستەڕێ ئەوەیە هەرکەسێك (مجتهد) بێت بەڵگەی بەدەستەوە بێت ئەوەش کە (مقلد) ە پێویستە شوێن ڕای (ڕاجح) ی یەکێك لە چوار مەزهەبە باوەڕپێکراوەکەی ئەهلی سوننەتو جەماعەت بکەوێت ئەمەش دەقی وتەی زانایانە لەسەر ئەم باسە-:

١ -حافز ئیبنو عەبدولبەر، لە کتێبی (جامع بيان العلم وفضله : ٢/١١٢)پاش ئەوەی ڕای سولەیمانی تەیمی دەگێڕیتەوە دەفەرموێت: (لو أخذت برخصة كل عالم اجتمع فيك الشرك كله) پاشان دەفەرموێ: (هذا إجماع لا أعلم فيه خلافا).

٢- پێشەوا (نواوی)– ڕەحمەتی خوا لێبێت– لە (شرح المذهب : ١/٥٥) دا دەفەرموێت: (لو جاز اتباع أي مذهب شاء، لأفضي إلي أن يلتقط رخص المذاهب متبعا هواه، ويتخير بين التحليل والتحريم والوجوب والجواز، وذلك يؤدي إلي الإنحلال من ربقة التكليف). ئەم ڕایەش هەمان ڕای زانای گەورە حافز ئیبنوصەلاحە –ڕەحمەتی خوای لێ بێت– لە کتێبەکەی خۆیدا: (أدب المفتى والمستفتى: ١/٤٦).

-پێشەوا (نواوی)–ڕەحمەتی خوای لێ بێت–بەهەمان شێوە لە (شرح المذهب ١/٤٦) دا دەفەرموێ: (يحرم التساهل في الفتوي، ومن عرف به حرم استفتاءه).

٣-زانای مەزن شاتیبی لە کتێبی (الموافقات:٤/١٣٤)دا دەفەرموێت: (فإنه يقضي إلي تتبع رخص المذاهب من غير استناد إلي دليل شرعي، وقد حكي ابن حزم الاجماع علي أن ذلك فسق لا يحل)

٤-پێشەوا زەهەبی لە(سير أعلام النبلاء: ٨/٩٠)دا دەفەرموێت: ((ومن تتبع رخص المذاهب وزلات المجتهدين ،فقدرق دينه، كماقال: الأوزاعي وغيرة : ((من أخذ بقول المكيين في المتعة ، والكوفيين في النبيذ، والمدنيين في الغناء، والشاميين في عصمةالخلفاء، فقد جمع الشر ، وكذا من أخذ في البيوع الربوية بمن يتحيل عليها، وفي الطلاق والنكاح يمن توسع فيه، وشبه ذلك، فقد تعرض للانحلال)).

٥-پێشەوا حافز تەقیوددین سوبکی –ڕەحمەتی خوا ی لێ بێت– لەفەتاواکەیدا ١/١٤٧ دەفەرموێت: (يمتنع لأنه حينئذ متبع لهواه لا للدين).

تێبینی:

هەندێ کەس پشت بەم بەڵگەیە دەبەستن لەشوێن کەوتنی ڕەها لەسەر ڕوخسەتی زانایان و فەتوادان بەڕای ئاسان لاوازو شاز کەدایکمان حەزرەتی عایشە–ڕەزای خوای لێ بێت –دەفەرموێت: (ما خُير رسول الله –صلي الله عليه وسلم–بين أمرين إلا اختار أيسرهما)، شێوەی بەبەڵگە کردنەکەیان هەڵەیەو لە شوێنی خۆیدا نیە، حافزی ئیبنو حەجەر لە (فتح الباری:٦/٥٧٥) دا لە ڕاڤەی ئەم دەقەدا دەفەرموێت: (بين أمرين: واتە لەکاروباری دونیادا، بەبەڵگەی (مالم يكن إثما) چونکە کاری دینی گوناهی تێدا نیە!!).

هەر لەم ڕووەوە هەندێك لەکەسانی هاوچەرخ ئەم دەستەواژەیە دەکەنە بەڵگە (شەریعەتی ئیسلام خاوەنی سەماحەت و چاوپۆشیە)، ئێمەش دەڵێین: هیچ کەسێکی ژیر و عاقڵ نالێت شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام لێبوردە نیە، بەڵکو ئەبێ ئەوە بزانین لەژێر ئەم دروشمەدا حەرام نەکرێتە حەڵاڵ و هانی خەڵکی نەدرێ بۆ پابەند بون بەڕای لاوازو شاز ڕاستی بابەتەکە ئەوەیە کەواتای(سەماحەتی شەریعەت) ئەوەیە کە خودا ئاسانکاری بۆ نەخۆش کردوە ئەگەر نەیتوانی بە پێوە نوێژبکات بادابنیشێ یان ئەگەر نەیتوانی بە ڕاکشانەوە نوێژەکەی بکات، یان ئەگەر نەتوانرا ئاو بەکار بهێنرێت و بۆ دەستنوێژ خۆشتن، یان لەبەکارهێنانی ئاودا مرۆڤ دووچاری نەخۆشیەکی زیاتر دەبو با تەیەموم بکات، نەك بەواتای شوێن کەوتنی ڕای کەسانێکی نەشارەزاو دەستگرتن بە فەتوای موعەلەب و لاوازو بێ بنەما.

"ئەوەی گرنگە بۆ ئەمڕۆی کوردستانی ئێمە کەخەڵکی لەم پەرتەوازەییە ڕزگار بکەین و بیانگەڕێنینەوە بۆ شارێی گەورە زانایانی کوردی دڵسۆز بەخاك و خەڵك و ئایین و میژووی پڕ سەروەری مزگەوت و مینبەرو میحراب"

حافزی زەهەبی–ڕەحمەتی خوای لێ بێت–لە کتێبی سیر إعلام النبلاء ١٣/٤٦٥ دا لە پێشەوا ئیسماعیلی قازی ڕەحمەتی خوای لێ بێ دەگێڕیتەوە و دەفەرموێت: (ودخلتُ مرة فدفع الي كتابا فنظرت فيه، فإذا قد جمع له فيه من الرخص من زلل العلماء ، فقلت: مصنف هذا زنديق ، فقال: الم تصح هذه الاحاديث ؟ قلت: بلي ، ولكن من اباح المسكر لم يبح المتعة ، ومن أباح المتعة لم يبح الغناء ، وما من عالم الا وله زلة ، ومن أخذ بكل زلل العلماء ذهب دينه، فأمر بالكتاب فأُحرق).

بەو ئومێدەی بتوانین دروشمە ئاینیەکان لەهەڕێمی کوردستاندا یەك بخەین بۆئەوەی هەموومان لەپەرتەوازەیی و دووبەرەکی و ئازاوە ڕزگارمان ببێ و بتوانین یەك دەست لە خزمەتی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و خاك و خەڵکی خۆماندا بین.

یەکخستنی پەرستش و دروشمە ئایینیەکان
هۆکـــاریّکە بۆ تەبـــایی و ئـــاشتەوایی میللەتی کـــورد

نوسینی: د.مادح ملا محمد بەرزیۆەیی
ئەندامی ئەنجومەنی زانستی لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی



خودای مەزن ئیّمەی بۆ پەرستنی دروستکردووە، وە فەرمویەتی: (وما خلقت الجن والإنس إلا ليعبدون) الذاريات:56. واتا: بِ گومان من پەری و ئادەمیزادم دروست نەکردونە تەنها بۆ ئەوە نەبیّت کە من بپەرستن و فەرمانبەردارم بن، بڕوانە: تەفسیری ئاسان.

وە یەکیّك لە ئامانجەکانی ئەو پەرستشانە بەهیّزکردنی پەیوەندیە لە نیّوان مرۆڤەکان، وە کۆکردنەوەیانە لە بۆنە ئایینیەکان.

بۆ نمونە: ئیّمە رۆژانە پیّنج جار لە نویژە فەرزەکان کۆدەبینەوە لە مالاّنی خودا، وە لەیەکتر دەپرسینەوە، وە ئاگامان لە یەکترە، ئەگەر یەکیّکمان دواکەوت لە هۆکاری دواکەوتنی دەپیّچینەوە، ئەگەر ناخۆش بوو سەردانی دەکەین، ئەگەر لە سەفەر بوو هاوکاری مالّ و منداڵی دەکەین، ئەگەر لە گرفتیّك دابوو هاوکاری دەکەین، بۆیە ئەو پیّنج نویژە بە جەماعەتانە لە مالاّنی خودا بەردی بناغەی برایەتینە.

ئەوجا بۆنەیەکی تری گەورەتری حەفتانە دیّتە پیّش کە ئەویش نویژی هەینیە کە فەرزە لەسەر پیاوانی موسڵمان لە مالاّنی خودا، ئەو دروشمە پیرۆزە جیّژنەیەکی بچوکی حەفتانەیە کە موسڵمانان کۆدەکاتەوە، بۆ ئەوەی لە گەلّ یەکتر خواپەرستی ئەنجام بدەن، وە یەك دلّ و یەك هەلوّیست بن، و هەمیشە لە دەوری یەکتر کۆ ببنەوەو ئاگایان لە یەکتر بیت.

دیسان دوو کۆبونەوەی سالاّنەی مەزنمان هەن کە هەردوو جەژنی ڕەمەزان و قوربانن، وە موسڵمانان لە مالاّنی خودا کۆدەبنەوە، وە بە خۆشی و برایەتی خواپەرستی ئەنجام دەدەن، وە پەیوەندی لە نیّوانیان بەهیّز تر دەبیت. وە گەردەنی یەکتر ئازا دەکەن، وە لە هەڵەی یەکتر دەبورن، وە بە دڵیّکی خۆش جیّژنانە لە یەکتر دەکەن و برایەتیان پتەوتر دەبیت.

وە جارەکی تر لە بۆنەیەکی مەزنی سالاّنەی فراوانی جیهانی کۆ دەبنەوە لە فەریزەی حەج، کە موسڵمانان لە هەموو جیهان دیّن، وە لە وێ کۆدەبنەوە، و دروشمە ئایینیەکان بە یەکەوە ئەنجام دەدەن، وە لە یەکتر نزیك دەبنەوە، وە لە گرفتەکانی یەکتر ئاگادار دەبن، وە پەیوەندی نیّوانیان تونـدو تـۆڵتر دەبیت.

"میللەتی کورد یەکیّکە لەو میللەتە موسڵمانانەی کە زۆر سودی بینیوە لەو دینە پاکەو دروشمەکانی، وە هۆکاری سەرەکی بەهیّزی مانەوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نیّو کوردان بۆ ئەم بابەتە دەگەڕیّتەوە"

ئەو پەرستش و دروشمە ئایینیانە بونەتە هۆی لیّك نزیـــك بونـــەوەی موسڵمانان، وە بە هیّزی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە نیو کۆمەڵگای ئیسلام.

وە میللەتی کورد یەکیّکە لەو میللەتە موسڵمانانەی کە زۆر سودی بینیوە لەو دینە پاکەو دروشمەکانی، وە هۆکاری سەرەکی بەهیّزی مانەوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نیّو کوردان بۆ ئەم بابەتە دەگەڕیّتەوە.

کوردەکان لە شار و لە دێ لە کاتی پەرستش و ئەنجامدانی دروشمە ئایینیەکان لە دەوری یەك کۆ دەبنەوە ، وە بەیەکەوە ئەم خواپەرستیە ئەنجام دەدەن، وە تەبایی نیّوانیان پاریّزراو دەبیـــت.

چونکە میللەتی کورد ڕێڕەوی مەزهەبی ئیمامی شافعی (ڕەزای خوای لەسەر بیت) هەڵبژادووە، وە زیاتر لەهەزار ساڵە ئەم کارە پیرۆزە ئەنجام دەدات، ئەوا لە هەموو مزگەوتەکانی کوردستان دروشمە ئایینیەکان بە یەك جۆر ئەنجام دەدرێن، وە هیچ گرفتیّکمان لەو بارە نەبووە، وە هەموو کوردی موسڵمان بە خوێندەوار و نەخوێندەوار لەسەر ئەم بابەتە کۆك بوینە.

وە کاتی خۆی کە شێخ عبد السلامی بارزانی (ڕەحمەتی خوای لەسەر بیت) وتو وێژی لە گەلّ دەوڵەتی عوسمانی کرد یەکیّك لە داواکاریەکانی ئەوە بوو کە میللەتی کورد هەر لەسەر مەزهەبی ئیمامی شافعی پەرستش و دروشمە ئایینیەکان ئەنجام بدات وە ڕەفتار بکات، وە شتیّکی تری لەسەر فەرز نەکرێت، بۆ ئەوەی دووبەرەکی نەکەوێتە ناو کوردان.

بەڵام ئەوەی جێی تێڕامانە ئەوەیە کە لەسەردەمی ئیمڕۆمان لە هەندێك شوێن و مزگەوتی کوردستان خەریکە دووبەرەکی دەکەوێتە نیّو موسڵمانان، ، وە ئەو تەبایيە کەوتۆتە ژێر هەڕەشە، وە خەریکە فیتنەو ئاژاوە دروست دەبێت لە پاکترین شوێن، کە مالاّنی خودان، بەوەی کە هەندێك لە پێشنوێژەکانی ئەو مزگەوتانە، نکۆڵی لە شێوازی پەرستش و دروشمە ئایینیەکانی ڕەسەنی کوردی موسڵمان دەکەن، وە بە بیدعەو شتی زێدە وەسفیان دەکەن، یان بە شێوازیّکی تازەی ئەنجام دەدەن. کە ئەوەش هۆکاریّکی ترسناکە بۆ سەرهەڵدانی ئاژاوە و دروست بوونی دووبەرەکی لە نیّو کوردان، کە ئەمەش گەورەترین زیانمان پێ دەگەیەنێت.

وە وای لێ هاتووە کە بە دڵە ڕاوکێ هەندك دروشمی ئایینی ئەنجام بدەی لە مزگەوتێك کە لە خەڵکەکەی شارەزا نەبیت.

من خۆم لەو باتە شتی سەیرم بینیوە، جاریکیان لە مزگەوتێکی شاری هەولێر لە گەڵ مامۆستایەکی بەڕێزی هاوڕێم نوێژی بەیانیمان کرد، وە کاتی تەواو بوونی نوێژەکە، ئەو مامۆستایەی ڕەفیقم تەسبیحاتی دوای نوێژی بە دەنگ ئەنجام دا، لەو کاتەدا وەکو ئەوەی کە کارێکی زۆر نا شەرعی و حەرامی کرد بێت، هەندەك لەو نوێژخوێنانە بە بێ ڕەچاوکردنی پایەیی مامۆستا و ریشی شپی ئەو بەڕێزە لێی هاتنە دەنگ، وە ئامێری بلینگۆی ناو مزگەوتیان کوژاندەوە، وە دەستیان کرد بە بۆڵەبۆڵ، وە خەریك بوو ئاژاوە دروست ببیت لە ناو مزگەوت بە هۆی ناحاڵی بوونی ئەو نوێژخوێنانە لە بابەتەکە.

وە لە هەندەنك مزگەوت کۆڵکە داری داتاشراو لەسەر شێوەی میحراب دانراون ، وە هەرکەس نوێژ بکات یەکێك لەو کۆڵکە دارانەی دەخەنە پێش بە ناوی (سترە)، وەك ئەوەی ئەو کەسە لەسەر جادە و ڕێگای گشتی نوێژ بکات، بێ ئەوەی لە حیکمەتی (سترە) تێ بگەن.

خۆ مەعلومە لە هەموو مزگەوتەکانی کوردستان جاران پێش نوێژی بەیانی (سەڵا، یا کەبار)دەکرا، وە پاش بانگ سەڵەوات لە ڕوحی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) دەدراو پێش نوێژ جۆرێك تەسبیحاتی دە جارە دەکرا، وە پاش نوێژ تەسبیحاتی سی و سێ جار دەکرا بەدەنگ، وە دە جار سەڵەوات لە ڕوحی پێغەمبەر دەدرا و دوعای بە کۆمەڵ دەکرا، وە لە پاش نوێژی بەیانی و عیشا صەد جار زیکری (لا اله الا الله) و زیکری (الله، الله)دەکرا.

قنوت لە رکاعەتی دووەمی بەیانی دەکرا، وە (بسم الله الرحمن الرحیم) لە نوێژە بە دەنگەکان، بەدەنگ دەخویندرا،وە دوعای قامەت و وەسیلەت پێش دابەستاندنی نوێژ دەخویندرا.

لە پێش نوێژی هەینی قورئان بە دەنگ دەخوێندرا، وسوننەتی پێش و پاشی نوێژی جومعە دەکرا، و دوو بانگ بۆ نوێژی هەینی دەدرا.

ئەمانە گشتیان پاڵپشت بە بەڵگەی شەرعی لە قورئان و حەدیس و ئیجماع وقیاس ئەنجام دەدران، وە هەزارەها زانای ناوداری کورد ئەنجامیان داوە ، وە کەس ڕەخنەی نەبووە.

چ پێویستییەك هەیە کە ڕای جیاواز تێکهەڵاو بکەی وە سەر لە خەڵك بشێوێنی، خۆ مامۆستایانی شارەزا ئەو بابەتانەیان زانیوە، بەڵام بە حیکمەت ڕەفتاریان کردووە، بۆ ئەوەی خەڵك سەری لێ نەشێوێت.

ئێستا لە هەندێك شوێن کۆکردنەوی دوو نوێژ بە پەیدابوونی پەڵە هەورێك و بارینی دوو پشکە باران سەری هەڵداوە، یان نەشوشتنی پێ لە دەستونوێژو مەسح کردن لەسەر گۆرەیی تەنك، یان نەشوشتنەوەی دەستەونوێژ لە دەستکەوتن بە ئافرەتی نا مەحرەم، یان خواردن و خواردنەوە لە شەوانی ڕەمەزان تا پاش بانگی بەیانی، یان نوێژکردن بە پیلاوەوە کە ناپاکە، وە چەندین بابەتی لەو شێوەیە کە جاران لە کوردستان نەکراوە.

"یەکێك لە ئاماڵنجەکانی ئەو پەرستشانە بەهێزکردنی پەیوەندیە لە نێوان مرۆڤەکان"

خۆ ئەگەر بڵێین هەندێك لەو بابەتانە لە ناو مەزهەبەکانی دی جێگایان دەبیتەوە، دەڵێین: جا چ پێویستییەك هەیە کە ڕای جیاواز تێکهەڵاو بکەی وە سەر لە خەڵك بشێوێنی، خۆ مامۆستایانی شارەزا ئەو بابەتانەیان زانیوە، بەڵام بە حیکمەت ڕەفتاریان کردووە، بۆ ئەوەی خەڵك سەری لێ نەشێوێت.

وە ئێستا کە لە هەندێك لەمزگەوتی کوردستان نکوڵی دەکرێت لەم شێوازی ئەنجام دانی پەرستش و دروشمە ئایینیەکانی جاران، وە بەربەرەکانیان دەکرێت، وە بە هەڵە دادەنرێن، ئەمە گومان دەخاتە دڵی موسڵمانان بە تایبەت بەسالاێچووان کە چەندین ساڵە وا ڕاهاتونە، بەبێ ئەوەی هیچ پێویستییەك هەبیت بەو گۆڕانکاریە، تەنیا لاسایی کردنەوەی هەندێك شوێنی تری دەرەوی کوردستان نەبیت.وە ئەوەش زەنگی مەترسی یە کە لێ دەدرێت بۆ ئەوەی کە بە ئاگا بێینەوە لەو مەترسی یە.

بۆیە پێویستە هەرچی زووە وەزارەتی ئەوقاف و یەکێتی زانایان بێنە سەر خەت بۆ ڕاگرتنی ئەو ئاژاوەیە، وە نەهێشتنی ئەو دوو بەرەکیە، وە ڕێگری گرتن لەو (فیتنە)یە کە زۆر مەترسی دارە لە سەر دین و ئاسایشی نەتەویی و تەبایی و یەکڕیزی میللەتەکەمان، چونکە ئەگەر کاریکی وا نەکرێت دوور نییە لە ماوەیەکی نزیك خەڵك لە ناو مزگەوتەکان لە یەك هەڵبستن، وە دەست بۆ خوێنی یەکتر ببەن.

وە هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی حەزرەتی ئیمامی عوسمانی کوڕی عەففان کە لەسەردەمی خۆی کاریکی گرنگی کرد بۆ یەکڕیزی موسڵمانان و ڕێگە گرتن لە ئاژاوەو فیتنە، کە ئەویش سوتاندنی نوسخەکانی دەستنوسی قورئانی پیرۆزی یارانی پێغەمبەر بوو کە هەندێك جیاوازی ڕێنووسی، وجیاوازی لەهجەکانی عەرەبی لە نێوانیان هەبوو، وە خەڵکی کۆکردەوە لەسەر یەك جۆر ڕێنووس لە نوسینەوەی قورئانی پیرۆز کە پێی دەگۆترا (المصحف الامام) واتا نوسخەی قورئانی پێشەوا، وە خەڵکی لە ئاژاوە دورخست و شکۆی قورئای پیرۆزی پاراست، وە ڕێگەی گرت لە فیتنیەکی گەورەی نێو موسڵمانان. خودا دین و وڵاتمان پارێزراو بکات لە هەموو چۆرە بەڵاو ئاژاوە فیتنەیەك، وە برایەتی و یەکڕیزیمان بە هێزو پتەوتر بکات.

دارِنینی ئایین لەمەزهەبو فیقهی موجتەهیدەکان دابڕینی شەریعەتە لەژیانو پیلانێکی زۆر مەترسیدارە!

پ.ی.د. ئیبراهیم محمد سعید هەرشەلی
مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەددین و وتارخوێنی مزگەوتی (الشهداء) لەهەولێر

زۆرێك لە نوسەرو کەسایەتیە فکریەکانی هاوچەرخ بە شێوەیەکی بەربلاو هەمیشە فەرقو جیاوازی دەکەن لە نێوان شەریعەتو فقهی موجتەهیدەکان، وەك ئەوان دەڵێن شەریعەت بریتیە لە دەقە پیرۆزەکانی قورئانو فەرمودە صەحیحەکان کە مەعصومن، بەڵام فیقهی موجتەهیدەکان بەرهەمی بیرو تێگەیشتنی مرۆڤەکانەو زادەی هەوڵو تێکۆشانی زاناکانەو، توراسێکی عەقڵیەو تایبەتە بەچەرخی خۆیانو بەدەر نیە لە هەڵەو کەمو کوڕیو، بەشێك نیە لە دینو، پێویستیش نیە لەسەر ئێمە پابەندیان بین.

بەگوێرەی ئەم جیاوازی کردنە بێت تەنها دەقە پیرۆزەکان جێگیرنو یەقین دەبەخشن بە ئێمەو، هەر چی فقهیشە (تراث)ی مرۆڤەکانەو مەحکومە بەو واقعو میژوو هەلومەرجە تایبەتیەی کە فوقهاو زاناکان تیایدا ژیاون، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە (فِقه) توانای تێپەراندنی زەمەنو چەرخەکانی نیەو، بۆ هەموو چەرخو زەمانێك ناگونجێ.

لەڕاستیدا ئەم بۆچوونە بۆچۆنێکی مەترسیدارە" چونکە سەر دەکێشێت بۆ دابڕینی شەریعەت لەژیانو عەلمانە کردنی کۆمەڵگاو ڕەفزکردنو بەتاڵ کردنەوەی خودی شەریعەت وەکو ڕوونی دەکەینەوە.

ئەم جیاوازییەش لەنێوان شەریعەتو فیقهدا لە هیچ سەرچاوەیەکی (أصول الفقه) یان کتێبەکانی ئیختلافی فوقهاو میژووی تەشریعی ئیسلامی (تأريخ التشريع الاسلامي)دا نەبینراوە، لە میژووی تەشریعەوە هەتاوەکو ئێستا زانایەك ئەم جیاوازیەی نەکردوە، ئەوەی زانایانی (أصول الفقه) باسیان کردووە ئەوەیە کە: حوکمەکان دوو جۆرن:

جۆری یەکەم: لە ڕوالەتو لە ناوەڕۆك حەقەو هیچ گومانی تێدا نیە.

جۆری دووەم: لە ڕوالەتدا یەقینمان هەیە حەقەو دروستە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا ئەم یەقینەمان نیە.

ئەمەش دەقی فەرمایشتی پێشەوا شافعی یە لە کیتابی (رسالة)دا دەفەرموێت:

((يحكم بالكتاب والسنة المجتمع عليها، الذي لا اختلاف فيها فنقول: لهذا حكمنا بالحق في الظاهر والباطن، ويحكم بالسنة قد رويت من طريق الانفراد لا يجتمع الناس عليها فنقول: حكمنا بالحق في الظاهر، لأنه قد يمكن الغلط فيمن روى الحديث))[1].

لەپاش پێشەوا شافعی زانایانی (أصول) ئەم دوو جۆرەیان بە زاراوەی (قطعي الثبوت)و (ظني الثبوت) دەربڕیوە.

(قطعي الثبوت) واتە هیچ گومانێك لە ثبوتي شتەکەدا نیە بە تەواتر گەیشتووە بە ئێمە، ئایا ئایەتە یان فەرمودەیە ئاشکرایە تەواوی ئایەتەکانی قورئان موتەواترن وەفەرمودەکانی پێغەمبەریش ئەوەی بەمتەواتری گەشتوە بەئێمە چی تواتری (لفظي) بێت یان (معنوی) هەر (قطعي الثبوت)تن، (ظني الثبوت) یش واتە ئەگەری هەیە لە ڕووی سبوتەوە نیسبەتی بۆلای خاوەنەکەی ساغ نەبێتەوە، کە ئەمە لە قورئاندا بوونی نیە بەڵام لە فەرمودەی پێغەمبەری خوادا ژمارەی زۆری لەم جۆرەن، وە لەڕووی واتاو دەلالەتیشەوە دەقەکان دوو جۆرن (قطعي الدلالة)و (ظني الدلالة) وە هیچ تەلازمێك لە نێوان (قطعي الثبوت)و(قطعي الدلالة) دا نیە واتە شتێك بەیەقینیوموتەواتری سابیت بێت مەرج نیە کە دەلالەتی لەسەر مەعناو حوکمەکە یەقینیو قطعي بێت ، وا دەبێت دەلالەتەکەی قطعي یە وا دەبێت دەلالە تەکەی ظني بێت، هەروەکو چۆن هیچ تەلازمێك لە نێوان (ظني الثبوت)و(ظني الدلالة) دا نیە، چونکە وادەبێت ئەو شتەی بە یەقینی ساغ نەبوەتەوە نیسبەتی بۆ لای خاوەنەکەی وەکو فەرمودە ئاحادەکانە، بەڵام لەڕووی دەلالەتی لەسەر حوکمو واتاکەی قطعي بێت وە واش دەبێت ظني بێت.

دەپرسین لەوانەی کە ئەم جیاوازییەیان کردووە: چۆن بەبێ تێگەیشتن دەگەین بە شەریعەت؟و، شەریعەت ئەگەر تەنها دەقەکان بێت چ ڕۆڵێکیان هەیە لە ژیانی مروڤەکان؟ بەڵکو شەریعەت ئەوکاتە دەبێتە شیعارێکی بێ ناوەڕۆك.

ئەمە لەلایەکو لەلایەکی تریش ئەگەر شەریعەت تەنها ئەو حوکمانە بێت کە بە یەقینی ثابت بوون ئەوا بەهای ئایینیو دەسەڵاتی دینیمان لەو حوکمانە دارِنی کە حوکمی ئیجتهادین، بەپاساوی ئەوەی: هەر شتێك بە بەڵگەی جێگیرو یەقینی ثابت نەبووبێت ئەوە ئاین نیەو، –حوکمە ئیجتهادیەکانیش زۆربەیان (ظني)ین–و، هەر شتێکیش (ظني) بوو ناکرێت

پێی بوترێت دینو ئاین، خۆ زۆرێك لە دەقە پیرۆزەكانی قورئان كە دەلالەتیان (قطعی) نیەو، یەقینی نیە، بەڵكو (ظني)ینو، دەبێت ناوی ئاینیان لێ دابرێن.

" ئەگەر شەریعەت تەنها ئەو حوكمانە بێت كە بە یەقینی پابت بوون ئەوا بەهای ئایینی و دەسەڵاتی دینیمان لەو حوكمانە دابڕنی كە حوكمی ئیجتهادین، بە پاساوی ئەوەی: هەر شتێك بە بەڵگەی جێگیرو یەقینی ثابت نەبووبێت ئەوە ئاین نیە"

لەلایەكی تریشەوە زۆربەی فەرموودەكانی پێغەمبەر ﷺ فەرموودەی (آحاد)نو، ژمارەی فەرموودە متواترەكان زۆر كەمن، بەم پێوەیەش بێت تەواوی فەرموودە (آحاد)ەكان لە بازنەی شەریعەت دەردەچنو، ناوی ئاینو دەسەڵاتی ئاینیان لێ دا دەبڕنرێ.

بۆ وەڵامی ئەو شوبهەیەش زانایان فەرموویانە: ئەو بڕیارانەی كە یەقینی نین –وەكو فەرموودەی (آحاد)و بۆچۆنە ئیجتهادیەكان– هەر نرخو بەهایان لە بەڵگەی یەقینیو قەطعی وەرگرتووە كە دەڵێت: كاركردن بە حوكمە ئیجتهادیەكان بۆ خودی موجتەهیدو ئەو كەسەش توانای ئیجتیهادی نیە واجبەو بوارو دەرفەتی خۆ لێ لادانیان نیە.

كەوابوو: دەكرێت چەند حوكمێك هەبن بە بەڵگەی گوماناوی جێگیر بوو بن، بەڵام واجب بوونو پێویستی كار پێ كردنیان بە بەڵگەی قەطعیو یەقینی جێگیر بوبێت وەكوو فەرموودە ئاحادەكان، كە بە قەطعیو یەقینی جێگیر نەبوون، بەڵام بەڵگەی یەقینی زورن لەسەر كار پێ كردنیان.

وەكو پێشەوا (بیضاوی) دەفەرموێ: ((قيل الفقه من باب الظنون" قلنا: "المجتهد إذا ظن الحكم وجب عليه الفتوى، والعمل به، للدليل القاطع على وجوب اتباع الظن، فالحكم مقطوع به، والظن في طريقه"))[2]

پێشەوا (غزالی)ش لە (مستصفی)دا دەفەرموێ: ((وَأَمَّا الْعَمَلُ بِخَبَرِ الْوَاحِدِ فَمَعْلُومُ الْوُجُوبِ بِدَلِيلٍ قَاطِعٍ أَوْجَبَ الْعَمَلَ عِنْدَ ظَنِّ الصِّدْقِ، وَالظَّنُّ حَاصِلٌ قَطْعًا، وَوُجُوبُ الْعَمَلِ عِنْدَهُ مَعْلُومٌ قَطْعًا، كَالْحُكْمِ بِشَهَادَةِ اثْنَيْنِ أَوْ يَمِينِ الْمُدَّعِي مَعَ نُكُولِ الْمُدَّعَى عَلَيْهِ))[3]

ئەوەش لە كتیبە ئوصولیەكان دەبینین ئەوەیە كە : هیچ جیاوازیەك لە نێوان فیقەو شەریعەت نەكراوە، بەڵكو هەردووكیان دوو زاراوەن بۆ یەك حەقیقەت، ئەویش حوكمی خوایە بۆ بەندەكانی سەبارەت بە كارو كردەوەكانیان، هەر وەك لە پێناسەی (فیقە)دا هاتووە: ((العلم بالأحكام الشرعية العملية المكتسبة من أدلتها التفصيلية))[4]

دەشكرێت بگوترێت: (شریعة) لە (فقه) عام ترو گشگیرترە، بەو پێیەی شەریعەت سێ جۆر حوكم لە خۆ دەگرێت:

1. الإعتقادية: پێویستی باوەر بوون بە پایەكانی ئاین.
2. العملية: كە حوكمەكانی عیبادات و موعامەلاتن.
3. القلبيه: وەكو حەرامی حەسەدو كیبرو ...هتد.

بەڵام (فقه) تەنها جۆری دووەمە، واتە: ئەو حوكمە عەمەلیانە ئەگرێتەوە كە پەیوەندیان بە كارو كردەوەی مرۆڤەكانەوە هەیە، بەپێی ئەم جیاوازیەش بێت (فقه) هەر بەشێكی دانەبڕاوە لە شەریعەتو، پەیوەندی (عموم و خصوص) لەنێوانیاندا هەیە.

ئەنجامی ئەم جیاوازی كردنەش لە نێوان (شەریعەت)و (فیقهی موجتەهیدەكان) –كە ئەوانە بانگەشەی بۆ دەكەن– ئەمەیە كە:

زۆربەی ئەو حوكمە فقیانەی بەرهەمی تێگەیشتنی زاناكانن تراثەو هیچ پیرۆزیەكیان نیە، بۆیە زۆر ئاساییە ئەو تێگەیشتنانە بە بۆچوونی خەڵكانی دواتر بسڕێنەوە.

ئەم بە كەم تەماشا كردنەش وای كردووە بانگەشەی نوێخوازیو ئیجتهادی تازەو چاوخشان بە دەقەكانو تازەگەریتی لە ئایندا گەیشتووتە ئاستی سووك كردنی فیقە، وەك ئەوەی مەزهەبو فیقهی موجتەهیدەكان كۆمەڵێ بڕیارو یاسان –وەكو یاسای گەلانو وڵاتان– مرۆڤەكان خۆیان دایان تاشیونو، هیچ پیرۆزیەكیان نیەو، پێویست ناكات پابەند بین پێیانەوە، كە ئەمەش جۆریكە لە بەلەمەنەكردنی دینو كۆمەڵگا، چونكە سەر ئەكێشێت بۆ ئەوەی بوترێت لەپاش پێغەمبەر ﷺ تەنانەت خەلیفە ڕاشیدینەكانیش كاریان بە ئیجتیهادو تێگەیشتنی خۆیان كردووەو، ئێمە هیچ پابەند نین بەو ئیجتیهادو تێگەیشتنەی پێشەوایان، بۆیە پێویستە ئێمەش بۆ زەمەنو واقعی خۆمان بەپێی بەرژەوەندی سیاسی هاوچەرخ خوێندنەوەی نوێ بۆ دەقەكان بكەین، بێ ڕەچاو كردنی هیچ یاساو بنەمایەكی ئیجتیهاد حوكمو بڕیاری گونجاو دەستنیشان بكەین.

شتێكی ئاشكرایەو زانراوە بەبەداهەت كە ئیجتیهاد پێویستیەكی ئاینیە، ئەوەش كەدەرئەنجامی ئەو ئیجتیهادەیە بەهەمان شێوە هەر حوكمو پێویستیەكی ئاینیە، بۆیە بۆچوونێكی زۆر مەترسیدارە ئەوانەی دەڵێن: (شەریعەت: ما انزل الله)یە، بەڵام (مەزهەب: فیقەو ئیجتیهادی فوقهایە). بەمەش بەهای ئایینو دەسەڵاتی دینی لە مەزهەبو فیقە دادەڕنن.

سەرەتا ئەبێ ئەوە بزانین زانایان كۆدەنگن كە ئەوكەسەی تەشریع دەكاتو حەڵاڵو حەرام دەستنیشان ئەكات تەنها خوایە ((لا حكم الا من الله بإجماع الأمة))[5].

پێشەوا(غەزالی) دەفەرموێ : ((لَا حُكْمَ إِلَّا لِلَّهِ وَأَنَّهُ لَا حُكْمَ لِلرَّسُولِ وَلَا لِلسَّيِّدِ عَلَى الْعَبْدِ وَلَا لِمَخْلُوقٍ عَلَى مَخْلُوقٍ، بَلْ كُلُّ ذَلِكَ حُكْمُ اللَّهِ تَعَالَى وَوَضْعُهُ، لَا حُكْمَ لِغَيْرِهِ))[6]

پێشەوا (ابن قدامه)ی حەنبەلی دەفەرموێ:((وأصل الأحكام كلها من الله سبحانه، إذ قول الرسول ﷺ إخبار عن الله بكذا، والإجماع يدل على السنة.))[7]

واتە ئەوەی مەنشەئی حوكمەو بڕیارو حوكم ئەدات تەنها خودایە، موجتەهیدەكان تەنها كاشفو ئاشكراكەری حوكمی خودان.

یەکێکیش لەو بنەمایانەی لەزانستی (اصول الفقه)دا چەسپاوەو کۆدەنگی زانایانی لەسەرە ئەوەیە کە: هەر حوکمێکی فیقهی کە بەرهەمی ئیجتیهادێکی دروست بێت بەشێکی دانەبڕاوە لەئایندو، بەهاو نرخی ئایندی هەیەو، پێویستە خاوەنی ئیجتیهادەکە پابەندی بێتو، ئەوانەش کە توانای ئیجتیهادیان نیەو، جگە لەو ئیجتیهادە هیچ ئیجتیهادێکی تریان لانەبوو، بۆیان نیە لێی لابدەن. بەڵام ئەگەر موجتەهیدەکان زۆر بوونو، بۆچونەکانیش جیاواز بوون، ئەوا ئەوکەسەی توانای ئیجتیهادی نیە پێویستە تەقلیدی ئەو بۆچونە ئیجتیهادیە بکات کە دڵی لەسەری دامەزراوە، لەم کاتەشدا حوکمی خودا بۆ ئەم کەسە ئەوەیە کە لە بۆچونی هیچ کام لە موجتەهیدەکان لا نەدات، هەروەك پێشەوا (شاطبي) ئەفەرموێ: ((صَارَ الْعُلَمَاءُ حُكَّامًا عَلَى الْخَلَائِقِ أَجْمَعِينَ قَضَاءً أَوْ فُتْيَا أَوْ إِرْشَادًا، لِأَنَّهُمُ اتَّصَفُوا بِالْعِلْمِ الشَّرْعِيِّ الَّذِي هُوَ حَاكِمٌ بِإِطْلَاقٍ،...أَنَّ الْعَالِمَ بِالشَّرِيعَةِ إِذَا اتُّبِعَ فِي قَوْلِهِ، وَانْقَادَ إِلَيْهِ النَّاسُ فِي حُكْمِهِ، فَإِنَّمَا اتُّبِعَ مِنْ حَيْثُ هُوَ عَالِمٌ وَحَاكِمٌ بِهَا وَحَاكِمٌ بِمُقْتَضَاهَا، لَا مِنْ جِهَةٍ أُخْرَى، فَهُوَ فِي الْحَقِيقَةِ مُبَلِّغٌ عَنْ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ، الْمُبَلِّغِ عَنِ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ، فَيَتَلَقَّى مِنْهُ مَا بَلَّغَ عَلَى الْعِلْمِ بِأَنَّهُ بَلَّغَ، أَوْ عَلَى غَلَبَةِ الظَّنِّ بِأَنَّهُ بَلَّغَ، لَا مِنْ جِهَةِ كَوْنِهِ مُنْتَصِبٌ لِلْحُكْمِ مُطْلَقًا، إِذْ لَا يَثْبُتُ ذَلِكَ لِأَحَدٍ عَلَى الْحَقِيقَةِ، وَإِنَّمَا هُوَ ثَابِتٌ لِلشَّرِيعَةِ الْمُنَزَّلَةِ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ ﷺ))[8]

پێشەوا (قرافی)ش کۆدەنگی زایان نقڵ ئەکات کە موجتەهید هەر حوکمێکی هەڵێنجا ئەوە حوکمی خوایە دەرحەق بەخۆی و ئەوکەسەش کە شوێنی ئەکەوێت و تەقلیدی ئەکات. وەك دەفەرموێ: ((وإن وقع السؤالُ عن مَسْح الرأس في حقّ من قلّد الشافعيَّ القائلَ بعدمِ الوجوب مثلًا، أفتيناه بعدمِ الوجوب، لأنَّ الأُمَّة مجمعة على أنَّ المجتهد إذا أدَّاه اجتهادُه إلى حُكم، فهو حُكمُ الله في حقه وحقِّ من قلّده))[9]

بەڵگەیەکی تر لەسەر ئەوەی ئیجتیهادی زانایان بەشێکی دانە بڕاوە لە دین: کۆدەنگی زاناکانە لەسەر ئەوەی ئیجتیهادی دووەم ئیجتیهادی یەکەم هەڵناوەشێنێتەوە. واتە: ئەگەر موجتەهید بۆچونی خۆی گۆڕی لەهەمان مەسەلەدا لەوکاتەدا ئیجتیهادی دووەم ئیجتیهادی یەکەم هەڵناوەشێنێتەوە. بەو واتایەی: ئیجتیهادی یەکەم پوچەڵ بێ بنەما بێتو، پێویست بکات ئەوکارە جارێکی تر ئەنجام بدرێتەوە هەروەك پێشەوا (إسنوی) لە شەرحی(منهاج)ی پێشەوا (بیضاوي)دا دەفەرموێ: ((فالاتفاق على أن الاجتهاد لا ينقض بالاجتهاد))[10] چونکە ئەگەر هەر ئیجتیهادێك ئیجتیهادی پێشوی هەڵ بوەشێنێتەوە سەر ئەکێشی بۆ جێگیر نەبوونی هیچ حوکمێکی شەرعی وەکو پێشەوا (غزالی) ئەفەرموێت: ((إِنَّهُ لَوْ نُقِضَ الِاجْتِهَادُ لَنُقِضَ النَّقْضُ أَيْضًا، وَلَتَسَلْسَلَ، فَاضْطَرَبَتْ الْأَحْكَامُ، وَلَمْ يُوثَقْ بِهَا))[11] بەهەمان شێوە ابن الحاجب لە (مختصر المنتهى) دەفەرموێ: ((لَا يُنْقَضُ الْحُكْمُ فِي الِاجْتِهَادِيَّاتِ مِنْهُ، وَلَا مِنْ غَيْرِهِ بِاتِّفَاقٍ " لِلتَّسَلْسُلِ. فَتَفُوتُ مَصْلَحَةُ نَصْبِ الْحَاكِمِ، وَيَنْقُضُ إِذَا خَالَفَ قَاطِعًا، فَلَوْ حَكَمَ عَلَى خِلَافِ اجْتِهَادِهِ، كَانَ ذَلِكَ بَاطِلًا، وَإِنْ قَلَّدَ غَيْرَهُ اتِّفَاقًا))[12] پێشەوا (ابن قدامه)ش دەفەرموێ: ((وَهَذَا لَا نَعْلَمُ فِيهِ خِلَافًا))[13]

هەر ئیجتیهادێك مەرجەکانی تیا هاتبێتە جێ وەکو دەقێك وایە لەوەرگرتنو دەلالەتی لەسەر حوکمی شەرعیو پەیرەو لێکردنی وەکو ئەرکێکی ئایندی، پاشان ئەگەر موجتەهیدەکە ئیجتیهادو بۆچونێکی تری بۆ ئاشکرا بوو کە پێچەوانەی ئیجتیهادی پێشوی بوو، ئەوە وەك هاتنی دەقێکی تازە وایە کە (تعارض)و تێکگیران بکات لەگەڵ دەقی پێشوودا، کە پەڕی ئەو پەڕی ئەوەیە کاتی کارپێکردنی ئیجتیهادی یەکەم کۆتایی پێ دێنێت، وەك چۆن دەلیلێك دەلیلی پێشوی خۆی نەسخ بکاتەوە، بێگومان نەسخ کردنی دەلیلی پێشوو مانای وا نیە پێشتریش دەلیلێکی پوچ و بەتاڵ بووە، بەڵکو کاتی کارپێکردنی تەواو بووە.

"شتێکی ئاشکرایەو زانراوە بەبەداهەت کە ئیجتیهاد پێویستیەکی ئایینیە، ئەوەش کەدەرئەنجامی ئەو ئیجتیهادەیە بەهەمان شێوە هەر حوکمو پێویستیەکی ئایینیە، بۆیە بۆچوونێکی زۆر مەترسیدارە ئەوانەی دەڵێن: (شەریعەت: ما انزل الله)یە، بەڵام (مەزهەب: فیقهو ئیجتیهادی فوقهایە). بەمەش بەهای ئایینی و دەسەڵاتی دینی لە مەزهەبو فیقه دادەڕنن"

بەهەمان شێوەش ئیشکردن بە ئیجتیهادی دووەم مانای وانیە کە ئیجتیهادی یەکەم ئیجتیهادێکی پوچ و بێ بنەما بووە لە بناغەدا، بەڵکو کارکردنە بەو یاسا شەرعیو بنەما زانستیو مەنهەجیەی کە زاناکان کۆدەنگن لەسەری لەکاتی بوونی تێکگیرانی بەڵگە شەرعیەکان (تعارض الأدلة) وەکو پێشەوا (زرکشی) ئەفەرموێت ((وَلِهَذَا قَالُوا: لَا يُنْقَضُ الِاجْتِهَادُ بِالِاجْتِهَادِ، لِأَنَّ الْحُكْمَ الثَّابِتَ فِي زَمَنِ النَّبِيِّ ﷺ ثَابِتٌ فِي حَقِّ كُلِّ مَنْ كَانَ فِي زَمَنِهِ ﷺ مَعَ احْتِمَالِهِ النَّسْخَ إِذْ ذَاكَ))[14]

هەندێك لەوانەی بەهای ئایینو بەرگی دینی لە ئیجتیهادی زاناکان دادەمالّن چەند گومانو شوبهەیەك دەوروژێنرو دەیکەنە بەڵگەی چەواشەکاری خۆیان، لەوانە:

یەکەم: ئەوەیە کە ئەڵێن: مۆرکی ئایندی بۆ حوکمە ئیجتیهادیەکان یەك ناگرێتەوە لەگەڵ ئەو فەرمودەیەی لە صەحیحی موسلیمدا هاتووە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ هەرکاتێك فەرماندەیەکی دەستنیشان بکردایە بەسەر سریەیەکداو بینارداید بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکەی، پێی ئەفەرموو: ((وَإِذَا حَاصَرْتَ أَهْلَ حِصْنٍ فَأَرَادُوكَ أَنْ تُنْزِلَهُمْ عَلَى حُكْمِ اللهِ، فَلَا تُنْزِلْهُمْ عَلَى حُكْمِ اللهِ، وَلَكِنْ أَنْزِلْهُمْ عَلَى حُكْمِكَ، فَإِنَّكَ لَا تَدْرِي أَتُصِيبُ حُكْمَ اللهِ فِيهِمْ أَمْ لَا))[15] واتە: کاتێك گەمارۆی شارێك یان قەڵایەکت داو، دانیشتوانەکەی ویستیان حوکمو شەرعی خوایان بەسەردا جێبەجێ

بکەیت، مەڵێ ئەمە حوکمی خوایە، بەڵکو بڵێ ئەمە بڕیارو حوکمی ئیمەیە، چونکە تۆ نازانی لەبڕیارەکەت حوکمی خوات پێکاوە یان نا.

لەمەوە دەردەکەوێت کە نابێت تێگەیشتنی موجتەهیدەکان بە حوکمی خوا دابنرێت.

بۆ وەڵامی ئەم شوبهەیە دەڵێین: ئاشکرایە کاروباری جەنگو صولح و ڕێکەوتنو ئاشتی و هاوشێوەکانیان پێشەوای موسوڵمانانو جێگرەکەی سەرپشکن لەوەدا کە چی بڕیارێك بەرژەوەندی کۆی موسوڵمانانی تێدایە ئەوە هەڵبژێرنو جێ بەجێی بکەن. جا لەبەر ئەوەی کە ئەگەری هەیە هەندێك جار پێشەوا لەو بۆچونو ئیجتیهادانەدا باشترینو گونجاوترین هەڵ نەبژێرێت، بۆ زیاتر خۆپارێزیو ڕەچاوکردنی ئەدەب لەگەڵ پەروەردگاردا وا پێویست ئەکات ئیجتیهادو بۆچونی پێشەواو جێگرەکانی بدرێنە پاڵ خۆیانو، نەدرێنە پاڵ خوای گەورە، بۆیە پێشەوا (نووی) لە شەرحی ئەم فەرموودەدا فەرموویەتی: ((هَذَا النَّهْيُ أَيْضًا عَلَى التَّنْزِيهِ وَالِاحْتِيَاطِ))[16] واتە: ئەم نەهیو قەدەغەکردنە نەهیەکی تەنزیهیەو بۆ زیاتر خۆپارێزیو (ئیحتیاط)و ئەدەب کردنە لەگەڵ خوادا. بێگومان ئەم احتیاطو ڕەچاوکردنی ئەدەبەش هۆکار نیە بۆ خۆ دزینەوەمان لە جێ بەجێ کردنی ئەو حوکمەی پێشەوای موسوڵمانان یان جێدارەکانی دەری دەکەن، بەڵکو واجبە بە واجبێکی خوایی کە گوێڕایەڵیان بینو فەرمانیان جێ بەجێ بکەین. هەر لەبەر ڕەچاو کردنی ئەم ئەدەبەشە کە ئیجتیهادی موجتەهیدەکان دەدەینە پاڵ خۆیان، چونکە ئەگەری پێکانو نەپێکانیان هەیە، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێت موجتەهید خۆیو ئەوانەی داوای فەتوای لێ دەکەن مولزەم نین بەشوێن کەوتنی ئیجتیهادەکە، بەڵکو پێویستە لەسەر هەموویان ملکەچ بنو پێیەوە پابەند بن.

جا ئەکرێت بوترێت ئەم وەڵامە سەر ئەکێشێت بۆ شوبهەیەکی تر، ئەویش ئەوەیە: بەخشینی بەهاو دەسەڵاتی ئایینی بە حوکمە ئیجتیهادیەکان وامان لێ ئەکات پەنا ببەین بۆ بۆچونی ئەو زانایانەی کە پێیان دەوترێت(مُصَوِّبَة)، کە ئەوان پێیان وایە هەموو موجتەهیدەکان پێکاویانەو، حەقو ڕاستی قەتیس نیە لەیەك ئیجتیهاددا، بەڵکو حەقو ڕاستی بەژمارەی موجتەهیدەکانەو، هەموشیان حەقیان پێکاوە، کە لەبەرامبەردا زۆرێك لەزانایان فەرموویانە: ئەوەی کەحەقەو ڕاستە لەلای خوداو عیلمی ئەودا تەنها یەکێکیانەو، موجتەهیدەکان هەندێك جار دەپێکنو، هەندێك جاریش ناپێکن، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((إِذَا حَكَمَ الحَاكِمُ فَاجْتَهَدَ ثُمَّ أَصَابَ فَلَهُ أَجْرَانِ، وَإِذَا حَكَمَ فَاجْتَهَدَ ثُمَّ أَخْطَأَ فَلَهُ أَجْرٌ))[17].

لەڕاستیدا ئەم بابەتە پەیوەندیەکی ئەوتۆی بەم باسو خواستەی ئێمەوە نیە، چونکە گەڕان بەدوای ئەوەی ئایا ڕاستیەکان چەند دانەنو، کامەیان حەقەکەیە شتێکەو، پابەند بوونو ئیلزام کردنی بەندەکان بەو ئیجتیهادەی باوەڕمان بە دروستیو ڕاستی هەیە لەحوکمە کرداریەکاندا شتێکی ترە.

بۆ نمونە ئەو قیبلەیەی کە ئێمەو تەواوی موسڵمانان ڕووی تێ ئەکەین یەك قیبلەیە، بەڵام خوای پەروەردگار فەرمانی کردوە بەبەندەکانی ڕوو بکەنە ئەو شوێنو ڕووەی کە گومانی زۆریان هەیە عەینی قیبلە لەوێیە، تەنانەت هەرکەسێ لە نێو نوێژدا گومانی گۆڕا

بەرامبەر ڕووی قیبلە پێویستە لەسەر ئەساسی ئیجتیهادی دووەمی ڕووی خۆی بگۆڕێ، با لەناو نوێژیشدا بێت، بێ ئەوەی قەزاکردنەوەی لەسەر بێت، تەنانەت ئەگەر هەر چوار ڕەکەعاتەکەی بە چوار ئیجتیهاد ئەنجامدا هەر دروستە، وەك پێشەوا (نووی) دەفەرموێ: ((وإن تغير اجتهاده عمل بالثاني، ولا قضاء، حتى لو صلى أربع ركعات لأربع جهات بالاجتهاد فلا قضاء))[18]

شێخی ابن حجریش لە شەرحی ئەم فەرمایشتەدا دەفەرموێ: ((لِأَنَّ كُلَّ وَاحِدَةٍ مُؤَدَّاةٌ بِاجْتِهَادٍ، وَلَمْ يَتَعَيَّنْ فِيهَا الْخَطَأُ))[19]

بەم شێوەیە دەبینین خودای پەروەردگار بەگەورەیی و میهرەبانی خۆی ئەوەی دەرئەنجامی ئیجتیهادی موجتەهیدە وەکو ڕاستیەکی جێگیر ڕەچاوی کردوە، هەر ئەمەش ئەو دینەیە کە دەبێت پابەندی بین، ئەگەر دۆزینەوەی حوکمی ویستراوی خوا زەحمەت بێت بەڵام ئەوەی بەندەکان ئەخاتە ژێر جێبەجێکردنو تەکلیفەوە بێگومان دۆزینەوەی حوکمی ویستراوی پەروەردگار لەزانستی ئەزەلی خۆیدا نیە، بەڵکو ئەنجامی ئیجتیهادی موجتەهیدەکانە، بۆیە دەبینین ئەوکاتەی خودا فەرمانمان پێ دەکات کاتێك حوکمێکی شەرعمان نەزانی پرسیار لە زانایان بکەین ﴿فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِنْ كُنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾النحل: 43) نەیفەرموە تەنها ئەوکاتە ئیجتیهادەکەیان قبوڵ بکەن کەزانیتان پێکاویانەو لەسەر حەقن. کەوابو پێویستە بەڕەهایی بچینە ژێر باری حوکمو ئیجتیهادەکانیان.

شێخی ابن حجر لەکتابی (الخيرات الحسان)دا لەمیانەی ڕونکردنەوەی ئەو فەرمودەیەی کە ڕابورد: (((إِذَا حَكَمَ الْحَاكِمُ فَاجْتَهَدَ ثُمَّ أَصَابَ فَلَهُ أَجْرَانِ، وَإِذَا حَكَمَ فَاجْتَهَدَ ثُمَّ أَخْطَأَ فَلَهُ أَجْرٌ)) کە بەڕاشکاوی ئیجتیهادی موجتەهیدەکان دابەش ئەکات بۆ ئیجتیهادی دروستو ئیجتیهادی هەڵە، دەفەرموێ: ئەوە مانای وانیە کە ئەو حوکمەی موجتەهید تیایدا نەپێکاوە دژە لەگەڵ بڕیارو حوکمی خوا! بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە ئەگەری هەیە موجتەهید باشترین حوکم لە زانستو ویستی پەروەردگار نەپێکێ، وەك ئەوەی ویستی خودا وابێت لە حوکمەکانیدا پلە بەندی هەبێت. کەوابوو کاتێك دەڵێین: ئەمە ئیجتیهادێکی حەقە، واتە: ئەوەی باشترینە لە ویستی خوا ئەوەی دۆزیوەتەوە. کاتێکیش ئەڵێین ئەو ئیجتیهادە هەڵەیەو نەپێکاوە، واتە: باشەکەی دۆزیوەتەوە باشترینەکەی نەپێکاوە. ((ولا ينافيه الخبر الصحيح المصرح بأن ((للمصيب أجرين وللمخطيء أجرا)) لأنه محمول –كما قال الحافظ الجلال السيوطي رحمه الله– على أن المخطيء من المجتهدين إنما أخطأ في عدم إدراك الأفضل والأولى))[20]

هەرکەسێکیش دەست بە هەرکام لەو ئیجتیهادانەوە بگرێت ئەوە دەستی بە هیدایەتو ڕێگای حەق گرتوە، چونکە ئیختلافی زاناکان وەکو ئیختلافی شەرائعەکانی پیشوو وایە. ((واذا تقرر أن شرائع الأنبياء شرائع له زيادة في تعظيمه، فالمذاهب التي استنبطها أصحابه وتابعوهم بإحسان من أقواله وأفعاله على تنوعها شرائع متعددة له من باب أولى، خصوصا وقد أخبر بوقوعها، ووعد بالهداية على الآخذ بها، ورضيه بها، ومدحنا عليه، وجعل ذلك رحمة أي رحمة، ومنة أي منة))[21]

(شەریعەت)یش بریتیە لە تەواوی حوکمە ئاینیەکان، جیاوازی نیە ئەو حوکمانە لە قورئاندا هاتبن یان لەسونەتدا، یان بەرهەمی ئیجتیهادی زاناکان بن، خۆ ئەگەر ئیجتیهادە فیقهیەکان بەبەشێك لە ئاین ئەژمار نەکەین، مانای وایە دان دەنێین بەوەدا کە ئایینی پیرۆزی ئیسلام کەموکورتی تێدایەو، نەیتوانیوە تەواوی حوکمە شەرعیەکانی لە پرسە جیاوازەکان بخاتە ڕوو، لەکاتێکدا خودا منەت ئەکات بەسەرماندا کە ئایینی ئێوەم کاملّ کردوەو، هیچ کەموکورتیەکی تێدا نیەو، بۆ هەمو چەرخو زەمانێك دەشێت: ﴿الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا﴾ المائدة: 3). ئەمە لە لایەك.

"کۆدەنگی زانایانی لەسەرە ئەوەیە کە: هەر حوکمێکی فیقهی کە بەرهەمی ئیجتیهادێکی دروست بێت بەشێکی دانەبڕاوە لەئاینو، بەهاو نرخی ئاینی هەیە"

لەلایەکی تریشەوە وا ئەخوازیت کە خەڵکی پاش سەردەمی زێڕینی پێغەمبەر ﷺ هەتاوەکو ئێستا شوێنی ئاین نەکەوتون چونکە شوێنی ئیجتیهادی زاناکان کەوتون، کە ئەمەش پەنا بەخوا پێچەوانەی دەیەها ئایەتو فەرمودەو ووتەی پیشینانی ئەم ئومەتە هەڵبژێراوەیە[22].

هەر بۆیە پێغەمبەر ﷺ لە ئەگەری نەپێکانی موجتەهیدەکاندا مزگێنی ئەجرو پاداشی داوە، ئەمەش ئەوە ئەگەینێت ئیجتیهادی موجتەهیدەکان بەڕەهایی قبوڵکراوو پەسەندیدەی پەروەردگارە، چونکە ئەگەر قبوڵکراو نەبێت چۆن پاداشی لەسەر وەرئەگیرێت؟! بەڵکو دەبوو پێویستی بکردایە خۆمانی لێ بەدوور بگرین.

هەربۆیە پێشەوا (شافعی) فەرموویەتی: ((جَمِيعُ مَا تَقُولُهُ الْأُمَّةُ شَرْحٌ لِلسُّنَّةِ وَجَمِيعُ السُّنَّةِ شَرْحٌ لِلْقُرْآنِ))[23] واتە: تێکڕای فەرمایشتی زانایانی ئومەت ڕوونکردنەوەی سونەتی پێغەمبەرەو، تێکڕای سونەتیش ڕوونکردنەوەی قورئانی پیرۆزە.

هەروەها فەرموویەتی: ((لَيْسَتْ تَنْزِلُ بِأَحَدٍ فِي الدِّينِ نَازِلَةٌ إِلَّا فِي كِتَابِ اللَّهِ الدَّلِيلُ عَلَى سَبِيلِ الْهُدَى فِيهَا))[24] واتە: هیچ باسێکی دینی نیە بێت بەسەر کەسێکدا، ئیلا لە قورئانی پیرۆزدا بەڵگەی لەسەر هەیە بۆ ڕێنموویی و بەرچاوڕۆشنی.



بێگومان دۆزینەوەی ڕێنمایی و حوکمی پەروەردگار لە ڕوداوە تازەکان لە ڕێگەی ئیجتیهادو هەڵێنجانی حوکمی شەرعی لەدەقەکانەوە دەبێت، هەر بۆیە ئەو ئیجتیهادەی لە قورئانەوە وەگیراوە هەمان حوکمی قورئانی هەیە مادام ئیجتیهادەکە بەپێی مەرجو بنەمای دروستی خۆی بێت. وەك زانای گەورە شێخ (محمد عوامه) دەفەرموێ: ((ومعلوم أن الوقوف على سبيل الهدى فيها لا يكون إلا عن طريق الاستنباط، فيلحق المستنبط بالمستنبط منه مادام الاستنباط على طريقة واضحة صحيحة))[25].

هەمان واتاو مەبەست پێشەوا (شاطبي) لە کیتابی (موافقات)دا باسی کردوە وەك دەفەرموێ: ((إِنَّ قَضَاءَ السُّنَّةِ عَلَى الْكِتَابِ لَيْسَ بِمَعْنَى تَقْدِيمِهَا عَلَيْهِ وَاطِّرَاحِ الْكِتَابِ، بَلْ إِنَّ ذَلِكَ الْمُعَبَّرَ فِي السُّنَّةِ هُوَ الْمُرَادُ فِي الْكِتَابِ" فَكَأَنَّ السُّنَّةَ بِمَنْزِلَةِ التَّفْسِيرِ وَالشَّرْحِ لِمَعَانِي أَحْكَامِ الْكِتَابِ، وَدَلَّ عَلَى ذَلِكَ قَوْلُهُ: ﴿لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ﴾النَّحْلِ: 44)، فَإِذَا حَصَلَ بَيَانُ قَوْلِهِ تَعَالَى: ﴿وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُوا أَيْدِيَهُمَا﴾ (الْمَائِدَةِ: 38) بِأَنَّ الْقَطْعَ مِنَ الْكُوعِ، وَأَنَّ الْمَسْرُوقَ نِصَابٌ فَأَكْثَرُ مِنْ حِرْزٍ مِثْلِهِ" فَذَلِكَ هُوَ الْمَعْنَى الْمُرَادُ مِنَ الْآيَةِ، لَا أَنْ نَقُولَ: إِنَّ السُّنَّةَ أَثْبَتَتْ هَذِهِ الْأَحْكَامَ دُونَ الْكِتَابِ، كَمَا إِذَا بَيَّنَ لنا مالك أو غيره من المفسرين مَعْنَى آيَةٍ أَوْ حَدِيثٍ فَعَمِلْنَا بِمُقْتَضَاهُ" فَلَا يَصِحُّ لَنَا أَنْ نَقُولَ: إِنَّا عَمِلْنَا بِقَوْلِ الْمُفَسِّرِ الْفُلَانِيِّ دُونَ أَنْ نَقُولَ عَمِلْنَا بِقَوْلِ اللَّهِ أَوْ قَوْلِ رَسُولِهِ, عَلَيْهِ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ.))[26].

ئەگەر واتای قورئانمان بە فەرمودەی پێغەمبەر لێکدایەوە بێگومان ئەوەی سوننەتی پێغەمبەر باسی کردوە هەر حوکمی قورئانی هەیە، واتە: کە دەڵێین قورئان فەرمودەش دەگرێتەوە، چونکە ڕاڤەو تەفسیری قورئانە، هەروەکو قورئان خۆی دەفەرموێ: ﴿وَأَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ﴾النحل: 44)کەوابو ئەوەی فەرمودە ڕونی کردوەتەوە کەدەستی دز لەمەچەك دەبڕێت هەرکاتێ دزی لەسەر ساغ بویەوە یان ئەو نیصابو ئەندازەیەی دیاری کرد دەست بڕینی لەسەر جێ بەجێ کرد کەچارەکە میسقالێك ئالتون یان نرخەکەیەتی، ئەوە دەری دەخات کە ئەم مەرجو ووردەکاریانە هەر لەسەرەتادا مەبەستی قورئان بووە، هەروەکو چۆن ئەو واتاو مەبەستانەی زانایان لە قورئانو فەرمودەی هەڵدەهێنجن هەر لەسەرەتادا مەبەستی قورئانو فەرمودە بووە. وەك چۆن ئەگەر پێشەوایانی موجتەهدین وەکو (ابو حنیفەو مالیكو شافعیو ئەحمەد) ڕاڤەو تەفسیری ئایەتو فەرموودەیەکمان بۆ بکەنو حوکمێکی شەرعیمان بۆ دەر بهێنن ئێمەش بەپێی تێگەیشتنو ڕاڤەکردنەکەی ئەوان کارمان کرد، نابێت بڵێین: ئێمە کارمان بە تێگەیشتنی فلان زاناو موجتەهید کردوە، بەڵکو دەبێ وابزانین کارمان بە فەرمودەی خوداو پێغەمبەر کردوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم فەرمایشتە بەنرخەی پێشەوا (شاطبي)دا ڕاڤە کردنی قورئانی چواندوە بە تەفسیرو تێگەیشتنی موجتەهیدەکان وەك بینیت ((كَمَا إِذَا بَيَّنَ لنا مالك أو غيره من المفسرين مَعْنَى آيَةٍ أَوْ حَدِيثٍ فَعَمِلْنَا بِمُقْتَضَاهُ....)) زانای گەورە شێخ (بخيت المطيعي) زۆر گشتگیر تر ئەم بابەتەی باس کردوەو دەفەرموێ: ((وكل حكم من تلك الأحكام كان مأخوذا من أحد الأدلة الاربعة ـــ الكتاب السنة الاجماع القياس ـــ صريحا أو اجتهادا على وجه صحيح فهو حكم الله وشرعه وهدي محمد صلى الله علية وسلم الذي أمرنا الله باتباعه لأن راي كل مجتهد حيث كان مأخذه من أحد الأدلة الأربعة المذكورة شرع الله في حقه وحق كل من قلده))[27].

بەڵگە لەسەر ئەم ڕاستیە فەرمایشتی ئیمامی (علی)یە کە لە صەحیحی بوخاریدا هاتوە، کاتێ پرسیاری لێ کرا: ئایا نوسراوێکتان لایە لە پێغەمبەرەوە بۆتان مابێتەوە حوکمی دیەو خوێنی کوشتنی تیادا باس کردبێ، فەرمووی نەخیر تەنها قورئانو تێگەیشتنێك نەبێ کە خۆمان لە قورئان بیکەین:((هَلْ عِنْدَكُمْ كِتَابٌ؟ قَالَ: لاَ، إِلَّا كِتَابُ اللَّهِ، أَوْ فَهْمٌ أُعْطِيَهُ رَجُلٌ مُسْلِمٌ، أَوْ مَا فِي هَذِهِ الصَّحِيفَةِ.))[28]

پێشەوا (ابن منیر) لەواتای ئەم فەرمودەدا فەرموویەتی: ((يعني بالفهم: التفقه والإستنباط والتأويل،))[29] وە پێشەوا (ابن حجری عسقلانی) بەهەمان شێوە بەواتای ئیجتیهادو تێگەیشتن لێکدانەوەی بۆ

كردوه((وَالْمُرَادُ بِذِكْرِ الْفَهْمِ إِثْبَاتُ إِمْكَانِ الزِّيَادَةِ عَلَى مَا فِي الْكِتَابِ.....لَمْ يُرِدْ بِالْفَهْمِ شَيْئًا مَكْتُوبًا))[30].

پێشەوا (شاطبي) زۆر بەڕاشکاوی لەسەر ئەم پرسە خاڵ ئەخاتە سەر پێتەکانو سێ بەڵگەی زۆر ڕوونو جوان ئەهێنێتەوە کە ئەو کەسەی فتوا ئەدات جیداری ڕاستە قینەی پێغەمبەرەو لە جیاتی ئەو حوکمو بڕیار دەر ئەکات ((الْمُفْتِي قَائِمٌ فِي الْأُمَّةِ مَقَامَ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ،وَالدَّلِيلُ عَلَى ذَلِكَ أُمُورٌ:أَحَدُهَا: النَّقْلُ الشَّرْعِيُّ فِي الْحَدِيثِ: "إِنَّ الْعُلَمَاءَ وَرَثَةُ الْأَنْبِيَاءِ، .....وَالثَّانِي: أَنَّهُ نَائِبٌ عَنْهُ فِي تَبْلِيغِ الْأَحْكَامِ" لِقَوْلِهِ: "أَلَا لِيُبَلِّغِ الشَّاهِدُ مِنْكُمُ الْغَائِبَ".....وَالثَّالِثُ: أَنَّ الْمُفْتِيَ شَارِعٌ مِنْ وَجْهٍ" لِأَنَّ مَا يُبَلِّغُهُ مِنَ الشَّرِيعَةِ" إِمَّا مَنْقُولٌ عَنْ صَاحِبِهَا، وَإِمَّا مُسْتَنْبَطٌ مِنَ الْمَنْقُولِ" فَالْأَوَّلُ يَكُونُ فِيهِ مُبَلِّغًا، وَالثَّانِي يَكُونُ فِيهِ قَائِمًا مَقَامَهُ فِي إِنْشَاءِ الْأَحْكَامِ، وإنشاءُ الْأَحْكَامِ إِنَّمَا هُوَ لِلشَّارِعِ1، فَإِذَا كَانَ لِلْمُجْتَهِدِ إِنْشَاءُ الْأَحْكَامِ بِحَسَبِ نَظَرِهِ وَاجْتِهَادِهِ" فَهُوَ مِنْ هَذَا الْوَجْهِ شَارِعٌ، وَاجِبٌ اتِّبَاعُهُ2 وَالْعَمَلُ عَلَى وَفْقِ ما قاله، وهذه هي الخلافة على التَّحْقِيقِ))[31].

بەڵگەی یەکەم: فەرمودەی پێغەمبەر(إِنَّ الْعُلَمَاءَ وَرَثَةُ الْأَنْبِيَاءِ،) زانایان میراتگری پێغەمبەرن، بەڵگەی دووەم: لە جێگەی پێغەمبەردان لەگەیاندی ئەحکامی شەریعەتدا وەك خۆی فەرموویەتی ((أَلَا لِيُبَلِّغِ الشَّاهِدُ مِنْكُمُ الْغَائِبَ)).

بەڵگەی سێیەم: فەتوای موفتی شەرعەو دەسەڵاتی تەشریعی پێ سپێراوە، چونکە ئەوەی ئەو دەیگەیەنێت یان نەقلە یان ئیجتیهادی خۆیەتی، ئەوەی نەقڵی ئەکات وەکو خۆی دەیگەیەنێت، ئەوەیش بە ئیجتیهاد دەری دەهێنێت بێ گومان جێداری پێغەمبەرە لە دەرهێنانی حوکمی شەرعی، دیاری کردنی حوکمی شەرعی بە ئیجتیهاد جۆریکە لە تەشریعو دەسەڵاتی دەستنیشان کردنی حوکمو بڕیاری خودا لە پرسەکان، هەر بۆیە واجبە شوێن کەوتنیانو کار کردن بە فەتواو ئیجتیهادەکانیان، کە ئەمەش جێداریەکی ڕاستە قینەیە.

پوختەی مەبەست: ئەوکەسەی فتوا دەدات لەجیاتی پەروەردگار هەوالێ ئەدات لەلایەن خواوە وەکو پێغەمبەران، وە بەپێی ئیجتیهادو فەتوای ئەوان کردەوەکانمان شەرعی بوونو ناشەرعی بوونی بەسەردا دەبڕێت، وە فەتواو ئیجتیهادیان دەبێت جێ بە جێ بکرێت، چونکە لە جیاتی پەروەردگارو بەناوی ئەوەوە حوکم ڕون دەکاتەوە وەك (ابن القيم) دەڵێت (الاعلام الموقعين عن رب العالمين) هەر بۆیە بە موفتیو موجتەهیدەکان ئەوترێت (أولى الامر).

وەشێخ (ابن تيميه) ئەوەی کە پێشینەکانی ئەم ئومەتەی لەسەر بووە بە بەشێکی دانەبڕاوە لە شەریعەت ئەڕمار ئەکات کە ئەمەش دەقەکەیەتی: ((فالشريعة جامعة لكل ولاية وعمل فيه صلاح الدين والدنيا، والشريعة إنما هي كتاب اللّٰه وسنة رسوله، وما كان عليه سلف الأمة في العقائد والأحوال والعبادات والأعمال، والسياسات والأحكام والولايات والعطيات))[32].

پاشان بەڕاشکاوانە تر ڕوونی ئەکاتەوە : شەریعەت ناوە بۆ فەرمایشتی خوداو فەرمودەی خۆشەویستو تێگەیشتنی زانایان وە پێویتە لەسەر هەموو مرۆڤێك پابەندیان بێت لە هەموو ووردەکاریەکانی ژیانیدا

((لَيْسَ لِلْإِنْسَانِ أَنْ يَخْرُجَ عَنْ الشَّرِيعَةِ فِي شَيْءٍ مِنْ أُمُورِهِ بَلْ كُلُّ مَا يَصْلُحُ لَهُ فَهُوَ فِي الشَّرْعِ مِنْ أُصُولِهِ وَفُرُوعِهِ وَأَحْوَالِهِ وَأَعْمَالِهِ وَسِيَاسَتِهِ وَمُعَامَلَتِهِ وَغَيْرِ ذَلِكَ وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ. وَسَبَبُ ذَلِكَ أَنَّ الشَّرِيعَةَ هِيَ طَاعَةُ اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَأُولِي الْأَمْرِ))[33]

وە زانای گەورەی مەزهەبی (ظاهري)(ابن حزم) زۆر بەڕاشکاوانە ئەم مەبەستەی ڕوون کردوەتەوە کە هەرکەسێك بڕوای وانە بێ ئیجتیهادی موجتەهیدەکان بەشێکی دانەبڕاوە لە دین ئەوە پێشەوایانی تۆمەتبار کردوە بەوەی لەسەر هەڵەنو بەئارەزوی خۆیان دەمیان لە ئاین خستەوە وەك دەفەرموێ: ((جميع ما استنبطه المجتهدون معدود من الشريعة وإن خفي دليله على العوام ومن أنكر ذلك فقد نسب الائمة الى الخطأ وأنهم يشرعون ما لم يأذن به الله وذلك ضلال من قائلة عن الطريق))[32].

زانای پایەدار شێخ (ظفر أحمد العثماني التهانوي) لە تەعلیقێکی لەسەر ووتەکەی ابن حزم دەفەرموێ: ((هذا قول ظاهري لايرى القياس، فانظر أدبه مع الائمة المجتهدين امناء الله على شرعه ولعله قال ذلك بعد تأليفه لـ (المحلى))[34].

" خۆ ئەگەر ئیجتیهاده فیقهیەکان بەبەشێك لە ئاین ئەژمار نەکەین، مانای وایە دان دەنێین بەوەدا کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام کەموکورتی تێدایە و، نەیتوانیوە تەواوی حوکمە شەرعیەکانی لە پرسە جیاوازەکان بخاتە ڕوو"

واتە ئەمە ووتەی زانایەکی (ظاهري) مەزهەبە کە بڕوای بە قیاس نیە تەماشاکە چەندە بە ئەدەب لەگەڵ پێشەوا موجتەهیدەکان کە بەشێکی زۆری ئیجتیهادیان قیاس بوە وە چەنێك بە ئەمینداری زانیون لەسەر شەرعی خوا، پێ ئەچێ ئەم ووتەیەی ابن حزم پاش دانانی کتابی (محلى) بوو بێت.

شێخ محمد عوامە پاش ئەوەی ووتەکەی (ابن حزم)و ئەم زانا هیندیە نەقڵ ئەکات ئەفەرموێ: ئەبێ بزانین مەبەستی (ابن حزم) لە دەستەواژەی (عامی) واتە عەوام ئەوکەسەیە نەگەشتبێتە پایەی ئیجتیهاد کە ئەم ووشەیە لە زاراوەی زانایانی (اصول الفقه) دا مەبەست پێی نەخوێندەوار نیە، بەڵکو مەبەست پێی موجتەهید نەبێت، کەوایە لەبەر ئەوەی ئیجتیهادی موجتەهیدەکان بەشێکی دانەبڕاوە لە دین پێویست ناکات ئێمە بەڵگەی

ئیجتیهادو فیقهەکانیان بزانین، چونکه وا دەبێت دیار نیه لە ئێمە لە بەر ووردیو دەقیقی دەلیلەکانیان وە ئێمە توانای تێگەیشتنمان نیە لێیان، یان نەگەشتوە بە ئێمە لە بەر هەر هۆکارێك بێت، یان گەشتوە بەڵام ئێمە پەیمان پێ نەبردوە، کەوابوو کاتێ دەڵێین مەزهەبی پێشەوا (ابوحنیفه) یان مەزهەبی پێشەوا (شافعی) هتد. بێگومان بەشێکی دانەبڕاوە لە شەریعەتو ئاین، چونکه فیقهی ئەوان تەفسیرو تێگەیشتنی ئەوانە لە قورئانو فەرمودە، نەك بوترێت توراسێکی عەقڵی ڕووتەو تایبەت بووە بەزەمەنی خۆیان هەموو پیرۆزیو بەهایەکی ئاینی لێ دامالێن، چونکه کاتێ دەڵێین فیقهی حەنەفی یان شافعی واتە تێگەیشتنی ئەو پێشەوایانە، تێگەیشتنی ئەوان لە چی؟؟ بێگومان تێگەیشتنی ئەوان لە قورئانو فەرمودە. ئیتر بزانە چەندە قسەیەکی بێ بنەماو نابەجێو چەواشەکارانەیە کە دەگوترێت: (ئایا شوێنی قورئانو فەرمودە بکەوین باشە یان شوێنی حەنەفیو شافعی) ئایا کامەیان لەسەر حەقو هیدایەتە ئەوکەسەی کە دەڵێت : (خودا فەرمووی پێغەمبەر فەرمووی یان ئەوکەسەی کەدەڵێت: شافعی فەرمووی یان حەنەفی فەرمووی)؟؟؟ وە ئەم پرسیارە پڕ لە چەواشەکاریە چی جینایەتو تاوانو دەست دریژیکی بێ شەرمانەی ترسناکە بۆ سەر پێشەوایانی مەزهەب و فیقهو ئیجتیهادەکانیان؟؟

وەك ئەوەی ئەو پێشەوایانە قسەی هەواو ئارەزوی خۆیان کردبێت هیچ پەیوەندیەکیان بە قورئانو فەرمودەی پێغەمبەرەوە نەبێت.کە پێویستە ئەو پرسیارە چەواشەکارانە ڕاست بکرێتەوەو پرسیارەکە بەم شێوەیە بکرێت: (ئایا ئێمە شوێنی تێگەیشتنی پێشەوایانو موجتەهیدەکان بکەوین لە قورئانو فەرموده باشترە یان شوێن تێگەیشتنی خۆمان)؟؟.

بەم شێوازە خەڵکی ئەخەنە گومانەوە لەپاپەندبونیان بەشەرعو فیقهی فوقهاو شکۆو پیرۆزی لەدیدی خەڵکی سادەدا دێنن خوارەوە، لەبەرامبەردا بانگەشەی خەڵکی ئەکەن بۆ تێگەیشتنی خوارو خێچی خۆیان بەناوی قورئانو فەرمودەوە، کە بێ گومان ئەو تێگەیشتنانەی خۆیان ئەگەر دروست بێت هەر پاشخوانی مەزاهبو زانا موجتەهیدەکانە، ئەگەر هەڵەو بێ بنەماش بێت هەواو ئارەزوی خۆیانە کردویانە بەئاینو شەرع لە خەڵکی، لەهەمووی ترسناك تر ناوی قورئانو فەرمودەیان لێناوە، تەنانەت زۆرێك لەوانەی خۆیان وەکو

"کاتێ دەڵێین مەزهەبی پێشەوا (ابوحنیفه) یان مەزهەبی پێشەوا (شافعی) هتد. بێگومان بەشێکی دانەبڕاوە لە شەریعەتو ئاین، چونکه فیقهی ئەوان تەفسیرو تێگەیشتنی ئەوانە لە قورئانو فەرمودە، نەك بوترێت توراسێکی عەقڵی ڕووتەو تایبەت بووە بەزەمەنی خۆیان هەموو پیرۆزیو بەهایەکی ئاینی لێ دامالێن"

موجتەهدێك ڕەفتار ئەکەن شارەزایی سەرەتاییان بە یاساکانی زمانی عەرەبی نیە چی جای زانستەکانی تر.وە زۆر جار دەبینین بۆ ئەم تێگەیشتنەکاڵوکرچەی خۆیان دەستەواژەی (فقه الكتاب)و (فقه السنه) بەکار ئەهێنن، کەهەر تێگەیشتنی خۆیانە بەڵام پیرۆزیەکیان پێداوە بەوەی نیسبەتیان داوەتە پاڵ قورئانو فەرمودە بۆ ئەوەی خەڵکی فریو بدەن وە وا وێنای بکەن کە چاوگەی ئاینەکە کە قورئانو فەرمودەیە پێشکەشی خەڵکی دەکەن، وەك ڕونمان کردوە لەڕاستیدا تێگەیشتنی خوارو خێچی خۆیانە ئامانجیشیان تەنها ئەوەیە خەڵکی دور بخەنەوە لە مەزهەبە باوەڕ پێکراوەکان، وەوا خۆیان نمایش ئەکەن کە ئەوان شوێنی خوداو پێغەمبەر کەوتوتون خەڵکیش شوێنی شافعیو حەنەفی هتد..

بەڵام لە ڕاستیدا ئەوانەی پابەندی مەزهەبو فیقهی موجتەهیدەکانن هەواو ئارەزوو تێگەیشتنی کاڵی خۆیان وەلاناوەو تێگەیشتنی پێشەواکانیان پێشی تێگەیشتنی خۆیان خستووە.

شوبهەی دووەم: دروست نیە هیچ کاتێك بەمەزهەب بوترێت بەشێکە لە ئاین چونکه وەك ئەوان ئەڵێن ئینکاری کردنی ئاین مرۆڤی پێ کافر ئەبێت، بەڵام ئینکاری کردنی مەزهەبو فیقه کوفر نیە.

لەوەڵامدا دەڵێین، نای سەڵێین هەرچیەك دینو ئاین بێت ئینکاری کردنی کوفرەو مرۆڤی پێ لە بازنەی ئیمانو باوەڕ پێ دەر ئەچێت، بۆ نمونە ئەو فەرمودانەی کە (آحاد)ن بەشێکن لە ئاینو ئینکاری کردنیشی کوفر نیە، بەڵکو پێی فاسق ئەبێتو گوناهێکی گەورەی ئەنجامداوە، ئینکاری کردنی دین کاتێك کوفرە کە ئەو بابەتە ئاینیە قورئان بێت یان فەرمودەیەکی متواتر بێت. واتە : (قطعي الثبوت) بێت.

ترسناکی ئەم بۆچونەو دەرهاوێشتەکانی

گەورەترین دەرهاوێشتەی ئەم بۆچوونە ترسناکەی کە پێی وایە فیقهی مەزهەبەکان بەشێك نیە لە دین بەڵکو توراسێکی عەقڵی زاناکانە، وەئاین تەنها لەدەقە پیرۆزەکانی قورئانو فەرمودەدا قۆرخ ئەکات، دابڕانی شەریعەتە لە ژیانو عەملەنە کردنی کۆمەڵگایە، چونکه ئەم بۆچونە پڕاو پڕ لە قسەو بۆچونی ئەوانە ئەچێت کەدەڵێن دەوڵەتو خەلافەتەکەی حەزرەتی ئەبوبکری صدیق دەوڵەتێکی مەدەنی زەمەنی بووەو دەوڵەتێکی ئاینی نەبووە، وە هەمو جۆرە ئیجتیهادێك لای ئەوان وەکو چەند یاساو ڕێنمایەکی بەرهەمی تێگەیشتنو فیکری مرۆڤەکان تەماشا ئەکەنو وە پێیان وایە تایبەتە بە چەرخی خۆیان کەوایە دەتوانین پشتگوێیان بخەین[35].

وەك زانای گەورەو دواین (شیخ الاسلام)ی خەلافەتی عوسمانی شێخ (مصطفى صبري) دەفەرمووێت : ((وتمزيق أخر أوصال الاسلام وهو فصل الدين عن الحكومة فقد رام أن يتوسل اليه بفصل الدين عن الفقه وقطع صلته به فكانه يقول : ان الفقه ينطوي على قوانين سنها الائمةالمجتهدون وهي قوانين زمنية لا دينية، وخلاصته ادعاء ان فصل الدين عن السياسة

قد وقع من زمان قديم في الاسلام منذ اتخاذ الحكومات الاسلامية آراء ائمة الفقه التي لاصلة لها بالدين قوانين معمولا بها في بلاد الاسلام، فلهذا يجوز أن نهملها ونسن بدلا منها قوانين أخرى أوفق لزماننا وسياستنا، ولانكون إن فعلنا ذلك بدلنا ديننا إلى دين غير الاسلام))[37] ئەمەش پچڕینی دواین پەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە بە جیاکردنەوەی ئاینو دەوڵەتداری لەڕێگەی دارنینی بەهای ئاینی لە فیقەو دابڕینی شەریعەت لە ژیان، چونکە ئەوان ئەیانەوێت بڵێن هەر لەپاش پێغەمبەرەوە صلى الله عليەوسلم ئاین لە دەوڵەت جودا بوە وە ئەوەی کاری پێ کراوە لە ڕابردودا بە درێژایی خەلافەتە یەك لەدوای یەکەکان بە سەردەمی خولەفای ڕاشدینیشەوە ئاین نەبووە، بەڵکو ئیجتیهادی زاناکان بووە یۆ چەرخی خۆیان، ئیمە هیچ پابەندیەکمان نیە پێیان، بەڵکو پێویستە ئیمەش بەخۆمان ئیجتیهادی تازە بکەین بە پێی سیاسەتی وەختوهەلو مەرجو چەرخی خۆمان یاساو ڕێسای گونجاو دارێژین. بێ ئەوەی دەست بەرداری ئایینی خۆشمان بین کە ئیسلامە.کە ئەمە سەربەسەر عەلمانە کردنی کۆمەڵگاو دارنینی ئاینە لە ژیان لەبەرگی ئاینو تازەگەرێتیدا، چونکە لای ئەوان زانا موجتەهیدەکان یەکسانن لەگەڵ ئەو یاسا ناسانانەی یاسا دا دەڕێژن بێ ئەوەی وابەستەی هیچ بنەمایەکی ئاینین.

وەئەوان دەیانەوێ بڵێن جیا کردنەوەی ئاین لە دەوڵەت لەسەردەمی خەلیفە ڕاشدینەکانەوە دەستی پێ کردوە ئیتر ئیمە بۆچی دوو دڵ بین لێی.((ان فصل الدين عن السياسه قد وقع منذ عهد ابی بكر وعمر فما بالنا نتردد نحن اليوم))[38] ئاشکرایە پیلانی دارنینی دەوڵەت لە ئاین شکاندنی گۆچانی مل کەچی گەلان بوو بۆ بریارەکانی ئیسلام، وە هەوڵێکی ترسناکی پیلان گێڕانە بوو بۆ هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام.

چی جیاوازیەك هەیە لە نێوان حکومەتێك بەتەواوەتی کۆمەڵگا دادەڕنێ لە بریارەکانی ئیسلام لە ژێر ناوی جۆراو جۆر لەگەڵ حکومەتێکی داگیر کەری بێ باوەڕ بە ئیسلام، گومان لەوەدا نیە زیانی هەڵگەڕاوەکان زۆر ترسناك تر لە زیانی ئەوانەی ناسراون بەبێ باوەڕیو لە بنچینەدا هەر بێ باوەڕ بوون. بەڵکو بەخۆم بیستومە لەوانەی بانگەشەی نوێخوازی ئەکەن لە ئایندا گوتویانە تەنانەت دەوڵەتی مەدینە لەسەردەمی پێغەمبەردا دەوڵەتێکی مەدنی بوەو ئایینی نەبوە، بەڵگەشیان لەسەر ئەم قسەیە دانپیدانانی پێغەمبەرە صلى الله عليەوسلم لەوەسیقەی مەدینە بەجولەکەکانو ئاینەکەیان، وەجولەکەکان لەمەدینەدا هیچ کات ناچارنەکراون لەکاتی کێشەو ناکۆکی نێوان خۆیان بێنە ژێر باری بڕیارەکانی قورئان، بەڵکو خۆیان ئازادبوون لەوەی چارەسەری کێشەکانی نێوان خۆیان بە پێی قورئان بێت یان بەپێی پەڕاوی خۆیان تەورات بێت.

لە وەڵامی ئەم بۆچونە لەرزۆکەدا دەڵێین: کێ تەشریعی ئەوەی کردوە کە ئەوانەی ئەهلی کتیابن با حوکم بە کتابو پەڕاوی خۆیان بکەن سەرچاوەی ئەم شەرعو بڕیارە کێیە ؟ بێگومان قورئانی پیرۆز: ﴿فَإِنْ جَاءُوكَ فَاحْكُمْ بَيْنَهُمْ أَوْ أَعْرِضْ عَنْهُمْ وَإِنْ تُعْرِضْ عَنْهُمْ فَلَنْ يَضُرُّوكَ شَيْئًا وَإِنْ حَكَمْتَ فَاحْكُمْ بَيْنَهُمْ بِالْقِسْطِ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ﴾المائدة: 42)

﴿وَكَيْفَ يُحَكِّمُونَكَ وَعِنْدَهُمُ التَّوْرَاةُ فِيهَا حُكْمُ اللَّهِ ثُمَّ يَتَوَلَّوْنَ مِنْ بَعْدِ ذَلِكَ وَمَا أُولَئِكَ بِالْمُؤْمِنِينَ﴾المائدة: 43)﴿وَلْيَحْكُمْ أَهْلُ الْإِنْجِيلِ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فِيهِ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ﴾المائدة: 47) ئەمە سیاسەتی شەرعی ئیسلامە لە گەڵ ئەو گەلانەی لەژێر دەستی دەسەلاتی ئەودان هەر قورئان بڕیاری داوە: کاتێك قازی شەرعی موسوڵمانان قەزاوەت لە نێوان ئەهلی کتابدا دەکات کەئەوان بەوویستی خۆیان پەنا بۆ قازی شەرعی موسوڵمانان ببەنو پێی ڕازی بن، بەڵام ئەگەر وویستیان وابێ خۆیان بە ئاینی خۆیان قەزاوەت بکەن ئەوا سەرپشکن بەو مەرجەی لە پەڕاوی خۆیاندا حوکمی ئەو مەسەلەیە باس کرابێت، چونکە قازی شەرعی پێویستە ڕەچاوی ئاینی خاوەن کێشەکان بکات، بێ گومان قازی شەرعی بۆی نیە بەغەیری ئیسلام حوکم دەربکاتو قەزاوەت بکات، بۆیە ئەوانەی ئەهلی کتابن بۆیان هەیە پەنا بۆ ئاینی خۆیان ببەن بۆ کێشەکانی نێوان خۆیان، کەوابوو هەموو ئەم بڕیارانە بڕیاری ئاینین قورئانی پیرۆز ئەم حوکمانەی دارشتووە، ئایا بڕیارێك قورئانی پیرۆز دایڕێژێتو پێغەمبەری خوا جێ بەجێی بکات بڕیاری ئاینی نیە؟

"ڕاستیدا ئەوانەی پابەندی مەزهەبو فیقهی موجتەهیدەکانن هەواو ئارەزوو تێگەیشتنی کاڵی خۆیان وەلاناوەو تێگەیشتنی پێشەواکانیان پێشی تێگەیشتنی خۆیان خستووە"

سەرچاوەکان:

1. الرسالة، للشافعي، ص٥٩٨.
2. المنهاج بشرح الاصفهاني(١ / ٤١-٤٢).
3. المستصفى للامام الغزالي الطوسي (ص١١٦).
4. المحصول للرازي(78 /1) نهاية السول شرح منهاج الوصول (ص: 11)
5. فواتح الرحموت (25/1)
6. المستصفى (ص: 8) الإحكام في أصول الأحكام للآمدي (1/ 79).
7. روضة الناظر وجنة المناظر (1/ 197)
8. الاعتصام للشاطبي (857 /2)
9. الإحكام في تمييز الفتاوى عن الأحكام وتصرفات القاضي والإمام (ص: 209).
10. نهاية السول شرح منهاج الوصول (ص: 402)وة برِوانة روضة الناظر وجنة المناظر (2/ 378)شرح تنقيح الفصول (ص: 442) كشف الأسرار شرح أصول البزدوي (3/ 83).
11. المستصفى (ص: 367)
12. مختصر ابن الحاجب بشرح الاصفهاني (3/ 323).
13. المغني لابن قدامة(322 /1) .
14. البحر المحيط في أصول الفقه (8/ 15).
15. صحيح مسلم (3/ 1357)رقم1731).
16. شرح النووي على مسلم (12/ 40).
17. صحيح البخاري (9/ 108)رقم 7352)صحيح مسلم (3/ 1342)برقم(1716)).
18. منهاج الطالبين وعمدة المفتين في الفقه (ص: 24).
19. تحفة المحتاج في شرح المنهاج (1/ 505).
20. الخيرلت الحسان في مناقب الامام الاعظم ابي حنيفة النعمان (ص39)، ابن حجر الهيتمي دار الهدى دمشق ط الاولى 2007.
21. الخيرلت الحسان(43).
22. زبدة الكلام في بيان عقائد اهل السنة والجماعة، ماموستا سيد سليمانى ئەحمەدى ص17ــ 18).
23. الإتقان في علوم القرآن (4/ 28).
24. الإتقان في علوم القرآن (4/ 29).
25. اثر الاختلاف في الحديث الشريف ص130).
26. الموافقات (4/ 311).
27. حسن الكلام فيما يتعلق بالسنة والبدعة من الاحكام، محمد بخيت المطيعي (ص6) مطبعة كردستان فرج الله زكي العلمية،القاهرة 1329.
28. صحيح البخاري (1/ 33)رقم 111).
29. التراتيب الإدارية، محمد عَبْد الحَيّ الكتاني (ت: 1382هـ) (2/ 177).
30. فتح الباري لابن حجر (1/ 204).
31. الموافقات (5/ 253).
32. مجموع فتاوى ابن تيمية: (19/ 308)، أصول الفقه الجزء الأول.
33. مجموع الفتاوى (19/ 309).
34. الميزان الكبرى للشعراني (25/1).
35. اثر اختلاف الحديث الشريف في اختلاف الائمة الفقهاء(133).
36. موقف العقل والعلم والعالم من رب العالمين (310/1).
37. موقف العقل والعلم والعالم (311/1).
38. هەمان سەرچاوە.

پەیڕەوکردنی یەك مەزهب ئەرکێکی ئیسلامییە

مەلا عمر سوێری

ئەندامی پێشووی مەکتەبی تەنفیزی و پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی سەواف لە هەولێر

وشەی (المذهب) لە زمانەوانیدا واتە: ڕێڕەو، ئەو شوێنەی هاتوچۆی بەسەردا دەکرێت.

لە زاراوەی زانایانیش دا، واتە: تەفسیرو تۆێژینەوەو حاڵیبوونی پێشەوایانی ئیسلام، کە بەرزترین زانا بوونە لە هەموو زانستە ئیسلامییەکان، لە دەقەکانی قورئان و سوننەتی پیرۆزدا لە بارەی ئەحکام و حەڵاڵ و حەرام و واجب و سوننەت و مامەڵاتەکاندا.

کە واتە (مذهب) ڕاڤەو تۆێژینەوەیە بۆ قورئان و سوننەت، بەڵام بە زانستی و پسپۆڕی گەورەترین زانایانی ئیسلام.

بە دڕێژایی مێژووی ئیسلام هەر لە چەرخی دووەمی کۆچییەوە، چوار مەزهبی شەرعی پەیڕەوکراو هەبووە: حەنەفی، مالیکی، شافیعی، حەنبەلی" هەر یەکە لە چوار سەر مەزهبەکان بە پێی زانست و پسپۆڕی و هەوڵ و تێکۆشان و تۆێژینەوە زانستییە بەردەوام و بێ هودەکانیانەوە، وە بە بڕوا بە خوێبوونی بێگومانیانەوە لە هەموو زانستە ئیسلامییەکاندا بە چاك و بە پێویستیان زانیوە موسڵمانان پەیڕەوی مەزهبەکەی ئەو بکەن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هیچ کامیان بە یەك وشەش بەربەرەکانێی سێ مەزهبەکەی دیکەیان نەکردووە، وە مەزهبەکەی خۆیان بەسەر جەماوەری موسڵمانانداا نە سەپاندووە، بە پێچەوانەوە شتێکی باوە لە هەر یەکە لە چوار سەرمەزهبەکان هەندێ لە خەلیفەکان پێشنیازیان بۆ کردوون و لێیان داوا کردوون و پشتگیریان کردوون، کە مەزهبەکەیان بە زۆری بەسەر موسڵمانانداا بسەپێنن و تەنها مەزهبەکەی ئەوان پەیڕەو بکرێت، بەڵام هیچ کام لە پێشەوایان ئەبو حەنیفە و مالیك و شافیعی و ئەحمەد ئەمەیان

(مذهب) ڕاڤەو تۆێژینەوەیە بۆ قورئان و سوننەت، بەڵام بە زانستی و پسپۆڕی گەورەترین زانایانی ئیسلام.

قبوڵ نەکردووە، وە بە وتە ناودارەکانیان فەرموویانە: (كلامي صحيح يحتمل الخطأ وكلام غيري خطأ يحتمل الصواب) واتە: قسەی من هەرچەندە ڕاستیش بێت گریمانەی هەڵەی تێدا دەبێت، وە قسەی زانایانی دیکەش هەرچەندە هەڵەش بێت گریمانەی ڕاستی تێدایە.

بۆیە پێشەواو زانایانی هەر یەکە لە چوار مەزهبەکە هەرچەندە فتوایان لەسەر مەسەلەیەك دابێ و بە ڕاست و بەڵگەداریان زانیێ لە مەزهبەکەی خۆیان، بەڵام هەرگیز مەزهبەکەی بەرامبەریان بە هەڵە نەزانیوەو موسڵمانانیان لێی قەدەغە نەکردووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە خەڵکیان هانداوە بۆ پەیڕەو کردنی سێ مەزهبەکەی دیکەش، وە بە وتە جوان و ناودارەکەی خۆیان فەرموویانە: (ينبغي العمل بالمذهب الاخر ايضا خروجا من الاختلاف)، واتە: با لەو دوو مەسەلەیەشدا کار بە مەزهبەکانی تریش بکرێت نەوەکو ئیختیلاف و دوو بەرەکی لە ناو موسڵمانان سەرهەڵبدات، جا ئەمەیە حەقیقەت و ماهیەتی هەر چوار مەزهبە شەرعییەکان و ئەمەیە هەڵویستی هەر چوار پێشەوا سەرمەزهبەکان و زانا شوێنکەوتووەکانیان، بەڵێ هەر چەندە لە سەردەمی سەلەفی سالحەوە (ڕەزای خوایان لەسەر بێ) چوار مەزهبی شەرعی سەرەکی پەیڕەوکراو هەبووە، وە هیچ کامیان ئەوەی تریان بە نادروست نەزانیوە بەڵام هەر هەموویان و هەموو چینێك لە پێشەوا و زانایانی عەقیدەو تەفسیر و فەرموودە و فیقە بە پێویستیان زانیوە لە هەر وڵاتێکی موسڵماناندا تەنها یەك مەزهب پەیڕەو بکرێت.

پەیڕەوکردنی یەك مەزهب

نالێم پەیڕەو کردنی یەك مەزهب تەنها کارێکی باشە و چیتر نا بەڵکو بە دڵنیاییەوە دەڵێم پەیڕەوکردنی یەك مەزهب لە ئیسلامدا واجبەو ئەرکێکی خوداییە بە تایبەتی لە یەك وڵاتدا جا لێرەدا ئەم قسەیەی ئیمە شتێکی سەیرو سەمەرەیە بەلای بێ مەزهب و نەخوێندەوارو هەرزەکاراندا، مەبەستیشم لە هەرزەکار هەرزەکارە لە تەمەن و بە تایبەتی لە خوێندەواری ئایینی و لە زانستە شەرعییەکاندا.

بەڵام لە ڕاستیا ئەم قسەیەی ئێمە سەیر نیە بەڵکو سەیر لە سەیرەکەی ئەواندایە سەیر و سەمەرە لەوەدایە بەلای بێ مەزهبەکانەوە ئەم قسەیەی ئێمە هیچ بەڵگەیەکی شەرعی لەسەر نیە، وە تاکە بەڵگە بە هیزەکەی خۆشیان ئەوەیە مەزهب لە سەردەمی پێغەمبەردا نەبووە.

بەم شێوەیە هەموو بەڵگەکانی ئەوان نەفیکردن و نەبوونە، ئاشکرایە نەفیکردن و نکۆڵی کردن بەڵگە نیە بەڵکو بێ بەڵگەییە.

بەڵام لە لایەکی دیکەوە با سەرمان لە سەیرەکەی بێ مەزهەبەکان سوڕنەمێنێ، چونکە بەڵگە لەسەر ئەو قسەیەی ئیمە (لا یعقلها الا العالمون).

وەکو ڕوژی ڕووناك دیارو ئاشکرایە ئیسلام بە قورئانی پیرۆز و سوننەت و فەرموودە شکۆدارەکانەوە، هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی وە هەر لە یەکەم دەقەوە تا دوا دەقەکانی قورئان و سوننەت هەر هەمووی فەرمان و هاندانە بۆ چەسپاندنی یەکێتی و یەکگرتنی موسڵمانان وە بۆ برایەتی و خۆشەویستی و یەکدەنگی و یەکدەستی یەکگوفتاریان وە بۆ گردبوونەوەیان لە ژێر تەنیا یەك ئاڵادا کە تاکە ئالای (لا اله الا الله محمد رسول الله) یە.

بێگومان ئەم یەکێتی و یەك دەنگ بوونەش بە یەك دەنگی و یەك گوتاری و یەکگوفتاری ئەنجامدەدرێت ئەمەش خۆی لە پەیڕەو کردنی یەك مەزهبدا دەنوێنی نەك لە فەوزای بێ مەزهبی و لە کردنی هەموو نەخوێندەوارو هەموو مالێك بە مەزهبێکی سەربەخۆ.

هەر کاتێك یەکێتی و یەك ڕێزی موسڵمانان ئەرکێکی خودایی بێت ئەوا ئەو هۆکارو ڕێکارانەی مەرج و پێویستن بۆ ئەم مەبەستە، ئەوانیش دەبن بە هەمان ئەرك و واجب وەکو ئەوەی هەر کە نوێژکردن واجبە پەیدا کردنی ئاوی دستنوێژو جل و بەرگی خاوێن و دۆزینەوەی لایەنی قیبلەش واجبە و هەمان حوکمی شەرعی هەیە.

بۆیە لەم بارەیەوە پێشەوایانی فیقە لە ئەنجامی زانست و زانیاری تەواویانەوە چەندین بڕیاری بنچینەیی ڕاست و پتەوی شەرعی بە هێزیان لە قورئان و سوننەت هەڵێنجاوە کە یەکێکیان لە بارەی ئێمەوە دەفەرموی: (مالا یتم الواجب الا به فهو واجب).

ئەم بنچینە شەرعییە سەرەڕای ئەوەی بەڵگەی زۆر و بەهێزی لەسەرە لە دەقەکانی قورئان و سوننەتدا عەقڵ و عورف و داب و نەریتی مرۆڤیش دەیسەلمێنێ و پەسندی دەکات، لەوەتەی مرۆڤ لەسەر ئەم گۆی زەمینەدا هەیە هەر گەل و وڵاتێك مەترسی جەنگ و کوشتاری لەسەر بێت، گەورەو سەرکردەکانیان بەر لەدەسکردن بە جەنگ و بەرگری کردن کۆمەڵێك هەنگاو دەنێن و فەرمان دەردەکەن بۆ کۆبوونەوە و یەکگرتنی



بەرگری دەبێ بە دوا هەنگاو، بەڵێ بێگومان پەیڕەو کردنی یەك مەزهب بۆ وەدەسهێنانی هێز و یەکریزی بۆ سەرکەوتن و سەر خستنی ئیسلام و موسڵمانان ئەرکێکی پیرۆزی خوداییە، تاوەکو ئومەتی حەزرەتی محمد (درودی خوای لە سەر بێت) یەك دەنگ و یەك قسەو یەك هەڵوێست بن لە بیرو بڕوا لە عقیدەو لە دروشم و خوا پەرستیەکاندا، وە بۆ ئەوەی پارچە پارچەیی و دووبەرەکی و شپرزەیی بێزار و لاوازیان نەکات وە بۆ ئەوەی هەموو دەمێك چوست و ئامادە بن بۆ خزمەت بە ئیسلام و خاکی ئیسلام و موسڵمانان لە ژێر یەك ئاڵادا جا دەسەڵاتدارو حوکمڕانەکان هەرکێ بن بەو مەرجەی لە ئیسلام هەڵنەگەڕابنەوەو دژایەتی نەکەن، بێگومان پەروەردگاری تاکو تەنیا قورئانە پیرۆزەکەی و پیغەمبەرە بەرزەکەی تەنها بۆ ئەم مەبەستانە ناردووە، کە لە سەرووی هەموویانەوە یەکێتی و یەك دەنگیە لە بیر و بڕوا و لە خوا پەرستیدا، بەڵام بە پیچەوانەوە ئەگەر یەك مەزهب پەیڕەو نەکرێت وەکو دەردی گرانی بێ مەزهبەکان مەزهب گرتنەوە هەر وەکو خەیال دەکەن گوایە ئەگەر کارو بارو گوتاری موسڵمانان لە دەسخۆیاندا بێت ئەوە تەنها قورئان و فەرموودە پەیڕەو دەکەن و ئیختیلافاتی فیقهی نایەڵێن بەم شێوەیە هەرزەکارو نەفامەکان پەروەردە دەکەن و لەسەر ئەم خەیاڵە بەتاڵە ڕایاندێنن وە دەیانکەن بە دوژمنی شەریعەت و زانایانی ئیسلام.

بەڵێ ئەوانەی گوایە قورئان و سوننەت پەیڕەو دەکەن لە هەر کۆمەڵگایەکی موسڵماناندا هەبن، ئەوە لە جیاتی مەزهبێك و چوار

" لە سەردەمی سەلەفی سالح چوار مەزهبی شەرعی سەرەکی پەیڕەوکراو هەبووە، وە هیچ کامیان ئەوەی تریان بە نادروست نەزانیوە، بەڵام هەر هەموویان و هەموو چینێك لە پێشەوا و زانایانی عەقیدەو تەفسیر و فەرموودە و فیقە بە پێویستیان زانیوە لەهەر وڵاتێکی موسڵماناندا تەنها یەك مەزهب پەیڕەو بکرێت"

گەلەکانیان، وە بە ڕاهێنانیان لەسەر جەنگ و بەرگری کردن وە بە کۆکردنەوەو ئامادەکردنی چەك و کەرەستە پێویستەکان، ئەمجا جەنگ و

مەزەب چوارسەد مەزەبیان پەیدا کردووە بەڵکو هەموو مالّەکانی خۆیان و پارِك و گۆڕەپانەکانی یاری تۆپی پێشیان کردووە بە دار (الافتاء)وە هەموو هەرزەکار و نەخوێندەوارەکانی خۆیانیان کردووە بە (مجتهد) و فەتوادەر لە ناو یاریگاکانی تۆپی پێش حوکم دەردەکەن بە کافرکردن و بە گومرِا دانانی موسڵمانان، وە گەمەو گاڵتە بە چوار مەزەبە شەرعیەکە دەکەن بۆیە لە ئەنجامی ئەو جەهالەت و ئەو فەوزایە فیکریەدا پێویست نیە پەنجە درێژ بکەین و ئاماژە بکەین بۆ ئەو هەموو کارەسات و دووبەرەکی و شپرزەیی و لاوازیەی دووچاری موسڵمانانیان کردووە، بەڵکو بەو هەموو کافرکردن و گومرِاکردن و تەفرەقە و دوژمنکاریەی لەناو هەموو کۆمەڵگایەکی موسڵمانان بەرپایان کردووە.

ڕوخساری جوان و پیرۆزی بەرنامەی پەروەردگاریان تا بڵێی ناشرینکردووە، وە رەزای موسڵمانانیان لە هەموو جیهان قورسکردووە وە قسەکەی ئەم منداڵە ژیرەیان لەسەر دەسەڵێنری کە لە لای حەجاجی کوری یوسف سورەتی (نصر) ی خوێندەوە هەندێکی بە ئەنقەست لێ گۆڕی و لە جیاتی (ورایت الناس یدخلون في دین الله افواجا) گوتی: (ورایت الناس یخرجون في دین الله افواجا) حەجاج گوتی: هەڵەت کرد دەبێ بڵێی: (ورایت الناس یدخلون في دین الله افواجا) منداڵە ژیرەکە گوتی: بەڵێ خوا وای فەرموەو لە کاتی خۆیدا خەڵك (یدخلون فی دین اللہ افواجا) بەڵام ئێستا بە هۆی ستەم و نا لەباریەکانی تۆوە (یخرجون فی دین اللہ افواجا).

"پەیڕەوکردنی یەك مەزەب لە ئیسلامدا واجبەو ئەرکێکی خوداییە بە تاییەتی لە یەك وڵاتدا ئەرك و زەرورەتێکی کۆمەڵایەتی و نیشتیمانییە "

ئەجا باشە بۆچی یەك مەزەب پەیڕەو نەکرێت چ کەموکوڕییەکی زانستی یا شەرعی لە هەر کام لە چوار مەزەبەکەدا هەیە چ مەسەلەیەك یا حوکمیکی شەرعی وە ئەوەی تۆ خەیاڵی بکەی لە یەکێك لەو چوار مەزەبەدا نییە، ئایا بەڵای بی مەزەبەکانەوە پێشەوا سەرمەزەبەکان و زانا شۆڕشگێڕەکانیان ئاستی زانستی و تەقوا و دڵسۆزیان بۆ پەروەردگار و بۆ ئیسلام کەمتربووە لە نووسەرە بێ مەزەبەکان یاخود زانا پێشینەکان و نووسەرە بێ مەزەبەکان لە ئاستی زانستی لە قورئان و سوننەتدا هاوتا و وەکو یەك بوونە؟ یاخود کام کتێب و نامیلکەکانی بێ مەزەبەکان هەموو مەسەلەیەکی شەرعیان تێدا چارەسەر کراوەو وەڵامی هەموو جۆرە پرسیارەکانی موسڵمانانیان تیدا ڕوونکراوەتەوە، تا ڕۆژی دوایی وەکو سەرچاوە فیقهیە کۆنەکان، کە زۆربەیان پێکهاتوون لە دە بەرگ و سی بەرگ و زیاتر لە پەنجا بەرگی گەورەش خۆ ئەگەر هەر کەسێك هەر چەندە خوێندەوارو خاوەن بڕوانامەی گەورە بێت جیاوازی زانستی لە سەداسەد نەبینی لە بەراورد کردن لە نێوان زانا ڕاستەقینە پێشینەکان، وە لە نێوان نووسەرە بێ مەزەبە هاوچەرخییەکاندا، ئەوە هیچ بە کەڵکی گوفتوگۆ کردن و بەڵگە بۆ هێنانەوە نایەت، چونکە ئەم جۆرە کەسە یا ئەم جۆرە مەخلوقە تۆسقاڵێك عەقڵیان نیە و لە هەموو جۆرەکانی شێت شێتتڕن یاخود بێ مەزەبەکان وا حاڵی بوونە کە هەر یەکە لە چوار مەزەبەکە قسەو بیر و بۆچوونی تاکە کەسێکە بە ناوی ئەبوحەنیفە یا مالیك یا شافیعی یا ئەحمەد خۆ لەگەڵ ئەمەشدا ئەگەر هەریەکە لەو چوار مەزەبە بریتی بێت لە زانست و تێگەیشتن و بیر و بۆچوونی تەنها یەك لەو چوار پێشەوایە، ئەوە بێگومان هەر چوار مەزەبەکە ڕاستن و دیسانەکە لەسەر موسڵمانان پێویستە شوێنیان بکەون و مەزەبەکانیان پەیڕەو بکەن، ئەمە چونکە ئەو چوار سەرمەزەبە (ڕەزاو ڕەحمەتی خوایان لەسەر بیت) هەر یەکەیان دەریایەکی بێ بن بوونە لە هەموو جۆرە زانستە ئیسلامیەکان و لە زوهدو تەقواو وەرعدا ئەوان زانای ڕاستەقینەن، بەتەواوی واتای وشەی زانا ئەو زانایانەن کە مصداق و مەبەستن لەو هەموو ئایەت و فەرموودانەی مەحی زانا ڕاستەقینەکان دەکەن و ئاماژەیان بۆ دەکەن ئەوان هەموو زانستە ئیسلامیەکانیان لە ناو سینەیاندا تۆمار کرابوو ،وەکو نووسەرە بێ مەزەبەکان دزو چاوچنۆکی کتێب و بیرو بۆچوونی خەڵکی تر نەبوونە، بەڵام ناهەقیان ناگرم چونکە میرووڵە[1]دان بە بوونی فیل دانانێ کە بچوکترین ئەندامەکانی لەشی هەزارەها جار گەورەتر و قورستڕە لە خۆی، میرووڵە وا تێدەگات خۆی لە هەموو ئاژەڵ و گیانەوەرێك گەورەترو بەهێزترە، بێ مەزەبەکان هەرچی بڵێین لە بارەی مەزەب و زانا فیقهەکان ناهەقیان ناگرم، چونکە هیچ کام لە بەرنامە زانستییە شەرعیەکانیان نەخوێندووە وە بێ ئاگان لەوەی ژمارەی زانا شوێنکەوتووەکانی هەر یەکە لە چوار مەزەبەکە لە پێنج هەزار و شەش هەزار زانا کەمتر نییە لە هەموو چینەکانی زانایان لە پێشەوایانی تەفسیر و عەقیدە و فەرمووەد و فیقهی ئیسلامی، هەروا بێئاگان لەوەی لە میژووی زێڕینی ئیسلامدا هەر لە سەردەمی سەلەفی سالّحەوە زانایەك نەبووە لەسەر یەکێك لەو چوار مەزەبە! ئەگەر تاکو توکێکیش لە زانایان هەبووبێت یەکێك لە چوار مەزەبەکەیانی پەیڕەو نەکردبێ ئەوە لە زانستییە شەرعیەکاندا وە لە قورئان و سوننەتدا گەیشتوون بە پلەی ئیجتیهادو پێویستیان بە (تقلید)ی موجتەهیدەکان نەبووە، ئەجا لەگەل ئەوەی خۆیان مەزەبێکیان پەیڕەو نەکردووە بەڵام هەرگیز موسڵمانانیان قەدەغە نەکردووە لە پەیڕەوکردنی مەزەب.

با هەر کەسیك ناوی تەنیا یەك زانامان پێ بڵێ لە میژووی ئیسلام لەسەر یەکێك لە چوار مەزەبەکە نەبووبێت ئەگەر (ابن تیمیه و ابن قیم) بە نمونە بێنن ئەوە بێگومانبن لەوەی ئەم دوو زانایە بەرزەش وەکو ئەوانە لەوان زاناترو ئەوانەی بەر لە خۆیان لەسەر مەزەب بوونە و مەزەبەکەیان حەمبەلی بووە، هەروەکو لە هەموو کتێبەکانیاندا ئەمە دووپات دەکەنەوە هەروەها (ابن کثیر المفسر المحدث) شافیعی مەزەب بووە، وە خاوەنی (العقیده التحاوییه) حەنەفی مەزەب بووە ...هتد

بۆیە لە دوای تێکڕای پێشەوایانی سەلەف و خەلەف هیچ گرنگ نیە و شایەنی باس نیە ئەگەر چەند نووسەرێکی ئەم سەردەمەی ئاخر زەمانە بێ

مەزەب بن و دژایەتی مەزەب بکەن، ئەمجا ئەو ئیختیلافە فیقهییەی بێ مەزهبەکان کردوویانە بە بنێشتی سەر زاریان لە چواریەکی کۆی شەریعەتی ئیسلام زیاتر نییە وە لەسەر سێ چوار یەکی کۆك و یەکدەنگن ئەو چواریەکەش تەنها لە بارەی بابەتە فەرعیەکان و لە ئەنجامدانی شێوەی هەندێ لە سوننەت و مامەڵەکاندایە نەك لە جەوهەرو ماهیەتی خوا پەرستییەکان و لە مەسەلە ئیسلامییە سەرەکیەکان هەروا ئیختیلافە فیقهییەکان لەو چوار یەکەشدا بە هۆی هەڵە و کەمزانی و بێ بەڵگەیی هیچ کام لە زانا فیقهییەکان نیە هیچ کام لە زانا فیقهییەکان لە میژووی ئیسلامدا ناو نەناون بە فیقه و بە زانا، تەواوی قورئانی پیرۆزیان بە زانستەکانییەوە وە بە دەقەکانی ئەحکامەوە ئەزبەر نەبووبێت، وە سەدان هەزاریان لە فەرموودەکانی تایبەت بە ئەحکام و مامەلە شەرعییەکان ئەزبەر نەبووبێت ئەمە سەرەڕای زانست و زانیاری تەواو دەربا ئاسایان لە زانستە زمانەوانیەکان و لە اصول الفقه و ...هتد

ئەمجا زۆربەی ئیختیلافە فیقهییەکان دەگەڕێنەوە بۆ سروشتی دەقە پیرۆزەکانی قورئان و سوننەت بۆغونە وشەی (لمس) یاخود (لامس) کە لە قورئانی پیرۆزدایە هەر لە خودی زمانی عەرەبی ڕەسەندا زمانی قورئانی پیرۆز دوو واتای جیا دەگەیەنێت، بە واتای دەسلێدان هاتووە هەروا بە واتای جماعیش هاتووە بۆیە پێشەوا شافیعی بە پێی تۆێژینەوەکانی خۆی بە دەسلێدانی لێکداوەتەوە وە پێشەوا ئەبو حەنیفەش بە واتای جماعی لێکداوەتەوە، وە بێگومان هەردووکیشیان راستیانکردووە، چونکە هیچ کامیان لە مەبەست و لە زمانی قورئانی پیرۆز دەرنەچوونە.

وە بە شێوەیەکی کورت دەڵێم: هۆکارەکانی ئیختیلافە فیقهییەکان یاخود دەگەڕێنەوە بۆ ئیختیلافە زمانەوانییەکان وە یاخود بۆ مەبەستەکانی زاراوە زانستییە شەرعییەکان وەکو (ناسخ و منسوخ) (مطلق و مقید) (عام و خاص) (المام المخصوص والمام المراد به الخصوص) ...هتد بێگومان ئیختیلافیش لەبارەی مانا و مەبەست لەم زاراوانەوە شتێکی حەتمییە و بە هیچ شتێك و لە هیچ حاڵەتێك کۆتاییان پێ نایەت مەگەر بێ مەزهبەکان قورئان و سوننەتێکی تر و زمانێکی ڕەسەنی تر دابهێنن.

ئەمجا پێویستە لە یادمان نەچێ ئەو برە ئیختیلافەی لە فیقهی ئیسلامی دایە ئیختیلافی زانستین وە هیچ کاریگەرییان لەسەر جەوهەرو حەقیقەتی شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام نیە، وە پێویست نیەو دروست نیە بۆ عەوام و جەماوەر باسبکرێن وە شوێنی باسکردن و تۆێژینەوەیان تەنها ئاڵقەی دەرس و ناوەندە زانستییەکانە، ئەمجا ئەگەر بێینە سەر باسی ئیختیلافات لەلای بێ مەزهبەکانەوە ئەوە دەبینین ئیختیلافاتی هەریەکە لە مامۆستا و لە نووسەرە بێ مەزهبەکان تەنها لەگەڵ هاوڕێ و هاودەنگەکانی خۆیان نیە، بەڵکو هەریەکەیان کۆمەڵێکی زۆر لە ئیختیلافاتی سەیرو سەمەرەی هەیە لەگەل خودی خۆی ،هەر خوێندەوارێك شارەزای نووسینەکانیان بێت زۆر بە ئاسایی دەبینی فلانە نووسەریان لەسەری مانگ فتوایەکی داوە، ئەمجا هەر خۆی لە کۆتایی مانگدا ناچار بووە بسەلمێنێ و بڵێ فلانە فتوام بەو شێوەیە نیەو بەم شێوەیەیە، یاخود ئەو نووسەرانەیان کە ناوی خۆیان ناوە بە (محدس) لەم حەفتەیەدا ژمارەیەك فەرموودەیان بە زەعیف لە قەلەم داوە لە حەفتەی داهاتوودا پاشگەزبۆتەوە و گوتویەتی ئێستا بۆم دەرکەوتووە فلانە و فلانە فەرموودە زەعیف نین و سەحیحن ئەم سەر لێشێواوییەیان لە ئەنجامی ئەوەیە زانای ئایینی نین، بەڵکو ڕۆشنبیری ئایینین وە لە زانستدا پێنەگەیشتوون و بە ناهەق خۆیان کردووە بە زانا و بە فتوادەر.

> " زۆربەی ئیختیلافە فیقهییەکان دەگەڕێنەوە بۆ سروشتی دەقە پیرۆزەکانی قورئان و سوننەت "

ئەم دیاردەیە لە نێوان بێمەزهبەکانەوە بیدعەیەکی گەورەو ناشرین و گومڕاییە هەرگیز لە سەردەمەکانی سەلەفی سالحدا نەبووە، هیچ کام لە زاناو فتوادەرو موحەددیسەکانی سەردەمی سەلەف دەستیاننەکردووە بە فتواو بە حوکمکردن لەسەر فەرموودە بە زەعیف یا بە سەحیح، تاوەکو زۆربەی سالەکانی تەمەنیان لە فێربوون و فێرکردنی زانستە ئیسلامیەکان بەسەر نەبردبێت و زۆربەی زانستەکانیان ئەزبەر نەکردبێ، ئەمجا هێشتا لەلایەن حکومەت و زانایانیشەوە ڕێیان پێ نەدراوە فەتوا بدەن، یاخود فەرموودە بە زەعیف یا بە سەحیح دابنێن تاوەکو لەبەردەستی چەندین لە زانا پسپۆرەکانەوە تاقی نەکرابنەوە وبڕوانامەی زانستە ئیسلامیەکانیان پێ نەبەخشرابێت.

دووبارە پرسیار دەکەم و دەڵێم: کەواتە بۆ چی لە هەر وڵاتیك یەك مەزهب پەیڕەو نەکرێت، کەموکوڕیە زانستی یا شەرعییەکانی هەر کام لەو چوار مەزهبە چین؟

پێویسته هەموو خوێندەوارێکی ئایینی بزانێت هیچ کام لەو مەزهبانە نەبوونە بە مەزهب و لە سەدان سەرچاوەی گەورەو پوختەکراودا تۆمارنەکراون، تاوەکو سەدان لە پێشەوا و زانا پسپۆرەکان هەموو بابەت و هەموو مەسەلە شەرعییەکانی ئەو مەزهبەیان تاوتوێ نەکردبێ و توێژینەوەی زۆری زانستیان لەسەر نەکردبێ، هەر یەکە لە چوار مەزهبەکە زانکۆیەکی گەورەو ئاوەدان بووە بە سەدان و هەزاران لە زاناو لەو قوتابییە بڕوادارانەی تەمەن و ژیانی خۆیان بۆ خزمەت بە ئیسلام و زانستەکانی تەرخانکردبوو، هەموو کاتەکانی ژیانیان گفتوگۆی زانستی و دەرسخوێندن و دەرسگوتنەوە و گوێگرتن لە دەرس بووە، بۆ نمونە کۆمەلێك لە زانایانی ئەزهەر لە نووسینی پێشەکیەکان بۆ کتێبی فیقهی (المتلب الامام الحرمین) دەڵێن: کتێبی فیقهی (نهایه المحتاج الی شرح المنهاج)، دانانی (شمس الدین الرملی) هەر لە ژیانی ئەو دانەرەیدا 480 جار لەبەردەسی نوسراوەتەوە و خوێنراوە، ئەمجا زانایانی مەزهبی شافیعی بڕیارێانداوە ئەو کتیبە بە سەنەدو بە ناوەرۆکەکەیەوە راستەو زانستییە وە شایستەی خوێندن و فتوا لێدەرکردنە، جا سەدان نمونەی دیکەشمان بەدەستەوەیە لەسەر بایەخی پێدانی سەرسوڕهێنەر بە سەرچاوە فیقهییەکانی هەر چوار مەزهب و بایەخ پێدان بە لێکۆڵینەوە بە بەڵگە شەرعییەکانیان وە بە دروستی و زانستی دەرهێنان و هەڵێنجانی فتواو حوکمە شەرعیەکان لە قورئان و سوننەتدا، هەروا بە توێژینەوە و وردبینی لە راستی عیبارەتەکانیان لەسەر بنەماو بنچینە زمانەوانییەکانەوە، بۆیە پەیرەو کردنی یەك مەزهب لەو چوار مەزهبە شەرعیە ناودارو بڕواپێکراوانەدا لە هەر کۆمەڵگایەك و لە هەر وڵاتیکی موسڵمانداندا واجبێکی ئیسلامییە وە ئەنجامی پێچەوانەکردنی ئەم قسەیەمان دووبەرەکی و شپرزەیی و پەرتەوازی و لاوازی موسڵمانانە هەروەکو ئەمانە بوونە بە دیاردەی بەرچاو لە ئەنجامی بێ مەزهبی و دژایەتی کردنی مەزهب.

ئەمە بەو بەڵگانەی رابوردن، بە تایبەتی بەو تاکە بەڵگە بەهێزەی لە سەردەمی پێغەمبەر –صلی الله علیه وسلم– و سەلەفی سالح دا فتوا و ئیرشاد و بانگەواز بۆ ئیسلام تەنها یەك سەرچاوەی هەبووە و زیاترنا، ئەوەش هۆی یەکدەنگی و یەکریزی و هێزی ئیسلام و موسڵمانان بووە لە هەر شارێك و لە هەر ناوچەیەکی گەورەشدا تەنها یەك فتوادەر لەلایەن دەسەڵاتەوە دەستنیشاندەکراو دادەمەزرا، بێجگە لەوە رێگە نەدەدرا بە هیچ کەسێکی دیکە هەرچەندە زاناش بووایە وە سەرپێچیکار سزا دەدرا، ئەمە هەرچەندە پەیرەوکردنی یەك مەزهب واجبێکی ئیسلامی و ئەرك و زەرورەتێکی کۆمەڵایەتی و نیشتیمانییە، قازی و فەتوادەری گشتی بۆیان هەیە بە پێی بەرژەوەندی ئیسلام و موسڵمانان فتوا بە هەرکام لە چوار مەزهبەکە دەربکەن.

بەڵام بۆچی هەروەکو بێ مەزهبەکان کاتی بەڵگەیان بە دەستەوە نامێنێ دەڵێن: بۆچی تەنها چوار مەزهب هەیە و بۆ زیاتر نەبی؟

وەڵامەکەیان ئەوەیە: بۆچی لە نێوان زیاتر لە سەدوپەنجا هەزار لە هاوەڵەکانی پێغەمبەر –صلی الله علیه وسلم– تەنها چوار خولەفای راشدین هەن؟

بۆچی لە نێوان ئەو ژمارە زۆرەی هاوەڵەکان، کە هەموویان قوتابی دەرچووی دەستی پیغەمبەر بوون، بەلام تایبەتکردووە بە زانست و زانیاری و سیفەتە بەرزەکان و دەستنیشانیکردوون و فەرموویەتی: (ارحم امتی بامتی: ابوبکر، واشد فی دین الله: عمر، واصدقها حیاء: عثمان، واعلمها بالحلال واکرام معاز بن جبل، واقروها لکتاب الله: أبیّ، واعلمها بالفرائض: زید بن سابت، ولکل أمة أمین، وامین هذه الامة: ابو عبیدة بن الجراح) رواه احمد و ابن ماجه والترمذي والنسائی.

لە فەرموودەیەکی تریشدا: (افرض امتی: زید بن سابت) رواه الحاکم واحمد والترمذي والنسائی و ابن ماجه باسناد جید وهو حدیث حسن رفز القدیر 2\22

هەروا بۆچی شێوەکانی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز حەوتن، وە ریوایەتی حەوت لە زانایانی سەلەفن (القراءات السبعة).

ئەمانەو چەندین فەرموودەی دیکەش، هەروا عەقڵ و عورفیش دەسەلێنن، کە هەموو مرۆڤێك لە زانستدا وەکو یەك نین، هەروا لە هەموو رەوشتە جوان و ناشرینەکانیشدا جیاوازی هەیە لە نیوان ئادەمیزاددا، ئەمە بۆیە لە سەردەمی سەلەفی سالحەوە چوار مەزهبی بڕوا پێکراو و پەیرەوکراو هەیە، نەك چوارسەد.

والحمد لله رب العالمین وصلی الله تعالی وسلم علی سیدنا ومرشدنا محمد وعلی جمیع اله الاجمعین وکافة اصحابه الاکرمین الذین رضي الله عنهم و رضوا عنه.

پەیڕەوکردنی

مەزهەبێکی دیاریکراو لە ڕوانگەی مەقاصیدی شەریعەوە

عەلی محمد هێڕۆیی

کارگێڕی لقی پشدەری یەکێتی زانایان

سەرجەمی موسڵمانان لەسەر ئەوە هاووڕان کە: سەرجەمی شەریعەت بنیادنراوە لەسەر بەرژەوەندی بەندەکان، ئەم بەرژەوەندییەش خۆی دەبینێتەوە لە (جلب المصالح ودفع المفاسد)دا. پێشەوا عیززی کوڕی عبدالسلام رحمه الله دەفەرموێ: (فمن تتبّع مقاصد الشّرع في جلب المصالح ودرء المفاسد حصل له من مجموع ذلك اعتقاد أو عرفان، أنّ هذه المصلحة لا يجوز إهمالها، وأنّ هذه المفسدة لا يجوز قربانها وإن لم يكن فيها نصّ ولا إجماع ولا قياس خاص، فإنّ فهم الشّرع نفسه يوجب ذلك) (قواعد الأحكام، العز بن عبدالسلام، 2007م، 314/2)واتە: هەر کەسێک بەدواداچوون بکات بۆ مەقصەدەکانی شەرع لە ڕاکێشانی سودو لادانی خراپە بە قەناعەتی تەواوەوە بۆی دەردەکەوێ کە: هەرچی سودو قازانجە مەقصەدی شاریعەو ناکرێ لە دەستبدرێ و هەرچی زیان و خراپەو سەرچاوەی خراپەشە پێچەوانەی مەقصەدی شاریعەو نابێ لێی نزیک ببینەوە" هەتا ئەگەر دەق و ئیجماع و قیاسی تایبەتیشی لەسەر نەبێت، بەڵکو هەر خودی تێگەیشتن لەشەرعی خودا ئەمە جێگیر دەکات.

بۆیە زانایان فەرموویانە: (حيثما كانت المصلحة فثم شرع الله، وحيثما وجد الشرع فثم مصلحة العباد.)، سودو قازانجی بەندەکان لە کوێ بێت شەرعی خودا لەوێیە، هەرکاتێکیش حوکمێکی شەرعیت بینی بزانە مەصلەحەت لەوێیە. لەبەر ئەوە هەر باسێک دێتە پێشەوە پێویستە یەکێک لە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی سود و بەرژەوەندی بەندەکان بێت و ئەم سود و بەرژەوەندیانەش بە تەرازوی زەوابیتی دەقیق و مەقاصیدی شەریعە کێشانە بکرێت، یەکێک لەو بابەتانەی کە ڕۆژانە ڕووبەڕوی زانایانی ئایینی بە تایبەتی و سەرجەمی موسڵمانان بەگشتی دەبێتەوە؛ بابەتی پەیوەستبوونە بە مەزهەبێکی دیاریکراوەوە؟ ئایە بەرژەوەندی دروست و شەرعی بەندەکان لەوەدایە شوێن مەزهەبێکی دیاریکراو بکەون یاخود لە نێو هەرچوار مەزهەبەکەدا مەلەوانی بکەن؟ ئایە لەمڕۆدا مەقصەدی شەرع بەوە دێتەجێ کۆمەڵگا شوێن مەزهەبێکی دیاری کراو بکەوێت یاخود شوێن چەند مەزهەبێکی جیاواز؟ بۆ وەرگرتنی وەڵامی ئەم پرسیارانە ئەم بابەتە بە مەقاصیدی شەریعە و قەواعیدی مەصلەحە هەڵدەسەنگێنین.

"ئەگەر بێت و لە وڵاتێکدا زیاتر لە مەزهەبێک ئیشی پێبکرێت؛ ئەوە بەردەوام مەترسی ئەوە هەیە کە خەڵکی بەبێ ویستی خۆیان بکەونە تەلفیق و بێ مەزهەبیەوە"

یەکەم: مەقصەدی پاراستنی دین. پاراستنی دین (حفظ الدين) یەکەمین مەقصەدی شەرعە لە مەقاصیدە زەروریەکانی شەریعەتی ئیسلام، بەڵکو سەرجەم شەریعەتە ئاسمانیەکان هاووڕان کە دین یەکێکە لە زەروریەتەکانی ژیان و مرۆڤایەتی، زۆرینەی زانایانیش بە زەروریەتی یەکەمیان داناوە، لەبەر ئەوە هەرشتێکیش دینی مرۆڤ بپارێزێ مەقصودی یەکەمی شەرعە، بۆیە دەکرێ ئەم بابەتە لە چەند ڕوویەکەوە بکەین بە پارێزەری دین:

أ- پاراستنی دین لە ڕوی خۆپاراستن لە تەکفیرو تەبدیع و تەفسیقی موسڵمانان. شوێنکەوتنی زیاتر لە مەزهەبێک لە کۆمەڵگایەکدا و زەقکردنەوەی ئەو بابەتانەی کە ڕاجیایی زانایانی لەسەرە لەنێو خەڵکی عەوامدا دینی موسڵمانان دەخاتە مەترسیەوە، چونکە بە زۆری وایە عەوام دەمارگیرەو ناتوانێ ڕای جیاواز قبوڵ بکات، بەمەش دەکەوێتە تەکفیرو تەبدیع و تەفسیقی شوێنکەوتووانی ڕای بەرامبەری، بەمەش مەترسیەکی گەورە لەسەر سەر دین و پاراستنی مەقصەدی دین لە جانیبی عەدەمەوە دروستدەبێت، چونکە پێغەمبەری ئازیزمان صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: (لا يَرْمِي رَجُلٌ رَجُلًا بالفُسُوقِ، ولا يَرْمِيهِ بالكُفْرِ؛ إلَّا ارْتَدَّتْ عليه إنْ لَمْ يَكُنْ صاحِبُهُ كَذلكَ)(رواه البخاری 6104 ومسلم 60)واتا: هیچ کەسێک کەسێکی تر تۆمەتبار ناکات بە فاسقیەتی، وە تۆمەتباری ناکات بە کوفر و تۆمەتباری ناکات بە بیدعە؛ ئیللا ئەم فاسقی و کافری و بیدعەیە بۆخۆی دەگەڕێتەوە ئەگەر کەسی بەرامبەری فاسق و کافرو بیدعەچی نەبێت. کەواتا: لێرەد مەقصەدی پاراستنی دین کەوتە مەترسیەوە، چونکە مەحاڵە یەکێکیان هەر دەبێت فاسق یان کافر یان بیدعەچی بێت!! ئەمەش بەشێوەیەکی کردەیی لە مێژووی شوێنکەوتووانی مەزهەبەکاندا ڕوویداوە، ابن کثیر لە(البداية والنهاية)دا لە چەند شوێنێکدا باسی ئەوەی کردووە کە چەندین ڕوداوی نەخوازراو لەنێو شوێنکەوتووانی مەزهەبە جیاکاندا ڕوویانداوە، وەک ئەوەی لە نێوان ئەشعەریەکان و حەنبەلیەکان لە ساڵی ٤٤٧ک لە بەغدا ڕوویدا، تا کار گەیشت بەوەی هیچ کامێک لە ئەشعەریەکان ڕێگایان پێنەدەدرا بچنە جومعەو جەماعەت، لە ساڵی 469ک کێشەی ابن القشیری زۆر لە ئاستی خۆی زیاتر گەورە کراو کار گەیشت بەوەی ئەشعەری و حەنبەلیەکان شمشێریان لە یەکتر هەڵکێشاو ژمارەیەک لە شوێنکەوتووانی ئەم دوو مەزهەبە کوژران، لە ساڵی 567ک کار گەیشت بەوەی بەشێک لە شافیعیەکان داوایان دەکرد کە

سەرانە بخرێتە سەر حەنبەلیەکان لە بەغداد. (البداية والنهاية، ابن كثير، دار التوفيقية للتراث: 11ــ 12/ 432، 482) بەهەمان شێوەی بەغداد لە چەند شوێنێکی دیکەش لە مێژوودا پێکهەڵبرژانی شوێکەوتووانی مەزهەبەکان تۆمارکراوە، وەک خوراسان و شام و...هتد، بۆ نمونە لە ساڵی 716ک لە بەعلەبەک کێشە کەوتە نێوان شوێنکەوتووانی مەزهەبی شافیعی و حەنبەلی. هەر بۆیە کاتێک ئەبو یوسفی قەزوینی موعتەزیلی لەگەڵ محمدی تەمیمی حەنبەلی و زانایەکی ئەشعەریدا لەگەڵ (نظام الملك)دا دانیشتن؛ ئەبو یوسف بە گاڵتەوە بە (نظام الملك)ی گوت: قوربان ئێستا سێ کەسی ئەهلی دۆزەخت لەلا دانیشتوون؟ (نظام الملك) وتی: مەبەستت چیە؟ گوتی: ئەی شوێنکەوتوانی ئێمە یەکتر تەکفیر ناکەن؟ کەواتا: بەپێوەری هەر یەکێکمان ئەوی ترمان کافرە، بەمەش هەرسێکمان ئەهلی دۆزەخین!! (المنتظم في تاريخ الملوك والأمم، ابن الجوزي، دار الكتب العلمية: 17/ 22)،

لەم ڕۆژگارەشدا زۆر جار دەبینین لەسەر حوکمێکی فیقهی، کە جێی مشتومڕی زانایانە موسڵمانان تەکفیرو تەبدیع و تەفسیق دەکرێن، بۆنمونە/ بەهۆی ئەوەی خۆی لەم بابەتەدا ئیش بە مەزهەبی ئیمام ئەبو حەنیفە یان مالک یان ئەحمەد دەکات دەستبەجێ ئەو موسڵمانە تەکفیر یاخود تەبدیع و تەفسیق دەکات کە لەسەر مەزهەبی شافیعیە، بە پێچەوانەوەش، یاخود لەبەر ئەوەی خۆی مەزهەبی عەقیدەیی ئەهلی حەدیسە بە هیچ شێوەیەک ئەشعەری و ماتوریدی بە ئەهلی سوننە نازانێ، بەڵکو بە کافرو موبتەدیعیان دەزانێ!! بۆیە پەیڕەوکردنی زیاتر لە مەزهەبێک لە یەک کۆمەڵگادا مەترسیە بۆ سەر دین لە جانیبی عەدەمەوە.

ب ـ پاراستنی دین لە دروستبوونی گومان ـــ (حفظ الدين من التشكيك) بەهۆی ئەوەی خەڵکی عەوام زانیاری ئەوتۆی نیە دەربارەی هۆکارەکانی جیاڕایی زانایان؛ بۆیە ناتوانێ بە ئاسانی هەزمی ڕاو مەزهەبە جیاوازەکان بکات، لەبەر ئەوە فرە مەزهەبی دەبێتە مۆتەکە بۆی و دەیان گومان و پرسیاری لا دروستدەکات، کە هەموویان دەبنە مەترسی لەسەر ئاینی ئەو کەسە، دەپرسێ: ئایە قورئان یەک قورئان نیە؟ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم یەک پێغەمبەر نیە؟ ئیسلام یەک ئیسلام نیە؟ ئەی ئەو هەموو جیاڕاییە چیە؟ ئەی ئەو هەموو مەزهەبە چی یە؟ باشە ئێمە ئیشمان بە ئەبو حەنیفە و مالک و شافیعی و ئەحمەد چی یە؟ ئێمە ئیشمان بە ئەشعەری و ماتوریدی چییە؟ دەیان پرسیاری تر، هەر بۆیە ئەو جیاڕایی زانایان هەرگیز بە ڕەحمەت نابینێ، بەڵکو بە بارگرانی و ناتەواوی و دژیەکی شەریعەتی دەبینێ، لەبەر ئەوە شۆڕکردنەوەی جیاڕایی زانایان و بڵاوکردنەوەی زیاتر لە مەزهەبێک لە یەک کۆمەڵگادا مەترسیە بۆ سەر ئایین، هەر بۆیە ئیمامی بوخاری رحمه الله لە صەحیحەکەیدا بابێکی ناوناوە: (باب من خص بالعلم قوما دون قوم كراهية ألا يفهموا)، دواتر ئەم ئەسەرەی ئیمامی عەلی رضي الله عنه هێناوە کە دەفەرموێ: (حَدِّثُوا النَّاسَ، بما يَعْرِفُونَ أتُحِبُّونَ أنْ يُكَذَّبَ، اللَّهُ ورَسولُهُ) (البخاري: 127) واتا: بە ئەندازەی تێگەیشتنی خەڵکی دەربارەی شەریعەت قسەیان بۆ بکەن؛ ئایە پێتان خۆشە خوداو پێغەمبەرەکەی صلى الله عليه وسلم بە درۆبخرێنەوە؟! عبدالله ی کوڕی مەسعودیش رضي الله عنه دەیفەرموو: (ما أنْتَ بمُحَدِّثٍ قَوْمًا حَدِيثًا لا تَبْلُغُهُ عُقُولُهُمْ، إلَّا كانَ لِبَعْضِهِمْ فِتْنَةً)(مسلم: 5) واتا: هەر فەرموودەیەک بۆ خەڵکی باس بکەی کە لە تێگەیشتنیانەوە دور بێت؛ ئیللا ئەو فەرموودەیە دەبێتە فیتنە بۆ بەشێکیان. هەر بۆیە هەر یەک لە زانایان ئیمامی مالیک و ئەحمەد ئەبو یوسف رحمهم الله و پێشتریش هاوەڵانی بەڕێز ئەبو هوڕیرەو حوزەیفەو ابن مەسعودو حەسەن رضي الله عنهم بە قەدەغە یاخود ناپەسەندیان دەزانی فەرموودەکانی ئەسماء و صیفات و غەڕائیب و فیتەن و ...هتد بۆ خەڵکی عەوام باسبکرێن...(فتح الباري، ابن حجر العسقلاني، مكتبة دار السلام، الطبعة الثالثة: 1/ 298) لەمڕۆشدا ڕاجیایی زانایان بۆ خەڵکی عەوام هەمان حوکم وەردەگرێ.

ج ـــ پاراستنی دین بەهۆی خۆپارێزی لە (تەلفیق). تەلفیق چەند پێناسەیەکی جیاوازی بۆ کراوە، لەوانە: دەستگرتن بە ئاسانکاری ــ رخص ــ مەزهەبەکانەوە، یاخود داتاشینی حوکمێک کە هیچ زانایەکی موجتەهید فتوای پێنەداوە، یاخود بریتیە لە تێکەڵکردنی مەزهەبەکان، یان کارکردن بە زیاتر لە مەزهەبێک لە یەک بابەتی فیقهیدا.. ئەم جۆرەیان بە ئیجماعی زانایان حەرامەو قەدەغەیە، ئەم ئیجماعەش هەر یەک لە زانایانی پایەبەرز علاء الدين الحصكفي و ابن عابدين و ابن حجر الهيتمي رحمهم الله گواستوویانەتەوە. (حاشية ابن عابدين، رد المحتار على الدر المختار، دار الكتب العلمية: ٥/ 18٥، الفتاوى الفقهية الكبرى، لابن حجر الهيتمي3/ 330)، جا ئەگەر ئەم تەلفیقە لەلایەن موجتەهیدەوە کرا ئەوە پێناسەو حوکمەکەی جیاوازەو پێی دەگوترێ: (إِحْدَاثُ قَوْلٍ ثَالِثٍ)و لای جمهوری زانایان قەدەغەیەو بەشێکیش ڕێگایان پێیداوە. جا ئەگەر بێت و لە وڵاتێکدا زیاتر لە مەزهەبێک ئیشی پێبکرێت؛ ئەوە بەردەوام مەترسی ئەوە هەیە کە خەڵکی بەبێ ویستی خۆیان بکەونە تەلفیق و بێ مەزهەبیەوە، بۆنمونە: بانگخوازێک دەڵێت: بە دەستلێدان لە خێزانی خۆت دەستنوێژ ناشکێت، لەکاتێکدا کەسی گوێگر نازانێ کە ئەمە لەسەر مەزهەبی ئەبو حەنیفەیەو پێویستە دەستنوێژەکەشی لەسەر مەزهەبی ئەبو حەنیفە هەڵبگرێت، کە واجبە لەسەری سێ یەکی سەری مەسح بکات و ئاو لە دەم و لوتی وەربدات و مەسحی گوێیەکانی بکات، وە نازانێ کە هۆکارەکانی دەستنوێژشکانیش لە مەزهەبی ئەبو حەنیفەدا جیاوازن، بۆنمونە بە هاتنەوەی مەنی و خوێن و کێمی لەبەر ڕۆیشتوو قاقاکێشانی نێو نوێژیش دەستنوێژ دەشکێت، بەمەش توشی تەلفیق دەبێت و دەکەوێتە نێو حەرامەوە بێ ئەوەی هەستیش بەخۆی بکات و عیبادەتەکانیشی پوچ دەبنەوە، علاءالدين الحصكفي رحمه الله دەفەرموێ: (أن الحكم الملفق باطل بالإجماع) (رد المحتار على الدر المختار، دار الكتب العلمية: ٥/ 18٥)، پێشەوا نەواوی رحمه الله دەفەرموێ: (ولو جاز للمسلم اتباع أيّ مذهب شاء لأفضى إلى أن يلتقط رخص المذاهب متبعاً لهواه، ويتخيّر بين التحليل والتّحريم، والوجوب والجواز؛ وذلك يؤدي إلى الانحلال من رقبة التكليف) (المجموع، دارالفكر: 1/ ٥٥)واتا: ئەگەر بۆ موسڵمان دروست بێت شوێن هەر مەزهەبێک بکەوێ کە خۆی ویستی لەسەر بێت؛ ئەوە کار دەگات بەوەی بەپێی حەزو ئارەزوی خۆی ڕوخسەتی مەزهەبەکان وەربگرێ، هەڵبژاردن بکات لە نێوان حەڵاڵکردن و حەرامکردن و واجب و ڕێگاپێدان دا، ئەوەش سەردەکێشێ بۆ هەڵوەشانەوەی پەتی تەکلیف لەسەر گەردن. هەر بۆیە دکتۆر محمد سەعید ڕەمەزان البوطي رحمه الله کتێبێکی نوسی تێیدا شەن و کەوێکی وردی بابەتی پەیوەست بوون و

پەیوەستنەبوونی بە مەزهەبێکی دیاریکراوەوە کردو وەڵامێکی زانستی هەموو ئەو کەسانەی دایەوە کە بانگەشەی بێ مەزهەبی دەکەن و کتێبەکەشی ناونا: (اللامذهبية أخطر بدعة تهدد الشريعة الإسلامية ـــ بێ مەزهەبی ترسناکترین بیدعەیە کە هەڕەشە لە شەریعەتی ئیسلامی دەکات)، پێشتریش زانای عەللامە (محمد بن زاهد بن الحسن الكوثري) کتێبێکی نوسیوی تێیدا چۆنیەتی دروستبوونی مەزهەبەکان و گرنگی و سودیان و مەترسی بێ مەزهەبی باسکردو ناوی نا: (اللامذهبية قنطرة اللادينية ـــ بێ مەزهەبی پردی بێدینیە)

دووەم: مەقصەدی پاراستنی عەقڵ. هەروەک چۆن فرە مەزهەبی بۆ زانایان هۆکارێکە لە هۆکارەکانی پاراستنی عەقڵ و فراوانکردنی ڕوانیا و دونیا بینی و فتوای واقیعیانە؛ بەهەمان شێوە تاک مەزهەبیش هۆکارێکە لە هۆکارەکانی پاراستنی عەقڵ و هۆشی خەڵکی عەوام، چونکە خەڵکی عەوام بە پێی ئەوەی هەستان و دانیشتنی بەردەوامی لەگەڵ دەقەکانی قورئان و سوننەت و سەرچاوەکانی تری تەشریعی ئیسلامی نەبووەو شارەزای بنەماکانی فرە فتوایی و ئیختلافی زانایان نەبووە؛ لەبەر ئەوە ناتوانێ بە شێوەیەکی تەندروست مامەڵە لەگەڵ جیاراییەکاندا بکات، بۆیە توشی لادانی فیکری و مەزهەبی دەبێت و زوتر دەکەوێتە ژێر کاریگەری غەزوی فیکریەوە، هەر لە بەرهەمی ئەوەشە کە خەڵکانێک کاریگەر بوو بە کلتوری ئەوروپی، خەڵکانێکی تر بە کۆنفۆشیۆسی، خەڵکانێکی تر بە بوزی، لە نێو موسڵمانانیشدا خەڵکانێک پەیدا بوو گوتیان تەنها قورئان و سوننەت، خەڵکانێکی تر پەیدا بوو لەمەشیان تێپەڕاندو گوتیان تەنها قورئان، خەڵکانێکی دیکەش هات و گوتی: لە نێو قورئانیشدا تەنها ئەم شتانە حەرام و قەدەغەیە کە بە وشەی (حرام) تەحریم و قەدەغە کرابێت، لەو لاوەش خەڵکانێک پەیدا بوو هێندە توندگیری کرد تا بوو بە تۆندڕەو و خەڵکانێی دیکەش هێندە شلگیری کرد تا بوو بە شلگرتوو، لە ئەنجامی ئەمەش ڕۆژانە گوێبیستی دەیان و سەدان فتوای سەیرو سەمەرەی وەها دەبیت کە ما أنزل الله بها من سلطان. ...هتد. هەموو ئەمانەش لە کۆتاییەکەیدا دەبنە خزمەتکارێکی گەورەی داگیرکاران و ئەهلی ئیلحاد و دژە دینان، یەکێک لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی فکرەی داگیرکاری ئەوروپی غەزوی فیکری موسڵمانان بوو، ئەمەش لە چەند ڕێگایەکەوە، دیارترینیان زەقکردنەوەی ئیختلافاتی مەزهەبی بوو لە نێو خەڵکی عەوامدا، هەروەک چۆن ڕاوێژکاری وەزارەتی داگیرکاری فەرەنسا لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا گوتی: (وأفضل طريق لتثبيت ولاية المستعمر الأوروبي على البلاد الإسلامية هو تشويه الدين الإسلامي، وتصويره في نفوس معتقديه بإبراز الخلافات المذهبية والتناقضات الشعوبية والقومية والجغرافية، مع شرح مبادئ الإسلام شرحاً يشوهها، وينحرف بها عن قيمها الأصلية، وتمجيد القيم الغربية والنظام السياسي والسلوك الفردي للشعوب الأوروبية) (الله أو الدمار، سعد جمعة: ٦٦) واتا: باشترین ڕێگا بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی داگیرکاری ئەوروپی بەسەر وڵاتانی موسڵمانانەوە شێواندنی حەقیقەتی ئایینی ئیسلامە، بە وێناکردنی لە دەرونی شوێنکەوتووانی بە دینێکی دژیەک، ئەمەش بە زەقکردنەوەی خیلافاتە مەزهەبیەکان و دژایەتیە میللی و قەومی و جوگرافیەکان و شیکردنەوەی مەبادیئە ئیسلامیەکان بە شیکردنەوەیەکی شێوێندراو، بەمەش بەها باڵاکانیان بەلاڕێدا دەبەین، هاوکات لەگەڵ بەرزکردنەوەی بەهاکانی وڵاتانی خۆرئاواو سیستەمی سیاسی و ئاکاری تاکی ئەوروپی لایان.

شوێنکەوتنی زیاتر لە مەزهەبێک لە کۆمەڵگایەکداو زەقکردنەوەی ئەو بابەتانەی کە ڕاجیایی زانایانی لەسەرە لەنێو خەڵکی عەوامدا دینی موسڵمانان دەخاتە مەترسیەوە، چونکە بە زۆری وایە عەوام دەمارگیرەو ناتوانێ ڕای جیاواز قبوڵ بکات، بەمەش دەکەوێتە تەکفیرو تەبدیع و تەفسیقی شوێنکەوتووانی ڕای بەرامبەری، ئەمەش مەترسیەکی گەورە لەسەر سەر دین و پاراستنی مەقصەدی دین لە جانیبی عەدەمەوە دروست دەکات

سێیەم/ مەقصەدی پەکڕیزی ئوممەت. پەکبونی مەزهەبی فیکری و عەقەدی و فیقهی هەر ئوممەتێک و خەڵکی هەر شارو وڵاتێک یەکسانە بە پەکڕیزی ئەم ئوممەت و ئەم شارو وڵاتە، چونکە جیاوازی لە هەر یەکێک لەمانەدا دڵەکان لێک دەترازێنێ، ئاخر ئەگەر دڵی باوەڕداران بە لێکدوری قاچەکان و پاش و پێشیان لە ڕیزی جەماعەتدا کاریگەری لەسەر دروستبێ چۆن بە جیاوازی فیکری و عەقەدی و فیقهی لەسەری دروستنابێت؟ ئەی پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم نەیدەفەرموو: (اسْتَوُوا ولا تَخْتَلِفُوا ؛ فتَخْتلِفَ قلوبُكمْ)؟ ئایە هەر یەکێک لە ئێمە بە چاوی خۆی نەیبینی و ئێستاش نایبینێ لەم کوردستانە چۆن بەهۆی جیاوازی دەستگرتن و قاچدانان و چۆنیەتی چون بۆ ڕکوع و سجود و جوڵاندن و نەجوڵاندنی پەنجەی شایەتومان لە تەحیات و...هتد چۆن برای موسڵمان دڵی پڕ دەبوو لە ژەنگ و ژار بەرامبەر براکەی؟ لە کاتێکدا خودی نوێژ خۆیشی و جومعەو جەماعەت و ڕۆژو و حەج و بۆنە ئاینیەکانی دیکەش سەرجەمیان یەکێک لە مەقصەدە ئەساسیەکانیان دەرخستنی یەکڕیزی ئەم ئوممەتە، محمد ڕەشید ڕەزا رحمه الله لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا: (لَّيْسَ الْبِرَّ أَن تُوَلُّوا وُجُوهَكُمْ قِبَلَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ)دا دەفەرموێ: ڕوکردنە یەک قیبلە لە نوێژدا بەرزکردنەوەی دروشمی یەکڕیزیە، بۆیە دەبێ ڕوکردنە یەک قیبلە هۆکارێک بێت بۆ دڵکردنە یەک قیبلە!! (تفسير المنار، الطبعة الثانية بمصر، ٢/ ١١٠)، لە تەفسیری ئایەتی: (وَأَوْحَيْنَا إِلَىٰ مُوسَىٰ وَأَخِيهِ أَن تَبَوَّآ لِقَوْمِكُمَا بِمِصْرَ بُيُوتًا وَاجْعَلُوا بُيُوتَكُمْ قِبْلَةً وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ) دا دەفەرموێ: (أي متوجهين إلى جهة واحدة، لأن الإتحاد في الإتجاه يساعد على اتحاد القلوب) (تفسير المنار، الطبعة الثانية بمصر، ٢/ 471)، هەتا شێخ محمد ڕەشید ڕەزا زۆربوون و دروستکردنی مزگەوتی زیاد لە پێویستی بە پێچەوانەی مەقاصیدی شەریعە لێکداوەتەوە، وای دەبینێ کە چەندە مزگەوتەکان زیاتر بن؛ هێندە یەکڕیزی موسڵمانان پەرتتر دەبێت، بۆیە دەفەرموێ: پێویستە مزگەوتەکان لە ئاستی پێویست زیاتر دروست نەکرێن.(تفسير المنار، الطبعة الثانية بمصر، ١١/ 39) کە من وای دەبینم: ئەگەر ئەم بۆچوونەی شێخ محمد ڕەشید ڕەزا ئەگەر بۆ کردنەوەی مزگەوتی تایبەت بە جەماعەتیش زۆر دەقیق نەبێت؛ ئەوە بۆ کردنەوەی جومعەی زیاد لە پێویست زۆر زۆر دەقیقەو پێویستە بە هەند وەربگیرێ، چونکە چەندە خوتبەو خەتیب زیاتر بن؛ هێندە یەکڕیزی موسڵمانان زیاتر دەکەوێتە مەترسیەوە.

بەهەمان شێوە تاک مەزهەبیش هۆکارێکە لە هۆکارەکانی پاراستنی عەقڵ و هۆشی خەڵکی عەوام، چونکە خەڵکی عەوام بە پێی ئەوەی هەستان و دانیشتنی بەردەوامی لەگەڵ دەقەکانی قورئان و سوننەت و سەرچاوەکانی تری تەشریعی ئیسلامی نەبووەو شارەزای بنەماکانی فرە فتوایی و ئیختلافی زانایان نەبووە؛ لەبەر ئەوە ناتوانێ بە شێوەیەکی تەندروست مامەڵە لەگەڵ جیاراییەکاندا بکات، بۆیە توشی لادانی فیکری و مەزهەبی دەبێت و زوتر دەکەوێتە ژێر کاریگەری غەزوی فیکریەوە

هەر بۆیە دکتۆر جمال الدين عطية: دەفەرموێ: (تدعيم وحدة الأمة المختلفة في وحدة العقيدة، والشريعة، واللغة)(نحو تفعيل مقاصد الشريعة، جمال الدين العطية، دار الفكر، الطبعة الأولى: ١٥٥)واتا: پاڵپشتی سەرەکی یەکڕیزی ئوممەت لە یەکبوونی عەقیدە و شەریعەت و زمان دایە.

دکتۆر أحمد بن سعد حمدان الغامديش لە کتێبەکەیدا (الوحدة الإسلامية أسسها ووسائل تحقيقها)دا چوار بنەمای داناوە بۆ دانانی بەردی بناغەی یەکڕیزی ئوممەت کە بریتین لە: (وحدة الغاية. وحدة العقيدة. وحدة القيادة. وحدة التشريع)واتا: یەک مەبەستی و یەک عەقیدەیی و یەک سەرکردەیی و یەک شەریعەتی. مێژووی ڕابردووش سەلماندوویەتی لەهەر سەردەم و شوێنێک یەک مەزهەبی فیقهی و عەقیدی هەبوو بێت؛ لەو شوێنە یەکڕیزی ئوممەت پتەوتر بووە.

چوارەم: مەقصەدی ئولفەت و خۆشەویستی. مەقصەدی ئولفەت و خۆشەویستی یەکێکە لە مەقصەدە گشتیەکان کە شەریعەتی ئیسلام کار لەسەر بەدیهێنانی دەکات لە نێوان مرۆڤەکاندا. (محاسن مقاصد الإسلام، الدكتور محمد أبو الفتح البيانوني: ٢٥٣)، هەربۆیە خوداو پێغەمبەرەکەی صلى الله عليه وسلم هەر گوفتارو ڕەفتارو کارو کردەوەیەکیان بە واجب یان سوننەت داناوە کە خزمەت بە ئولفەت و خۆشەویستی نێوان موسڵمانان بکات، وەک زەکات و بەخشین و بە هاناوە هاتنی لێقەوماوان و سەردانی نەخۆش و یارمەتی کەسی خاوەن پێویستی و سەلام کردن و تەوقەکردن و باوەش لێکدان و دەربڕینی وشەکانی ڕێزو خۆشەویستی و...هتد، لە بەرامبەردا هەر قسەو کردەوەکیان یاساغ و قەدەغە کردووە کە دڵەکان لێکبترازێنێ و ڕق و کینەیان تێبکات، وەک چەتونی و بەخیلی ڕق و کینەو غەیبەت و دووزبانی و فێڵ و قوڵبڕین و....هتد، یەکێکی دیکەش لەو کارو کردەوانەی کە ئەم مەقصەدە گشتیە دەخاتە مەترسیەوە؛ کارکردنە بە زیاتر لە مەزهەبێک لە یەک کۆمەڵگادا، کە ئەمە بەشێوەیەکی کردەیی لەم سااڵنەی ڕابردوو لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا بەدیدەکرا، بەشێوەیەک زۆربەی هۆکارەکانی پەیداکردن و پەرەدان بەم مەقصەدە یاساغ کرابوون لە الیەن سەرکردەو پێشەوای بەشێک لە ڕەوت و مەزهەبە ئیسلامیەکان، بۆنمونە/ بەشێک لە شوێنکەوتەی ڕەوتە جیاوازەکان بە تاوان و قەدەغەیان دەزانی سەلام لە ڕاجیاکان و شوێنکەوتووانیان بکرێ، بەشێکی دیکەیان زۆر بە کارێکی خراپیان دەزانی هاوسەرگیری لە نێوانی کوڕان و کچانی خۆیان و ڕاجیاکانیاندا بکەن، بەشێکی دیکەیان ڕەتیان دەکردەوە لە مەجلیسێک بن کە ڕاجیاکانیان لەوێ ئامادە بن...هتد.

پێنجەم: مەقصەدی تەمکین. مەقصەدی تەمکین لە مەقصەدی یەکڕیزی و ئولفەتی ئوممەت بەرهەم دێت، هەر کاتێک ئوممەتێک یەکڕیزو یەکهەڵوێست بوو و تاکەکانی لەسەر سۆزو خۆشەویستی کۆبوبوونەوە؛ ئەوکات ئەو ئوممەتە ئوممەتێکی بەهێزی دەستڕۆیشتوو دەبێت و زۆرترین فراوانکاری ئەنجامەدات، خودای گەورە فەرموویەتی: (وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا ۚ وَاذْكُرُوا نِعْمَتَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنتُمْ أَعْدَاءً فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُم بِنِعْمَتِهِ إِخْوَانًا) لە ئایەتێکی دیکەدا دەفەرموێ: (وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَا تَنَازَعُوا فَتَفْشَلُوا وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ ۖ وَاصْبِرُوا ۚ إِنَّ اللَّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ)(الأنفال: ٤٦)، ئەم دوو ئایەتە پێمان دەفەرموون کە هێزو سەرکەوتن و فراوانخوازی لە یەکڕیزی دایەوەو دۆڕان و تێکشکان و نەمانی سام و هەیبەتیش لە تەفرەقەو ناکۆکیکدا، هەر بۆیە کاتێک پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم گەیشتە شاری مەدینە کاری لە پێشینەی ئاشتەوایی بوو لە نێوان ئەوس و خەزرەج و بڵاوکردنەوەی ئاشتی و ئاشتەوایی و سۆزو خۆشەویستی بوو لە نێوانی شوێنکەوتووەکانی بە کۆچکارو پشتیوانانەوە، بەمەش توانی هەم دڵەکان بەدەستبێنێ هەم هێزو دەسەڵاتیش، کاتێک سوڵتان صەلاحەدینی ئەیوبیش حوکمی گرتە دەست لە میصر؛ بینی خەڵکی ئەم وڵاتە لە جیاوازی و دووبەرەکیەکی زۆر قوڵدا دەژین، ئەمەش بەهۆی بونی زۆری مەزاهیبی عەقەدی و فیقهی لەم وڵاتەداو قوڵبونەوەی خەڵکەکەی لە ڕاجیاییە عەقەدی و فیقهیەکاندا، لەسەروی ئەمەشەوە بونی لادانێکی فیکری و بیدعەیەکی زۆر کە لە ژیر چاودێری دەوڵەتی فاتیمیدا بە میصردا بڵاوبوبۆوە، بۆیە سوڵتان صەلاحەدین هەستی بە مەترسیەکی گەورە کردو بۆی دەرکەوت کە بەبێ یەکخستنی مەزهەبی عەقەدی و فیقهی خەڵکی ئەم وڵاتە هەرگیز سوپای ئیسلام یەکڕیزو یەکهەڵوێست نابێت، بۆیە بەشێوەیەکی فەرمی بڕیاریدا عەقیدەی فەرمی وڵات عەقیدەی ئەشعەری بێت و مەزهەبی فیقهی وڵاتیش مەزهەبی شافیعی بێت، ئەمەش کاریگەریەکی گەورەی هەبوو بۆ یەکخستنی موسڵمانان و هەنگاوێکی گەورە بوو بۆ یەکڕیزکردنی سوپای ئیسلام، کە لە ئایندەیەکی نزیکدا بوو بەهۆکارێکی کاریگەر بۆ ڕزگاری کردنی قودس لە دەستی خاچپەرستان. (صلاح الدين الأيوبي، الدكتور علي محمد الصلابي، دار المعرفة، الطبعة الأولى: 2003، 263)

شەشەم: مەقصەدی هێنانەدی قەواعیدو زەوابیتی (المصلحة). پێشتر گوتمان شەریعەتی ئیسلام سەرجەمی بنیادنراوە لەسەر سودو مەصلەحەتی بەندەکان، کە خۆی دەبینێتەوە لە (جلب المصلحة ودفع المفسدة)، مەصلەحەتیش لە ئیسلامدا چواردەور دراوە بە کۆمەڵێک قەواعیدو زەوابیت، بۆ ئەوەی بەڕاستی مەصلەحەو سود بێت و شەرع و عەقڵی سەلیم بە مەصلەحەی بزانێ نەوەک ئەهلی هەواو ئارەزو عەقڵی

مێژووی ڕابردووش سەلماندوویەتی لەهەر سەردەم و شوێنێک یەک مەزهەبی فیقهی و عەقەدی هەبوو بێت؛ لەو شوێنە یەکڕیزی ئوممەت پتەوتر بووە.

ناتەواو دەرونی هەوسباز، ئەمەی خوارەوە بەشێک لە قەواعید و زەوابیتی مەصلەحەن لە ئیسلامدا کە پشتگیری یەک مەزهەبی دەکەن:

١ــ قاعیدەی (درء المفاسد أولى من جلب المصالح مقيدة) واتا: لادانی زیان و زەرەدو خراپە پێش بە دەستهێنانی سودو قازانج دەخرێت، بەم پێیەش ئەگەر ئەنجامدانی کارێک چاوەڕێی چاکەو خراپەی لێدەکرا لە ئێستادا یاخود لە ئایندەدا؛ ئەوە سودەکانی ئەم کارە وازی لێدەهێنرێ، لەبەر خۆپاراستن لە زیانەکانی، لێرەشدا ئەگەر فرەمەزهەبی لای هەندێک کەس بە سودیش سەیر بکرێت؛ ئەوە واز لە سودەکەی دەهێنرێ چونکە کۆمەڵێک زیانی زیاتر لە سودەکەی لەسەر بنیاددەنرێ، ئەمیر ئیسماعیلی صەنعانی رحمه الله دەفەرموێ: (دفع المفاسد أهم من جلب المصالح عند المساواة فكيف إذا كانت المفسدة أرجح) (الصنعاني، أصول الفقه، طبعة 1988م: 198) واتا: لادانی زەرەدو زیان گرنگترە لە بەدەستهێنانی سودو قازانج کاتێک هەردووکیان لە کارو حوکمێکدا یەکسان بوون، ئەی ئەگەر خراپەکە زیاتر بوو چی؟

2ــ قاعیدەی: (إذا تعارضت مصلحة خاصة مع مصلحة عامة تُقدم المصلحة العامة إن كانتا في رتبة واحدة. لأنّ المصلحة العامّة أقوى تأثيراً من المصلحة الخاصة)واتا: هەر کاتێک مەصلەحەتی گشتی و تایبەت کە لەیەک ئاستدان تێکگیران؛ ئەوە مەصلەحەتی گشتی پێشدەخرێت، چونکە کاریگەری زیاترە لە مەصلەحەتی تایبەت. لە سەردەمی ئەمڕۆشدا بەهۆی بڵاوبونەوەی نەزانی و نەمان یاخود دەگمەنبونی موجتەهید و کەمبوونەوەی زانایان و ئەهلی زانست سودو مەصلەحەتی گشتی لەودایە پەیڕەوی یەک مەزهەب بکرێت نەوەک چەند مەزهەبێک، چونکە بێگومان تێگەیشتن لە مەزهەبێک زۆر ئاسانترە وەک لە تێگەیشتن لە چەند مەزهەبێک. ئەگەر کەسێک بڵێت ئاخر دەکرێ فرەمەزهەبیش بە قاعیدەی (رفع الحرج) پشتیوانی دەکرێت؛ ئەوە لە وەڵامدا دەڵێین: زانایانی ئایینی پێشینی کوردستان هەرچەندە لەسەر مەزهەبی شافیعی بوون؛ بەڵام لە دەیان بابەتدا بۆ لادانی حەرەج و تەنگاتاوی لەسەر ئوممەت خۆیان تەقلیدی مەزهەبەکانی دیکە کردووە، بۆیە ڕێگا دروستەکە ئەوەیە پەیڕەوی یەک مەزهەب بکرێت و بۆ کاتی پێویست و ناچاریش تەقلیدی مەزهەبەکانی دیکە بکرێت، بەڵام ئاماژە بە تەقلیدەکە بکرێت. بیرمان نەچێت زۆربەی جار خەڵکانێک بۆ سودی تایبەتی خۆیان؛ وەک خۆدەرخستن و ڕەواجدان بە کاڵای خۆیان و قەرەبالغکردنی دەوری خۆیان و سودی مالّی دونیایی بانگەشەی بێ مەزهەبی دەکەن.

ئەمە جگە لەوەی زابیتەکانی مەصلەحەش، وەک: (أن تندرج المصلحة تحت مقاصد الشّريعة) (أن تكون المصالح الشّرعية معقولة بذاتها) (يجب أن تكون المصلحة الشّرعية حقيقية غير متوهّمة) پشتیوانی یەک مەزهەبی دەکەن، چونکە وەک باسمان کرد مەقاصدی پاراستنی دین و عەقڵ و یەکڕیزی ئوممەت و ئولفەت و تەمکین هەموویان لە پەیڕەوکردنی یەک مەزهەبی دێنەجێ، بە درێژایی مێژووش جێگیر بووە کە یەک مەزهەبی سودی زیاتری گەیاندووە بە ئوممەت نەوەک فرەمەزهەبی، بۆیە مەصلەحەتەکە حەقیقیە....

هەر لەبەر ڕەچاوکردنی ئەم مەقاصیدانەی سەرەوەیە کە بە درێژایی مێژوو دانیشتوانی زۆرێک لە شارو وڵاتان پەیڕەوی تەنها یەک مەزهەبیان کردووە، لەمڕۆشدا بەشێک لە وڵاتانی ئیسلامی گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە یەک مەزهەبی خزمەتی زیاتر بە دینداری و یەکڕیزی و ڕوحی برایەتی دەکات، بۆیە تاکە مەزهەبێکیان وەک مەزهەبی فەرمی وڵات ناساندووە یاخود زاناکانیان خۆیان پەیڕەوی تاکە مەزهەبێک دەکەن لە کاتی بانگەوازو فتواداندا، هەروەک چۆن زانایانی ئایینی پێشینی ئێمە لە کوردستان تەنها پەیڕەوی مەزهەبی ئەشعەری لە عەقیدەداو مەزهەبی ئیمامی شافیعیان دەکرد لە فیقهدا، بۆ نمونە وڵاتی مەغریب مەزهەبی مالیکي وەک مەزهەبی فەرمی دەوڵەت ناساندووە، موفتی ئەردەن کە دەسەڵاتی لە ئاستی وەزیری ئەوقافدایەو بە فەرمانی شا عبدالله بە تاکە هێزی فەرمی ئایینی ناسێنراوە مەزهەبی شافیعی وەک پەیڕەولێکراو ناساندووە، وڵاتی مالیزیاش کە جێگای شانازی وڵاتانی موسڵمانننشینە عەقیدەی ئەشعەری و مەزهەبی شافیعی وەک مەزهەبی فەرمی دەوڵەت ناساندووەو ڕێگا بە هیچ کەسێک نادرێ بانگەشە بۆ جگە لەم مەزهەبە عەقەدی و فیقهیە بکرێ، بۆیە وای دەبینم هەرێمی کوردستانیش کە لە قۆناغی خۆکۆکردنەوە دایە بۆ سەربەخۆیی، یاخود بۆ بنیادنانی هەرێمێکی بەهێز لە ناوچەکەدا وا پێویستە هەنگاوە بۆڕانەکە بنێت بە ئاراستەی دیاریکردنی مەزهەبێکی عەقەدی و فیقهی بۆ هاووڵاتیانی موسڵمان، بۆ ئەو مەبەستەش ڕەچاوی عەقیدەو شەرعی زۆرینەی زانایان و خەڵکی بکرێ، بۆ ئەوەی سەرجەم ئەم مەقاصیدانەی ڕابردوو بێنە جێ.

بانگەوازێك
بۆ ماموّستایانی ئایینی

مەلا عبدالله مەلا محمد هەڵەبجەیی
ئەندامی ئەنجومەنی باڵای فەتوا



بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان

سوپاس بۆیەروەردگاری تاك و تەنها درودی پر لە خۆشەویستی بۆ گیانی پیاك و بێگەردی پێغەمبەرو یاروو یاوەرانی و شوێنکەوتوانی تا رۆژی دوایی.

أعوذبالله من الشيطان الرجيم .(وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَا تَنَازَعُوا فَتَفْشَلُوا وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ وَاصْبِرُوا إِنَّ اللَّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ) الانفال:46.

بەڕێزان: من کەخۆم بە ئەندامێکی خزمەتگوزارو بچوکی ناو کۆمەڵگای ئیسلام و موسڵمانان و باوەرداران دادەنێم، سوپاس بۆ خودا وەخۆیشم لە هیچ ئەندامێکی ئەم کۆمەڵگایە بە باشتر نازانم. بەڵام هەر وەکو هەستکردنم بەهەندێ کەم و کورتی ناو کۆمەڵگاوە لەبەر بەرپرسیارەتی سبەی بەدەم خودای بەتواناو بە دەسەلآت بە پێی فەرمودەکەی پێغەمبەری ئازیزمان (دروودی خودای لەسەر بێت) کە دەفەرموێت (الدين النصيحة) بە پێویستم زانی هەندێ کارو ڕوداوێك کە لەم ماوەدا لە ناو کۆمەڵگەدا بووە هۆی نیزاعو جەدەلی ناوەوەو لە سنوور دەرچوو لە بەینی ئەندامی کۆمەڵگاکەماندا و ترسناك و زیان بەخشە بۆ موسڵمانان و ئیمانداران زۆر بە داخەوە.

بەڕێزان: هەروەکو دەزانین و ئاشکرایە کە جموجۆڵێکی نهێنی ئەمرۆ لە ناو کۆمەڵگاماندا خەریکی تێك شکاندنی پەیوەندی و خۆشەویستی نێوان موسڵمانانە بەهۆی هەندێ کاروباری لاوەکی، کە هیچ سودێکی نیە جگە لە تێکدانی نێوان و غافڵ کردن و لادانیان لە ڕوبەڕووبونەوەی خراپەکاری، ئەرکە گرنگەکانی سەرشانی ئەندامی کۆمەڵگاکەمان وە خەریك کردنیان بە کاری زۆر بێ سوود وە بگرە زۆر زیان بەخشیش. هەر وەکو کورد وتەنی (مردوو لەوێ کەوتووە بەربونەتە زیندوو) چونکە هەر وەکو ئاشکرایە لای هەمووان دوژمن و ناحەزانی ئیسلام و موسڵمانان لە ڕێگەی ڕاستەوخۆ ناراستەو خۆ بەهەمو شێوەیەك و بە ڕێگەی جیاوازو خراپ خەریکی پلان گێرین و وێرانکردنی کۆمەڵگامانن . وە بەروخاندن و وێرانکردنی باوەرو ئیمان لە ناو دڵی موسڵمانان وە ناشرینکردنی سومعەو ئاینەکەمانن، وەبە هەمو توانایانەوە دژ بە ئاینی ئیسلام و پێغەمبەرە دڵسۆزەکەی ڕادەوەستن سا بەڵکو بتوانن ئیسلام و موسڵمانان ڕووت و ڕیسوا بکەن وەچرای دینەکەمان بکوژێننەوە، بەڵآم (يُرِيدُونَ لِيُطْفِئُوا نُورَ اللَّهِ بِأَفْوَاهِهِمْ وَاللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ) ماوەیەکە: هەندێك دەرون تاریکی ڕەوشت نزم ڕوی ناپەسەند و زوبانی جەد کاریان کردوەتە حەزرەتی پێغەمبەری ئازیزو دڵسۆز سەرجەم مرۆڤی بەتانەو تەشەری بێشەرعی بێ بنەماو تۆمەتی ناجۆرو درۆو دەلەسە، کە دەیانەوێت بەخەیاڵی پڕوپوچیان دەریا بەدەمیان پیس بکەن. وەلە لایەکی ترەوە هەندێ بەناو خۆێندەوارو ڕوناکبیر کە ئێمە زۆر ڕێزو پێزانینمان هەیە بۆ سەرجەم ڕۆشنبیران دەیانەوێت فەرمودە پڕ لە حیکمەت و موعجیزەکانی قورئان لە بەرچاو ڕووی خەڵکی ساویلکە و ناحالی بشێوینن. کە من لەو باوەڕەدام کە هەر خۆشیان پاش ماوەیەکی کەم لەو تۆمەتانەو تەشەرانە یان پاشگەز دەبنەوە. وەهەنێکی کەش لەژێر پەردەی ڕواڵەتی بەناو ئیسلام گوایە ئەوان باشترو چاکتر لەسەرچاوەکانی ئاین لە پێشینەکان تێگەیشتوون قورئان و سونەت دەکەنە بیانو وەزۆر بەتوندو تیژو بە ڕێگەی تۆقاندن و ناشرین کردنی ڕێبازی پیرۆزی ئاین ناشرین دەکەن، بەجۆرێك تەنانەت موسڵمانە باوەردارەکانیش تێك دەدەن، چونکە ئاین بە هێزێکی زۆر درندەو ترسناك دەخەنە پێش چاوی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی.

زۆر بەداخەوە ئا لەم بارودۆخە تەنگەدا دەبینین، خوێندەوارو ڕۆشنبیرو بانگخوازانی دڵسۆز بەئاین وازیان لە جیهادی فیکرو بەرنامەی ڕاستی گەیاندن هێناوەو زۆر بێ ئاگا بەربونەتە گیانی ناوەرۆکەکانی، چۆنیەتی هەڵسان بە جێ بەجێ کردنی عیبادەت و خواپەرستی بەناو ناتۆرەی (فلآن کار بیدعەیەو فیسار شرکەو ئەوەی تر دووروی و منافیقیەو...) هتد. فلآن کۆمەڵ بیدعە چیو ئەوەی تر لە دین دەرچووە ئەوانەی تریش مەزهەبین و دەیەها ناو ناتۆرەی جۆراوجۆر لە کۆمەڵگاکەماندا خەریك کراوون.

جا بۆیە من وەکو بچوکترین ئەندام و خزمەتگوزاری پیرۆزی ئیسلام لەگەل قوڵپی گریانمان هاوارم بەرز دەکەمەوە و دەڵێم: ئەی خوێندەواران و ڕۆشنبیران و بانگخوازان ودڵسۆزەکانی ئاینی ئیسلام لە خەوی غەفڵەت و بێ ئاگاییتان هەڵسن و دەم و دەست و زوبانتان و دڵتان یەك

"با هەر هەموومان نەفرەت بکەین لە شەیتان و پلانەکانی و واز لەم ناکۆکی و نزاع و چەلەحانێ و ئەنانیەت و خۆپەرستی و ڕێزنەگرتنی ڕاو بۆچونی یەکترو رازی بوون بەتەنها عەقل و بیرو بۆچوونی خۆیی و تۆمەتبارکردنی یەکتر بە تۆمەتی بدعەو کوفرو لادان لە دین و قسەو فشاری نارەوا بێنین"

بخەن بۆ جیهادی فیکرو بیروباوەر بەرامبەر ئەو هەموو هێزە دروستکراوانەو هێنراونە کە کەمێکمان باسکرد. بە بڕواو بۆچوونی من ئەم خەریك کردنەوی ئێوەش بەم کارە لاوەکیانەوە بەشێکە لەو بیرە دەرەکیە بزوێنەرانە کە هێزی بەرگری و جیهاد لاواز دەکان خودا پەنامان بدات، دەڵێم: خۆ خەریك کردن بەم جۆرە کارانە زیانێکی زۆر دەگەینێت بە کۆمەڵگامان و وە زۆر ترسناکترە لەوانە پێشوو کە باسکران.

چونکە:

1. ئەم کارانە و خەریك کردنی لاوەکان پێوە وەکو ئەوە وایە گورزێکی گران و کاریگەر بدەیت لە کۆمەڵگاکە کەدەبیتە بێ هێزو لاوازکردن و دوودڵی و تەفرەقە کە ئەوەش خۆشکردنی ڕێگای زەفەرکردن و تیکشکاندنی ڕێزو بەرگری کۆمەڵگاکەمانە.

2. ئەم کارانە بێ گومان کاتێ (دەوروژێنی) بە هەر مەبەستی هەبێت دەبێتە هۆی تێك دان و لاوازکردن و تاریکی لە ناو مێشکی زۆر لە گەنج و لاوە خوێن گەرمەکانو پڕ کردنی لە هەستی ڕقو کینەو موتمانەیی لەناو کۆمەڵگەکەماندا، کە ئەمەش گەورەترین خەتەرو زیانە لە بەر گوێی کۆمەڵگاکەمان، دواجاریش دەبێتە هۆی لادانی

"بەناو ناتۆرەی (فلأن کار بیدعەیەو فیسار شرکەو ئەوەی تر دووروی و مونافیقیەو...) هتد. فلأن کۆمەڵ بیدعە چینو ئەوەی تر لە دین دەرچووە ئەوانەی تریش مەزهەبین و دەیەها ناو ناتۆرەی جۆراوجۆر لە کۆمەڵگاکەماندا خەریك کراوون"

هەندێکی لە ئاینەکەشیان زۆر بەداخەوە.

3. لە ڕاستیدا جیهادی واجب و پێویست لەم بوارەی ئەمڕۆماندا بریتیە لە بەرانبەری کردن و بەروەنگاربونەوەیە لەگەل ئەو هەموو دەم درێژو زوبان هەڵوەرینە، کە دەکرێتە سەر قورئانی پیرۆزو پێغەمبەری ئازیزمان (درودی خودای لە سەر بێت) لە ملاو لەو لا بە شێوەیەکی سەردەمانە هەر وەکو خوا ئاماژەی بۆ دەکات: (فَمَنِ اعْتَدَى عَلَيْكُمْ فَاعْتَدُوا عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا اعْتَدَى عَلَيْكُمْ) البقرە: 164. ئەمڕۆ کاتی بەرەنگاربونەوەو جیهادی فیکرو بیرو بۆچونە کە دوژمنان و ناحەزانی ئیسلام دەیانەوێت بیرو بۆچون و ڕاستیەکانی ئاینی ئیسلام پوچەڵ و هەڵوە شێننەوە بەچەندین چەکی قورس و نالەباری دژ بە یەکتاپەرستی و ڕەوشت بەرزی کە ئاینی ئیسلام سەرتاپا بۆ ئەوە هاتووە، جا خۆ ئەگەر ئێمەی خەوالۆ هۆش و بیر لانەماو زوو بە زوو وە تا کار لە کار نەترازاو نەیەینەوە هۆشی خۆمان و خەبەرمان نەبێتەوە، ئەوا هەموو سەرکەوتنە جوانەکانی ئیسلامان لە ناو نامینی و دەبینە مەڵەوانی کونە لە دەست بەربوو، وە دوارۆژمان هەر لە ناوچوونە لە دونیاداو وە سەر شۆڕیشە لە بەرامبەر خوادا لە دوارۆژدا، وە ئێمەی ئەمرۆ بەرپرسین لەم کارەساتانە دەبا واز لە نیزاع و چەڵەحانەیە بینێن وە دەست و دڵمان بکەینە یەکو پەنا بەهێزی لە بن نەهاتووی خودا بەرەنگاری ئەم کارەساتانە ببینەوە ان شا اللە.

4. هیوادارم وروژاندنی ئەم بۆچون و چەڵەحانانەی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگاکەمان هەر هەست و بۆچونی خۆیان بێت نەك خوانە خواستە دەسیسە و موئامەرەیەکی دەرەکی بێت. چونکە ئەمانە زۆرتر خەتەرو کاریگەرترە بۆ سەر کۆمەڵگاکەمان. وان شاو اللە ئەگەر بۆچونە جیاجیاکان خۆمالێی بن وەخوای پەروەردیگار هیدایەتمان دەدات و زاڵدەبین بەسەریاو لەو خەوە قوڵە خەبەرمان دەبێتەوە. وە بە هێزتر دەبین بەرامبەر ناحەزان.

خوشك و برایانی ئیماندار: ئەم چەند خاڵانەی سەرەوە کە من وتوومەوە بەشێکە لە ناتەواوی و هۆکاری بێ هێزبوونی کۆمەڵگاکەمان. کە هیوادارم خوای پەروەردگار لە خەوی غەفڵەت و بێ ئاگایی هۆشیارمان بکاتەوە .وە وەکو خزمەتگوزارێکی بچوکی ئیسلام و موسڵمانان گوێم لێ بگرن و سەرنجتان ڕادەکێشم بۆ چەند ئامۆژگاریەکی دڵسۆزانە کە خۆیشم زیاتر لە ئێوە پێویستمە خودا هیدایەتمان بدات.

بەڕێزان: ماموستایان ڕۆشنبیران و بانگخوازە دڵسۆزەکان خوشك و برایانی موسڵمان ئەو ئامۆژگاریانەی منیش ڕووی هاوارو بانگم دەکەمە ئێوەو دەڵێم: دەبا لە بەر خاتری خوای گەورە بەدەسەلآت و لەبەر زویر نەبونی پێغەمبەری ئازیزو خۆشەویستمان (درودی خودای لەسەر بێت) لە بەر پتەو کردن و بە هێزکردنی بەرگریمان وەلەبەر ڕێك و پێکی ریزەکانی کۆمەڵگاکەمان و کۆمەڵگای ئیمانداران و بۆ پوچەڵکردنەوە ی پلانی ناحەزانی ئیسلام و وەبۆ برین و پچراندنی تەماحی دوژمنان و وە بۆ زیندە بەچاڵکردنی فیتنەو پلانی کافران و زیاتر بە هێزو گەورە کردنی یەکێتی و دل و دەرونی ئەندامانی کۆمەڵگاکەمان، با هەر هەموومان نەفرەت بکەین لە شەیتان و پلانەکانی و واز لەم ناکۆکی و نزاع و چەڵەحانێ و ئەنانیەت و خۆپەرستیو ڕێزنەگرتنی ڕاو بۆچونی یەکترو ڕازی بوون بەتەنها عەقل و بیرو بۆچوونی خۆیی و تۆمەتبارکردنی یەکترو بە تۆمەتی بدعەو کوفرو

لادان له دین و قسەو فشاری نارەوا بێنین، وە خۆمان بخەینە ژێر سێبەری فەرمودە گەورەو راست و پر لە دڵسۆزیەکەی خوای پەروەردگار کە دە فەرمویێت: (وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَا تَنَازَعُوا فَتَفْشَلُوا وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ وَاصْبِرُوا إِنَّ اللَّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ) الانفال: 46.

بەرێزان: ئێوەی دڵسۆزو خەمخۆری بیروباوەرو ئایینە پیرۆزەکەتان بێگومان زۆر لە من چاکترو جوانتر لەو هەرەشەی خوا کە لە مەبەستی ئایەتەکەدا ئاماژەی بۆ کردووە تێ دەگەن و حالین.

جا لەبەر ئەوە داوام لە هەموو لایەك با لەخەوی بێ ئاگایی هۆشیار ببینەوەو تا زووە هەر هەموومان بچینە ژێر سێبەرو سایەی ئایەتە پیرۆزەکەی خوا کە دەفەرمویێت: (وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا) الحشر: 7. وە فەرمودەی پێغەمبەری ئازیزمان کە دەفەرمویێت (ومانهيتكم عنه فاجتنبوه وما أمرتكم به فاتوا منه ماستطعتم فانما أهلك من كان قبلكم كثرة مسائلهم واختلافهم على انبيائهم) رواه البخاری ومسلم

دەبا هەر هەموومان دەست لە ناو دەست و دڵی پر لە هێزو هەستو پشت بە هێزو توانای نەبراوەی خودا یەکبگرین و باوەشی راستیو دڵسۆزی بکەینەوە بۆ یەك واز لە هەر هەموو ئەو کاروبارە لاوەکیانە بێنین. کە دەبێتە دوو دڵی و ناکۆکیو دورکەوتنەوە لە یەك و بەرەڵاکردنی رێگاو کەلەبەر بۆ هاتنە ژورەوەی دەست و هەست و پلانە گڵاوەکانی ناحەزو دوژمنانی ئیسلام وە ئاسانکردنی جێ بە جێ کردن پلانەکانیان.

با هەر هەموومان بزانین کە ئەوەی پێغەمبەر لە لایەن خواوە بۆی هێناوین یا فەرزو سونەتە وە ئەوەیشی نەهی لێ کردووە یا حەرام و ناجۆرە یان مەکروهو خراپە وە ئەو کارو هەڵسوکەوتانەش کە نە بۆی هێناوین وەنە نەهیشی لێ کردوە کە نەیکەین پێی دەوترێت (مباح) واتە ئەگەر کارو کردارێکی چاك و باش بوو دەتوانین بیکەین یان نەیکەین. وە ئەوانەشی چاك نین لێی دورکەوینەوە، جا کەواتە با بە هیچ شێوەیەك خۆمان بەم کارانەوە خەریك نەکەین و لە باتی ئەوە خۆمان بە هەندێ کار سەرقال کردووە وەکو ریش هێشتنەوە یان نەهیشتنەوە یان لە نوێژدا لینگ بلاّو دەکاتەوە یان نا، یان هەر ئەوانی تر با ئەو گرنگیەی بەو کارانە دەدەین روو بکەینە پلان و دژایەتی کردنی قورئان لە لایەن ناحەزانی ئایینەکەی و، وە هەموو هێزمان بکەینە یەك بۆ بەرەنگاریکردنی ئەو هەموو جۆرە پلانانەوە، نیەت و نیازی جیهادی فکری بهێنین و رێبازی ئایینەکەمان پاککەینەوە لەهەموو ناحەزان.

دەبا هەر هەموو بچینە ژێر سێبەری ئەو ئایەتە پیرۆزەی سەرووە کەدەفەرمویێت: (وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا) الحشر:7 .

بۆچی کورد مەزهەبی ئیمامی شافیعی پەیڕەو کردووە؟

مەلا عبدالله شێرکاوەیی
ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی و بەرپرسی راگەیاندنی یەکێتی زانایان

یەکێ لەو هەنگاوە گرنگ و فەزڵە گەورانەی خوای پەروەردگار وەک منەت بەسەر ئوممەتی ئیسلام باسی کردووە، ناردنی پێغەمبەری پێشەوایە (سەلامی خوای لێ بێت) کە لە پێناو گەیاندنی پەیامی خوای پەروەردگار بە مرۆڤایەتی و جێبەجێکردنی شەریعەت لەسەر زەوی، توانی لەماوەی پێغەمبەرایەتیدا پەیامی ئیسلام بە جوانی و بێ کەم و کوڕی بگەیەنێت و، ڕێبازو میراتێکی گەورەی هیدایەتدەرو زانستی پێشکەش بە ئوممەت بکات.

دوای وەفاتی ئەو بۆ درێژەدان بەم ڕێبازە پیرۆزەو، تەبلیغ و بڵاوکردنەوەی ڕێنماییەکانی ئیسلام، لە پێناو خزمەتکردنی شەریعەت و ڕوونکردنەوەو گەیاندنی بە مرۆڤایەتی، ئەرکەکە وەک میرات کەوتە سەر شانی زانایانی ئیسلام، بەو پێیەی خوای گەورە پێگەی زانست و زانایانی پایەدار کردووەو، بەرچاو ڕوونی بە مرۆڤ داوە لەکاتی پێویست بگەڕێنەوە بۆ زانایان، وەک دەفەرموێ: (فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِنْ كُنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ) الأنبياء:7. هەروەها پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێ: ((وَأَنَّ الْعُلَمَاءَ هُمْ وَرَثَةُ الأَنْبِيَاءِ، وَرَّثُوا العِلْمَ، مَنْ أَخَذَهُ أَخَذَ بِحَظٍّ وَافِرٍ)) رواه البخاري. یاخود دەفەرموێ: « إِنَّ اللَّهَ يَبْعَثُ لِهَذِهِ الأُمَّةِ عَلَى رَأْسِ كُلِّ مِائَةِ سَنَةٍ مَنْ يُجَدِّدُ لَهَا دِينَهَا » رواه أبو داود.

به حوکمی بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام و فراوانبوونی بازنەی موسڵمانێتی لە ناوچەکەو، زۆربوونی خواست و گۆڕانی واقع و گەڕان بەدوای تێگەیشتنی دروست لە شەریعەت، ئەرکی زانایانی ئیسلام وەک بەرپرسیارێتی دۆخەکە قورستر خۆی نواند، بۆیە چەندین کەڵە زانای مەدرەسەو مەزهەبی فیقهی بە ئامانجی خزمەتی تێگەیشتن لە دین و ڕوونکردنەوەی بابەتە فەرعی و ئیجتیهادییەکان هاتنە کایەوە، دیارترینیان مەزهەبی ئیمامی ئەبو حەنیفەو ئیمامی مالیک و ئیمامی شافیعی و ئیمامی حەنبەڵی بوون، کە تا ئێستاش ئەم چوار مەزهەبە دیارو بەربڵاون لە وڵاتانی ئیسلامی و، بە درێژایی دوازدە سەدە هەژموون و کاریگەری و ناوو ناوەرۆکیان لە زیهنی پەیڕەوانی ئایین زیندووەو، خزمەتێکی گەورەیان لەبواری زانستی و فیقهی و تێگەیشتنی دروست و توراسی ئیسلامی و؛ ئاراستە کردنی موسڵمانان بەرەو پابەندی بە شەریعەت و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەق و هەڵێنجانی حوکمی شەرعی و ڕوونکردنەوەی بابەتە ئیجتیهادییەکان و دارشتنی بنەمای زانستی و ڕێسای بنەڕەتی بۆ شرۆڤەی دەقەکان پێشکەش کردووە، ئەم مەدرەسە فیقهیانە زادەی تێگەیشتنی گەورە زانایانن بۆ خزمەتی ئیسلام و موسڵمانان و فەزیلەتی زۆریان بەسەر شوێنکەوتووانی ئوممەت هەیە، نەک هاودژو پێچەوانەی یەکتری بن، چونکە ڕاجیایی و ئیختیلافی ئەوان لە خودی دین نەبووە، بەڵکو بۆ خزمەتی دین و شرۆڤەی ئەو لایەنە بووە کە مەجالی ئیجتیهادی لەخۆ گرتووە، بەواتایەکی تر ڕاجیایی و جیاوازی نێوان موجتەهیدو مەزهەبەکان لە

> **"کورد وەک گەلێکی موسڵمانی ئەهلی سوونە کە بەشداری و هاوبەشیەکی دیارو کارای لە بنیاتنانی شارستانیەتی ئیسلامی هەبووە؛ لە ووی ڕێبازی فیقهییەوە بە درێژایی پتر لە دە سەدەیە پەیڕەوی لە مەزهەبی ئیمامی شافیعی کردووە"**

ئەسڵ و ئوسوڵی شەریعەت نەبووە، بەڵکو لە تێگەیشتنی دەقەکان و شۆڕکردنەوەو جێبەجێکردنی ڕێسا گشتیەکان بەسەر ڕێسا فەرعیەکان خۆی بینیوەتەوە، بە لەبەر چاو گرتنی سەرچاوەی سەرەکی و بنەڕەتی کە قورئان و فەرموودەیە.

مەزهەبی پێشەوا شافیعی- ڕەزای خوای لێ بێت- وەک مەزهەبێکی دیاری زانستی و فیقهی و مەنهەجی و بنچینەیی و هەڵێنجراوو لە قورئان و فەرموودە، سروشت و تایبەتمەندی و هەڵەکەوتەی خۆی هەیە، کە لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ ئیمام ئەبو عبدالله محمدی کوڕی ئیدریسی کوڕی عەباسی کوڕی عوسمانی کوڕی شافعی کوڕی سائبی موتەلیبی قوڕەیشی (150هـ - 204هـ)، لە شاری غەززەی وڵاتی فەڵەستین لەدایکبووە، بۆیەش بە شافیعی ناوی دەرکردووە، چونکە باپیرەی گەورەی (شافعی کوڕی سائب) سەحابە بووەو لەرووی نەسەبەوە دەگاتەوە نەسەبی پێغەمبەرو (درودی خوای لەسەر بێت) قوڕەیشی بووە، ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی ئەو فەرمودەیەی پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) کە دەفەرموێ: (النَّاسُ تَبَعٌ لِقُرَيْشٍ فِي هَذَا الشَّأْنِ، مُسْلِمُهُمْ تَبَعٌ لِمُسْلِمِهِمْ، وَكَافِرُهُمْ تَبَعٌ لِكَافِرِهِمْ، وَالنَّاسُ مَعَادِنُ، خِيَارُهُمْ فِي الجَاهِلِيَّةِ خِيَارُهُمْ فِي الإِسْلاَمِ، إِذَا فَقِهُوا..) رواه البخاري ومسلم. هەروەها لە تیرەی بەنی موتەلیبە کە فەزڵی ئەم تیرەیە لە نەژادی پێغەمبەر زۆرەو، ئەوانەی لەڕێی ئەم نەسەبەوە دەگەنەوە پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) لە زەنجیرەی نەژادی ئەو هەژمار دەکرێن، کەواتە ئیمامی شافیعی خاوەنی ئەم فەزیلەت و شەرەفە گەورەیەیە. وێڕای ئەوەی ئەم زاتە بەرێزە یەکێک بووە لەوانەی لە خێرولقڕون ژیاوە، کە پێغەمبەر(درودی خوای لێ بێت) لە بارەیانەوە دەفەرموێ: (خَيْرُ أُمَّتِي الْقَرْنُ الَّذِينَ يَلُونِي، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ) رواه مسلم. ئەمەش بە بەراورد لەگەڵ ئیمامە بەرێزەکانی تر تایبەتمەندی ئیمامی شافیعی بووە.

ئیمامی شافیعی کە لە سەردەمی گەشەی زانستی و سەقامگیری حوکمڕانی و سەرهەڵدانی نووسینەوەی زانستەکان و مەدرەسە فیقهی و عەقیدەییەکان ژیاوە، سوارچاکێکی کاراو دیاری زەمان و زەمینی خۆی بووە، فیقهناسێکی گەورەو کەسایەتیەکی هەڵکەوتەو زانستی و خاوەن فکرێکی تیژو هەستێکی قوڵ و بەهرەیەکی بێ سنووری حیفزو دەربڕین و روانینژی و تێگەیشتن و زیرەکی و زەکاوەت بووە، لە ئەدەب و زانستەکانی چەرخی خۆی وێنەی کەم و لە رووی دانایی و دینداری و تەقواو زوهدو تەوازوع و وەرع و وریایی لە لوتکەدا بووە، هەڵکەوتوویکی بەئاگاو هۆشیار بووە لە رووداوەکانی رۆژگارو ئاڵنگارییەکانی ژینگەی خۆی، لە بواری نووسین و تەئلیفات و دانانی ڕێسای زانستی فیقهی ناوسراو بە (أصول الفقه) دەسپێشخەر بووەو بناغەی مەزهەبی داناوە،و دانەری یەکەمین کتێبی ئەم زانستەیە بەناوی (الرسالە)، کە بەسەرچاوەی یەکەمی بنیاتنانی ڕێسا بنچینەییەکانی مەزهەب دادەندرێت.

ئیمامی شافیعی- ڕەزای خوای لێ بێت- وەک فەقیهو موجەدیدی سەردەمی خۆی، دەستێکی باڵای هەبووە لە پارێزگاریکردن لە عەقیدەی ئوممەت و سەرخستنی سوونەت لەڕێی دانانی یاساکانی زانستی فەرمودەناسی و ڕەواندنەوەی گومانەکان و هەڵوەشاندنەوەی هەوڵە بێ بنەماکانی بەرهەڵستکارانی ئایین و کۆکردنەوەی هەردوو مەدرەسەی (ئەهلی ڕەئی لەعیراق و ئەهلی حەدیس لە حیجاز) و دارشتنی ڕێسا بنچینەییەکانی زانستی فیقهناسی و سەررێژی ئیجتیهادەکانی بە بەڵگە، واتە وێڕای پشت بەستن بە قورئان و فەرمودەو ئیجماع و قیاس و بۆچوونی یاوەران، لە چوارچێوەی ئەو بنەما گشتی و ڕێسا بنەڕەتیە زانستیە گرنگانە کاری کردووە، کە ئیمامی شافعی وەک سەر مەزهەب و دامەزرێنەر؛ بناغەی بۆ داناوەو سوودی لە ئەزموونی تێکڕای تێڕوانین و مەدرەسە فیقهیەکان وەرگرتووە، لەو ساوە تا ئێستا ئەم مەزهەبە ڕۆڵی پێشەنگی لە ساغکردنەوەو دارشتنی بنەماو ڕێسای فیقهی گێڕاوەو، کاریگەری لەسەر نەخشەڕێی هۆشیاری و تێگەیشتنی دروست و زانستی لە جیهانی ئیسلامی داناوەو دۆخی زۆرێک لە وڵات و کۆمەڵگە موسڵمانشینەکان بە ڕێڕەوی ئەم مەزهەبە ڕووناک بووە.

کورد وەک گەلێکی موسڵمانی ئەهلی سوونە کە بەشداری و هاوبەشیەکی دیارو کارای لە بنیاتنانی شارستانیەتی ئیسلامی هەبووە؛ لە ڕووی ڕێبازی فیقهییەوە بە درێژایی پتر لە دە سەدە پەیڕەوی لە مەزهەبی ئیمامی شافیعی کردووە، تا ئەو ئاستەی لە ئەنجامی ئەم پەیوەندی و پابەندییە؛ کورد بەم مەزهەبە نێوبانگی دەرکردووەو، وەک باڵێی ئیمامی شافیعی لەهەناوی کورد کەوتبێتە خوارەوە، بۆتە ڕەمزی یەکبوونی کوردو سیمایەکی دیاری کۆمەڵگەی کوردەواری، بەدەر لە ئینتیمای قەومی و قەبەلی؛ میللەتی کورد هەم فەزڵ و قازانجێکی گەورەی مەعنەوی و مەعریفی و شارستانی و کلتوری بۆ خۆی وەرگرتووە، هەمیش خزمەتێکی گەورەی بەرامبەر ئەم مەزهەبە نواندووە، گەورە زانایانی کورد بەشێوەیەکی ئاسایی و دوور لە هەر ناکۆکی و دەمارگیری و جەدەلی ئەوەی کام مەزهەب بۆ کورد گونجاوە باشە یان لە پێشترە، مەزهەبی ئیمامی شافیعی هەڵبژاردووەو دیراسەو پەیڕەوی کردووە، بوونی سەدان و هەزاران مەدرەسەی زانستە شەرعیەکان لەسەردەم و شوێنە جیاجیاکانی کوردستان و بەرهەمی زانستی زانایان؛ بەڵگەی ئەو ڕاستیەیە کە کورد نەک تەنها بایەخی بە بڵاوبوونەوەی مەزهەب لە ناو کورد داوە، بەڵکو ڕۆڵێکی گەورەشی لە بڵاوبوونەوەی ئەم مەزهەبە لە ناو گەل و وڵاتانی تر گێڕاوە، هەر ئەمەشە وای کردووە ئەم ڕێڕەوە ڕەنگدانەوەی ئەرێنی و قوڵی لەسەر هزرو بیرو نەریت و کلتورو واقعی کورد هەبێت و، ڕۆژ بە ڕۆژ ئەم مەزهەبە گەورترو باڵاتر لەناو هەگبەی دیناسی و کلتوری و فکری و زانستی زانایانی کورد گەشە بکات.

بەو پێیەی مەزهەبی شافیعی بۆتە جێی متمانەو قەبوڵ و پاشخانی زانستی فیقهناسان، بە سێیەمین مەزهەبی ئەهلی سوونە لە ناو مێژووی موسڵمانان دادەنرێت، هەروەک لەرووی ئیمتیدادی مەزهەبیەوە یەکێکە لەو ڕێڕەوە فیقهییانەی تا ئێستا پانتاییەکی زۆری لە جیهانی ئیسلامی بەرکەوتووەو، بۆتە سەرچاوەو جێی قەبوڵ و وەرگرتنی بەشێکی زۆر لە گەورە زانایان ئۆممەتی ئیسلامی، لەناو کوردیش ڕەگ و ریشاڵی مێژوویی قوڵی هەیەو ڕێڕەوی زاناو پێشەوا هەڵکەوتووەکان بووە، تا ئێستاش ئیجتیهادو کۆششە زانستیەکانی ئەم مەزهەبە بە زیندووی ماونەتەوەو سەرچاوەی دونیابینی و هۆکاری یەکڕیزی و یەک گوتاری میللەت و هەوێنی ئاشتی کۆمەڵایەتی و لە بەرچاوگرتن و پاراستنی بەرژەوەندییە گشتیەکانی موسڵمانانن، پشت ئەستوور بەو بنەماو تێگەیشتنە ڕەسەنە فقهیە زانستیانەی مەبەستی شەریعەتیان تێدا ڕەنگداوەتەوەو بەو پەڕی ئیخلاسەوە خزمەتی ئوممەتیان کردووە.

" ناکرێ ئەم پەیوەندی و لێک نزیکبوونەی پێشەوا شافیعی لەرووی گەشتی زانستی و جوگرافیای ناوچەکە نادیدە بگرین لە ئاشنایەتی و بڵاوبوونەوەی مەزهەب لەناو میللەتی کورد "

بڵاوو بوونەوەی ئەم مەزهەبە گەورەیە لەناو کورد بە شێوە فراوانەکەی، دەرەنجامی هۆکارێکی تایبەت و زەمەنێکی دیاریکراو نیە، بەڵکو لە ئەنجامی بارودۆخی ئەو کات و رووداو و پێشهاتەکان و گۆڕانکاری ریشەیی و فتوحات و لاوازبوونی دەوڵەتی عەباسی و سەرهەڵدانی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری و قەزایی و ئاڵوگۆڕی بزاوتی شارستانیەتی ئەوساو ئاڵنگارییەکانی بەردەم مەددی دەستەڵات و سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی مەزهەبی دیکەو هزری شیعەگەری و خەواریج بەتایبەتی، ڕێگەی لە بەردەم گەورە زانایان شافعی و زانایانی کوردی پەیوەست بەم مەزهەبەوە لەناوخۆو شوێنانی تر کراوەتر کرد بۆ زیاتر پەرەدان بە ناساندن و بڵاوبوونەوەی ئەم مەزهەبە، بەو پێیەی واقعی کۆمەڵایەتی و خواستی زانایانی کورد لە سایەی نزیکی و ئاشنایەتی و هەڵکشانی ئاستی زانستی و تێگەیشتنیان لەسەر دەستی گەورە زانایانی دیکەی شافیعی مەزهەب لە میسرو عیراق، هۆکاری پەرەسەندنی ئەم مەزهەبەو بڵاوبوونەوەی بووە لەناو کورددا، هاوکات هەندێ فاکتەری تریش هەیە کە لە بەشێکی توێژینەوەو سەرچاوەکان ئاماژەیان پێ دراوەو، بەشێکیان بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ڕۆڵیان هەبووە لە هەڵبژاردن و بڵاوبوونەوەو ماونەوەو پەیڕەوکردنی مەزهەبی ئیمامی شافیعی لە ناو میللەتی کورد کە لێرە بە شێوەی خاڵ باسی لێوە دەکەین:



یەکەم: نزیکی کورد لە مەزهەبی ئیمامی شافیعی لەرووی هەڵکەوتەی جوگرافی و واقیع و کلتورو ئاراستەی مەنهەجی زانایانی کوردەوە؛ ئەگەرچی هیچ زانیارییەکی ورد سەبارەت بە پەیوەندی راستەوخۆی هیچ زاناو فەقیهێکی کورد بە ئیمامی شافیعیەوە بەردەست نیە، بەڵام ناکرێ ئەم پەیوەندی و لێک نزیکبوونەی پێشەوا شافیعی لەرووی گەشتی زانستی و جوگرافیای ناوچەکە نادیدە بگرین لە ئاشنایەتی و بڵاوبوونەوەی مەزهەب لەناو میللەتی کورد، بەتایبەت کە ئیمامی شافیعی (رەزای خوای لێ بێت) لەمیانەی گەشتەکەی لە عیراق بەرەو میسر، بە کوردستاندا ڕۆیشتووەو ماوەیەک لە شاری (نوسەیبین) ماوەتەوەو سەرقاڵی دیراسەی فیقهی و بڵاوکردنەوەی زانست بووە، ئەمەش هۆکار بووە بۆ ئەوەی زانایانی کورد زووتر مەزهەبەکە بناسن و خزمەتی بکەن، هەروەک زانای ناوداری کورد مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس لە کتێبی (جواهر الکلام فی عقائد أهل الإسلام) ئاماژە بەو راستیە دەکات و دەڵێت: " ئیمامی شافیعی دوای دەرچوونی لە مەدرەسەی ئیمام مالیک دەگەڕێتەوە بەغداو پاش ماوەیەک دەچێتە شیمالی عیراق و ماوەی دوو ساڵ لەوێ دەمێنێتەوەو لەگەڵ زانایان و ئەهلی عیلم سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی زانست و دیراسەی بابەتە ئیجتیهادی و فیقهییەکان دەبێت، هەر ئەمەش وایکرد زانا کوردەکان پەیرەوی مەزهەبی ئەو زاتە بکەن و بیگەیێنن".

دووەم: پەیوەندی کورد بە مەزهەبی ئیمامی شافیعی و بڵاوبوونەوەی ئەم مەزهەبە لەکوردستان دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی چوارەم و سەرەتای سەدەی پێنجەم، هەرچەند سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە گەیشتنی فیقهی شافیعی بە کورد لەڕێی زانایانی میسرەوە؛ بەتایبەت هەردوو زانای ناودارو فیقهناس (شێخ ئیسماعیلی مزنی و شێخ ڕەبیعی مورادی) پێشتر بووە، هەروەها مەدرەسە زانستیەکانی بەغداو جزیرەو میسرو، دەرکەوتنی یەکەمین فیقهناسی کورد بەناوی شێخ یوسف کوڕی ئەحمەد ناوسراو بە (ابن کج) لەسەدەی پێنجەم و، کردنەوەی یەکەم مەدرەسەی فیقهی مەزهەبی ئیمامی شافیعی لە کوردستان لەناو قەڵای شاری هەولێر لەسەرەتای سەدەی پێنجەمی هیجری لەسەر دەستی زاناو فیقهناسی گەورە (شێخ خضری کوڕی عقیلی ئەربیلی)، کە یەکێک بووە لە دەرچووانی مەدرەسەی نیزامیەی بەغدا، ڕۆڵیان بینیوە لە گەیاندن و ناساندنی ئەم مەزهەبە بە زانایانی کوردو بڵاوبوونەوەی لە ناوچە کوردنشینەکان، بەتایبەت زانایانی وەک شێخ محمدی شاشی و شێخ ئەبو قاسمی دینەوەری و شێخ ئەبو محمدی تازرونی ئامەدی، تا وای لێهاتووە لەسەدەی شەشەم زۆرینەی هەر زۆری میللەتی کورد پەیرەوی مەزهەبی شافعی کردووەو، فەتواو فیقهو تەدریس و تەلیف و شرۆڤەو شەرح و ڕێکخستنی ژیان و باری کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی ئەم مەزهەبەدا خۆی بینیوەتەوە.

سێیەم: مەزهەبی ئیمامی شافیعی لە بنەڕەتدا مەزهەبێکی هاوسەنگ و میانڕەو و ناوەندگیرە، چونکە هەڵێنجراوو کۆکەرەوەی هەردوو ئاراستەی مەزهەبە فیقهییەکان بووە، بەتایبەت مەزهەبی (ئیمام ئەبو حەنیفە) کە مەشهوورە بە پابەندی بە دەق و لەبەرچاوگرتنی ڕەئی، هەروەها مەزهەبی (ئیمام مالیک) کە زیاتر پابەندی دەق بووەو زۆر ئیعتیباری بۆ ڕەئی نەکردووە، بەمانایەکی تر لە بنەمادا لەگەڵ ئیمام ئەبو حەنیفەو لە بایەخدان بە فەرمووده لەگەڵ ئیمام مالیک یەک دەگرێتەوە، لەبەر ئەوەش بووە خەڵکی خوراسان بە مەزهەبی ئەهلی حەدیس و خەڵکی عیراقیش بە مەزهەبی سەرخەری فەرموده (ناصر الحدیث) ناویان بردووە، هاوکات پێشەوا شافیعی لەرووی تێڕوانین و ڕوانگەی زانستی و جیهانبینیەوە کەسایەتیەکی پارێزکارو میانڕەوو پابەند بە بنەمای ئینساف بووەو لە بۆچوون و ئیجتیهادەکانی قەت بەلای دەمارگیرییەوە نەچووە، لەم بارەوە وتەکەی مەشهورە کە دەفەرموێ: (إذا صح عندكم الحديث فأعلمني به أذهب إليه، حجازيا كان أو شاميا أو عراقيا أو يمنيا). وفی روایه: (إذا صح عندكم الحديث عن رسول الله صلى الله عليه وسلم فقولوا به، واضربوا بقولي عرض الحائط، فلا قول لي مع رسول الله صلى الله عليه وسلم).

چوارەم: زانایانی کورد ڕۆڵێکی گەورەیان گێڕاوە لە بڵاوبوونەوەی مەزهەبی ئیمامی شافیعی لە ناوچە کوردنشینەکان و بەشێکی تری وڵاتی ئیسلامی وەک یەمەن و میسرو شام، بەپێی سەرچاوەکان بەهێزترین هۆکاری بڵاوبوونەوەی مەزهەبی شافیعی لەناو کورد دەگەڕێتەوە بۆ

سیاسەتی دەوڵەتی ئەیوبی و سەرکردەکانی، کە پەیوەست بوون بە مەزهەبی شافعییەوە، بەتایبەت سەرمەشقی ئەم هەنگاوە دەگەڕێتەوە بۆ سەرکردەی دیاری کوردو جیهانی ئیسلامی سەلاحەددینی ئەیوبی، کە لەماوەی حوکمڕانی خۆیداو لە چوارچێوەی ئەجێندای هەنگاوەکانی؛ بایەخدان و ناساندن و بڵاوکردنەوەی مەزهەبی شافیعی توانی رۆڵ ببینێ و لەسەر ئاستی سیاسی و ئیداری و تەنانەت لە پێگەی فەتواو قەزاو تەدریس و وتارو ئامۆژگاری و بڵاوکردنەوەی دینداری و تێگەیشتنی فیقهی و نووسین و شەرح و توێژینەوەی بابەتە زانستیەکان؛ ئەم مەزهەبە موعتەبەرە بکاتە ئەولەویەتی جومگەکانی دەستەڵاتی خۆی، بەمەش سەرنج و بۆچوونی زۆربەی زانایانی بۆ ناو بازنەی مەزهەب راکێشاو رۆحێکی تازەتری بە کاروانی بڵاوبوونەوەی مەزهەبی شافیعی لەناو کورد بەخشی و پاڵپشتیەکی گەورەی بۆ فوقەهاو پشەوایانی دین دروست کرد، هەر یەک لە گەورە زانایانی وەک: شێخ زیائەددینی هەکاری و شێخ ئەبو حەسەنی کوردی و شێخ ئەبو عەمری مارانی و قازی عبدالرحمن مارانی و شێخ فەخرالدین ئەبو تاهیرو زانای ناودار شێخ مەلا عیماد موسڵی کوردی و شێخ محمد جزیری و شێخ تەقیەددینی شارەزووری و ئیبن خەلەکان و شێخی سەیفەددینی ئامەدی بەشێکن لە رێبەرانی رەوتی خزمەت بە مەزهەبی شافیعی و بڵاوبوونەوەی بە وڵاتانی ئیسلامی لە کۆتاییەکانی سەدەی پێنجەم و سەرەتای سەدەی شەشەمی کۆچیدا.

پێنجەم: بەو پێیەی ئەم مەزهەبە زادەی ئەزموونی کەڵەکەبووی مەعریفی و زانستی و جیهانبینی و تایبەتمەندی ئیمامی شافیعیە- رەزای خوای لێ بێت-، کە خۆی تەدوینی مەزهەبی خۆی کردووەو بەپێی تێڕوانینی جمهوری زانایان یەکەم کەس بووە بناغەی زانستی ئوسوڵ فیقهی دارشتووەو زیاتر بایەخی بە ڕێسا گشتی و بنەڕەتیەکان داوە، لەئەنجامی زانایی و لێهاتوویی و تێکەڵاوی و شارەزایی لە نەریت و کلتووری کۆمەڵگەکان و گەڕیدەیی و گەشتی ژیانی بۆ وڵاتانی وەک سعودیەو میسڕو عیراق و یەمەن و کوردستان.. هتد، وای کردووە ئەم مەزهەبە ڕۆڵی رابەری لەئاراستەکردنی خەڵک و ڕاستکردنەوەی دەستەڵات و گۆڕینی واقع و لابردنی ستەم و ڕەخساندنی زەمینەی تێگەیشتنی دروست بۆ ئایین بگێڕێ، کە ئەمە خاڵێکی تری هاریکار بووە لە وەرگرتن و بڵاوبوونەوەی ئەم مەزهەبە لە بەشێکی گەلانی جیهانی ئیسلامی بە گشتی و گەلی کورد بەتایبەتی.

شەشەم: کورد وەک نەتەوەیەکی موسڵمانی خاوەن فەرهەنگ و کلتورو نەریت؛ قەزانجێکی گەورەی لەمەزهەبی ئیمامی شافیعی بینیوە، چونکە مەزهەبێکی میانڕەوو دووربین و ناتوندوتیژەو بگرە بەرهەڵستی توندڕەویشی کردووەو هۆشیاری و تێگەیشتنی دروست و زانستی بەتاکی کورد داوەو ئیلهام بەخش و خەزانەیەکی گەورەی پشت هێزی زانستی گەورە زانایانی کورد بووە، بۆیەش گەورە رێبەرانی نەتەوەیی و نیشتمانی هەر لەسەر ئەم ڕێڕەوە ڕۆیشتوون و پەرەیان پێ داوە، لەلایەکی تریشەوە هێمای یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی و ئاشتیخوازی و تەبایی نەتەوایەتی و نیشتمانی گەلی کورد بووەو هەستی نەتەوایەتی پاراستووە، کە لەهەموو سەردەمەکان ئەم خاڵە بنەمایەکی گرنگی پێشوەچوونی شارستانیەت و سەقامگیری وڵات و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و مایەی پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی و پێکهاتەی تری جۆراوجۆر بووە، دەکرێ بگوترێ ئەمەش یەکێک بووە لەو هۆکارو بنەمایانەی بەدرێژایی دە سەدەیە زۆرینەی کورد ئەهلی سوونەنەو جەماعەو پەیڕەوی لە مەزهەبی ئیمامی شافیعی کردووە، لەو نێوەدا میراتی زانستی زۆرینەی زانایانی کورد لەسەر حیسابی ئەم ڕێڕەوە خۆی بینیوەتەوە، هەروەک شەرەفخانی بەدلیسی لە کتێبی شەرەفنامە دەڵێت: " گەلی کورد هەموویان ئەهلی سوونەنەو لەسەر ڕێبازی مەزهەبی شافیعین".

ماوتەوە بڵێم: گرنگیدان بەدەرخستنی ڕەهەندە جیاوازەکانی ئەم بابەتەو، خزمەتکردنی بەرهەم و کۆششی هەڵکەوتووانی ئۆممەت بەتایبەتی ڕێبەرانی زانستی سەر مەزهەبی ئیمامی شافیعی، بۆ بەستنەوەی رابردووی توراسی فیقهی بە ئێستاو ئاشناکردنی پەیڕەوانی زانست و ڕێڕەوی فکری و مەزهەبی گەورە زانایان؛ هەنگاوێکی پێویست و گرنگە نەخاسمە بۆ بۆ ئێستای واقعی کوردو ڕۆڵەکانی ئایندە، لەهەمان کات هێزو پاڵپشتیەکی فرە ڕەهەندە، لە بنیاتنانی یەکدەنگی موسڵمانان و پێشکەوتنی شارستانیەت و هێشتنەوەی میللەتی کورد لەسەر ئەم ڕێڕەوە پاک و ڕەسەنەی شەریعەتی ئیسلام.

کـــــورد وەک نەتەوەیەکـــــی موسڵمانی خـاوەن فەرهەنـگ و کلتـــورو نەریـــت؛ قەزانجێکـــی گەورەی لەمەزهەبـــی ئیمـــامی شـــافیعی بینیـــــوە، چـــــونکە مەزهەبێکی میانڕەوو دووربین و ناتونـــــــدوتیژەو بگـــــــرە بەرهەڵســـــتی توندڕەویشـــــی کردووە

حوکمی خوێندنی

(بسم الله الرحمن الرحیم) بەدەنگی بەرز لەنوێژدا

لێکدانەوەیەکی بابەتی و زانستیانە

نووسینی: دکتۆر قاسم غەفوور حەسەن سیوەیلی

پرۆفیسۆری یاریدەدەر لەزانکۆی سەلاحەدین–کۆلێژی زانستە ئیسلامیەکان

پێشەکی:

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

درودو سلاۆ لەسەر گیانی پیرۆزی نووری چاومان حەزرەتی (محمد) و گشت سەحابەو شوێنکەوتووانی بەگشتی تا ڕۆژی دوایی.

دەمێکە دەمەوێت ئەم باباتە بەشێوەیەکی بابەتیانەو زانستییانەو دوور لە هەموو دەمارگیرو پەرگیرییەك بەزمانی شیرینی کوردی بخەمە پێش چاوی موسڵمانان، بەتایبەتی لاوی کوردی موسڵمان، کاتێك کەدەبینم لە ناو مزگەوتەکاندا کێشەو ناڕەزایی زۆرێك لە نێوان موسڵمانانداو پەیدا بووە، بەهۆی نەخوێندنی (بسم الله الرحمن الرحیم) بە دەنگی بەرز، هەروەها ئەم کارە بۆتە هۆی دوورکەوتنەوەو نەهاتنی بەشێك لە موسڵمانان بۆ نوێژی جەماعەت و وازهێنانیان لە مزگەوت.

ئەم نەخوێندنەش کاری زاناو مامۆستایانی ڕێزدار نییە، بەڵکو کۆمەڵێك لاوی تازە پێگەیشتوو بێ ئاگا لە فەرمووداو ڕای زانایانی ئیسلام و لە بنەماکانی ئسوڵی فیقهو مەزاهبی ئیسلامی، چونکە مامۆستایانی ئایینی بەڕێز زۆر باش شارەزای ئەم بابەتەن و ئاگاداری ئەو فەرموودانەن، بۆیە ویستم ئەم بابەتە بەشێوەیەکی زانستییانە بخەمە ڕوو تا لاوی کوردی موسڵمان بەچاوێکی کەم سەیری مامۆستاو زاناکانی خۆی نەکات، وا تێنەگات ئەوەی لە ولاتانی کەنداوەوە بۆ نەیەت بەناو زاناکانی ئەوان نەیانووسیبێت هیچی تر نەڕاستەو نەدروستە، هیوادارم ئەم بابەتە ببێتە جێگەی ڕەزامەندی خوای گەورە.

سەرەتا:

لەسەرەتاوە خیلاف هەیە لەنێوان زانایاندا لەسەر خوێندنی (بسم الله الرحمن الرحیم) بەدنگی بەرز لەنوێژدا، واتە مەسەلەی خوێندنی بەدەنگی بەرز، یان بە دەنگی نزم هیچان بەڵگەکانی قەتعی نین، واتە بەڵگەکان (ظَنِي)ین، بۆیە هەرکات بەڵگە (ظَنِي)ی بوو مەسەلەکان دەبنە خیلاف لەبەینی زانایاندا، بۆیە لەم کاتەدا دەکرێت هەرکەسێك هەر ڕایەك یان هەر مەزهەبێك هەڵبژێرێت کە خۆی پەسەندیەتی، بەڵام بۆی نییە کێشە بۆ لای بەرامبەر دروست بکات، وە دەبێت ڕەچاوی بەڵگەی بەهێز و ڕای ڕاجیح و جمهوری زانایانان بکرێت لە هەر یەکێك لە مەسەلە خیلافیەکاندا.

ئەم مەسەلەیەش لای زانایان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

مەزهەبی یەکەم: خوێندنی (بسم الله الرحمن الرحیم) بە دەنگی بەرز لە نوێژدا، بریتی یە لە مەزهەبی ئیمامی (شافیعی) خوای لێ ڕازی بێت ئەمەش پاڵپشت بە فەرموودەی زۆربەی سەحابەو تابعین و شوێنکەوتووانیان ڕەزاو ڕەحمەتی خوایان لێ بێت، وەکو ئیمامی (عومەرو عوسمان وئیمامی عەلی و عەمارو ئوبەی کوڕی کەعب و عبدالله ی کوڕی عومەر و عبدالله ی عەباس وئەبوقەتادەو ئەبوهورەیرەو عبدالله کوڕی ئەبی ئەوفا و شەدادی کوڕی ئەوس و حوسەینی کوڕی علی، هتد..) ئەمانە لە سەحابەو، زۆرێك لە کۆچکەران و ئەنسارو خوای گەورەیان لێ بێت.

لە چینی پەیڕەوان وەکو (سەعیدی کوڕی موسەیەب و تاووس و عەتاو موجاهید و ئەبو وائیل و سەعیدی کوڕی جوبەیر ئبین و سیرین و عیکرمەو عەلی کوڕی حوسەین و نافیع و حەبیبی کوڕی سابت، هتد..) و زۆرێکی تر لە زانایانی پەیڕەوان خوای گەورەیان لێ ڕازی بێت[1].

بەڵگەکانی ئەم مەزهەبە:

1- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ- رضي الله عنه- أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ «كَانَ إِذَا أَمَّ النَّاسَ جَهَرَ بِبِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ»[2]. واتە: ئەبو هورەیرە خودای لێ ڕازی بێت دەفەرموێت: هەر کات پێغەمبەری خودا درودو سلاۆی خودای لە سەر بێت، ئیمامەتی بکردایە بە دەنگی بەرز (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ) دەخوێند.

2- عَنْ أَنَس بن مالك- رضي الله عنه - قَالَ: صَلَّيْتُ خَلْفَ النَّبِيِّ -ﷺ- وَخَلْفَ أَبِي بَكْرٍ، وَخَلْفَ عُمَرَ، وَخَلْفَ عُثْمَانَ، وَخَلْفَ عَلِيٍّ، فَكُلُّهُمْ كَانُوا «يَجْهَرُونَ بِقِرَاءَةِ بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ»[3]. واتە: ئەنەسی کوڕی مالیك خوای لێ ڕازی بێت، دەفەرموێت لە دوای پێغەمبەرو حەزرەتی ئەبو بەکر وئیمامی عومەرو ئیمامی عوسمان و حەزرەتی عەلیەوە نوێژم کردوە هەموویان بە دەنگی بەرز (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ) دەخوێند.

3- عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَبَّاسٍ- رضي الله عنه-: «أَنَّ النَّبِيَّ -ﷺ- جَهَرَ بِبِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ»[4]. واتە: عبدالله کوڕی عەباس

خودایان لێ ڕازی بێت، دەفەرموێت پێغەمبەری خودا دروودو سلاّوی خودای لە سەر بێت، بە دەنگی بەرز (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ) دەخوێند.

4- عن عطاء - رضي الله عنه -عبدالله بن عباس- : «أن النبي -ﷺ- لم يزل يجهر في السورتين (ببسم الله الرحمن الرحيم) حتى قبض»[5] ، واتە: ئیمامی عەتا دەگێڕێتەوە لە عبدالله کوڕی عەباسەوە خودایان لێ ڕازی بێت فەرموویەتی پێغەمبەری خودا سەلاّتی سەلامی خودای لە سەر بێت، تا ئەو ڕۆژەی وەفاتی کرد لە نوێژدا بەدەنگی بەرز (بسم الله الرحمن الرحيم) خوێند.

5– روى نُعَيْمُ بن الْمُجْمِرِ- رضي الله عنه - قَالَ: صَلَّيْتُ وَرَاءَ أَبِي هُرَيْرَةَ -ت-فَقَرَأَ بِـ {بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ} ، ثُمَّ قَرَأَ بِأُمِّ الْقُرْآنِ حَتَّى بَلَغَ: {وَلاَ الضَّالِّينَ} ، وَيَقُولُ إِذَا سَلَّمَ:« وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ إِنِّي لأَشْبَهُكُمْ صَلاَةً بِرَسُولِ اللَّهِ -ﷺ- »[6]. واتە: نوعەیەمی کوڕی موجمیر دەفەرموێت لە دوای ئەبوهورەیرەوە خودای لێ ڕازی بێت، نوێژم کرد (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ) خوێندو پاشان سورەتی فاتیحەی خوێند تا ئەو کاتەی سەلامی دایەوەو پاشان فەرمووی بەوکەسەی گیانی منی بە دەستە، ئەم نوێژەی من لە هەمووتان زیاتر لە نوێژی پێغەمبەری خودا دەچێت دروودو سەلامی، خودای گەورەی لە سەر بێت، واتە پێغەمبەریش هەر بەم شێوەیە نوێژی دەکرد.

6- قَالَ الإمام الشَّافِعِيُّ - رضي الله عنه - فِي مُسْنَدِهِ أنا إِبْرَاهِيمُ بْنُ مُحَمَّدٍ، حَدَّثَنِي صَالِحٌ مَوْلَى التَّوْأَمَةِ :« أَنَّ أَبَا هُرَيْرَةَ كَانَ يَفْتَتِحُ الصَّلاَةَ بِبِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ »[7]. واتە: ئیمامی شافیعی دەفەرموێت، ڕەزای خودای لێ بێت، ئیبراهیمی کوڕی محمد فەرمووی سالّحی ئازاد کراوی تەوئەمە خودایان لێ ڕازی بێت، بۆی گێڕامەوە کە هەر کات ئەبوهورەیرە خوای لێ ڕازی بێت، نوێژی دەکرد بە(بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ) دەستی پێ دەکرد.

7- روى أَنَسُ بْنَ مَالِكٍ- رضي الله عنه - قَالَ: « صَلَّى مُعَاوِيَةُ بِالْمَدِينَةِ صَلاَةً فَجَهَرَ فِيهَا بِالْقِرَاءَةِ، فَقَرَأَ فِيهَا بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ لِأُمِّ الْقُرْآنِ وَلَمْ يَقْرَأْ بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ لِلسُّورَةِ الَّتِي بَعْدَهَا حَتَّى قَضَى تِلْكَ الْقِرَاءَةَ »[8]. واتە: ئەنەسی کوڕی مالیك خودای لێ ڕازی بێت، دەفەرموێت: موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان خودای لێ ڕازی بێت، لە شاری مەدینە نوێژی کرد، بە ئیمامەت و بە دەنگی بەرز (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ) خوێند، بەلاّم بۆ سورەتەکەی دوای فاتیحە (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ)ی نە خوێند.

8- عَنْ عَائِشَةَ - رضي الله عنها - « أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ -ﷺ- كَانَ يَجْهَرُ بِبِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ »[9]. واتە: دایکی موسلّمانان خودای لێ ڕازی بێت دەفەرموێت: پێغەمبەری خودا سەلاّت و سەلامی خودای لە سەر بێت (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ) بەدەنگی بەرز دەخوێند.

9- عَنْ سَعِيدِ بْنِ جُبَيْرٍ- رضي الله عنه - قَالَ: «كَانَ رَسُولُ اللَّهِ -ﷺ- يَجْهَرُ بِبِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ , يَمُدُّ بِهَا صَوْتَهُ , وَكَانَ الْمُشْرِكُونَ يَهْزَءُونَ »[10]. واتە: ئیمامی سەعیدی کوڕ جوبەیر خودای لێ ڕازی بێت، دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خودای سەلاّت و سەلامی خودای گەورەی لە سەر بێت، بە دەنگی بەرز (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ)ی دەخوێندو دەنگی درێژ دەکردەوە، بێ باوەڕەکانیش سووکایەتیان بە پێغەمبەر دەکرد، بەر نەفرەتی خودا بکەون.

10- روت أُمِّ سَلَمَةَ - رضي الله عنها- قَالَتْ: « كَانَ رَسُولُ اللَّهِ -ﷺ- إِذَا قَرَأَ يُقَطِّعُ قِرَاءَتَهُ آيَةً آيَةً (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ »[11].

واتە: دایکی موسلّمانان خاتوو ئومو سەلەمە خودای لێ ڕازی بێت دەفەرموێت: پێغەمبەر سەلاّت وسەلامی خودای لە سەر بێت، هەرکات قورئانی بخوێندبایە، ئایەت ئایەت دەیخوێند، بەم شێوەیە: (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ، الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ، الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ) ئەمەش بەلگەیە لە سەرخوێندنی (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ) بە دەنگی بەرز، چونکە خۆی گوێی لێ بووە لە کاتی نوێژ کردندا.

مەزهەبی دووەم:

خوێندنی (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ) بە دەنگی نزم، ئەمەش فەرمودەی ئیمامی (ئەبو حەنیفە) و زۆربەی شوێنکەوتووانی ئیمامی (أحمدی کوڕی حەنبەل)ە ئەمەش پاڵپشت بەم بەلگانەی خوارەوە:

1- عَنْ عَائِشَةَ- رضي الله عنها- قَالَتْ: « كَانَ رَسُولُ اللَّهِ -ﷺ- يَفْتَتِحُ الْقِرَاءَةَ بِـ (الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ) »[12]. واتە: دایکی ئیمانداران خاتوو (عائیشە) خودای لێ ڕازی بێت فەرمووی پێغەمبەری خوای سەلآت و سەلامی خودای لە سەر بێت، کە نوێژی دەکرد بە (الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ) دەستی پێدەکرد.

زانای زانستی حەدیس (محمد بن عمرو بن موسى بن حماد العقيلي المكي)ئەم فەرموودەیەی لە ڕێزبەندی حەدیسە لاوازەکاندا باس کردووە[13].

2- روى أبو هريرة - رضي الله عنه -« أَنَّ النَّبِيَّ -ﷺ- كَانَ يَفْتَتِحُ الْقِرَاءَةَ بِـ {الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ}»[14]. واتە: ئەبو هورەیرە خوای لێ ڕازی بێت، دەفەرموێت پێغەمبەری خوای سەلآت و سەلامی خودای لە سەر بێت، کە نوێژی دەکرد بە(الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ) دەستی پێدەکرد.

فەرموودەی زانایانی حەدیس لە سەر ئەم ڕیوایەتە:

(ئەبو عباس شهاب الدين الكناني، ت:840ھ) دەفەرموێت: ئەم ئیسنادە لاوازە چونکە (ئەبو عبدالله)ی کوڕە مامی ئەبو هورەیرە تێدایە کەسێکی نادیارەو، (**بشر بن رَافع**) کە لە سەنەدی حەدیسەکەدا هەیە بەلای ئیمامی (ئەحمەدی کوڕی حەنبەل)ەوە لاوازە، و(ابن حبان) دەفەرموێت کۆمەڵێك شتی هەڵبەستراوی گێڕاوەتەوە[15].

3- عَنْ أَبِي وَائِلٍ - رضي الله عنه -« أَنَّ ابْنَ مَسْعُودٍ-ت- كَانَ يَفْتَتِحُ صَلَاتَهُ بِـ {الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ} »[16] . واتە: ئەبو وائیل خودای لێ ڕازی بێت، دەفەرموێت: (عبدالله کوڕی مەسعود) خودای لێ ڕازی بێت، کە نوێژی دەکرد بە(الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ) دەستی پێدەکرد.

فەرموودەی زانایانی زانستی حەدیس:

ئیمـــــامی (نورالـــدين الهيثمـــي) دەفـەرموێت: لـە سـەندی ئـەم حەدیسـە (عثمان كورِي مطر) هەیە ئەم کەسە زۆر کەسێکی لاوازە[17].

4- عَنْ أَنَسٍ- رضي الله عنه - قَالَ:« كَانَ رَسُولُ -ﷺ- وَأَبُو بَكْرٍ وَعُمَرُ وَعُثْمَانُ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُمْ- لا يجهرون بـ(بسم اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ) »[18]. واتە: حەزەتی ئەنەسی کوڕی مالیك دەفەرموێت: پێغەمبەری خودا سەلآت و سەلامی خوای لە سەر بێت، و ئیمامی ئەبوبەکرو عومەرو عوسمان خوایان لێ ڕازی بێت، (**بسم اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ**)یان، بە دەنگی بەرز نەدەخوێند.

فەرموودەی زانایانی حەدیس لە سەر ئەم فەرموودەیە:

یەکەم- زانای پایە بەرز (يوسف بن عبد الله بن محمد بن عبد البر النمري القرطبي المالكي، ت:463ھ) ناسراو بە (ابن عبد البر) دەفەرموێت: ئەم فەرموودەیە نابێتە بەڵگە چونکە ڕاویەکە لە گێڕانەوەکەدا دەڵەڕاوکێ ی زۆری پێوە دیارە جارێك دەفەرموێت:

(فَلَمْ يُسْمِعْنَا قِرَاءَةَ بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ) واتە: نەمان بیست پێغەمبەر سەلآت و سەلامی خودای لە سەر بێت، (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ) بخوێنێت، جاریکی تر دەڵێت: (فَلَمْ أَسْمَعْهُمْ يَجْهَرُونَ) گوێم لێ نەبوو دەنگ بەرز بکەنەوە، جارێکی تر دەڵێت: (كَانَ النَّبِيُّ-ﷺ- يُسِرُّ بِبِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ)، واتە: پێغەمبەر سەلآت و سەلامی خودای لە سەر بێت، بە نزمی (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ) دەخوێنێت، جارێکی تر دەڵێت نوێژم کرد لە پشت پێغەمبەر سەلآت وسەلامی خودای لە سەر بێت، و لە پشت ئیمامی ئەبو بەکرو ئیمامی عومەرو ئیمامی عوسمان هیچ کام لەمان بەدەنگی بەرز (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ) نەخوێند.

وە (ابن عبد البر) دەگێڕێتەوە کاتێك پرسیار لە (ئەنەسی کوڕی مالك) کراوە بۆچی بەم تێکەڵییە شتەکان دەگێڕیتەوە، لە وەڵآمدا فەرمووی گەورە بووم و لە بیرم چۆتەوە[19].

دووەم: زاناو قازی و فەیلەسۆف (محمد بن أحمد بن رشد، ت:450ھ): دەفەرموێت: زانایانی حەدیس دەفەرموون ئەم حەدیسە لە گێڕانەوەکەیدا

ئەم لاوئەولای زۆری تێدایە بۆیە نابێتە بەڵگە، واتە حەدیسەکە دەقەکەی سەحیحە، بەڵآم دەڵە ڕاوکێی تێدایە(**مضطرِب**)ەو نابێتە بەڵگە[20].

ڕونکردنەوەیەك:

هەندێك لەو کەسانەی کەلایەنگری مەزهەبی دووەمن ئەم فەرموودەیەی

خوارەوە دەکەنە بەڵگە لەسەر نەخوێندنی (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ) بەدەنگی بەرز، بەڵآم ڕاستی ئەم بابەتە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ -ت-عَنِ النَّبِيِّ-ﷺ- : قَالَ اللَّهُ تَعَالَى: قَسَمْتُ الصَّلَاةَ بَيْنِي وَبَيْنَ عَبْدِي نِصْفَيْنِ وَلِعَبْدِي مَا سَأَلَ، فَإِذَا قَالَ: الْعَبْدُ (الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ). قَالَ اللَّهُ تَعَالَى حَمِدَنِي عَبْدِي، وَإِذَا

قَالَ: (الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ)، قَالَ اللَّهُ تَعَالَى: أَثْنَى عَلَيَّ عَبْدِي، وَإِذَا قَالَ: (مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ)، قَالَ: مَجَّدَنِي عَبْدِي وَقَالَ: مَرَّةً فَوَّضَ إِلَيَّ عَبْدِي، فَإِذَا قَالَ: (إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ)، قَالَ هَذَا بَيْنِي وَبَيْنَ عَبْدِي وَلِعَبْدِي مَا سَأَلَ، فَإِذَا قَالَ: (اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ صِرَاطَ الَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلاَ الضَّالِّينَ)، قَالَ: هَذَا لِعَبْدِي وَلِعَبْدِي مَا سَأَلَ »[21].

ئەگەر کەمێك بە سەرجنەوە سەیری ئەم فەرمودە بدەین نابێتە بەڵگە لەسەر ئەم بابەتە لەبەر:

1- خوای گەورە لەم فەرمودەدا باسی نوێژ دەکات نەك سورەتی (فاتحە)، وەك ئاشکرایە دەفەرموێت (قَسَمْتُ الصَّلاَةَ) نەی فەرمود(قسمت الفاتحة)، تاوەکو بوترێت چونکە باسی (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ) تێدانیە کەواتە نا بێت بەنگی بەرز یان نزم بخوێنرێت.

2- ئەگەر ئەم فەرمودە بەڵگە بێت لەسەر نەخوێندی (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ)، لەبەر ئەوەی باس نەکراوە، کەواتە زۆر پایەی ئەساسیش هەیە لەم فەرمودەدا باس نەکراوە، وەکو (اللە ئەکبری تحرم و رکوع و سوجودو تشهد و سەلام دانەوەو...هتد)، کەواتە دەبێت نوێژ بەبێ ئەم پایانەش دروست بێت- بە وتەی ئەوان- چونکە هیچ کام لەم پایانە لەفەرمودەکەدا باس نەکراوە کە لەڕاستیدا هەر کام لەم پایانە لەنوێژدا نەبێت نوێژەکە دروست نیە وەکو ئاشکرایە.

بۆیە خوێنەری بەڕێز ئەم بەڵگەیە بەهیچ شیوەیەك دورو نزیك پەیوەندی بەم بابەتەوە نیە، چونکە خوای گەورە لەم فەرمودەدا باسی فەزڵ و گەورەیی نوێژ و نوێژخوێن دەکات کاتێك بەئامادەی دڵ و گەردنکەچیەوە نوێژ بۆ خوای گەورە دەکات.

سەرنجێکی گرنگ:

ناصرالدين ئەلبانی لە کتێبی (صفة صلاة النبي) لە لاپەرە (95) حەدیسێك باس دەکات بەم دەقە: (ثم يقرأ: بسم الله الرحمن الرحيم ولا يجهر بها) دەڵێت ئەم حەدیسە لە (بوخاری و مسلیم)دا هاتووە کە پێغەمبەر سەلاّت و سەلامی خودای لە سەر بێت، (بسم الله الرحمن الرحيم) خوێند بەلاّم دەنگی بەرز نەکردەوە، بەلاّم پاش لێکۆڵینەوەیەکی ورد دەرکەوت ئەم حەدیسە نە لە (بوخاری نە لە مسلیم)دا نەهاتووە، بەڵکو وشەی (ولا يجهر بها) ئەم فەرمودەیە وتەی ئیمامی (أبو محمد محمود بن أحمد بدر الدين العيني (المتوفى:855ھ)یە ڕەحمەتی خوای لێ بێت[22]، نەك بەشێك بێت لە حەدیسەکە.

وتەی کۆتایی لەسەر ئەو حەدیسانە:

لە کۆتایی ئەم باسە ئیمامی (نەوەوی) ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت، دەفەرموێت زانای بەناوبانگ (ئەبو محەمەدی مەقدیسی حەنبەلی) خوای لێی ڕازی بێت ئەو حەدیسانەی لەسەر خوێندنی (بسم الله الرحمن الرحيم) بەدەنگی بەرز هاتوون زۆرن، هەندێکیان ڕاستەوخۆ دەفەرموون بەدەنگی بەرز بخوێنرێت، وە هەندێکیشیان ئاماژەدەکەن بەخوێندنی بەدەنگی بەرز، بەلاّم هیچ کام لە حەدیسەکانی بەشی دووەم ڕاستەوخۆ نافەرموون بەنگی نزم (بسم الله الرحمن الرحيم) بخوێنرێت، تەنها دوو حەدیس نەبێت، ئەوانیش پلەیان لای زانایانی حەدیس بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

1-حەدیسەکەی (ئیبن و موغەففەل) لاوازەز.

2-حەدیسەکی (ئەنەس) ڕەزای خوای لەسەر بێت (موعەللەل)، بەم شێوەیە هیچیان نابنە بەڵگە، ئەمەش دەقەکەیەتی: ((قَالَ: الشَّيْخُ أَبُو مُحَمَّدٍ الْمَقْدِسِيُّ-رحمه الله- (اعْلَمْ): أَنَّ الْأَحَادِيثَ الْوَارِدَةَ فِي الْجَهْرِ كَثِيرَةٌ (مِنْهُمْ) مَنْ صَرَّحَ بِذَلِكَ (وَمِنْهُمْ) مَنْ فهم من عبارته ولم يرد تصريح بالاسرار بها على النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِلَّا رِوَايَتَانِ (إِحْدَاهُمَا) عَنْ ابْنِ مُغَفَّلٍ وَهِيَ ضَعِيفَةٌ (وَالثَّانِيَةُ) عَنْ أَنَسٍ وَهِيَ مُعَلَّلَةٌ بِمَا أَوْجَبَ سُقُوطَ الاحتجاج بها))[23].

بەلاّم حەدیسەکانی خوێندنی بەدەنگی بەرز بەڵگە و شاهید زۆرە لەسەر ڕاستیو دروستیان، بەم شێوەیەی خوارەوە:

1-حەدیسەکان گێڕدراونەتەوە لە شەش کەس لەم سەحابە بەڕێزانە: (ئەبوهوڕەیرە، ئومو سەلەمە، ئەنەس، عەبدوللاّی کوڕی عەباس، عەلی کوڕی ئەبی تالّیب، لەگەلّ سەموڕەی کوڕی جوندوب) خوایان لێ ڕازی بێت، وە گشت حەدیسەکان پاڵپشتیان هەیە لە سەحیحی ئیمامی (بوخاری و موسلیم)، گشت سونەن و مەسانیدەکان[24].

2-ئیمامی شافیعی خوای لێ ڕازی بێت لەم بابەتەدا پشتی بەستووە بە کۆدەنگی خەڵکی مەدینە (**اجماع أهل المدينة**) لە چەرخی سەحابەدا خوایان لێ ڕازی بێت، کە بەدەنگی بەرز (بسم الله الرحمن الرحيم) خوێندراوە[25].

فەرمووەی بەهێزو ڕاجیح:

لە دوای لێکۆڵینەوەیەکی وردی بابەتیانە دەرکەوت فەرمووەی زانایانی مەزهەبی یەکەم زۆر بەهێزترو سەحیحترە لە بۆ چون و بەڵگەکانی زانایانی مەزهەبی دووەم، وەکو ئاشکرابوو هیچ کام لە بەڵگەکانیان لاواز نەبوو، هیچ زانایەك لە زانایانی حەدیس تانەیان نەبوو لە سەر بەڵگەکان، بەلاّم بەڵگەکانی مەزهەبی دووەم لاوازێکی زۆریان پێوە دیاربوو، وەکو چۆن زانایان بە وردی سەرنجی خۆیان بەرامبەر هەموو بەڵگەکان خستەڕوو، بۆیە لەکۆتاییدا باسەکەدا دەرکەوت فەرمووەی ڕاستر ئەوەیە کە (بسم الله الرحمن الرحيم) خوێندنی واجبە، بەلاّم سونەتە بەدەنگی بەرز بخوێندرێت لە نوێژەکانی (بەیانی و ئێوارەو خەوتنان و ڕۆژی هەینی و، هەروەها نوێژە سونەتەکانی: تەراویح و جەژنەکان، هتد) واللە أعلم.

پوختەی باسەکە

لە دوای تاوتوێکردنی بابەتی خوێندنی (بسم الله الرحمن الرحيم) لە نوێژدا بە دەنگی بەرز گەیشتمە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

یەکەم: یەکدەنگی زانایان خوایان لێ ڕازی بێت کە (بسم الله الرحمن الرحيم) ئایەتێکە لە قورئانی پیرۆز بەبێ خیلاف.

دووەم: کۆدەنگی جمهوری زانیان لە سەحابەو تابیعین و زانایانی هەر چوار مەزهەبەکە، کە (بسم الله الرحمن الرحيم) ئایەتێکە لە سورەی فاتیحە، بێجگە لە ئیمامی مالیك خودای لێ ڕازی بێت.

سێیەم: فەرموودەی جمهوری سەحابەو تابیعین و زانایان لە سەر خوێندنی (بسم الله الرحمن الرحيم) بە دەنگی بەرز لە نوێژە جەهریەکاندا.

چوارەم: خوێندنی (بسم الله الرحمن الرحيم) بە دەنگی بەرز یان نزم هیچ کێشەیەك دروست ناکات لای زانایان، بەڵام بەمەرجێك پابەندی یەکێك بێت لە زانایانی چوار مەزهەبەکە، نەك بێ مەزهەبێك بیەوێت بە ئارەزوی خۆی بەبێ گەڕانەوە بۆ فەرمودەی زانایان ڕای خۆی بسەپێنێت.

وصلى اللهم وسلم علي سيدنا محمد المبعوث رحمة للعالمين وعلى آله وصحبه ومن تمسك بإحسان إلى يوم الدين، وأسأل الله

تعالى أن يجعل لي هذا الجهد المتواضع ذخرة لـ (يوم لا ينفع مال ولا بنون إلا من أتى الله بقلب سليم).

<u>پەراوێزەکان:</u>

1- ينظر: الإنصاف لابن عبد البر: 161، والمجموع شرح المهذب لشرف الدين النووي:341/3.

2- أخرجه الدار قطني في سننه، وقال: إِسْنَادُهُ صَحِيحٌ لَيْسَ فِي رُوَاتِهِ مَجْرُوحٌ:1/ 303.

3- أخرجه الحاكم في المستدرك على الصحيحين مع تعليقات الإمام الذهبي، وقال صحيح إسناده:1/ 359.

4- أخرجه أبو القاسم تمام البلجي الرازي في فوائد تمام المتوفى (414هـ):12/2.

5- أخرجه الدار قطني في سننه بإسناد صحيح:1/ 304.

6- أخرجه ابن حبان في صحيحه بإسناد صحيح، وأخرجه النسائي(134/2) في الافتتاح: باب قراءة (بسم الله الرحمن الرحيم)، عن محمد بن عبد الله بن عبد الحكيم، عن شعيب، بهذا الإسناد. وهو مكرر.

7- أخرجه الإمام الشافعي في مسنده بسند صحيح:78/1.

8- أخرجه الحاكم في المستدرك على الصحيحين، مع التعليق من تلخيص الذهبي، وقال: «هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ عَلَى شَرْطِ مُسْلِمٍ، فَقَدِ احْتَجَّ بِعَبْدِ الْمَجِيدِ بْنِ عَبْدِ الْعَزِيزِ، وَسَائِرُ الرُّوَاةِ مُتَّفَقٌ عَلَى عَدَالَتِهِمْ وَهُوَ عِلَّةٌ لِحَدِيثِ شُعْبَةَ وَغَيْرِهِ مِنْ قَتَادَةَ عَلَى عُلُوِّ قَدْرِهِ يُدَلِّسُ، وَيَأْخُذُ عَنْ كُلِّ أَحَدٍ، وَإِنْ كَانَ قَدْ أُدْخِلَ فِي الصَّحِيحِ حَدِيثُ قَتَادَةَ فَإِنَّ فِي ضِدِّهِ شَوَاهِدُ أَحَدُهَا مَا ذَكَرْنَاهُ وَمِنْهَا» :1/357.

9- أخرجه الدار قطني في سننه:3/314.

10- قال الخطيب البغدادي: هَذَا الْمُرْسَلُ أَصَحُّ، وقَالَ الْحَاكِمُ: وَهَذَا إِسْنَادٌ صَحِيحٌ، وَلَيْسَ لَهُ عِلَّة.

11- أخرجه الإمام أحمد في مسنده بسند صحيح:302/6، وقال شعيب الأرنؤوط: صحيح لغيره وهذا السند رجاله ثقات رجال الشيخين، وأخرجه أبو داود في سننه مذيلة بأحكام الألباني عليها:433/2، وقال الألباني صحيح.

12- أخرجه ابن ماجه في سننه:267/1، برقم(812).

13- بڕوانە: الضعفاء للعقيلي:1/ 283 – 284 .

14- أخرجه ابن ماجه في سننه:267/1، برقم(814).

15- بڕوانە: مصباح الزجاجة في زوائد ابن ماجه لأبي العباس الكناني:1/ 103، وسنن ابن ماجه مع تعليات محمد عبدالباقي:267/1.

16- أخرجه الطبراني في المعجم الكبير:263/9، برقم(9305).

17- بڕوانە: مجمع الزوائد ومنبع الفوائد:2/ 287.

18- أخرجه الإمام احمد في مسنده:179/3، وقال شعيب الأرنؤوط: إسناده صحيح على شرط الشيخين.

19- بڕوانە: الإنصاف لابن عبدالبر:227.

20- بڕوانە: بداية المجتهد ونهاية المقتصد:132/1.

21- أخرجه الإمام مسلم في صحيحه:2/9، برقم(904).

22- بڕوانە: عمدة القاري شرح صحيح البخاري لبدر الدين العيني:284/5.

23- المجموع شرح المهذب لشرف الدين النووي مع تكملة ابن السبكي:3/343–344.

24- بڕوانە: المجموع شرح المهذب لشرف الدين النووي مع تكملة ابن السبكي:3/344–345.

25- سەرچاوەی پێشوو.

المصادر والمراجع

1-الإنصاف فيما بين علماء المسلمين في قراءة (بسم الله الرحمن الرحيم) في فاتحة الكتاب، أبو عمر يوسف بن عبد الله بن محمد بن عبد البر بن عاصم النمري القرطبي (المتوفى: 463هـ)، تحقيق: عبد اللطيف بن محمد الجيلاني المغربي،أضواء السلف 10– السعودية، الطبعة: الأولى، 1417هـ / 1997م.

2-بداية المجتهد ونهاية المقتصد، أبو الوليد محمد بن أحمد بن محمد بن أحمد بن رشد القرطبي الشهير بابن رشد الحفيد (المتوفى: 595هـ)، دار الحديث – القاهرة.

3-ذكر الجهر بالبسملة مختصرا، أبو بكر أحمد بن علي بن ثابت بن أحمد بن مهدي الخطيب البغدادي (المتوفى: 463هـ)، مخطوط نُشر في برنامج جوامع الكلم المجاني التابع لموقع الشبكة الإسلامية، الطبعة: الأولى، 2004م.

4– سنن ابن ماجه، ابن ماجة أبو عبد الله محمد بن يزيد القزويني (المتوفى: 273هـ), دار الفكر بيروت، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي.

5– سنن أبي داود، أبو داود سليمان بن الأشعث بن إسحاق بن بشير بن شداد بن عمرو الأزدي السِّجِسْتاني (المتوفى: 275هـ)، المحقق: محمد محيي الدين عبد الحميد، المكتبة العصرية، صيدا – بيروت.

6-سنن الدارقطني، أبو الحسن علي بن عمر بن أحمد بن مهدي بن مسعود بن النعمان بن دينار البغدادي الدارقطني (المتوفى: 385هـ)، حققه وضبط نصه وعلق عليه: شعيب الارنؤوط، حسن عبد المنعم شلبي، عبد اللطيف حرز الله، أحمد برهوم، مؤسسة الرسالة، بيروت – لبنان، الطبعة: الأولى، 1424 هـ – 2004 م.

7-سنن النسائي الكبرى، أحمد بن شعيب أبو عبد الرحمن النسائي، ، تحقيق : د.عبد الغفار سليمان البنداري , سيد كسروي حسن، دار الكتب العلمية – بيروت، الطبعة الأولى ، 1411 – 1991.

8-صحيح ابن حبان بترتيب ابن بلبان، محمد بن حبان بن أحمد بن حبان بن معاذ بن مَعْبدَ، التميمي، أبو حاتم، الدارمي، البُستي (المتوفى: 354هـ)، المحقق: شعيب الأرنؤوط، مؤسسة الرسالة – بيروت، الطبعة: الثانية، 1414 – 1993.

9-الضعفاء، أبو جعفر محمد بن عمرو بن موسى بن حماد العُقَيلي، المتوفى: (322 هـ) المحقق: الدكتور مازن السرساوي، دار ابن عباس – مصر، الطبعة: الثانية، 2008 م.

10– عمدة القاري شرح صحيح البخاري، المؤلف: أبو محمد محمود بن أحمد بن موسى بن أحمد بن حسين الغيتابى الحنفى بدر الدين العينى (المتوفى: 855هـ)، دار إحياء التراث العربي – بيروت.

11– مجمع الزوائد ومنبع الفوائد نور الدين علي بن أبي بكر الهيثمي، دار الفكر، بيروت – 1412 هـ.

12– مصباح الزجاجة في زوائد ابن ماجه، أبو العباس شهاب الدين أحمد بن أبي بكر بن إسماعيل بن سليم بن قايماز بن عثمان البوصيري الكناني الشافعي (المتوفى: 840هـ)، المحقق: محمد المنتقى الكشناوي، دار العربية – بيروت، الطبعة: الثانية، 1403 هـ.

13-المستدرك على الصحيحين، أبو عبد الله الحاكم محمد بن عبد الله بن محمد بن حمدويه بن نُعيم بن الحكم الضبي الطهماني النيسابوري المعروف بابن البيع (المتوفى: 405هـ)، و معه منهج الذهبي في تلخيص المستدرك للحاكم، تحقيق: مصطفى عبد القادر عطا، دار الكتب العلمية – بيروت، الطبعة: الأولى، 1411 – 1990.

14-المُعْجَمُ الكَبِير للطبراني سليمان بن أحمد بن أيوب بن مطير اللخمي الشامي، أبو القاسم الطبراني (المتوفى: 360هـ)، تحقيق: فريق من الباحثين بإشراف وعناية: د/ سعد بن عبد الله الحميد و د/ خالد بن عبد الرحمن الجريسي، الطبعة: الأولى: 1427هـ – 2006 م.

15-المجموع شرح المهذب ((مع تكملة السبكي والمطيعي))، لأبي زكريا محيي الدين يحيى بن شرف النووي (المتوفى: 676هـ)، دار الفكر، بيروت–لبنان.

16-مختصر كتاب البسملة لأبي شامة، شهاب الدين عبد الرحمن بن إسماعيل الشافعي المعروف بأبي شامة المقدسي (665 هـ)، اختصره: الذهبي (748 هـ)، المحقق: علي بن أحمد الكندي، مؤسسة بينونة للنشر والتوزيع – أبو ظبي، الطبعة: الأولى 1427 – 2006 م.

17-مسند الإمام أحمد بن حنبل، أبو عبد الله أحمد بن محمد بن حنبل بن هلال بن أسد الشيباني (المتوفى: 241هـ)، المحقق: شعيب الأرنؤوط – عادل مرشد، وآخرون، إشراف: د عبد الله بن عبد المحسن التركي، مؤسسة الرسالة، الطبعة: الأولى، 1421 هـ – 2001 م.

18-مسند الإمام الشافعي، أبو عبد الله محمد بن إدريس بن العباس بن عثمان بن شافع بن عبد المطلب بن عبد مناف المطلبي القرشي المكي (المتوفى: 204هـ)، رتبه على الأبواب الفقهية: محمد عابد السندي، دار الكتب العلمية، بيروت – لبنان، 1370 هـ – 1951 م.

بۆچوونی زانایان
لەسەر (بەسمەلە- بسم الله)
لەگەڵ فاتیحەو سورەتەکانی تری قورئاندا

مەلا محمد ئیّنەیی

ئەندامی ئەنجومەنی باڵای فەتوا

بێ گومان کەسێ شارەزابێت وئاشنا بێت بەئایەتەکانی قورئانی پیرۆزو فەرموودەکانی پێغەمبەری خۆشەویستمان (درودی خوای لێ بێت) بۆی دەردەکەوێت و دەبینێ کە (بسملە) لەبەرزترین ئاستدایەو لەبەرزترین لوتکە بەردەوام دەدرەوشێتەوە؛ دەبینین گەورەترین وبەرزترین پەیامی ئاسمانی لەلایەن رب العالمین بۆ پێشەواو وتاربێژی پێغەمبەران حەزرەتی محمدالمصطفی (درودی خوای لێ بێت) لەدابەزینی یەکەم ئایەتیدا بە (بسملە) دەست پێ دەکات، دەفەرموێ:(إقرأ باسم ربك الذي خلق) هەروەها تەواوی سورەتەکانی قورئان جگە لە سورەتی (التوبە) بە (بسملە) دەست پێ دەکات، نوح پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) لەکارەساتی تۆفانەکەی دوای ئەوەی بە وەحی و لەژێر چاودێری خودا کەشتییەکەی دروستکردو خۆی و ئەوانەی لەگەڵیا بوون سواری کەشتیەکە بوون نوح کەشتیەکەی بە(بسملە) خستە کارو کەوتە جۆڵەو دەسووڕایەوە لەسەرکێوان؛ وەک دەفەمووێ: (وقال اركبوا فيها بسم الله مجريها ومرسيها إن ربي لغفور رحيم)هود: 41.

> **"بەڵام لەبەر ئەوەی کە زۆرینەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان لەسەر ڕێبازی ئیمامی شافیعینە هەروەک پێشینەکانیشمان شافیعی بوونە واباش و پەسندە ڕێگای ڕاستی خۆمان بگرێن و لەکاتی زور پێویست و ناچار نەبێت لانەدەین لە ڕێبازی شافیعی"**

هەروەها پێغەمبەری ئەزیزمان (درودی خوای لێ بێت) ئەو نامانەی کە بۆ پاشاو سەرۆکەکانی دەناردن لەسەرەتای نامەکانیدا دەنوسرا: (بسم الله الرحمن الرحيم) هەروەها پێغەرمان (درودی خوای لێ بێت)، هەموو کارە ڕێزدارو گرینگەکانی بە(بسملە) دەست پێ دەکرد، دەفەرموو: (كل امرذى بال لايبدأ بالبسمله فهوأبتر). وفي رواية (كل امرذي بال لايفتح بذكرالله فهوابتراو قال أقطع) رواه الامام احمدفى المسند.

ڕای زانایان لەسەر (بسملە) لەگەڵ فاتیحە و سورەتەکانی تری قورئان و نێو قورئان، زانایان کۆکن لەسەر ئەوە کە (بسم الله الرحمن الرحيم) بەشێکە لەئایەتی 30/سورەتی نمل کەدەفەرموێ: (وإنه من سليمان وإنه بسم الله الرحمن الرحيم) بەڵام زانایان ڕای جیاوازیان هەیە لەسەر (بسملە) لەگەڵ فاتحە و سورەتەکانی تری قورئان، لای شافیعیەکان (بسملە) ئایەتەکە لەسورەتی فاتیحەبەبێ خلاف، هەروەها لەسورەتەکانی تری قورئان لەسەر ڕای ڕاست، ئەم ڕایەش بەهێزو پاڵپشتی کۆمەڵێک لە زانایانی دیارو ناودار لەسەحابەو تابیعین وشوێنکەوتوەکانیان، وەک:ابن عباس وابن عمر وابن زبير وطاوس وعطاء و مكحول وابن المنذر، هەروەها کۆمەڵێک لەزانایانی کوفەو مەکەو زۆربەی عیراقیەکان کۆکن لەگەڵ شافعی کە (بسملە) ئایەتێکە لەفاتحە، پێویستە بۆنوێژ بخوێندرێ، جیا ناکرێتەوە لەفاتحە، لەسەر ئەم بنەمایە لە نوێژە(جهری)یەکان ئەو نوێژانەی کەبەدەنگ دەخوێندرێن سونەتە (بسم اللهالرحمن الرحيم) بەدەگ بخوێندرێ، هەروەک فاتحە بەدەنگ دەخونرێت، بە بەڵگەی چەند فەرمودەیێکی پێغەمبەر(درودی خوای لێ بێت) لەوانە ئەم حەدیسە، کە ئومی سەلەمە ڕەزای خوای لێبێت دەفەرموێت: (أن النبي

قرأبسم الله الرحمن الرحيم فى الصلاة وعدها آية من الفاتحة) هەروە هـا نـعـيـم دەڵێ:(صـلـيت وراء ابـي هريـرة فقـرأ بسـم الله الرحمن الرحيم ثم قرأ بأم القرءان ثم يقول اذاسلم والذى نفسـي بيده انـى لأشبهكم صـلاة برسول الله) رواه النسـائي وابن حبـان والـدرقطني وقـال: هذاحـديث صـحيح ، وقـال البيهقـى اسـناده صحيح.

لای حەنەفیەکان و زۆرینەی ئەهلی علم واحمد بن حنبل هەندێ لەئەهلی حدیث(بسملە) ئایەتێکی سەربەخۆیە لە قورئان ئایەتێک نیە نە لەسورەتی فاتحە نە لەسورەتەکانی تری قورئان، بەڵکو(بسملە) ئایەتێکی تەواوە، دابەزیوە بۆ(فصل) وجیاکردنەوەی سورەتەکان لێکتر، بەدەر لەسورەتی (أنفال والتوبة)، وەخوێندنی (بسملە) لەسورەتی فاتیحەو سورەتەکانی تر جگە لە سورەتی التوبە سونەتە بخوێندرێ، وەلە نوێژە (جهری)یەکاندا سونەتە (بسم الله الرحمن الرحيم) بخوێندرێ، بەڵام بە دەنگ نا، بەڵکو بەبێ دەنگی، بە بەڵگەی حەدیسی انس کە دەفەرموێ:(صليت مع النبي وابي بكر وعمر وعثمان فلم اسمع احدا منهم يقرأ البسملة) رواه المسلم.

لای مالیکیەکان (بسملە)ئایەتێک نیە نە لە فاتیحەونە لە سورەتەکانی تری قورئان، بۆیە لای ئەوان خوێندنی (بسم الله الرحمن الرحيم) بەدەنگ ناپەسندە.

بێ گومان هەریەک لەم بۆچوون و ڕا جیاوازانە دەلیل و بەڵگەکانی خۆیان هەنە، بۆیە ناکرێ و باش نیە لەم چەرخە پڕ کێشەو ئاژاوەدا پێداگری بکەین تەنها لەسەر بۆچوون و ڕای خۆمان، بەڵکو دەبێ ئێمە شادمانبین و بەردەوام سوپاسگوزار بین بۆخودای میهرەبان کە ئەم ئایینەی خەڵاتی ئێمە کردوە ئەم ئاییینە دەریایێکی بێ پایانەو زانایانی دیندار تەقوادار لەهەموولایێک دەتوانن مەلەی تێدا بکەن دوڕڕو گەوهەر لەم دەریایە دەربێنن و بڵاوی بکەنەوە لەنێو موسڵمان، بەڵام لەبەر ئەوەی کە زۆرینەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان لەسەر ڕێبازی شافعینە هەروەک پێشینەکانیشمان شافیعی بوونە واباش و پەسندە ڕێگای ڕاستی خۆمان بگرێن و لەکاتی زور پێویست و ناچار نەبێت لانەدەین لە ڕێبازی شافعی، چونکە بێ گومان فرە بۆچوون و زۆری ڕا، لە یەک شاردا بەتایبەت لە یەک مزگەوتدا کێشە وئاژاوەو دووبەرەکی دروست دەکات، ئەو کات دەکەوینە ژێر سزای پەروەردگارو (ولاتنازعوا فتفشلوا) ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، دین ودنیامان لەدست دەچێت ؛ (خسرالدنيا والآخرة)دەبێتە تەمو مژێکی ترسناک .

بۆ باسی (بسملە) لەگەڵ فاتیحەو سورەتەکانی قورئان بڕوانە ئەم سەرچاوانەی خوارەوە:

1- المجموع شرح المهذب/ج/٤ لاپەڕە /310.

2- مغنى المحتاج /ج/١ /ص /٣٧٠.

٣- تحفة المحتاج/ج /2/ص/٤--المغني الشرح الكبير/ج/٢ص/٢٨—٢٩.

حوکمی چوار بابەتی فیقهی پێویست بە بەڵگەی دروست

1ـ خوێندنەوەی قورئان بە دەنگی بەرز لە رۆژانی هەینیدا لە مزگەوتەکان.

2ـ حوکمی ئە نجامدانی نوێژی سەر کورسی.

3ـ صڵاوات دان لە دیداری حەزرەتی محمد (ﷺ) لە پاش بانگی نوێژە فەرزەکان.

4ـ خوێندنی سورەتی فاتیحەی پاش بانگەکان.

بە پێنووسی: پ. د. حەسەن شێخ خالید موفتی

پرۆفیسۆر لە زانکۆی سەڵاحەددین، سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە هەرێمی کوردستان

(بابەتی یەکەم)

خوێندنی قورئانی پیرۆز بە دەنگی بەرز لە رۆژانی هەینیدا لە مزگەوتەکاندا

پێش بانگ: کارێکی شایستەیەو هاندانی موسڵمانانە بۆ هاتن بۆ ئەو فەریزەیەو وەبیرهێنانەوەیانە :{وَذَكِّرْ فَإِنَّ الذِّكْرَى تَنْفَعُ الْمُؤْمِنِينَ}(سورة الذاريات:55) پاداشتێکیشە بۆ کەسی قورئانخوێن و ئەوانەیش کە گوێی لێ دەگرن، هەروەها جێبەجێکردنی زاهیری فەرمانی خوداید لە عمومی فەرمانی ئایەتەکانی:{فَاقْرَءُوا مَا تَيَسَّرَ مِنَ الْقُرْآنِ}(سورة المزمل:20)،{فَذَكِّرْ بِالْقُرْآنِ مَنْ يَخَافُ وَعِيدِ}(سورة ق: 45)، بە تایبەت سورەتی الکهف کە فەرمودەی صەحیحی لە سەرە: عن أبي سعيد الخدري (رضي الله عنه) مرفوعا:" مَنْ قَرَأَ سُورَةَ الْكَهْفِ يَوْمَ الْجُمُعَةِ أَضَاءَ لَهُ مِنَ النُّورِ مَا بَيْنَ الْجُمُعَتَيْنِ) المستدرك على الصحيحين للحاكم (2/ 434)برقم (3450)، وفي شعب الإيمان (4/436)بقم(2776): " من قرأ سورة الكهف يوم الجمعة فأدرك الدجال لم يسلط عليه، – أو قال: لم يضره – ومن قرأ خاتمة سورة الكهف أضاء له نورا من حيث كان بينه وبين مكة " قال البيهقي رحمه الله: " وقد روينا في كتاب فضائل القرآن من حديث هشيم، عن أبي هاشم موقوفا ومرفوعا".

هەروەها یەکێکە لە شیعارەکانی رۆژی هەینی کە لە سەدان ساڵە لە جیهانی ئیسلامیدا بە کوردستانیشەوە تا ئەمڕۆ ئەنجام دەدرێت بێ ئینکاری هیچ زانایەکی متمانەدار، چونکە موسڵمانان بە پەسەندیان زانیوە و عادەتێکی جوان و شایستەیش بووە لەو تەوقیتەدا، هەر شتێك موسڵمانان بە پەسەندو جوانی بزانن خودایش (جل شأنه) بە پەسەندو چاکی هەژمار دەکات، وەك هاتووە بە ئیسنادی صەحیح لە حەزرەتی (ابن مسعود)ەوە (ڕ.خ): " فَمَا رَآهُ الْمُسْلِمُونَ حَسَنًا فَهُوَ عِنْدَ اللَّهِ حَسَنٌ" رواه الإمام أحمد في مسنده: (1/ 379) برقم(3600) والطبراني في المعجم الأوسط: (4/ 58) برقم(3602) والحاكم في المستدرك على الصحيحين:(3/ 83)برقم(4465) وقال:" هذا حديث صحيح الإسناد، ولم يخرجاه، وله شاهد أصح منه إلا أن فيه إرسالا" ووافقه الذهبي في التلخيص فقال: صحيح".

هەروەها لە صەحیحی موسلیمدا هاتووە: کە هەرکەسێك رۆژی هەینی بە دەستنوێژێکی جوانەوە بێتە مزگەوتەوە و گوێبیست ببێت و بێدەنگ بێت خودا لە گوناهی هەفتەکەو سێ رۆژی زیادیشی خۆش دەبێت: عن أبي هريرة(رضي الله عنه)، مرفوعا"من توضأ يوم الجمعة فأحسن الوضوء، ثم أتى الجمعة فاستمع وأنصت غفر له ما بينه وبين الجمعة، وزيادة ثلاثة أيام" صحيح مسلم(1/330)برقم(448).

جا دەستەواژەی: (فاستمع وأنصت) گشتییە بۆ کاتی قورئان و کاتی ووتارەکانیش، بەڵکو زیاتر بۆ کاتی قورئان خوێندنە وەك هەمان دەستەواژە هاتووە بۆ قورئان:{وَإِذَا قُرِئَ الْقُرْآنُ فَاسْتَمِعُوا لَهُ وَأَنْصِتُوا لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ} (سورة الأعراف: 204)، بڕوانە: صحيح مسلم مع شرح النووي:2/510، 511. اللمعة في خصائص الجمعة للسيوطي: (ص: 27).

هەروەها مەعلومە کە تەسبیحات و زیکری خودا لە ناو مزگەوتدا زۆر گەورەو پڕ پاداشتە بەڵام ناگاتە خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز وەك ئیمامی نەوەوی لە المجموع شرح المهذب (2/ 164) دەفەرموێت:" قراءة القرآن أفضل من التسبيح والتهليل وسائر الأذكار إلا في المواضع التي ورد الشرع بهذه الأذكار فيها". وقال أيضا في مقام آخر: المجموع شرح المهذب (8/ 44):" وقد نقل الشيخ أبو حامد في تعليقه في هذا الموضع أن الشافعي نصَّ أن قراءة القرآن أفضل الذكر".

"خوێندنی قورئانی پیرۆز بە دەنگی بەرز لە رۆژانی هەینی لە مزگەوتەکاندا پێش بانگ یەکێکە لە شیعارەکانی رۆژی هەینی کە لە سەدان ساڵە لە جیهانی ئیسلامیدا بە کوردستانیشەوە تا ئەمڕۆ ئە نجام دەدرێت بێ ئینکاری هیچ زانایەکی متمانەدار"

(بابەتی دووەم)

حوکمی ئەنجامدانی نوێژی سەر کورسی:

نوێژە فەرزەکان واجبە بە پێوە ئەنجام بدرێت، ئەگەر کەسێك نەیتوانی بە پێوە بوەستێت لە بەر ئازارێکی زۆر ئەوا ئەتوانێت بە دانیشتنەوە ئەنجامی بدات، بەڵام دروست نییە لە سەر کورسی مەگەر بۆ کەسێك کە بە هیچ شێوەیەك نەتوانێت بۆ کارو نەریتی خۆی وەك کەسابەت و خواردن و حەسانەوە دابنیشێتە سەر زەوی ئەوکات دروستە لە سەر کورسی ئەنجامی بدات، کەواتە پێویستە لە سەر موسڵمانان کە خۆیان بپارێزن لە ئەنجامدانی نوێژی سەر کورسی تەنها لەو حاڵەتە دەگمەنەدا نەبێت، چونکە:{لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا} (سورة البقرة: 286)، بە پێچەوانەوە نوێژەکەی بەتاڵە، چونکە موخالیفی نوێژی حەزرەتی پێغەمبەرو ئەصحابی کیرام و تەواوی موسڵمانانی چواردە سەدەی پێشووە، تەنانەت پێغەمبەرمان **(درودی خوای لەسەر بێت)** لە کاتی نەخۆشی وەفاتیشیدا لە سەر کورسی نوێژی نەکردووە، بەڵکو بە دانیشتانەوە ئەنجامی فەرموە، فعَنْ أنس بن مالكٍ (رضي الله عنه) قال: " صَلَّى النَّبِيُّ (صلى الله عليه وسلم) خَلْفَ أبي بكرٍ في ثَوبٍ واحدٍ وهُو قَـاعِدٌ". رواه أحمد في المسند بإسناد صحيح: (21/ 117)برقم(13444). والضياء المقدسي في الأحاديث المختارة وصححه (18/6)برقم(1966)، لە کاتێکدا کورسی وجودی هەبووە لە پێش ئیسلام و دوای ئیسلامیش. بۆ زیاتر بڕوانە: نهاية المطلب لإمام الحرمين(مبحث: العذر الذي يجوز القعود معه في الصلاة).:ج1 ص 198.

(بابەتی سێیەم)

صڵاوات دان لە دیداری حەزرەتی محمد (درودی خوای لەسەر بێت) لە پاش بانگی نوێژە فەرزەکان بە دەنگی بەرز بێت یان نزم سوننەتێکی دامەزراوی پێغەمبەرە (درودی خوای لەسەر بێت) و فەرمانیشی پێ کردووە لە فەرمودەی صەحیحیدا کە تیایدا ئادابی بانگ و سوننەتەکانی بەیان فەرمووە، فعن عبد الله بن عمرو بن العاص(رضي الله عنهما)، أنه سمع النبي (صلى الله عليه وسلم) يقول: «إذا سمعتم المؤذن، فقولوا مثل ما يقول ثم صلوا علي، فإنه من صلى علي صلاة صلّى اللهُ عليه بها عشرا، ثم سلُوا الله لي الوسيلة، فإنها منزلة في الجنة، لا تنبغي إلا لعبد من عباد الله، وأرجو أن أكون أنا هو، فمن سأل لي الوسيلة حلت له الشفاعة» صحيح مسلم (1/ 288) برقم(384).

جا کە فەرمانی داودو دەفەرموێت:" ثم صَلُّوا عليَّ"، واتە: لە پاش بانگ صڵاوات لە دیداری من بدەن"، ئیتر دیاری نەکردووە ئایا بە دەنگی بەرز بێت یان نزم, کەواتە بە هەردوو شێواز دروستە، هەروەها دیاری نەکردووە کە یەك جار بێـت یان زیاتر، کەواتە تۆ ئازادی لە ژمارەدا، گرنگ ئەوەیە لە پاش بانگ خێراکەن موسڵمانان سڵاوات بدەن، فەرمانەکەیشی گشتی و بۆ کۆی ئیماندارانە بۆیە بانگدەر و قامەتکار و نوێژخوێن و گوێبیستی بانگ و قامەتیش لەم حوکمەدا یەکسانن و هەموویان دەگرێتەوە و هەمویشیان سوننەتە نزای (اللهم رب هذه الدعوة التامة..) لە پاش بانگ و لە پاش قامەتیش بیخوێنن. وەك پێشەوا (شيخ الإسلام النووي) لە منهاج دا دەفەرموێت:" ولكلٍ أن يصلي على النبي (صلى الله عليه وسلم) بعد فراغه ثم اللهم رب هذه الدعوة التمة.." پاشان پێشەوا (الخطيب الشربيني) لە شەرحەکەیدا دەفەرموێت:" ويسن (لكلّ) من مؤذن وسامع ومستمع قال شيخنا: ومقيم" ولم أر لغيره، (أن يصلي على النبي (صلى الله عليه وسلم) ويسلِّم أيضا لما مرّ من أنه يكره إفرادها عنه (بعد فراغه) من الأذان والإقامة على ما مرّ لقوله (صلى الله عليه وسلم): إذا سمعتم المؤذن..". بڕوانە: (المنهاج مع شرح الخطيب: ج1 ص 141).

وجاء في (المجموع شرح المهذب 3/ 117)أيضا: "يستحب للمؤذن أن يقول بعد فراغ أذانه هذه الأذكار المذكورة من الصلاة على رسول الله (صلى الله عليه وسلم) وسؤال الوسيلة". وقال العلامة ابن حجر في المنهج القويم شرح المقدمة الحضرمية ص 84 في فصل الأذان:" ويسن الصلاة والسلام على النبي (صلى الله عليه وسلم) لكل من المؤذن والمقيم وسامعهما بعده(أي بعد الأذان) وبعدها(أي وبعد الإقامة) ثم يقول عقب ذلك: اللهم رب هذه الدعوة التامة..ويسن لكل من المؤذن والمقيم والسامع الدعاء عقبه وبينه وبين الإقامة لأنه(أي الدعاء) بينهما لا يرد كما صح في خبر الترمذي وغيره..الخ". وقال كذلك (رحمه الله) في تحفة المنهاج ج1 ص 257:" ويسن لكل من المؤذن والمقيم وسامعهما أن يصلي ويسلم على النبي (صلى الله عليه وسلم) بعد فراغه من الأذان أو الإقامة للأمر بالصلاة عقب الإمام في خبر مسلم وقس بذلك غيره، ثم يسن له أن يقول عقبهما: اللهم رب هذه الدعوة..الخ". وجاء في كتاب مُنتهَى الإرادات للحنابلة (ج 1، ص113ـ 114) ما نصُّه: (وسُنَّ لمؤذِّنٍ وسَامِعٍ أنْ

يُصَلِّيَ عَلَى النَبِيّ (صلى الله عليه وسلم)". وفي (شرح منتهى الإرادات 1/ 130): "ثم يصلي على النبي (صلى الله عليه وسلم) إذا فرغ، ويقول: اللهم رب هذه الدعوة".

زانایانیش بۆیە بە سوننەتیان زانیوە هەم صلّاوات هەم نزای وەسیلەو فەزیلە لە پاش قامەتیش بخوێندرێت هەر وەك پێشینانی خۆمان، چونکە لە سوننەتدا بانگ و قامەت یەك حوکمیان هەیەو قامەت لە شەرعدا هەر وەك بانگ وایە لە زۆربەی ئەحکامەکانیدا، بڕوانە: تحفة المحتاج في شرح المنهاج للعلامة ابن حجر المكي ج 1 ص 249 بەدواوە (فصل في الإذان والإقامة).

ئاشکرایە لە فەرمودەی صەحیحدا قامەتیش هەر بە بانگ ناوی هاتووە (الأذانين)، روى مسلم في صحيحه (573/1)برقم(838) عن عبد الله بن مغفل المزني(رضي الله عنه)، قال: قال رسول الله (صلى الله عليه وسلم): «بين كل أذانين صلاة». والمراد الأذان والإقامة اتفاقا.

بە نیسبەت ئەوەی کە سەدان سالّە سێ جار صلاّواتەکان دەخوێندرێت لە پاش بانگ بە دەنگی بەرز: ئەسلّەکەی وەك گوتمان سوننەتەوە فرمانی پێ کراوە، دیاریکردنی ژمارەکەیش سوننەتی پێشەوا حەزرەتی صلاح الدینی ئەیوبیە (ر.خ)، وەك (الحافظ السخاوي) لە (القول البديع)یدا ص 196 هەروەها شێخی ابن حجر لە (الفتاوى الكبرى الفقهية 1/ 131).یدا، کە پاش فەتحی میصر و ئازادکردنی لە دەستی فاتیمەیکان ئەو شێوازەی دامەزراندو هەموو موسڵمانانیش لە دەوڵەتی ئەیوبییەوە تا ئەم سەردەمە بە جوان و شایستەیان زانیوەو ئەنجانیان داوە لە بەر ئەسلّەکەی کە سوننەتە هەروەها فەرمانی پێشەوای موسڵمانانی لە سەر بووە خودایش دەفەرموێت: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ} (سورة النساء: 59).

مەعلومیشە کە حەزرەتی صەلاح الدین یەکێکە لەو پێشەوایانەی کە (أولي الأمر) دەیانگرێتەوە بە ئیتیفاق چونکە رزگارکاری بیت المقدس بووە. شێخی السخاوی دەفەرموێت لە پێنج فەرزەکەدا بانگوێژان سلّاواتەکان دەخەنە پاش بانگەکانەوە جگە لە مەغریب کە لە بەر تەنگی کات ناێخوێنن، هەروەها جگە لە نوێژی بەیانی و هەینی کە تیایاندا سلّاواتەکانیان پێش دەخەن، ئەمیش کارێکی شایستەیەو داهێنراوێکی چاکەو خاوەنەکەیشی پاداشتی لە سەر وەردەگرێت مەیش سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ فەرمانی: (الناصر صلاح الدين أبي المظفر يوسف بن أيوب ". وە بۆ استیحبابی جەهر پێکردنی بانگوێژان بە صلّاواتەکانی پاش بانگ ئیستیدلالی کردووە بە

"زانایانیش بۆیە بە سوننەتیان زانیوە هەم صلّاوات هەم نزای وەسیلەو فەزیلە لە پاش قامەتیش بخوێندرێت هەر وەك پێشینانی خۆمان، چونکە لە سوننەتدا بانگ و قامەت یەك حوکمیان هەیەو قامەت لە شەرعدا هەر وەك بانگ وایە لە زۆربەی ئەحکامەکانیدا"

عمومی ئایەتی: {وَافْعَلُوا الْخَيْرَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ}(سورة الحج: 77)، پاشان دەفەرموێت: " ومعلوم أن الصلاة والسلام من أجل القرب لا سيما وقد تواردت الأخبار على الحث على ذلك مع ما جاء في فضل الدعاء عقب الأذان والثلث الأخير من الليل وقرب الفجر والصواب أنه بدعة حسنة يؤجر فاعله بحسن نيته". القول البديع في الصلاة على الحبيب الشفيع للحافظ السخاوي (ص: 196).

کەواتە ئەسلّی صلّاواتەکانی دوای بانگ سوننەتە و شێوازەکەیشی داهێنراوێکی چاکە وەك پێشەوایان (السخاوي وابن حجر) باسیان کردووە، هەروەها زۆرێکی تریش لە زانایانی هەر چوار مەزهەب بە شایستەیان زانیوەو ئیقراری کردووە لەوانەیش: (الحافظ جلال الدين السيوطي) لە کتێبی (الوسائل الى مسامرة الأوائل ص 9). مێژوەکەیشی باسکردووە. هەروەها پێشەوا (الخطاب المالكي) لە کتێبی (مواهب الخليل دا ج 1 ص 430).

هەروەها (ابن عابدين الحنفي) لە (حاشية ابن عابدين دا ج 1 ص 390)، هەروەها (ابن عرفة الدسوقي المالكي في حاشيته على الشرح الكبير ج1 ص 193.

جگە لەمانەیش و جگە لە کارکردن بە (إطلاق) ی دەقەکان، ئەتوانین

بشلێین : که (جەهر) کردن بە صڵاواتەکانی پاش بانگ لە بابی داهێنانی (السنة الحسنة)یە، کە پێغەمبەر(درودی خوای لە سەر بێت) فەرمویەتی: هەر کەسێکی کارێکی باش دابهێنێت پاداشتی خۆی و ئەوانەیش کە چاوی لێ دەکەن تا رۆژی دووایی بۆ دەنوسرێت، جاء في صحيح مسلم (4/ 2059) برقم(1017) عن جرير بن عبد الله (رضي الله عنه)مرفوعا: « من سنَّ في الإسلام سنة حسنة، فعمل بها بعده، كتب له مثل أجر من عمل بها، ولا ينقص من أجورهم شيء..الحديث». بۆ دڕێژەی ئەو بابەتەو بەڵگەکی زیاتر بڕوانە: ئەحکامی (بیدعەت) و (قیاس) و (تەرك) لە شەریعەتی ئیسلامدا، پ.د. حسن موفتی، لاپەڕەکانی: 127 بۆ 312.

کەواتە: دووپاتی دەکەینەوە کە بانگبێژ وەختێك صڵاوات لە دیداری خۆشەویست ئەدات لە پاش نوێژەکان تەنها نەریتێکی شەرعی جوان نییە، بەڵکو سوننەتێکی دامەزراوی پێغەمبەرمانە (درودی خوای لەسەر بێت)، بە فەرمانی فەرمودەی (ثم صلوا علي)، لێرەدا پێویستە ئەوە بزانرێت کە فەرمانەکە گشتی و رەهایەو هیچ قەیدو مەرج و تایبەتمەندییەکی تێدا باسنەکراوە، هەر بەو شێوەیش زانایانی مەزهەبی شافیعیی لێی حاڵی بوون، وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ هەندێك لە دەقەکانیان کرد، واتە پێغەمبەر(درودی خوای لێ بێت) فەرمویەتی:" صڵاواتم لە دیدار بدەن پاش بانگی نوێژە فەرزەکان"، بەڵام دیاری نەکردووە، نە ژمارەکەی نە شێوازەکەی، قاعیدەی ئوسوڵی فیقهی ئیسلامیش بەو چەشنەیە کە هەرکات دەق بە گشتی هات ئەوا بە گشتی کاری پێ دەکرێت و تەخصیص ناکرێت مادام موخەصیصی نییە، هەروەها ئەگەر بە ڕەها هات ئەوا بەو چەشنە کاری پێ دەکرێت و تەقیید ناکرێت، مادام قەیدێکی لە گەڵ نەهاتبێت، وەك گوتویانە: (يعمل بعموم النص ما لم يخصّص، وبالمطلق ما لم يقيّد)، بنواڕە: البرهان في أصول الفقه لإمام الحرمين (1/ 148) المستصفى في علم الأصول للغزالي (ص: 255) العدة في أصول الفقه لأبي يعلى (1/ 44) و (2/ 532) الإحكام في أصول الأحكام للآمدي (2/ 339) المسودة في أصول الفقه لآل تيمية (ص: 109) كشف الأسرار شرح أصول البزدوي (2/ 103) الإبهاج في شرح المنهاج للسبكي وولده التاج: (2/ 200)، البحر المحيط في أصول الفقه للزركشي (4/ 284) و (5/ 8). وحاشية العطار على شرح الجلال المحلي على جمع الجوامع (2/ 84).

کەواتە بانگبێژ و موسڵمانان بە گشتی موختارن لەوەدا چەند صڵاوات دەدەن لە پاش بانگ، هەروەها موختارن بە دەنگی بەرز دەیخوێنن یان بە دەنگی نزم، گرنگ ئەوەیە بیخوێنن، ئەو بەڕێزانەی بە دەنگی بەرز نایخوێنن با بە دەنگی نزم بیخوێنن، ئەگەر هیچکام لەم دوو جۆرەیان ئەنجام نەدا ئەوا دەرچوون لە دائیرەی سوننەت و مافی ئەوەیان نامێنێت کە بڵێن ئێمەیش سوننی پەیڕەوین! لەوەیش نەفامیتی تر ئەوەیە کە کەسێکی سوننی پەیڕەو دەیخوێنێت پێی بڵێن تۆ (مبتدع) یت !؟

(بابەتی چوارەم)

خوێندنی سورەتی فاتیحەی پاش بانگەکان: کارێکی شایستەو چاکەو دەگات بە ڕۆحی موسڵمانان بە تایبەت ئەگەر ئیهدا بکرێت، چونکە ئەسڵەکەی سوننەتەو فەرمانی پێ کراوە بە عمومی بەڵگەکان کە لە پێشتردا باسمانکرد، هەروەها جمهوری زانایانی سەلەفی سالحیش لە سەر ئەوەن کە هەرچی بنیرێت بۆ مردووی موسڵمان پێی دەگات، وەك شیخ ابن القیم لە کتاب الروح یدا (ص: 117)(المسألة السادسة عشرة) دەڵێت:" واختلفوا في العبادة البدنية كالصوم والصلاة وقراءة القرآن والذكر فمذهب الإمام أحمد وجمهور السلف وصولها وهو قول بعض أصحاب أبي حنيفة". پاشان دەفەرموێت: (ص: 118):" فصل والدليل على انتفاعه بغير ما تسبب فيه: القرآن والسنة والإجماع وقواعد الشرع، أما القرآن..".

" هەرکات دەق بە گشتی هات ئەوا بە گشتی کاری پێ دەکرێت و تەخصیص ناکرێت مادام موخەصیصی نییە"

بەڵێ مەزهەبی خۆیشمان واتە مەزهەبی حەزرەتی شافیعی هەر وایە کە پاداشتی قورئان خوێندن بۆ مردوو دەڕوات، وەك پێشەوا شیخ الإسلام النووی لە (رياض الصالحين) یدا لە خودی ئیمامی شافیعییەوە نەقڵی کردووە و دەفەرموێت:" (قال الشافعي رحمه الله: ويستحب أن يقرأ عنده(أي عند الميت) شيء من القرآن، وإن ختموا القرآن كله كان حسناً". دليل الفالحين لطرق رياض الصالحين لابن علان (6/427).

هەروەها لە شرح النووي على مسلم (1/90) ئیمامی نەوەوی دەفەرموێت:" وذهب جماعات من العلماء إلى أنه يصل إلى الميت ثواب جميع العبادات من الصلاة والصوم والقراءة وغير ذلك وفي صحيح البخاري .." هەروەها تیایدا هاتووە:" شرح النووي على مسلم (3/ 202): "واستحب العلماء قراءة القرآن عند القبر لهذا الحديث، لأنه إذا كان يرجى التخفيف بتسبيح الجريد فتلاوة القرآن أولى والله أعلم وقد ذكر البخاري في صحيحه أن بريدة بن الحصيب الأسلمي الصحابي رضي الله عنه أوصى أن يجعل في قبره جريدتان ففيه أنه (رضي الله عنه) تبرّك بفعل مثل فعل النبي (صلى الله عليه وسلم).."

لە جێگەیەکی تردا فەرمویەتی:" شرح النووي على مسلم (7/ 90):" وقال جماعة من أصحابنا يصله (أي يصل الميت) ثوابها(أي: ثواب قراءة القرآن) وبه قال أحمد بن حنبل". بەڵێ لە (الأم مع مختصر المزني) ج 1 ص 322یدا حەزرەتی شافیعیش بەو شێوە فەرمویەتی: " وأحب لو قرئ عند القبر، ودعي للميت..".

مەعلومیشە کە ئەگەر قورئانەکە ئیهدا کرا بۆ ڕۆحی مردووەکە ئەوکات هیچ کەس لە زانایان خیلافیان لە سەری نیە کە دەگات بەو مردووە، چونکە دەبێتە بە شێك لە نزا، نزایش بە کۆی دەنگ دەگاتە مردوو بە ئایەتی {وَالَّذِينَ جَاءُوا مِنْ بَعْدِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَانِنَا الَّذِينَ سَبَقُونَا

بِالْإِيمَانِ وَلَا تَجْعَلْ فِي قُلُوبِنَا غِلًّا لِلَّذِينَ آمَنُوا رَبَّنَا إِنَّكَ رَءُوفٌ رَحِيمٌ } (سورة الحشر: 10).

هەروەها هاتووە لە (تكملة المجموع شرح المهذب): (15/ 522):" وذهب أحمد بن حنبل وجماعة من العلماء وجماعة من أصحاب الشافعي إلى أنه يصل، والمختار أن يقول بعد القراءة: اللهم أوصل ثواب ما قرأته، والله أعلم.. آە، وقال ابن النحوي في شرح المنهاج: لا يصل إلى الميت عندنا ثواب القراءة على المشهور. والمختار الوصول إذا سأل الله أيصال ثواب قراءته، وينبغي الجزم به لانه دعاء، فإذا جاز الدعاء للميت بما ليس للداعي، فلان يجوز بما هو له أولى، ويبقى الامر فيه موقوفا على استجابة الدعاء..".

"مەعلومە کە ئەگەر قورئانەکە ئیهدا کرا بۆ رۆحی مردووەکە ئەو کات هیچ کەس لە زانایان خیلافیان لە سەری نیە کە دەگات بەو مردووە، چونکە دەبێتە بە شێك لە نزا، نزایش بە کۆی دەنگ دەگاتە مردوو"

وقال ابن القيم: في كتاب الروح (ص: 142):" وأما قراءة القرآن وإهداؤها له تطوعا بغير أجرة فهذا يصل إليه كما يصل ثواب الصوم والحج".

کەواتە: خوێندن و ناردنی سورەتی فاتیحە لە بابی ئیهدائی سەوابەکەیەتی بۆ رۆحیانەتی پێغەمبەرو (درودی خوای لەسەر بێت) ئال و ئەصحاب بە تایبەتی بیلالی حەبەشی (ر.خ) هەروەها پێشەوایان و موجتەهیدانی ئیسلام وەك وەفایەك کە ئێمەیان فێری ئیسلامی راستەقینەکرد، جێگاکەیشی کە خراوەتە پاش صلّاواتەکانی پاش بانگ زۆر موناسیبە، چونکە خەلّکی دێنە مزگەوت و لە رێگەن و مەشغولّی خوێندنی فاتیحەکە بن باشترە بۆیان هەتا نەزەرکردن و قسەی بەتالّ، ئەمەیش عورفێکی شەرعییە (والعادة مُحَكَّمَةٌ) لە بنەماکانی فیقهی ئیسلامیە، بڕوانە: (القواعد الفقهية الكبرى، أ.د. حسن الشيخ خالد المفتي، ص: 202ـ237).

بۆیە سەدان سالّە زانایانی ئیسلامی کاریان پێ کردووە بە تایبەت لە ولّاتی خۆشەویستی کوردستان و میسر و شام عێراق و تورکیا و حیجاز و یەمەنیشدا، وەك پێشتریش ئاماژەمان کرد: هەر شتێکیش موسلّمانان بە باشیان زانیبێت ئەوا لای خودا شایستەو باش و وەرگیراوە: (ما رآه المسلمون حسنا فهو عند الله حسن) رواه الحاكم واحمد والطبراني عن ابن مسعود بإسناد صحيح كما تقدم..هەروەها لە بابی داهێنانی (السنة الحسنة)یە کە پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت) هانی داوین لە سەری لە فەرمودە صەحیدا:" من سنّ سُنةً حسنةً فله أجرُها..الحديث" صحيح مسلم (4/ 2059) برقم(1017). حرّرتُ هذه المسائل ووضّحتُها بطلب من المجلس الأعلى للإفتاء في كوردستان الموقّر أرجو التوفيق فيها ومنه التوفيق وعليه التكلان، وصلى الله على سيّدنا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين..



حوکمی سەڵاتو سەلامی دوای بانگو صەڵاو تەمجیدی بەیانیان

(بەدواداچوونێکی فیقهی)

عماد الدين فائز عبدالله المدرس

پێشنوێژ و وتارخوێن و ئەندامی سەرکردایەتی و ئەنجوومەنی باڵای فەتوای یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستان

سوپاس و ستایشی بەردەوام بۆ پەروەردگاری جیهانیان، وەبڕێت درووددو ڕەحمەتی خودای میهرەبان بەبەردەوامی لەسەر گیانی پێشەواو سەروەرو سەردارمان حەزرەتی محمد وە لەسەر خانەوادە خاوێنەکەی و هاوەڵە بەڕێزەکانی و شوێنکەوتوانی تا ڕۆژی دوایی.

ا) دەسپێک :

خوێنەری بەڕێز: بابەتی سەڵاوات و سەلام گوتن لەسەر گیانی پاکی حەزرەتی محمد (درودی خوای لەسەر بێت) لە دوای تەواوبوونی بانگ لەلایەن بانگدەر (مؤذن) وە بە دەنگێکی بەرزو ئاشکرا بابەتێکە بۆتە جێگای گفتوگۆی نێوان زانایان ڕای جیاوازیان لەسەر هەبوو وە لەلای ئەوانیشەوە ئەو جیاوازییە بڵاوبۆتەوە لە نێوان مسوڵمانان بەهۆی شوێنکەوتوویان بۆ ئەو زانایانە. ڕای جیاواز لەسەر بابەتێکی لاوەکی فیقهی- وەک ئەو بابەتە زۆر ئاسایی بەڵام بە داخەوە ببێتە جێگای مشتومڕ لەنێوان مسوڵمانان بە زانا و غەیرە زانا، تا لە هەندێ شوێن و کاتدا ببێتە هۆکارێک بۆ هەڵگرتنی ڕق و قینە بەرامبەر یەکتر، وە قسەو وتاری ناشرین و ناڕەوا بگوترێ بەرامبەر یەکتر، وە نوێژ لە دوای یەکتر نەکەن و بەرامبەرەکەی بە گومڕا بزانرێت وە بە تایبەتی لەلایەن ئەوانەی بە حەرامی و بیدعەی خراپی دەزانن کارێکی ناڕەوا و ناسروشت و نا ئاساییە، چونکە ئەو جۆرە هەڵس و کەوتانە هیچیان لەگەڵ ڕوحی ئیسلام و ڕەوشتی مسوڵمانی ڕاستەقینە ناگونجێت و نابێت وە جێگای قەبول کردن نییە.

جا با بزانین ئەو بابەتە ئەوەندە دەهێنێ کە مشتومڕی لەسەر بکرێت وە بەو تووندییە ڕەتبدرێتەوە.

ب/ چەند ڕاستییەک: چەند ڕاستییەک هەیە کە دەبێت هەموو لایەک ئەوانەی گوتنی سەلات و سەلام لە دوای بانگ لەلایەن بانگدەر بە دەنگێکی بەرز و ئاشکرا بە کارەکی سوونەت و حەلال و باش دەزانن وە ئەوانەی بە بیدعە و حەرامی خراپی دەزانێت وە بۆ زۆربەی زۆری بابەتە فیقهیە جیاوازەکانی تر دەبێت دان بەو ڕاستیانە بهێنن:

١- هەموو مسوڵمانان بە زانا و غەیرە زانا لە کۆن و نوێ یەکدەنگن کە سەڵات و سەلام گوتن لەسەر گیانی پێشەوا محمد (درودی خوای لەسەر بێت) وە بە نهێنی لە دوای بانگ سوننەتێکی گەورەیە و خێرە و پاداشتی زۆری تێدایە بۆ بانگدەر و وەڵامدەرەوەی بانگ و گوێگر هەروەک خۆشەویستمان (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی { إذا سمعتم المؤذن فقولوا مثلما يقول، ثم صلوا عليَّ، فإنه مَن صلَّى عليَّ صلاةً صلى الله عليه بها عشرًا...} (لە ڕیوایەتی موسلم ژمارەی حەدیس (٣٨٤) وە هیچ کەسێک جورئەتی ئەوەی نەکردووە بڵێت سوننەت نییە.

٢- وە ڕوون و ئاشکرایە ئەو بابەتە بابەتێکی فیقهی شەرعییە هەموو زاناکان لە بابەتی بانگدان (الاذان) وە لە کیتابی خاوێنی و نوێژ (الطهارة والصلاة) لە پەرتووکەکانی حەدیس و شەرع باسیان کردووە، هیچ پەیوەندی بە بابەت و مەسائیلی باوەڕ و عەقیدە نییە تاوەکو بە گوتنی وە یا نەگوتنی لە بازنەی ئیسلام دەربچێت، وە بە گومڕا بزاندرێت، وە گەڕانەوەی بۆ ئاگر و دۆزەخ بێت.

٣- ئەنجامدانی کاری خێر و چاکە چ گوفتار و قسە وە یا بە کردەوە داواکراوە لەلایەن خودای میهرەبان و هەروەک فەرموویەتی { ...وَٱفْعَلُواْ ٱلْخَيْرَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ (٧٧) } الحج وە لەلایەن پێغەمبەرەوە درودی خوای لەسەر بێت هەروەک فەرموویەتی (كل سلامى من الناس عليه صدقة، كل يوم تطلع فيه الشمس) (لە ڕیوایەتی بوخاری وە موسلم، حەدیسی (٢٦) لە (الاربعين النووية) جا ئەنجامدانی خێر و چاکە نەبەستراوەتەوە بە کات و شوێنەکی دیاریکراو و

دەتوانی چ بە نهێنی بیکەیت وەیا بە ئاشکرا، وە گوتنی سەڵات و سەلام لەسەر گیانی خۆشەویستمان درودی خوای لەسەر بێت کارەی باشە وە لە هەرە باشەکانە.

٤- برایەتی و تەبایی و خۆشەویستی لە نێوان مسوڵمانان کارێکی واجبە هەروەک خودای میهرەبان فەرموویەتی {إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ ۚ وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ (١٠)} الحجرات ، وە پێغەمبەرمان درودی خوای لەسەر بێت فەرموویەتی (... وكونوا عباد الله إخوانًا، المسلمُ أخو المسلم...) لە ڕیوایەتی موسلیم ژمارە حەدیس (٣٥) لە (الاربعين النووية) وە پابەند بوون بەو برایەتییە لە ژێر چەتری کیتاب و شەرعی خودا واجبە و فەرمانی پێکراوە, وە قەدەغەکراوە ناکۆکی و دوژمنداری هەروەک خودای میهرەبان فەرموویەتی { وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا...(١٠٣) } ال عمران، وە بابەت و مەسائیلی کۆدەنگیمان زۆر زیاترە لە بابەتە جیاوازی خیلافییەکان، جا لەبەر خاتری کەمەکە واز لە زۆرییەکە نەهێنین.

٥- زۆر گوتنی سەڵاوات و سەلام لەسەر گیانی پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت داواکراوە لە شەرعدا وە هۆکارێکی زۆر بەهێزو گەورەیە بۆ زیاتر خۆشویستنی پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت و زیاتر نزیکبوونی لێ لە ڕۆژی دوایی هەروەک ئەو ڕاستییە لە چەندان حەدیسی ڕاست و دروست هاتووە لەوانە پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت فەرموویەتی «إِنَّ أَوْلَى الناسِ بِي يومَ القيامةِ: أَكْثَرُهُمْ عَلَيَّ صلاةً». (لە ڕیوایەتی (الترمذی) وە (ابن حبان) لە (صحيح)ەکەی، الترغيب والترهيب ٢/٥٠٠)

ب/ مێژووی سەرهەڵدان:

مێژوونووسان و زانایان دەڵێن: یەکەم کەس پاش تەواوبوونی بانگ وە دەنگی بەرز لەسەر مینارە گوتنی سەڵات و سەلامی لەسەر پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت داهێنا بەو شێوەی کە ئێستا هەیە وە جگە لە دوای بانگی مەغریب لەبەر کەمی و تەسکی کاتەکەی شەعبان کوڕی حسین وە بە فەرمانی (محتسب) نەجمەدین محمد کوڕی عەلی تەنبەدی وە لەسەردەمی پاشایەتی سوڵتان مەنسوڕ حاجی کوڕی الاشرف لە کۆتاییەکانی چەرخی هەشتەمی کۆچی ، برِوانە السيرة الحلبية لبرهان الدين الحلبي (١١٥/٢)

وە دەگوترێت لە سەرەتا لە دوای بانگی عیشا تەنها سەلامکردن دەگوترا لە مانگی ڕبیعی کۆتایی لە سالی (٧٨١) کۆچی وە تەنها لە شەوانی دووشەممە و جومعە، وە دووجاریش، دواتر لە مانگی شەعبان سالی (٧٩١) کۆچی وشەی (سەڵاوات) یش زیادکرا لە دووای هەموو بانگەکان وە لە هەموو کاتێک تەنها لە دوای بانگی نوێژی مەغریب نەبێت وە لە دوای بانگی نوێژی بەیانی و نوێژی جومعەش نەبێت لەو دوو نوێژە پێش بانگ دەگوترا. الاذان والمؤذنون/لبيب السعيد- ص/105، والبدعة المحمودة والبدعة المذمومة/عبدالفتاح قديش اليافعي- ص/46.

وە دەگوترێت پێش ئەو مێژووە لەوکاتەی دەسەڵاتی سوڵتانی ناسر سەلاحەدینی ئەیوبی یوسف کوڕی شادی چەسپا لە میسر لە سالی (٥٦٧ک-١١٧١ز) فەرمانی دەرکرد بە گوتنی وە بە دەنگی بەرزو ئاشکرا لە دوای بانگدان، چونکە وا بڕیار درابوو پێش دەسەڵاتی سەلاحەدین لەسەردەمی فاتیمییەکان پاش کوژرانی (الحاكم كوڕی العزيز) لە سالی (٤٢١ک-١٠٢٩ز) خوشکەکەی (ست الملک) فەرمانی دا لە دوای بانگ سەلام لە کوڕەکەی (الظاهر) بکرێت وە بەمجۆرە (السلام على الامام الظاهر) ، جا بەمجۆرە بەردەوام بوو سەلام دەکرا لە دوای بانگەکان لە خەلیفەکانی فاتیمی تاوەکو پێشەوا سەڵاحەدین ئەم عادەتەی پووچ کردەوە، وە گۆڕی بە گوتنی سەلات و سەلام لەسەر پێغەمبەر درووی خوای لێ بێت خودای گەورە پاداشتی چاکەی بداتەوە. القول البديع فی الصلاة على الحبيب الشفيع للسخاوی- ص/79 ، والفقه الاسلامی وادلته (٧١٤/١).

جا کەواتە سەرەتای داهێنانی لە وڵاتی میسر بووە دواتر بڵاوبۆتەوە لە وڵاتانی مسوڵمانان وە زۆربەی زۆری مسوڵمانان کاریان پێکردووە وە بە کارێکی باشیشیان زانیووە پاش پاڵپشتی کردنی لەلایان زانایانی ئەوکات وە تاوەکو ئێستاش.

ت/ **حوکمی گۆتنی بە دەنگی بەرز:**

پاش ئەوەی باسکرا لە دەسپێک و ڕاستییەکان و مێژووی سەرهەڵدانی دێنە سەر ناوەرۆکی بابەتەکە، وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە (ئایە حوکمی گۆتنی سەڵات و سەلام بە دەنگی بەرز لە دوای بانگەکان چی یە ؟).

وتمان لە دوای سەرهەڵدانی لە میسرو بڵاوبوونەوەی لە جیهانی مسوڵمانان و کارپێکردنی و ئینکارنەکردنی لەلایەن زانایانی پایەبەرز بەڵکو بە کارێکی باشیشیان زانیوە، بەڵام هەندێکی کەم لە زانایان ئینکاریان کردووە، وە دەڵێن: ئەم کارە کارێکی داهێنراوی دروستکراوە نەبووە لە سەردەمی پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت وە هەروەها لە سەردەمی خولەفای ڕاشیدین و هاوەڵان، وە نە لە سەردەمی چاکە چەرخەکان.

وە نابێت مسوڵمان شتێک بکات و بڵێت بە ناوی عیبادەت کە خودای گەورە و پێغەمبەر فەرمانیان لەسەر نەبێت نە بە زیادکردن وە نە بە کەمکردن، چونکە پێغەمبەر درووی خوای لێ بێت فەرموویەتی (من عمل عملا ليس عليه امرنا فهو رد) لە ڕیوایەتی موسلم بە ژمارە (١٧١٨)، وە دەڵێن ئەوکارە لە ئایین نییە وە لەسەر زانایانە دەبێت بەرهەڵستی بکەن و قەدەغەی بکەن. فقه العبادات الصلاة والزكاة والصوم/حسن ايوب ص/١٤٠٣/55-١٩٨٣.

وە لە وەڵامیاندا زایانان فەرمویەتیان:

١- ڕاستە ئەوکارە لە سەردەمی پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت وە خولەفای ڕاشیدین و پێشینە چاکەکان نەکراوە بەڵام ئەگەر نەکرابێت ئەوە ناگەیەنێت بە ئەنجامدانی ئەوکارە دەبێتە کارێکی خراپ و بیدعەکی خراپ لە شەرعدا، ئەوکارە خراپ و بیدعەیە ئەگەر بە هیچ جۆرێک نە ئایەتی قورئانە وە نەفەرمووەدەی پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت نەیگرێتەوە، وە نەچێتە ناو هیچ بەڵگە و بنچینە و قاعیدەی شەرعی، بەڵام ئەو بابەتە جێگای دەبێتەوە لە ژێر ڕۆشنایی ئایەتی (٥٦)ی سورەتی الاحزاب کە خودای میهرەبان فەرموویەتی (إِنَّ ٱللَّهَ وَمَلَٰٓئِكَتَهُۥ يُصَلُّونَ عَلَى ٱلنَّبِيِّۚ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ صَلُّواْ عَلَيۡهِ وَسَلِّمُواْ تَسۡلِيمًا) لەم ئایەتە پیرۆزە فەرمان کراوە بە گوتنی سەڵات و سەلام لەسەر گیانی پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت بە ڕەهایی و موتلەق، وە فەرمانەکە بە گوتنی یەک جار دێتە جێ وە بە دووبارەکردنەوە و چەندان جار گوتنی دەبێتە سوننەت، وە جیاوازی نییە بە گوتنی بە ئاشکرا وە یا بە نهێنی وە بە شەو وە یا بە ڕۆژ لە هەر وەرزێک و شوێنێک بێت وە لە دوای بانگ و نوێژ بێت وە یا نەبێت چونکە هەروەکو زاناکان فەرموویەتیان: فەرمانەکە بە ڕەهایی و موتلەقە وە ئەوەی گوتراش دەچێتە ژێر ڕۆشنایی ڕەهایی و موتلەق ئایەتەکە, لە موفتی عیراق مامۆستا مەلا (عبدالکریمی مدرس) ڕەحمەتی خوای لێبێت پرسیم دەربارەی ئەو بابەتە لە وەڵامدا فەرمووی، ئایەتی فەرمانکردن بە سەلاوات گوتن (صَلُّواْ عَلَيۡهِ وَسَلِّمُواْ تَسۡلِيمًا) ئایەتێکی (مطلق)ە نەبەستراوەتەوە بە کاتێکی دیاریکراو وە یا بە شوێنێکی دیاریکراو جا بۆ کەسی مسوڵمانی ئیماندار لە هەر کاتێ و شوێنێکی کە قەدەغەکراو نەبێت تێدا زیکری خوای لێبکرێت وەک-ئاوەدەست. بۆی هەیە ئەگەر سەلاوات و سەلام بڵێت وە ئەو زیادکردنەش لە بیدعە و داهێنەرە چاک و جوانەکانە ئەوەی بیکات, زەم و لۆمە ناکرێت لە دیدارێکی تایبەت لە ساڵی ١٩٨٨ وە شێخ عبدالرحمان جەزیری دەڵێت: فەرموودەی پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت (...ثم صلو علي...) دەقێک نییە لە گوتنی سەلاوات بە نهێنی بێت، ئەگەر بانگدەر دەنگیشی- بەرزیکاتەوە بە گوتنی سەلاوات بۆ یادکردنەوەی خەلکەکان بەو حەدیسە تاوەکو ئەوانیش سەلاوات بڵێن کارێکی باشە. الفقه علی المذاهب الاربعة (٣٢٦/١) ٣ وە پێشەوا (جەلالەدین عبدالرحمان ابی بکر سیوطی) لە ساڵی (٩١١ک-١٥٠٥ز) کۆچی دوایی کردووە نزیکەیی (٥٠٠) پێنج سەد دانراوی هەیە لە هەموو زانستەکان لە (الاوائل) دەڵێت ئەوەی ڕاست و دروستە لە قسەکان کە ئەوکارە بیدعەکی چاکە الاذان والمؤذنون/لبیب السعید- ص/105، والبدعة المحمودة والبدعة المذمومة/عبدالفتاح قدیش الیافعی- ص/46، وە شێخ و دکتۆر وهبە الزوحیلی لە کیتابە دیارەکەی (الفقه الاسلامی وادلته) لە (٧١٤/١) پاش باسکردنی دروستبوونی دەڵێت: فەقیهـ و شەرعزانەکان بە بیدعەکی چاکیان داناوە.

٢- وە هەروەها زانایان ئایەتی (..وافعلوا الخیر لعلکم تفلحون ٧٧) سورة الحج کردوویانە بەڵگەکی تر بۆ باشێت و خۆشەویستی گوتنی کە خودای میهرەبان داوای ئەنجامدانی کاری چاکەی لێکردوینە بە گشتی، وە هەموو لایەکیش دەزانێت گوتنی سەلات و سەلام لە کارە هەرە چاک و خۆشەویستەکان و نزیکەکانە بەلای خودای میهرەبان وە بەلای پێغەمبەریش درودی خوای لەسەر بێت بە گوێرەی حەدیسی (... ثم صلوا علي فان من صلی علي صلاة صلی الله علیه بها عشرا...) لە ڕیوایەتی موسلم بە ژمارە (٣٨٤) وە هەروەها فەرموویەتی درودی خوای لەسەر بێت (ما من احد یسلم علي الا ردا الله علي روحی حتی ارد علیه السلام) لە ڕیوایەتی ابوداود بە ژمارە (٢٠٤١) حەدیسەکی حەسەنە وە لە فەرموودەکی تر هاتووە (... وصلوا علی فان صلاتکم تبلغنی حیث کنتم...) لە ڕیوایەتی ئەبوداود بە ژمارە (٢٠٤٢) حەدیسەکی سەحیحە.

٣- وە ئەگەر مەبەست لە بانگدان زانینی چوونە ناو کاتی نوێژ بێت جا بەرز کردنەوەی دەنگ بە گوتنی سەلات و سەلام لە دوای تەواوبوونی بانگ زێدە زانینە بە چوونە ناو کاتی نوێژ، ئەوەش هیچ گیروگرفتەکی نییە وە داواکراوە لە شەرع، واتە هەر کارێک و گوتارێک بکرێت بۆ زانینی چوونە ناو کاتی نوێژ لەگەڵ شەریعەتی ئیسلام بگونجێت هیچ قەدغە و مانیعی تێدا نییە، بو وێنە بۆ کەسی کە نابیستێ (کەڕ). ئەگەر لەکاتی چوونی ناو کاتی

نوێژ بە دەست ئاماژەی بۆ بکرێت، وە یا بە هەر جۆرە جوڵەیەکی تر بۆ تێگەیاندنی وابزانم هیچ گرفت و قەدەغەکراوی تێدا نییە.

٤- لە وەڵامدانەوەی فەرمووەی ڕاست و دروستەکی پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت (من عمل عملا ليس عليه امرنا فهو رد) وە هاوشێوەی ئەو فەرمووەی ڕاستانە زانایان دەڵێن: مەبەست لە داهێنان و دروستکردن و زیادکردنی کارێک کە بە هیچ جۆرێک فەرمانی خودای گەورە وە پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت لەسەر نەبێت، نە بە ئاشکرا وە نە بە ئاماژە و خوازیار، وە نەچێتە ژێر ڕۆشنایی هیچ ئایەت و حەدیسێک، بەڵام ئەگەر بە گشتی و ڕەهایی ئایەت یان حەدیس بیگرێتەوە جا چ بە ئاشکرا وە یا بە ئاماژە و خوازیاری وە ئەگەر لە سەردەمی پێغەمبەر و خولەفای ڕاشیدین و باشترین چەرخیش نەکرابێت ئەوە ناچێتە بیدعە و کارێکی خراپ و زەمکراو، چونکە چەندنان کار ئێستا ئەنجامدەدرێ دوای سەدان ساڵ لە دوای چەرخی باشینەکان (السلف الصالح) بە مەبەستی خزمەتکردنی شەریعەتی ئیسلام, ئومەتی ئیسلام بە زانا و غەیرە زانا بە چاکیان زانیوە و کاریان بۆ کردووەو دژی نەوەستاون وەک خوێندنەوەی وتار لە ڕۆژانی ڕەمەزان چ لە دوای نوێژی عەسر وە یا لە دوای هەر نوێژەکی تر، وە یا دروستکردنی قوتابخانەی ئایینی، وە یا بە چاپکردنی کیتابی ئایینی، وە یا بەکارهێنانی کەرەستە و ئامێری ئەلکترۆنی بۆ گەیاندنی زانیاری و ڕۆشنبیری ئیسلامی و ئیتریش....،

٥- کۆتایی: لە کۆتاییدا ئەو تونديیەی ناوێت لەلای ئەوانەی ئینکار دەکەن و بە بیدعەیەکی خراپی دەزانن، وە دیاریشە ئەنجامدەری بیدعەی خراپ لە گومڕاییەو سەرەنجامی گەڕانەوەی بۆ دۆزەخە، شێخ عبدالرحمانی جەزیری دەڵێت: ئەگەر بانگەدر بە گوتنی سەلات و سەلام لە واتا و مەبەستی عیبادەت بچێتە دەر وە مەبەستیش تەنها دەنگ بڵندکردن وەکو گۆرانی گوتن بێت ئەوە دەچێتە قالبی بیدعەیەکی خەراپ وە دەبێت واز بهێندرێت و نەگوترێت . الفقه على المذاهب الاربعة (٣٢٦/١)ط٣

جا بە پێویستی دەزانم گوتنی سەلات و سەلام لە دوایی بانگدان وە بە دەنگێکی بەرزو ئاشکرا بۆ ئەوەی لە قالبی پەرستن و عیبادەت و سوننەتی دەرنەچێت ڕەچاوی ئەو چەند خاڵانە بکرێت:

١- گوتنی بە دەنگێکی ڕاست و دروست و زانراو بێت، وە تێگەیشتنی ئاسان بێت.

٢- گوتنی بە دەنگێکی نەرم و لەسەرخۆ، وە زۆر دەنگی بەرز نەکاتەوە نەوەک لە نوێژخوێنانی سوونەت تێکبچێت.

٣- مەبەست و نییەت لە گوتنی عیبادەت و سوننەت بێت.

٤- دەکرێت هەندێ جار بگوترێت وە هەندێ جاریش نەگوترێت بۆ ئەوەی مسوڵمانان بزانن کە گوتنی سەلات و سەلام لە وشەکانی بانگ نییە، ئەگەر نەشگوترێت بانگەکە تەواوە.

٥- هەوڵبدرێت نوێژخوێنانی ناو مزگەوت لێرابێن تا دوای تەواوبوونی گوتنی سەلات و سەلام بە دەنگی ئاشکراو بەرز نوێژی سوونەت نەکەن، وە گوێبگرن وە ئەوانیش سەلات و سەلام بڵێن لە دڵی خۆیان.

٦- هەروەک لە دەسپێکیش وتمان برایەتی و تەبایی نێوان مسوڵمانان واجبە, وە پەرتەوازەیی و دوژمنداری و ڕق و قینە حەرامە, جا لەبەر ئەنجامدانی سوونەتێک واجبێک تەرک نەکرێت وە حەرامییەک نەهێتە جێ، پیویستە لەو مزگەوتانەی دەگوترێت مسوڵمانەکان ڕەچاوی برایەتی و تەبایی بکەن. خوای میهرەبان لە هەمووان زاناترە.

صەلاو تەمجیدی پێش بانگی بەیانی دروشمە یان عیبادەت

بابەتی صەلات و تەمجید- وە خوێندنەوەی تواشیح و شیعرو پەخشانی ئایینی و دوعا و نزاکردن- لە شەودا وە بە دەنگێکی ئاشکرا و بەرز، وە لە پێش هاتنی کاتی بانگی بەیانی دروشم و ئاگادارکردنەوەیە وە یا هەژمار دەکرێت بە عیبادەت و سوونەت ؟ جا بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە پێویست دەکات بزانین ئایە هیچ پەیوەندییەکی هەیە لەگەڵ بانگی یەکەمی نوێژی بەیانی- واتە پێش هەڵاتنی بەرەبەیانی ڕاست- کە ئەو بانگە چەسپاوە بە فەرموودەی ڕاست و دروست وە یا پەیوەندی نییە؟ وە دواتر باسی مێژووی سەرهەڵدانی باس بکەین ان شاء الله تعالى:-

١- بانگدان پێش هاتنی کاتی نوێژی بەیانی:

زانایان ڕەحمەتی خوایان لەسەربێت – ڕایان جیاوازە دەربارەی بانگدان پێش هاتنی کاتی نوێژی بەیانی بۆ چەند ڕایەک، بەڵام ئەوەی کە زۆربەی لەسەرن دوو ڕا و بۆچوونن:

ا- لەلایەن پێشەوایان مالیکی وە شافیعی وە ئەحمەد وە ئەبو یوسف لە حەنەفییەکان وە زۆربەی زانایانی تر جائیزە و ڕێپێدراوە و سوننەتە.

ب- لەلایەن پێشەوایان ئەبو حەنیفە، وە ثەوری وە محمد کوڕی حەسەن وە ئیتریش ڕێپێدراو نییە و قەدەغەیە ئەو بانگە. بڕوانە (١) المغنى و والشرح الكبير لابن قدامه (٤٢١/١)، والمجموع شرح المهذب للنووى (٩٧/٣) و شرح فتح القدير لابن همام الحنفى (١٧٧/١)، و بداية المجتهد و نهاية المقتصد لابن رشد (١٠٤/١)

٢- بەڵگەکان و گفتوگۆی:

ا- لەسەرەتادا بەڵگەی ئەوانە دەهێنینەوە کە ڕێیان پێنەداوە و قەدەغەیان کردووە بە کورتی:

١- پێغەمبەردرووودی خوای لێ بێت فەرمویە بیلال " لا تؤذن حتى يستبين لک الفجر، ومد يديه عرضا) لە ڕیوایەتی ابوداود (٥٣٤) حديث حسن (باب فى الاذان قبل دخول الوقت).

وە لە ڕیوایەتێکی تر: بیلال پێش هەڵاتنی ڕۆناکی بەرەبەیان بانگیدا پێغەمبەر درووودی خوای لێ بێت فەرمانی پێکرد

بگەڕێتەوە و بڵێت (الاان العبد قد نام، الاان العبد قد نام) حدیث صحیح فی سنن ابی داود (٥٣٢).

٢- وە بەرامبەر حەدیسی (ان بلالا یؤذن بلیل فکلوا واشربوا حتی یؤذن ابن ام مکتوم) لە ڕیوایەتی بوخاری (٦١٧) وە موسلیم (١٠٩٢) دا دەڵێن: ئەو حەدیسە یا لە جوملەی بانگەواز بێت واتە : نابێت پشتی پێ ببەستریت دەکرێت بیلال هەڵەی لە کاتەکە کردبێت، وە یا مەبەست لێی دیاریکردنی کاتی پارشیوو بێت، چونکە بابەتەکە لە مانگی ڕەمەزان بووە، جا دەکرێت مەبەست لە بانگدانی بیلال وەکو صەلاو و تەواشیحی و تەمجیدی ئەو زەمانە بێت، تاوەکو ئەو هاوەڵانەی بەخەبەرن و شەونوێژ دەکەن بگەڕێنەوە ماڵەوە بۆ پاریشیوو کردن، وە ئەوانەی کە نوستوونە هەڵسن بۆ پارشیوو کردن بە بەڵگەی حەدیسی تر کە لە بوخاری هاتووە بە ژمارە (٧٢٤٧) وە لە موسلیم بە ژمارە (١٠٩٣). فتح القدیر لابن همام الحنفی(١٧٧/١).

ب- بەڵگەی ئەوانەی بە جائیز یان داوە بە کورتی:

١- فەرموودەی پێغەمبەر درووی خوای لێ بێت : (ان بلالا یؤذن بلیل فکلوا واشربوا حتی یؤذن ابن ام مکتوم) پێشتر تخریجی کرا، وە لە ڕیوایەکی تر هاتووە (انه لم یکن بین اذانه و اذان ابن ام مکتوم الا ان یرقی هذا و ینزل هذا) سنن النسائی (٦٣٩) باب هل یؤذنان جمیعا او فرادی جا ئەو فەرموودەیە ڕاست و بەهێزە، وە دەڵێن فەرموودەی (لا تؤذن حتی یستبین لک الفجر ....) بەڵگە نییە چونکە فەرموودەکە (موقوف)ە لەسەر زانا بەرزەکان.

٢- وە بە گوێرەی ئەو مانایەی کە لییان داوەتەوە فەرموودەی (ان بلالا یؤذن...) ڕەدیان کردۆتەوە، چونکە ئەوەی ئێستا خەڵکان دەیکەن لە (صەلاو تەمجید و تەواشیح) لەسەردەمی پێغەمبەر درووی خوای لێ بێت نەبووە، وە لە فەرموودەکە وشەی (آذان) هاتووە نابێت لە مانای ڕاستەقینەی خۆی بگۆڕدرێت بۆ مانای تر.

٣- بنچینەی بابەتەکە و سەرەتای گوتنی:

بە گوێرەی ئەو بەڵگانەی کە زانایانی هەردوو ڕا هێنایتیانەوە، بەڵگەی ڕێپێدراوەکان بەهێزترە، بەڵام ئەو مانایەی کە بۆ فەرموودەکەی (ان بلالا یؤذن بلیل...) لێدراوەتەوە دەگونجێت صەلاو تەمجید و تەواشیحی ئەو زەمانە وەکو بانگی یەکەمی بیلال بێت، وە بە تایبەتی کە هۆی بانگەکە دیاربوو بۆ گەڕانەوەی هاوەڵانی بە ئاگا بۆ ماڵەکانیان بۆ پارشیوو کردن، وە بۆ هەڵسانی ئیتر کە نوستبوون بۆ پارشیووکردن، جا حیکمەتی ئەو صەلاو تەمجیدانەش هەر بۆ ئەوکارەیە، کەواتە پەیوەندی هەیە لە نێوان بانگی یەکەمی پێش هەڵاتنی ڕۆناکی بەرە بەیانی ڕاست لەگەڵ گوتنی صەلاو تەمجید و تەواشیح.

مێژوونووسان دەڵێن سەرەتای سەرهەڵدانی ئەو کارە پێش هاتنی حەزرەتی محمد درووی خوای لێ بێت دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی حەزرەتی (موسا) سەلامی خوای لێبێت. لەوکاتەی کە لە بیابان ون ببوون لەگەڵ گەلەکەی (بنی اسرائیل) فەرمانی کردبوو بەرە بەیانیان تەمجیدی خوا بکرێت بە دەنگ، وە بەردەوام بوو ئەوکارە تاوەکو سەردەمی حەزرەتی (داوود) سەلامی خوای لەسەربێت کە بڕیاری دا لە شاری قودس بگوترێت وە چەند کەسێکی تەرخان کردبوو بە ئالات شیعرو پێداگووتنی ئاینیان دەگوت تاوەکو دەرکەوتنی بەیانی.

وە لەناو مسوڵمانان سەرەتای سەرهەڵدانی گوتنی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی خیلافەتی ئەمەویەکان ئەوکاتەی (معاویەی کوڕی ئەبوسوفیان) ڕەزای خودایان لەسەربێت پێشەوایەتی مسوڵمانانی دەکرد (مەسلەمەی کوڕی موخەلد) ڕەزای خوای لەسەربێت یەکێک بوو لە هاوەڵانی پێغەمبەر درووی خوای لێ بێت کردبووە (والی) و کاربەدەستی وڵاتی میسر لە ساڵی(٤٧) ی کۆچی جا ئەو (والی) یە لە ئیعتکاف بوو لە مزگەوتی (عەمری کوڕی عاص) ڕەزای خوای لێبێت بە شەو گوێ لە دەنگی ناقوسی کڵێسەکان بوو لێدەدرا و دەنگێکی بەرزی هەبووە بۆ ئەوەی فەلەکان هەڵسن بۆ ئەنجامدانی نوێژی خۆیان. لەو کاتەدا فەرمانی کرد بە (شەرەحبیل کوڕی عامر) کە عەریف و سەرپەرشتیاری بانگەدەرەکانی مزگەوت بوو بە گوتنی صەلاو تەواشیح و تەسبیحاتی خودا بە دەنگی بەرز و ئاشکرا لە دوای نیوەی شەوەوە تاوەکو نزیک بوونەوەی هاتنی ڕووناکی بەرەبەیانی و بانگی بەیانی، وە کاتی (ئەحمەد کوڕی تولون) حوکمڕانی میسری کرد لەلایەن خیلافەتی عەباسی لە نێوان ساڵانی (٢٥٤ک ٨٦٨ز) تاوەکو (٢٧٠ک-٨٨٤ز) دواتر سەربەخۆی میسری لە خیلافەتی عەباسی ڕاگەیاند کۆمەڵەکی تەرخانکردبوو مووچەی پێدەدان تاوەکو (تکبیرات و تسبیحات و تحمیدات) بڵێن بە شەو، وە پاش ئەوەی سەڵاحەدین حوکمڕانی میسری گرتە دەست، وە خەڵکانی هێنا سەر مەزهەبی ئەشعەری لە عەقیدە، وە شافیعی لە فیقە و شەرعدا، فەرمانی کرد بە باگدەرەکان شەوانە لە جیاتی تەسبیحات و تەمجیدات پەرتووکی (العقیدة المرشده)ی (المهدی محمد کوڕی تومرت الظاهری الاشعری) بخوێندرێتەوە السیره الحلبیة (١١٦/٢) والبدعة المحمودة والبدعة الاضافیة-ص/45

جا کەواتە سەرەتای سەرهەڵدانی و گوتنی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی چەرخی یەکەمی کۆچی سەردەمی بوونی هاوەڵانی

پێغەمبەر دروودی خوای لێ بێت وە بە ماوەیەکی کەم لە دوای نەمانی خیلافەی ڕاشیدین، وەکو بەرپەچدانەوەی کارێک بوو بەڵام باشیش بوو ئەگەر وەکو خۆی وە بۆ ئەو مەبەستەی دانرا جێبەجێ بکرێت. جا دوای ئەو کاتە وە بە تێپەڕبوونی ساڵ لە دوای ساڵ لە زۆربەی شوێنەکانی خاکی مسوڵمانان بڵاو بۆوە و بایەخی پێدرا.

٤- حیکمەت و دانایی گوتنی:

ئەگەر هۆکارێک نەبێت بۆ ئەزیەتی نوستووان کە مرۆڤ نوست تەکلیفیشی لەسەر نامێنێت هەروەک پێغەمبەر دروودی خوای لێ بێت فەرموویەتی (رفع القلم عن الثلاثة: عن النائم حتى يستيقظ...) لە ڕیوایەتی ابو داود (٤٣٩٨) کارێکی باش و گونجاوە چونکە هۆیەکی بەهێزە بۆ هەڵسان لە خەو خۆ ئامادەکردن بۆ ئەنجامدانی چەندان عیبادەت لەوانە: کردنی نوێژی شەونوێژ (التهجد)، وە خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز، وە دوعا و نزاکردن و هەڵڕشتنی ڕاز و نیازی دڵەکان بۆ پەروەردگار، وە زیکر و یادکردنەوەی خودا و داوای لێبوردن. وە خواردنی پارشیوو بۆ ئەو کەسانەی کە ویستی بەڕۆژووبوونیان هەیە، وە خۆ ئامادەکردن بۆ ئەنجامدانی نوێژی بەیانی لە سەرەتای بوونی بە جەماعەت جا چ لە مزگەوت وە یا لە ماڵەوە لەگەڵ خانەوادەکەی وە یا بە تەنیا،وە ئەوەی ئەگەر جەنابەتی لەسەربێت خۆی بشوات وەیا تەنیا دەستنوێژ هەڵگرێت و بەڕێ بکەوێت بۆ مزگەوت، وە چەندان خێری تر... جا گوتنی صەلاوتەمجید بۆ ئەوەی مسوڵمانان خۆیان ئاماده بکەن بۆ ئەنجامدانی عیبادەت و پەرستنەک کارێکی گونجاوە و لە شەرعدا وێنەی ئەوەمان هەیە بۆ وێنە: بە دووداچوونی بینینی مانگی یەکشەوەی مانگی ڕەمەزان دوای ڕۆژئاوابوون بۆ ئەنجامدانی نوێژی تەراویح، وە یا زوو چوون بۆ ناو مزگەوت بۆ کردنەوەی شوێنی خۆی لە ڕێزی یەکەمی نوێژخوێنانی بە کۆمەڵ، وە یا بۆ ئەنجامدانی نوێژی جومعە، وە یا پۆشینی پۆشاکی ئیحرام و نییەت هێنان بە ئەنجامدانی حەج وە یا عومرە پێش گەیشتن بە میقات و شوێنی دیاریکراو بۆ ئیحرام بەستن، وە ئیترش... جا دەکرێت گوتنی صەلاو تەمجید و تەواشیحی شەوانە پێش بانگی بەیانی هەر لەوجۆرە بابەتانە هەژمار بکرێت ئەگەر ڕەچاوی ئەزیەت نەدانی مسوڵمانانی تێدا بکرێت، وە شەریعەتی ئیسلامیش لەگەڵ هەموو کارێکە کە بەرژەوەندی و چاکی مسوڵمانان بە تایبەتی وە مرۆڤایەتی بە گشتی تێدا هەبێت دەکات وە هانیشمان دەدات بۆ ئەنجامدانی.

٥- چەند ڕاسپاردەیەک:

سەرەڕای ڕەچاوکردنی بابەتی پێشترمان (بابەتی گوتنی سەلات و سەلام لە دوای بانگ وە بە دەنگی ئاشکرا و بەرز) بە پێویستی دەزانم ئەو چەند خاڵە بنووسم وەکو ڕاسپاردە بۆ تەبایی و یەکڕیزی مسوڵمانان.

١) ئەگەر بکرێت وە وا باشە و سوننەت و عیبادەتە هەروەک لە مەزهەبی خۆشمان مەزهەبی پێشەوا شافیعی فەتوای پێدراوە جێبەجێ کردنی بانگی یەکەمی بەیانی واتە پێش هاتنی و هەڵاتنی ڕۆناکی ڕاستی بەیانی بانگێکی تر بگوترێت، بەڵام دەبێت پێش ئەنجامدانی ئەو کارە زەمینەسازی بۆ بکرێت و مسوڵمانانی تێدا ئاگادار بکرێنەوە بۆ ماوەکی باش، سەرەتاش نابێت لە مانگی ڕەمەزان یان نزیک لە مانگی ڕەمەزان ئەنجامبدرێت.

٢) جا چ بانگی یەکەم بێت وەکو پێشنیازم کرد وە یان صەلاو تەمجید و تەواشیحی ئایینی بێت، بگوترێت پێش هاتنی کاتی نوێژی بەیانی بە ماوەکی کەم. بۆ نمونە نزیکەی نیو کاتژمێر، وە دیاریبکرێت کاتەکەی چونکە شەو درێژی و کورتی هەیە بە گوێرەی وەرزی ساڵ.

٣) ئەو کەسەی دەڵێت هەتا بکرێت کەسەکی دەنگخۆش بێت، زۆر دەنگی بەرز نەکات و هاوار بکات بە تایبەتی ئەمڕۆ کە زۆربەی زۆری مزگەوتەکان بڵندگۆی هەیە.

٤) وشەکانی صەلاو تەمجید و تەواشیح و پێداگوتنەکان وشەی شەرعی بێت، وە ڕاست و دروست بن، موسڵمانان لێی تێبگەن.

٥) دەکرێت ئەو مزگەوتانەی کە لەیەکتر نزیکن، وە دەنگیان دەگاتە یەکتر، مزگەوتەک وە یا دووانیان هەڵبژێردرێت بۆ گوتنی تێدا، وە بە تایبەتیش کە بەشەو دەگوترێت لەو کاتەدا وەکو دەگوترێت دونیا هێمن و ئارامە.

٦) پێویستە چاودێری کەسانی پیر و بەتەمەن وە یا نەخۆش وە یا منداڵ بکرێت لەکاتی نووستنیان بە تایبەتی لە شەوانی هاوین کە شەوەکانی کورتن.

لە خوای میهرەبان دەپاڕێمەوە خۆشەویستی و برایەتی لەناو مسوڵمانان زیاتر بکات، وە لێمان ببوورێت. وە دروود و ڕەحمەتی بەردەوام بڕێژێت لەسەر گیانی پێشەوا و سەرەر و سەردارمان محمد وە لەسەر خانەوادەی و خزمانی و هاوەڵانی و شوێنکەوتووانی.

سەرچاوەکان:

١) القران الكريم.
2) الاذان و المؤذنون / لبيب السعيد
٣) الاربعين النووية.
٤) البدعة المحمودة والبدعة المذمومة/عبدالفتاح قديش اليافعى
٥) الترغيب و الترهيب / المنذرى / الجزء الثانى.
٦) سنن ابى داود
٧) السيرة الحلبيه / برهان الدين الحلبى / الجزء الثانى .
٨) صحيح البخارى
٩) صحيح مسلم .
١٠) الفقه الاسلامى وادلته /د.وهبه الزحيلى / الجزء الاول
١١) الفقه على المذاهب الاربعة / عبدالرحمن الجزيرى / الجزء الاول.
١٢) فقه العبادات الصلاة و الزكاة والصوم / حسن ايوب
١٣) القول البديع فى الصلاة على الحبيب الشفيع / السخاوى.
14) بداية المجتهد و نهاية المقتصد/ ابن رشد/ الجزء الاول
15) شرح فتح القدير/ ابن همام الحنفى / الجزء الاول.
16) المجموع شرح المهذب / النووى / الجزء الثالث
17) المغنى والشرح الكبير / ابن قدامه المقدسى / الجزء الاول

(چوار) باس
دەربارەی (بانگ) و بابەتە پەیوەستەکانی

م. محمد مەلا محمود تاوگۆزی

لـــــــــەم توێژینـەوەدا، بـاس لە حـوکمی شـەرعی بانگ و، گشت ئـەو وشە و بڕگە زیادانـە دەکەین، کە دەخرێنە پـێش و پاشـیەوە. بـەو ئومێـدەی بەرچاوڕوونی بێت بۆ خوێنەرانی ئـازیز و، سـوودێکی زانسـتی هـەبێت. نوسینەکەشم دابەشکردووە بەسـەر دەسـتپێکێك و (چـوار) باسـدا، وەك لـە خـوارەوە هاتووە.

دەستپێك

لەم دەستپێکەداو لە چوارچێوەی (چوار) بڕگەدا، چەند ڕوونکردنەوەیەك سەبارەت بە بانگ دەخەینەڕوو.

بڕگەی یەکەم: پێناسەی بانگ

بانگ ئەو کۆمەڵە وشە تایبەتیەیە، کە بۆ ئاگادارکردنەوەی موسوڵمانان دانراوە لە کاتی نوێژە فەرزەکاندا.

یاخود گوتەیەکی تایبەتییە، کاتی نوێژە فەرزەکانی پێدەزانرێت[1].

بڕگەی دووەم: حوکمی بانگ

بانگ یەکێکە لە دروشمەکانی ئیسلام، سونەتە بانگبدرێت بۆ نوێژە فەرزەکان. گوتراویشە: واجبە[2]. هەروەها سونەتە بۆ ئەو نوێژە سونەتانەیش کە بە جەماعەت ئەنجامدەدرێن، وەك: نوێژی تەراویح و، نوێژی مانگگیران و، خۆرگیران و، نوێژی وەتر. بەڵام لە جیاتی بانگ و قامەتەکە دەگوترێت: (الصلاة جامعة، الصلاة جامعة، هلموا للصلاة الفلانية يرحمكم الله)[3].

هەروەها بانگ و قامەت بۆ کەسێك بە تەنهایش بۆ خۆی نوێژبکات، هەر سونەتە، هەروەها بۆ نوێژی فەوتاویش هەر سونەتە، بەو مەرجەی دەنگ بەرزکردنەوەکەی خەڵکی بێزار نەکات، بەڵام ئەگەر خەڵکی بێزاردەکرد ئەوە بەدەنگی نزم دەخوێنرێت.

بڕگەی سێیەم: مێژووی بانگ

پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێت) بەلایەوە گرنگ بوو کارێك بکات خەڵکی بۆ نوێژ فەرزەکان کۆبکاتەوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش ڕاوێـژی بـە خەڵکەکە کرد، ئەوانیش هەندێکیان گوتیان: با لە کاتی نوێـژدا ئاڵایـەك هەڵبکرێت. بەڵام پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێت) ئـەم بۆچـونەی بەلاوە پەسەند نەبوو. پاشان گوتیـان: بـا (بـوق) لێبـدرێت، فـەرمووی: ئەوە هـی جولەکەکانـە حـەزم لێـی نییـە. دیسـان گوتیـان: بـا (زەنـگ) لێبدرێت. فـەرمووی: ئـەوەش هـی فەلەکانـە (گـاور) نامانـەوێ. پاشـان گوتیان: با لەو کاتەدا ئاگر بەرزبکرێتەوە. فەرمووی: ئـاگریش دروشمـی ئاگرپەرسـتەکانە. پاشـان حـەزرەتی (عومـەر، خـودا لێـی ڕازی بێـت) فەرمووی: ئەی بۆ پیاوێك نەنێرین خەڵك بـانگ بکـات بـۆ نوێـژ؟ پاشـان پێغەمبەر (دروودی خـودای لەسـەربێت) بـە (بـیلال)ی فـەرموو: هەسـتە بانگبدە بۆ نوێژ[4].

بەڵام هەندێك لە زانایان دەڵێن: ئەو بانگەی (بیلال) ئەم بانگەی ئێستا نەبووە. پێشەوا (ئیبن حەجەر) دەفەرموێت: ئەو بانگەی (بیلال) (الصلاة جامعة) بوو(5).

بەم پێیەش هەرکام لە بانگ و قامەت یەکێکن لە تایبەتمەندییەکانی ئەم ئومەتەو[6] ، لە سااڵی یەکەمی کۆچیدا بڕیاریان لەسەر دراوە[7].

بڕگەی چوارەم: سەربوردەی ئەم بانگەی ئێستامان

(عەبدوڵای کوڕی زەید، خودا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: ئەو شەوەی پرس و ڕاوێژمان کرد دەربارەی کۆبونەوەی خەڵکی بۆ نوێژ، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێت) فەرمانیدا (زەنگ) دروست بکرێت و لێبدرێت، –بەڵام ئەم فەرمودەی زەنگ لێدانە پێچەوانەی گێڕانەوەکەی پێشووە کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێت) ڕێگری کرد لە لێدانی بۆ کۆکردنەوەی خەڵکی بۆ نوێژ–.

(عبد الله) دەفەرموێت: خەوتبوم لە خەومدا پیاوێك بەدەورمدا دەهات، زەنگێکی بەدەستەوە بوو، گوتم: ئەی بەندەی خودا ئەو زەنگە دەفرۆشیت؟ گوتی: بۆچیتە؟ چی لێدەکەیت؟ گوتم: خەڵکی پێ بانگدەکەم بۆ نوێژ. گوتی: من ڕێنماییت بکەم بۆ شتێك لەوە باشتر بێت؟ گوتم: بەڵێ. گوتی بڵێ: (الله أكبر، الله أكبر...) تا کۆتایی بانگ. پاشان کەمێك دوورکەوتەوە و، گوتی: کاتێکیش هەستایتەوە بۆ نوێژ و قامەتت کرد، بڵێ: (الله اكبر، ألله أكبر ...) تاکۆتایی.

(عبد الله) دەفەرموێت: کە بەیانی هەستام لە خەو، چوومە خزمەتی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێت)، ئەوەی بینیبووم بۆم گێڕایەوە. ئەویش فەرمووی: إن شاء الله ئەوە خەوێکی ڕاستە، هەستە لەگەڵ (بیلال) ئەوەی بینیوتە بۆی باسبکە، با بەو شێوەیە بانگبدات، چونکە ئەو دەنگی لە تۆ بڵندترە. (عبد الله) دەفەرموێت: منیش لەگەڵ (بیلال)دا هەستام و شێوازی بانگەکەم پێگوت، ئەویش بانگیدا. حەزرەتی (عومەر) لەماڵ خۆیان بوو، کە گوێی لە بانگەکە بوو، هات بۆ خزمەتی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێت) کراسەکەی دەکشا بە زەویدا و، دەیفەرموو: ئەی پێغەمبەری خوا سوێند بەو زاتەی تۆی بە ڕاستی ڕەوانە کردووە، وێنەی ئەو خەوەی کە بینراوە منیش بینیومە، پێغەمبەریش (دروودی خودای لەسەربێت) فەرمووی: سوپاس بۆ خودا. تەنانەت دەفەرموێت: زیاد لە (دە) هاوەڵ ئەو خەوەی بینی بوو[8].

باسی دووەم: سەڵا و تەسبیح و زیکری پێش بانگی بەیانی

نوێژ و بانگی بەیانی، جیاواز لە نوێژ و بانگەکانی دیکە، خاوەنی چەند خەسڵەت و تایبەتمەندییەکن. وەک لەم چەند خاڵەدا بە کورتی ئەو جیاوازییانە ئاماژەپێدەدەین:

1. نوێژی بەیانی بە هیچ جۆرێك كورت و كۆ (قصر و جمع) ناكرێتەوە.
2. کاتەکەی تایبەتی و سنووردارە، واتە: واجبێکی (مضیق)ە.
3. فەزڵ و پاداشتی لە نوێژەکانی دیکە زیاتر و زۆرترە.
4. لە ڕووی چەندێتییەوە، دوو ڕکاتە، وە لە ڕووی چۆنێتییەوە قنوتی تێدایە.
5. بانگەکەی دوو بانگە.
6. لەنێو بانگی دووەمدا (تەسویب)ی تێدا دەخوێنرێت، واتە: گوتەی: (الصلاة خير من النوم).
7. لە پێشی بانگەکەوە صەڵا و تەسبیحات دەخوێنرێت.

بەندە بە یارمەتی پەروەردگار، لەم باسەدا، سەبارەت بە خاڵی کۆتایی دەدوێم، واتە: سەڵا و تەسبیح و تەمجیدی پێش بانگی بەیانی. نوسینەکەشم دابەش دەکەم بەسەر (سێ) بڕگەدا.

بڕگەی یەکەم: سەڵا و تەسبیح و تەمجیدی پێش بانگی بەیانی چییە؟

مەبەست لە سەڵاو تەسبیح و تەمجیدی پێش بانگی بەیانی، ئەو زیکرو تەسبیحات و صەڵاوات و قورئانخوێندنانەیە کە بانگبێژ پێش ئەوەی بانگی بەیانی بدات، دەیخوێنێت، بە مەبەستی بە ئاگاهێنانەوەی خەوتووان.

بڕگەی دووەم: مێژوو و سەرچاوەی ئەم کارە

سەرچاوە و مێژووی ئەم کارە پیرۆزە، دەگەڕێتەوە بۆ چەرخی زێڕینی یەکەم. واتە: پشتئەستوورە بە کرداری پێشەوا و سەروەرمان



حەزرەتی (موحەمەد، دروودی خوای لەسەربێت)، هەروەها بە کرداری یاوەری بەڕێز و پێشەوای بانگبێژان، حەزرەتی (بیلالی حەبەشی – خودا لێی ڕازیبێت).

هەروەك (توفەیلی کوڕی ئوبەی کوڕی کەعب) لە باوکییەوە (خودا لێیان ڕازی بێت)، فەرمویەتی: «كان رسول الله صلى الله عليه وسلم، إذا ذهب ثلثا الليل قام، فقال: يا أيها الناس أذكروا الله اذكروا الله جاءت الراجفة تتبعها الرادفة، جاء الموت بما فيه جاء الموت بما فيه...»[9]. واتە: پێغەمبەری خودا (دروود و سەلامی لەسەربێت)، خووی وابوو، هەرکە دوو سێیەکی شەو ڕۆشتبا، هەڵدەستا و، دەیفەرموو: ئەی خەڵکینە! یادی خودا بکەن، یادی خودا بکەن و بێ ئاگامەبن، لەرزەی یەکەمی زەوی هاتووە و، دووەمیش بە دوایدا دێت، هەروەها مردن و قۆناغەکانی دێن..

بە هەمانشێوە (عوروەی کوڕی زوبەیر) لە ئافرەتێکی (بەنو نەجار)ەوە (خودا لێیان ڕازیبێت)، دەگێڕێتەوە: «كَانَ بَيْتِي مِنْ أَطْوَلِ بَيْتٍ حَوْلَ الْمَسْجِدِ، فَكَانَ بِلَالٌ يُؤَذِّنُ عَلَيْهِ الْفَجْرَ فَيَأْتِي بِسَحَرٍ فَيَجْلِسُ عَلَى الْبَيْتِ يَنْظُرُ إِلَى الْفَجْرِ فَإِذَا رَآهُ تَمَطَّى ثُمَّ قَالَ: اللَّهُمَّ إِنِّي أَحْمَدُكَ وَأَسْتَعِينُكَ عَلَى قُرَيْشٍ أَنْ يُقِيمُوا دِينَكَ قَالَتْ ثُمَّ يُؤَذِّنُ. قَالَتْ: وَاللَّهِ مَا عَلِمْتُهُ كَانَ تَرَكَهَا لَيْلَةً وَاحِدَةً هَذِهِ الْكَلِمَاتِ»[10]. واتە: مالّی ئێمە لە هەموو ماڵەکانی دەوری مزگەوت بەزرتر بوو، (بیلال) لە سەر مالّی ئێمە

بانگی سبەینێی دەدا، هەموو بەیانیەک لە بەرەبەیاندا لە سەر مالّەکەمان دادەنیشت چاوەڕوانی دەرکەوتنی بەیانی دەکرد، جا کە بەیانی دەدیت و ڕۆژ هەڵدەهات، خۆی لێک دەکشاندەوە، ئینجا دەیگوت: (اَللَّهُمَّ أَحْمَدُكَ..) تا کۆتایی. ئینجا لە دوای ئەم وشانە بانگی دەدا. وەڵامی نەمزانیوە یەک شەو (بیلال) ئەو سەڵایانەی نەگوتبن[11].

ئەم (دوو) فەرمودە شیرینە، دەرخەری ئەوەن، کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێت) خودی خۆی، هەروەها حەزرەتی (بیلال، خودا لێی ڕازیبێت)، پێش بانگی بەیانی، چەندین جۆر زیکریان کردووە بۆ بە ئاگاهێنانەوەی مسوڵمانان، بۆئەوەی خۆیان ئامادە و سازبکەن، چ بۆ شەونوێژ، یاخود بۆ نوێژی بەیانی.

بڕگەی سێیەم: بۆچوونی زانایان سەبارەت بەم زیکرانە

وەکچۆن زۆرینەی هەرە زۆری بابەتە فیقهییەکان یەکجەمسەرو یەکلاکراوە نین، ئەم بابەتەیش بە هەمانشێوە، هەندێک بە دروست و شەرعیی، هەندێکیش بە ناپەسەندو داهێنراو، هەژماریان کردووە. وەک پێشەوا (ئیبن ڕەجەبی حەنبەلی)، لە ڕاڤەی فەرمودەی: «لا يمنعن احدا منكم أذان بلال عن سحوره» دەفەرموێت: ((وفي هذا تنبيه على استحباب إيقاظ النوام في آخر الليل بالاذان ونحوه من الذكر .. وفيه دلالة على ان الذكر والتسبيح جهرا في آخر الليل لا بأس به، لإيقاظ النوام .. وقد أنكره طائفة من العلماء، وقال: هو بدعة، منهم: أبو الفرج ابن الجوزي. وفيما ذكرناه دليل على انه ليس ببدعة))[12].

بەڵام پشتئەستوور بەو بەڵگانەی خرانەڕوو، زۆرینەی زانایان ڕایان لەسەر ئەوەیە، کە کارێکی ڕەوا و ڕێگەپێدراوە. وەک پێشەوا (بیقاعی) فەرمویەتی: ((قَالَ فِي الْبُرْهَانِ لِلْبقَاعِيِّ الشَّافِعِيِّ: إِنَّ التَّسْبِيحَ مَشْرُوعٌ لِانْطِلَاقِ عِلَّةِ الْأَذَانِ عَلَيْهِ))[13].

بەڵکو هەندێک لە (حەنەفییەکان) لەسەر ئەو بۆچونەن، کە وشەکانی بانگی یەکەمی بەیانی، هەمان وشە و پێکهاتەی بانگی دووەم نەبووە، بەڵکو بانگی یەکەم بریتیبووە لە کۆمەڵێک زیکر و سەڵای پارشێوان وەک ئەوەی ئەمڕۆ باوە[14]: ((وَادَّعَى بَعْضُ الْحَنَفِيَّة – كَمَا حَكَاهُ السُّرُوجِيُّ مِنْهُمْ – أَنَّ النِّدَاء قَبْلَ الْفَجْر لَمْ يَكُنْ بِأَلْفَاظ الْأَذَانِ، وَإِنَّمَا كَانَ تَذْكِيرًا أَوْ تَسْحِيرًا كَمَا يَقَع لِلنَّاسِ الْيَوْمَ، وَهَذَا مَرْدُودٌ)) [15].

وە بە سەرنجدان لە هەندێک فەرمودە، بۆمان ڕووندەبێتەوە کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێت)، هەر جۆرە زیکر و تەسبیحاتێک، تەنانەت هەر جۆرە ئاواز و زەنگ و دەنگێکی بێدارکەرەوەی، بە بانگ هەژماردووە –بانگ بە واتا زمانەوانییەکەی، نەک بە واتا زاراوەییەکەی، کە کۆمەڵێک وشەو بڕگەی تایبەتی و دیاریکراوە–. ئەوەتا دەبینین خوێندنی کەڵەبابی بە بانگ ناوبردووە و، فەرمویەتی: «لا تَسُبُّوا الدِّيكَ، فَإِنَّهُ يُؤَذِّنُ للصلاة»[16]. واتە: جنێو بە کەڵەباب مەدەن، چونکە بانگدەدات بۆ نوێژی بەیانی. لە ڕیوایەتێکیشدا فەرمویەتی: «لاَ تَسُبُّوا الدِّيكَ فَإِنَّهُ يُوقِظُ لِلصَّلاَةِ»[17]. واتە: جنێو بە کەڵەباب مەدەن، چونکە بە ئاگاتان دێنێتەوە بۆ نوێژ.

لێرەدا سەرنجدەدەین، دەبینین: خوێندنی کەڵەبابی بە بانگ ناوبردووە، ئەمەش تەباو کۆکە لەگەڵ واتا زمانەوانییەکەی بانگدان.

کەواتە: پێغەمبەری خوا (سەلامی خودای لەسەربێت)، کە ڕێزی لە خوێندنی کەڵەباب گرتبێت و، دەنگیشی بە بانگ ناوبردبێت، لەبەر ئەوەی سوودی هەیە بۆ بەئاگاهێنانەوەی نوێژخوێنان، ئەوا تەسبیحات و سەڵا و هەرجۆرە زیکرێک کە بڕوادار بیکات، باشتر و لە پێشترە بە بانگ ناوببرێت و، ڕێز و ئیعتیباری بۆ دابنرێت. بە تایبەت بۆ ئەمڕۆ، کە سونەتی بانگدانی بانگی یەکەمی بەیانیان جێبەجێ ناکرێت، ئەوا سەڵای پێش بانگی دووەم جێگرەوەیەکی زۆر باش و بەجێیە بۆی.

باسی سێیەم: خوێندنی صەلات و سەلام بە دەنگی بەرز لە پاش بانگ

صەلاواتدان لەدیاری پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێت)، لە دوای بانگەوە بەبێ ڕاجیایی بەلای هەموو موسوڵمانانەوە سونەتە، هەروەک پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێت) فەرمویەتی: «إِذَا سَمِعْتُمُ النِّدَاءَ فَقُولُوا مِثْلَ مَا يَقُولُ الْمُؤَذِّنُ»[18]. واتە: کاتێک گوێتان لەبانگدەربوو بانگدەدات، ئەوەی ئەو ئەیڵێت ئێوەش بیڵێنەوە، پاشان صەڵاواتم لەسەر بدەن.

بەڵام ڕاجیایی لەوەدا دروست بووە کە ئایا صڵاواتەکە بەدەنگی بەرز بکرێت یاخود بەدەنگی نزم؟

ئاشکرایە لەسەردەمی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێت) و، هاوەڵاندا لە دوای بانگەوە صەلات و سەلام بە دەنگی بەرز نەکراوە، بەڵام دواتر زانایان بڕیاری ئەوەیانداوە بەدەنگی بەرز بخوێنرێت، چونکە صەڵاواتدان پەیوەست نەکراوە بە هیچ کات و سات و شوێن و شێوازێکەوە، بەڵکو موسوڵمانان لە هەرکات و شوێنێکدابن، صەلات و سەلامیان دروست و دامەزراوە، کەواتە مادام هیچ ڕێگرییەک نەبێت لە ئەصڵی کارەکە و چۆنێتییەکەی، ئەوا دروست و ڕێگە پێدراوە.

بڕگەی یەکەم: مێژووی دەنگ بەرزکردنەوە بە صەڵات و سەلامی دوای بانگ

مێژووی خوێندنی سەلات و سەلام بە دەنگی بەرز، سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێشەوای موجاهید (صەلاحەدینی ئەیوبی کوردی)[19] ، سالّی (781 ک). کە بە فەرمانی ئەو لە (میصر) و دەور و بەریدا بەدەنگی بەرز لەدوای بانگی (عیشا)ی شەوانی (دوو شەمە) و (هەینی) دەخوێنرا، بەڵام پاش (دە) سالّ، واتە لە سالّی (791)، سوڵتان (حاجی ئەشرەف قەلاوون)، بڕیاریدا لەدوای هەموو بانگەکانەوە –جگە لە بانگی مەغریب– بخوێنرێت[20].



هۆکاری ئەو بڕیارەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کاتێك فەرمانڕەوای دەوڵەتی (فاتمیی) کوژرا، خوشکەکەی فەرمانیدا بانگدەرەکان لە دوای بانگەوە لە بەرامبەر حەقی کوڕەکەی، سەلام بکەن لە ئیمام (تاهیر). ئیدی لەوەبەدوا، سەلامکردن لەخەلیفەکانی دوای ئەویش بوو بە نەریت و، بەردەوام بوون لەسەری، تاوەکو پێشەوا (صەلاحەدین) ئەمەی گۆڕی بەصەلات و سەلام لە دیداری پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێت). کە بەڕاستی کارێکی باشی کرد، خوای گەورە پاداشتی بداتەوە.

وە هەمان حوکمی سەلات و سەلامی هەیە، هەر جۆرە زیکر و تەسبیحات و سەلاێك، کە لە واتای ئەودا بێت[21].

بڕگەی دووەم: بۆچوونی زانایان لەسەر ئەم کارە

زانایان فەتواياندەاوە بەوەی صەلات و سەلام لەدوای بانگ بەو شێوەیەی کە بەشێك لە بانگدەرەکان دەیکەن، شتێکی ڕەگ و ڕیشەدارەو، بیدعەیەکی حەسەنەیە[22]. هەر بۆیە لەو کاتەوە تاکو ئێستا ئەو شێوازە بەردەوامە و، هیچکام لەزانایانی ئیسلام نکۆڵییان لێ نەکردووە[23].

ئەمەش بۆچوونی بەشێك لە زانایانە سەبارەت بەم کارە:

1ـ مامۆستا مەلا (عەبدولکەریمی مودەڕیس) دەفەرموێت: ((فلا وجه لإنكار بعض الناس للتصويت بالصلوات الشريفة بعد الآذان على المنابر))[24]. واتە: هیچ ڕێگایەك نییە بۆ ئەو کەسانەی نکۆڵی لە دەنگ بەرزکردنەوەی صلاّوات دەکەن لە مینبەرەکانەوە لەدوای بانگ.

2ـ دکتۆر (عەبدولمەلیك سەعدی) دەفەرموێت: ((الصلاة بعد الآذان مشروعة بحد ذاتها على المؤذن والسامع، لما روي عن عبدالله بن عمرو بن العاص أنه سمع النبي صلى الله عليه وسلم كان يقول: إذا سمعتم النداء ...الخ، ومن هذا الحديث يظهر لنا أن الصلاة بعد الآذان سنة وليست بدعة...وإطلاق أدلة الأمر بالصلاة على النبي صلى الله عليه وسلم تشتمل فعلها بعد الأذان، حيث لم يرد التخصيص لها أو منع فى وقت من الأوقات وفعلها)) [25]. واتە: صلاّواتدانی پاش بانگ بەدەنگی بەرز، خۆی بۆ خۆی بۆ هەرکام لە بانگبێژ و گوێگر، کارێکی شەرعی و ڕێگەپێدراوە... پاشان دەڵێت: بۆمان ڕوونبوێەوە کە صلاّواتی پاش بانگ بە دەنگی بەرز سونەتەو، بیدعە نییە. وە ئەو فەرمودانەی فەرمان بە صلاّواتدان دەکەن لە دیداری پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێت) صلاّواتی پاش بانگیش دەگرێتەوە، چونکە صلاّوات تایبەت نەکراوە بە هیچ کاتێکی دیاریکراوەوە.

3ـ زانای فەرمودەناس (سەخاوی) پاش ئەوەی ڕاجیایی زانایان لەو بارەیەوە دەخاتەڕوو، دەفەرموێت: ((الصواب أنه بدعة حسنة))[26].واتە: گوتەی ڕاست ئەوەیە، کە دەنگ بەرزکردنەوە بۆ صلاّواتی دوای بانگ، داهێنراوێکی چاکە.

4ـ هەریەکە لە پێشەوایان (سیوتی) و، شێخ (ئیبن حەجەری هەیتەمی) و، شێخ (زەکەریای ئەنصاری)، هاودەنگن لەسەر ئەوەی دەنگ بەرزکردنەوە بە صلاواتی دوای بانگ داهێنراوێکی باشە، وە دەفەرموون: (لە هیچ یەکێك لە زانا گەورەکانمانەوە نەبیستوە نکۆڵی و ڕێگرییان لێ کردبێت)[27].

5ـ زانایان و پەیڕەوانی پێشەوا (شافیعی) و (ئەحمەد)یش گوتویانە: داهێنراوێکی باشە[28].

6ـ شێخ (مەنصور عەلی ناصف) دەفەرموێت: ((فالصلاة والسلام بعد الآذان سنة للسامع والمؤذن ولو برفع صوت لعموم الحديث، وعليه الشافعية والحنابلة)) [29]. واتە: صەلات و سەلامی دوای بانگ بۆ بانگدەر و گوێگر با بەدەنگی بەرزیش بێت، هەر سونەتە، چونکە فەرمودەکەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێت) گشتی و گشتگیرە و، زانایانی پەیڕەوانی مەزهەبی (شافیعی) و (ئەحمەد)یش لەسەر ئەم بۆچونەن.

7ـ پێشەوا (علاء الدين الحصكفي الحنفي) دەفەرموێت: ((فَائِدَةٌ: التَّسْلِيمُ بَعْدَ الْأَذَانِ حَدَثَ فِي رَبِيعٍ الْآخَرِ سَنَةَ سَبْعِمِائَةٍ وَإِحْدَى وَثَمَانِينَ فِي عِشَاءِ لَيْلَةِ الِاثْنَيْنِ، ثُمَّ يَوْمَ الْجُمُعَةِ، ثُمَّ بَعْدَ عَشْرِ سِنِينَ حَدَثَ فِي الْكُلِّ إلَّا الْمَغْرِبَ، ثُمَّ فِيهَا مَرَّتَيْنِ، وَهُوَ بِدْعَةٌ حَسَنَةٌ))[30].

8ـ پێشەوا (دەسوقی مالیکی) دەفەرموێت: ((وَأَمَّا الصَّلَاةُ عَلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بَعْدَ الْأَذَانِ فَبِدْعَةٌ حَسَنَةٌ))[31].

9ـ (حەتابی ڕوعەینی) دەفەرموێت: ((وَمَعْلُومٌ أَنَّ الصَّلَاةَ وَالسَّلَامَ مِنْ أَجَلِّ الْقُرَبِ لَا سِيَّمَا وَقَدْ تَوَاتَرَتْ الْأَخْبَارُ عَلَى الْحَثِّ عَلَى ذَلِكَ مَعَ مَا جَاءَ فِي فَضْلِ الدُّعَاءِ عَقِبَهُ، وَالثُّلُثِ الْأَخِيرِ وَقُرْبِ الْفَجْرِ، وَالصَّوَابُ أَنَّهُ بِدْعَةٌ حَسَنَةٌ وَفَاعِلُهُ بِحَسَبِ نِيَّتِهِ انْتَهَى)) [32].

بە کورتی مانای ئەم فەرمایشتانە ئەوەیە: صلاّواتدان بە دەنگی بەرز، لەدوای بانگەوە بیدعەیەکی باش و پەسەندە، بە تەنها ئەو

فەرمودەیەی پێغەمبەریش (دروودی خودای لەسەربێت) بەسە کە دەفەرموێت: هەرکات گوێتان لە بانگبێژبوو، ئێوەش هەمان شت بڵێن. هەروەها ئەو فەرمودەیەی کە دەفەرموێت: هەرکەسێك یادی کردم با صڵاواتم لەسەر بدات.

کەواتە صەلات و سەلامی پاش بانگ سونەتێکە و، بانگبێژ و گوێگرانیش بە دەنگ بەرزکردنەوە و ئاشکراکردنی پاداشتیان بۆ دەنوسرێت. هیچ بەڵگەیەکیش بەردەست نییە، کە ئاماژە بە حەرامی و نا دروستی بدات.

ڕوونکردنەوە و بێدارییی

لە بانگی (مغرب)دا صەلات و سەلام بە دەنگی بەرز ناخوێنرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی کاتەکە کورت و بەرتەسکە و، ئەگەر بخوێنرێت درێژە دەکێشێت. ئەگەرنا هیچ جیاوازییەك لەنێوان هیچکام لە بانگەکاندا نیە.

هەروەها لەنوێژی بەیانیشدا صەلاواتەکە دەخرێتە پێش بانگەکەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە خەڵکەکە زووتر بەخەبەر بێن و، خێرای وەڵامدانەوەی بانگەکەیان بۆ دەستەبەر ببێت. بەهەمانشێوە لە بانگی جومعەشدا صەلات و سەلام بە دەنگی بەرز ناخوێنرێت، چونکە پێشتر صڵاواتەکە وەبیر ئامادەبووان دەخرێت و دەخوێنرێت[33].

باسی چوارەم: خوێندنی (تەسویب)ی بانگی بەیانی

بڕگەی یەکەم: (تەثویب) چییە؟

مەبەست لە (تەسویب): گوتنی (الصلاة خير من النوم، الصلاة خير من النوم)ـە لە بانگی بەیانیدا، کە دەکەوێتە نێوان (حيّ على الفلاح) و (الله أكبر)ی کۆتایی. ئەم (تەسویبە) تایبەتە بە بانگی بەیانییەوە، چونکە بە هۆی خەوتنەوە تەمەڵی ڕووەکاتە مرۆڤ[34]، ئەمەش بۆیە دانراوە، تاوەکو خەڵکی بەئاگابێنەوە. جا ئەو کەسەی گوێی لە (الصلاة خير من النوم)ـە کە بانگدەر دەیخوێنێت، لە وەڵامدا دەڵێت: (صدقت، و بررت[35]، وبالحق نطقت، صدق رسول الله صلى الله عليه وسلم[36]. واتە: ڕاستدەکەیت و کارێکی چاکتکرد، پێغەمبەری خودایش ڕاستی فەرمووە.

بڕگەی دووەم: بەڵگەکانی خوێندنی (تەثویب)

دەربارەی خوێندنی (تەسویب) لە بانگی بەیانیدا چەند فەرمودەیەك هاتووە، ئەمانەی خوارەوە هەندێکیانن:

1ـ یاوەری بەڕێز (ئەبو مەحزورە، خودا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: «قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ عَلِّمْنِي سُنَّةَ الأَذَانَ قَالَ فَمَسَحَ مُقَدَّمَ رَأْسِي وَقَالَ: تَقُولُ اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ ، تَرْفَعُ بِهَا صَوْتَكَ، ثُمَّ تَقُولُ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ، أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ، تَخْفِضُ بِهَا صَوْتَكَ ثُمَّ تَرْفَعُ صَوْتَكَ بِالشَّهَادَةِ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ، أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ، حَيَّ عَلَى الصَّلاَةِ حَيَّ عَلَى الصَّلاَةِ، حَيَّ عَلَى الْفَلاَحِ حَيَّ عَلَى الْفَلاَحِ، فَإِنْ كَانَ صَلاَةُ الصُّبْحِ قُلْتَ: الصَّلاَةُ خَيْرٌ مِنَ النَّوْمِ، الصَّلاَةُ خَيْرٌ مِنَ النَّوْمِ، اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ»[37].

واتە: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێت) فێری بانگدانی کردم، کە بانگەکە (19) نۆزدە وشەو، قامەتەکەش (17) حەڤدە وشەبوو، وەك ئەوەی لە دەقی فەرمودەکەدا هاتووە. وە فەرمووی: ئەگەر بانگی بەیانیتدا، ئەوا دەڵێیت: (الصلاة خير من النوم، الصلاة خير من النوم)، واتە: نوێژکردن لە خەوتن باشترە.

دیسان (ئەبو مەحزورە) دەفەرموێت: «كُنْتُ أُوَذِّنُ لِرَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَكُنْتُ أَقُولُ فِي أَذَانِ الْفَجْرِ الْأَوَّلِ حَيَّ عَلَى الْفَلَاحِ الصَّلَاةُ خَيْرٌ مِنْ النَّوْمِ الصَّلَاةُ خَيْرٌ مِنْ النَّوْمِ اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ»[38].

واتە: من بانگمدەدا بۆ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێت) لە یەکەم بانگی بەیانیدا، دەمگووت: (حي على الصلاة، حي على الفلاح، الصلاة خير من النوم، الصلاة خير من النوم).

2ـ (ئیبن خوزەیمە) لە (ئەنەس)ەوە دەگێڕێتەوە، کە فەرمویەتی: «عَنْ أَنَسٍ قَالَ: مِنَ السُّنَّةِ إِذَا قَالَ الْمُؤَذِّنُ فِي أَذَانِ الْفَجْرِ: حَيَّ عَلَى الْفَلَاحِ قَالَ: الصَّلَاةُ خَيْرٌ مِنَ النَّوْمِ الصَّلَاةُ خَيْرٌ مِنَ النَّوْمِ، اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ، لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ»[39]. واتە: سونەتە بانگدەر لە بانگی بەیانیدا لەدوای گوتنی (حيّ على الفلاح)، بڵێت: (الصلاة خير من النوم).

3ـ «عن ابن عمر قال: جاء بلال إلى النبي صلى الله عليه وسلم يؤذنه الصلاة صلاة الصبح فقال: السلام عليك أيها النبي ورحمة الله وبركاته الصلاة يرحمك الله قالها مرتين أو ثلاثا ورسول الله قد أغفى (أغفى: نام). فجاء بلال فقال: الصلاة خير من النوم فانتبه رسول الله صلى الله عليه و سلم فقال: اجعله في أذانك إذا أذنت لصلاة الصبح فقل: الصلاة خير من النوم مرتين فجعل بلال يقولها في كل أذانه إذا أذن في صلاة الصبح كما أمره رسول الله صلى الله عليه وسلم»[40]. واتە: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێت) خەوتبوو، حەزرەتی (بیلال) هات بۆئەوەی بەئاگای بهێنێتەوە، (دوو) جار گوتی: (الصلاة خير من النوم). پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێت) پێی فەرمووی: هەرکات بانگتدا ئەو وشانە بخەرە نێو بانگی بەیانییەوە.

بڕگەی سێیەم: بۆچونی زانایان سەبارەت بە خوێندنی (تەثویب)

گوتەی هەندێك لەزانایان دەربارەی (تەسویب):

1ـ پێشەوا (نەوەوی) بە سونەتی داناوە و، (خەتیبی شەربینی)ـیش لە شەرحەکەیدا دەفەرموێت: ((ويسن التثويب فى آذان الصبح، وشامل لآذاني الصبح، وهذا معتمد))[41]. واتە: سونەتە (تەسویب) لە هەردوو بانگەکەی بەیانیدا بخوێنرێت، ئەمەش قسەی پشت پێبەستراوە.

2ـ شێخ (زەینەدین ملیباری) لە (فتح المعین)دا و، (سەید بەکری) لە (إعانة)دا دەفەرموون: ((ویسن التثویب لأذاني الصبح))[42]. بۆ هەردوو بانگەکەی بەیانی (تەسویب) سونەتە.

3ـ شێخ (بن باز) دەڵێت: ((قد ثبت عن النبي صلى الله عليه وسلم أنه أمر بلال و أبا محذورة بذالك فی آذان الفجر، وثبت عن أنس رضي الله عنه أنه قال من السنة قول المؤذن فی آذان الفجر الصلاة خير من النوم، أخرجه ابن خزيمة فی صحيحه))[43]. واتە: بەڕاستی لە پێغەمبەرەوە (دروودی خودای لەسەربێت) چەسپاوە کە فەرمانی کردووە بە (بیلال و ئەبو مەحزورە) لە بانگی بەیانیدا بڵێن: (الصلاة خير من النوم). هەروەها لە (ئەنەس)ەوە چەسپاوە، کە فەرمویەتی: سونەتە بانگدەر لە بانگی بەیانیدا بڵێت: (الصلاة خير من النوم).

ئەمان و زۆرێك لە زانایانی دیکە، هەمان ڕایان هەیە و، سونەتێتی گوتنی (الصلاة خير من النوم) دەچەسپێنن. کەوابوو (الصلاة خير من النوم) بیدعەت و حەرام نیە، بەڵکو سونەتێکی گفتاری و کرداری (قولی وفعلی) پێغەمبەرە (دروودی خودای لەسەربێت)، خۆی فەرمانی پێکردووە و، هاوەڵانیش جێبەجێیان کردووە.

باسی چوارەم: بانگی یەکەمی ڕۆژی هەینی

مەخابن هەندێك لە مسوڵمانان بانگی یەکەمی ڕۆژی هەینی بە ناشەرعی و گومڕایی دادەنێن، بەڵام بە پشتیوانی خودا تەمی ئەم گومانەیش لە دڵی ئەوانەدا دەڕەوێنینەوە کە عەودالّی ڕاستین و، حەقیقەتویست و سونەت دۆستن.

بڕگەی یەکەم: بەڵگەکانی سونەتێتی بانگی یەکەمی ڕۆژی هەینی

سەبارەت بە سونەتییەتی بانگی یەگەکی ڕۆژی هەینی، ئەم (دوو) بەڵگە دەخەینەڕوو:

1ـ ئەم بانگە یەکێکە لە شا کارەکانی خەلیفەی (سێهەم)ی بڕوادارانحەزرەتی (عوسمانی کوڕی عەفان، خودا لێی ڕازیبێت)، کە وەك جێنشین و جێگەداری پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێت) کاری کردووە و، پێشەنگی ئوممەی ئیسلامی و گوڵبژێری نێو هاوەڵان و پێشینانی چاکمان بووە و، چەندین فەرمودە لەسەر شکۆ و گەورەیی هاتووە و، یەکێکە لەو (دە) هاوەڵە بەڕێزەی لە دونیادا موژدەی بەهەشتیان پێدراوە. دیارە کرداری ئەوان وەك لە فەرمودەی پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەربێت) هاتووە، سونەت و دینە بۆ ئێمە.

حەزرەت (دروودی خودای لەسەربێت) دەفەرمێت: «أُوصِيكُمْ بِتَقْوَى اللَّهِ وَالسَّمْعِ وَالطَّاعَةِ وَإِنْ عَبْدًا حَبَشِيًّا فَإِنَّهُ مَنْ يَعِشْ مِنْكُمْ بَعْدِي فَسَيَرَى اخْتِلَافًا كَثِيرًا فَعَلَيْكُمْ بِسُنَّتِي وَسُنَّةِ الْخُلَفَاءِ الْمَهْدِيِّينَ الرَّاشِدِينَ تَمَسَّكُوا بِهَا وَعَضُّوا عَلَيْهَا بِالنَّوَاجِذِ وَإِيَّاكُمْ وَمُحْدَثَاتِ الْأُمُورِ فَإِنَّ كُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلَالَةٌ»[44]. واتە: هەر یەکێك لەئێوە لە پاش من بمێنێت، پەرتەوازەیی و ناکۆکی زۆری موسڵمانان دەبینێت، جا ئەگەر گەشتنە ئەو سەردەمە و کەوتنە نێو خیلافات و دووبەرەکی، ئەوا دەست بە یاسای منەوە بگرن، هەروەها دەست بەڕێگە و ڕەووشتی (چوار) خەلیفەکانی دوای من بگرن و بەرینەدەن.

گەر سەرنج بدەین دەبینین پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێت) داهێنانی خولەفاکانیشی هەر بە (سونەت) ناوبردووە، وە فەرمانی پێمان کردووە پابەندی ڕێنمایی و فەرماییشت و فەرمانەکانیان بین.

کەواتە بۆمان ڕوونبویەوە ئەم بانگی یەکەمە یەکێکە لە سونەتەکان و، دەبێت جێبەجێی بکەین، هەروەك چۆن لە ڕۆژگاری حەزرەتی (عوسمان)ەوە تاکو ئێستا زۆرینەی موسڵمانان پێوەی پابەندن و، لەسەر ئەم سونەتە بەردوامن (ولله الحمد والمنة).

2ـ ئەم سونەتە کۆدەنگی (ئیجماع) هاوەڵانی لەسەرە، چونکە کاتێك حەزرەتی (عوسمان) ئەم کارەی کرد و بڕیاری لەسەردا، هیچ هاوەڵێك ڕێگری و نکۆڵی لێ نەکرد و ڕەخنەی لێ نەگرت، بەڵکو بە پێچەوانەوە، پێشوازیان لێ کردو پابەندبیان بۆ دەربڕی. دیارە کۆدەنگییش (ئیجماع)، لە پاش قورئان و سونەت، یەکەم سەرچاوەی تەشریعە و، ئەوەی نکۆڵی لێ بکات لە دین دەردەچێت و بێباوەڕدەبێت.

هەر کەسێکیش ئەم سونەتە بە ناشەرعی و داهێنراو وەسف بکات، ئەوە هاوەڵانی پێغەمبەری (دروودی خودای لەسەربێت) بە خەتابار و بیدعەچی وەسف کردووە، چونکە ئەم بانگە ئەوان دایانهێنا و

دایانمەزراند. وە هەر ئەوانیش گەیەنەر و تێگەیەنەری ئەم ئایینە بوون و، هەر ئەوانیش مایەی ئەمن و پارێزراوی ئەم ئومەتەن لە هەر شتێکی ناڕەوا و ناشەرعی. ئەمەش بە دەقی فەرمودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێت)، کە دەفەرمێت: «**النُّجُومُ أَمَنَةٌ لِلسَّمَاءِ فَإِذَا ذَهَبَتِ النُّجُومُ أَتَى السَّمَاءَ مَا تُوعَدُ وَأَنَا أَمَنَةٌ لأَصْحَابِي فَإِذَا ذَهَبْتُ أَتَى أَصْحَابِي مَا يُوعَدُونَ وَأَصْحَابِي أَمَنَةٌ لأُمَّتِي فَإِذَا ذَهَبَ أَصْحَابِي أَتَى أُمَّتِي مَا يُوعَدُونَ**»[45]. واتە: هاوەڵەکانم پارێزەری ئومەتەکەمن، هەرکاتێك هاوەڵانم نەمان و کۆچیان کرد، ئەوەی بەڵێنیان پێدراوە دێتەدی (واتە هاتنی قیامەت).

کەواتە هەروەك (د. هاشم جەمیل) دەڵێت: هەر کەسێك یاوەران بە داهێنەر و ناشەرعیکار وەسف بکات، ئەوە ئازاریان دەدات و، جنێویان پێدەدات، لە کاتێکدا پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێت) ڕێگری لەمە کردووە و هەڕەشەی توندی لێکردووە، وە من هیچ وەسفێك لەمە بە خراپتر نازانم کە بدرێتە پاڵیان جگە لە بێباوەڕی[46]. پێغەمبەریش (دروودی خودای لەسەربێت) دەفەرمێت: «**لاَ تَسُبُّوا أَصْحَابِي. فَلَوْ أَنَّ أَحَدَكُمْ أَنْفَقَ مِثْلَ أُحُدٍ ذَهَباً، مَا بَلَغَ مُدَّ أَحَدِهِمْ، وَلاَ نَصِيفَه**»[47]. واتە: جنێو مەدەن بە هاوەڵانم، سوێند بەو خودایەی گیانی منی بە دەستە، هەر یەکێك لە ئێوە بە ئەندازەی کێوی (ئوحود) ئاڵتون بکات بەخێر، ناگاتە مشت و نیوە مشتێکی خێری ئەوان.

کەواتە با زۆر وریابین، هاوەڵان و زانایان بە ناشەرعیکار و بیدعەچی وەسف نەکەین، چونکە ئەوان جێگەدار و جێنشینی پێغەمبەرانن (دروود و سەلامی خودایان لەسەربێت).

بڕگەی دووەم: هۆکاری زیادکردنی بانگی یەکەم

لەسەردەمی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێت) و، خیلافەتی (ئەبوبەکر و عومەر)دا (خودا لێیان ڕازی بێت) هەر (یەك) بانگدەدرا بۆ جومعە، بانگەکەش ئەوەندە بەرز نەبوو هەموو خەڵك گوێی لێبێت و، هەموویان بەو بانگە کۆببنەوە، چونکە بانگەکە لە ناو مزگەوتدا دەدرا و، وەکو ئەمڕۆش میکرۆفۆن و ئامێرەکانی گەیاندن و ڕاگەیاندن دەستەبەر نەبوو، جا بە هۆی ئەوەی خەڵکی سەرقاڵ بوون بە کڕین و فرۆشتنەوە، بیریان لەلای نوێژ و جومعە نەدەما و گوێبیستی بانگ نەدەبوون.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، پێشەوا (عوسمان، خودا لێی ڕازی بێت)، هاوەڵانی کۆکردەوە و ڕاوێژی پێکردن سەبارەت بە زیادکردنی ئەم بانگە –واتە: زیادکردنەکە بە پرس و ڕاوێژبوو، نەك ئەوەی لە خۆڕا ئەو بڕیارە بدات، بەڵکو لێژنەیەکی لە هاوەڵان پێکهێناو بە ڕەزامەندی و بەشداری ئەوانیش بوو–. پاشان قیاسی بانگی یەکەمی جومعەیان کردە سەر بانگی یەکەمی بەیانی، کە مەبەست لێی بە ئاگاهێنانەوەی خەڵکی بازاڕ و کاربەدەست و کاسبکاران بوو، تاوەکو بزانن ئیدی کاتی جومعە و نوێژ نزیکبووەتەوە. بەم شێوازە هاوەڵانیش ڕەزامەندییان لەسەر دەربڕی. خۆشبەختانە ئەم سونەتە تاکو ئەمڕۆش بەردەوامە و جێ بەجێ دەکرێت[48].

جا وا پێویستبوو بانگەکە لە دەرەوەی مزگەوت بێت و، لە نزیك بازاڕ بدرێت، بۆئەوەی زۆرترین خەڵك گوێی لێبێت، بۆ ئەم مەبەستەش خانووی (زەورائ)یان هەڵبژارد، کە بەرزترین خانووی (مەدینە) بوو، لە سەر ئەو خانووە بانگی یەکەم دەدرا[49].

کەواتە ئامانجی زیادکردنی ئەم بانگە، بۆ ئەوەبوو، ئەوانەی سەرقاڵی ئیش و کارن، جومعەکەیان بیربکەوێتەوە و زوو بچن بۆ مزگەوت، کە لە زوو ڕۆییشتندا بۆ مزگەوت خێری گەورە هەیە و، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێت) هاوەڵانی لەسەر هانداوە. هاوەڵانیش (خودا لێیان ڕازیبێت) زۆرینەیان ئەم خێرەیان لە دەست خۆیان دەرنەدەکرد و، زوو دەچوون بۆ مزگەوت. کەچی بەداخەوە ئەمڕۆ زۆرینەی خەڵکی سەرقاڵی کاری دونیایین و کەمینەیەکیان ئەو خێرە دەستی خۆیان دەخەن، کەواتە ئەمڕۆ ئێمە لە پێشینان و هاوەڵان زیاتر پێویستیمان بەم بانگی یەکەمەی ڕۆژی هەینییە هەیە[50].

پەراوێزەکان:

1- مغني المحتاج: 1/ 133.

2- الوسيط في المذهب، للغزالي: 2/ 151.

3– شەریعەتی ئیسلام: 1/ 81 ـ 82.

4- حاشية الشبراملسى (نهاية المحتاج إلى شرح المنهاج): 5/ 33. إعانة الطالبين: 1/ 229.

5– إعانة الطالبين: 1/ 228.

6– المجموع: 3/ 77. مغني المحتاج: 1/ 133. إعانة الطالبين: 1/ 228.

7– إعانة الطالبين: 1/ 228.

8- رواه أبوداود فى السنن: 499– باب كَيْفَ الأَذَانُ. وابن ماجه: 706 –باب بدء الأذان. وابن خزيمة، وأحمد، والبيهقي.

9– رواه الترمذي، برقم: ٢٤٥٧ – باب 23. قال أبو عيسى هذا حديث حسن صحيح. ورواه البيهقي في الشعب، برقم: 517 – فصل في إدامة ذكر الله عز وجل. ورواه أيضا الحاكم وأبو نعيم، ولكن بلفظ: «ذا ذهب ربع الليل قام.. ». قال الحافظ ابن حجر: ((وَإِسْنَاده حَسَن)). فتح الباري: 2/ 426.

10- رواه أبوداود، برقم: 519 – باب الأَذَانِ فَوْقَ الْمَنَارَةِ. والبيهقي في الكبرى، برقم: 2077 – باب الأَذَانِ فِى الْمَنَارَةِ.

11- مـێژگـو گـولـزاری بەهـار بۆ گـەشـتیارانی ژیانی پـێـغـەمـبـەری ڕێـزدار ﷺ: عبد الله عبد العزيز هەرتەلی: 192.

12- فتح الباري لابن رجب: 3/ 517.

13- مواهب الجليل شرح مختصر الخليل/ 3 / 309.

14- هەرچەند ئەمە بۆچوونێکی پەسەند و بەجێ نییە، وەک پێشەوا (ئیبن حەجەر) ڕەتی کردۆتەوە.

15- فتح الباري، ابن حجر: ٢/ ٤٢٧. عمدة القاري: ٨/ 160. نيل الأوطار: ٢/ 32.

16- رواه البيهقي في الشعب، برقم: 5173 – فصل ومما يجب حفظ اللسان منه الفخر بالآباء وخصوصا بالجاهلية والتعظيم بهم وذلك لا يحل.

17- رواه أبوداود، برقم: 5103 – باب مَا جَاءَ فِى الدِّيكِ وَالْبَهَائِمِ. والطبراني في الكبير، برقم: 5061.

18- رواه البخاري، برقم: 611 – بَاب مَا يَقُولُ إِذَا سَمِعَ الْمُنَادِي. ومسلم، برقم: 874 – باب اسْتِحْبَابِ الْقَوْلِ مِثْلَ قَوْلِ الْمُؤَذِّنِ لِمَنْ سَمِعَهُ ثُمَّ يُصَلِّى عَلَى النَّبِىِّ صلى الله عليه وسلم ثُمَّ يَسْأَلُ اللَّهَ لَهُ الْوَسِيلَةَ.

19- نورالإسلام، الشيخ عبدالكريم المدرس: 86. الموسوعة اليوسفية في بيان أدلة الصوفية، الشيخ يوسف خطار محمد: 628.

20- ((أَوَّلُ حُدُوثِهَا زَمَنَ النَّاصِرِ صَلَاحِ الدِّينِ يُوسُفَ بْنِ أَيُّوبَ سَنَةَ إِحْدَى وَثَمَانِينَ وَسَبْعِمِائَةٍ فِي رَبِيعٍ الْأَوَّلِ وَكَانَتْ أَوَّلًا تُزَادُ بَعْدَ أَذَانِ الْعِشَاءِ لَيْلَةَ الِاثْنَيْنِ وَلَيْلَةَ الْجُمُعَةِ فَقَطْ ثُمَّ بَعْدَ عَشْرِ سِنِينَ زِيدَتْ عَقِبَ كُلِّ أَذَانٍ إلَّا الْمَغْرِبَ كَمَا أَنَّ مَا يُفْعَلُ لَيْلًا مِنْ الِاسْتِغْفَارَاتِ وَالتَّسَابِيحِ وَالتَّوَسُّلَاتِ، فَهُوَ بِدْعَةٌ حَسَنَةٌ. كَذَا ذَكَرَ بَعْضُهُمْ وَالَّذِي ذَكَرَهُ الْعَلَّامَةُ الشَّيْخُ أَحْمَدُ الْبِشْبِيشِيُّ فِي رِسَالَتِهِ الْمُسَمَّاة بِالتُّحْفَةِ السَّنِيَّةِ فِي أَجْوِبَةِ الْأَسْئِلَةِ الْمَرْضِيَّةِ أَنَّ أَوَّلَ مَا زِيدَتْ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ عَلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بَعْدَ كُلِّ أَذَانٍ عَلَى الْمَنَارَةِ زَمَنَ السُّلْطَانِ الْمَنْصُورِ حَاجِّيُّ بْنُ الْأَشْرَفِ شَعْبَانُ بْنُ حُسَيْنِ بْنِ النَّاصِرِ مُحَمَّدِ بْنِ الْمَنْصُورِ قَلَاوُونَ وَذَلِكَ فِي شَعْبَانَ سَنَةَ إحْدَى وَتِسْعِينَ وَسَبْعِمِائَةٍ وَكَانَ قَدْ حَدَثَ قَبْلَ ذَلِكَ فِي أَيَّامِ السُّلْطَانِ يُوسُفَ صَلَاحِ الدِّينِ بْنِ أَيُّوبَ أَنْ يُقَالَ قَبْلَ أَذَانِ الْفَجْرِ فِي كُلِّ لَيْلَةٍ بِمِصْرَ وَالشَّامِ السَّلَامُ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ وَاسْتَمَرَّ ذَلِكَ إلَى سَنَةِ سَبْعٍ وَسَبْعِينَ وَسَبْعِمِائَةٍ فَزِيدَ)). حاشية الدسوقي على الشرح الكبير: 2/ 220. حاشية الجمل على المنهج لشيخ الإسلام زكريا الأنصاري، الشيخ سليمان الجمل: 2/ 111. الوسائل إلى مسامرة الأوائل: 9.

21- ((وَقَدْ أَحْدَثَ بَعْضُ الْمُؤَذِّنِينَ بِمَكَّةَ بَعْدَ الْأَذَانِ الْأَوَّلِ لِلصُّبْحِ أَنْ يَقُولَ: يَا دَائِمَ الْمَعْرُوفِ يَا كَثِيرَ الْخَيْرِ يَا مَنْ هُوَ بِالْمَعْرُوفِ مَعْرُوفٌ يَا ذَا الْمَعْرُوفِ الَّذِي لَا يَنْقَطِعُ أَبَدًا، وَذَكَرَ الْبُرْهَانُ الْبِقَاعِيُّ أَنَّهُ حَصَلَ بَيْنَ فُقَهَاءِ مَكَّةَ اخْتِلَافٌ فِي إنْكَارِ ذَلِكَ، وَفِتْنَةٌ عَظِيمَةٌ بِحَيْثُ كَادُوا يَقْتَتِلُونَ ثُمَّ إنَّهُ أُحْدِثَ فِي مِصْرَ فِي سَنَةِ إحْدَى وَسَبْعِينَ، وَأَنْكَرَ ذَلِكَ وَبَالَغَ فِي ذَلِكَ فَأَلَّفَ فِيهِ جُزْءًا سَمَّاهُ: ((الْقَوْلُ الْمَعْرُوفُ فِي مَسْأَلَةِ يَا دَائِمَ الْمَعْرُوفِ))، وَخَالَفَهُ الْحَافِظُ السَّخَاوِيُّ وَأَلَّفَ جُزْءًا فِي الرَّدِّ عَلَيْهِ سَمَّاهُ ((الْقَوْلُ الْمَأْلُوفُ فِي الرَّدِّ عَلَى مُنْكِرِ الْمَعْرُوفِ))، وَقَالَ فِيهِ بَعْدَ كَلَامٍ كَثِيرٍ: فَعُلِمَ أَنَّ الْمُؤَذِّنَ قَدْ أَتَى بِسُنَّةٍ شَرِيفَةٍ، وَهِيَ الدُّعَاءُ فِي هَذَا الْوَقْتِ الْمَرْجُوِّ الْإِجَابَةُ، وَكَوْنُهُ جَهَرَ بِهِ مُلْتَحِقٌ بِالْمَوَاطِنِ الَّتِي جَاءَتْ السُّنَّةُ بِالْجَهْرِ فِيهَا فَهُوَ إنْ شَاءَ اللَّهُ سُنَّةٌ، وَمَا ذَكَرَهُ يَعْنِي الْبِقَاعِيَّ مِنْ الْمَفْسَدَةِ فَهُوَ فَاسِدٌ كَمَا تَقَرَّرَ وَلَيْسَ بِمُنْحَطٍّ الرُّتْبَةِ عَنْ التَّسْبِيحِ الَّذِي كَادَ يُسَمِّيهِ سُنَّةً انْتَهَى. يَعْنِي مَا تَقَدَّمَ فِي قَوْلِهِ: إنَّهُ مَشْرُوعٌ، وَأَمَّا الْمَفْسَدَةُ الَّتِي أَشَارَ إلَيْهَا الْبِقَاعِيُّ فَهُوَ أَنَّهُ يَأْتِي بِهِ مُتَّصِلًا بِالْأَذَانِ وَبِصَوْتِ الْأَذَانِ عَلَى الْمَنَارِ فَيَظُنُّ مَنْ لَا عِلْمَ عِنْدَهُ أَنَّ ذَلِكَ مِنْ الْأَذَانِ، ثُمَّ ذَكَرَ السَّخَاوِيُّ عَنْ جَمَاعَةٍ مِنْ الشَّافِعِيَّةِ وَغَيْرِهِمْ أَفْتَوْا بِجَوَازِ ذَلِكَ وَاَللَّهُ سُبْحَانَهُ أَعْلَمُ)). مواهب الجليل في شرح مختصر الشيخ خليل: 3/ 311.

22- نور الإسلام: 86.

23- القول البديع فى الصلاة على الحبيب الشفيع صلى الله عليه وسلم، للإمام السخاوي: 376.

24- نور الأسلام: 86.

25- البدعة فى مفهومها الإسلامى الدقيق، الدكتور عبدالملك السعدي: 102 ـ 103.

26- الموسوعة اليوسفية: 626/2.

27- غاية المأمول شرح التاج الجامع للأصول، الشيخ منصور علي الناصف: 166/1. الموسوعة اليوسفية: 626/2.

28- الموسوعة اليوسفية: 626/2.

29- غاية المأمول شرح التاج الجامع للأصول: 166/1.

30- رد المحتار: 3/ 202.

31- حاشية الدسوقي على الشرح الكبير: 2/ 220.

32- مواهب الجليل في شرح مختصر الشيخ خليل: 3/ 311.

33- ((وَقَالَ السَّخَاوِيُّ فِي الْقَوْلِ الْبَدِيعِ: أَحْدَثَ الْمُؤَذِّنُونَ الصَّلَاةَ وَالسَّلَامَ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَقِبَ الْأَذَانِ لِلْفَرَائِضِ الْخَمْسِ إلَّا الصُّبْحَ وَالْجُمُعَةَ فَإِنَّهُمْ يُقَدِّمُونَ ذَلِكَ قَبْلَ الْأَذَانِ. وَإِلَّا الْمَغْرِبَ، فَلَا يَفْعَلُونَهُ لِضِيقِ وَقْتِهَا وَكَانَ ابْتِدَاءُ حُدُوثِهِ فِي أَيَّامِ النَّاصِرِ صَلَاحِ الدِّينِ يُوسُفَ بْنِ أَيُّوبَ وَبِأَمْرِهِ، وَذَكَرَ بَعْضُهُمْ أَنَّ أَمْرَ الصَّلَاحِ بْنِ أَيُّوبَ بِذَلِكَ كَانَ فِي أَذَانِ الْعِشَاءِ لَيْلَةَ الْجُمُعَةِ، ثُمَّ إنَّ بَعْضَ الْفُقَرَاءِ زَعَمَ أَنَّهُ رَأَى رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَأَمَرَهُ أَنْ يَقُولَ لِلْمُحْتَسِبِ أَنْ يَأْمُرَ الْمُؤَذِّنِينَ أَنْ يُصَلُّوا عَلَيْهِ عَقِبَ كُلِّ أَذَانٍ فَسُرَّ الْمُحْتَسِبُ بِهَذِهِ الرُّؤْيَا فَأَمَرَ بِذَلِكَ وَاسْتَمَرَّ إلَى يَوْمِنَا هَذَا، وَقَدْ اُخْتُلِفَ فِي ذَلِكَ، هَلْ هُوَ مُسْتَحَبٌّ أَوْ مَكْرُوهٌ أَوْ بِدْعَةٌ أَوْ مَشْرُوعٌ ؟ وَاسْتَدَلَّ لِلْأَوَّلِ بِقَوْلِهِ: ﴿وَافْعَلُوا الْخَيْرَ﴾. وَمَعْلُومٌ أَنَّ الصَّلَاةَ وَالسَّلَامَ مِنْ أَجَلِّ الْقُرَبِ لَا سِيَّمَا وَقَدْ تَوَاتَرَتْ الْأَخْبَارُ عَلَى الْحَثِّ عَلَى ذَلِكَ مَعَ مَا جَاءَ فِي فَضْلِ الدُّعَاءِ عَقِبَهُ، وَالثُّلُثِ الْأَخِيرِ وَقُرْبِ الْفَجْرِ، وَالصَّوَابُ أَنَّهُ بِدْعَةٌ حَسَنَةٌ وَفَاعِلُهُ بِحَسَبِ نِيَّتِهِ انْتَهَى)). مواهب الجليل في شرح مختصر الشيخ خليل: 3/ 311.

34- مغنى المحتاج: 136/1

35- المنهاج: 1/ 23.

36- إعانة الطالبين: 1/ 1/ 224.

37- رواه أبوداود، برقم: 500 – باب كَيْفَ الأَذَانُ. والبيهقي فى الكبرى، برقم: 1922 – باب التَّرْجِيعِ فِى الأَذَانِ. ابن حبان فى صحيحه، برقم: 1682، وابن خزيمة فى صحيحه، برقم: 385.

38- رواه النسائى فى الكبرى، برقم: 647 – باب التثويب في أذان الفجر. والطبراني في الكبير، برقم: 6598. والإمام مالك في المطأ، برقم: 91 – باب الأذان والتثويب. قال إبن حزم وإسناده صحيح.

39- رواه البيهقي فى الكبرى: 2064 – – باب التَّثْوِيبِ فِى أَذَانِ الصُّبْحِ. وقال: كَذَلِكَ رَوَاهُ جَمَاعَةٌ عَنْ أَبِى أُسَامَةَ وَهُوَ إِسْنَادٌ صَحِيحٌ. ورواه مالك في موطئه، برقم: 92 – باب الأذان والتثويب. والدارقطني فى السنن، برقم: 38. وابن خزيمة، برقم: 386 – باب التثويب في أذان الصبح.

40- أورده الهندي، في الكنز: 23253 – باب التثويب

41- مغنى المحتاج: 1/ 137.

42- حاشية فتح المعين وبشرحه إعانة الطالبين: 1/ 236.

43- المجموعة المفيدة، فتاوى الصلاة: 79.

44- رواه أبوداود، برقم: 4609 – باب فِى لُزُومِ السُّنَّةِ. وابن حبان فى صحيحه، برقم: 5 – باب ذكر وصف الفرقة الناجية من بين الفرق التي تفترق عليها أمة المصطفى صلى الله عليه و سلم. والبيهقي فى الكبرى: 20125، وأحمد: 17145، وغيرهم.

45- رواه مسلم، الرقم: 6629 – باب بَيَانِ أَنَّ بَقَاءَ النَّبِىِّ صلى الله عليه وسلم أَمَانٌ لأَصْحَابِهِ وَبَقَاءَ أَصْحَابِهِ أَمَانٌ لِلأُمَّةِ.

46- مسائل من الفقه المقارن: 1/ 177.

47- رواه البخاري، الرقم: 3673 – بَاب فَضْلِ أَبِي بَكْرٍ بَعْدَ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ.

48- بروانە/ البدعة فى مفهومها الإسلامىّ الدقيق: 111.

49- مسائل من الفقه المقارن: 1/ 180.

50- مسائل من الفقه المقارن: 1/ 178 ـ 179.

قنوت له فیقهی ئیسلامیدا

لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری

کمال أمین گوڵپی

دینی ئیسلام بەرنامەی ژیان و پڕۆگرامی بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانەی مرۆڤەکانە، سیستەمەی ڕێکخستن و کۆکردنەوەیانە لەسەر حەقیقەت و ڕاستی، هەر کات لەم پەیامە جوان و بێ کەموکورتیە گەلان ترازان و دورکەوتنەوە ئەوە سەرەتای نەهامەتیانەو تا ئەبەد هەر بەوحاڵە دەمێننەوە، دەرەنجام دەبێتە هۆکاری پەرتوبلاوی ئەو گەل و نەتەوەیە.

وەك دیار لە ئەمڕۆدا گەلی ئیسلامی جگە لە دەردی نەخوێندەواری و دواکەوتیان و دەیان گرفت و ئاریشە کە دیارترینیان ناکۆکی و ناتەبایی نێوانیانە، کە دەبوا لەپاڵ ئەم هەموو بەرهەی فیکر و بۆچونەدا بونیادی شارستانییان بکردایە نەك لەکاروانی ژیان بەجێبمێنن و تەواوی هەوڵ و خولیاو ئومێدەکانیان لە گۆڕ بنرێن.

دەبێت ئەوەش بڵێین کەجیاوازیە فەرعیەکان هەمیشە ڕەحمەت و دەرچەی جوان و فراوانکردنی ڕێڕەوی ڕێگاکانە هۆکاری گەیاندنی میللەتە بەکەناری بەختەوەری وشادومانی دونیاو دواڕۆژ، بۆیە هەرگیز نابێت و ناکرێت جیاوازییە فەرعیەکان بنەماو ئەسڵمان لێ تێك بدەن و ببەنە هۆکاری جیاوازی و نەخوێندەوەی بەرامبەر، هەر گەلێك ئەم نەخۆشیە بویە دیامان و سیمای تاکەکانی ئیتر چاوەڕێی خیری لێ ناکرێت و بەرەو هەڵدێر دەڕوات، لێرەوە ئەوە ناونیشانەی سەرەوە لە چەند بڕگەیەکدا دەخەمە بەرچاو.

بڕگەی یەکەم: پێناسەی قنوت لە زمانەوانی و زاراوەدا:

قنوت لە زمانەوانیدا: بە واتای گوێ ڕایەڵی، ملکەچی، پاڕانەوە، بێ دەنگی، دێت.

ئەوانەی کە دەڵێن: قنوت بەمانای گوێ ڕایەڵی دێت بریتین لە (قەتادە، موجاهد، ئیبن عەباس، حەسەنی بەصری، جابری کوڕی زەید، عەتتا، سەعیدی کوڕی جوبیر، شەعبی، وتاووس.

ئەوانەی کەدەڵێن: بەمانای ملکەچی دێت باڵپشت بەم پارچە شعرەیە کە دەڵێت:(قاتناً لله یدعو ربّه وعلی عمد من الناس اعتزل) ملکەچی خوا بەو داوا تەنها لەو بکە بەدەست ئەنقەستی لە خەڵك و خواستی خەڵکی دورکەوە، ئەمەش بۆچونی ئیبن وعومەر و موجاهیدە دیسان.

ئەوانی کە دەڵێن: بەمانای پاڕانەوە دێت: پاڵپشت بەم فەرمودەی پێغەمبەر(ﷺ)دەڵێن، کە دەفەرموێت:" أن رسول الله – ﷺ– قنت شهراً یدعو علی رعل وذکوان" ئیبن عەباس دەڵێت: (قنت) واتە دوعا و پاڕانەوە.

ئەوانەی کە دەڵێن: بەمانای بێ دەنگیدێت ئەو فەرمودەییەیە کە لە هەردوو صەحیحەکەدا هاتووە کە سیدنا زید دەڵێت: کەسێك لە کاتی نوێژدا قسەی لەگەڵ هاوەڵەکەی دەکرد بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی، تا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە کە دەفەرموێت:﴿ وقوموا لله قانتین﴾ ئیتر پێغەمبەری خوا قەدەغەی کرد لێمان کە قسە بکرێت لە نوێژدا، واتە: فەرمانی بێ دەنگی پێ کردین.

هەروەها ئەو فەرمودەییەی کە ئەبی عەمری شەیبانی دەڵێت: ئێمە لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا(ﷺ) لەنوێژەکانماندا قسەمان دەکرد تا ئەو ئایەتە (وقوموا لله قانتین) هاتە خوارەوە، ئیتر پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمانی پێکردین لە نوێژدا بێ دەنگ بین و قسە نەکەین.

ئیمامی شافیعی دەڵێت: قنوت بەمانای وەستانە لە نوێژدا وەستانیش لە نوێژدا فەرمان بەرداریە، بەم پێودەنگەبێت وەستان لە دوای خوێندنی قورئانە، دەی ئەم وەستانەش بۆ پاڕانەوەیە نەك بۆ خوێندنی قورئان،

ئەمەش دیارترین ماناکانی قنوتە کە سونەتی پێغەمبەریش(ﷺ) ئەمە پشت ڕاست دەکاتەوە.

گوتراوە وەستان لە نوێژدا بە درێژەدان بە خوێندنی قورئانیش دەگەینێ، هەروەک چۆن بەمانای ملکەچی و بێدەنگیش دێت، ولە فەرمودەدا هاتوە دەفەرموێت:" مثل المجاهد في سبيل الله، كمثل القانت الصائم " وشەی (قانت) واتە ئەو کەسەی کە بەپێوە وەستاوە بۆ نوێژکردن.

ئیبن تیمیە ی حەرانی لەم بارەوە دەڵێت: مانای (قنت) بە قیام و وەستان ئەوەیە کە کەسێک زۆر بوەستێت لە دوای رکوع قنوت بخوێنێت لەکاتی پێشهاتی نەخوازراو و ناجۆر بەسەر گەلدا.

زانایان هەوڵیان داوە کە تەوفیق بخەنە نێوان ئەو مانایانەی کە بۆ مانای قنوت هاتووە، بۆیە گوتویانە قنوت لە زمانی عەرەبیدا بەمانای بەردەوامی دێت لەسەر شتێک، بۆیە بەم پێودەنگە بێت هەرشتێک لەسەری بەردەوام بیت دەگونجێت پێ بگوترێت قنوت، واتە مانەوە و بەردەوام لەسەر شتێک.

ئیبن منظور لە لسان العربدا دەڵێت: قنوت خۆگرتنەوەیە لە قسەکردن، وتراویشە بەمانای دوعا وپارانەوە دێت لە نوێژدا هەروەک بەمانای ملکەچی و پەرستشیش دێت، یان هەستانە بە گوێرایەڵی لەشتێکدا کە سەرپێچی خوای تێدا نەبێت.

پێناسەی قنوت لە زاراوەدا:

قنوت وەک زاراوە: بریتیە لە پارانەوە لە ڕەکعاتی ئاخری هەر نوێژێک دوای رکوع.

ئیبن حەجەر دەڵێت: قنوت پارانەوەیە لە نوێژدا لە شوێنێکی تایبەت بە پێوە یان ئەلباجی: قنوت: دوعاو پارانەوەیە لە کۆتایی نوێژدا.

پەیوەندی نێوان مانای زمانەوانی و زاراوەیەکەی.

لەوەی کە خستمانە پێش چاو لە مانای زمانەوانی و پێناسە زاراوەکەیەوە ئەوە دەگەینێ کە قنوت چ بەمانای گوێرایەڵی یان بێدەنگی یان بە پێوەوەستان یان پارانەوە، هەموو ئەمانە دەیسەلمێنن کە قنوت پەرستشێکی ڕاستەقینە و ڕێگە پێدراوە لەشەرعدا، بۆیە لە نێوان هەردوو مانا زمانەوانی و زاراوەیەکەدا پەیوەندیەکی تەکامل و تەواوکاری هەیە کە لە دەوروی نەزەری و ئەخلاقی تەواو دەبێت.

لە روی نەزەریەوە واتە فەهم ودرک کردنی و زانست و زانیاری دروست لەسەر سونەتی پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە روی ئەخلاقیشەوە جیاکاری لە نێوان دروستی و نادروستی کە ئەمەش دەرون و خواستی تاکەکان پەروەردە دەکات و ڕێگرە لەسەر داخوازیە دەرونیەکان وپابەندمان دەکات بە سوننەتی پێغەمبەرەوە(ﷺ).

بڕگەی دووەم: جیاوازی زانایان لە سەر قنوت.

سەرەتا دەبێت ئەوە بزانین کە جیاوازی لە نێوان زانایاندا نییە لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە نوێژدا قنوتی خوێندوە، زۆر وەستاوە پێش ئەوەی بچێتە رکوعەوە، و زانایان لەسەر ئەوەش یەکدەنگن کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دوای ئەوەی لە ڕکعاتی دووەمی نوێژی بەیانی هەستاوەتەوە لە رکوع ویردی (سمع الله لمن حميده، ربنا ولك الحمد) قنوتی خوێندوە دوعای بۆ چەند هاوەڵێکی تایبەت کردوە.

بەڵام ئەوەندە هەیە زانایان جیاوازیان هەیە لەسەر کاتی و شوێنی خوێندنی قنوت، بەم جۆری خوارەوە.

1- مالکیەکان و شافعیەکان و حەنابیلەکان و زاهریەکان، أبی یوسف و محمد دەڵێن: قنوت سونەتە بخوێندرێت، دەڵێن سونەتە لەبەیانیان و لە وتردا، بەبەڵگەی ئەو فەرمودانە کە سەبارەت بەخوێندنی قنوت هاتون نایسەلمێنن کە واجب بێت، کەواتە قسەی پەسەندو راجح ئەوەیە بەلای ئەم زانایانەوە قنوت سونەتە.

2- ئیمامی ئەبو حەنیفە دەڵێت: قنوت واجبە، کاسانی دەڵێت، ئیمامی ئەبو حەنیفە دەڵێت: قنوت خوێندن واجبە.

بەڵگەی ئەبو حەنیفە ئەو فەرمودەییە کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) کاتێک حەسەنی کوڕی علی فێری قنوت دەکات و پێ دەفەرموێت:" اجعل هذا في وترك".

ئەو نوێژانەی قنوتیان تێدا دەخوێنرێت:

یەکەم: نوێژی وتر:

جمهوری زانایان ئەبو یوسف ومحمد لە هاوەڵانی ئیمام ئەبو حەنیفە و حەنبەلیەکان شافعیەکان لە ریوایەتێکدا، دەڵێن: قنوت لە نوێژی وترا سوننەتە لە تەواوی ساڵدا، بیرمان نەچێت ئەمە بۆچونی چوار گەورە هاوەڵانی پێغەمبەریشە وەک (عبدالله کوڕی زوبیری، ابی الولید النیسابوری، ابی الفضل کوڕی عبدان، أبی منصوری کوڕی میهران.

هەروەها سەحنون لە مالکیەکان و ئیبن مەسعود و ئیبراهیمی نەخعی و ئیسحاق و حەسەنی بەصری و سەوری و ئیبن موبارک

"دەبێت ئەوە بزانین کە جیاوازی لەنێوان زانایاندا نییە لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە نوێژدا قنوتی خوێندوە، زۆر وەستاوە پێش ئەوەی بچێتە رکوعەوە، و زانایان لەسەر ئەوەش یەکدەنگن کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دوای ئەوەی لە ڕکعاتی دووەمی نوێژی بەیانی هەستاوەتەوە لە رکوع ویردی (سمع الله لمن حميده، ربنا ولك الحمد) قنوتی خوێندوە دوعای بۆ چەند هاوەڵێکی تایبەت کردوە"

ئەمانەش هەموویان دەڵێن: خوێندنی قنوت لە وتردا سونەتە، بۆیە سەرخەسی دەڵێت: خوێندنی قنوت لە نوێژی وتردا لە تەواوی ساڵدا سونەتە، هەروەها ئیبن قودامەش دەڵێت: خوێندنی قنوت لە یەك ڕکعاتدا ولەکۆتایدا لەتەواوی ساڵدا سونەتە بخوێندرێت.

بەڵگەی بۆچونەکەیان:

1- عن أبي بن كعب(ﷺ)"أن رسول الله(ﷺ) كان يقنت في ركعة الوتر قبل الركوع" [1].

2- عن ابن مسعود(ﷺ) أن النبي(ﷺ) "قنت في الوتر قبل الركوع" [2].

3- عن علي بن أبي طالب(ﷺ) أن رسول الله(ﷺ) كان يقول في آخر وتره:" اللهم إني أعوذ برضاك من سخطك وأعوذ بمعافاتك من عقوبتك وأعوذ بك منك لا أحصي ثناء عليك أنت كما أثنيت على نفسك" [3].

4- فەرمایشتی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بۆ حەسەنی کوڕی عەلی کە دەفەرموێت:" اجعل هذا في وترك".

ئەم بەڵگانە دەیسەلمێنن کە قنوت لە نوێژی وتردا لەتەواوی ساڵدا سوننەتە، چونکە جیاوزی نەکردوە ئەو نوێژە (وتر)ە لە ڕەمەزاندا بکرێت یان لە غەیری ڕەمەزاندا.

بەڵام لای ئیمامی شافعی قنوت لە نوێژی وتردا لە نیوەی ڕەمەزاندا واتە لە شەوی پانزەی ڕەمەزانەوە سوننەتە بخوێنرێت، ئەمەش بۆچونی ئیمامی مالك و ئیمامی ئەحمەد یشە، زۆرێك لە هاوەڵان و شوێن کەوتوانی (تابعین) وا دەڵێن وەك: عەلی کوڕی ئەبی تالب وئوبەی کوڕی کەعب وئیبن وعومەر وقەتادە و ئیبن سیرین و سەعیدی کوڕی ئەبی الحسن وزوهری....

شەربینی کەیەکێکە لە زانایانی شافعی پاڵپشت بە کۆمەڵێ بەڵگە دەڵێت: سونەتە قنوت لە پانزەهەم شەوی ڕەمەزاندا بخوێنرێت جا نوێژی وتر یەك رکعات بکرێت یان سیان یان زیاتر، بەم بەڵگانە.

1- عن عمر بن خطاب(ﷺ):"أنه جمع الناس على أبي بن كعب(ﷺ) فكان يصلى لهم عشرين ليلة، ولا يقنت بهم إلا في النصف الباقي، فإذا كانت العشر الأواخر تخلف فصلى في بيته، فكانوا يقولون: أبق أُبي" [4].

2- عن أنس(ﷺ) أن النبي(ﷺ) كان يقنت في النصف الثاني من رمضان" [5].

3- عن عبدالرحمن بن الأعرج قال: ما أدركت الناس إلا وهم يلعنون الكفرة في رمضان، ولا خلاف أن المراد به القنوت.

لێرەوە ولە ڕوانگەی ئەم بەڵگانەوە دەگەینە ئەوەی کە قنوت لە وتردا بەسراوەتەوە بکاتەوە کاتەکەش بریتیە لە شەوی پانزەهەمی مانگی پیرۆزی ڕەمەزانەوە.

لەلایەکی ترەوە ئیمامی شافعی دەڵێت: قنوت لە وتری شەوانی مانگی ڕەمەزاندا موستحەبە وخوێندنی باشە. ئیمامی نەوەوەی دەڵێت: ئەم گوتەیەی گوتە ئیمامی ئەحمەد یشە و بۆچونی وایە.

ئیبن قاسم وعلی قسەیەك لە ئیمامی مالك ونەقڵ دەکەن ودەڵێن: ئیمامی مالك نەفی لە خوێندنی قنوت کردوە بەتەواوی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە لە نوێژی وتردا نابێت قنوت بخوێندرێت، چونکە لای ئەمان خوێندنی قنوت کەراهەتی هەیە. تاوس کەیەکێکە لە فەقیهەکان دەڵێت: خوێندنی قنوت لە وترا داهێنراوە.

ڕای پەسەند و تەرجیح لە نێوان بۆچونەکاندا:

دوای ئەوەی بۆچون وڕاکانی تەواوی زانایانمان خستە بەرچاو سەبارەت بە خوێندنی قنوت لە ڕەمەزان وغەیری ڕەمەزاندا و ئاماژە بە بەڵگەکانیشیانمان کرد، بۆمان ڕۆشن بوویەوە کە بۆچونی جمهوری زانایان پەسەنترە کە دەڵێن: خوێندنی قنوت مەندووبە لەتەواوی ساڵدا بخوێندرێت، چونکە بەڵگەکانیان دروست و بەهێز تربوون، بەڵام بەنسبەت خوێندنی قنوت لە شەوی پانزەمی مانگی ڕەمەزاندا باشە بخوێنرێت بەبەڵکەکانی جمهوری زانایان، چونکە بەڵگەکانیان خوێندی قنوتی لە وتردا نەبەستبووە بەکاتەوە دەکرێت لەتەواوی ساڵدا بخوێندرێت، ئەگەر لەتەواوی ساڵدا سوننەت بێت خۆ شەوی پانزەی ڕەمەزان و بەدواوەش هەر بەشێکە لەتەواوی ساڵ لەکاتێکدا شتێك بە کوللی سونەتە بێت بە جزئیش ئەولاتر و ڕەوایە، بەڵام ئەوەندە هەیە ئەوبەڵگانەی کە هێنراونەتەوە بۆ بە سوننەت دانانی خوێندنی قنوت لە شەوی پانزەی ڕەمەزاندا نەدەبوا لەم شوێنەدا بگوترایێن، لەسەر ئەوە بینا بکرایە کە (جزء) لە نیو (کل)دا جێگەی دەبێتەوە، بۆیە ئەگەر لە تەواوی

سالّدا خوێندنی قنوت سوننەت بێت خوێندنیشی لە ڕەمەزاندا ڕەوایەو بەڵگەی جمهوریش بۆ ئێرە تەواوتر ودروستترە، والله أعلم.

دووەم: خوێندنی قنوت لە نوێژی بەیانیاندا:

زانایان وەك تەواوی مەسەلە فەرعییە فقهییەکان لەم مەسەلەشدا جیاوازیان هەیە کە بۆچونەکانیان دەخەینە ڕوو ئەویش تەنها بۆ ئەوەیە بەرچاومان ڕۆشن بێت کاتێك شتێ قەبوڵدەکەین یان ڕەدی دەکەینەوە بزانین بۆچی وایە؟.

یەکەم: ئیمامی مالك وئیمامی شافعی وئیبن ئەبی لەیلا وحەسەنی کوڕی صالّح وئەبی موسای ئەشعەری وئیبن عەباس وئەبی بکر حازمی و زۆرێکی تر لە هاوەڵان وتابعین، دەڵێن:" خوێندنی قنوت لە نوێژی بەیانیاندا موستحەبە و باشە".

ئیبن ئەبی لەیلا دەڵێت:" خوێندنی قنوت لە نوێژی بەیانیاندا سونەتێکی پێشینانمانە".

خەتیبی شەربینی دەڵێت: سونەتە خوێندی قنوت لە ڕەکاتی دووەمی نوێژی بەیانیان کاتێك کە لە رکوع هەستایتەوە. بەم بەڵگانەی خوارەوە.

1- عن أنس بن مالك(ﷺ) أنه قال: "مازال رسول الله(ﷺ) يقنت في الفجر حتى فارق الدونيا"[6]

2- عن أبي هريرة(ﷺ) قال: أنا أقربكم صلاة برسول الله(ﷺ) فكان أبو هريرة يقنت في كل الركعة الأخرة من صلاة الصبح، بعد ما يقول سمع الله لمن حمده، فيدعو للمؤمنين ويلعن الكفار[7].

3- عن البراء بن عازب(ﷺ) أن رسول الله(ﷺ) كان يقنت في الصبح والمغرب[8]

4- عن العوام بن حمزة قال: سألت أبا عثمان عن القنوت في الصبح قال: بعد الركوع، قلت: عمن؟ قال: عن أبي بكر وعمر وعثمان[9] (رضى الله عنهم).

5- عن عمر(ﷺ) أنه كان يقنت في الصبح وكان ذلك بمحضر من الصحابة وغيرهم[10].

6- عن عبدالله بن معقل قال: قنت علي(ﷺ) في الفجر[11].ئەم بەڵگانەی کە خستمانەروو دەیسەلمێنن کە خوێندنی قنوت لە نوێژی بەیانیاندا سونەتە.

دووەم: ئیمامی ئەبو حەنیفە و حەنبەلیەکان دەڵێن: خوێندنی قنوت لە بەیانیاندا سوننەت نییە، ئەم بۆ چونەش گێڕاوەتەوە لە ئیبن عەباس و ئیبن عومەر و ئیبن مەسعود وئەبی دەردا و سەوری ولەیس وشەعبی ویەحیایی کوڕی یەحیایی ئەندەلوسی، ئەبو سلێمانی جوزجانی دەڵێت: گوتم بە محمدی کوڕی حەسەن، هیچ شتێك دەربارەی قنوت لە نوێژدا هەیە؟ لە وەڵامدا گوتی نەخێر تەنها لە وترا قنوت دەخوێندرێت، ئیبن قودامەش دەڵێت: خوێندنی قنوت لە نوێژی بەیانیاندا هیچ نوێژێکی تر چگە لە وتر سوننەت نییە ئەم دەستەیەش پاڵ پشت بۆ بۆچونەکەیان چەند بەڵگەیەك دەخەنە ڕوو.

1- عن أنس(ﷺ) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ(ﷺ) قَنَتَ شَهْرًا بَعْدَ الرُّكُوعِ يَدْعُو عَلَى أَحْيَاءٍ مِنْ أَحْيَاءِ الْعَرَبِ ثُمَّ تَرَكَهُ[12].

2- عن أبي هريرة(ﷺ) أن النبي(ﷺ) قنت بعد الركوع في صلاته شهراً يدعو لفلان وفلان ثم ترك الدعاء لهم"[13].

3- عن أبي مخلد قال: صلت مع ابن عمر(ﷺ)، الصبح فلم يقنت فقلت له: ألا أراك تقنت؟ فقال: أحفظه عن أحد من أصحابنا[14]

4- قول ابن عباس(ﷺ): القنوت في الصبح بدعة[15] ، ومثله عن ابن عمر(ﷺ).

5- عن ابن مسعود(ﷺ) قوله: ماقنت رسول الله(ﷺ) في شيء من صلاته[16].

6- عن سعد بن طارق الأشجعي قال: قلتُ: لأبي: يابي إنك صليت خلف رسول الله(ﷺ) وأبي بكر وعمرَ وعثمانَ وعلي فكانوا يقنتون في الفجر؟ فقال: أي بني محدث[17].

7- عن أم سلمه(رضي الله عنها) أن النبي(ﷺ) نهي عن القنوت في الصبح[18].

8- عن جماعة من الصحابة (ﷺ) أن النبي(ﷺ):" قنت في الصلاة الفجر شهراً كان يدعو في قنوته عل رعل وذكوان ويقول: اللهم اشد وطأتك على مُصرَ واجعل عليهم سنين كسني يوسف"[19].

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە حەنەفیەکان وهاوراکانیان تێگەیشتنیان وایە کە پێغەمبەری خوا(ﷺ)خوێندنی قنوت واز لێهێنابێت لە نوێژی بەیانیاندا، پاڵپشت بەو بەڵگانەی کە خستمانە ڕوو.

گەنگەشەی بۆچونەکەی دەستەی دووەم:

شافعیەکان هاوراکانیان وەڵامی دەستەی دووەم دەدەنەوە بەم جۆرەی خوارەوە، کاتێك دەستەی دووەم دەڵێن: خوێندنی قنوت لە نوێژی بەیانیدا سونەت نییە کۆمەڵێ بەڵگەشیان ریزکردووە، دەڵێن:

1- ئەو دوو فەرمودەیە کە سیدنا ئەنەس و ئەبو هوریرە دەیگێڕنەوە، و ئاماژەی تێدایە کە دەفەرموێت:" ثُمَّ تَرَكَهُ " ئەمە لە گووتەکەی سەیدنا ئەنەس" ثم ترك الدعاء لهم" ئەمەش لە گێڕانەوەکەی ئەبو هوریرە، ئەوە مەبەست پێ وازهێنانە لە دووعاکردنە لە بێ باوەران بەتەنها نەك ئەوەی وازی هێنا بێت لە خوێندنی قنوت لە بەیانیان یاغەیری بەیانیان، چونکە فەرموودەکەی سەیدنا ئەنەس کە لەپێشەوە بەیانمان کرد وەك بەڵگەی دەستەی یەکەم فەرموودەیەکی صەحیح ودروستە، کە دەفەرموێت:" لم يزل يقنت في الصبح حتى فارق الدنيا" پێغەمبەری خوا(ﷺ) بەردەوام قنوتی خوێندوە لە بەیانیاندا تا ئەو ڕۆژەی کە وەفاتی فەرموو. بۆیە بەیهەقی دەگێڕێتەوە لە عبدالرحمن کوڕی مەهدی کە دەڵێت: ئەو ترك کردنە وازهێنان بووە لە لەعنەت کردن لە بێ باوەران. هەروەك چۆن ئەمە دەخوێنرێتەوە لە فەرموودەکەی ئەبو هوریرە کە ئەفەرموێت: " ترك الدعاء لهم".

2- گێرانەوەکانی ئیبن مەسعود وئیبن عەباس و أم سلمە لاوازن و کاریان پێ ناکرێت.

3- گێرانەوەکەی سەعدی کوڕی طارق: ئەوەی جێگیرکرد کە قنوت خوێنراوە زیادەکەی تری تەنها بۆ زانینە.

دەستەی دووەم وەلأمی دەستەی یەکەم دەدەنەوە ودەڵێن.

1- فەرمودەکەی ئەنەس کە ئاماژەی ئەوەی تێدایە کە پێغەمبەر(ﷺ) بەردەوام قنوتی خوێندوە تا لە دونیادەرچووە، کە وشەی (قنت) لە فەرمودەکەدا هاتووە بە مانای زۆر وەستانە (طول القيام).

2- گریمان پێغەمبەری خوا(ﷺ) قنوتی خوێندوە لە نوێژی بەیانیاندا بەلأم ئەوە لەکاتی دروست بونی بەلأیەك یان گرفت وکێشەکەك بووە کە لە فیقهی ئیسلامیدا ئەم حاڵەتە پێ دەگوترێت(النوازل).

پێشەوا ئیبن قەیم دەڵێت: با بە چاوێکی زانستی و ویژدانەوە بروانینە ئەم مەسەلەیە کە ئەویش ئەوەیە پێغەمبەری خوا(ﷺ) هەندێ جار قنوتی لە بەیانیاندا خوێند و هەندێ جاریش نەی خوێندوە، ئەو جارانەی کە نەیخوێندوە زۆرترە لەو جارانەی کە خوێندونی، بۆیە هەندێ جار لەکاتی پێشهاتێك خوێندویەتی دووعای لە ناحەزان کردوە و دوعاشی بۆ موسڵمانان کردوە، بۆیە پێغەمبەر(ﷺ) لەکاتی پێشهاتەکاندا قنوتی خوێندوە و فەرمودەکانی سەیدنا ئەنس یش صەحیح ودروستن.

هۆی دروست بوونی جیاوازی زانایان لەسەر قنوت.

هۆکاری دروست بوونی جیاوازی بۆچون لەسەر خوێندنی قنوت لای زانایان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مانایانەی کە وشەی(قنوت) دەیگەیەنێ کە لە پێشەوە خستمانەروو، کە بەماناکانی (ملکەچی و وەستانی زۆر، پارانەوە و بێ دەنگی) دێت، کاتێك لە رووی ماناوە یەك وشە ئەوەند ماناهەڵگرێت ئیتر زەمینەی دروست بونی جیاوازی فەراهەمدەکات، ئەمە لەسەروی ئەوەوە کە ئەو فەرمودانەی کە لەپێشتر ئاماژەمان پێکردن ئەوانیش بەهەمان شێوە هۆکارن بۆ سەرهەڵدانی جیاوازیەکە، بۆیە تێگەیشتنی زانایان بۆ فەرمودەکان بونەتە هۆی دروست بونی جیاوازیەکە.

ڕای پەسەند وراجح.

دوابەدوای ئەوەی کە بۆچونی زانایانمان خستەڕوبەڵگەکانیانمان بەیان کردوو گەنگەشەی بۆچون و بەڵگەکانمان کردن، دەگەینە ئەوەی کە خوێندنی قنوت لە نوێژی بەیانیدا سونەتە لەهەموو کاتێکی سالدا بەتایبەتر لەکاتی پێشهاتە نەخوازراوەکان، و هەرکەسیش نەیخوێنێ نالێن نوێژەکەی بەتاڵە، چونکە خوێندنی قنوت هەندێ جار لەو روەوە کە پەیوەستە بە (نەوازیلە)وە پێشهاتەوە سونەتەو نابێت وازی لێ بهێنرێت، هەندێ جاریش کە پێشهات بوونی نییە نەخوێندرێت ئاساییە، بەلأم لە ئەمڕۆدا زۆر زەرورە بخوێنرێت، چونکە لەو ڕۆژەوە کە پێشەوا عومەری کوری خەتتاب شەهید بووە تا ئەمرۆ فیتنەوە گرفت بەرۆکی موسڵمانانی بەرنەداوە، بەتایبەتر لەم سەردەمی ئێمەدا کە لەم سەرزەمینەی خوا ولأتێك نییە ولأتی موسڵمانان بێت دینی خوا وبانگەواز تێدا ئازاد بێت لەگشت بوارەکاندا، کەواتە بۆ ڕۆژانێك کە بەسەرماندا تێدەبەرێت خوێندنی قنوت نەك هەر سونەتە بگرە پێویست وزەرورە بخوێندرێت، لەهەموو نوێژەکاندا، چونکە فەرمودەکەی سەیدنا ئەنەس فەرمودەیەکی صەحیح ودروستە کە دەفەرموێت پێغەمبەری خوا(ﷺ) هەتا لەدونیا دەرچوو وازی لە خوێندنی قنوت نەهێنا. والله أعلم.

بڕگەی سێیەم: شوێنی خوێندنی قنوت لە نوێژدا.

زانایان بەگشتی لەسەر ئەوە یەکدەنگن کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) قنوتی خوێندوە لە حەیاتی خۆیدا وکەس نکۆڵی ئەوە ناکات، بەلأم جیاوازیان هەیە لەسەر شێوەنی خوێندنی قنوت، بە جۆرێك ئایا پێش رکوع قنوتی خوێندوە یان دوای رکوع وهەستانەوە؟ لەم بارەشەوە دوو ڕێچکەمان بۆ دروست بووە.

ڕێچکەی یەکەم: شافعیەکان وحەنبەلەیەکان زاهریەکان دەڵێن: خوێندنی قنوت دوای هەستانەوەیە لە رکوع، کە ئەمە قسەی ئیمامی ئەبو بکر وئیمامی عومەر وئیمامی عثمان وئیمامی علی یە(ﷺ) وهەروەها لە ئەبی قەلابە وئەبی موتوەکل وئەیوب سیختسانی وسەعیدی کوڕی جوبیر وقەسەی مەشهوری ئیبن مونزیر وئیبن حەبیب لە مالکیەکان دەگێڕنەوە کەئەوانیش وایان گوتووە، بۆیە ئیمامی نەوەوی دەڵێت:" شوێنی خوێندنی قنوت لە نوێژدا دوای رکوعە لای ئێمە وهەروەها ئیبن قودامەش دەڵێت:" خوێندنی قنوت لە دوای رکوع ئیمام ئەحمەدە ئیقراری لەسەر کردوە" بۆ سەلماندنی ئەم بۆچونەشیان چەند بەڵگەیەك دێنەنەوە بەم جۆرەی خوارەوە.

1- عن ابي هريرة(رضي الله عنه) أن النبي(ﷺ) قنت بعد الركوع[20].

2- عن ابن سيرين قال : قلتُ لأنس: قنتَ رسول الله(ﷺ): في الصبح؟ قال: نعم الركوع يسيراً[21].

3- عن انس(رضي الله عنه) أن النبي(ﷺ) قنت شهراً بعد الركوع في الفجر يدعو على بني عصية[22].

4- عن سالم بن عبد الله(رضي الله عنه) أنه سمع رسول الله(ﷺ) إذا رفع رأسه من الركوع في الركعة الأخيرة من الفجر يقول: اللهم العن فلاناً وفلاناً بعد ما يقول سمع الله لمن حمده ربنا ولك الحمد، فأنزل الله:" ليس لك من الأمر شيء"[23].

5- عن خفاف بن إيماء(رضي الله عنه) قال: ركع رسول الله(ﷺ) ثم رفع رأسه فقال: غفار غفر الله لها وأسلم سالمها الله وعصية عصت الله ورسوله، اللهم العن بني لحيان والعن رعلاً وذكوان ثم خر ساجداً[24].

6- عن الحسن بن علي(ﷺ) قال علمني رسول الله(ﷺ) كلمات أقولهن في وتري إذا رفعت رأسي ولم يبق إلا السجود اللهم اهدني في من هديت...الى آخر[25]

ئیمامی ئەحمەد دەڵێت:" نوێژخوێن سەرپشکە لەوەی کە قنوت پێش رکوع دەخوێنێت یان دوای رکوع، بەڵگەی ئەم بۆچونەش ئەوەیە کە حومید دەڵێت:پرسیارم لە ئەنەس کرد لەسەر خوێندنی قنوت لە نوێژدا گوتی:"ئێمە زۆرجار دوای رکوع قنوتمان دەخوێند جاری واهەبوو پێش رکوع قنوتمان دەخوێن"[26].

ئیبن حەجر دەڵێت: ئەوەمەوو ریوایەتانەی کە لە سەیدنا ئەنسەوە گێڕاونەتەوە سەبارەت بە خوێندنی قنوت بەهۆی پێشهاتێکەوە دوای رکوع بووە ئەمە هیچ جیاوزیەکی لەسەر نییە، بەڵام بۆ غەیری حاجە پێش رکوع دەخوێندرێت، کە ئەم کارە و خوێندنی قنوت لای هاوەڵان بوەتە هۆی جیاوازی و ئەوەش لەو جیاوازیە دەردەکەوێ ڕێگە پێدراو بی گرفتە" ئەوەی کە لە ئەمڕۆدا قنوت دەخوێنرێت هەموو لە بەرحاجەیە، ئەی ئەوە ئافات نییە کە سیستەمی بەرێوەبردن عەلمانییە وکەسانی نا ئەهل رابەرایەتی گەل دەکەن وموسڵمانانیش پەیتا پەیتان بەدەنگدان دەیانخەنەوە سەر کورسی دەسەڵات وبگرە بە وەلی ئەمریشیان دەزانرێن.

ڕێچکەی دووەم: ئەبو حەنیفە ومالکیەکان وئیبن سەریجی شافعی دەڵێن: خوێندنی قنوت پێش رکوعە، ئەم قسەیان لە ئیمامی عومەر وئیمامی علی وئوبەی کوڕی کەعب و ئیبن مەسعود وئیبن عەباس وئەبی موسای ئەشعەری وبەڕای کوڕی عازب وئەنەس وعومەری کوڕی عەبدولعەزیز وعوبیدەی سەلمانی و حەمیدی تەویل وئیبن سیرین ورەبیعی کوڕی خەسیم و..دەگێڕنەوە، ئەمە سەبارەت بە خوێندنی قنوت لە کاتێکی ئاسایدا بەڵام لە کاتی پێشهاتێکدا(النازلە) لای ئیمامی ئەبو حەنیفە دوای رکوع دەخوێندرێت. بۆ بۆچونەکەیان ئەم بەڵگانە بەیان دەکەن:

1- عن عاصم الأحول(ﷺ) قال: سألتُ أنس بن مالك(ﷺ) عن القنوت في الصلاة فقال: نعم، فقلتُ: كان قبل الركوع أو بعده؟ قال: قبله، قلتُ: فإن فلاناً أخبرني عنك أنك قلتَ بعده، قال: كذب، إنما قنت رسول الله(ﷺ) بعد الركوع شهراً، أراه كان بعث قوماً يقال لهم القراء، زهاء سبعين رجلاً، إلى قوم من المشركين دون أولئك، وكان بينهم وبين رسول الله(ﷺ) عهد، فقنت رسول الله(ﷺ) بعد الركوع شهراً يدعو عليهم باجى کەیەکێکە لە زانایان دەڵێت: ئەم دەقە جێگەی خیلافە لای زانایان.

2- عن أبي بن كعب(ﷺ) أن النبي(ﷺ) كان يقنت قبل الركوع.

3- عن ابن مسعود(ﷺ) أن النبي(ﷺ) قنت في الوتر قبل الركوع.

4- عن ابن عمر(ﷺ) أن النبي(ﷺ) كان يوتر ثلاث ركعات ويجعل القنوت قبل الركوع.

رای پەسەند تەرجیح:

دوای ئەوەی کە بۆچونی هەردوو ڕێچکەکانمان بەیان کرد، بۆمان دەرکەوت کە بەڵگەی ڕێچکەی یەکەم بە هێزو دروستە وبەڵگەکانی ڕێچکەی دووەم گرفتیان تێدایە و پێشتر گوتمان کە لاوازن بۆیە شوێنی خوێندنی قنوت دوای ئەوەی کە لە رکوع هەستایتەوە ئەوکاتە دەست دەکەیت بە خوێندنی قنوت، کەواتە شوێنی خوێندنی قنوت دوای رکوعە.

بڕگەی چوارەم: دەست بەرزکردنەوە لەکاتی خوێندنی قنوتدا.

دەست بەرزکردنەوە یان بەرزنەکردنەوە لەکاتی خوێندنی قنوت بووەتە هۆی جیاوازی زانایان وبەم جۆرە ئاماژە بە جیاوازیەکە دەکەم.

یەکەم: حەنەفیەکان لەم بارەوە سێ قسەیان هەیە.

1- ئیمامی ئەبو حەنیفە دەڵێت:" دەست نەک بەرزنەکرێتەوە بەڵکو دەبێت بەربدرێتەوە بۆ خوارەوە".

2- ئەبو یوسف کە هاوەڵی وقوتابی ئیمامی ئەبو حەنیفەیە دەڵێت: دەبێت بەرەو ئاسمان دەستەکان بەرزکەیتەوە.

3- محمد کە هاوەڵ و قوتابی ئەبو حەنیفەیە دەڵێت: دەستی راستت دەخەیتە سەر دەستی چەپت و وەک ئەوەی لە کاتی خوێندنی فاتحەدا وەستاوی دەوەستیت.

دووەم: شافعیەکان لەم بارەوە دوو بۆچونیان هەیە.

1- لەکاتی خوێندنی قنوتدا باش وایە دەستەکانت بەرز نەکەیتەوە، وەک تەواوی دوعاکانی تری ناو نوێژ لە سجد وتەحیات و... لە گێڕانەوەیەکی تردا دەڵێن: ئەگەر دەستەکانت بەرزکردەوە لە کاتی خوێندنی قنوتدا هیچی تێدانییە وجێگای مشت ومڕ نییە.

2- باشوایە وخوازراوە دەستەکانت بڵند بکەی بەرەو ئاسمان لەکاتی خوێندنی قنوت کە ئەم بۆچونە راستر وپەسەند تر لە لای شافعیەکان، وحەنابیلەکانیش هەر وادەڵێن: باجوری دەڵێت: سونەتە لەکاتی خوێندنی قنوتدا دەستەکانمان رویان لە ئاسمان بێت، بە جۆرێک ئەگەر داوای خێرمان کرد ناو لەپی دەستمان رویان لە ئاسمان بێت ئەگەر داوای لابردنی شەریشمان کرد روی دەستەکانمان بەرەو خوار بێت وەک لە تەواوی دوعاکاندا هەروایە بیهوتی دەڵێت: دەستەکانمان رویان لە ئاسمان کەین لەکاتی خوێندنی قنوتدا، تا ئاستی سنگمان دەستەکانمان بەرزکەینەوە ناولەپی دەستمان روی لەئاسمان بێت پاڵپش بەو بەڵگەیەی کە ئیمامی بەیهەقی ریوایەتی دەکات لە سەیدنا ئەنسەوە، کە باسی واقعی (القراء) قورئان خوێنەکانی ناو هاوەڵان کە شەهید کران، دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ)م بینی هەرکات نوێژی بکردایەو قونوتی دەخوێن دەستەکانی بەرزدەکردەوە دووعای لە بوکوژەکانیان دەکرد.

ئەبی رافیع دەڵێت: نوێژم کرد ئیمامی عومرە ئیمام بوو(ﷺ) منیش مأموم بوم قنوتی دوای رکوع خوێندو دەستەکانیشی بەرزکردبونەوە وبەدەنگی بەرز دوعای دەکرد.

ڕای پەسەند وراجح.

دوای شەن وکەونکردن وخستنە رووی بەڵگە وبۆچونەکانی هەردوو دەستەکە بۆمان دەرکەوت کە دەست بەرزکردنەوە تائاستی سنگ لە خوێندنی قنوتدا موستەحەب و باشە کە ئەمە بۆچونی شافعیەکانیش بوو، چونکە ئەو بەڵگانەی کە پشتیان پێ

دەبەسرێت لەم بوارەدا هەروەک ئامارژەمان پێ کردن تەسکینی دڵ دەدەن ودەکرێت کاریان پێ بکرێت.

بڕگەی پێنجەم: صیغەکانی قنوت.

ئەو دوعایانەی کە لە قنوتدا دەکرێن صیغەی زۆر وجۆراو جۆری هەیە و یەک شێوازی نیە، هەربۆیە ئەمەش جیاوازی دروست کردوە لای زانایان.

1- حەنەفیەکان ومالکیەکان وحەنبلەیەکان لە قوڵی مشهوری شافعیەکانیش دەڵێن: خوێندنی قنوت بە یەک شێوازی تایبەت لە وشەکاندا نییە ئەمەش لەوەوە سەچاوەی گرتوە کە لە هاوەڵانەوە وارد بوو سەبارەت بە خوێندنی قنوت، لەلایەکی تریشەوە حەنەفیەکان دەڵێن: خوێندنی قنوت دوعاوپارانەوەیە و دواعاش وەستاوە لەسەر جۆری داخوازی دوعا خوێن بۆیە ناکرێت دوعاکەیەک جۆربێت.

2- ئیمامی شافعی لە قوڵێکیدا دەڵێت: صیغە وکەلیماتەکانی قنوت دیاری کراون وهەرکەس بیری چوو یان کەلیمەیەکی زیاد کرد یان کەمی کرد ئەوە دەبێت سوجدەی سەهو ببات، ئیمامی نەوەویش دەڵێت: مشهور وصحیح ئەوەیە لە مەزهەبی ئێمەدا کەلیماتی قنوت دیاری نەکراوە، بۆیە ماوەردی وقازی حسین وبەغەویی و موتەوەلی وزۆریکی تر لە زانایان تا ئەو رادەیە کە شیخ ئەبو عەمری کوڕی صەلاح دەڵێت: هەرکەسێک بڵێت کەلیماتی قنوت دیاری کراوە وهەردەبێت ئەوە بگوترێت پێچەوانەی جمهور قسەی کردوە وقسەکەی ردەکراوە وەرگیراو نییە.

صیغە و وشەکانی قنوت.

وەک وتمان لە بەر زۆری صیغەکان چ لای پێغەمبەری خوا(ﷺ) وچ لای هاوەڵان(رضي الله عنهم) وایان کردوەکە زانایان یەکدەنگیان بۆ دروست نەبێت، بەڵام زۆرینە لەسەر ئەوەن کە نابێت تەنها پابەند بین بەیەک جۆر صیغەوە.

1- لای حەنەفیەکان وشافعیەکان وحەنبلیەکان وزاهریەکان، ئەم صیغەیە موستەحەب وباشە بخوێندرێت چ لە وتردا یان لە نوێژی بەیانیاندا، کەئەویش ئەو تێکستەیە کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) حەسەنی کوڕی علی لەسەر ڕاهێنا وفێری کرد"اللَّهُمَّ اهْدِنِي فِيمَنْ هَدَيْتَ، وَعَافِنِي فِيمَنْ عَافَيْتَ، وَتَوَلَّنِي فِيمَنْ تَوَلَّيْتَ، وَبَارِكْ لِي فِيمَا أَعْطَيْتَ، وَقِنِي شَرَّمَا قَضَيْتَ، إِنَّهُ لا يَذِلُّ مَنْ وَالَيْتَ، تَبَارَكْتَ رَبَّنَا وَتَعَالَيْتَ"[27].

2- ئەو صیغەیەیەی کە لە ئیمامی عومەرەوە پێمان گەیشتوە خوێندنی باشە کە بریتییە لە (اللهم إنا نستعينك ونستغفرك، ولا نكفرك ونؤمن بك، ونخلع ونترك من يفجرك، اللهم إياك نعبد، ولك نصلي ونسجد، وإليك نسعى ونحفد ، نرجو رحمتك ونخشى عذابك إن عذابك الجد بالكفار ملحق، اللهم عذِّب كفرة أهل الكتاب الذين يصدّون عن سبيلك ويكذبون رسلك ويقاتلون أولياءك، اللهم اغفر للمؤمنين والمؤمنات والمسلمين والمسلمات، وأصلح ذات بينهم، وألف بين قلوبهم، واجعل في قلوبهم الإيمان والحكمة، وثبتهم على ملة رسولك، وأوزعهم أن يوفوا بعهدك الذي عاهدتهم عليه، وانصرهم على عدوك وعدوهم إله الحق، واجعلنا منهم)[28].

شافعیەکان دەڵێن: هیچ ڕێگرێک نییە ئەگەر کەسێک قنوتەکەی ئیمامی عورەمەر و ئەوەی حەسەنی کوڕی علی تێکەڵبکات و لەیەک کاتدا بیان خوێنێت.

ئیبن تەیمییەی حەرانی دەڵێت: کەسێک قنوتی خوێن ئازادە چ دوعایەک دەکات، کە موناسەبێت بەو حاڵەوە کە ئەوی تێدایە، یان ئەو پێشهاتەی کە بەڕۆکی گرتوە.

ڕای پەسەند وراجح.

دوابەدوای بەرچاوڕونیمان لەسەر بۆچونی زانایان وای دەبینین کە کەسی قنوت خوێن پابەند نەبێت بە یەک جۆر دوعاوە حاڵی کەسەکە وداخوازی ڕۆژگاری وجۆری پێشهاتەکان تەحەکوم دەکەن لە سەر جۆری وشەکانی ناو دوعای قنوت، واللە أعلم.

بڕگەی شەشەم: پابەند بون بە ئیمامەوە لەکاتی خوێندنی قنوت.

ئەوەی کە مأمومە ولە دوای ئیماوە نوێژ دەکات دەبێت شوێنکەوتەی ئیمام بێت لە هەستان و دانیشت و زۆرێک لە جولّەکانی ئیمام، ئایا لە مەسەلەی قنوتیشدا هەمان شتە، دەبێت مأموم پابەند بێت بە جولّەی ئیمامەوە؟ یان نا؟. زانایان لەم بارەوە بۆچونیان جیایە.

1- حەنبلیەکان دەڵێن: دەبێت مأموم کاتێک ئیمامدا قنوت دەخوێنێت ئەمیش ئامینی لەگەڵدا بکات.

2- لەم بارەوە شافعیەکان دوو قسەیان هەیە.

أ- وەک حەنبلیەکان دەڵێن دەبێت مأموم پابەند بێت بە جولّەی ئیمامەوە لەکاتی دوعاکاندا ئامین بکات.

ب- مأموم سەر پشکە لە نێوان ئەوەی ئامین بکات بۆ ئیمام یان



خۆی دوعابکات، له ئامین کردنەکەشدا دوو بۆچونیان هەیە بۆچونی یەکەم لەتەواوی وشەکاندا ئامین دەکات، دووەم تەنها لە پێنج وشەی ناو قنوتەکە ئامین دەکات تا (وقنا بعزتك شر ماقضيت) دوای ئەمە سەناو پیا هەڵدانە ئامینی ناوێت.

ڕای پەسەند وراجح.

کاتێك ئیمام دەست دەکات بە خوێندنی قنوت، پێویستە مأموم لە دواوە ئامین بکات تا ئەوکاتەی کە وشەکانی دووعان کە چووە سەر ئەو برگانەی کە سەناو پێداهەڵدانە بێ دەنگ بێت وپابەند بێت بە جولّەی ئیمامەوە، بەڵام ئەگەر مأموم ئەوەندە دوور بو لە ئیمامەوە گوێ لە دوعاکانی ئیمامەوە نەبوو ئەوە با خۆی دوعا بخوێنی تا ئیمام دەچێتە سوجدەوە.

بڕگەی حەوتەم: درێژی وکورتی قنوت.

وەك وتمان خوێندنی قنوت هەموو زانایان یەکدەنگن کە بخوێندرێت، بەڵام کە خوێندرا چەندە زەمەنی بدرێتە لە نوێژدا.

حەنەفیەکان دەڵێن: وەستان بۆ خوێندنی قنوت لە نوێژدا بەئەندازەی خوێندنی سورەتی (إذا السماء انشقت) بێت واتە ئەو سورەتە چەندە کاتی دەبێت بۆ ئەوەی بەباشی بخوێندرێت، قنوتیش هەر دەبێت ئەوەندەکات بەبات وزیاتر نەبێت، دەگێرنەوە لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) کە لە قنوتدا دەیی فەرموو(اللهم إنا نستعنك، اللهم اهدنا فيمن هديت، وكلاهما على مقدار هذه سورة)، هەروەها دەڵێن پێغەمبەری خوا قنوتی زۆر درێژ نەدەکردەوە.

قسەی پەسەند ئەوەیەکە قنوت کاتی وئەندازەی بۆ دیاری نەکراوە وەزعی نوێژ خوێن خۆی دەزانێ چەندە قنوت دەخوێنێ وداخوازیەکەی چەندە، هەربۆیە زانایان قسەیان لەم بارەوە زۆر نەکردوە.

بڕگەی هەشتەم: ئەوکەسەی کە قنوتی بیر دەجێت لە نوێژدا

زانایان لەم بارەوە هەندێکیان بەتوندی مەسەلەکەی گرتوە هەندێکیشیان بەئاسیایی بۆچونی ناوەندیش بونی هەیە درێژیەکەی بەم جۆرەی خوارەوەیە.

1- حەنفیەکان دەڵێن: هەرکەس لەنوێژدا خوێندنی قنوتی لەبیر بچێت واجبە سوجدەی سەهوی بۆ ببات بۆ پرکردنەوەی ئەو سەهوەی کە لە نوێژدا کردوویەتی، چونکە وەك وتمان ئەوان پێیان وایە خوێندنی قنوت واجبە، کاسانی دەڵێت: هەرکەس خوێندنی قنوتی بیرچوو واجبە سوجدەی سەهووبات چونکە خوێندنی قنوت واجبە، درێژە دەدەن بە قسەکەو دەڵێن: ئەگەر کەسێك قنوت خوێندنی بیرچوو تا چوویە رکوعەوە بیری کەوتەوە وسەری بەرزکردەوە لەرکوع مادام لە رکوع هەستاوەتەوا ئیتر ناگەڕێتەوە بۆ قنوت، چونکە لای ئەمان قنوت پێش رکوعە، ئەبو یوسف دەڵێت: دەبێت بگەڕێتەوە بۆ خوێندنی قنوت، چونکە ئەگەر کەسێك فاتحەی بیرچوو دەبێت بگەڕێتەوە بۆی دەی قنوتیش هەروایە.

2- حەنبەلیەکان دەڵێن: کەسێك خوێندنی قنوتی لەبیر چوو گەرانەوەی ڕێگەپێدراوە نەك واجب بێت، بەڵگەشیان ئەوەیە کە خوێندنی قنوت سونەتە تەرك کردنی سونەتیش نوێژ بەتاڵ ناکاتەوە

3- مالکیەکان وشافعیەکان وزاهریەکان دەڵێن: هەرکەس خوێندنی قنوتی بیرچوو سوجدەی سەهووی ناوێت، ئیمامی مالك دەڵێت: هەرکەس خوێندنی قنوتی بیر چوو پێویست ناکات سوجدەی سەهوو بابات شافعیەکان بەڵگەی قسەکەیان ئەوەیە کە قنوت رکنی نوێژ نییە ئەبعازیش نییە بگرە لە هەیئاتە وهەیئاتیش بە تەرك کردنی سوجدەی سەهوی ناوێت، ئیبن حەزم دەڵێت: کارەکان دوو جۆرن بەشێکیان فەرزە وازهێنان تێیاندا گوناە وریگەپێ نەدراوە، هەندێکیشیان فەرز نین وازهێنان تێیاندا گوناهباری نییە، دەی ئەوەی کە فەرز نیە چۆن موباحە بیکەی ئاواش موباحە نەیکەی، بۆیە لای ئیبن حەزم قنوت لەکارە موباحەکانە نەك فەرزەکان، بۆیە هەرکەس خوێندنی قنوتی لەبیر چوو سوجدەی سەهووی ناوێت.

ڕاپەسەند وراجح:

لەدەرنجامی ئەم جیاوازیەدا بۆمان دەرکەوت کە نەخوێندنی قنوت لە نوێژدا واجب نییە سوجدەی سەهوو بۆ بەرێ جا نەخوێندنەکە بەهۆی بیرچوونەوە بێت یان دەست ئەنقەست بێت. کەواتە با هەرگیز لۆمەی ئەوانە نەکردێت و ناویان نەزرێنین کە قنوت ناخوێنن، و هەرگیز بەوانەش نەڵێن بیدعەچی کە دەیخوێنن بەبەردەوامی بیخوێنن یان جارجار. والله أعلم.

کۆتایی:

سوپاس بۆ خوا درودو ڕەحمەت بۆ پێغەمبەری نازدا ویاران وشوێن کەوتوانی، دوابەدوای گەڕانی ورد و تێڕامنێکی زانستی بە ناو بۆچون وکتێبە فیقهیەکاندا بۆ بەپایان گەیاندنی ئەم بەرهەمە موتەوازیعە دەگەینە ئەم ئامانجانەی خوارەوە.

1- خوێندنی قنوت سونەتە لەهەموو کات و ساتێکدا، وەك لای جمهوریش وابوو.

2- هەر ووشەیەك بەکاردەبرێت لەکاتی قنوتدا دروستە وپابەند بون بە دەقێکەوە هیچ شتێك نییە مولزەمان بکات.

3- قنوت لە بەشێکی فەرعی فیقهیە جیاوازی زانایان لەسەری نابێت ببێتە هۆی تۆرانی دڵەکان لەیەکتری.

4- دروست بونی جیاوازی زانایان خودی وشەی(قنوت) وئەو حەدیسانەی کە واردبوون و بە ئێمە گەیشتون دروستیان کردوە زەمەینەیان سازاندوە.

5- سوجدەی سەهوو بۆ نەخوێندنی قنوت جا بە هۆی بیرچونەوە بێت یان دەست ئەنقەست پێویستی بە سوجدە نییە.

6- ئەندازەی خوێندنی قنوت دیاری کراو نییە حاڵ کەسی نوێژ خوێن یان موسڵمانان خۆیان لە چەحاڵێکدان ئەو حاڵە یان پێشهاتەکە دەزانێ چەندە بخوێندرێ.

پەراوێزەکان:

1- أخرجه النسائي (248/1) { وفي " السنن الكبرى " (ق 1/218 - 2) = [448/1/
2- أخرجه الطبراني في المعجم الكبير، 238/8، رقم/9165. وابن أبي شيبه في المصنف، باب القنوت قبل الركوع أم بعده، رقم/ 6911.
3- أخرجه أبي داود في سننه، كتاب الصلاة، باب القنوت في الوتر، حديث، رقم/ 1427. والنسائي في سننه، كتاب قيام الليل وتطوع النهار، باب الدعاء في الوتر، رقم/249. حديث صحيح.
4- أخرجه أبو داود في سننه، كتاب الصلاة، باب القنوت في الوتر، رقم/1429. هەرچەندە زانایان دەڵێن ئەم فەرمودەیە لاوازە وئیمامی نەوەوی دەفەرمووێت مونقەتیعە. بۆیە لێرەدا هێناومە چونکە شربینی بەبەڵگە هێناویەتیەوە، منیش قسەی ئەو وبەڵگەکانیم نەقڵ کردوە.
5- اخرجه البيهقي في سنن الكبرى، كتاب الصلاة، باب من قال لا يقنت في الوتر إلا في النصف الثاني من رمضان، رقم/ 4637. زانایان ئەم فەرمودەیەشیان لة لاواز هەژمار کردوة وبەخاری دەڵێت ئەم فەرمودەیة مونکەر.
6- أخرجه البيهقي في السنن الصغرى، كتاب الصلاة، باب القنوت في الصلاة الصبح في الركعة الثانية بعد ركوع، الرقم/ 446, والدار القطني، في كتاب الوتر، باب صفة القنوت وبيان موضعه، 39/2. وهو رجال سنده موثوقون، كما قال الهيثمي، في مجمع الزوائد،139/2.
7- أخرجه البخاري، في كتاب الآذان، باب فضل اللهم ربنا و لك الحمد، رقم/764.
8- أخرجه أبو داود، كتاب الصلاة، باب القنوت في الصلوات، رقم/1441.
9- أخرجه البيهقي، كتاب الصلاة، باب الدليل على أنه لم يترك أصل القنوت في صلاة الصبح إنما ترك الدعاء لقوم أو على قوم آخرين بأسمائهم أو قبائلهم، رقم/3108، وقال سنده حسن.
10- أخرجه البيهقي، كتاب الصلاة، باب الدليل على أنه لم يترك أصل القنوت في صلاة الصبح إنما ترك الدعاء لقوم أو على قوم آخرين بأسمائهم أو قبائلهم، رقم/ 3111.
11- أخرجه البيهقي، كتاب الصلاة، باب الدليل على أنه لم يترك أصل القنوت في صلاة الصبح إنما ترك الدعاء لقوم أو على قوم آخرين بأسمائهم أو قبائلهم، رقم/ 3115، وقال هذا عن على صحيح مشهور.
12- أخرجه البيهقي، كتاب الصلاة، باب ترك القنوت في سائر الصلوات غير الصبح...رقم/3102، والنسائي، كتاب الافتتاح، باب اللعن في القنوت، رقم/1077. و ابن ماجة 1243، وابن حبان 1985.
13- أخرجه البخاري، كتاب التفسير، باب ليس لك من الأمر شيئ، رقم/ 4284.
14- البيهقي، كتاب الصلاة، باب من لم ير القنوت في الصلاة الصبح، رقم/(3157).
15- البيهقي، كتاب الصلاة، باب من لم ير القنوت في الصلاة الصبح، رقم/(3158).
16- البيهقي، كتاب الصلاة، باب من لم ير القنوت في الصلاة الصبح، رقم/(3154).
17- الترمذي، كتاب مواقيت الصلاة، باب ما جاء في ترك القنوت، رقم/ 402. قال الترمذي هذه الرواية حسن الصحيح.
18- البيهقي، كتاب الصلاة، باب من لم ير القنوت في الصبح، رقم(1301).
19- اخرجه البخاري، كتاب الآذان، باب يهوي بالتكبير حين يسجد...رقم(771).
20- أخرجه البخاري، كتاب التفسير، باب، ليس لك من الأمر شيء، رقم(4284).
21- أخرجه البخاري، كتاب الوتر، باب القنوت قبل الركوع وبعده، رقم(956). وأبو داود، كتاب الصلاة، باب القنوت في الصلوات، رقم(1444). والطبراني، رقم(4235).
22- أخرجه البخاري، كتاب المغازي، باب، غزوة الرجيع ورعل وذكوان...رقم(3868).
23- أخرجه البخاري، كتاب المغازي، باب ليس من الأمر شيء أو يتوب عليهم أو يعذبهم فإنهم ظالمون، رقم(3842).
24- أخرجه ابن الحجاج، كتاب المساجد ومواضع الصلاة، باب استحباب القنوت في جميع الصلوات، رقم(679).
25- أخرجه الحاكم، باب ومن فضائل الحسن بن علي بن أبي طالب.زرقم(4800) وقال صحيح على شرط الشيخين، والبيهقي، كتاب الصلاة، باب من قال يقنت في الوتر بعد الركوع، رقم(4859).
26- أخرجه ابن ماجة، كتاب الصلاة، باب ما جاء في القنوت قبل الركوع، رقم(1183) قال ابن حجر اسناده قوي.
27- أخرجه أحمد ، برقم (1723)، والبزار، 4/ 175، وابن حبان، 3/ 225، وقال محققو المسند، 3/ 249)) :إسناده صحيح، وهذه رواية مطلقة غير مقيدة بالوتر كما جاء في الرواية الأخرى، ففي هذه الرواية قال أنس)) :t وكان يعلمنا هذا الدعاء((...، ومقيدة بالوتر عند أبي داود، أبواب الوتر، باب القنوت في الوتر، برقم 1427، والنسائي، كتاب قيام الليل وتطوع النهار، باب الدعاء في الوتر، برقم 1745، وله في الكبرى، كتاب الطهارة، صفة الغسل من الجنابة، برقم 1446، والحاكم، 3/ 172، وابن خزيمة،151 /2، وأبو يعلى، 12/ 132، وابن أبي شيبة، 2/ 300، وعبد الرزاق، 3/ 108، وصححه الألباني في صحيح أبي داود، برقم 1281.
28- المهذب 116/1، وروضة الطالبين 433/1، وفتح المعين 158/1، ومغني المحتاج 167/1، ونور الإيضاح ، 40 .

سەرچاوەکان:

1- **جامع البيان** 770/2 – 771 **للطبري**.
2- **فتح القدير** 258/1 **للشوكاني**.
3- **أحكام القرآن، للجصاص**: 538/1.
4- **أحكام القرآن، لمحمد ابن ادريس الشافعي: ص** 78.
5- **بدائع الصنائع، الكاساني**، 273/1.
6- **لسان العرب، ابن منظور**: 73/2.
7- **فتح الباري، لابن الحجر**، 314/2.
8- **المنتقى، للباجى** 281/1.
9- **نصب الراية، للزيلعي**، 125/2.
10- **المجموع، للنووي**، 510/3.
11- **المغني، لابن قدامة**، 820/1.
12- **المبسوط، لسرخسى**، 164/1.
13- **المغني، لابن قدامة**، 820/1.
14- **مغنى محتاج**،222/1.
15- **زاد المعاد**، 1/ 272.
16- **منح الجليل**، 260/1،
17- **رد المحتار**، 11/2.
18- **تحفة الفقهاء**، 204/1.
19- **واهب الجليل**، 540/1.
20- **الانصاف**، 172/2.
21- **حاشية الباجورى**، 169/1.
22- **كشاف القيناع**، 418/1.
23- **المهذب** 116/1.
24- **وروضة الطالبين** 433/1.
25- **فتح المعين** 158/1.
26- **نور الإيضاح** ،
27- **فتاوى ابن تيمية**: 271/22
28- **دقائق أولى النهي**، 219/1، 200.

حوکمی شەرعی (تەلقین)ی مردوو

مەلا ئەبوبەکر مەلا طاهر بەحرکەیی

بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان

سوپاسی بێ پایان بۆ پەروەردگاری جیهانییان، درودو رەحمەتی نەبڕاوە بۆ سەر گیانی پاکی سەروەرمان، خۆشەویست ﷺ لە گەل ئال وبەیت و یاران، وپاری یاران، پاشان:

یەکێك لەو مەراسیمە ئاینییانەی بۆ مردوو دەکرێت دوای شۆردن و کفنکردن و نوێژ لەسەرکردن و ناشتن ئەوەیە: مامۆستایەکی ئاینیی لەسەرینگانی گۆڕی مردووەکە دادەنیشێت، و دوای سوپاسی خوداو درود بۆ خۆشەویست ﷺ دەڵێت: فلانی کوڕی فلان ئەوەی لە دونیا دەتگوت لەبیری مەکە کە شایەتمانی لا الە الا اللە محمد رسول اللە بوو ... تاد. جا لەبەر ئەوەی ئەم مەراسیمە مەراسیمێکی ئاینییەو ماوەیەکە قسەیەك کەوتوتە ناو خەڵك، کەسانێك گوتوویانە تەلقین هیچ بنەمایەکی ئاینیی نییە، و بەشێوەیەکی وا وەسفی تەلقیندانی مردوویان کردووە کە ئەم تەلقیندانە کارێکی ناڕەواو گوناح بێت، بۆیە بە پێویستم زانی ئەم باسە لەسەر تەلقین بنووسم، چونکە روونکردنەوەی بابەتە ئاینییەکان لە کاتی پێویستدا واجیبە.

باسەکەشم بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشکردووە:

پێشەکی: پێناسەی تەلقین

بەشی یەکەم: لە ناو گۆڕدا ژیانێک هەیە پێی دەگوترێت: (الحياة البرزخية).

بەشی دووەم: بەڵگەکانی تەلقینی مردوو لەفەرموودەکانی خۆشەویست ﷺ.

بەشی سێیەم: رای زانایانی هەر چوار مەزهەبی ئەهلی سوننەت وجەماعەت دەربارەی تەلقین.

بەشی چوارەم: وەڵامدانەوەی هەندێ رەخنە دەربارەی تەلقین.

بەشی پێنجەم: نموونەیەك لە تەلقینی پێشنیارکراو بۆ خوێندنەوە.

ئەنجامی ئەم باسە.

پێشەکی: پێناسەی تەلقین

تەلقین لەزمانی عەرەبیدا دوو مەعنای هەیە:

یەکەم بەواتای: التفهيم، واتە: تێگەیاندن.

دووەم: إلقاء الكلام على الغير ليأخذ به، كتلقين لا اله الا الله للمحتضر أو لمن يريد الدخول في الاسلام.

واتە: قسەیەک فێری کەسێک بکەی تاکو ئەویش دووبارە بیڵێتەوە.

وەکو تەلقینی شایەتمان بۆ کەسێک لە ئاوزینگان بێت یان کەسێک تازە موسوڵمان دەبێت[1].

تەلقین لە زاراوەی زانا شەرعزانەکان:

هو أن يقوم شخص عند رأس الميت بعد دفنه وتسوية التراب عليه فيقول: يا فلان ابن فلانة، اذكر ما خرجت عليه من الدنيا شهادة أن لا اله إلا الله، وأن محمدا رسول الله ... الخ.

واتە: تەلقین ئەوەیە دوای مردوو ناشتن و رێکخستنی گۆڕەکە کەسێک لە سەرینگانیدا دابنیشێت و بڵێت: فلانی کوڕی فلان

ئەوەی لە دونیا دەتگوت لەبیری مەکە کە شایەتمانی لا الە الا اللە محمد رسول اللە بوو ... تاد[2].

بەشی یەکەم:
لە ناو گۆڕدا ژیانێک هەیە پێی دەگوترێت: (الحياة البرزخية).

بیروباوەڕی موسوڵمانان ئەوەیە مرۆڤ لە ناو گۆڕدا دوای مردن لەژیانێکی تایبەتدا دەبێت، ئەم ژیانە وەکو ژیانی دونیا نییە، بەڵکو جیاوازی هەیە، و گۆڕ دەبێتە مێرگی بەهەشت بۆ موسوڵمانان و دەبێتە قوڕتێکی دۆزەخ بۆ کافران، وە مرۆڤ لە ناو گۆڕدا ئاگادار دەکرێتەوە بەو هەواڵ وشتانەی خودای گەورە ئیزنی لە سەر بێت بزانێت.

بەڵگەی فەرموودەش سەبارەت بەمە زۆرن:

یەک: لە ناو گۆڕدا سزا هەیە، خودای گەورە دەفەرموێت: ((النَّارُ يُعْرَضُونَ عَلَيْهَا غُدُوًّا وَعَشِيًّا، وَيَوْمَ تَقُومُ السَّاعَةُ أَدْخِلُوا آلَ فِرْعَوْنَ أَشَدَّ الْعَذَابِ)). سورەتی غافیر،ئایەتی: 46.

لەم ئایەتەدا هاتووە کەوا دارو دەستەی فیرعەون پێش ئەوەی قیامەتیان بەسەردا بێت (واتە: لە ناو گۆڕدا) هەموو بەیانی وئێوارەیەک دخرێنە سەر ئاگر، ئەگەر ژیان نەبێت لە ناو گۆڕدا ئەی سزا مانای چی دەگەیەنێت؟

دوو: قەبر مااڵێکە لە مااڵەکانی دواڕۆژ، خۆشەویست ﷺ دەفەرموێت: ((إِنَّ الْقَبْرَ أَوَّلُ مَنَازِلِ الْآخِرَةِ، فَإِنْ نَجَا مِنْهُ، فَمَا بَعْدَهُ أَيْسَرُ مِنْهُ، وَإِنْ لَمْ يَنْجُ مِنْهُ، فَمَا بَعْدَهُ أَشَدُّ مِنْهُ. وَقَالَ: مَا رَأَيْتُ مَنْظَرًا قَطُّ إِلَّا وَالْقَبْرُ أَفْظَعُ مِنْهُ)). أخرجه الترمذي: (2308) وحسنه، وابن ماجة: (4267) ،وأحمد: (454) ،والحاكم: (7942)، وصححه، ووافقه الذهبي، وحسنه الألباني.

واتە: قەبر یەکەم مااڵە لە مااڵەکانی دواڕۆژ، ئەگەر کەسێک رزگاری بوو لەوێ ئیتر ئەوەی بە دوایدا دێت ئاسانترە، ئەگەر رزگاریشی نەبوو ئەوە ئەوەی بە دوایدادێت زەحمەتترە، وە فەرموویەتی: هیچ دیمەنێکی ترسناکم نەدیتووە وەکو ناو گۆڕ بێت.

سێ: لە قەبردا پرسیارکردن هەیە، خۆشەویست ﷺ دەفەرموێت: ((العَبْدُ إِذَا وُضِعَ في قَبْرِهِ، وتولّى وذَهَبَ أصْحَابُهُ حتَّى إنَّه لَيَسْمَعُ قَرْعَ نِعَالِهِمْ، أتَاهُ مَلَكَانِ، فأقْعَدَاهُ، فَيَقُولَانِ له: ما كُنْتَ تَقُولُ في هذا الرَّجُلِ مُحَمَّدٍ ﷺ ؟ فيَقولُ: أشْهَدُ أنَّه عبدُ اللَّهِ ورَسولُهُ، ... وأمَّا الكَافِرُ – أوِ المُنَافِقُ - فيَقولُ: لا أدْرِي، كُنْتُ أقُولُ ما يقولُ النَّاسُ، فيُقَالُ: لا دَرَيْتَ ولَا تَلَيْتَ ... أخرجه البخاري: (1338)، ومسلم: (2870) نحوه.

واتە: هەر بەندەیەکی خودای گەورە کاتێک دەخرێتە ناو گۆڕو کەسوکاری بەجێی دێلن تاکو گوێی لە دەنگی نەعلەکانیان دەبێت، دوو فریشتە دێنە لای ودایدەنیشێنن وپرسیاری لێدەکەن، و پێی دەڵێن: رات چیبوو بەرامبەر ئەو پیاوەی ناوی محمد بوو

ﷺ؟ ئەویش ئەگەر موسوڵمان بێت لە وەڵامدا دەڵێت: شایەتمانم پێی هێناوەو، ئەو پێغەمبەرو بەندەی خودای گەورەیە ﷺ ....
بەڵام ئەگەر کافر یان مونافیق بێت – خودای گەورە پەنامان بدات - ئەوە دەڵێت: نازانم منیش وەکو خەڵک گوێم لێبووە وەکو ئەوانم گوتووە، ئینجا پێی دەڵێن: ڕەبی نە بزانی نە هیچیش بڵێی ...
چوار: مردوو گوێی لە دەنگی نەعلەکانی ئەو کەسانە دەبێت کە هاتوون بۆ ناشتنی.
پێنج: پرسیاری ناوگۆڕ سێ پرسیارن: پەروەردگارت کێیە؟ ئایینت چییە؟ و پێغەمبەرت کێیە؟
شەش: کەسی موسوڵمان لە ناو گۆڕەکەی دەرگایەکی بەهەشتی بۆ دەکرێتەوەو رایەخ و جلوبەرگ و بۆنی بەهەشتی بۆ دێت و بە ئەندازەی بینینی چاوی گۆڕەکەی بۆ فراواندەکرێت.
حەوت: پێچەوانەی ئەمەش بۆکافران هەیە.
هەشت: مردوو لەناو گۆڕدا گیانی بۆ دەگەڕێتەوە.
ئەم خاڵانەی سەرەوە لە چوارەوە تاکو هەشت لەم فەرموودەیەدا هاتووە:
استَعيذوا باللَّهِ من عذابِ القبرِ مرَّتينِ، أو ثلاثًا، زادَ في حديثِ جريرٍ هاهنا وقالَ: وإنَّهُ ليسمَعُ خفقَ نعالِهم إذا ولَّوا مدبرينَ حينَ يقالُ لَهُ: يا هذا، مَن ربُّكَ وما دينُكَ ومن نبيُّكَ؟ قالَ هنَّادٌ: قالَ: ويأتيهِ ملَكانِ فيُجلِسانِهِ فيقولانِ لَهُ: مَن ربُّكَ؟ فيقولُ: ربِّيَ اللَّهُ، فيقولانِ: ما دينُكَ؟ فيقولُ: دينيَ الإسلامُ، فيقولانِ لَهُ: ما هذاالرَّجلُ الَّذي بُعِثَ فيكم؟ قالَ: فيقولُ: هوَ رسولُ اللَّهِ ﷺ ،فيقولانِ: وما يُدريكَ؟ فيقولُ: قرأتُ كتابَ اللَّهِ فآمنتُ بِهِ وصدَّقتُ، زادَ في حديثِ جريرٍ فذلِكَ قولُ اللَّهِ عزَّوجلَّ يُثبِّتُ اللَّهُ الَّذينَ آمَنُوا ... فيناديِ منادٍ منَ السَّماءِ: أن قَد صدقَ عَبدي، فأفرِشوا لهُ منَ الجنَّةِ، وافتَحوا لَهُ بابًا إلى الجنَّةِ، وألبسوهُ منَ الجنَّةِ قالَ: فيأتيهِ من رَوحِها وطيبِها قالَ: ويُفتَحُ لَهُ فيها مدَّ بصرِهِ.

قالَ: وإنَّ الْكافرَ فذَكرَ موتَهُ قالَ: وتعادُ روحُهُ في جسدِهِ، ويأتيهِ ملَكانِ فيُجلسانِهِ فيقولانِ: من ربُّكَ؟ فيقولُ: هاهْ هاهْ، لا أدري، فيقولانِ لَهُ: ما دينُكَ؟ فيقولُ: هاهْ هاهْ، لا أدري، فيقولانِ: ما هذا الرَّجلُ الَّذي بُعِثَ فيكُم؟ فيقولُ: هاهْ هاهْ، لا أدري، فيُنادي منادٍ منَ السَّماءِ: أن كذَبَ، فأفرشوهُ منَ النَّارِ، وألبِسوهُ منَ النَّارِ، وافتَحوا لَهُ بابًا إلى النَّارِ قالَ: فيأتيهِ من حرِّها وسمومِها قالَ: ويضيَّقُ عليْهِ قبرُهُ حتَّى تختلِفَ فيهِ أضلاعُهُ زادَ في حديثِ جريرٍ قالَ: ثمَّ يقيَّضُ لَهُ أعمى أبْكَمُ معَهُ مِرزبَةٌ من حديدٍ لو ضُرِبَ بِها جبلٌ لصارَ ترابًا قالَ: فيضربُهُ بِها ضربةً يسمَعُها ما بينَ المشرقِ والمغربِ إلَّا الثَّقلينِ فيَصيرُ ترابًا قالَ: ثمَّ تعادُ فيهِ الرُّوحُ. أخرجه أبوداود: (4753) واللفظ له، والنسائي: (2001)،وابن ماجه: (1549) مختصراً،وأحمد: (18557) بنحوه.

بەشی دووەم:

بەڵگەکانی تەلقینی مردوو لە فەرموودەکانی خۆشەویست ﷺ

یەکەم: عمرو بن العاص:
((...فإذا دَفَنْتُمُونِي فَشُنُّوا عَلَيَّ التُّرابَ شَنًّا، ثُمَّ أقِيمُوا حَوْلَ قَبْرِي قَدْرَ ما تُنْحَرُ جَزُورٌ ويُقْسَمُ لَحْمُها، حتَّى أسْتَأْنِسَ بكُمْ، وأَنْظُرَ ماذا أُراجِعُ به رُسُلَ رَبِّي)). صحيح مسلم: 121
واتە: دوای ناشتنم خۆڵبکەنە سەرگۆڕەکەم، دواتر بەئەندازەی کوشتنەوەی ووشترێک و دابەشکردنی گۆشتەکەی ئەوەندە لەسەرگۆڕەکەم بوەستن، تاکو دڵم پێتان خۆشبێت و بتوانم وەڵامی فریشتەکانی پەروەردگارم بدەمەوە.
دووەم: كانَ النَّبيُّ ﷺ ،إذا فرغَ مِن دفنِ الميِّتِ وقفَ علَيهِ، فقالَ : استغفِروا لأخيكُم، وسَلوا لَهُ التَّثبيتَ، فإنَّهُ الآنَ يُسألُ.
أخرجه أبوداود: (3221) بسند صحيح، واللفظ له،والبزار: (445)،وابن السني في عمل اليوم والليلة: (585)
واتە: کاتێ خۆشەویست ﷺ لە ناشتنی کەسێک تەواو دەبوو،لە سەرگۆڕەکەی دەوەستا، و دەیفەرموو: داوای لێخۆشبوون بۆ براکەتان بکەن (مەبەستی ئەوەیە دوعا بۆ مردووەکە بکەن)، وداوای زمانقایمی بۆ بکەن، چونکە ئێستا پرسیاری لێدەکرێت (مەبەست پرسیاری هەردوو فریشتە: نەکیرو مونکەرە).
سێیەم: فەرموودەی خۆشەویست ﷺ کە فەرمانی بە کردنی تەلقینداوە.
لەم فەرموودەیە ئەبو ئومامە وەسیەتی کردووە لە دوای مردنی تەلقینی بدەن، وە دەفەرموێت: (كما أمرنا النبي ﷺ) بە واتای خۆشەویست ﷺ فەرمانی بەمە کردووە:
عن أبي أمامة الباهلي قال: إذا أنا متُّ فاصنعوا بي كما أمرنا

"کەسانێك گوتوویانە تەلقین هیچ بنەمایەکی ئاینیی نییەو بەشێوەیەکی وا وەسفی تەلقیندانی مردوویان کردووە کە ئەم تەلقیندانە کارێکی ناڕەواو گوناح بێت"

النبي ﷺ قال: (إذا مات أحد من إخوانكم فسوّيتم التراب على قبره، فليقم أحدكم على رأس قبره ثم ليقل: يا فلان بن فلانة، فإنه يسمعه ولا يجيب،ثم يقول: يا فلان بن فلانة، فإنه يستوي قاعداً، ثم يقول: يا فلان بن فلانة، فيقول: أرشدنا يرحمك الله، ولكن لا تشعرون. فليقل: اذكر ما خرجت عليه من الدنيا شهادة أن لا إله إلا الله وأن محمداً عبده ورسوله، وأنك رضيت بالله ربّاً وبالإسلام ديناً وبمحمد نبيّاً وبالقرآن إماماً. فإن منكراً ونكيراً

يأخذ كل واحد بيد صاحبه ويقول: انطلق بنا ما يقعدنا عند من لُقِّن حُجَّته) فقال رجل: يا رسول الله، فإن لم يعرف أمه، قال: (ينسبه إلى أمه حواء: يا فلان بن حواء). هذا الحديث رواه الطبراني في معجمه الكبير، وقال الحافظ ابن حجر: إسناده صالح، وبعض العلماء يضعف هذا الحديث.

جا ئەم فەرموودەیە قسەو باسی دەربارە کراوە، هەندێ فەرموویانە لاوازەو هەندێکیش فەرموویانە حەسەنە،بەڵام ابن المنذرو شێخی عەسقەلانی وضیاء المقدسی بە حەسەنیان داناوە. هەروەها ئەم فەرموودەیە پاڵپشتیکراوە بە زۆر ئیسنادی ترو کردەوەی هاوەڵان وتابعین.

چوارەم: هەندێ لە هاوەڵ و تابعین کردوویانە، ئەمەش بەڵگەیەکی بەهێزە، چونکە ئەوان لە خۆیانەوە نایکەن ئەگەر فەرمانیان پێ نەکرابێ بە پەسەندبوونی تەلقین.

بەشی سێیەم:

رای زانایانی هەر چوار مەزهەبی ئەهلی سوننەت وجەماعەت دەربارەی تەلقین.

هەر چوار مەزهەبی ئەهلی سوننەت تەلقیندانی مردوویان بە سوننەت داناوە تەنها حەنەفییەکان نەبێت، ئەوان فەرموویانە (موباحە)، وە بەمشێوەیەی خوارەوە.

1) المذهب الحنفي:

- يقول الشيخ عبدالغني الغنيمي الدمشقي الحنفي: وأما تلقينه (أي تلقين الميت) في القبر فمشروع عند أهل السنة لأن الله تعالى يحييه في قبره[3].
- ابن عابدين دەفەرموێت: وَلَا يُلَقَّنُ بَعْدَ تَلْحِيدِهِ، وَإِنْ فُعِلَ لَا يُنْهَى عَنْهُ، ... [4]
- خاوەنی جەوهەرە (ئیمامی زەبیدی یەمەنی) دەفەرموێت: وَأَمَّا تَلْقِينُ الْمَيِّتِ فِي الْقَبْرِ فَمَشْرُوعٌ عِنْدَ أَهْلِ السُّنَّةِ لِأَنَّ اللَّهَ تَعَالَى يُحْيِيهِ فِي الْقَبْرِ وَصُورَتُهُ أَنْ يُقَالَ يَا فُلَانُ بْنَ فُلَانٍ أَوْ يَا عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عَبْدِ اللَّهِ اُذْكُرْ دِينَكَ الَّذِي كُنْت عَلَيْهِ وَقَدْ رَضِيت بِاَللَّهِ رَبًّا وَبِالْإِسْلَامِ دِينًا وَبِمُحَمَّدٍ نَبِيًّا... [5]
- ئیمامی زەیلەعی دەفەرموێت: وَاخْتَلَفُوا فِي تَلْقِينِهِ بَعْدَ الْمَوْتِ، فَقِيلَ: يُلَقَّنُ لِظَاهِرِ مَا رَوَيْنَا، وَقِيلَ: لَا يُلَقَّنُ، وَقِيلَ: لَا يُؤْمَرُ بِهِ، وَلَا يُنْهَى عَنْهُ. [6].

2) المذهب المالكي:

- الإمام القرطبي صاحب التفسير المشهور فقد أفرد للتلقين باباً أسماه: باب ما جاء في تلقين الإنسان بعد موته شهادة الإخلاص في لحده، وقد ذكر أن العمل جرى في قرطبة على تلقين الميت واستشهد بنصيحة شيخه أبي العباس القرطبي في جواز التلقين[7].
- وَقَالَ ابْنُ الْعَرَبِيِّ فِي مَسَالِكِهِ: إذَا أُدْخِلَ الْمَيِّتُ قَبْرَهُ فَإِنَّهُ يُسْتَحَبُّ تَلْقِينُهُ فِي تِلْكَ السَّاعَةِ وَهُوَ فِعْلُ أَهْلِ الْمَدِينَةِ الصَّالِحِينَ مِنْ الْأَخْيَارِ لِأَنَّهُ مُطَابِقٌ لِقَوْلِهِ تَعَالَى: ((وَذَكِّرْ فَإِنَّ الذِّكْرَى تَنْفَعُ الْمُؤْمِنِينَ))،سوره الذاريات، الاية: 55، وَأَحْوَجُ مَا يَكُونُ الْعَبْدُ إلَى التَّذْكِيرِ بِاَللَّهِ عِنْدَ سُؤَالِ الْمَلَائِكَةِ... [8]

3) المذهب الشافعي:

- قال الإمام النووي في المجموع: قال جماعات من أصحابنا يستحب تلقين الميت عقب دفنه، ... ثم قال: من نص على استحبابه: القاضي حسين والمتولي والشيخ نصر المقدسي ... وقال: وسئل الشيخ أبو عمرو بن الصلاح رحمه الله عنه فقال: التلقين هو الذي نختاره ونعمل به ... ثم قال النووي: ولم يزل أهل الشام على العمل بهذا في زمن من يُقتدى به وإلى الآن[9].
- ئیمامی رەملی فەرموویەتی: وَيُسْتَحَبُّ تَلْقِينُ الْمَيِّتِ الْمُكَلَّفِ بَعْدَ تَمَامِ دَفْنِهِ لِخَبَرِ ((إنَّ الْعَبْدَ إذَا وُضِعَ فِي قَبْرِهِ وَتَوَلَّى عَنْهُ أَصْحَابُهُ إنَّهُ يَسْمَعُ قَرْعَ نِعَالِهِمْ، فَإِذَا انْصَرَفُوا أَتَاهُ مَلَكَانِ))، الْحَدِيثَ فَتَأْخِيرُ تَلْقِينِهِ لِمَا بَعْدَ إهَالَةِ التُّرَابِ أَقْرَبُ إلَى حَالَةِ سُؤَالِهِ، فَيَقُولُ لَهُ: يَا عَبْدَ اللَّهِ ابْنَ أَمَةِ اللَّهِ اُذْكُرْ مَا خَرَجْت عَلَيْهِ مِنْ الدُّنْيَا: شَهَادَةَ أَنْ لَا إلَهَ إلَّا اللَّهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ، ...الخ[10].

4) المذهب الحنبلي:

- قال الإمام المرداوي الحنبلي: فائدة يستحب تلقين الميت بعد دفنه عند أكثر الأصحاب[11].
- ئەمەش عیبارەتی خاوەنی کتێبی الإقناع: ويستحب الدعاء له عند القبر بعد دفنه واقفاً، واستحب الأكثر تلقينه بعد دفنه: فيقوم الملقن عند رأسه بعد تسوية التراب عليه، فيقول: يا فلان بن فلانة ثلاثاً، فإن لم يعرف اسم أمه نسبه إلى حواء، اذكر ما خرجت عليه من الدنيا: شهادة أن لا إله إلا الله وأن محمداً عبده ورسوله، وأنك رضيت بالله رباً، وبالإسلام ديناً، وبمحمد نبياً، وبالقرآن إماماً، وبالكعبة قبلةً، وبالمؤمنين إخواناً، وأن الجنة حقٌ، وأن النار حقٌ، وإن البعث حقٌ، وأن الساعة حقٌ، آتيةٌ لا ريب فيها، وأن الله يبعث من في القبور[12].
- قال ابن تيمية: تلقينه بعد موته ليس واجبا بالإجماع، ولا كان من أيضا في عمل المسلمين المشهور بينهم على عهد النبي ﷺ وخلفائه. بل ذلك مأثور عن طائفة من الصحابة، كأبي أمامة وواثلة بن الأسقع. فمن الأئمة من رخص فيه كالإمام أحمد وقد استحبه طائفة من أصحابه وأصحاب الشافعي. ومن العلماء من يكرهه لاعتقاده أنه بدعة. فالأقوال فيه ثلاثة: الاستحباب والكراهة والإباحة، وهذا أعدل الأقوال[13].اه

واتە: ئیبن تەیمیە دەفەرموێت: هەندێک لە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ تەلقینیان کردووە.... پاشان خۆی لای وایە کە تەلقین (موباح) بێت.

بەشی چوارەم:
وەڵامدانەوەی هەندێ ڕەخنە دەربارەی تەلقین.

ڕەخنەی یەکەم:
دەگوترێت زانایان تەلقینیان بە (بیدعە) داناوە.
لە وەڵامدا دەڵێین: نەخێر ئەم زانیارییە ڕاست نییە، کۆمەڵێ هەرە زۆری زانایان (جمهور) تەلقینیان بە سوننەت داناوەو پشتیان بەستووە بەم بەڵگانە کە لە بەشی دووەمدا باسمانکرد، جگە لە هەندێ زانای حەنەفی تەلقینیان بە (موباح = دروست) داناوە، ئەوەندەی بەدواداچوونم کردووە تەنها دوو زانا تەلقینیان بە (بیدعە) داناوە: عیززی کوڕی عبد السلام و ئیبن و لقەییم، و ئەوانەی تر کە ئینکاری تەلقین دەکەن زانای ئەم سەردەمەن و ئاوقەرانی گەورە زاناکان نین.
سەبارەت بە ڕای عیززی کوڕی عبد السلام یش وانازانم ئەو زانایە مەبەستی لە ووشەی (بیدعە) هەمان ئەم مەبەستە بێت کە ئیبن ولقەییم بەکاری هێناوە؛ چونکە لای عیززی کوڕی عبد السلام بیدعە پێنج جۆری هەیە: بیدعەو واجیبەو بیدعەی سوونەت و بیدعەی موباح و بیدعەی مەکروە و بیدعەی حەرام، بە کورتی تەنها ئیبن ولقەییم تەلقینی بە باش نەزانیوە.

ڕەخنەی دووەم:
دەگوترێت: پێغەمبەر ﷺ کەسی تەلقین نەداوە بەم شێوازەی ئێوە مردوو تەلقین دەدەن.
لەوەڵامدادەڵێین: شەریعەت تەنها لە کردەوەی پێغەمبەر ﷺ وەرناگیرێت؛ چونکە فەرموودە شیرینەکانیشی بۆ ئێمە بەڵگەو ڕێگان، بۆ نموونە: خۆشەویست ﷺ هەندێ شتی نەکردووە، یان نەمانزانیوە کە کردبێتی، کەچی ئێمە دەیکەین، وەك: ئەو 33 سبحان الله و 33 الحمد لله و33 الله اکبری پاش نوێژان ... هتد کە نەزانراوە خۆشەویست ﷺ ئایا خۆی کردوویەتی یان نا؟ کەچی ئێمە دەیکەین بینا لەسەر فەرمانێکی قەولی.
واتە: مادەم فەرموودەی شیرینی بۆ ئێمە هەیە سەبارەت بەم بابەتە، ئیتر ئەمە بەڵگەیەکی تەواوەو پێویست ناکات بپرسین ئایا خۆی کردوویەتی یان نا؟ کەواتە: حەصر کردنی شەریعەت لە فیعلی خۆشەویست ﷺ دەبێتە کێشەیەکی مەنهەجیی؛ چونکە لە عیلمی ئوصولدا هاتووە: شەریعەت دادەمەزرێت لە سەر قەول و فیعل وتەقریری خۆشەویست ﷺ.
وە ئەم یاسایەی ئوصول کە: شەریعەت دادەمەزرێت لە سەر قەول و فیعل و تەقریری خۆشەویستﷺ، هاوەڵ وتابعینیش لەسەری ڕۆیشتوون، یان ڕاستتر بڵێین: ئەم یاسایە لە تێگەیشتنی ئەوانەوە وەرگیراوە، کەواتە: ئەگەر ئێمە پشت لەم یاسایە بکەین و وەلای نێین ئەنجامەکەی وا دەبێت: هەرچی زانای هاوەڵ وتابعینیش موبتەدیع بن حاشای ئەوان چونکە شتی تریشیان کردۆتە سەرچاوەی شەریعەت جگە لەکردەوە، وئەو هاوەڵ وتابیعییانەش کە وەسیەتیان کردووە دوای مردنیان تەلقین بدرێن و(أذكر العهد)ـە یان بەسەردا بخوێندرێتەوە دەبێت ئەوانیش وەسیەتێکی ناڕەوایان کردبێت.
کەواتە: ئەگەر تەنها فیعل حوججەت بێت، وەکو دەڵێن: ئەگەر خۆشەویست ﷺ کردبی ئەوە ئێمەش دەیکەین وئەگەر نەیکردبێت ئەوە ئێمەش نایکەین، ئەمە بەراستی دەبێتە کێشەیەکی گەورە لای ئەم موسولمانانە.

ڕەخنەی سێیەم:
لە کاتی تەڵقیندان بە ناوی دایک ناوی خەڵک دێنن، ئەمە پێچەوانەی فەرمانی خودای گەورەیە: ((ادْعُوهُمْ لِآبَائِهِمْ هُوَ أَقْسَطُ عِندَ اللَّهِ))، وە دەبێتە گومان دروستکردن لە سەر نەسەبی مردووەکە، ئەمە وەکو ئەوە وایە بڵێین: مردووەکە لە باوکی خۆی نییە بۆیە بەناوی دایکییەوە بانگدەکرێت.
لە وەڵامی بەشی یەکەمی ڕەخنەکەدا دەڵێین: مەبەست لەم ئایەتە پیرۆزە ئەوە نییە کە لێی تێگەیشتوون، بەڵکو واتای ئەم ئایەتە فەرموودەی بوخاری و موسلیم ڕوونی دەکاتەوە: ((ما كُنَّا نَدْعُو زَيْدَ بنَ حَارِثَةَ إِلَّا زَيْدَ بنَ مُحَمَّدٍ حتَّى نَزَلَ في القُرْآنِ {ادْعُوهُمْ لِآبَائِهِمْ هو أَقْسَطُ عِنْدَ اللَّهِ}، سورەتی الأحزاب،ئایەتی: 5. صحيح البخاري: 4782 ، وصحيح مسلم: 2425.
مەبەست لەم ئایەتە هەموارکردنەوەی عادەتی (تبني = کەسێک بکەیتە کوڕی خۆت)یە،واتە: کەسێک کە کوڕی ئێوە نییە مەیکەنە کوڕی خۆتان وناوی خۆتان مەخەنە شوێنی ناوی باوکی کەسێک، ئەمەدادپەروەرترەو چاکترە.
مەبەست لەم ئایەتە ئەوە نییە ئەگەر ناوی کەسێک بە ناوی دایکیەوە هەڵبدرێت، بۆ نموونە بگوترێت: (مەلا سادقی دایە خەجێ) ئەمە بەسوکایەتی پێکردن ئەژمار بکرێت و قەدەغەو حەرام بێت.
سەبارەت بە بەشی دووەمی ڕەخنەکە، دەڵێین:
یەکەم: پێغەمبەر هارون کە بانگی براکەی کرد کە پێغەمبەر موسی بوو (صەلات و سەلامی خودا لە پێغەمبەری خۆمان و لە وانیش بێت) فەرمووی: ((قَالَ ابْنَ أُمَّ إِنَّ الْقَوْمَ اسْتَضْعَفُونِي وَكَادُوا يَقْتُلُونَنِي فَلَا تُشْمِتْ بِيَ الْأَعْدَاءَ وَلَا تَجْعَلْنِي مَعَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ)). سورەتی الأعراف،ئایەتی: 150.
ئایا پێغەمبەر موسا برای پێغەمبەر هارون نەبوو؟!؟ ئایا دەکرێت بڵێین ئەو گومانەی هەبووە؟!؟



بێگومان نەخێر لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە بانگکردنە واتاو مەعنای زۆر هەڵەدەگرێت و هەرگیز نابێت بەم مەعنایە بێت.
دووەم: لە زانستی بەلاغەی عەرەبی دوو شێواز ناو هێنان هەیە:
یەک: بانگکردن بە شێوەی تەعزیم و گەورەکردن، ئەم جۆرە بانگکردنە لەو کاتانە دەبێت کەوا بەرامبەرەکەت بە گەورەت نەزانێت، یان خەڵکی ناکەس بیانەوێت بتانشکێننەوە، تۆش بتەوێت قەدرو ڕێزت بگرن، بۆ ئەم شێوازە لە زمانی عەرەبدا عادەت وایە خۆیان بە باب و باپیریان هەڵدەدەن، لە زمانی کوردی خۆشماندا هەروایە، بۆ نموونە دەڵێن: ئەگەر نامناسیت کوڕی فلانم پێدەڵێن ... یەکسەر ناوی باب یان ناوی باپیرێکی دەڵێیت.
نموونەی ئەمە لە فەرموودەی پێغەمبەرمان ﷺ هەیە، کاتێک قوڕەیشییەکان بڕوای پێناکەن و بەدرۆزنی دەزانن و دەیانەوێت بیشکێننەوە، دەفەرموێت: ((أنا النبي لا كذب، أنا ابن عبد المطلب،....))، بوخاری: 2930 وموسلیم: 1776.
وەک دیارە خۆی بە کوڕی عبد المطلب وەصفدەکات، چونکە مەقامەکە وا دەخوازێت.
دوو: بە پێچەوانەوە، کاتێک کەسێک لە ترسان لەرزی لێهات وەکو ئەو کەسانەی لە پادشاکان دەترسن ﷺ وای زانی پێغەمبەرمان ﷺ وەکو پادشاکانە، ئەو خۆی بە تەواضوعەوە باسدەکردو دەیفەرموو: ((... إِنِّي لَستُ بملِكٍ إِنَّما أنا ابنُ امرأةٍ مِن قُريشٍ كانت تأكلُ القَديدَ)). الترمذي: 7052 وابن ماجة: 3312.
وەک دیارە خۆی بە ناوی دایکیەوە هەڵدەدا.
کەواتە هەڵدانی ناوی مردوو بە ناوی دایکی و هەڵنەدانی بە ناوی بابی مەسەلەکە مەوزوعێکی بەلاغی و زمانەوانییە، وبە پێی حاڵو مەقامە.
واتە: لەبەر ئەوەی کاتەکە کاتی تەوازوعو مل کەچییە، بە ناوی دایکی هەڵدەدرێت، چونکە مردوو لەم کاتەدا لە هەموو کاتێکی تری ژیانی خۆی بێ چارە ترە.
پاشان: مامۆستای ئایینی تەلقینی مردووەکە دەدات خۆ نفوسی بۆ دەرناکات، چ کاری بەوە هەیە لە باوکی خۆیەتی یان نا؟.
سێیەم: چۆنیەتی بانگکردنی مردووەکە شتێکی گرینگ و سەرەکی نییە لە تەلقیندا، ئەگەر بە ناوی بابیشی هەڵبدرێت یان ناوی هەر نەگوترێت، یان تەنها ناوی سادەی خۆی بگوترێت هیچ کێشەی نیە.

"زانایانی هەر چوار مەزهەبی ئەهلی سوننەت و جەماعەت کەس ئینکاری لە تەلقین نەکردووە، بەڵکو لە سێ مەزهەبدا سوننەتیشە"

بەشی پێنجەم:
نموونەیەك لە تەلقینی پێشنیارکراو بۆ خوێندنەوە

بسم الله الرحمن الرحيم
الحمد لله الذي لا يحمد على المصائب إلا هو، كل شيء هالك إلاّ وجهه له الحكم وإليه ترجعون، كل نفس ذائقة الموت وإنما توفون أجوركم يوم القيامة، فمن زحزح عن النار وإدخل الجنة فقد فاز وما الحياة الدنيا إلاّ متاع الغرور.
ئەی بەندەی خودا، ئەوڕۆ ناخۆشترین ڕۆژە بۆ بەندەکان، تەنها بۆ کەسێك نەبێ کە خودا بۆی ئاسان بکات، چونکە ئەمڕۆ کۆتا ڕۆژی دونیایەو یەکەم ڕۆژی قیامەتە، قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: ((القبر أول منزل من منازل الآخرة، فإن نجا منه فما بعده أيسر منه، وإن لم ينج منه فما بعده أشد منه، وقال: ما رأيت منظراً إلاّ القبرُ أفظعُ منهُ))، (ترمذي، صحيح)، واتە: قەبر یەکەم پێگەی دواڕۆژە، ئەگەر لێی دەرچی ئەوەی لە دوای دێت ئاسانترە، وە ئەگەر لێی دەرنەچی ئەوە ئەوەی لە دوای دێت زەحمەتترە))، وە دەفەرموێت: ((هیچ دیمەنێکم نەدیتوە لە قەبر ناخۆشتر بێت)).
ئەی بەندەی خودا! ئەو مردنە وەعدەی خودا بوو کە بۆی دیارکردبووی، ئەو ماڵەی هەتبوو، ئەو خزم وبرادەرانەی هەتبوو هیچی لە گەڵت نەهاتە ناو قەبر تەنها کردەوەکانت لەگەڵت دەمێنێتەوە.
ئەم تەلقینە وەبیرهێنانەوەیە بۆ خۆم و بۆ تۆو بۆ هەموو ئەم ئیماندارانەش کە هاتوونەتە سەر قەبران، خودای گەورە دەفەرموێت: ((وَذَكِّرْ فَإِنَّ الذِّكْرَى تَنْفَعُ الْمُؤْمِنِينَ)). سورەتی الذاريات،ئایەتی: 55.
لە فەرموودەی پێغەمبەردا هاتووە (صلى الله عليه وسلم): ((کە بەندەیەکی خودا دەخرێتە ناو گۆڕەوە خەڵك بەجێی دێلن گوێێی لە دەنگی پێڵاوەکانیان دەبێت، دوو فریشتە دێن پرسیاری لێدەکەن)). (بوخاری و موسلیم). ((یەکێکیان ناوی مونکەرەو ئەویتریان ناوی نەکیرە))، (ترمذي).
ئەی بەندەی خودا! ئەگەر خودای گەورە حەزبکات وبیەوێت ئێستا گوێت لێمە؛ چونکە گیانت بۆ گەراوەتەوە گوێت لە خشپەی پێیەکانمانە.
ئەی بەندەی خودا! ئەو شایەدی و ئیمانەی لە دونیادا دەتگوت ئەوە بەڵێن و پەیمانە و کەس بێ ئەوە ناچێتە بەهەشت بۆیە هەرگیز لە بیری مەکە: (أشهد ألا إله إلا الله وأشهد أن محمدا رسول الله).
ئەی بەندەی خودا! بزانە کە پرسیارە گرینگەکانی قەبر سێ پرسیارن: یەکەم پرسیارت لێدەکەن: (من ربك؟) واتە: خودات کێیە؟ لە وەڵامدا بڵێ: (الله). دووەم پرسیارت لێدەکەن: (ما دينك؟) واتە: ئایینت چییە؟ لە وەڵامدا بڵێ: (الاسلام)، سێیەم پرسیارت لێدەکەن: (من نبيك؟) واتە: پێغەمبەرت کێیە؟ لە وەڵامدا بڵێ: پێغەمبەرم محمده صلى الله عليه وسلم، ئیمانم پێهێناوەو ئیمانم بەو کتێبەش هێناوەو کەهێناویەتی ناوی قورئانە، گوێرایەڵی فەرمانەکانم کردووە، لەسەر ئەو باوەڕە ژیاوم ولەسەر ئەو باوەڕەش مردووم.
ئیمانداران! بزانن کە مردن حەقە، ((قەبریش یان مێرگێکە لە مێرگەکانی بەهەشت یان قوڕتێکە لە قوڕتەکانی دۆزەخ))، پرسیاری ناو گۆڕ حەقە، زیندوبوونەوە حەقە، حەشرکردن حەقە، تەرازووی چاکەو خراپە حەقە، خودا حەقی کەس لەسەر کەس ناهێڵێ.
بەندەی خودا ئێمە بەجێتدێڵین هەروەك تۆش چەندین جار هاتوویە سەرقەبران وپاشان خەڵك جێهێشتووە، چونکە دونیا خۆی وایە.
یا ڕەببی خودایە لێی خۆشبی، قەبری بۆ بکەیە مێرگی بەهەشت، بێکەس وتەنها نەبێ، وەڵامی مونکەرو نەکیر بداتەوە، ڕەحم بە غەریبی بکەی، لە ئێمەو لەویش خۆشبی.
سبحان ربك رب العزة عما يصفون، وسلام على المرسلين، والحمد لله رب العالمين. بحرمة سورة الفاتحة.

ئەنجامی ئەم باسە

یەك: بە پێی ئەم فەرموودانەی لەم باسەدا هێنامان: ((تعادُ روحُهُ في جسدِهِ))، و ((العَبْدُ إذَا وُضِعَ في قَبْرِهِ، وتُوُلِّيَ وذَهَبَ أصْحَابُهُ حتَّى إنَّه لَيَسْمَعُ قَرْعَ نِعَالِهِمْ، أتَاهُ مَلَكَانِ))، و ((إنَّهُ يَسْمَعُ قَرْعَ نِعَالِهِمْ، فَإِذَا انْصَرَفُوا أَتَاهُ مَلَكَانِ))، مردوو دوای ئەوەی خەڵك جێی دێلن دووبارە گیانی بە بەردا دەکرێتەوە.

دوو: هەر بە پێی ئەم فەرموودانە مردوو ئاگاداری ئەو کەسانەیە کە هاتوونەتە سەر گۆڕەکەی و گوێی لە دەنگی خشپەی نەعلەکانیشیان دەبێت.

سێ: لە ناو گۆڕدا ژیانێک هەیە پێی دەگوترێت: (الحياة البرزخية).

چوار: خۆشەویست ﷺ خۆی لەسەر گۆڕ وەستاوەو فەرمانیشی کردووە بەو کەسانەی هاتوونەتە سەر قەبران دوعا بۆ مردوو بکەن.

پێنج: هەندێك لە هاوەڵان وەسیەتیان کردووە تەلقین بدرێن، وەکو عەمری کوڕی عاص، و لە فەرموودەیەکیشدا ئوممەی باهیلی ئەم وەسیەتەی کردووەو فەرمویەتی: ئەمە فەرمانی خۆشەویستە ﷺ .

شەش: زانایانی هەر چوار مەزهەبی ئەهلی سوننەت و جەماعەت کەس ئینکاری لە تەلقین نەکردووە، بەڵکو لە سێ مەزهەبدا سوننەتیشە تەنها حەنەفییەکان فەرموویانە: موباحە.

حەوت: تەنها عیززی کوڕی عبدالسلام و ئیبن و لقەیم فەرموویانە تەلقین بیدعەیە.

هەشت: هەندێ رەخنە دەربارەی تەلقین گیراوە لەم باسەدا وەڵاممان داوەتەوە.

نۆ: نموونەیەك لە تەلقینی پێشنیارکراویشم پێشکەشکردووە بۆ خوێندنەوە.

دە: تەلقیندان سوننەتە بە پێی فەرموودەی خۆشەویست ﷺ.

یازدە: تەلقیندان واباشترە بە زمانی کوردی بێت؛ تاکو خەڵکیش لێی تێبگەن.

سەرچاوەکان:

(1) سەیری ئەم سەرچاوانە بکە:
أ. طلبة الطلبة، نجم الدين عمر النسفي (ت: 537 هـ)،المطبعة العامرة، مكتبة المثنى ببغداد، 1311 ه -: 78.
ب. معجم لغة الفقهاء، محمد رواس قلعجي و حامد صادق قنيبي،دارالنفائس للطباعة والنشر والتوزيع، ط : 2 ، 1988م: 145.
ج. التعريفات الفقهية، محمد عميم الاحسان المجددي البركتي، دار الكتب العلمية، 2003م: 62.
(2) سەیری ئەم سەرچاوەیە بکە: نيل المآرب بشرح دليل الطالب، عبد القادر بن عمر الشيباني (ت: 1135 هـ)، تحقيق: الدكتور محمد سليمان الاشقر، مكتبة الفلاح، الكويت، 1983م: 1/ 231.
(3) سەیری ئەم سەرچاوەیە بکە: كتاب اللباب في شرح الكتاب: 1/ 125.
(4) رد المحتار على الدر المختار، ابن عابدين الدمشقي الحنفي (ت: 1252هـ)، دار الفكر، بيروت، لبنان، ط : 2، 1992م: 191/2.
(5) الجوهرة النيرة، أبو بكر بن علي الزَّبِيدِيّ اليمني (ت: 800هـ)، المطبعة الخيرية، ط : 1، 1322هـ: 102/1.
(6) تبيين الحقائق شرح كنز الدقائق، فخر الدين عثمان الزيلعي (ت: 743 هـ)، المطبعة الكبرى الأميرية، بولاق، القاهرة، ط : 1، 1313 هـ: 234/1.
(7) كتاب التذكرة بأحوال الموتى والآخرة: 138- 139.
(8) التاج والإكليل لمختصر خليل، محمد بن يوسف الغرناطي، المشهور بأبي عبد الله المواق المالكي (ت: 897هـ)، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان، ط : 1، 1994م: 3/ 52 – 53.
(9) المجموع للإمام النووى شرح المهذب لأبى إسحاق الشيرازى فى الفقه الشافعى: 5 / 303 - 304.
(10) نهاية المحتاج إلى شرح المنهاج، شمس الدين الرملي (ت: 1004هـ)، دار الفكر، بيروت، لبنان، 1984م: 41/3.
(11) كتاب الإنصاف في معرفة الراجح من الخلاف: 2 / 548 - 549..
(12) الإقناع في فقه الإمام أحمد بن حنبل، موسى بن أحمد الحجاوي المقدسي(ت: 968هـ)، تحقيق: عبد اللطيف محمد موسى السبكي، دار المعرفة، بيروت، لبنان: 232/1. سەیری ئەم سەرچاوانەش بکە: دليل الطالب لنيل المطالب، مرعي الكرمى المقدسي الحنبلى (ت: 1033هـ)، تحقيق: أبو قتيبة نظر محمد الفاريابي، دار طيبة للنشر والتوزيع، الرياض، ط : 1، 2004م: 71. دقائق أولي النهى لشرح المنتهى المعروف بشرح منتهى الإرادات، منصور البهوتى الحنبلى (ت: 1051هـ)، عالم الكتب، ط : 1، 1993م: 373/1.
(13) مجموع الفتاوى: (24/ 297).

پرسی قوڕئان خوێندن لەسەر مردووان و بۆچوونی زانایان

حمید أحمد عبدالفتاح/ قەلادزە

لەڕاستیدا خێرو سەواب و پاداشتی خوێندنی فاتیحەو قورئان خوێندن, گەر بەخشیت و(هەدیەت)کرد بۆ مردوو, جا ئەو مردوە هەر کەسێك بێ دوور بێ یان نزیك, بیناسی یانەی ناسی, ئەوە بۆی دەچێ. وە خوێندنی هەموو ئەو فاتیحایانەو قورئان خوێندنانەی کەلە کۆڕو مەجلیس و پرسەی تەعزییە دەخوێندرێ, گەر خێرو سەواب و پاداشتی ئەو فاتیحایانەو قورئان خوێندنانە, بەخشیت و هەدیەت کرد بۆ مردوەکە, ئەوە بەدڵنیاییەوە بۆی دەچێ. وەك ئەوەی ئێستا لە کۆڕو مەجلیسی تەعزییەکان هەدیە دەکرێ, ئەوە پێی دەگا.

ـ قوڕئان خوێندن چەند هۆکارێکی باشیشی هەیە, لەوانە:

1= هەموو ئەوانەی کە ئامادەی پرسەکە دەبن, بە هۆی ئەم قوڕئان خوێندنە ڕێگرییان لێدەکرێ لەوەی کە غەیبەت باسی خەڵك بەخراپە بکەن, یان قسەی ناڕەواو درۆو هیچ و پوچ بکەن.

2= ئەم قوڕئان خوێندنە ئەو سودو قازانجەشی هەر هەیە, بۆ هەموو ئەوانەی کە گوێ دەگرن لەخوێندنی ئەم قوڕئانە پیرۆزە, کە هەمووشی هەر پەندو ئاموژگاریی و دڵ ڕۆشنییە بۆیان، کە سودی زۆری لێوەربگرن, وەبەزکرو عیبادەتیش بۆیان ئەژمار بکرێت.

3= لەهەمان کاتدا خوێندنی هەموو ئەو فاتیحاو خوێندنی قوڕئانە, سود بەمردوەکەش دەگەیەنێ، وەلەکێبی(تحفە)ش, ئامازە بەوە دەکات, کە خوێندنی قورئان و خوێندنی فاتیحە دەگات بە مردوو. وەزۆرێکیش لە زانایانی هەرسێ (مەزهەبی/ حەنەفی و مالکی و حەنابیلەکان) پشتیان پێ بەستوە. هەروەها لە کتێبی(تحفە وحواشیها) ئەویش ئامازە بەوە دەکات کە: قورئان خوێندن بۆ مردوو, گەر بۆت هەدیە کرد, بەئامادە بونی مردوەکە, یان غیابی مردوە, ئەوە خێرو پاداشتەکەی بۆ دەچێ. هەتا دەڵێ گەر سەردانی مردوو بکەی لە گۆرستان, وەك ئەوە وایە کەسەردانت کردبێ بە زیندویی.(إرشاد الانام إلى أركان الاسلام)ل155.

زانایان دەڵێن: دوعا بۆ مردوو, چۆن دوعا بۆ زیندو کەڵك و سودو قازانجی هەیە, بەهەمان شێوەش دوعا بۆ مردوو, کەڵك و سودو قازانجی هەیە. هەتا ئەوەش هەردەگا بەمردوو, گەر کەسێك هەندێك لە خێرو چاکەکانی خۆی, هەدیە بکاو ببەخشێ بۆ ڕوحیانەتی مردویەکی تر, جا ئەو مردوە خزم و کەس بێ, یان بێگانە. دوور بێ یان نزیك بێ. کە ئەمەش گەورەترین سۆزو بەزەیی و ڕەحمەتی پەروەردگارە, کە هەندێك لەبالأنسی چاکەکانی خۆت بنێری بۆ کەسێکی خۆت, ناسیاوێکی خۆت, هاوسەری خۆت, کە پەروەردگار ئەمە دەگەیەنێ, کەلەبالأنسی چاکەکانی تۆ کەم دەبێ و, لەبالأنسی چاکەکانی ویش زیاد دەبێ.

ـ ئەوەی دەشڵێ: ئەمە (بیدعەیە) ئەمە ڕاست نییە, بۆ؟ چونکە ئەگەر بیدعە بەمانا (لۆغەویەکەی) کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) نەی کردبێ (بیدعەیە). خۆ دەنا کۆکردنەوەی قورئانی پیرۆزیش, هەتا سەرو ژێر بۆ کردنی و, مانا کردنی و, کۆکردنەوەی فەرمودەکانی پێغەمبەریش(درودی خوای لەسەر بێت), وەهەتا دابەشکردنی فەرمودەکانیش بۆ (ئەحاد و مەشهورو حسن و أحسن و زەعیف و معنعن ...) دەنا ئەوانەو چەندان شتی تریش, لە کۆکردنەوەی (تدوين الفقه وأصوله, وأصول الحديث) دەنا ئەمانەش هەر لەسەردەمی زێڕین و پیرۆزی ئەودا نەبوون. لەگەڵ ئەوەشدا قەت نابێ بڵێین: ئەمانە بیدعەن و شتی خراپن و باش نین, بەڵکو شتی زۆر باشن و سوود بەخشیشن.

کەواتە قوڕئان خوێندن لەسەر مردوو شتێکی زۆرباشەو, وەیەکێکیشە لە شتە هەرە باشەکان, وەفاتیحەش هەر قوڕئان خوێندنە. وە ئەوەش بزانە بە خوێندنی هەر پیتێك (10)دە چاکەت بۆ دەنوسرێ, وە هۆکاریشە بۆ توش بونت بە سۆزو بەزەیی و ڕەحمەتی پەروەردگاریشت. وەکردنەوەی دەرگای ڕەحمەتیشە. کەواتە ناکرێت تۆ بەگومانێك, بۆ چونێك, بەقسەی

> "قوڕئان خوێندن بۆ مردوو, گەر بۆت هەدیە کرد, بەئامادە بونی مردوەکە, یان غیابی مردوە, ئەوە خێرو پاداشتەکەی بۆ دەچێ"

کەسێکی نەشارەزا, بێ تەقوا, بێ ئاگا, با مامۆستاو وەستای قسانیش بێ, دەرگای ڕەحمەتی خودای گەورە لەسەر خۆت یان خەڵکانی تر دابخەیو ڕێگری لێ بکەی.

هەتا زانای ناودار (شێخ أحمد بن حجر الهيتمي/لە تحفە لە کتاب الاجارە) دەفەرموێ: دروستەو دەشتوانی کەسێك بەکرێ

بگری بۆ قورئان خوێندن لەسەر مردوەکەت, یان لەسەر گۆڕی مردوەکەت. هەتا دروستەو دەشتوانی لە شوێنێکی دوورییش, نەك هەر لەسەرگۆڕەکەی, یان تەنها لەماڵەکەی خۆی بەکرێی



بگری بۆ قورئان خوێندن بۆ مردوەکەت, بەو مەرجەی خێروسوابی خوێندنی قورئان خوێندنەکەی, هەدیەبکات و بیبەخشێ بۆ ڕوحیانەتی ئەو مردوە. ئەوکەسەی کە خۆت پەرۆشتەو مەبەستە. ئەمەش بەڵگەی ئەم فەرمودەیەیە کەدەفەرموێت:﴿إن أحق ما أخذتم عليه أجراً كتاب الله﴾ رواه البخاري. کەواتە دروستە بەپارە قورئان بخوێندرێ لەسەر مردوو. بەڵام دەبێ ئەوکەسەش خێرو سەوابەکەی هەدیە بکاو بیبەخشێ بەمردوەکە, دەنا ئەو کەسە گوناهبارە.

خێر بۆ مردوو: زانایان لەسەر ئەوە یەك دەگن و کۆکن کە: مردو سود لەچاکەی زیندوان وەردەگرێت بە دوو مەرج:

1= بەگوێرەی ئەم فەرمودەیەی پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت) کەدەفەرموێ:﴿ إذا مات إبن آدم إنقطع عمله إلا من ثلاث . . . ﴾ رواه الترمذي.

2= دوعاو پاڕانەوەی, داوای لێبوردن و لێخۆشبونی مسڵمانان بۆ مردوان. ئەوە خێرو چاکەیان, حەج و عەمرەیان, خێری فاتیحەو قورئان خوێندنیان, دەگا بەو مردوە. ئەوە قورئانیش ئاماژە دەکاو دەفەرموێ:﴿ والذين جاؤا من بعدهم يقولون ربنا إغفر لنا ولإخواننا الذين سبقونا بالإيمان ...﴾حشر/10. واتە ئەوانەی بەشوێن کۆچبەران و پشتیواناندا هاتن ئەمە نزاو دوعایانە کە دەڵێن: پەروەردگارا لە ئێمەو لەو برایانەشمان خۆشش ببە کە پێش ئێمە ڕێبازی ئیمانیان گرتەبەرو باوەڕیان هێناوەو مردوون و کۆچیان کردوە. ئەم ئایەتە ئەوەمان پێدەڵێ کە کردەوەی موسڵمانێکی تر کە چاکەی بەرامبەر بکەی, زیندو بێ یان مردو سودی پێدەگا, ئەگەر سودی نەبایە, پێویستی بەوە نەدەکرد, کە مسڵمان دوعا بۆ برای ئیمانداری مردوی پێش خۆی بکا, کە دوعاشی پێ دەگا خێرو سەدەقەشی هەر پێدەگا. (حجج المتقين/ص171) کەواتە لەگەیشتنی قەت نائومێد مەبەو بەقسەی کەسیش سارد مەبەوە. (ما رآهُ المُؤمنونَ حسنا فَهُوَ عندَاللهِ حسناً) کەواتە گەر مسڵمانان شتێکیان بەلاوە باش بوو, پەروەردگاریش هەر پێی باشە. یان دەفەرموێ: ﴿أنّ الصدقه عن الميت تجوز, وأنهُ ينتفعُ بها﴾ رواه البخاري. خێر لەجیاتی مردو دروستەو سودی لێوەردەگرێ. کەواتە وەك پێشەوامان دەفەرموێ: ئەمە باشترین هەدیەیە بۆ مردو پێی دڵخۆش دەبێ, وەك زیندو بەهەدیە دڵخۆش دەبێ, مردوش بەهەمان شێوە. وەدەشفەرموێ: ﴿... وأقرئوها على موتاكم﴾ رواه أحمد وإبن ماجه. قورئان لەسەر مردوەکانتان بخوێنن.

وەزانایان کۆکن لەسەر گەیشتنی دوعای ئیماندارو موسڵمان, لەکاتی نوێژ کردن لەسەر مردوی, بۆ مردوەکە. کە مردوەکە سوود لەدوعاو پاڕانەوەی زیندوەکان وەردەگرێ. هەروەها دروستە حەج و عەمرەش لە جیاتی مردوی بکرێ. یان خۆت بیکەی, بەو مەرجەی خۆت پێشتر بۆ خۆت حەج و عەمرەت کردبێ. ئەوەتا جارێك ئافرەتێکی (جهەینیه) هاتە خزمەت پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت), وتی دایکم کەمردوە نەزری کرد کە حەج بکات, بەڵام نەی توانی بیکا هەتا مرد (أفأحج عنها) حەجی لەجیاتی بکەم؟ئەویش فەرموی:﴿حجي عنها﴾لە جیاتی بکە. فەرموشی: ئەگەر دایکت قەرزداری کەسێك بێ ئایە قەرزەکەی بۆ نادەیتەوە؟ کەواتە ئەمەش قەرزی خودایە تۆ لە جیاتی بیدەوە. کەواتە: بە کۆ دەنگی زانایان خێرو چاکە, خێرو سەوابی فاتیحەو قورئان خوێندن دەگا بەمردوی. بەڵام بۆچونی ڕای جیاواز لەوەدا هەیە دەخوا (نوێژو ڕۆژو)ش هەردەگا بەمردوی. دوو ڕا دوو بۆ چوون هەیە.

1= بەڵێ هەموو شت دەگا بەمردوی. دەتوانی خێری نوێژو ڕۆژوەکەت بکەی بە نیوە, دەتوانی بڵێی نیوەی خێری نوێژەکەم بۆ باوکم و نیوەکەی تریشی بۆ خۆم. یان نیوەی خێری ڕۆژوەکەم بۆ دایکم, یان برایەکەم, خوشکەکەم, کورەکەم, هاوسەرەکەم, خزمەکەم. نیوەکەی تریشی بۆ خۆم. یان نیوەی خێری نوێژە سوننەتەکەم, ڕۆژوە سوننەتەکەم, بۆ باوکم و نیوەکەی تریشی بۆ دایکم. یان نیوەی بۆ برایەکم و نیوەکەی

تریشی بۆ خوشکم, که مردون و لەژیان دا نەماون. ئەوە لەهەموو ئەو حاڵەتانەدا دروستە. هەتا دەتوانی خێری (فاتیحەو قورئان خوێندن و سبحان الله و لاإله إلا الله)شیان بۆ هەدیە بکەی. ئەمەش ڕاو بۆچونی پێشەوا (أحمدو جمهوری سەلەفیەکانە) (فمذهب أحمد وجمهور السلف وصولها).

لە کتێبی(فتح المعین)یشدا هەیە, کە ئاماژەدەکاو دەفەرموێ: کەسێك لە جیاتی هەندێك لە خزمە نزیکەکانی خۆی نوێژی فەوتاویان بۆ بکات دروستە, وەکردوشیانە. وە پێشەوا(شافعیش) دانی بەوە داناوە, کە دەتوانی لە جیاتی مردو نوێژ بکەی.

وەئەگەر بەلای گۆرستانێکیشدا گوزەرت کردو تێپەڕی, باش وایە سەلام لە ئەهلی گۆرستان بکەی, وەکەچویتە سەر گۆڕی هەر کەسێکیش سەلامی لێ بکە, دواتر دەتوانی سورەتی فاتیحەو, قل هو الله أحد یان هەر سورەتێکی تر بخوێنی و دواتریش خێرەکەی هەدیەی ڕوحیانەتی ئەو مردوە, یان ئەو گۆرستانەی بکەی دروستە. وەهەموو یەکێکیش لە ئەهلی ئەو گۆڕستانە بەشێکی لەو خێرە بەردەکەوێ. (وقل اللهّم فصله لاهل المقابر). هەروەها دروستە ڕۆژو لە جیاتی مردوی بگری, هەر چەند نوێژو ڕۆژوش, هەردوکیان عیبادەتی لاشەین, بەدەنین. ئەوەتا پێشەواشمان دەفەرموێ:﴿من مات وعلیه صیام, صام عنه ولیه﴾رواه الشیخان.

خوێنەرانی خۆشەویستم, عیبادات دوو جۆری هەیە:

1= خێری مالّی: خێرو چاکەی مالّی بە کۆ دەنگی زانایان بەهەموو شێوەیەك دەگا بەمردوو. گەر کەسێك قەرزدار بوو خزم بێ یان بێگانە, دەتوانی لە جیاتی ئەو قەرزەکەی بۆ بدەیتەوە. وەچەندین جاریش واڕێکەوتوە کەلەسەردەمی پێغەمبەردا(درودی خوای لەسەر بێت) گەر کەسێك لە ئیمانداران مردبێ, گەر قەرزدار بوبێ پێشەوامان نوێژی لەسەر نەکردوە, هەتا کەسێك قەرزەکەی بۆ نەدابێتەوە. جا کەسەکە, کەس و کاری خۆی بوبێ, یان کەسێکی بێگانە بوو بێ.

2= خێری لاشەیش: خێری هەموو خواپەرستیەکانی لاشەیش, وەك نوێژو ڕۆژو حەج و عەمرەش هەر دەگا بەمردوو. کەواتە بۆ عیباداتی بەدەنی کەسێك دەتوانێ لەجیاتی کەسێکی مردو بیکات, وەپەروەردگاریش دەیگەیەنێ.

ـ پێشەوا شافعیش ڕایەکی تایبەتی هەیەو دەڵێ: پاداشتی خواپەرستی لاشەیی ناگا بەمردووی. وەدەشفەرموێ: عیبادات دوو جۆری هەیە:

1= کەسێکی تر ناتوانێ لەجیاتی مردوەکە بیکا, واتە جێگرەوەی نییە, وەك: مسڵمان بوون, نوێژکردن لە جیاتی, یان ڕۆژو گرتن لەجیاتی. دەڵێ هەر کەسێك بیکا لە جیاتی کەسێکی تر, ئەوە ئەو خێرو پاداشتە بەئەو ناگا, بەڵکو خێرو پاداشتەکە هەر بۆ خۆیەتی. بەڵام لە(تحفه) لە کتاب الصیام دا هەیە, کە کەسێك دەتوانێت لە جیاتی کەسێکی تر بەڕۆژو بێت. ﴿عن عائشة أنَّ رَسولَ اللهِ(ص) قال: مَن ماتَ وعليهِ صِيامٌ صامَ عنهُ وَلِيُّهُ﴾ متفق علیه. ئافرەتێکیش هاتە لای وتی: دایکم ڕۆژوی مانگێکی لەسەرە. (أفأصوم عنها؟) قال(درودی خوای لەسەر بێت):﴿صومی عنها﴾رواه مسلم. لەجیاتی بەڕۆژو بە. یان نوێژی فەوتاوی لە جیاتی بکە. هەرچەند پێشەوا شافعیش لە قەولێکدا دانی بەدروستی نوێژ لەجیاتی مردووی گەر بیکەی دروستە. پێشەواشمان دەفەرموێ: {﴿إِنَّ مِنَ البِرِّ بَعدَ البِرِّ أن تُصَلِّيَ لَهُما مَعَ صَلاتِكَ, وَأن تَصُومَ لهُما مَعَ صِيامِكَ﴾ رواه الدار القطنی. الفقه الاسلامی ب3/ ص2096}. واتە بەوە چاکەیان لەگەڵدا بکە کە نوێژێکت کرد بۆ خۆت, نوێژێکیش بۆ وان بکە. هەروەها بۆ ڕۆژوش, گەر بۆ خۆت گرت بۆ وانیش بیگرە.

2= جێگرەوەی هەیە. واتە دەتوانی لە جیاتی کەسێکی مردوو بیکەی, وەك دانەوەی قەرز, گەڕاندنەوەی ئەمانەت, حەج و



عەمرە کردن.

زاناو دانا جەنابی مامۆستا مەلا عبدالکریم المدرس, لە کتێبی (إرشاد الانام إلى أركان الاسلام)ل 159دا دەڵێ: کە ئەویش لە کتێبی (شرح الكنز)ی وەرگرتوە, کە مرۆڤ دەتوانێ بگێڕێ خێری کردەوە چاك و باشەکانی خۆی هەر لە نوێژو ڕۆژو حەج و عەمرەو سەدەقەو خێرو چاکەو قوڕئان خوێندن هەدیەی بکات و بیبەخشێ بەمردوی, دوربێ یان نزیك, ئی خۆی بێ یان بێگانە, بۆ تەنها یەك کەس بێ, یان بۆ تەواوی ئەهلی گۆرستان بێ. وەهەموو خێرو چاکەیەکیش هەر دەگا بەمردووی, وەسودیشی لێوەردەگرێ. کە ئەمەش بۆ چونی زانایانی ئەهلی سوننەیە. وە ئەم فەرمودەیەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە خێری فاتیحە قوڕئان خوێندن دەگا بەمردووی. ﴿من مرّ بالمقابر فقرأ قل هو الله أحد, أحد عشر مرة, ثم وهب أجره للأموات, أعطى من الأجر بعدد الأموات﴾ رواه الحافظ, والرافعي من تأريخه. هەر کەسێك بەلای گۆڕستاندا گوزەر بکاو تێپەڕێت, یانزە جار سورەتی(قل هو الله أحد) بخوێنێ, دوای خیری قوڕئان خوێندنەکەی هەدیەکاو بیبەخشێ بەمردوەکان, ئەوە ئەو خێرە بەهەموو مردوەکان دەگات. هەموو مردوەکە لەو خێرە بەشیان بەردەکەوێت. وەباشیش وایە گەر بەلای گۆرستانیدا ڕۆیشتی, یان چویە ناو گۆرستانی و سەردانی مردوانت کرد دوای سەلام لێکردنیان (فاتحە بخوێنی و خێرەکەشیان بۆ هەدیە بکەی). پێشەوا قورتوبیش دەفەرموێ: بە کۆ دەنگی زانایان خێرو چاکە دەگا بەمردووی. وەك قوڕئان خوێندن, دوعاو پارانەوە. یان دەفەرموێ: ﴿إقرأوا على موتاكم يس﴾ رواه أبوداود. سورەتی یاسین لەسەر مردوەکانتان بخوێنن. ئەم فەرمودەیەش پشتگیری ئەم قسە دەکا کەدەفەرموێ:﴿وكل معروف صدقة﴾ رواه الشيخان. کەواتە چاکە هەر تایبەت نییە بەسەروەت و سامان و مالێ, چاکە هەموو شتێك دەگرێتەوە. وەك فاتیحەو دوعاخوێندن و داوای لێخۆش بوون. ئەوەتا دەفەرموێ: ﴿... وَإِنَّ هدايا الأحياءِ للأمواتِ الدعاء والإستغفارُ﴾ الفتح الربانى101/8. پێشەواشمان لەدوعایەکانیدا دەیفەرمو: ﴿اللهمَّ أغفر لِأهلِ البقيع الغَرقَد﴾رواه مسلم. یان ﴿اللهمّ إغفر لحينا وميّتنا﴾ رواه الترمزی. کەواتە دوعا خێرو چاکە دەگا بەمردوی. قورئانیش دەفەرموێ: ﴿وأستغفر لذنبك وللمؤمنين والمؤمنات﴾محمد/19. بۆ خۆت و ئیمانداران لەپیاوان و ئافرەتان داوای لێخۆش بوون بکە.

یان دەفەرموێ:﴿الميت فى قبره كالغريب المتعوب ينتظردعوة تلحقه من أبيه, أو أخيه, أو من صديق, فإذا لحقته كان أحب إليه من الدنيا وما فيها﴾ وەباشترین بەخشینی زیندوانیش بۆ مردوان, دوعایە, داوای لێخۆشبونە,خێرو چاکەکردنە بۆیان. وەپێشەوا حەنەفیش دەفەرموێ: دەتوانی لە جیاتی نوێژی فەوتاوی مردوو (فیدیە) بدەیت, وەك: فیدیەی ڕۆژو سوێند. وەپێشەوا شافعی و زۆرێك لەزانایانی ئەو مەزهەبە, دەڵێن: وەلی کەسی مردو یان هەرکەسێکی تر دەتوانن خواردن وەك فیدیە بدات لەجیاتی هەر پێنج نوێژە فەوتاوەکانی مردوو, کەواتە وەك چۆن ڕۆژو قەزا دەکرێتەوە, بۆ نوێژەکانیش ئەوانەی فەوتاون دروستە بۆی قەزابکرێتەوە. یان فیدیەیان بۆ بدرێ.

بەلأم (فیدیەو کەفارەت)لای شافعیەکان, هەر دەبێ گەنم, یان خواردن بێ, واتە پارە دروست نییە. بەلأم لای حەنەفیەکان وەك خواردن دروستە, پارەش هەر دروستە لە جیاتی (فیدیەو کەفارەت) جا نوێژ بێ یان ڕۆژو بێ, یان حەج و عەمرە بێ. بۆیە زۆرێك لە خەڵکی لەبری کەفارەتەکانی: نوێژو, ڕۆژو, سوێندی بەدرۆ, خۆیان تەقلیدی مەزهەبی پێشەوا حەنەفی دەکەن, کە پارە لە جیاتی خواردن بدەن. هەتا لە کردنی (إسقاتیش) لە جیاتی نوێژو ڕۆژوی فەوتاوی کەسە مردوەکە, هەر خۆیان تەقلیدی پێشەوا حەنەفی دەکەن, کەلەبری هەموو کەفارەتەکان, لەجیاتی گەنم بە پارە ئیسقاتەکەی دەکەن..



حوکمی دەرکردنی زەکاتی سەرفیترە بە پارە

پ.ی.د. حسن محمد إبراهيم
ئەندامی ئەنجومەنی باڵای فەتوا

یەکێك لەو بابەتانەی کە لەرۆژگاری ئەمڕۆماندا و بەتایبەتیش هەموو ساڵێك لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا پرسیاری زۆر لە بارەیەوە دەکرێت بابەتی دروستی دەرکردنی پارەیە لە بری گەنم و دانەوێڵە.. لە زەکاتی سەر فیترە، ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە بەڵگەکانی ئەم بابەتە جۆراو جۆر و جیاوازن و بەرامبەر یەك ڕادەوەستنەوە (متعارج) بۆیە جیاوازی لەم بابەتەدا لەنێوان سەلەف و هەر چوار مەزهەبە موعتەبەرەکەی ئیسلامدا دروست بووەو زانایان لەم بابەتەدا بوون بەدوو بەشەوە:

بەشی یەکەم: پێیان دروست نییە سەرفیترە بە پارە بدرێتە هەژاران ئەمش ڕای هەرسێ مەزهەبەکە(مالیکی و شافیعی حەنبەلیەکان)ە .

بەشی دووهەم: رای پێشەوا ئیمامی ئەبوو حەنیفەو هاوەڵانیەتی وئەم ڕایە ڕیوایەت کراوە لە عومەری کوڕخەتتاب[1] ولەتابعیەکان: سوفیانی سەوری[2] وعەتا [3]، والحسن البصری[4]، وخەلیفە عومەری کوڕی عبدالعزیز[5]، وڕای ئیمام بخاری[6] وئیبن موعین[7]و ئیسحاقی کوڕی راهەویە [8]و کۆمەڵێکیش لە مالیکیەکان ئیبن حەبیب، و ئەصبوغ، وئیبن أبی حازم، و ئیبن دینار، وئیبن وهب [9] ڕایان وەهایە، وە ئەوە ڕیەکیشە لە مەزهەبی حەنبەلیەکان و ئیبن تەیمییە هەڵیبژاردووە بەڵام بەمەرجی پێویستی و قازانج [10]وە ئیمام شهاب الدین ئەحمدی ڕەملی فتوای داوە بە شوێنکەوتنی حەنەفیەکان لەم بابەتەدا [11]. ڕەحمەتی خودا لەهەموویان بێت.

وە زوربەی ناوەند و کۆربەندو لێژنە فەتواکانی جیهانی ئیسلامیش لەم سەردەمەدا هەر لە بەر ئەو مەبەستانەی لەسەرەوە باس کران و بە پێی چەندین بەڵگەی دروست ئەو ڕایەیان بە پەسەند داناوە بۆ ڕۆژگاری ئیمڕۆمان، ئەو ناوەندانەش وەك: ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە هەرێمی کوردستان وخانەی فەتوای میسرو مەجلیسی فەتوای ئەوروپی و مەجمەعی فیقهی ئیسلامی لە سودان و دەستەی ڕاسپێردراو بۆ فەتوا لە مەغریب، و خانەی فەتوای ئەردەن و لەم دواییا نەش هەندێك لە زانایانی سعودیە: [12]

جا چونکە لەمەزهەبی ئیمامی شافیعیدا کە مەزهەبی زۆرینەی خەڵکی کوردستانە ڕێگەنەدراوە بە دەرکردنی سەرفیترە پارە، هەر لە دێر زەمانەوە کەڵە زاناکانمان فەتوایان بۆ موسڵمانان داوە کە دروستە زەکاتی سەرفیترەکانیان بە پارە بدەن بە هەژاران و لەم بابەتەدا خۆیان تەقلیدی مەزهەبی ئیمامی ئەبو حەنیفە بکەن، لە بەر ئەوەی ژیان و گوزەرانی خەڵك گۆڕاوە و هەژاران سود لەو جۆرە خواردەمەنیانە وەرناگرن کە دیاری کراوە لە هەندێك لە دەقەکانداو، لەبەر چەندین بەڵگەی دیکەش کە ڕونیان دەکەینەوە ان شاو الله .

وە خەڵکی کوردستانیش هەر لەدێر زەمانەوە بەگوێی ئەو زانایانەیان کردووە و هیچ جیاوازیەك نەبووە لەم بارەیەوە، بەڵام بەداخەوە لە ئێستادا دەبینین خەریکە جیاوازی لەناو موسڵمانانداروست دەبێتەوە لەم بابەتەدا و بگرە بێ ڕێزیش دەکرێت بەو فەتوا و ڕایەی کە بە دروستی دەزانێت زەکاتی سەرفیترە بە پارە بدرێتە هەژاران .

بەڵگەکان :

بەڵگەی یەکەم: ئەصل لە صەدەقە و خێر کردندا ئەوەیە کە بە مالّ بکرێت ئەوەتا خوای گەورە دەفەرموێت: (خذ من أموالهم صدقة تطهرهم وتزكيهم بها) (التوبة : 103) مالّیش وەك ئیبن الأثیر پێناسەی دەکات : ((مال لە ئەصڵدا ئەو زێڕو زیوەیە کە مرۆڤ پەیدای دەکات و دەیکاتە مولکی خۆی ، وە دواتر بەکارهاتووە بۆ هەر شتێکی دیکەی لەو شتانەی خەڵك هەڵیدەگرن و دەیکەن مولکی خۆیان لەغەیری زێڕو زیو))، کەواتە: تەنها ئەو خواردەمەنیانەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم لە فەرموودەکەا دیاری کردووەن (خورما ، جۆ ، مێوژ ....) بە مالّ ناژمێردرێن و پارەش هەر مالّە و بگرە گرینگتریشە، بەڵام لە بەر ئەوەی خەڵك لە

سەردەمی پێغەمبەردا صلى الله عليه وسلم بە زۆری ئەو خواردەمەنیانەیان لە بەردەستابووە و بەکاریان هێناوە، و پارە زۆر بەکەمی بەکار هاتووەن بۆیە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمانی کردووە لەو جۆرە خواردەمەنیانە زەکاتی سەر فیترە بدەن.

بەڵگەی دووەم : وەرگرتنی بەهاو قیمەت لە زەکاتدا بە گشتی لە سەردەمی پێغەمبەردا صلى الله عليه وسلم هەبووە، وبەڵگەی زۆریش هەیە بۆ ئەم بابەتە لە وانە:

"خەڵکی کوردستانیش هەر لەدێر زەمانەوە بەگوێی ئەو زانایانەیان کردووە و هیچ جیاوازیەك نەبووە لەم بارەیەوە، بەڵام بەداخەوە لە ئێستادا دەبینین خەریکە جیاوازی لەناو موسڵمانانداروست دەبێتەوە لەم بابەتەدا و بگرە بێ ڕێزیش دەکرێت بەو فەتوا و ڕایەی کە بە دروستی دەزانێت زەکاتی سەرفیترە بە پارە بدرێتە هەژاران"

أ- ئیمامی بوخاری ڕیوایەت دەکات لە مەعازی کوڕی جەبەلەوە کە کاتێك ناردی بۆ یەمەن بە خەڵکی یەمەنی ووت کەلوپەلم بۆ بهێنن جا قوماشی نەدرواو بێت یان درواو بێت لە جیاتی زەکاتی جۆو دانەوێلە ئەوە ئاسانترە بۆ ئێوە و باشترە بۆ هاوەڵانی پێغەمبەریش لە مەدینە[13]. وە پێغەمبەری خواش صلى الله عليه وسلم ڕازی بووە بەم کارەی مەعاز کە لەجیاتی زەکات کەل و پەلی وەرگرت و بەهایەکەی ڕەچاو کرد.

کەواتە:

- بەڕەچاوکردنی بەهاکان دروستە گۆڕانکاری لە جۆری ئەو شتانەدا بکرێت کە زەکاتدا وەردەگیرێن .
- تێڕوانینی هاوەڵان بۆ دەقەکان فراوانتر بووە لەوەی کە مەبەست لە دیاری کردنی جۆرەکان لە زەکاتدا تەنها ئەو جۆرانەبن کە دیاری کراون لە فەرموودەکاندا، بەڵکو هەر شتێك قازانج بە هەژاران بگەینێ بەڕەچاو کردنی قیمەت پێیان دروست بووە وەری بگرن بۆ زەکات.
- هەر لەبەر ئەوەشە ئیمامی بوخاری ئەم ڕایەی هەڵبژاردووە وە کردویەتی بە باسێکی سەربەخۆ لە صەحیحەکەیدا، ئەمەش وەك ابن حجر دەقەرموێت (وافق البخاری في هذه المسألة الحنيفة مع كثرة مخالفته لهم، ولكن قاده إلى ذلك الدليل)[14].

ب- هەروا پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم لە زەکاتی (حوشتر) دا تا دەگاتە 25 حوشتر هەر (مەر)ی واجب کردوە، خۆ (مەر) جۆرێکی جیاوازە لە (حوشتر)، کەواتە دیارە ڕەچاو قیمەتی شتەکان دروستە ئەوجۆرانەی زەکاتیان تیادا دروستە بگۆڕدرێن [15].

ج- هەروەها جارێکیان لە ناو وشترەکانی زەکات دا کە وەرگیرابوون پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم حوشترێکی بە قیمەت و گران بەهای بینی تورە بوو لە بەر ئەوەی هەمیشە فەرمانی دەکرد کە ماڵە بە قیمەت و گران بەهاکانی خەلك مەستێنن بە زۆر لە خەڵکی لە کاتی کۆکردنەوەی زەکات، وە پرسی: بۆ ئەمەتان وەرگرتوە، ساعیەکە وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئەو وشترە بە قیمەتەم بە ڕەزامەندی خاوەنەکەی لە جیاتی دوو حوشتر وەرگرتووە، ئینجا پێغەمبەر دەنگی نەکرد.

کەواتە: ئەم هاوەڵە بەڕێزە ڕەچاوی قیمەتەکەی کرد، بۆیە دروستە لە هەموو شتێکدا بە ڕەچاو کردنی قیمەت جۆرەکانی بگۆڕدرێن.

د- هەروەها ئیمامی بوخاری ڕیوایەت دەکا لە ئەبوهورەیرە وە دەفەرموێت: بێغەمبەر فەرمانی کرد کە زەکات کۆبکرێتەوە، پێیان ڕاگەیاند کەسێ کەس زەکاتەکانیان نادەن یەکێکیان خالد بوو پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی (أما خالداً فإنكم تظلمون خالدا، فقد احتبس أدراعه واعتده في سبيل الله)[16]، مانای فەرموودەکە: بەڵام ئیوە زولم لە خالید دەکەن چونکە ئەو مەتال و کەلوپەلە جەنگیەکەی خۆی لە پێناو خودا و جیهاد دا داناوە بۆیە زەکاتی لەسەر نیە .

کەواتە: ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین بۆمان دەردەکەوێت کە پێغەمبەری خوا ڕێگەی داوە خالید لە جیاتی مەرو بزن و دانەوێلە ببەخشێت بە زەکات کەلوپەلەکانی ڕاگیر بکات و دابنێت بۆ ئەوەی بەکار بهێنرێت لە جیهاد دا.

هـ - چەندین بەڵگەی تریش هەیە کە دەیسەلمێنن کە لە سەردەمی پێغەمبەر دا گۆڕانکاری لە جۆری شتەکاندا کراوە بۆ زەکات بە ڕەچاوکردنی نرخ.

لەوانەیە کەسێك بڵێ ئەمانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی دروستە لە زەکاتی ماڵدا گۆڕانکاری بکرێت، بەڵام نابێتە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە دروست بێت لە زەکاتی سەرفیترە گۆڕانکاری لەو خواردەمەنیانە دا بکرێت کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دیاری کردوە، دەڵێین: نەخێر وانیە وەك زانایان دەفەرموون ئەگەر لەزەکاتی ماڵدا گۆڕانکاری دروست بێت ئەوا بە ئەولاتر دروستە لە زەکاتی سەردا- کەسەرفیترەیە- گۆڕانکاری بکرێت، چونکە لە هەندێ ڕیوایەتدا سەرفیترە بە زەکاتی سەر ناوبراوە[17].

بەڵگەی سێیەم: وەرگرتنی پارە بۆ سەرفیترە لە سەلەفەوە -هاوەڵان و شوێنکەوتوان و شوێنکەوتوانی شوێنکەوتوان- ڕیوارەت کرواە لەوانە:

1- ئیبن و ئەبی شەیبە لە ئەبو ئیسحاقی سەبیعی ریوایەتی کردووە- کە یەکێکە لە گەورە شوێنکەوتوان- دەفەرموێ: بە خزمەت هاوەلانی

پێغەمبەر گەیشتووم کە درهەمیان دەدا بە هەژاران لە جیاتی سەرفیترەی ڕەمەزان بە گوێرەی بەهای خواردەمەنی[18].

2- هەر ئیبن و ئەبی شەیبە لە حەسەنی بەسریەوە ڕیوایەت دەکات و دەفەرمویت ئاساییە درهەم بدری لە جیاتی سەفیترە[19].

3- هەروەها لە ئیبن و عەون ریوایەت دەکا و دەفەرموێ: ئیبن و عەون دەفەرموێ نوسروای عومەری کوری عبدالعزیزم گوێ لێبوو کە نوسیبوی بۆ والی بەسرا، فەرمانی پێکرد بوو لە جیاتی سەرفیترە پارە بگێڕێتەوە لە موچە و معاشی خەلك[20].

کەواتە بە پێی ئەم ڕیوایەتانەی ئاماژەمان پێ دان، دیارە لە سەردەمی هاوەڵان و تابیعین دا زەکاتی سەرفیترە بە پارە دراوە هیچ ڕێگریەك نەبوە، بەتایبەتی لە سەردەمی عومەری کوری عبدالعزیز دا وە نەشبیستراوە کە کەس ڕێگری کرد بێ یان نارەزایی بوبێت لەم کارەی عومەری کوری عبدالعزیز .

بەڵگەی چوارەم : لە صحیحی بوخاری ریوایەت کراوە لە کۆمەڵێکی زۆر لە هاوەلانی پێغەمبەر ڕەزای خوایان لێبێت کە نیو صاع گەنمیان لە جیاتی صاعێکی تەواو لە غەیری گەنم وەك جۆ و قەسپ و مێوژ بۆ سەرفیترە بەخشیوە بە هەژاران[21].

لەو هاوەڵانە: هەر چوار خەلیفەکە و عبدالله ی کوری زوبێرو ئەسمای کچی ئەبوبەکرو ئەبو هورەیرە و ئوبەی کوری کعب و ئیبن و عەباس[22]ڕەزای خوایان لێبێت، و نەشزاندراوە کەس ڕەخنەی هەبوو بێ لەم کارە و پێچەوانەویان جولا بێتەوە، جگە لە ئەبو سەعیدی خدری ڕەزای خودای لێبێت.

کەواتە: ئەو جۆرە خواردەمەنیانەی کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دیاری کردوون بۆ سەرفیترە خودی توخمەکانی مەبەست نیە، بەڵکو هەر شتێك مەبەست و مانای زەکاتی سەرفیترە بهێنیتە دی کە بریتیە لە پر کردنەوەی کەم و کورتی و پێداویستی هەژاران و بێ نیاز کردنیان لە ڕۆژی جەژن دا، ئەوە دروستە ببەخشرێت چونکە ئەوە مەبەستی پێغەمبەر بووە، ئەگەر نا بۆچی هاوەلان جۆرەکەیان گۆڕی، پاشان ئەندازەکەشیان لە صاعێکەوە کردە نیو صاع؟؟! دیارە لە بەر ئەوەی گەنم نرخەکەی گرانترە لەو جۆرە خواردنانەو، بەسود تریشە بۆ هەژاران لەخواردنەکانی دیکە لەو ڕۆژگارەدا. کەواتە: هاوەڵان نرخیان ڕەچاو کرد لە سەرفیترە دا چونکە ئەگەر ڕەچاوی نرخیان نەکردبا، دەبوایە صاعێکی تەواو وەربگرن یا ببەخشن.

بەڵگەی پێنجەم : ئیمامی موسلیم لە ئەبو سەعید خودری ریوایەت دەکات دەفەرموێ: ئێمە زەکاتی سەرفیترەمان دەبەخشی کاتێك کە پێغەمبەری خوا لە ناومان بوو لە بری هەر بچوك و گەورە وئازاد بەندەیەك صاعیك لە خواردەمەنی، یان صاعێك لە کەشك، یان صاعێك لە جۆ یان صاعێك لە قەسپ، یان صاعێك لە مێوژ، هەر بەم شێوەیە زەکاتی سەرفیترە مان دەدا تا ئەو کاتەی معاویەی کوری ئەبو سوفیان هات بۆ لامان بۆ حەج یا بۆ عومرە کردن قسەی لەگەڵ خەڵکی کرد جا لەو شتانەی لەگەڵ خەڵکی باسی کرد ئەمە بوو وتی: "من پێم وایە دوو مشت لەگەنمی شامی بەرامبەرە بە صاعێك لە خورماو.." ئیتر خەلکی بەو شێوەیە زەکاتی سەرفیترەکانیان دەرکرد و پابەند بوون بە قسەی معاویە[23].

کەواتە: هاوەلان رازی بوون چوار مشت کە ساعێکە بکرێتە دوو مشت و جۆری خواردەمەنیەکەش بگۆڕدرێت چونکە تێگەیشتونە لەوە کە ئەو جۆرە خواردەمەنیانەی کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دیاری کردوون مەبەست جۆری ئەو خواردنانە نین، بەڵکو مەبەست تێرکردن و بێ نیاز کردنی هەژارانە بەو جۆرە خواردنانە، بۆیەش ئەو جۆرانەی دیاری کردوون، چونکە ئەو وەختە ئەو جۆرە خواردەمەنیانە خوردنی سەرەکی بوونو ئاسان هاتونەتە بەر دەست.

بەڵگەی شەشەم : ڕیوایەت کراوە لە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ (أغنوهم في هذا اليوم)[24] لە ڕیوایەتێکی دیکەدا (أغنوهم عن الطوف في هذا اليوم) [25] مانای: بێ نیازیان بکەن لەم ڕۆژەدا لە گەران بۆ دەست خستنی خواردەمەنی، هەرچەندە ئەم فەرموودەیە سەنەدەکەی زەعیفە وەك ئیمامی ئیبن و حەجەرو زەیلەعی دەفەرموون [26]، بەڵام ئەوەی لێی وەردەگرین ماناو مەبەستە لە زەکاتی سەرفیترە ئەو مانایەش لەکۆی ئایەتەکان و فەرمایشتەکانی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم زۆر ڕوون و دیارە، کەواتە: مەبەستی سەرەکی لە تەشریعی ئەم فەریزەیە بێ نیاز کردنی هەژارانە لە گەڕان بەدوای خواردندا و پارانەوە لە خەلك لەڕۆژی جەژندا، ئایا لە هەندێ کات و شوێندا بە تایبەتی ئێستا ئەو جۆرە خواردەمەنیانە هەژاران بێ نیاز دەکەن ؟!، نەخێر، بەڵام قیمەت و پارە زۆر ڕوونە دەتوانێت پێویستیەکانی ڕۆژی جەژنی پێ

دابین بکرێت ئەگەر بەردەست و بەر بلاو بێت وەك لەسەردەمی ئێمەدا وەهایە.

وە هەندێك لەو زانایانەی کە پێیان وایە دروست نیە سەرفیترە بە پارە بدرێت پێیان وایە دروستە گۆڕانکاری لە جۆری ئەو خواردنانەدا بکرێت کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دیاری کردوون بەپێی کات و شوێن و پێیان وایە هەرخواردەمەنیەك کە قوتی زۆرینە بێت دروستە لەجیاتی ئەو خواردەمەنیانە بدرێت کە لە فەرموودەکاندا دیاری کراوە، بەڵام لەکاتی لێوردبوونەوە دەبینین کە هیچ بەڵگەیەکیان نیە تەنها بەڵگەی قازانج (مصلحه) نەبێت، چونکە قوتی زۆرینە لەقازانجی هەژاراندایە ، جائەگەر دروست بێت گۆڕانکاری بکرێت لەو جۆرانەدا کەواتە دروستیشە پارە و قیمەت بدرێت لەهەر کات و شوینێکدا قازانجی فەقیر لەودا بەدیدەهات .

بەڵگەی حەوتەم: ڕەچاو کردنی مەبەستەکان لە پێشترە لە ڕەچاو کردنی هۆکاری هێنانەدی ئەو مەبەستانە وەك لە زانستی (مقاصد الشريعه) رون کراوەتەوە[27] وە هەر کاتێك هۆکارەکان (وسائل) مەبەستەکانیان پێ نەهاتەدی یان بە هۆکاری ئاسانترو نزیکتر مەبەستەکە دەهاتە دی ئەوە ئەو هۆکارانە (وسائل) لە هۆکاری دەکەون یان دەکرێ بگۆردرێن، کەواتە لێرە هۆکارەکانی (گەنم و جۆ) هێنانەدی مەبەست لە تەشریعی سەرفیترە – کە بێ نیاز کردنی هەژارانە- زۆر بە لاوازی دەهێننە دی و زەیقەت و نارەحەتیش دروست دەبێت لە کاتی بەکار هێنانی ئەو هۆکارانە، وە هۆکاری زۆر ئاسانتر و کاریگەر تر هەیە بۆ بە دیهێنانی ئەو مەبەستە کە پارەیە ، لە ڕۆژگاری ئیمرۆماندا کەواتە : بکرێت بە پارە باشترە . واللە أعلم

سەرچاوەکان:

1- بڕوانە: مصنف ابن أبی شیبه (404/2).
2- بڕوانە: المغنی لابن قدامه(87/3).
3- بڕوانە: مصنف ابن أبی شیبه (404/2).
4- بڕوانە: مصنف ابن أبی شیبه (398/2).
5- بڕوانە: مصنف ابن أبی شیبه (398/2).
6- وە ئیمامی بوخاری بابێکی سەربەخۆی بۆ ئەم بابەتە لە صەحیحەکەیدا (116/2)داناوە بەناوی (باب العرج فی الزکاه) وەکۆمەڵێك فەرمودەو ئەسەری تیادا ڕیوایەت کردووە کە إن شل و الله له شوینی خۆیدا باسیان دەکەین وەئیین حەجەر لە کتێبی فتح الباری (312/3) دا دەفەرموێ ابن رشید فەرموویەتی: "بوخاری لەم مەسەلەیەدا رای حەنەفیەکانی هەڵبژاردووە لەگەڵ ئەوەی زۆر جار جیاوازە لەگەڵیان بەڵام لێرەدابەڵگە پاڵی پێوە ناوە" .
7- بڕوانە: تأریخ ابن معین (20/2).
8- مسائل الإمام أحمد بن حنبل وإسحاق بن راهویه(1150/3).
9- تحقیق الآمال فی تخریج زکاه الفگر بالمال (ص: 46).
10- بڕوانە: مجموع الفتاوی (79/25).
11- بڕوانە: فتاوی الرملی (55/2-56)
12- موقع اتحاد علماء الدین الإسلامی فی کوردستان، قسم الفتوی (http://www.zanayan.org) ودار الافتاء بمصر والمجلس الاوروبی للإفتاو والبحوث www.e-cfr.org/category / القسم: قرارات المجلس، والمجمع الفقه الاسلامي بالسودان(ینظر: موقع مجمع الفقه الاسلامي بالسودان قسم فتوی العبادات فتوی حکم إخراج زکاة الفطر نقدا.. http://aoif.gov.sd/au/). والهیأة العلمیة المکلفة بالإفتاء في المغرب(ینظر: موقع وزارة الاوقاف المغربیة http://www.habous.gov.ma قسم المجلس العلمی الاعلی تاریخ نشر الفتوی الجمعه 10 یولیوز 2015)، دار الافتاء في الأردن وعلماو السعودیه https://www.elwatannews.com/news/details/6069169 https://www.aliftaa.jo/Question.aspx?QuestionId=hBzIU2.YpuCd#2272 https://www.youtube.com/watch?v=GMM6hrb9Mu5.
13- ئەم فەرموودەیە ئیمامی بوخاری لە کتاب الزکاه باب العرج فی الزکاه (116/2) ڕیوایەتی کردووە .
14- فتح الباری 3-312
15- بروانە: المبسوط 2-156-157
16- ئیمامی بوخاری ڕیوایەتی کردووە 2\122 بە ژمارە:(1468)
17- بروانە: مصنف ابن ابي شیبة 2-391
18- المعجم الاوسط للطبراني 2-135
19- مصنف ابن ابي شیبة 2-318 رقم 10370
20- مصنف ابن أبي شیبة، 1409هـ: 404/2
21- بەڵکو فەرمان نیو صاع لە پیغەمبەر ڕیوایەت کراوە
22- بۆ زانینی ئەم ڕیوایەتانە حوکم لەسەریان بروانە الدرایه فی تخریج الاحادیث الهدایه 1-271-273 ونصب الرایه 2-419-427
23- ئیمامی موسلیم ڕیوایەتی کردووە 20678 بەژمارە 985 .
24- رواه الدارقطني (114/2) برقم: (2133)
25- رواه البیهقي (7739)
26- بڕوانە : فتح الباری (375/3) ونصب الرایة (432/2)
27- بروانە: الموافقات (353/2)

کاریگەری
خوا پەرستی بێخەوش لەسەر ژیانی مرۆڤ

نووسینی: د. عبدالله وەرتی
وتەبێژی بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان

خواپەرستی بێخەوش و دوور لە ڕیابازی و تەنها بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خودا دەبێتە هۆی پەروەردە و ڕاهێنانی دەروونی تاک، دەبێتە هۆی بەخشینی هێزی بەرەنگاربوونەوە بەرانبەر سەرشێتی و ئارەزوە ئاژەڵیەکان گەر لە ناخ و ڕەوشتی هەر کەسێکدا هەبێت, وە لە هەمان کاتیشدا مرۆڤ ئاسوودە و ئارام دەکات و گوشادی دەروونی پێدەبەخشێت و دەبێتە مایەی وەرە و خۆڕاگری لە هەمبەر تەنگژە و گیروگرفت و ئاریشەکانی ژیان.

نوێژ یەکێکە لە گرنگترین پەرستشەکان، خودای تعالی بەپێویستی داناوە لەسەر تاکی موسوڵمان، کە دەبێتە مایەی پاڕێزگاری دەروونی و سلوکی مرۆڤی موسوڵمان بۆ ئەوەی لە ڕێڕەوە ڕاستەقینەکانی ژیان دەرنەچێت, لەم بارەیەوە خودای گەورە دەفەرموێت: (إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ)، العنكبوت: 45.

هەردوو ووشە (الْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ)، بریتین لەو دیاردە کۆمەڵایەتیە ناپەسەندانەی شیرازەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی موسوڵمانان لەبەر یەک هەڵدەوەشێنێت (درۆ– شەڕوالێپیسی – دووڕوویی – غەیبەت – بۆختان – حەرامخواردن – هەرشتێک کە شەرع بە گوناهو تاوانی دانابێت).

خواپەرستی ڕاستەقینە کاریگەری دروست دەکات لەسەر بونیاتنانی کەسایەتی مرۆڤی موسوڵمان لە ڕووی ڕوالەت و ئەخلاقی کۆمەڵایەتی و دەروونیەوە.

بابای خواپەرست هەمیشە خودا بە چاودێر لەسەر خۆی دەزانێت و ویژدانی هەردەم زیندوو بە ئاگایە، ئەو پەرستشانەی کە ئەنجامی دەدات دەبنە پاڕێزەری شوناسی کەسایەتی و مەعنەوی و ماددی تاکی موسوڵمان.

ئەگەر فەرموودەیەکی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) بەنموونە وەرگرین کە ئەنەسی کوری مالك (ڕەزای خوای لێبێت) بۆمان دەگێڕێتەوەو دەڵێت: من لای پێغەمبەری خوابووم (درودی خوای لەسەر بێت) پیاوێک هات بۆ لای و گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا (درودی خوای لەسەر بێت) تووشی تاوانێک بوومە و پێویستە حەددم لێدەربکەی, بێئەوەی پیاوەکە ئاماژەی بەجۆری تاوانەکەی کردبێت. ئەنەس دەڵێت: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) هیچ پرسیارێکی لەوە نەکرد کە پیاوەکە چ جۆرە تاوانێکی ئەنجامداوە, پاشان لەگەڵ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) نوێژەکەی کردوو دوای ئەوە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) نوێژەکەی تەواو کرد کە هەڵسایەوەو بەرەو لای پێغەمبەر ڕۆیشت و گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا تووشی تاوانێک بوومە و بەپێی کیتابی خودا حەددی ئەم تاوانەم لەسەر لابە", پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: مەگەر نوێژت لەگەڵ ئێمەدا نەکرد, پیاوەکەش گوتی: بەڵێ. پێغەمبەریش لە وەڵامدا فەرمووی: (فإنَّ اللَّهَ قدْ غَفَرَ لكَ ذَنْبَكَ. أوْ قَالَ: حَدَّكَ).

واتە: خودای گەورە لە گوناهەکەت خۆشبوو یان ئەو حەددەی لەسەر تۆ بوو لەسەرت لاچوو). بوخاری بە ژمارە (6/8/6823) وە موسلیمیش بە ژمارە (102/8/7106) ڕیوایەتیان کردووە.

ئەم ڕووداوە پەیامێکی گرنگە کە عیبادەت و خواپەرستی ڕەنگدانەوەی گەورەی دەبێت لەسەر پاکبوونەوەی مرۆڤ لە ژەنگی گوناە و تاوان و کەوتنەسەر ڕێگەی ڕاست و دۆزینەوەی هەڵی ڕزگاربوون لە گومان و دڵەڕاوکێی دەروونی.

لەم بارەیەوە وێنایەکی جوانترمان بۆ دەنەخشێنێت لەم ئایاتە پیرۆزەدا کە دەفەموێ﴿ وَأَقِمِ الصَّلَاةَ طَرَفَيِ النَّهَارِ وَزُلَفًا مِّنَ اللَّيْلِ إِنَّ الْحَسَنَاتِ يُذْهِبْنَ السَّيِّئَاتِ ذَٰلِكَ ذِكْرَىٰ لِلذَّاكِرِينَ﴾ هود: **114.**

خودای گەورە موژدەی خۆش دەبەخشێ بە تاکی موسوڵمان ئەگەر وەک پێویست نوێژەکانی لە کاتی خۆی ئەنجامبدات, دەبێتە هۆی لاچوونی خواروخێچیەکانی و جێگیربوونی پایەکانی ئیمان لە ژیان و دەروونیدا.

> **"هەموو ئەو پەرستش و عیبادەتانەی کە لە شەریعەتی ئیسلامدا واجب کراون لەسەر موسوڵمانان بە ئامانجی پاک ڕاگرتنی ناخ و دەروون و خودی مرۆڤ خۆیەتی"**

ئەبی هورەیرە (خودا لێی رازی بێت) دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو (درودی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: (ئەگەر رووبارێك لەپێش دەرگای ماڵی یەکێك لە ئێوەدا بڕوات و ڕۆژانە 5 جار خۆی تێدا بشوات, ئایا هیچ چڵك و پیسیەك لەسەر لاشەی دەمێنێت؟, ئینجا فەرمووی ئەوە نموونەی ئەنجامدانی 5 نوێژەکەیە کە بە هۆی ئەنجادانیانەوە خودای گەورە لەگوناهو تاوانەکانی خۆش دەبێت). بوخاری بە ژمارە (528), وە موسلیم بە ژمارە (667) هێناویانە.

هەر کارو کردەوەیەکی پەرستشی کاریگەری ڕاستەوخۆ دروست دەکات لەسەر پڕۆسەی چاکسازی و تەندروستی دەروونی و ئەخلاقی و لاشەی مرۆڤی بڕوادار, هەر جۆرە عیبادەتێك لە عیبادەتە بنچینەییەکانی ئیسلام (ڕۆژوو – نوێژ – حەج کردن – جیهاد و تێکۆشان) کاردانەوەی ئیجابی هەیە لەسەر چاکسازی لە تاکی موسوڵماندا، سەرەڕای دروستکردنی کاریگەری لەسەر سیستەمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی موسوڵمان, هەموو ئەو پەرستش و عیبادەتانەی کە لە شەریعەتی ئیسلامدا واجب کراون لەسەر موسوڵمانان بە ئامانجی پاك ڕاگرتنی ناخ و دەروون و خودی مرۆڤ خۆیەتی, هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا گەشەپێدانی گیان و ئیرادەی تاك و چالاککردنیەتی لە گۆڕەپانی ژیاندا.

عیبادەت خواستێکی سروشتی و کۆمەڵایەتی هەر مرۆڤێکە, چونکە گرنگە هاوسەنگی هەبێت لەنێوان ڕوح و جەستەدا, ئەمەش تەنها خواپەرستیەکی پاك و ڕاستەقینە دەتوانێ بەدەیبهێنێت.

هەموو ئەوانەی کە ئاماژەمان پێدا لەنێوەڕۆکی ئەو ئایەتە پیرۆزەدا بەرجەستە دەبێت, کە خودای گەورە دەفەرموێت ﴿وَٱبْتَغِ فِيمَآ ءَاتَىٰكَ ٱللَّهُ ٱلدَّارَ ٱلْآخِرَةَ وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ ٱلدُّنْيَا وَأَحْسِن كَمَآ أَحْسَنَ ٱللَّهُ إِلَيْكَ وَلَا تَبْغِ ٱلْفَسَادَ فِى ٱلْأَرْضِ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْمُفْسِدِينَ﴾ القصص: 77.

لەپەیامێکی تری قورئانی پیرۆزدا زۆر بە ڕاشکاوی ئاماژە بە ڕۆڵ و کاریگەری عیبادەت کراوە لەسەر ژیانی مرۆڤی خواپەرست, خودای گەورە دەفەرموێت ﴿لَن يَنَالَ ٱللَّهَ لُحُومُهَا وَلَا دِمَآؤُهَا وَلَٰكِن يَنَالُهُ ٱلتَّقْوَىٰ مِنكُمْ﴾ الحج : 37.

دەبێ بابای ئیماندار ئەو ڕاستیە بزانێ هەر کردەوەیەك کە ئەنجامی دەدات مەبەست و ئامانجی دیاریکراو ڕەچاو بکات, نەك داب و نەریت و کلتوری دەوروبەر, دوور لە بنچینەی خواپەرستی ڕاستەقینە.

ئەگەر وردتر بۆ بابەتەکە بڕوانین لەوە تێدەگەین کە خودای گەورە عیبادەتەکانی واجب کردووە لەسەر مرۆڤ سەرەڕای سەلماندنی بەندایەتیان بۆ خودا لەپێناو جوانکردنی ژیان و بەرهەمهێنانی کەسی بەسوود و چالاك بۆ کۆمەڵگە.

> **"پابەندی تاکی موسوڵمان بەدروشم و هەموو بەشەکانی تری عیبادەتەوە ئاماژەیە بۆ شانازی و گەورەیی دین بە پیادەکردنی هێزی یاسایی ئەخلاقی کە مرۆڤی موسوڵمان هەمیشە پابەندە پێیەوە, سەرپێچی لێناکات"**

سەرقاڵبوون بە عیبادەتەکانەوە خاوەنەکەی دوور دەخاتەوە لە ڕێبازی شەڕخوازی و ئاژاوەگێڕی و نەهامەتیەکان, لەهەمان کاتیشدا ئومێدو هیوایەکی زیاتری پێدەبەخشێت بۆ ژیان و ئاوەدانی لەسەر زەوی, مرۆڤی بڕوادار توانای بەهێزتری دەروونی و جەستەیی هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئاریشە و ناخۆشیەکانی ژیان, پابەندی تاکی موسوڵمان بەدروشم و هەموو بەشەکانی تری عیبادەتەوە ئاماژەیە بۆ شانازی و گەورەیی دین بەپیادەکردنی هێزی یاسایی ئەخلاقی کە مرۆڤی موسوڵمان هەمیشە پابەندە پێیەوە, سەرپێچی لێناکات.

خواپەرستی گرێبەستێکی پیرۆزە خوای گەورە لەگەڵ بەندەکانی خۆی ئەنجامی دەدات, کە دەبێ بەندەکانی خودا بە ئاشکراو بێ پێچ و پەنا بەندایەتی خۆیان لەبەر چاوی خەڵک ئاشکرا بکەن, وە بە شانازییەوە دروشمی پەرستشیەکانی خۆیان بەرز ڕابگرن, هەندێ لە عیبادەتەکان باشترە لەنێوان خۆت و خودا بێت, هەندێکی تریشی پێویستە بە ئاشکرا بێت, بۆ ئەوەی ببێتە وێستگەی گۆڕانکاری لە ناخ و هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان و بەهێزبوونی بیروباوەڕیان, لەلایەکی تریشەوە بوون بەسەر مەشق و نموونەی بەرجەستە و باش بۆ دەوروبەر.

نوێژی بە کۆمەڵ و بەڕۆژووبوون لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزان و بەشداری لە کۆنگرەی نێودەوڵەتی سالانەی حەج, ئامانجێکی ئەساسی لێی بریتیە لە هەستکردن بە وجودێکی کاریگەر لەنێوبەرەی ئادەمیزاددا.

لەم ئایەتە پیرۆزەدا شاکاری کاریگەرییەکانی خوداپەرستی و ڕەنگدانەوەی گەورە دەردەخات کە هەردوو دیوی پەنهایی و ئاشکرایی عبودیەتە بۆ خودا نمایشکراوە, خودای تعالی دەفەرموێ: ﴿وَأَنفَقُواْ مِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ سِرًّا وَعَلَانِيَةً﴾ فاطر: 29.

وە ئەگەر نموونەیەکی تر وەربگرین بە باشتر ئەم بابەتەمان بۆ

"عیبادەت و خوا پەرستی پاك و بێ ڕیا جگە لەوەی کاریگەری گەورەی هەیە بۆ ژیانی دنیا و دواڕۆژی خاوەنەکەی, بەهەمان شێوەش کاریگەری گەورە دروستدەکات لەسەر ژیانی کۆمەڵگە و خێزان و تاکەکانی گشت موسوڵمانان کە دەبێتە مایەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگەیەکی ئارام و بەسوود و بەرهەمهێن و دادپەروەر و دوورخستنەوەی گیانی خۆسە پێنی و نادادپەروەری"

پشتڕاست دەکاتەوە کە یەکێك لە بڕگەکانی ڕێکەوتنی (صلح الحدیبیة) دا کە بە ئاشکرا لە شاری مەککە خوا پەرستی بکرێت.

لە ڕاستیدا سوود و قازانجی عیبادەت بۆ خاوەنەکەی دەگەڕێتەوە نەك بۆ خودا, چونکە خودای پاك و بێگەرد پێویستی بەوە نیە بەندەکانی بیپەرستن یاخود کردەوەی چاك ئەنجامبدەن, قورئانی پیرۆز زۆر بەجوانی ئەمەی هێناوە, خودای گەورە فەرموویەتی ﴿وَمَن جَٰهَدَ فَإِنَّمَا يُجَٰهِدُ لِنَفْسِهِۦٓ إِنَّ ٱللَّهَ لَغَنِىٌّ عَنِ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ العنکبوت: 6 .

خودای گەورە هەموو کردەوە باشەکانی مرۆڤی بەعیبادەت داناوە, بەنموونە دروستکردنی خێزان لە ڕێگەی مەشروعەوە عیبادەتە, بەدەستهێنانی مال و سامان لە ڕێگەی حەلاڵەوە بەهەمان شێوەیە, بەدەستهێنانی بڕوانامە و فێربوونی زانست تەنانەت کارکردنی ژن لەنێو ماڵەکەیدا چاودێریکردنی منداڵەکانی و گشت هەنگاوو کارو پڕۆژەکانی مرۆڤ مادام پێچەوانەی ڕێکارەکانی شەریعەت نیە هەر هەمووی عیبادەتە.

خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ فَمَن كَانَ يَرْجُواْ لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَٰلِحًا﴾ الكهف: 110. لێرەدا ئەنجامدانی کردەوەی باش گەیاندنی سوودو کەڵك بە مرۆڤەکان کراوەتە مەرجی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خودا.

لەو نووسینەدا دەگەینە ئامانجێك ئەویش ئەوەیە کە عیبادەت و خواپەرستی پاك و بێ ڕیا جگە لەوەی کاریگەری گەورەی هەیە بۆ ژیانی دنیا و دواڕۆژی خاوەنەکەی, بەهەمان شێوەش کاریکەری گەورە دروستدەکات لەسەر ژیانی کۆمەڵگە و خێزان و تاکەکانی گشت موسوڵمانان کە دەبێتە مایەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگەیەکی ئارام و بەسوود و بەرهەمهێن و دادپەروەر و دوورخستنەوەی گیانی خۆسەپێنی و نادادپەروەری.

مەقاسیدی زیکرو تەسبیحات لە روانگەی شەریعەتەوە

مەلا محمد نصرالله هەورامانی
ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان و دکتورا لە بانگەوازو فیکری ئیسلامی

ئەگەر بەشێوەیەکی فراوان باس لە زیکرو تسبیحات بکەین، ئەوا ڕەهەندێکی گەردوونی و مەلەکوتی لەخۆدەگرێت و لەعەرش تا قورش هەمووی زیکرو تسبیحاتی خودای تاک وتەنها دەکات، هەروەک دەفەرموێت: (تسَبِّحُ لَـهُ السَّمَوَاتُ السَّبْعُ وَالْأَرْضُ وَمَنْ فِيهِنَّ وَإِنْ مِنْ شَيْءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِ وَلَكِنْ لَا تَفْقَهُونَ تَسْبِيحَهُمْ إِنَّـهُ كَـانَ حَلِيمًـا غَفُـورًا) و (إِنْ كُـلُّ مَـنْ فِـي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ إِلَّا آتِي الرَّحْمَنِ عَبْدًا) .

بەڵام ئەوەی لێرە گرنگە قورئان مقاصدی زیکری بەیان کردووە کە کرۆک وکاکڵەی بۆ پاک کردوین و خەوش و گرێ وگۆتاڵی تێدا نەهێشتوتەوە و بگرە کات و شێوازو حاڵ و هەندێ جار ژمارەی زیکرو تسبیحاتەکانیشی بۆ باس کردوین، لێرەکانە بەپێی بوارهەندێک لەو مقاصدانە دەخەینە ڕوو:

یەکەم: بۆدروستکردنی ئادەمیزادێکی (ڕەبانی) خوایی ونزیک لەخواو دەرکەوتنی خواناسی وخواپەرستی لەدیمەنی زیکرو تسبیحاتدا لەژیان وهەڵسوکەوت و گوفتارو کرداری مرۆڤی باوەڕداردا.

پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم) یەکەم وشەی کە دەی درکاند لەکاتی لەخەوهەستان زیکروتسبیحات بوو (الحمد لله الذي أحيانابعد ما أماتنا وإليه النشور) تا هەموو بینینی دیاردەو دیمەنە جوانەکان و بگرە کارەساتە بارەکانیش، لەگەشتکردن و باران بارین وهەورە گرمەو بای توندو بڵندبوونەوە بۆ بەرزایی شاخەکان و سواربوونی وڵاخ و چونە ناوشارو گوندو بازاڕو چونەوە ناوماڵ و مزگەوت و کۆڕومەجلیس و ...هتد.

چڵەپۆپەی جوانی گفتوگۆی تۆمارکردوە بەشێوازێکی زۆرهونەری بەلاغی ڕەوان لەنێوانی خۆیی و خودای گەورەدا.

دوهەم: زیکرو تسبیحات لەکاتی سەرکەوتن و دوای سەرکەوتن لەپێناو لەخۆبایی نەبوون و بوغرا نەبوون. (وَرَأَيْتَ النَّاسَ يَدْخُلُونَ فِي دِينِ اللَّهِ أَفْوَاجًا، فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ وَاسْتَغْفِرْهُ إِنَّهُ كَانَ تَوَّابًا).

ئەمە مەنهەج و ڕێبازی قورئانە بۆ موسڵمانان، کاتێک پرۆژەکانیان بەپایان گەشت ولەمەیدانی سەربازیدا سەرکەوتن ئەوا ئەو سەرکەوتنە بەهی خوا بزانن و بۆخوای بگێڕنەوەو بە زیکرو تسبیحات سەرکەوتنەکانتان قبوڵ و پیرۆز بکەن و لەخۆبایی بوون خۆتان بپارێزن.

سێیەم: زیکرو تسبیحات نیشانەی باوەڕی ساغ و ویلایەت و نزیکیە لەخودای گەورە.. سستی ولاوازیش نیشانەی نیفاق ودوورووبە (وَلَا يَذْكُرُونَ اللَّهَ إِلَّا قَلِيلًا) .

"قورئـان مقاصـدی زیکـری بەیـان کـردووە کە کـرۆک وکـاکڵەی بـۆ پـاک کـردوین و خەوش و گرێ وگۆتـاڵی تێدا نـەهێشتۆتەوە و بگـرە کـات و شـێوازو حـاڵ و هەنـدێ جـار ژمـارەی زیکـرو تسبیحاتەکانیشی بۆ باس کردوین"

لەزۆرشوێندا لەقورئان ئاوا باسی زیکرو تسبیحات ودوعا کراوە: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اذْكُرُوا اللَّهَ ذِكْرًا كَثِيرًا، وَسَبِّحُوهُ بُكْرَةً وَأَصِيلًا) ئەهلی ئیمان بۆ سەلماندنی ئیمانەکەیان پێویستە یادی خوا زۆر بکەن چونکە یادی خوا کردن(انفعالی) هەژانی ڕۆح و دڵ دروست دەکات و تەپ و تۆزی گوناهی ناوناخ دەتەکێنێت و (جمال)ی دینداریش بەخاوەنەکەی دەبەخشێت سیماهم فی وجوههم من أثرالسجود....

چوارەم: عیبادات بەگشتی بۆ گەشتنە بە مەقامی زیکرو تسبیحات ودوعا... أقم الصلاة لذكري ... بۆ حەجیش ئەفەرمێت: فإذا قضيتم مناسككم فاذكروا الله ... بۆ ڕۆژوویش ئەفەرمێت : لتكبروا الله على ماهداكم ... بۆ شەعیرەی قوربانی کردنیش ئەفەرمێت: كذلك سخرهالكم لتكبروا الله على ماهداكم وبشرالمحسنين ... زیکر خۆی لەخۆیدا غایەت ومقصدە بەڵکو مقصدی مقصدەکانیشە، یان بڵێن لە (مقاصدی کبری) یە (فاذكرونى أذكركم)

زیکرو تسبیحات بەمانا فراوان و گەورەکەی، کە باس کردن و ناوهێنان وستایش و سوپاس کردن و پیاهەڵدان و وەسفدارکردنی بەو وەسفانەی کەشایستەیەتی و بەو ناوە جوانانەی دوعا بکەین کە خۆی فەرموویە تی (ولله الأسماء الحسنى فادعوه بها)..

پێنجەم: زیکر و تسبیحات و دوعا وەکو چەکی شەڕلەگەڵ نەفس وشەیتان.

ئەم دوو دوژمنە نزیک و کۆڵنەدەرو شارەزاو ماندونەناس ونادیارانە بەچەکی زیکرو دوعا دەبەزێن و لاوازدەبن، ناکوژرێن و لەناو ناچن ئەوە بریاری پەروەردگارە بەڵام لاوازدەبن و دورە پەرێز دەبن و لەمەڵاس و کەمیندا ئەبن تا بزانن کەی چەکی زیکرو دوعات دانا ئیتر دێنە وە بۆت ..

کەوابێ مەقصدێکی زیکرو دوعا بۆ پرچەکردنی لەشکری ئیمانە بەرامبەر ئۆردووی شەیتان و شاگردەکانی ئەم چەکەش دووشتی ئەوێت: یەقین و باوەڕ، کە کاردەکات و کاریگەرە لەگەڵ ئازایەتی ودانایی لەبەکارهێنانی لە کات و ساتەکانی



خۆیدا..

پێنجەم: زیکرو تسبیحات و دوعا بۆ ئەجرو پاداش و ڕەزامەندی خودایە (الَّذِينَ يَذْكُرُونَ اللَّهَ قِيَامًا وَقُعُودًا وَعَلَى جُنُوبِهِمْ وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَذَا بَاطِلًا سُبْحَانَكَ فَقِنَا عَذَابَ النَّارِ) ...

ئەم مقصدە گەورەی شەریعەت وەسائلەکانیشی هەمان حوکمی کلیاتە گشتیەکانی هەیە وەکو ئەبو ئیسحاقی شاطبی دەڵێت لە موافقاتدا: چونکە هەندێک لە مقاصدی گشتی هەیە لەڕێگای وەسائلەکانەوە نەبێت نایەتە وجود و بەرجەستە نابن، وەکو زیکرو دوعاو تسبیحات .

کلیاتەکەی و مقاصدەکەی لە قورئان بەیان کراوە، وەسائلی تطبیقاتی سوننەی شەریفە بۆمانی بەیان کردووە..

گرنگی فیقهی تەبایی و ڕەچاوکردنی ئەدەبی ئیختیلاف

سەرباز محمد حسن

ئەو ئـــــوممەتە دوا ئـــــوممەتە، کە دوا پێغەمبەرو دوا کتێبی ئاسمانی بۆ هاتووە، خوای گەورە عزوجل ئەوەندە خاڵەی بۆ داناوین کەهەر کاتێك واز لە نەفس بێنین و شوێنی شەرع کەوین بەزووترین کات بتوانین ڕیزەکانمان یەك خەین، لەیەك جەستەدا کۆببینەوە، لەقورئانی پیرۆز و فەرمودەکانی پێغەمبەری خۆشەویستیش صلی الله علیه وسلم، باسی گرنگی یەکڕێزی و تەبایی کراوە، هەروەکو باسی ترسناکی دووبەرەکی و پەرتەوازەیی کراوە، هیچ کاتێك بەقەد ئەو زەمەنی ئێمە پێوست نەبووە، موسڵمانان باس لەفیقی تەبایی بکەن و هەوڵی یەکڕیزکردنی خۆیان بدەن و دەرگاکانی دووبەرەکی دابخەن، و یەك پێغەمبەر و یەك کەعبە و یەك شەریعەت کە قورئانە، هەموو ئەوانە هەوێنی یەك ڕیز بوون و یەك هەڵوێستیە، بەتایبەت لە خاڵە گشتییەکان کە دواڕۆژی ئەو ئوممەتەی پێوەبەندە.

ئەوەی ئەورۆ وەکو فەرزی عەین لەسەر مامۆستاو داعی و بانگخوازە، هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی زۆرترین خاڵی هاوبەش و پتەوکردنی تەبایی و پێزانینی مافی ئیمان و ئیسلام و حورمەتی یەکترەو پاراستنی یەکێتی ئەو ئوممەتەیە، یەکڕیزی لەقورئانی پیرۆزو فەرمودەکانی پێغەمبەری خۆشەویست فەرمانی پێکراوە، ئەو فەرمانەش ئەگەر بەدەر بوا لەتوانای موسڵمان خوای گەورە فەرمانی پێنەدەکرد، دیارە هۆکاری پەرتەوازەیی شەیتان و نەفسی ژەنگگرتوبەتاوانە، خۆ ئەگەر لەئایەتەکانی قورئانی پیرۆزو فەرمودەکانی سەروەرمان بکۆڵینەوە، دەتوانین هەم نەفسەکە پاکبکەینەوەو پیلانی شەیتانیش بڕەوێنینەوە، فیقهی تەبایی و گرنگی ئەو تێفیکرینە زەرورەتێکە لەسەر هەموو کەسێکی دڵسۆزی ئەو میللەتە هەنگاوی بۆ بنێ، ئەو میللەتەی ئێمە پێویستە فێری نەفەسی تەبایی بکرێ، نەك لە بجوکترین خاڵی لەیەکتر حاڵی نەبوون بەرەو دووبەرەکی بڕوات، یەکێك لەخاڵە ئەرێنیەکانی گەلانی ئەمریکا ئەوەیە نەك هەر ئاشتی بەڵکو هەتا جەنگیش درز ناخاتە نێو خەڵکەکە، زۆربەی کورد شافیعی مەزهەبە، ئیمامی شافیعیش ڕۆڵی سەرەکی بینی لە تێکەڵکردنی (قوتابخانەی ئەهلی ڕەئی کە مەزهەبی ئیمام ئەبو حەنیفە نوێنەرایەتی دەکرد) لەگەڵ (قوتابخانەی ئەهلی حەدیس کە ئیمام ئەحمەد و قوتابیەکانی) نوێنەراییەتیان دەکرد، کێشەی نێوان ئەو دوو قوتابخانەیە هەندە گەورە بوو، گەیشتبوە ئەو ئاستەی هەر وەکو ئیمام ئەحمەد دەفەرموێ : ئێمە لەگەڵ ئەهلی ڕەئی یەکترمان بەنەعلەت دەکرد تاوەکو شافیعی هات و تێکەڵی کردین.

سەرەتای لەیەکتر حاڵی بونیش، لە دروست حاڵی بوونە لە (دەق) هەڵە حاڵی بوون لە (دەقەکانی قورئانی پیرۆزو فەرمودەکانی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم) خەڵکێکی وەکو خەواریجت بۆ دروست دەکات کە کوشتنی (ئیمام عەلی) بە جیهاد بزانن و پێیان وابێ پشتنی خوێنی(ئیمام عەلی) لەخوایان نزیك دەکاتەوە (پەنا بەخوا) بۆیە ئەوەی زۆر گرنگە لە فیقهی تەبایی سەرەتا باسی دروست حاڵی بوون لە(دەق) بکەین، ئەو نوسینە سەرەتاییەکە بۆ کردنەوەی دەرگای خێر و داخستنی دەرگای(شەڕ) پێغەمبەری خۆشەویستیشمان صلی الله علیه وسلم ستایشی ئەوانەی کردوە کە دەبنە کلیلی کردنەوەی دەرگای خێر و کلیلی داخستنی دەرگای شەڕ.

"هەڵە حاڵی بوون لە دەقەکانی قورئانی پیرۆزو فەرمودەکانی پێغەمبەری خوا- صلی الله علیه وسلم- خەڵکێکی وەکو خەواریجت بۆ دروست دەکات"

ماوەیەکی یەکجار زۆرە دووبەرەکی یەخەی ئەو ئوممەتەی گرتوە، بەشێوەیەکی ئاوا کە بۆتە بەربەستێکی زۆر گەورەی پێش هەنگاوەکان، ئەگەر کێشەکە لەنێو عەوامی ئەو خەڵکە بوایە ئەو کات کاریگەریێکی ئاوا سلبی نەدەبوو، بەڵام دووبەرەکی لەنێو خەڵکێك زیادی کردوە، کەئەوان دەڵێن ئێمە لەخەمی یەکڕیزی موسڵمانان داین، کارەساتە پێت وابێت ئەو گروپ یان چوارچێوەیەی تۆ کاری تێدا دەکەی، نوێنەری ئوممەی ئیسلامییە و جوانیەکان هەمووی لەو کۆبۆتەوەو جگە لەو چوارچێوەکانی تر هیچ سەنگیان لەواقیعدا نییە، یان ئەو تێگەیشتنەی تۆ هەتە بۆ دین و خزمەتکردنی ئیسلام، بەڕەواترین و چاکترین

تێگەیشتنی تێبگەیت، غەیرە خۆت بە ناحاڵی و کورت بین لەقەڵەم بدەی!

هۆکاری دروستبوونی ڕاجیایی

سەرەتا هەر چوار سەر مەزهەب فەرموویانە: ((اذا صح الحديث فهو مذهبي)). واتە: ئەگەر فەرموودە ڕاست بوو ئەوا مەزهەبی ئێمەیە.

دوور نییە پرسیار بکرێ دەی ئەگەر وایە لەبەرچی ڕاجیایی هەیە لەسەر هەندێ لە حوکمە شەرعییەکان؟

ئیمامی شافیعی ڕەزای خواي لی بێت بەکورتی لە کتێبی ڕیسالە ئاماژەی بە هەندێ لەو هۆکارانە کردووە، کە وەکو دەرگایەك بەڕووی زانایان کراوەتەوە، گرنگە لێرە بەکورتیش بێ باسی چەند هۆکارێك بکەین لەو هۆکارانە.

یەکەم: زۆرجار خودی زمانی عەرەبی ئەو ئیختلافە هەڵدەگرێ، بۆ نموونە: وشەی (القروء) کە کۆی (القرء) ئەو وشەیە لە زمانی عەرەبی دەکرێ بڵێین: سەرەتای سوڕی مانگانەی ئافرەتە و دەشکرێ بگوترێ

فیقهی تەبایی و گرنگی ئەو تێفیکرینە زەروورەتێکە لەسەر هەموو کەسێکی دڵسۆزی ئەو میللەتە هەنگاوی بۆ بنێ، ئەو میللەتەی ئێمە پێویستە فێری نەفەسی تەبایی بکـرێ، نەك لە بجـوکترین خاڵ، لەیەکتر حاڵ، نەبوون بەرەو دووبەرەکی، بروات

سەرەتای پاکبوونەوەی ئافرەتە لە سوڕی مانگانە واتە: دەکرێ بگوترێ سەرەتای (حەیزە)، وە دەشکرێ بگوترێ سەرەتای (پاك بوونەوەیە)، بۆیە لەگەڵ ئەو دوو ئەگەرە ڕاجیاییەك کەوتۆتە نێو زانایان کە ژماردنی (عیدده)ی ئافرەت لە کاتی تەڵاق لە (پاکبوونەوە دەست پێدەکات) یان لە کەوتنە (سوڕی مانگانە).

دووەم: جاری وا هەیە ئەو فەرموودەیەی حوکمێکی شەرعی لەسەر بیناکراوە، ئەو فەرموودەیە لای زانایەك لاوازە، بەڵام لای ئەوەی تر فەرموودەکە بە صەحیحی پێی گەیشتووە.

سێیەم: جاری واهەیە خودی فەرموودەکە نەگەیشتۆتە ئیمامەکە بۆ نموونە: بەشی داپیر لە میرات، ئیمامی ئەبوبەکری صدیق ڕەزای خوای لێ بێت ئاگای لەوە نەبوو کە پێغەمبەری خۆشەویستمان درودی خوای لەسەر بێت لە شەش بەش یەك بەشی بۆ دیاری کردووە واتە: (السدس)، دواتر موغیرەی کوڕی شوعبە و محمدی کوڕی مەسلەمە شایەدی دەدەن کە پێغەمبەری خۆشەویستمان درودی خوای لەسەر بێت یەك لەسەر شەشی بۆ دیاری کردووە.

کەوابوو هۆکار زۆرن بۆ ڕاجیای لەسەر هەندێك لە حوکمە شەرعییەکان، بەڵام زۆر هەڵەیە کەسێك بڵێ: بابەتە ڕاجیاییەکان ئیختلافییەکان زیاترە لەو بابەتانەی یەك دەنگی لەسەرە، بۆیە زۆر گرنگە ئێمە لەو قۆناغە کۆ بین لەسەر ئەو بابەتانەی یەك دەنگی زاناکانی لەسەرە، ئەو بابەتانەش هەندە زۆرن نەك باری کەسێتی بەڕێوە دەبات، بەڵکو دەکرێ دەوڵەتی پێبەڕێوە بچێ، بەڵام بەداخەوە دەستێك هەیە هەردەم خەریکی زەقکردنەوەی بابەتە ڕاجیاییەکانە، ئینجا لەوەش گرنگتر دەبێ تیشك بخرێتە سەر ئەدەبی ئیختلاف، واتە: چۆن ئیختلافی یەکتر قبوڵ بکەین، ئێمەی مرۆڤ خاوەن ئیرادە و عەقڵی جیاین فراوانی ئیرادە و قوڵی عەقڵیشمان لەیەك جیایە، ناکرێ وەکو چۆن پەڕەیەك کۆپی دەکرێ ئاوا عەقڵییەت و بیرکردنەوەمان لەبەر یەك بگیرێ و هەموو نوسخەی یەك کتێب بین، بەڵام دەکرێ هەموومان چەند بابەتێکی جیایی یەك کتێب بین.

بەکورتی چەند خاڵێك لەسەر ئەدەبی ڕاجیایی (ئیختلاف)

ڕاجیای دووجۆری هەیە:

جۆری یەکەم: ڕاجیاییەك تەواو کەری یەکترن، بەو مانایەی یەك مەقصەد، بەڵام بەدوو دەربڕین باسی لێوەدەکرێ، وەکو مانای (اهدنا الصراط المستقيم) الفاتحة: (٦)، هەندێك دەفەرموون: مەبەست قورئانە، هەندێکیش دەفەرموون: ئیسلامە، بەو مانایەی ئیسلام جێبەجێ کردنی قورئانە، دەی یەك مەقسەدە، بەڵام بەدوو دەربڕین باسی کراوە.

جۆری دووەم: لە تێگەیشتن و حوکمە، بۆ نموونە: دەستت بەر ئافرەت کەوێ دەست نوێژت دەشکێ یان ناشکێ، یان دوو ڕەکاعەت پێش نوێژی هەینی، یان سەرفیترە بە پارەبێ یان یاخۆراك، ...هتد. ئەو ڕاجیایانەی دەچنە ئەو چوارچێوەیە، سەرەتا دەبێ ئەو جۆرە ڕاجیایانە ڕەچاوەی یەکڕێزی و مەزهەبی خەڵکی تێدا بکرێ، ناکرێ یەکڕیزی کە فەرمانی خوای گەورەیە هەر وەکو دەفەرموێ: (وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا وَاذْكُرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنْتُمْ أَعْدَاءً فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُمْ بِنِعْمَتِهِ إِخْوَانًا) آل عمران: (١٠٣)

یەك ڕێزی حوکمێکی شەرعییە و دەبێ جێ بەجێی بکەین، ناکرێ ئەو یەکڕیزییە بکەین بە قوربانی ڕاجیای لەسەر بابەتێکی فەرعی.

بۆیە گرنگە لەو بارەوە ئاماژە بە چەند خاڵیك بکەین:

یەکەم: یەکڕیـزی و تەبـایی بنچینەیەکـی سـەرەکییە و دەبـێ بـابەتە خیلافیـیە بچووکەکـانی بە قوربـان بکـرێ، خـوای گەورە دەفەرمـووێ: (يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْأَنْفَالِ قُلِ الْأَنْفَالُ لِلَّهِ وَالرَّسُولِ فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَصْلِحُوا ذَاتَ بَيْنِكُمْ وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ) الأنفال: (١)

ئەنفـال بەو مـاڵ و چەك و تفـاقە دەگـوترێ کە لە کـاتی جەنـگ دەگیرێ، خوای گەورە دەفەرموێ: پرسیارت لێدەکەن دەربـارەی ئەو ماڵە، پێیان بڵێ: ئەو مـاڵە بـۆ خـوا و پێغەمبەرەکەیەتـی درودی خـوای

لەسەر بێت، سەرەتا مولْکیەتی ئەو ماڵە دەگێڕێتەوە بۆ خوای گەورە و پێغەمبەری خۆشەویست درودی خوای لەسەر بێت ، ئینجا کە دابەش دەکرێتە سەر موسڵمانان دەبێ بەو شێوەیە دابەش بکرێ کە خوای گەورە فەرمانی پێکردووەو پێغەمبەری خۆشەویست درودی خوای لەسەر بێت دابەشی کردووە، ئینجا ئایەتەکە سەرنجیان بۆ ئەوە ڕادەکێشێ کە تەقوای خوا بکەن و لە خوا بترسن مولْکی دونیا نەبێتە هۆی تێکچوونی تەبایی و برایەتیتان، ئینجا خوای گەورە داوای گوێڕایەڵی فەرمانەکانی و پێغەمبەرەکەی دەکا، ئایەتەکە زۆر ڕوونە لەسەر ئەوەی ئەگەر ئێوە ئیماندارن نەکەن برایەتی و تەباییتان بکەنە قوربانی مولْکی دونیا، کەوابوو تەبایی و یەکڕێزی بنچینەیەکی سەرەکییەو مولْکی ئەو دونیایەش بابەتێکی فەرعییە نابێ و ناکرێ، بنچینەیەکی سەرەکی بکرێتە قوربانی بابەتێکی لاوەکی کە مولْکی دونیایە.

دەبێ ئەو جۆرە ڕاجیایانە ڕەچاوەی یەکڕێزی و مەزهەبی خەڵکی تندا بکەن

پێغەمبەری خۆشەویست درودی خوای لەسەر بێت دەفەرموێ: ((إِيَّاكُمْ وَالظَّنَّ، فَإِنَّ الظَّنَّ أَكْذَبُ الحَدِيثِ، وَلاَ تَحَسَّسُوا، وَلاَ تَجَسَّسُوا، وَلاَ تَنَاجَشُوا، وَلاَ تَحَاسَدُوا، وَلاَ تَبَاغَضُوا، وَلاَ تَدَابَرُوا، وَكُونُوا عِبَادَ اللَّهِ إِخْوَانًا)). رواه البخاری.

زەنی خراپ بەیەکتر مەبەن، چونکە زەنی خراپ درۆیەکی ڕوونە، مەبن بەجاسوس بەسەر یەکتر، لە بازاڕەکان نرخی کاڵاکان لەسەر یەکتر زیاد مەکەن کە مەبەستتان کڕین نەبێ، حەسودی بەیەکتر مەبەن، ڕق لە یەکتر هەڵمەگرن، پشت لە یەکتر مەکەن، ئەی بەندەکانی خوا ببن بەبرا.

کەوابوو ئایەتەکەو فەرموودەکە داوا لە موسڵمانان دەکەن ببن بەبرای یەکتر و تەبابن و نەکەن دووبەرەکی بکەن، ئەو تەبایی و یەکڕێزیەش نابێ بکرێتە قوربانی ڕاجیایی لەسەر بابەتێکی فەرعی.

دووەم: باگفتوگۆ و قسەکانمان لەگەڵ یەکتر بەچاکترین و جوانترین شێوە بێت.خوای گەورە داوای لێکردووین هەتا لەگەڵ ئەهلی کتاب بەچاکترین و جوانترین شێوە گفتوگۆ بکەین، ئەگەر ئەوان کە غەیرە دینن دەبێ بە چاکی و بەجوانی گفتوگۆیان لەگەڵ بکەین، ئەی دەبێ ئێمەی موسڵمان بەچ شێوازێك لەگەڵ یەکتر گفتوگۆ بکەین، دەفەرموێ: (وَلَا تُجَادِلُوا أَهْلَ الْكِتَابِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ) العنكبوت: (٤٦).

هەروەها دەفەرموێ: (وَقُولُوا لِلنَّاسِ حُسْنًا) البقرة: (٨٣)

کەوابوو دەبێ جواترین دەربڕین هەلبژێرین بۆ قسەکانمان و چۆن جەستەمان پۆشتە دەکەین بە بەرگی جوان دەبێت ئاواش وشەکانمان پۆشتەکەین بۆ ئەو مانایانەی کە مەبەستمانە بیگەیەنین.

لە لایەکی ترەوە تێگەیشتنی هەڵە جوانی شەریعەت نایەڵێ، چونکە تێگەیشتنی هەڵە شەریعەت ناشرین دەکات، ئەگەر نموونە بەو کەسانە بێنینەوە کە دەڵێن: ئێمە قورئانین، واتە: دەڵێن: تەنیا کار بەقورئان دەکەین، ئەوان گوایە باوەڕیان بەگەورەیی قورئان هەیە و پێیان وایە ئەگەر بڵێن: سوننەتی پێغەمبەری خوا درودی خوای لەسەر بێت سەرچاوەی دووەمی شەریعەتە ئەوە مانای کۆسپ خستنە پێش قورئانی پیرۆزە پەنا بەخوا.

لام گرنگە لێرە سەرنجی بەڕێزتان ڕاکێشم بۆ گفتوگۆیەک لەگەڵ چەند گەنجێک کە کەوتبوونە ژێر کاریگەری ئەوانەی ناونراون قورئانی، هەندێک لەو گەنجانە ویستیان سەردانم بکەن، شەوێکیان دیاری کرد و ئینجا گوتم: با لەگەڵ نوێژی عیشا لای من بن نوێژی عیشا پێکەوە دەکەین، کە گەیشتنە لام ویستمان نوێژی عیشا بکەین، گوتم: دەفەرموو دەستنوێژبگرن، ئەوانیش گوتیان: ئێمە دەستنوێژمان هەیە، گوتم: ئاخر زاهیری ئایەتەکە دەفەرموێ: هەر کاتێکی ویستتان نوێژ بکەن دەبێ دەبێ دەستنوێژ بگرن!

(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلَاةِ فَاغْسِلُوا...) المائدة: (٦)، ئەگەر دوور لە سوننەتی پێغەمبەری خوا درودی خوای لەسەر بێت حوکمە شەرعییەکان جێبەجێ بکەی، دەبێ بۆ هەموو نوێژێک دەستنوێژێک بگری، کە هەستان بۆ نوێژ دەستنوێژ بگرن، بەڵام ئەوە لە سوننەتی پێغەمبەری خۆشەویستدا درودی خوای لەسەر بێت هاتووە کابرا ئەگەر دەستنوێژی هەبوو پێویست ناکات دەستنوێژ تازە

بکاتەوە، چونکە لەسەر تەهارەتە، ئیتر سوپاس بۆ خوای گەورە تێگەیشتنیان بۆ ئەو بابەتە گۆڕی و دانیان بە گرنگی سوننەی پێغەمبەری خوادا نا درودی خوای لەسەر بێت لە بەیانی حوکمە شەرعییەکان، بۆیە زۆرجار کێشە لە هەڵە تێگەیشتنە نەوەک خودی کەسەکە خراپ بێت، بۆیە دەبێ هەوڵبدرێ تێگەیشتنەکان ڕاست بکرێتەوە.

"زۆربەی کورد شافیعی مەزهەبە، ئیمامی شافیعیش ڕۆڵی سەرەکی بینی لە تێکەڵکردنی (قوتابخانەی ئەهلی ڕەئی کە مەزهەبی ئیمام ئەبو حەنیفە نوێنەرایەتی دەکرد) لەگەڵ (قوتابخانەی ئەهلی حەدیس کە ئیمام ئەحمەد و قوتابیەکانی)

هەروەها ئەوانە کەوتوونەتە هەڵەیەکی تری زۆر گەورە کە بەناوی قورئان خودی حوکمەکانی قورئان پەك دەخەن، بۆ نموونە خوای گەورە دەفەرموێ: (فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ)النساء: (٥٩) واتە: لەکاتی بوونی هەر کێشەیەك دەبێت بگەڕێنەوە لای خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی درودی خوای لەسەر بێت.

جا گومان لەوە دانییە گەڕانەوە بۆ لای خوای گەورە گەڕانەوەیە بۆ قورئانی پیرۆز، ئەی گەڕانەوە بۆ لای پێغەمبەری خۆشەویست درودی خوای لەسەر بێت بۆچی؟ بێ گومان ئەویش گەڕانەوەیە بۆ سوننەتی پێغەمبەری خۆشەویست درودی خوای لەسەر بێت ، ئەوانەی دەڵێن: ئێمە قورئانین لەبەردەم دووحاڵەت دان، یان دەبێ بڵێین: گەڕانەوە بۆ لای پێغەمبەری خۆشەویست درودی خوای لەسەر بێت گەڕانەوەیە بۆ سوننەت، چونکە پێغەمبەری خۆشەویست ئێستا وەفاتی کردووەو سوننە جێگەی ئەوی گرتۆتەوە، یان دەبێ بڵێین: کار بەو بەشە ئایەتە ناکەین (وَالرَّسُولِ)، چونکە پێغەمبەری خوا درودی خوای لەسەر بێت وەفاتی کردووە و ئێمە ناتوانین بگەڕێنەوەلای ئەو.

کەوابوو گێڕانەوەی کێشەکان بۆلای خوای گەورە یانی قورئانی پیرۆز وەگێڕانەوەی کێشەکان بۆ لای پێغەمبەری خوا درودی خوای لەسەر بێت یانی بۆ سوننەت، هیچ کەسێکی عاقڵیش گومانی لەو خاڵە نییە.

بۆیە وردبینەوە لە تێگەیشتنی هەڵەی بەناو قورئانییەکان بەناوی قورئان حوکمێکی قورئان پەك دەخەن.

(خەواریج و، قورئانییەکان و، جەهمی و، موجەسیمەکان و، ...هتد)، هەموو ئەو گروپانەی سەرچاوەی لە تێگەیشتنی هەڵەوە گرتووە بۆیە زۆر گرنگە ئێمە دروست حاڵی بین لە دەقە شەرعییەکان، شارەزا و ئاشنای ئەو ئامرازانە ببین کە هۆکارن و بەرەو دروست حاڵی بوونمان دەبەن.

خوێندنی ویرد وتەسبیحات
لە دوای نوێژە فەرزەکان بە دەنگەوە

ئامادەکردنی: پ.ی. د. کمال محمد أبوبكر بۆسكێنی

الحمد لله والصلاه السلام على رسول الله محمد وآله وصحبه ومن اهتدى بهداه ، لە پاشان زانایانی ئیسلام یەکدەنگن لە سەر ئەوەی کە ویرد وتەسبیحات کردن لە دوای نوێژە فەرزەکان سوننەتە، ئیمام نەوەوی -رحمه الله-دەفەرموێت: "أجمع العلماء على استحباب الذِّكر بعد الصَّلاة"[1].

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: {فَإِذَا قَضَيْتُمُ الصَّلاَةَ فَاذْكُرُوا اللَّهَ قِيَاماً وَقُعُوداً وَعَلَى جُنُوبِكُم} [النساء: 103]، وپێغەمبەری خاتەم(ﷺ) لە چەندین فەرمودەدا فەزڵ و پێگەی بەرزی ویرد وتەسبیحات کردنی دوای نوێژە فەرزەکانی ڕون کردۆتەوە، بەڵام یەکیک لەو پرسانەی بۆتە جێگای مشت ومڕ لە نێو زانایاندا ئەوەیە کە ئایا ویردو تەسبیحاتەکان بە دەنگەوە دەکرێن یان بە بێ دەنگی، وە ئایا ویرد وتەسبیحات کردن بە دەنگەوە سوننەتە یان ڕەوایە یان مەکروهە یان ناڕەوا؟

بە پشتیوانی خوای گەورە لە میانەی دوو تەوەردا ئەم بابەتە دەخەمە ڕوو، تەوەری یەکەم تایبەت دەکەم بە ویردو تەسبیحاتەکانی دوای نوێژە فەرزەکان، ولە تەوەری دووەمیشدا ڕای زانایان دەربارەی حوکمی ویرد وتەسبیحات کردن بە دەنگەوە دەخەمە ڕوو.

تەوەری یەکەم: ویردو تەسبیحاتەکانی دوای نوێژە فەرزەکان:

ویرد وتەسبیحاتەکانی دوای نوێژە فەرزەکان جۆراوجۆرن وبە چەند شێوازێک لە سوننەتی دروست(صحیح)ی پێغەمبەردا (ﷺ) هاتون ولە جۆری خیلافی (تعدد)ن، ودەکرێ هەریەکەیان بخوێنرێن، ئەو زیکرو ویردانەی خوارەوە بەشێکیانن.

یەکەم:

(أستغفرُ اللهَ)کردن، داوای لێخۆشبونکردن لە خوا.

دووەم:

گوتنی:((اللهمَّ أنتَ السَّلامُ، ومنك السَّلامُ، تبارَكْتَ يا ذا الجلالِ والإكرامِ.)).

ثوبانَ τ دەڵێت: ((كان رسولُ اللهِ (ﷺ) إذا انصرَفَ مِن صلاتِه، استغفَرَ ثلاثًا، وقال: اللهمَّ أنتَ السَّلامُ، ومنك السَّلامُ، تبارَكْتَ يا ذا الجلالِ والإكرامِ))[2].

واتا: کاتێ پێغەمبە (ﷺ) لە نوێژ تەواو دەبو سێ جار (أستغفر الله)ی دەکرد ئینجا دەیگوت: ((اللهمَّ أنتَ السَّلامُ، ومنك السَّلامُ، تبارَكْتَ يا ذا الجلالِ والإكرامِ)).

سێیەم: تەهلیلە کردن

ئەو زیکرەش لە کاتی بەیانیان وئێواران ولە دوای هەمو نوێژەکان سوننەتە، وبەتایبەتی دوای نوێژی بەیانیان وشێوان جەختی لێکراوەتەوە (١٠) دە جار بخوێنرێت،

المُغيرةِ بنِ شُعبةَ (ر.ض)، گوتویەتی: ((پێغەمبەر (ﷺ) لە دوای هەمو نوێژە فەرزەکان دەیگوت: ((لا إلهَ إلَّا اللهُ وحدَه لا شريكَ له، له المُلكُ، وله الحمدُ، وهو على كلِّ شيءٍ قديرٌ، اللهمَّ لا مانعَ لِما أعطَيْتَ، ولا مُعْطيَ لِما منَعْتَ، ولا ينفَعُ ذا الجَدِّ منك الجَدُّ))[3].

هەروەها عبدِ اللهِ بنِ الزُّبَيرِ (ر.ض) لە دوای هەمو نوێژەکان لە کاتی سەلامدانەوەدا دەیگوت: ((لا إلهَ إلَّا اللهُ وحدَه لا شريكَ له، له المُلكُ وله الحمدُ وهو على كلِّ شيءٍ قديرٌ، لا حولَ ولا قوَّةَ إلَّا باللهِ، لا إلهَ إلَّا اللهُ، ولا نعبُدُ إلَّا إياهُ، له النِّعمةُ وله الفضلُ، وله الثَّناءُ الحسَنُ، لا إلهَ إلَّا اللهُ مُخلِصينَ له الدِّينَ ولو كرِهَ الكافرونَ، وە دەیگوت پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە دوای هەمو نوێژەکان تەهلیلەی بەو زیکرە دەکرد))[4].

چوارەم: دوعا کردن

مُعاذِ بنِ جَبَلٍ گوتی: ((إنَّ رسولَ اللهِ (ﷺ) أخَذَ بيدِي وقال: يا مُعاذُ، واللهِ إنِّي لَأُحِبُّك، واللهِ إنِّي لَأُحِبُّك، فقال: أُوصيكَ يا مُعاذُ؛ لا تَدَعَنَّ في دُبُرِ كلِّ صلاةٍ تقولُ: اللهمَّ أعِنِّي على ذِكرِكَ وشُكرِكَ وحُسْنِ عبادتِكَ)). واتا پێغەمبەری خوا دەستی گرتم سێ جار پێی گوتم ئەی مەعاز سوێند بە خوا تۆم خۆشدەوێت، دوای هەر نوێژێک ئەو دوعایە وازلێ مەهێنە: ((اللهمَّ أعِنِّي على ذِكرِكَ وشُكرِكَ وحُسْنِ عبادتِكَ))[5].

البَرَاءِ بنِ عازبٍ (ر.ض)، دەگێڕێتەوە: ئێمە کاتێ نوێژمان لە دوای پێغەمبەرەوە ﷺدەکرد، پێمان خۆش بو بکەوینە لای ڕاستی، ڕوی تێدەکرین، گوێم لێ ی بو دەیگوت:((ربِّ قِني عذابَك يومَ تبعَثُ أو تجمَعُ عِبادَكَ))

عليِّ بنِ أبي طالبٍ(ر.ض)، دەگێڕێتەوە: کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەلامی لە نوێژ دەدایەوە دەیگوت:((اللهمَّ اغفِرْ لي ما قدَّمْتُ وما أخَّرْتُ، وما أسرَرْتُ وما أعلَنْتُ، وما أسرَفْتُ وما أنت أعلَمُ به منِّي، أنتَ المُقدِّمُ وأنتَ المُؤخِّرُ، لا إلهَ إلَّا أنتَ))[6].

پێنجەم: تەسبیحات کردن:

تەسبیحات کردن بە واتای: (سبحان الله) کردن و(الحمد لله) کردن و(الله أكبر) کردن لە دوای نوێژە فەرزەکان چوار شێوازی هەیە، هەمو شێوازەکان فەرمودەی دروستی لە سەرە:

شێوازی یەکەم:

گوتنی سُبحانَ اللهِ، والحمدُ للهِ ، واللهُ أكبَرُ هەر یەکەیان (10) دە جار

أبو هُرَيرةَ (ر.ض)، گێڕاویەتەوە: گوتیان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) (ذهَبَ أهلُ الدُّثورِ بالدَّرجاتِ والنَّعيمِ المُقيمِ)، دەوڵەمەندەکان هەمو پلەو پاداشتێکی بەردەوامیان بۆخۆیان بردوە – ئێمە بێبەشین لەو پاداشتانە-! فەرموی ئەوە چۆن؟ گوتیان ؟ (صلَّوْا كما صلَّيْنا، وجاهَدوا كما جاهَدْنا، وأنفَقوا مِن فُضولِ أموالِهم، وليسَتْ لنا أموالٌ)،واتا: وەک ئێمە نوێژیان کردوە، و وەک ئێمە جیهادیان کردوەو، لەو ماڵەش کە لێیان زیادە بەخشیویانە، ئێمە ماڵمان نیە- تا لێی ببەخشین- پێغەمبەری

خوا (ﷺ) فەرموی: ((أفلا أُخبِرُكم بأمرٍ تُدركونَ مَن كان قبْلَكم، وتسبِقونَ مَن جاء بعدَكم، ولا يأتي أحدٌ بمِثلِ ما جِئتُم به إلَّا مَن جاء بمِثلِه؟! تُسبِّحونَ في دُبُرِ كلِّ صلاةٍ عَشْرًا، وتحمَدونَ عَشْرًا، وتُكبِّرونَ عَشْرًا))[7].واتا کارێکتان پێ بڵێم بە هۆیەوە بگەن بە پێگەی ئەوانەی پێش خۆتان، وپێش ئەوانە بکەونەوە کە لە لەدواتان دێن، وە هیچ کەسیک کارێکی لەو شێوە باش ناکات مەگەر کەسێک هەمان کاری ئێوە بکات؟ ئەویش ئەوەیە کە (10) دە جار بڵێیت: (سُبحانَ اللهِ)، و(10) دە جار بڵێیت: (الحمدُ للهِ) (10) دە جار بڵێیت (اللهُ أكبَرُ).

شێوازی دووەم:

گوتنی(سُبحانَ اللهِ) (25) بیست وپێنج جار، وگوتنی (الحمدُ للهِ) (25) بیست وپێنج جار، وگوتنی(اللهُ أكبَر) (25) بیست وپێنج جار، و گوتنی (لا إلهَ إلَّا اللهُ) (25) بیست وپێنج جار.

عن زيدِ بنِ ثابتٍ رضيَ اللهُ عنه، قال: أُمِرْنا أنْ نُسبِّحَ دُبُرَ كلِّ صلاةٍ ثلاثًا وثلاثينَ، ونحمَدَةَ ثلاثًا وثلاثينَ، ونكبِّرَةَ أربعًا وثلاثينَ، قال: فرأى رجُلٌ مِن الأنصارِ في المنامِ، فقال: أمَرَكم رسولُ اللهِ أنْ تُسبِّحوا في دُبُرِ كلِّ صلاةٍ ثلاثًا وثلاثينَ، وتحمَدوا اللهَ ثلاثًا وثلاثينَ، وتُكبِّروا أربعًا وثلاثين؟ قال: نَعم، قال: فاجعَلوا خمسًا وعشرينَ، واجعَلوا التَّهليلَ معهنَّ، فغدَا على النبيِّ (ﷺ)، فحدَّثَه، فقال: ((افعَلوا))[8]. واتا زەیدي کوڕي سابیت گوتی: فەرمانمان پێکرا دوای هەمو نوێژێک سی وسێ جار (سبحان الله) بکەین و سی وسێ جار (الحمد لله) بکەین وسی وچوار جار (الله أكبر) بکەین زەید ڕگوتی: پیاوێک لە ئەنساریەکان لە خەودا بینی کەسێک لێی پرسي: ئایا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێکردون دوای هەمو نوێژێک سی وسێ جار (سبحان الله) بکەن و سی وسێ جار (الحمد لله) بکەن و، سی وچوار جار (الله أكبر) بکەن؟ گوتی: بەڵێ، گوتی: بیکەنە بیست وپێنج وتەهلیلیشان لە گەڵدا بکەن، بەیانی چو بۆ خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) وخەونەکەی بۆ گێرایەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی وا بکەن.

شێوازی سێیەم:

گوتنی سی وسێ جار (سبحان الله)، وسی وسێ جار (الحمد لله) وسی وچوار جار (الله أكبر).

عن كعبِ بنِ عُجْرةَ (ر.ض)، قال: قال رسولُ اللهِ (ﷺ): ((مُعقِّباتٌ لا يخِيبُ قائِلُهنَّ (أو فاعِلُهنَّ) دُبُرَ كلِّ صلاةٍ مكتوبةٍ؛ ثلاثٌ وثلاثونَ تسبيحةً، وثلاثٌ وثلاثونَ تحميدةً، وأربعٌ وثلاثونَ تكبيرةً))[9].

چەند وشەیەکی یەک لەدوای یەک بێژەرەکەیان دوای هەمو نوێژەکان ئاومێد نابێ لە پاداشت سی وسێ جار (سُبحانَ اللهِ)، وسی وسێ جار(الحمدُ للهِ) ، وسی وچوار جار (اللهُ أكبَر).

شێوازی چوارەم:

گوتنی سی وسێ جار (سبحان الله)، وسی وسێ جار (الحمد لله) وسی سێ جار (الله أكبر)، و یەک جار، لا إلهَ إلَّا اللهُ وحدَه لا شريكَ له، له المُلكُ وله الحمدُ، وهو على كلِّ شيءٍ قديرٌ، كه دەکاتە سەدی تەواو. کە ئەو شێوازەیان باوە لە مزگەوتەکانی هەرێمی کوردستان.

أبو هريرةَ (ر.ض)، له پیغەمبەرەوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە کە فەرمویەتی:((من سَبَّحَ اللهَ في دبُرِ كُلِّ صلاةٍ ثلاثًا وثلاثينَ، وحَمِدَ الله ثلاثًا وثلاثينَ، وكبَّرَ اللهَ ثلاثًا وثلاثينَ، فتلك تسعةٌ وتسعونَ، وقال تمامَ المائةِ: لا إلهَ إلَّا الله وحدَه لا شريكَ له، له الملكُ وله الحمدُ، وهو على كلِّ شَيءٍ قَديرٌ، غُفِرَت خطاياه وإن كانت مِثلَ زَبَدِ البَحر))[10]. واتا هەرکەسێک لە دوای هەمو نوێژەکان سی وسێ جار (سبحان الله) بکات، وسی وسێ جار(الحمد لله) بکات وسی سێ جار (الله أكبر) بکات، کە دەکاتە نەدونۆ، ولەسەری سەدجارەی بڵێیت: لا إلهَ إلَّا اللهُ وحدَه لا شريكَ له، له المُلكُ وله الحمدُ، وهو على كلِّ شيءٍ قديرٌ، تاوانەکانی دەپۆشرێن ئەگەر بە ئەندازەی کەفی دەریاش بن.

دروستیشە هەرسێکیان پێکەوە کۆبکەیتەوە، واتا: سی وسێ جار بڵێیت: سُبحانَ اللهِ والحمدُ للهِ واللهُ أكبَرُ.

أبو هريرة (ر.ض)، دەگێڕێتەوە دوای ئەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرمون ((.. تُسَبِّحونَ وتَحمَدونَ وتكَبِّرون خَلْفَ كُلِّ صلاةٍ ثلاثًا وثلاثينَ))، ناکۆکی کەوتە نێوانمانەوە لە شێوازی زیکرەکان ، جا هەندێکمان گوتمان: سی وسێ جار (سبحان الله) دەکەین، وسی وسێ جار(الحمد لله)دەکەین وسی چوار جار (الله أكبر) دەکەین ئینجا چومەوە لای پیغەمبەر (ﷺ) و پرسیارم لێکردەوە ئەویش فەرموی:((تقول: سُبحانَ اللهِ، والحمدُ لله، والله أكبَرُ، حتى يكونَ منهنَّ كُلِّهِنَّ ثلاثًا وثلاثينَ)). واتا بە یەکەوە دەیانڵێیت هەتا هەریەکەیان دەبێتە سی وسێ.

شەشەم: خوێندنی (آية الكرسي):

أمامة (ر.ض) دەڵێت: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: "مَنْ قَرَأَ آيةَ الكُرْسِي دُبُرَ كُلِّ صَلاةٍ مَكْتُوبَةٍ لَمْ يَمْنَعْهُ مِنْ دُخُوْلِ الجَنَّةِ إلا المَوْت"[11].

حەوتەم:

خوێندنی(المعوذتين):

﴿ قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الْفَلَقِ ﴾ ، و﴿ قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ ﴾.

عُقْبَةَ بن عامر (ﷺ)

گێڕاوەتەوە: "أَمَرَنِي رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم أَنْ أَقْرَأَ بِالْمُعَوِّذَاتِ دُبُرَ كُلِّ صَلَاةٍ"[12].

تەوەری دووەم: خوێندنی وبرد وتەسبیحات لە دوای نوێژە فەرزەکان بە دەنگەوە

تەسبیحاتکردن بە دەنگەوە پێچەوانەی تەسبیحاتی نهێنیە، ڕێژەییە، وچەند ئاستێکی جیاوازی هەیە، دەکرێ بکرێن بە سێ پلە[13]:

یەکەم: تەسبیحاتکردن بە دەنگێکی نزم ، کە نوێژخوێن بۆخۆی گوێی لە دەنگی خۆی بێت یان ئەوانەی تەنیشتی و ئەوانەی لێی نزیکن گوێیان لێی بێت وە ک دەنگی ئەو کەسەی شەونوێژ دەکات.

دووەم: تەسبیحاتکردن بە دەنگێکی مامناوەند، کە نوێژخوێنانی ناو مزگەوت گوێیان لێی بێت.

سێیەم: تەسبیحاتکردن بە دەنگێکی بەرز، کە لە دەرەوەی مزگەوت گوێیان لێی بێت، وەک دەنگی بانگ و دەنگی تەلبیەو دەنگی تەکبیراتی جەژنەکان.

لێرەوە زانایان بۆچونی جیاوازیان هەیە دەربارەی حوکمی زیکرو ویردو تەسبیحات کردن بە دەنگەوە یان بە بێ دەنگی، هەندێ لە زانایان بە ڕەهای ویردو تەسبیحاتکردن بە دەنگەوە بە دروست دەزانن ، جەماوەری زانایانیش پێیان وایە دەبێ تەسبیحات، بە دەنگێکی نزم یان بە بێدەنگی بکرێت، وەک لە خوارەوە دەیخەینە ڕوو:

ڕای یەکەم: خوێندنی ویردو تەسبیحات بە دەنگی بەرز لە دوای نوێژە فەرزەکان سوننەتە. ئەوەش ڕای هەندێ لە حەنەفیەکان[14] وئیبن حەزم[15]، وهەندی لە زانای موتەئەخری حەنبەلیەکانە[16].

بەڵگەکانی ئەو ڕایە:

١- عن ابنِ عبَّاسٍ رضيَ اللهُ عنهما :((أنَّ رفعَ الصَّوتِ بالذِّكرِ حينَ ينصرِفُ النَّاسُ مِن المكتوبةِ كان على عهدِ رسولِ اللهِ (ﷺ))[17]، واتا: لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) دوای ئەوەی ئیمام لە نوێژ تەواو دەبو زیکرکردن بە دەنگی بەرز باو بوو، ئەو وتەیەی ئیبنوعەباسیش حوکمی ڕەفعی هەیە لە لای جەماوەری فەرمودەناسان[18]، هەروە ها ابنُ عبَّاسٍ:گوتی ((كنتُ أعلَمُ إذا انصرَفوا بذلك إذا سمِعْتُه)) سبق تخريجه، بەوە دەمزانی لە نوێژ تەواو بوون، ئەگەر گوێم لە دەنگی زیکرکردن با، لە لەفزێکی تردا :((ما كنَّا نعرِفُ انقضاءَ صلاةِ رسولِ اللهِ إلَّا بالتَّكبيرِ)) سبق تخريجه، بە بیستنی دەنگی (الله أكبر) کردن نەبوایە نەماندزانی پیغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی تەواو کردوە، بیستنی دەنگی تەکبیریش ئاماژەیە بۆ بیستنی دەنگی باقی ویردەکان[19].

ئیمامی نەوەوی فەرمویەتی (هذا دليل لما قاله بعض السلف أنه يستحب رفع الصوت بالتكبير والذكر عقب المكتوبة، وممن استحبه من المتأخرين ابن حزم الظاهري...)[20].

٢- موغەیرەی کوڕی شوعبە -(ر.ض)- گوتی:گوێم لە پێغەمبەر بوو کە لە نوێژ تەواو دەبوو دەیگوت :((لا إلهَ إلَا اللهُ وحدَه لا شريكَ له)) سبق تخريجه في ص(2). بێگومان ئەگەر پێغەمبەر(ﷺ) بە دەنگ ئەو زیکرەی نەخوێندبایە موغەیرە گوێی لێ نەدەبوو.

٣- ابن الزُّبيرِ دوای هەر نوێژێک لە کاتی سەلامدانەوەدا دەیگوت: ((لا إلهَ إلَّا اللهُ وحدَه لا شريكَ له، له المُلكُ وله الحمدُ، وهو على كلِّ شيءٍ قديرٌ، ...))، ابنُ الزُّبيرِ دەیگوت: (كان رسولُ اللهِ -(ﷺ) - يُهلِّلُ بهنَّ دُبُرَ كلِّ صلاةٍ)) سبق تخريجه في ص(2)، واتا: پێغەمبەری خوا(ﷺ) تەهلیلەی بەو زیکرە دەکرد لە دوای هەمو نوێژێک. وشەی: (يُهلِّلُ)، واتا:دەنگی بە زیکر بەرز دەکردەوە، چونکە (التَّهليلُ) واتا: دەنگ بەرزکردنەوە..

وەڵامی ئەو بەڵگانەش بەوە دراوەتەوە کە ویردو تەسبیحاتکردنی پێغەمبەر(ﷺ) بە دەنگەوە کە لەو فەرموودانەدا هاتوە مەبەست پێی فیرکردنی هاوەڵەکان بوە، بەو بەڵگەیە کە بابەتی لە شێوەیە ئەگەر بەردەوام بوایە هاوەڵان دەیانگواستەوە، بەڵام تەنها ئیبنو عەباس گێڕاوەتەوە سەرەڕای کەمی تەمەنی لەو کاتەدا، ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە پێغەمبەری خوا ع بەردەوام لە سەری نەبووە.

وەڵامی ئەوەش بەوە دراوەتەوە، کە پێغەمبەری خوا ع لە مەقامی فێرکردندا بە تایبەت چۆنیەتی زیکرو تەسبیحاتی بۆ هاوەڵەکانی ڕونکردۆتەوە بۆ نمونە کاتێک هەژارەکان هاتن بۆ خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و پێیان گوت ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەوڵەمەندەکان هەمو پلەو پاداشتێکی بەردەوامیان بۆخۆیان بردوە – ئێمە بێبەشین لەو پاداشتانە-! پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموی: ((أفلا أُخبِرُكم بأمرٍ تُدركونَ مَن كان قبْلَكم، وتسبِقونَ مَن جاء بعدَكم، ولا يأتي أحدٌ بمِثلِ ما جِئتُم به إلَّا مَن جاء بمِثلِه؟! تُسبِّحونَ في دُبُرِ كلِّ صلاةٍ عَشْرًا، وتحمَدونَ عَشْرًا، وتُكبِّرونَ عَشْرًا)) سبق تخريجه في ص(2).

ڕای دووەم: خوێندنی ویردو تەسبیحات لە دوای نوێژەکان بە دەنگی بەرز سوننەت نیە.

بەڵکو زوربەی زانایان بە تایبەت مالیکیەکان ویردو تەسبیحاتی بە دەنگەوە بە مەکروە دەزانن ئەگەر بیێتە هۆی تەشویش دروستکردن لەسەر نوێژخوێنان و ئەو کەسانەی سەرقاڵی عیلم و زیکروعیبادەتن لە ناو مزگەوتدا[21]، وشافیعیەکانیش بە پەسندی نازانن مەگەر بۆ فێربون بێ(22) ، وە ئەو ڕایە ڕای هەندێک لە حەنەفیەکان و زۆر لە زانایانی تر[23].

ئیمام شافعي –رحمه الله- دواي نەقڵ کردنی ئەو فەرموودانەی باسی زیکرکردنی بە دەنگیان تێدایە دەفەرموێت؛ (وهذا من المباح للإمام وغير المأموم قال: وأي إمام ذكر الله بما وصفت جهرا، أو سرا، أو بغيره فحسن وأختار للإمام والمأموم أن يذكرا الله بعد الانصراف من الصلاة ويخفيان الذكر إلا أن يكون إماما يريد أن يتعلم منه فيجهر حتى يرى أنه قد تعلم منه، ثم يسر فإن الله عز وجل يقول: {ولا تجهر بصلاتك ولا تخافت بها} [الإسراء: 110].[24]

ئیمامی نەوەوی فەرمویەتی (... ونقل ابن بطال وآخرون أن أصحاب المذاهب المتبوعة وغيرهم متفقون على عدم استحباب رفع الصوت بالذكر والتكبير، وحمل الشافعي رحمه الله هذا الحديث على أنه جهر وقتاً يسيراً حتى يعلمهم صفة الذكر، لا أنهم جهروا دائماً. قال: فأختار للإمام والمأموم أن يذكرا الله تعالى بعد الفراغ من الصلاة ويخفيان ذلك، إلا أن يكون إماماً يريد أن يتعلم منه فيجهر حتى يعلم أنه قد تعلم منه، ثم يُسِرُّ، وحمل الحديث على هذا)[25].

بۆ ئەو ڕایەش بە لێگەیان بە عمومی دەقەکانی قورئانی پێڕۆزو سونەتی پێغەمبەر(ﷺ) هێناوەتەوە کە فەرمان دەکەن بە زیکرو دوعاکردن بە بە دەنگی نزم، و نەهی دەکەن لە دەنگ بەرزکردنەوە لە زیکر ودوعاکردندا، لە گەڵ چەند بەڵگەیەکی تر وەک لە خوارەوەدا هاتون:

یەکەم: ئەو دەقانەی قورئانی پێڕۆز کە فەرمان دەکەن بە دوعاکردن بە دەنگی نزم ونەهی دەکەن لە دەنگ بەرزکردنەوە لە زیکر و دوعادا:

1. قوله تعالى:{ ادْعُوا رَبَّكُمْ تَضَرُّعًا وَخُفْيَةً إِنَّهُ لَا يُحِبُّ

الْمُعْتَدِينَ } سورة الأعراف، الآية:55.
واتا یادی پەروەردگارت بکە بە پیشاندانی ئاتاجی وخشوع و بەدەنگی کزەوە[26].
2. قولە تعالى: { وَاذْكُرْ رَبَّكَ فِي نَفْسِكَ تَضَرُّعًا وَخِيفَةً وَدُونَ الْجَهْرِ مِنَ الْقَوْلِ بِالْغُدُوِّ وَالْآصَالِ}.سورة الأعراف، الآية: 205.
ئیمامی قورتوبی دەفەرمێت: [وَدُونَ الْجَهْرِ] أي دون الرفع من القول أي أَسْمِعْ نفسك، كما قال تعالى: [وَابْتَغِ بَيْنَ ذَلِكَ سَبِيلاً] أي بين الجهر والمخافتة. ودل هذا على أن رفع الصوت بالذكر ممنوع)[27].
3. قولُه تعالى :{وَلا تَجْهَرْ بِصَلاَتِكَ وَلا تُخَافِتْ بِهَا وَابْتَغِ بَيْنَ ذَلِكَ سَبِيلاً}. سورة الإسراء، الآية:10.
دووەم: دەقەکانی سوننەتی پێغەمبەر ε:
أبو موسى الأشعريّ دەڵێت: لە خزمەت پێغەمبەری خوا بوین (ﷺ) جا ئەگەر بەسەر دۆلێکدا ڕوانیبامان تەهلیلەو تەکبیرمان دەکرد ودەنگمان بەرز دەبوەوە، پێغەمبەرε دەیفەرمو((... يا أيُّها النَّاسُ، اربَعُوا على أنفسِكم؛ فإنَّكم لا تَدْعونَ أصَمَّ ولا غائبًا، إنَّه معكم سميعٌ قريبٌ))[28].
واتا: خەڵکینە لەسەرخۆ بن ئێوە بانگی کەسێکی نابیست و دور ناکەن، خودای گەورە بیسەرو نزیکە. ئەش نەهی کردنە لە زیکر کردن بە دەنگی بەرز[29].
ئیمام بەیهەقی بەڵگەی بەو فەرمودەیە هێناوەتەوە لە سەر تەسبیحات کردن بەبێ دەنگی[30].
بەڵام دەکرێت وەڵامی ئەو بەڵگانە بەوە بدرێتەوە کە مەبەست لە نەهی کردنەکە دەنگی بەرز بوە، بە بەڵگەی کۆتای ئایەتی سورەتی الإسراء کە دەفەرمێت:{... وَابْتَغِ بَيْنَ ذَلِكَ سَبِيلاً}[31].
سێیەم: ویردو تەسبیحات کردن بە دەنگی بەرز دەبێتە هۆی دروست کردنی تەشویش لە سەر نوێژخوێنان، نوێژیان لێ تێکدەدات، چ ئەوانەی دواکەوتون لە جەماعەت یان ئەوانەی نوێژی سوننەت دەکەن .
چوارەم: ویردو تەسبیحات کردن بە بێ دەنگی لە ئیخلاس نزیکترەو بە گیرابون شایانترە[32].
ڕای پەسند(الترجيح):
ڕای پەسند لەم مەسەلەیەدا ئەوەیە کە دروستە ویرد وتەسبیحاتەکانی دوای نوێژە فەرزەکان بە دەنگ بخوێندرێن تەهلیلە بێت یان تەسبیحات یان داوای لیخۆشبون کردن ، بە مەرجێک بە دەنگێکی نزم بێت ونوێژ وتاعەت لە نوێژخوێنان تێک نەدات، هۆکارەکانی بە پەسند دانانی ئە ڕایەش ئەو خاڵانەی خوارەوەن:
یەکەم:عمومی ئەو دەقانەی فەرمان بە زیکرکردن دەکەن، وەک ئایەتی: {فَإِذَا قَضَيْتُمُ الصَّلاَةَ فَاذْكُرُوا اللَّهَ قِيَاماً وَقُعُوداً وَعَلَى جُنُوبِكُم}.
دووەم: ئەو فەرمودانەی بە ڕاشکاوی دەربارەی ویرد وتەسبیحاتکردن هاتون بە دەنگەوە.
سێیەم: ئەو فەرمودانەی تر کە دەربارەی یادکرنی خوای گەورە هاتون بە دەنگەوە بە شێوەیەکی گشتی لەوانە: فەرمودەکەی قودسی کە پێغەمبەر ε لە خواوە(ﷻ) دەیگێڕیتەوە : ((أنا عند ظنِّ عبدي بي، وأنا معه إذا ذكرني، فإن ذكرني في نفسِه ذكرتُه في نفسي، وإن ذكرني في ملإٍ ذكرتُه في ملإٍ خيرٍ منهم .. الحديث[33].
واتا خوای گەورە فەرمویەتی: ... هەرکەس لە ناو کۆمەڵێکدا بە ئاشکرا یادی خوا بکات خودا لە ناو کۆمەڵێکی باشتر یادی دەکات -کە فریشتەکانن- ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە زیکری بە ئاشکرا خێرو پاداشتی زیاترە لە زیکری بە نهێنی.
هەروەها لە فەرمودەیەکی تردا هاتوە: ((إنَّ لله ملائكةً يطوفون بالطرق يلتمسون أهلَ الذكر، فإذا وجدوا قومًا يذكرون الله تنادوا: هلُمُّوا إلى حاجتكم. قال: فيحفُّونهم بأجنحتهم إلى السَّماء الدُّنيا[34] ،واتا خودای گەورە چەند فریشتەیەکی هەن بە ڕێ و بانەکاندا بە دوای ئەهلی زیکردا دەگەڕێن، جا هەر کە توشیان بوون یەکتر بانگ دەکەن : وەرن بۆ ئەوەی مەبەستتان بوو ، ئینجا بە باڵەکانیان دایاندەپۆشن تا ئاسمانی دونیا.
هەروەها لە فەرمودەیەکی تردا هاتوە: ((أنَّ النبي ﷺ خرج على حلقةٍ من أصحابه فقال :ما أجلسكم؟ قالوا: جلسنا نذكر الله ونحمده على ما هدانا للإسلام ومَنَّ به علينا. فقال :أتاني جبريلُ فأخبرني أنَّ الله تعالى يباهي بكم الملائكة))[35] . واتا: پێغەمبەری خوا(ﷺ) بەسەر کۆمەڵێک لە هاوەڵەکاندا هات کە ئەڵقەیان بەستبو ، لێی پرسین چی ئێوەی کۆکردۆتەوە؟ گوتیان دانیشتوین یادی خوا دەکەین وحەمدی خوا دەکەین لەسەر ئەوەی منەتی بەسەدا کردوین، وهیدایەتی داوین بۆ ئیسلام، پێغەمبەر(ﷺ) فەرموی: جیبریل هاتوە بۆ لام و هەواڵی پێداوم: کە خودای گەورە لە لای فریشتەکان شانازیتان پێوە دەکات.
زاهیری ئەو دو فەرمودەیەش ئەوەیان لێ وەردەگیرێت کە ئەو کەسانە بە دەنگێکی بیسراو زیکریان کردوە.
زیکرو تەسبیحاتی دوای نوێژە فەرزەکانیش دەچنە ناو واتای گشتی ئەو دەقانە.
سێیەم: فێرکردن و بیرهێنانەوەي نوێژخوێنان بە چۆنیەتی ویردو تەسبیحاتی دوای نوێژە فەرزەکان بە شێوەکی بەردەوام پێویستە بە تایبەت بۆ ئەو کەسانەی نازانن یان بە تازەگی دێنە مزگەوت و نوێژی بە کۆمەڵ، وئەو ئامانجەش بە هۆی ویرد وتەسبیحات کردنی بە دەنگەوە دێتەدی. هذا والله أعلم بالصواب.

پەراوێزەکان:

1- الأذكار للنووي ت الأرنؤوط (ص: 70).
2- رواه مسلم في صحيحه، في كتاب المساجد ومواضع الصلاة - باب استحباب الذكر بعد الصلاة برقم (591).
3- رواه البخاري في صحيحه، في كتاب الأذان - باب الذكر بعد الصلاة، برقم (844)، ومسلم في صحيحه، في كتاب المساجد ومواضع الصلاة - باب استحباب الذكر بعد الصلاة،برقم (593).
4- رواه مسلم في صحيحه، في كتاب المساجد ومواضع الصلاة - باب استحباب الذكر بعد الصلاة برقم (594).
5- المستدرك على الصحيحين للحاكم (1/ 407)، رقم(1010)، قال الذهبي:«هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ عَلَى شَرْطِ الشَّيْخَيْنِ، وَلَمْ يُخَرِّجَاهُ».
6- سنن أبي داود (2/ 83)، رقم:(1509) والسنن الكبرى للبيهقي (2/ 264)، رقم:(3018). وسنن الترمذي ت بشار (5/ 363)، وقال: هذا حديث حسن صحيح, والعمل على هذا الحديث عند الشافعي وبعض أصحابنا.
7- رواه البخاري في صحيحه، في كتاب الدعوات - باب الدعاء بعد الصلاة، برقم:(6329).
8- رواه الترمذي في سننه، أبواب الدعوات عن رسول الله صلى الله عليه وسلم برقم (3413)، وصححه الألباني (تحقيق مشكاة المصابيح 1/ 307).
9- رواه مسلم في صحيحه، في كتاب المساجد ومواضع الصلاة، باب استحباب الذكر بعد الصلاة، برقم (596).
10- رواه مسلم في صحيحه، في كتاب المساجد ومواضع الصلاة، باب استحباب الذكر بعد الصلاة، برقم:(597).
11- رواه النَّسائي في السنن الكبرى برقم (9928)، وصححه المنذري في كتابه:الترغيب والترهيب برقم (2373)، وابن عبدالهادي (المحرر 1/ 198).
12- رواه أبو داود في سننه، في كتاب الصلاة، باب في الاستغفار، برقم (1523)، وصححه ابن خزيمة وابن حبان».
13- قال في البحر الرائق شرح كنز الدقائ (1/ 356): (وَلَمْ يُبَيِّنْ الْمُصَنِّفُ حَدَّ الْجَهْرِ وَالْأَخْفَاءِ لِلِاخْتِلَافِ مَعَ اخْتِلَافِ التَّصْحِيحِ فَذَهَبَ الْكَرْخِيُّ إلَى أَنَّ أَدْنَى الْجَهْرِ أَنْ يُسْمِعَ نَفْسَهُ وَأَدْنَى الْمُخَافَتَةِ تَصْحِيحُ الْحُرُوفِ...)
14- حاشية الطحطاوي على مراقي الفلاح (ص: 312)، والدر المختار وحاشية ابن عابدين (رد المحتار) (6/ 423).
15- شرح صحيح مسلم(86/5)
16- الإقناع في فقه الإمام أحمد بن حنبل للحجاوي (1/ 126)، و,كشاف القناع عن متن الإقناع للبهوتي(1/ 366)،
17- رواه البخاري في صحيحه في كتاب الأذان، باب الذكر بعد الصلاة، برقم (841)، ومسلم في صحيحه، في كتاب المساجد ومواضع الصلاة، باب الذكر بعد الصلاة، برقم (583).
18- فتح الباري لابن حجر (2/ 325)، والمنهل العذب المورود شرح سنن أبي داود (6/ 122)
19- المنهل العذب المورود شرح سنن أبي داود (6/ 121)
20- المحلى بالآثار (3/ 180)، وشرح صحيح مسلم(86/5).
21- الفواكه الدواني على رسالة ابن أبي زيد القيرواني (1/ 193)، وحاشية العدوي على كفاية الطالب الرباني (1/ 311).
22- الأم للشافعي (1/ 150)، والبيان للعمراني(242/2)، والمجموع للنووي (3/٣٢٤- ٣٢٥).
23- الدر المختار شرح تنوير الأبصار وجامع البحار (ص: 668)، والفروع وتصحيح الفروع للمرداوي(2/ 231)، وفتح الباري لابن حجر (2/ 325).
24- الأم للشافعي (1/ 150).
25- شرح صحيح مسلم(86/5).
26- قال أبو حيان:في تفسير الآية: (تدعونه تضرعا وخفية: أي تنادونه مظهري الحاجة إليه ومخفيها والتضرع وصف باد على الإنسان والخفية الإخفاء). البحر المحيط في التفسير (4/ 542).
27- الجامع لأحكام القرآن للقرطبي(2791/4).
28- رواه البخاري في صحيحه في كتاب الجهاد والسير، باب ما يكره من رفع الصوت في التكبير، برقم(2992)، ورواه مسلم في صحيحه في كتاب الذكر والدعاء ..، باب استحباب خفض الصوت بالذكر، برقم:(2704).
29- فتح الباري لابن رجب (7/ 398)، و إرشاد الساري لشرح صحيح البخاري للقسطلاني (5/ 135).
30- المجموع: (325/3).
31- لەو ئایەتەدا وشەی(الصلاة)بە دو واتا تەفسیر کراوە یەکەمیان نوێژ، دووەمیان: دوعا. التحرير والتنوير (15/ 238).
32- أضواء البيان في إيضاح القرآن بالقرآن (3/ 359).
33- أخرجه البخاري في صحيحه، في كتاب التوحيد، باب قول الله تعالى: {وَيُحَذِّرُكُمُ اللَّهُ نَفْسَهُ} [آل عمران:28]، برقم (7405)، ومسلم في صحيحه، في كتاب الذكر والدعاء والتوبة والاستغفار، باب الحثّ على ذكر الله –تعالى-، برقم (2675).
34- أخرجه البخاري: كتاب الدَّعوات، باب فضل ذكر الله، برقم (6408).
35- أخرجه مسلم في صحيحه، في كتاب الذكر والدعاء والتوبة والاستغفار، باب فضل الاجتماع على تلاوة القرآن وعلى الذكر، برقم (2701).

الأذان المبدع ظهر يوم الجمعة بأمر الخليفة الراشد عثمان بن عفان (رضي الله عنه)

وسنيَّة الرواتب القبلية لصلاة الجمعة

الشيخ طيب البحركي

عضو المجلس الأعلى للإفتاء سابقا

من الشعائر التي ابتدعه أحدُ الخلفاء الراشدين: الأذانُ الأول من يوم الجمعة حينما يبتدئ الزوالُ من الشمس، ولما أننا التزمنا على أنفسنا أن نبحث في هذه الأوراق عن بعض البدع الحسنة الممدوحة، فَلْنَبْحَثْ بحثاً موجزاً عن هذا الأذان:

اخترع هذا الأذانَ ختنُ المصطفى (صلى الله عليه وسلم) ذو النورين عثمانُ بن عفان(رضي الله عنه)، فلنعضَّ عليه بالنواجذ والأنياب، ولنرضخ لهذا الاختراع البديع، ونقول: إنها لبدعة بديعة، (عَنْ السَّائِبِ بْنِ يَزِيدَ قَالَ كَانَ النِّدَاءُ يَوْمَ الْجُمُعَةِ أَوَّلُهُ إِذَا جَلَسَ الإمامُ عَلَى الْمِنْبَرِ عَلَى عَهْدِ النَّبِيِّ (صلى الله عليه وسلم) وَأَبِي بَكْرٍ وَعُمَرَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا فَلَمَّا كَانَ عُثْمَانُ (رضي الله عنه) وَكَثُرَ النَّاسُ زَادَ النِّدَاءَ الثَّالِثَ عَلَى الزَّوْرَاءِ)[1].

فلنشرح الحديث الشريف، ونقول: (كان النداء)، أي: الأذان (أوله)، بدل من النداء، أي: كان الأذان الأول حين جلوس الخطيب على المنبر، والأذان الثاني المدلول عليه بكلمة (الأول) هو الإقامة، بدليل رواية أُخرى: (كَانَ بِلاَلٌ يُؤَذِّنُ إِذَا جَلَسَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) عَلَى الْمِنْبَرِ يَوْمَ الْجُمُعَةِ فَإِذَا نَزَلَ أَقَامَ)[2]، (فلمّا كان عثمان)، أي: فلمّا وُلِّيَ عثمان بن عفّان (رضي الله عنه) بالخلافة العظمى للمسلمين (وكثر النَّاس)، أي: بالمدينة المنوَّرة (زاد النداء الثالث)، فأذان عثمان (رضي الله عنه) ثالث باعتبار كونه مزيداً، لأن الأول الأصليَّ هو الأذان عند جلوس الخطيب على المنبر، وهذا هو الذي كان في زمن الرسول الأعظم (صلى الله عليه وسلم)، والأذان الثاني هو الإقامة عند نزول الخطيب إلى المحراب للصلاة، والأذان الثالث عند دخول أوّل وقت الظهر، وهذا الأذان هو الذي شرعه عثمان بن عفّان (رضي الله عنه)، وهو أوّلٌ بحسب وجوده في يوم الجمعة ولكنَّه ثالث باعتبار تشريعه، والسبب في إبداع هذا الأذان هو أنَّ المدينة المنوَّرة قد توسَّعت في زمنه وتباعدت أحيائُها وتكاثفت محلاّتُها وكثر المصلُّون، والأذان الذي شُرع في زمن الرسول(صلى الله عليه وسلم) كان لا يسمعه جميع الناس، حيث كان يُنادَى به عند باب المسجد، تطبيقاً لِما كان في

زمن الرسول الأعظم (صلى الله عليه وسلم)، فشرع ذو النورين (رضي الله عنه) قبلَ هذا الأذان أذاناً يُنادَى به على بناء مرتفع مشرفٍ على سوقٍ مزدحمٍ يُسمَّى بـ (الزوراء)، لِيَسْمَعَهُ جميعُ مَنْ



في المدينة المنوَّرة، فصار النداء يومَ الجمعة في زمن عثمان (رضي الله عنه) أذانين: الأول المبدع لاجتماع الناس، والثاني المسنون لتنبيه المصلين لِيَتَهَيَّئوا لاستماع الخطبة وينصتوا، ولمَّا سنَّ ذو النورين (رضي الله عنه) هذه السنة الحسنة، استحسنه جميع الصحابة الكرام الموجودين في زمنه حيث سكتوا ولم يعترضوا ووافقوا، ولم يُنقَلْ عن أحد إنكار هذا الاختراع، فصار حكم هذا الأذان ثابتاً بالإجماع السكوتيّ، وبكونه سنة الخليفة الراشد عثمان بن عفان (رضي الله عنه)، ختنِ المصطفى (صلى الله عليه وسلم)، فجزاه الله عن الأذان وأرضاه، ومما تدُلُّ على أَنَّ الصحابة (رضي الله عنهم) لم يعترضوا على تشريع عثمان (رضي الله عنه) لهذا الأذان واستحسنوه رواية عبد بن حميد لهذا الحديث في تفسيره، ولفظه بعد طول في الحديث: (فَلَمَّا تَبَاعَدَتِ الْمَنَازِلُ وَكَثُرَ النَّاسُ أَمَرَ بِالنِّدَاءِ الثَّالِثِ ،فَلَمْ يُعَبْ ذلِكَ عَلَيْهِ)[3]، والإجماع السكوتي من الأدلة الفقهية حينما اجتمعت الشروطُ المعتبرةُ فيه، كما هو معلومٌ ومقَرَّرٌ في علم أُصول الفقه، وبالجملة هذا الأذان لمَّا لم يكن في زمن الرسول الأعظم(صلى الله عليه وسلم ، وأحدثه ذو النورين (رضي الله عنه) يعتبر بدعة حسنة ممدوحة، قال الحافظ العسقلاني "رحمه الله" في فتح الباري: (عن ابن عمر قال: الأذان الأول يوم الجمعة بدعة، فيحتمل أن يريد أنه لم يكن في زمن النبي (صلى الله عليه وسلم) وكل ما لم يكن في زمنه يسمى بدعة، ولكن منها ما يكون حسنا ومنها ما يكون بخلاف ذلك. وتبين مما مضى أن عثمان أحدثه لإعلام الناس بدخول وقت الصلاة قياسا على بقية الصلوات فألحق الجمعة بها وأبقى خصوصيتها بالأذان بين يدي الخطيب)، (انتهى ما في الفتح 55/5)، فعلم من هذا أنَّ الأذان الثاني الثابت في زمن الرسول (صلى الله عليه وسلم) لم يكن لإعلام المصلِّين بدخول وقت الصلاة حتَّى يُحتَجَّ على عدم مشروعية الأذانين الآن بعدم الحاجة إليهما للإعلام بواسطة تَوَفُّر وسائل تكبير الأصوات، بل هو لتنبيه المصلِّين بأن يُحَضِّروا أنفسهم لاستماع الخطبة، والحاجة إلى هذا التنبيه ثابتة دائماً، وفي كلِّ وقت وعصر.

وحاصل الكلام في الأذان الذي شُرِعَ في زمن الخليفة الراشد عثمان (رضي الله عنه) في ظهر يوم الجمعة، ونوديَ به على مآذن الجوامع في جميع أقطار الإسلام منذ أكثر من (1400) سنة: أنه سنة نبوية ثابتة، لا ينبغي أن يُغَيَّرَ بحال من الأحوال بدليلين:

1_ حُجِّيَّةُ ما كان عليه أحد الخلفاء الراشدين واستمرَّ عليه، وهذه الحُجِّيَّةُ ثابتة بما سبق من الأحاديث النبوية الصحيحة، قال ابن القيّم "رحمه الله" في زاد المعاد: (فالسنة ما كان ثابتاً عن النبي(صلى الله

عليه وسلم) من قول أو فعل أو سنة الخلفاء الراشدين)،(انتهى 442/1).

2_ حُجِّيَّةُ الإجماع السكوتي الذي وقع حينما شُرِعَ هذا الأذانُ، دلَّ على ذلك رواية البخاري: (أَمَرَ عُثْمَانُ يَوْمَ الْجُمُعَةِ بِالأَذَانِ الثَّالِثِ فَأُذِّنَ بِهِ عَلَى الزَّوْرَاءِ فَثَبَتَ الأَمْرُ عَلَى ذَلِكَ)[4]، فمعنى ثبوت الأمر استمرار اجتهاد الخليفة عليه، وعدم اعتراضٍ عليه، ورضا من كان يحضر الجمعة من الصحابة والتابعين به.

وأهمية هذا الإجماع لا تَخفى، قال سيد حفَّاظ زمانه في فتح الباري: (والذي يظهر أن الناس أخذوا بفعل عثمان في جميع البلاد إذ ذاك لكونه كان خليفة مطاع الأمر)، (انتهى 55/5)، وحُجِّيَّةُ الإجماع مما آتانا الرسول (صلى الله عليه وسلم)، كما يأتي تحقيقه في مبحث التراويح، (وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ)[5]، فإذاً الأذان المبدع في ظهر يوم الجمعة دلَّ عليه الكتاب أيضاً، ولكن باعتبار وسائط وليست مباشرةً، ولا خلل في ذلك، والله الموفق.

سنيّة الرواتب القبلية لصلاة الجمعة

وإذ بحثنا عن البدعة الحسنة التي أبدعها ذو النورين (رضي الله عنه) ظُهر يوم الجمعة وهي: الأذان الزائد على ما كان في زمن الرسول الأعظم (صلى الله عليه وسلم)، فلنبحث الآن عن سنة نبوية متعلقة بصلاة الجمعة أيضاً، ونبين آراءَ الفقهاء المختلفين فيها، وهي: الرواتب القبلية لصلاة الجمعة، ونقول:

اختلف الفقهاء قديماً وحديثاً في النافلة القبلية لصلاة الجمعة، هل هي سنةٌ راتبةٌ كراتبةِ الظهر؟ فذهب إلى هذا فريقٌ وإلى ذاك فريقٌ آخر، وفي عصرنا الحاضر قد تجدَّدَ ذلك الخلافُ، واشتدَّ الشقاق بين الفريقين، فلهذا رأيتُ الوقتَ وقتَ حاجةٍ لأن أكتبَ ما أعتُرُ عليه مما أُطالعه من الكتب الصحاح وآراء العلماء الأعلام، وأعرض ما أكتب أمام القرَّاء الكرام، ليختاروا منها المختار، ويتركوا ما يخالف الصواب.

فأقول "وبالله التوفيق والاستعانة": احتجَّ النافون لسنية قبلية الجمعة، ومنهم ابن القيّم "رحمه الله" - إمام أهل الآراء الشاذة - في كتابه زاد المعاد بـ: (أن رسول الله (صلى الله عليه وسلم) كان إذا فرغ بلالٌ من الأذان شرع في الخطبة، ولم يقمْ أحدٌ يركع ركعتين البتةَ، وهذه الظاهرة بظاهرها تدلّ على أن الجمعة كالعيد، لا سنة لها قبلها وعلى هذا الحكم تدلُّ السنة النبوية، فإن النبي (صلى الله عليه وسلم) كان يخرج من بيته فإذا رقى المنبر أَخَذَ بلال في أذان الجمعة، فإذا أكمله أَخَذَ النبي (صلى الله عليه وسلم) في الخطبة من غير فصل، فإذاً متى كانوا يصلُّون قبلية الجمعة؟)، انتهى (441/1).

وهذه هي أقوى أدِلَّة النافين لسنية قبلية الجمعة، وهذه الأدلة "كما ترى **أيها القارئُ** المُنْصِفُ!" لا تقريب لها فيُسقطها عن الاعتبار والتأثير مَن له إلمامٌ بآداب البحث، لأنَّ النافيَ لسنية القبلية ينهى عن فعلها، فينبغي أن يقيمَ دليلاً دالاً على أنَّ سنة الجمعة القبلية نهى عنها الشارع، ويُثْبِتَ ذلك بالدليل الصحيح، ومن المعلوم أنَّ الدليل السابق غيرُ موفٍ بالمقصود، حيث إنَّه لم يشتملْ على أيّ نَهْيٍ عن فعل الراتبة القبلية للجمعة، وغاية ما فيه أنَّ الرسول الأعظم(صلى الله عليه وسلم) لم يفعلها في المسجد، ويجوز أن يكون صلاَّها بعد الزوال وقبل الأذان في بيته قبل ما يخرج إلى المسجد، ويُؤَيِّدُ هذا ما في رواية ابن ماجة في سننه في قصة سليك الغطفاني الآتي ذكره، ويساعد هذا أيضاً ما قاله ابن القيم "رحمه الله" في كتاب الهدى: (

كان (صلى الله عليه وسلم) يمهل يوم الجمعة حتى يجتمع الناس فإذا اجتمعوا خرج إليهم)، انتهى (438/1)، ومن المحتمل أيضاً أن يكون الرسول (صلى الله عليه وسلم) كان يصلي الراتبة القبلية للجمعة مع البعدية لها في بيته بعدما رجع من صلاة الجمعة، كما يقول الرسول (صلى الله عليه وسلم): (اجْعَلُوا مِنْ صَلاَتِكُمْ فِي بُيُوتِكُمْ وَلاَ تَتَّخِذُوهَا قُبُورًا)[6].

وهذان الاحتمالان يُسْقِطان دليل النافين للسنية، لأنَّ ما استدلُّوا به وقائعُ أحوالٍ، ومن المقرَّر في أُصول الفقه: (إنَّ وقائع الأحوال إن تَطَرَّقَ عليها الاحتمال سَقَطَتْ عن الاستدلال)[7]، والحاجة إلى اعتبار هذه الاحتمالات ماسَّةٌ، حيث أن أدلة المثبتين لسنية القبلية قَوِيَّةٌ جداً، وفي قواعد أصول الفقه: (إن إعمال الأدلة المتعارضة أولى إن أمكن من إهمال بعضها، وإن كان ذلك البعض ضعيفاً)[8]، ورُبَّما يتمسَّكُ النافون للسنية بأحاديث النهي عن النافلة وقت الزوال، ويأتي ردُّ هذا من الفاضل الشوكاني "رحمه الله"، وليس لمدَّعي عدم السنية لقبلية الجمعة غير هذين الدليلين فيما عثرت عليه من كتبهم المعتمدة، وهما ضعيفان مردودان، أماطهما نسيم التحقيق، ووضعُهما على مائدة مُحَقِّقي الشريعة لا يليق، وأمَّا أدلة المثبتين للسنة المذكورة فكثيرة، منها ما هو قَوِيٌّ ومنها ما هو دون ذلك، ونستدلُّ فيما يأتي بالضعيف أيضاً، ليس لأنَّه دليل وحده، بل لأنه يعضد القويَّ، فيصير به أقوى، ونقول: استدلَّ المثبتون لسنية الرواتب القبلية لصلاة الجمعة بما رواه ابن ماجة في سننه: (عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ وَجَابِرٍ قَالاَ جَاءَ سُلَيْكٌ الْغَطَفَانِيُّ وَرَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) يَخْطُبُ فَقَالَ لَهُ النَّبِيُّ (صلى الله عليه وسلم) أَصَلَّيْتَ رَكْعَتَيْنِ قَبْلَ أَنْ تَجِيءَ قَالَ لاَ قَالَ فَصَلِّ رَكْعَتَيْنِ وَتَجَوَّزْ فِيهِمَا)[9]، قال ابن القيم "رحمه الله" في زاده: (ورجالُ هذا الإسناد ثقاةٌ، وقال الشيخ ابن تيمية الحراني "رحمه الله" وقوله (صلى الله عليه وسلم) قبل أن تجيءَ يدل على أن هاتين الركعتين سنةُ الجمعة وليست تحيةَ المسجد)، انتهى (445/1)، إذ صلاته قبل مجيئه المسجدَ لا يمكن أن تكون تحيَّةً، ومن أقوى ما يُتمسَّكُ به في مشروعية وسنية الراتبة المذكورة، عمومُ ما صححه ابن حبان في حديث عبد الله بن الزبير

مرفوعاً: (مَا مِنْ صَلاةٍ مَفْرُوضَةٍ إِلاَّ وَبَيْنَ يَدَيْهَا رَكْعَتَانِ[10]، ومثله حديث عبد الله بن مغفل برواية الإمام البخاري في صحيحه (فتح الباري للعسقلاني 312/3 و56/5): (قَالَ النَّبِيُّ (صلى الله عليه وسلم) بَيْنَ كُلِّ أَذَانَيْنِ[11] صَلاَةٌ بَيْنَ كُلِّ أَذَانَيْنِ صَلاَةٌ ثُمَّ قَالَ فِي الثَّالِثَةِ لِمَنْ شَاءَ[12]، فأثبت لنا رسول الله (صلى الله عليه وسلم) بعموم هذين الحديثين مشروعية قبلية الجمعة، إذ لو لم تكن مشروعة لاستثناها رسول الله (صلى الله عليه وسلم) من العموم نصّاً كما نصَّ (صلى الله عليه وسلم) على عدم مشروعيّة النوافل المطلقة في الأوقات الخاصّة، وأخرجها من عموم الأوامر الآمرة بالنوافل المطلقة، ولكن بالعكس إن الرسول الأعظم (صلى الله عليه وسلم) قد أكَّدَ الحكم والعموم بتكراره مرَّتين، كما هي سنته (صلى الله عليه وسلم) في ما اعتنى به، وإخراج سنة الجمعة من حكم هذا العامّ جَزَافاً وبلا دليل خروج عن السبيل المستقيم، والحديثان المذكوران من مشاهير الصحاح، فلا يُشَكُّ في صِحَّتِهِمَا.

ومما يدل على سنية القبلية المذكورة وغيرها من قبليات الصلوات الأُخرى بدلالة العام على جميع أفراده مطابقةً حينَ عدمِ المخصّصِ ما رواه الشيخان واللفظ للترمذي من حديث طويل: (قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم): يَا بِلاَلُ بِمَ سَبَقْتَنِي إِلَى الْجَنَّةِ؟ ...فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ ! مَا أَذَّنْتُ قَطُّ إِلاَّ صَلَّيْتُ رَكْعَتَيْنِ وَمَا أَصَابَنِي حَدَثٌ قَطُّ إِلاَّ تَوَضَّأْتُ عِنْدَهَا وَرَأَيْتُ أَنَّ لله عَلَيَّ رَكْعَتَيْنِ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم): بِهِمَا[13]، فتقرير المصطفى (صلى الله عليه وسلم) لسنة الوضوء وسنة القبلية حجة على سنيتهما ولو كان بصيغة العموم، ومن الأدلة العامة أيضاً ما رُوِيَ عن سعيد بن المسيَّب (رضي الله عنه) أَنَّه كان يقول: (حقٌّ عَلَى كُلِّ مُؤْمِنٍ إِذَا أَذَّنَ الْمُؤَذِّنُ أَنْ يَرْكَعَ رَكْعَتَيْنِ)[14] فتح الباري (311/3).

وإذ أثبتنا فيما سبق سنية قبلية الجمعة بالأدلة العامة، حان الأوان لأن نثبتها بالأدلة الخاصَّة، لِتصفوَ قلبُ المخالفِ وينقاد لهذه السنة النبوية الشريفة، فإليك ما يرويه أبو داود في سننه حول هذا الموضوع، مع شرحه عون المعبود:((عَنْ نَافِعٍ قَالَ كَانَ ابْنُ عُمَرَ يُطِيلُ الصَّلاَةَ قَبْلَ الْجُمُعَةِ وَيُصَلِّي بَعْدَهَا رَكْعَتَيْنِ فِي بَيْتِهِ وَيُحَدِّثُ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) كَانَ يَفْعَلُ ذَلِكَ) [15]، وحديث ابن عمر قال النووي صحيح على شرط البخاري، وقال العراقي في شرح الترمذي إسناده صحيح لا جرم، وقال الحافظ ابن الملقن في رسالته إسناده صحيح وأخرجه أيضاً ابن حبان في صحيحه، والحديث يدل على مشروعية الصلاة قبل الجمعة ولم يتمسك المانع من ذلك إلا بحديث النهي عن الصلاة وقت الزوال، وهو مع كون عمومه مخصصا بإخراج يوم الجمعة من النهي ليس فيه ما يدل على المنع من الصلاة قبل الجمعة على الإطلاق، وغاية ما فيه المنع وقت الزوال وهذا غير محل النزاع. والحاصل أن الصلاة قبل الجمعة مرغب فيها عموما وخصوصا، قاله الشوكاني)،انتهى ما في عون المعبود شرح سنن أبي داود (438/1).

وفي جامع الترمذي مع شرحه تحفة الأحوذي:((عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ أَنَّهُ كَانَ يُصَلِّي قَبْلَ الْجُمُعَةِ أَرْبَعًا وَبَعْدَهَا أَرْبَعًا[16] أخرجه عبد الرزاق ورواه الطبراني عن ابن مسعود مرفوعاً، انتهى ما في تحفة الأحوذي (371/1)، (وإلى هذا ذهب ابن المبارك والثوري وبعض أصحاب أحمد)، زاد المعاد لابن القيم (448/1)، ويقال إن الإمام البخاري "رحمه الله" نفسه ممن ذهب إلى سنية قبلية الجمعة، حيث عمل في صحيحه ما يدل على ذلك، وإليك **أيها القارئ الكريم!** عبارة جامعه الصحيح مع شرحه للحافظ العسقلاني:

(باب الصلاة بعد الجمعة وقبلها) (عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) كَانَ يُصَلِّي قَبْلَ الظُّهْرِ رَكْعَتَيْنِ وَبَعْدَهَا رَكْعَتَيْنِ... إلى آخر الحديث وفيه... وَكَانَ (صلى الله عليه وسلم) لاَ يُصَلِّي بَعْدَ الْجُمُعَةِ حَتَّى يَنْصَرِفَ فَيُصَلِّي رَكْعَتَيْنِ[17]، قال ابن المنير في الحاشية: كأن البخاري يقول الأصل استواء الظهر والجمعة ... لأن الجمعة بدل من الظهر وكانت عنايته بحكم الصلاة بعدها أكثر، ولذلك قدمه في الترجمة على خلاف العادة في تقديم القبل على البعد انتهى. ووجه العناية المذكورة ورود الخبر في البعد صريحا دون القبل...وقال ابن المنير أيضاً إن البخاري قصد التسوية بين الجمعة والظهر في حكم التنفل كما قصد التسوية بين الإمام والمأموم في الحكم، وذلك يقتضي أن النافلة لهما سواء.

فالظاهر من هذا الذي مرَّ أن الإمام البخاري "رحمه الله" استوى عنده صلاة الجمعة مع صلاة الظهر في الرواتب القبلية والبعدية فلهذا أورد رواتب الظهر في ترجمة رواتب الجمعة ...وقال ابن بطال : إنما أعاد ابن عمر ذكر الجمعة بعد الظهر من أجل أنه (صلى الله عليه وسلم) كان يصلي سنة الجمعة في بيته بخلاف الظهر والحكمة فيه أن الجمعة لما كانت بدلاً عن الظهر واقتصر فيها على ركعتين ترك التنفل بعدها في المسجد خشية أن يظن أنها التي حذفت. انتهى... وقال ابن التين: لم يقع اسم الصلاة قبل الجمعة في هذا الحديث، فلعل البخاري أراد إثباتها قياسا على الظهر، انتهى... والذي يظهر أن البخاري أشار إلى ما وقع في بعض طرق حديث الباب، وهو ما رواه أبو داود وان حبان من طريق أيوب عن نافع قال " كان ابن عمر يطيل الصلاة قبل الجمعة ويصلي بعدها ركعتين في بيته ويحدث أن رسول الله (صلى الله عليه وسلم) كان يفعل ذلك " واحتج به النووي في الخلاصة على إثبات سنة الجمعة التي قبلها... وورد في سنة الجمعة التي قبلها أحاديث أُخرى ضعيفة منها: عن أبي هريرة ما رواه البزار بلفظ " كان يصلي قبل الجمعة ركعتين وبعدها أربعا ", وعن علي " كان يصلي قبل الجمعة أربعا وبعدها أربعا " رواه الأثرم والطبراني في الأوسط... وعن ابن عباس مثله). انتهى ملخص ما في الفتح (95/5). واحتج بعض العلماء على سنية قبلية الجمعة بأدلة أُخرى غير ما ذكرنا، منها: أن الجمعة ظهر مقصورة فتَثْبُتُ لها أحكامها، ومنها أن صلاة الجمعة تشبه الظهر من حيث الوقت فتُقَاس عليه فيما يُسَنُّ للظهر قبلاً وبعداً، فإن كان بينهما فرقٌ لَبَيَّنَه الرسول الأعظم(صلى الله عليه وسلم)، وَلَنَهى عن قبلية الجمعة صريحاً،

كما صرح(صلى الله عليه وسلم) بالنهيِ عن النافلة في الأوقات التي تُكْرَهُ فيها النافلة المطلقة، والنهي عن مثل هذه الصلاة غير موجود في الصحاح، وكذا في غير الصحاح أيضا، ومنها أن صلاة الجمعة بدل عن صلاة الظهر، وقد ذَكَرَتِ السنة النبوية نافلة الظهر قَبْلاً وبَعْداً، فَدَلَّت على أن الجمعة كذلك، وهذه الأدلة الأخيرة وإن كان فيها ضُعْفٌ ولكن سَرَدْتُهَا تأييداً للأدلة القويَّة السابقة لتصيرَ بها أقوى.

وأنقُلُ لَكَ أيُّها العزيز! فيما يأتي نصَّ الإمام النووي "رحمه الله" في مجموعه ونصَّ الإمام ابن قدامة المقدسي الحنبلي "رحمه الله" في كتابه المغني، قال الإمام النووي: (فرع: في سنة الجمعة قبلها وبعدها، تُسَنُّ قبلها وبعدها صلاة، وأقلُّها ركعتان قبلها وركعتان بعدها، والأكمل أربعٌ قبلها وأربعٌ بعدها).ونقل النووي أيضاً هذا الحكم عن أبي القاص وصاحب التهذيب وصاحب البيان، وساق بعضاً من الأدلة التي ذكرناها سابقاً، المجموع للنووي شرح المهذَّب لأبي إسحاق الشيرازي (503/3)، وأمَّا نصُّ الفاضل ابن قدامة فهو ما يأتي: (فصل: أمَّا الصلاة قبل الجمعة فلا أعلم فيه إلاَّ ما رُوِيَ (كَانَ النَّبِيُّ (صلى الله عليه وسلم) يَرْكَعُ قَبْلَ الْجُمُعَةِ أَرْبَعًا لاَ يَفْصِلُ فِي شَيْءٍ مِنْهُنَّ) أخرجه ابن ماجة[18]، وروى عمرو بن سعيد بن العاص عن أبيه قال: كنت أَبْقِي" أي أنتظر" أصحابَ رسول الله (صلى الله عليه وسلم)، فإذا زالت الشمس قاموا فصلُّوا أربعاً. قال أبو بكر: كنا نكون مع حبيب بن أبي ثابت في الجمعة فيقول: أزالت الشمس بعد؟ ويلتفت وينظر فإذا زالت الشمس صلَّى الأربع التي قبل الجمعة، وعن أبي عبيدة (عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ أَنَّهُ كَانَ يُصَلِّي قَبْلَ الْجُمُعَةِ أَرْبَعًا وَبَعْدَهَا أَرْبَعًا[19]. انتهى ما في المغني (109/2).

فقد قرأتَ **أيُّها القارئ العزيز!** ما عرضتُهُ أمامك من أدلة سنية الرواتب القبلية لصلاة الجمعة، من الأحاديث النبوية الشريفة الدالَّة على المطلوب في ضمن العموم والخصوص وآراء العلماء والأسئلة والأجوبة حول هذا الموضوع، والآن أُحَكِّمُكَ وأُحوِّلُ الحكم إلى إنصافك، فهل تَحْكُمُ على نافلة دلت على سنيتها هذه الباقة العظيمة من الأحاديث النبوية وآثار وأقوال السلف والخلف من أصحاب المذاهب وغيرهم وقام بفعلها السواد الأعظم من المسلمين منذ أزيد من أربعة عشر قرنا؟ ولم يُخالف في ذلك إلاّ قِلَّةٌ من العلماء الذين ديدنهم المخالفة، ويرون النزاع والمخالفة مع السلف الصالح فخراً، فهل تحكم عليها بأنها منهيٌّ عنها، في حين لم تر أيَّ نهيٍ من الشارع عليها، بل رأيت الحث عليها من الشارع الحكيم في الأدلَّة السابقة ؟

اللهَ اللهَ أيُّها القارئ الكريم أن تنهى عن شيء لم تنهَ عنه الشريعة المطهَّرة، ولا سيَّما الصلاة، وابتعد بنفسك عن وعيد الباري(جلّ جلاله) في قوله: (((أَرَأَيْتَ الَّذِي يَنْهَى ~ عَبْدَاً إِذَا صَلَّى)) [20]، وأخيراً أرجو الله الكريم لي ولكم الإرشاد والتوفيق في كل الأُمور، وأن نسير في جميع أُمورنا مع شريعة المصطفى (صلى الله عليه وسلم)، وأن يُجَنِّبَنَا الباري (جلّ جلاله) بلطفه من الشياطين المضلِّين عن الصواب والإصغاء إليهم، وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين.

الهوامش:

1- بخاري/ الجمعة/912، ترمذي/ الجمعة/ 516، نسائي/ الجمعة/ 1392، ابن ماجة/ إقامة الصلاة/ 1135، أبو داود/الصلاة /1087، صحيح ابن خزيمة (168/3)/ 1837، صحيح ابن حبان (563/4)/ 1673، سنن البيهقي الكبرى (192/3) /5472، مصنف عبد الرزاق (206/3) /5348، المعجم الكبير (145/7)/6642 .

2- ترمذي/ جمعة/ رقم 516، نسائي/ جمعة /1394، ابن ماجة /إقامة الصلاة /1135، صحيح ابن خزيمة (168/3)/1837، والمعجم الكبير للطبراني (145/7).

3- نقله صاحب كتاب عمدة القاري في شرح صحيح البخاري (210/6).

4- بخاري/ جمعة/ 916، نسائي/ جمعة/ 1392، أبو داود/ صلاة/ 1087، وابن ماجة/ أذان/716، وبلفظ (فثبت حتى الساعة): المنتقى لابن الجارود (81/1)/ 290 وسنن البيهقي الكبرى (192/3)/ 5472.

5- سورة الحشر / آية (7) .

6- رواه البخاري/ الجمعة/ رقم 1187 ومسلم/ صلاة المسافرين/ رقم 777 .

7- أنظر شرح تنقيح الفصول في اختصار المحصول لأحمد بن إدريس القرافي ص(186).

8- أنظر جمع الجوامع مع حاشية العطّار (66/2) والإبهاج في شرح المنهاج لعلي بن عبد الكافي السبكي (169/2).

9- حديث سليك رواه البخاري/ الجمعة/930 ومسلم/ الجمعة/ 875 ، ورواه ابن ماجة/ إقامة الصلاة/ 1114 وأبو يعلى (449/3)/ 1946 بزيادة (قبل أن تجيء).

10- صحيح ابن حبان (208/6)/2455، سنن الدارقطني (267/1)/7، موارد الظمآن (162/1) /615 وعزاه صاحب مجمع الزوائد إلى الطبراني (231/2).

11- أي: الأذان والإقامة، فهو من باب التغليب، ويحتمل أن يكون من باب الحقيقة، لأن في الأذان إعلام الغائبين وفي الإقامة إعلام الحاضرين. عمدة القاري للعيني (138/5).

12- بخاري/ الأذان/ 627 ، ومسلم/ صلاة المسافرين/ 839 .

13- الترمذي/ المناقب/ 3689، صحيح ابن خزيمة (213/2)/ 1209، الحاكم في المستدرك على شرط الشيخين (457/1)/ 1179، وأحمد/ باقي مسند الأنصار/ 22487، وبلفظ (ألي لم أتطهر طهوراً ...إلا صليت) بخاري/ الجمعة/ 1149 ومسلم/ فضائل الصحابة/ 2458، وبلفظ (ما أحدثت) ابن حبان (561/15)/ 7086.

14- ونقله أيضاً صاحب تحفة الأحوذي (470/1)/23، في باب ما جاء في الصلاة قبل المغرب.

15- بخاري/ الجمعة/ 937 ومسلم/ صلاة المسافرين/729 واللفظ لأبي داود/ الصلاة/ 1128.

16- ترمذي/ الجمعة/523، ابن ماجة/ إقامة الصلاة/1129، مصنف ابن أبي شيبة (463/1)/ 5360، مصنف عبد الرزاق (247/3)/ 5524، المعجم الأوسط (172/2)/ 1617 والمعجم الكبير (310/9)/ 9551.

17- بخاري/ الجمعة/ رقم 937 ومسلم/ صلاة المسافرين/ رقم 723 .

18- انظر الهامش رقم (36).

19- سبق تخريجه، أُنظر الهامش رقم (36).

20- سورة القلم/ آية (9،10).

دور صلاح الدين الأيوبي
في إنتشار المذهب الشافعي في مصر والشام والعراق وإقليم الجزيرة- أربيل

الشيخ حسام الدين جودت عمر
إمام وخطيب جامع حاج صالح الدباغ في أربيل

مع مجيء الأيوبيين وسيطرتهم على مصر سنة 567 ه / 1171م حدثت تغيرات جوهرية في التكوين الأثني والطبقي للمجتمع المصري، فقد كانت مصر خاضعة للفاطميين، وسيطروا على كل مرافق الحياة والبسوها لباس مذهبهم وكانوا دعاة للمذهب حتى العظم ولم يألوا جهداً في تثبيت عقائدهم وآراهم الفقهية وعدم الاهتمام بالمذاهب الأخرى، حيث أصبحت البلاد معقلاً للمذهب الشيعي، فمع مجيء صلاح الدين الايوبي وسيطرته على مصر تغير الحال رأساً على عقب فبدأ بالدعوة إلى الأخذ بالمذهب الشافعي رحمه الله وكان في حاشيته مجموعة من الفقهاء الشافعية.

دواعي وأسباب الأخذ بالمذهب الشافعي:

يقول الإمام محمد أبو زهرة في كتابه (تاريخ المذاهب الاسلامية ص 473/ لما آل الحكم إلى الايوبيين قوى المذهب الشافعي وجعل له السلطان الأكبر في الدولة.

ولا نبالغ حين نقول إن المذهب الشافعي السائد في الجغرافية الاسلامية الواسعة يعود إلى جهود صلاح الدين الايوبي من خلال بناء المدارس ووقف الاوقاف[1].

أشار إبن خلدون إلى أن غالبية الكرد على مذهب الامام الشافعي ت 204ه/819م / وقد توسع البدليسي في كتابه شرف نامه في مدى إنتشار المذهب الشافعي وعممها على كافة الكورد قائلاً (الأمة الكوردية جميعها تتمذهب بمذهب الامام الشافعي رحمه الله).

ويعزى سبب إنتشار المذهب الشافعي بين الكورد إلى نشاط الدعاة والفقهاء الذين تخرجوا في المدارس النظامية والتي أنشئت في الأساس لنشر المذهب الشافعي[2].

ومن الأسباب التي أدت إلى شيوع وذيوع المذهب الشافعي يعود إلى متانة المذهب وإستيعابه لأداء المذاهب الثلاثة (المالكي، الحنفي، الحنبلي)، وكذلك لكثرة تلاميذه النشطاء الذين سارعوا في تدوين ونشر مذهبه فمذهب الشافعي موجود الان في مصر والشام وفلسطين وعدن وحضرموت والعراق وباكستان والمملكة العربية السعودية وأندونسيا(3).

تأثير المدرسة النظامية

فإن المذهب الشافعي رحمه الله كان له الغلبة في إقليم الجبال، بل وفي العديد من أقاليم المشرق الاسلامي حيث عملت بعض المؤثرات السياسية على ذيوعه وخاصة مع تأسيس المدرسة النظامية في العصر السلجوقي الأول، فقد كان الوزير المشهور قوام الدين أبو علي الحسن بن علي الملقب بنظام الملك وعمل ثلاثين سنة وزيراً نشطاً راعياً للعلم والعلماء وخاصة أنه كان يتمذهب المذهب الشافعي ويعتقد بأصول العقيدة الاشعرية، فأنشأ المدرسة النظامية في بغداد والحقها بمدارس عديدة في مدن المشرق الاسلامي لنشر المذهب الشافعي وأختار لكل مدرسة صفوة من أئمة الشافعية والاشاعرة، فكان طبيعياً أن يزدهر المذهب الشافعي في المشرق الاسلامي إزدهاراً عظيماً، والتحق من أبناء الأقليم الكثيرون وتخرجوا منها وأصبحوا من دعاة المذهب الشافعي ووضعوا العديد من المصنفات التي تناولت هذا المذهب(4). وأغتيل نظام الملك على يد المناؤيين في 485 ه / 1092م.

جهود صلاح الدين الايوبي لنشر المذهب الشافعي

قسم صلاح الدين دولته إلى أقاليم إدارية يتمتع كل منها بإمكاناته الخاصة وطابعه المميز، مثل مصر والشام وشمال العراق والنوبة والمغرب واليمن والحجاز وكانت القاهرة مركز حكومته ومنها تصدر الأوامر إلى مختلف الأقاليم.

سار النشاط العمراني في دولة صلاح الدين الايوبي في خط متواز مع النشاط العسكري الجهادي، ولعل اهم إنجازاته العمرانية هي:

1- المدارس 2- تكوين طبقة مثقفة 3- الاوقاف
4- إستقطاب العلماء والطلاب من العراق وباقي دول المشرق الاسلامي.

وأول مدرسة بناها صلاح الدين في مصر هي مصر المدرسة الناصرية بالفسطاط (القاهرة) سنة 566ه/1170م وخصصها للشافعية كنا بنى مدرسة أخرى للشافعية بجوار مقبرة الامام الشافعي سميت بالمدرسة الصلاحية، كما بنى مدرسة في الاسكندرية 577ه/ 1176م وأمر بفتح مدرسة في القدس بعد أن فتحها للشافعية ووقف لها وقافاً حسنة[5].

الشافعي وأصول العقيدة الاشعرية

بدأت حركة إنشاء المدارس في عام 572 ه/ 1176م أي بعد تمكن صلاح الدين من إخضاع معظم الشام لسلطانه ثم عودته إلى مصر لتدبير شؤونها ففي هذا العام أمر ببناء مدرستين أحداهما للشافعية عند قبر الامام الشافعي عرفت بالمدرسة الصلاحية وتوال إنتشار المدارس في أرجاء مصر وغيرها من البلاد من قبل أمراء الايوبيين وأعوانهم ولن نستطيع الحديث عن كل هذه المدارس لكثرتها.

(الصلاحية، المشهد الحسيني، الفاضلية، دار الحديث الكاملي وأسند مشيختها إلى الحافظ أبن الخطاب عمر بن الحسن المعروف بإبن دمية الصالحية).

وأنشأ صلاح الدين مدرسة للشافعية بمدينة القدس وأنشأ ست الشام زمردخان (أخت صلاح الدين) مدرسة للشافعية بدمشق وفي حلب أيضاً مدرسة تولاها الفقيه بهاء الدين بن شداد (التاريخ السياسي والفكري، د.عبد المجيد الفتوح، عالم المعرفة، جدة).

إذن فإن نشر المذهب الشافعي رحمه الله لم يكن على عاتق صلاح الدين الايوبي وحده، بل تخطى ذلك إلى الأسرة الايوبية ككل فقد شاركت هذه الاسرة بكل ما أوتيت من قوة في نشر هذا المذهب، في ربوع البلاد والاقاليم التي تحت حكم وإدارة الايوبيين. والجدير بالذكر أن الاسرة الايوبية كانوا على مذهب الامام الشافعي أما بالنسبة للقائد صلاح الدين الايوبي رحمه الله تعالى فقد كان على دراية وإطلاع على الفقه الشافعي حيث كان يحفظ كتاب (التنبيه) في الفقه الشافعي للإمام أبي إسحاق الشيرازي وهو من أساتذة المدرسة النظامية في بغداد، وهو من الكتب المشهورة والتي كانت تدرس في النظامية. ولإهتمامه بمذهب أهل السنة والجماعة جعل القضاة والمدرسين على المذهب الشافعي (جهود صلاح الدين الايوبي في إحياء المذهب السني في نصر والشام 564ه / 589 ه / 1169م / 1172م محمد الرحيل غرايبة / مجلة مؤتة / مجلد 10 العدد [3] ، 1995، المملكة الاردنية.

فقام صلاح الدين الايوبي رحمه الله تعالى في سنة 566ه / 1171م بإسناد القضاء في مصر إلى الفقيه الشافعي صدر الدين عبد الملك إبن درباس الكردي 605ه/1209م وأصبح قاضي القضاة، وقام هو بإسناد مناصب القضاء في المدن المصرية الأخرى إلى فقهاء الشافعية بعد أن كان محصوراً على المذهب الشيعي المنحل بسقوط الدولة الفاطمية العبيدية.

فكان الفقهاء والعلماء والقضاة خير سند لصلاح الدين فإذا هو حارب الاعداء بالسيف، فهؤلاء حاربوه بالقلم واللسان، وكان للفقيه الشافعي الكردي عيسى الهكاري 589 ه / 1193م / دور كبير في مساندة صلاح الدين، وإقناع كبار الأمراء المعارضين لصلاح الدين.

وكذلك لا يقل دور الفقيه زين الدين بن النجا 600 ه / 1204م حيث يعود له الفضل في كشف المؤامرة التي دبرها عمارة اليمني والتي استهدفت قتل صلاح الدين الايوبي رحمه الله وكذلك القاضي الفاضل عبد الرحيم بن علي البيساني 549ه / 1200م / يقول فيه صلاح الدين (لم أفتح البلاد بسيفي وإنما برأي القاضي الفاضل عبد الرحيم على البيساني رحمه الله (جهود صلاح الدين في إحياء المذهب السني، المصدر السابق).

لم تكن الانتصارات التي حققتها الايوبيون نتيجة القوة العسكرية فقط أنها كانت نتيجة النهضة الشاملة العمرانية وبروز كوكبة من العلماء الافذاذ ساهموا في توعية الناس في فضل الجهاد وأحجوا مشاعرهم.

وكان العلماء خير سند لصلاح الدين، وهذا كان وفاءً منهم لصلاح الدين الايوبي الذي راعى مكانتهم فوفر لهم المال والمكان كي يتفرغوا للعلم وإعداد العلماء، وأدخل صلاح الدين الايوبي كثيراً من أبناء الاسرة الايوبية في الكتاتيب والمدارس فبرز عدد غير قليل من العلماء وعلى رأسهم المؤرخ الشهير أبو الفداء صاحب حماه 732ه/1331م مؤلف كتاب المختصر في تاريخ البشر.

وكذلك برزت شخصيات نسائية من الاسرة الايوبية تبوأت مهام كبيرة كست الشام بنت أيوب 616ه/1220م شقيقة صلاح الدين أقبلت على بناء المدارس والمساجد والاوقاف وأسمها زمرد خاتون بنت أيوب بن شادي وجعل في مشيخة مدرستها التي بناها وسميت بالمدرسة الجوانية العالم الشهير ابن صلاح الدين الشهرزوري بقى مدرساً فيها لحين وفاته 643ه/1244م[6].

وكذلك أيضاً برزت أسر علمية كردية بعد أن استتب الأمر للأيوبيين في مصر 567ه/1171م وأصبحت لهم الريادة في قيادة الجيش وإدارة البلاد. حيث برزت اسر مثل الشهرزورية والمارانية والهندبانية – وإبن خلكان الاربلي والهكارية ، والتي كانت لهم مشاركة فعالة في بروز ونيوع المذهب الشافعي فقها وقضاء ورئاسة.

فقد تولى قاضي القضاة في الديار المصرية أبو القاسم عبد الملك بن عيسى بن درباس الماراني الشافعي الكردي 615ه / 1208م والفقيه أبو إسحاق ابراهيم أبك السنجاري الشافعي 641ه/1243م الذي تولى القضاء كما أن القاضي الشافعي المعروف بدر الدين يوسف بن الحسن بن علي السنجاري ت 663ه/1287م من كبار قضاة مصر.

وقد وصل العدد التقريبي للقضاة والفقهاء في المذهب الشافعي (34) عالماً شافعياً (دراسات في التاريخ الايوبي ، د. شوكت عارف ، ط1/2018م ، مطبعة صلاح الدين أربيل).

والفقيه ضياء الدين عيسى بن محمد الهكاري 585ه/1189م عينه صلاح الدين على قضاء القاهرة سنة 585ه/1189م والفقيه القاضي صدر الدين عبد الملك الماراني قاضي قضاة مصر (الكرد في مؤلفات المقريزي ، د. فرهاد حاجي عيوش، أربيل، 2010م ، مطبوعات الاكاديمية الكوردية ، أربيل).

هذه كانت جولة سريعة لجهود صلاح الدين وأسرته في إحياء المذهب الشافعي في الديار المصرية ولا يقل أهمية دور صلاح الدين في باقي الأقاليم التي كانت تحت سيطرة الايوبيين فمثلاً في الديار الشامية انشئت مدارس تدرس فيها المذهب الشافعي وساهمت أسرته في ذلك كربيعة خاتون زوجة مظفر الدين كوكوري أمير اربيل المعين من قبل صلاح الدين الايوبي وقد أشتهرت مدرستة مهمة في الشام وهي المدرسة النورية الشافعية المعروفة بالعصرونية في حمص فبرز أيضاً في بلاد الشام فقهاء كبار من أبرزهم في حماة قاضي القضاة نجم الدين أبو محمد، وكذلك عبد الرحيم بن ابراهيم المعروف بإبن البارزي الجهني الحموي الذي شغل منصب قاضي القضاة في حماة دون ان يتقاضى أي راتب وتعويض وله كتاب (إظهار

الفتاوي في أغوار الحاوي للمارودي في الفقه الشافعي والمغني مختصر التنبيه للشيرازي في الفقه الشافعي) توفي 738 ه/ في حماة[7].

المذهب الشافعي في أربيل

وكان المذهب الشافعي هو الغالب على المذاهب الأخرى حيث أن الاغلبية العظمى من علمائها ولاسيما الفقهاء كانوا من دعاة المذهب الشافعي ويمكن القول أن هم أسباب انتشار هذا المذهب في أربيل يرجع إلى تدريس الفقه الشافعي من قبل العلماء الذين تولوا مهمة التدريس بهذه المدينة والذين تعلموا الفقه على هذا المذهب وأخذوها من منابعها وشيوخها المتمثلة بالمدرسة النظامية وكانت مدارس أربيل شافعية بإستثناء المدرسة المظفرية التي تدرس فيها على المذهبين الشافعي والحنفي فضلاً عن أكثر الذين زاروا هذه المدينة كانوا من أتباع الامام الشافعي رحمه الله تعالى.

وكان لدور أمراء هذه المدينة أبلغ الاثر في إزدهار علوم الفقه وخاصة مظفر الدين كوكبوري رحمه الله 630ه/1232م.

المدرسة المظفرية

تعد من المدارس الكبيرة كان التدريس بها على المذهبين الشافعي والحنفي.

وقد رتّب صاحب أربل فقهاء المذهبين ليتولوا التدريس بها وكان يقوم بالاشراف عليها بنفسه.

وتولى التدريس ابو عبد الله محمد بن ابراهيم بن خلكان الأربلي على مذهب الامام الشافعي ت 610ه/1213م.

خلفه أبو الفضل أحمد بن كمال الدين ابن منعة الله الاربلي الفقيه الشافعي 610ه/1213م ويبدو أن المؤرخ شمس الدين أبو العباس بن خلكان الاربيلي ت 618ه/1282م كان يحضر دروسه فتفقه عليه وكان والده يدرس أيضاً في هذه المدرسة وولد في سنة 608ه/ 1222م.

أبو سعيد عبد الفقار بن محمد القوماني الاعلمي من شيوخ الشافعية.

وأبا عبد الله الحسين بن ابراهيم بن ابي بكر بن خلكان الاربيلي 623ه/1226م كان فقيهاً شافعياً تولى التدريس بعدة مدارس بأربيل[8].

العالم سليمان بن المظفر بن موسى بن منصور أبو الربيع الاربيلي كان معلماً في أربيل ولد في قلعتها 566ه/1170م وفتح مكتباً يؤدب فيه الصبيان ومن ابرز تلاميذه ابن الشعار الموصلي صاحب كتاب (عقود الجمان في شعراء الزمان)

المسجد الجامع في القلعة وهو أقدم مسجد في القلعة ولا تمدنا المصادر بمعلومات مؤسسة والحقبة التي أسس فيها يمكن القول بأن أقدم مسجد جامع وجد في أربيل ساهم المسجد الجامع في مجال الحركة العلمية ونشر المذهب الشافعي بدليل فقد تولى مشيخة ومهمة التدريس به القاضي بلال بن رمضان بن جلال المتوفي في حدود القرن السادس الهجري فقيه متدين فكانت له مجالس ومناظرات علمية حضرها ابن المستوفي وسمع منه.

ولعل أبرز من تولى مهمة التدريس بهذا المسجد هو الامام أبو المظفر المبارك بن ظاهر بن المبارك الخزاعي البغدادي ت 600ه/1203م / وقد سكن منذ صباه أربيل وهو فقيه شافعي ومحدث مشهور ذكره ابن المستوفي في تاريخ أربل.

ومن أبرز الذين تولوا مهمة الخطابة بهذا الجامع أبو عمرو عثمان بن عبد الله بن غياث الاربيلي ت608ه /1211م.

2- المسجد الجامع المظفر أو الزيني.

وعيّن القاضي أبو محمد جعفر بن محمود بن هبة الله ت 604ه/1207م عينه الملك مظفر الدين كوكبوري خطيباً على الجامع وكان هذا فقيهاً شافعياً

ومن علماء هذا الجامع قاسم بن عبد السلام السنجاري المتوفي 605ه/1208م وكان والد ابن المستوفي له قبة قريب من الجامع يتنزل فيه العلماء للمناظرة والمدارسة.

ومن المساجد التي ساهمت في التطور والازدهار العلمي مسجد الكف (ينجه علي)

ظهرت في أربيل مدارس عديدة ساهمت في نشر العلم والمذهب الشافعي سواء في القلعة

المدرسة العقيلية في القلعة نسبة إلى الفقيه ابو العباس المظفر بن شعرين عقيل الاربيلي 567ه/1171م عارف بالمذهب والفرائض تخرج عليه العديد من العلماء والفقهاء

ومن الذين تخرجوا لديه الفقه أو عمرو ضياء الدين عثمان بن عيسى الهذياني المراني ت 602ه/1205م صاحب كتاب (الاستقصاء لمذاهب الفقهاء)

رباط للزهد (حانقاه) فقد أشار ابن المستوفي إلى تولي المشيخة والتدريس به أبو محمد عبد الرحمن بن ابي البركات المعروف بإبن المشتري ت 619ه / 1222م كان فقيهاً شافعياً ومحدثاً ومن تلاميذه ابن المستوفي.

زوايا: زاوية الغرباء بنيت من قبل السلطان مظفر الدين تقع بدرب المنارة وكان من روادها أبو القاسم عبد الله بن برواحة الصقيلي ت 646ه/1248م وهو فقيه شافعي ويعتقد د. محسن أنه مزار إما محمد المشهور في أربيل.

زاوية اكبش: فقد كان العباس أحمد بن شجاع بن منعة الاربيلي وهو فقيه شافعي ت 621ه/1222م

وبرز العالم أبو سعيد محمد بن علي الجاواني الشافعي 468ه وهو من طلاب الفقيه الشافعي الكياهراس

ومن فقهاء الشافعية في أربيل أبو الحسن علي بن محمد بن هبة الله الكفرعزي 524ه توفي 600ه كان فقيهاً شافعياً محدثاً ومن علماء اربيل مفتي الشام كمال الدين أبو الفضائل سلار بن الحسن بن عمر الاربيلي الفقيه الشافعي المشهور.

المصادر:

1- صلاح الدين الايوبي/ محمد علي صلابي، ص257-258.
2- الحياة الاجتماعية للكورد فائزة محمد أربيل، 2009م الاكاديمية ص 51.
3- المدخل لدراسة المذاهب والمدارس الفقهية ، د. عمر سليمان الأشقر، ص 169، ط4، 2007، دار النفائس.
4- إقليم الجبال ، ص 629 ، د. ممدوح محمد ، ط1، 2011م ، دار الوفاء الاسكندرية – مصر.
5- تاريخ الايوبيين في مصر وبلاد الشام وإقليم الجزيرة 569 ه 661ه / 1174 – 1263م ، د. محمد سهيل طقوش / دار النفائس ، ط1، 1999، ص 221-223.
6- تاريخ الكرد في العهود الاسلامية، ص 272.
7- (مملكة حماة الايوبية) عدنان سعد الدين ، ص 188 ، ط1، 2003م.
8- الحياة العلمية في أربيل / د. أميد جوزلي ابراهيم ، الفضل الناشر، ص 78، أربيل.

حكم من قال:
"اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى سَيِّدِنَا مُحَمَّدٍ عَدَدَ خَلْقِكَ"
هل يكتب له صلاة واحدة أم صلاة بِعَدَدِ الْخَلْقِ؟

د. نامق إسماعيل مصطفى الكزني
جامعة صلاح الدين، كلية التربية/ شقلاوة.

دأب المسلمون والصالحون في البقاع المعمورة لاسيما في كردستان مهد الأولياء والعلماء والصالحين منذ دهور تقييد الصلوات على حضرة النبي (صلى الله عليه وسلم) بعدد خلق الله تعالى، أو قطرات الأمطار، أو عدد الأحجار، ونحو ذلك، فظهر أناسٌ أنكروا صنيعهم، بل ونسبوهم إلى البدعة، بحجة عدم وروده عن النبي(صلى الله عليه وسلم ، وقال آخرُ: من قيد الصلواتِ بالمذكور لا يُحسبُ له إلا صلاة واحدة...إلى آخر ما سمعنا منهم، دون أن يعيروا لرأي الطرف الآخر اعتبارا، وكأنَّ المسألة من القطعيات، فأردت تحقيق المسألة وتأصيلها وبيان الاراء ومناقشة أدلتها مع بيان الراجح منها معضداً كلامي بالنقل عن الأئمة المحققين الورعين رضي الله عنهم، والعزو إلى مظانها من كتب العلماء المعتمدين؛ ليكون المصلي على الحبيب (صلى الله عليه وسلم) على بصيرة من أمره فيها، والله من وراء القصد.

وقبل الخوض في سرد الأدلة ينبغي ذكر قاعدة مهمة ألا وهي: أن التمسك في الصلوات بالمأثور عن المصطفى (صلى الله علية وسلم) هو الأصل، ومع ذلك لا يجب التوقف على ماورد من المأثور لأن الباب واسع، كما قال الإمام السخاوي رحمه الله: ((وقد روينا عن ابن مسدي [مقرّاً له] ما نصه: وقد روي في كيفية الصلاة على النبي (صلى الله عليه وسلم) أحاديثُ كثيرةٌ، وصنف في ذلك جماعةٌ جمعوا الأبوابَ وهذَّبوا التراجمَ، وذهبَ جماعةٌ من الصحابة فمَنْ بعدهم إلى أن هذا البابَ لا يوقف فيه مع المنصوص، وأنَّ من رزقه اللهُ بياناً فأبان عن المعاني بالألفاظ الفصيحة المباني، الصريحة المعاني، مما يُغْرِبُ عن كمال شرفِهِ، (صلى الله عليه وسلم) وعظيم حرمته، كان ذلك واسعاً، واحتجوا بقول ابن مسعود رضي الله عنه: أحسنوا الصلاة على نبيكم، فإنكم لا تدرون لعلَّ ذلك يعرض عليه))[1].

روي هذا الأثر ابن ماجه بلفظ: ((إِذَا صَلَّيْتُمْ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، فَأَحْسِنُوا الصَّلَاةَ عَلَيْهِ؛ فَإِنَّكُمْ لَا تَدْرُونَ، لَعَلَّ ذَلِكَ يُعْرَضُ عَلَيْهِ»، قَالَ: فَقَالُوا لَهُ: فَعَلِّمْنَا، قَالَ، قُولُوا: «اللَّهُمَّ اجْعَلْ صَلَاتَكَ، وَرَحْمَتَكَ، وَبَرَكَاتِكَ عَلَى سَيِّدِ الْمُرْسَلِينَ، وَإِمَامِ الْمُتَّقِينَ، وَخَاتَمِ النَّبِيِّينَ، مُحَمَّدٍ عَبْدِكَ وَرَسُولِكَ، إِمَامِ الْخَيْرِ، وَقَائِدِ الْخَيْرِ، وَرَسُولِ الرَّحْمَةِ، اللَّهُمَّ ابْعَثْهُ مَقَامًا مَحْمُودًا، يَغْبِطُهُ بِهِ الْأَوَّلُونَ وَالْآخِرُونَ، اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ، وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ، كَمَا صَلَّيْتَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ، وَعَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ، إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ، اللَّهُمَّ بَارِكْ عَلَى مُحَمَّدٍ، وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ، كَمَا بَارَكْتَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ، وَعَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ، إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ))[2]. ومحل الشاهد فيه قوله رضي الله عنه: ((فَأَحْسِنُوا الصَّلَاةَ عَلَيْهِ"، وهذا ظاهر))[3].

وقال الإمام مجد الدين محمد الفيروزآبادي (ت871هـ) رحمه الله، بعد الكلام على بعض الكيفيات المختارة من قبل العلماء من الصلوات على سيد البريات (صلى الله عليه وسلم): ...ما نصه ((إلى غير ذلك من الألفاظ التي فيها دليل على أن الأمر فيه سعة من الزيادة والنقص، وأنها ليست مختصة بألفاظ مخصوصة، وزمان مخصوص، لكن الأفضل الأكمل ما علمناه (صلى الله عليه وسلم))[4].

ومن صلوات الإمام الشافعي (ت204هـ)، رضي الله عنه، ما سطره في رسالته: ((وصلى عليه في الأولين والآخرين، أفضلَ وأكثرَ وأزكى ما صلى على أحد من خلقه. وزكانا وإياكم بالصلاة عليه أفضل ما زكى أحداً من أمته بصلاته عليه، والسلام عليه ورحمة الله وبركاته))[5]. وغير ذلك مما ورد مسنداً عن بعض السلف الصالح، أو في مقدمات كتبهم...

ولعل ماذكرنا من الأثارمع ماسأسردها من الاحاديث هو مستند توسع الائمة في صيغ الصلوات على النبي صلى الله عليه وسلم مع غيرها من القياس والادلة الاصولية الاخرى وفيما يأتي تفصيلها.

الحديث الأول: عَنِ سيدنا ابْنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنهما، عَنْ

السيدة جُوَيْرِيَةَ أُم المؤمنين رضي الله عنها، ((أَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) خَرَجَ مِنْ عِنْدِهَا بُكْرَةً حِينَ صَلَّى الصُّبْحَ، وَهِيَ فِي مَسْجِدِهَا، ثُمَّ رَجَعَ بَعْدَ أَنْ أَضْحَى، وَهِيَ جَالِسَةٌ، فَقَالَ: «مَا زِلْتِ عَلَى الْحَالِ الَّتِي فَارَقْتُكِ عَلَيْهَا؟» قَالَتْ: نَعَمْ قَالَ النَّبِيُّ

(صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): " لَقَدْ قُلْتُ بَعْدَكِ أَرْبَعَ كَلِمَاتٍ، ثَلَاثَ مَرَّاتٍ، لَوْ وُزِنَتْ بِمَا قُلْتِ مُنْذُ الْيَوْمِ لَوَزَنَتْهُنَّ: سُبْحَانَ اللهِ وَبِحَمْدِهِ، عَدَدَ خَلْقِهِ، وَرِضَا نَفْسِهِ، وَزِنَةَ عَرْشِهِ وَمِدَادَ كَلِمَاتِهِ))"[6] [7].

وفي رواية الترمذي ": ((أَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ لها: " أَلا أُعَلِّمُكِ كَلِمَاتٍ تَقُولِينَهَا:سُبْحَانَ اللَّهِ عَدَدَ خَلْقِهِ، سُبْحَانَ اللَّهِ عَدَدَ خَلْقِهِ، سُبْحَانَ اللَّهِ عَدَدَ خَلْقِهِ،

سُبْحَانَ اللَّهِ رِضَا نَفْسِهِ، سُبْحَانَ اللَّهِ رِضَا نَفْسِهِ، سُبْحَانَ اللَّهِ رِضَا نَفْسِهِ،سُبْحَانَ اللَّهِ زِنَةَ عَرْشِهِ، سُبْحَانَ اللَّهِ زِنَةَ عَرْشِهِ، سُبْحَانَ اللَّهِ زِنَةَ عَرْشِهِ،سُبْحَانَ اللَّهِ مِدَادَ كَلِمَاتِهِ، سُبْحَانَ اللَّهِ مِدَادَ كَلِمَاتِهِ، سُبْحَانَ اللَّهِ مِدَادَ كَلِمَاتِهِ))[8].

الحديث الثاني: عَنْ سيدنا أَبِي أُمَامَةَ الْبَاهِلِيِّ رضي الله عنه، ((أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) مَرَّ بِهِ وَهُوَ يُحَرِّكُ شَفَتَيْهِ، فَقَالَ: «مَاذَا تَقُولُ يَا أَبَا أُمَامَةَ؟» قَالَ: أَذْكُرُ رَبِّي، قَالَ: " أَفَلَا أُخْبِرُكَ بِأَكْثَرَ - أَوْ أَفْضَلَ - مِنْ ذِكْرِكَ اللَّيْلَ مَعَ النَّهَارِ، وَالنَّهَارَ مَعَ اللَّيْلِ؟ أَنْ تَقُولَ: سُبْحَانَ اللَّهِ عَدَدَ مَا خَلَقَ، وَسُبْحَانَ اللَّهِ مِلْءَ مَا خَلَقَ، وَسُبْحَانَ اللَّهِ عَدَدَ مَا فِي الْأَرْضِ وَالسَّمَاءِ، وَسُبْحَانَ اللَّهِ مِلْءَ مَا فِي الْأَرْضِ وَالسَّمَاءِ، وَسُبْحَانَ اللَّهِ عَدَدَ مَا أَحْصَى كِتَابُهُ، وَسُبْحَانَ اللَّهِ عَدَدَ كُلِّ شَيْءٍ، وَسُبْحَانَ اللَّهِ مِلْءَ كُلِّ شَيْءٍ، وَتَقُولُ الْحَمْدُ مِثْلَ ذَلِكَ)) [9].

الحديث الثالث: عَنْ سيدنا سَعْدِ بْنِ أَبِي وَقَّاصٍ رضي الله عنه((أَنَّهُ دَخَلَ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَلَى امْرَأَةٍ وَبَيْنَ يَدَيْهَا نَوًى - أَوْ حَصًى - تُسَبِّحُ بِهِ، فَقَالَ: «أُخْبِرُكِ بِمَا هُوَ أَيْسَرُ عَلَيْكِ مِنْ هَذَا - أَوْ أَفْضَلُ فَقَالَ: «سُبْحَانَ اللَّهِ عَدَدَ مَا خَلَقَ فِي السَّمَاءِ، وَسُبْحَانَ اللَّهِ عَدَدَ مَا خَلَقَ فِي الْأَرْضِ، وَسُبْحَانَ اللَّهِ عَدَدَ مَا خَلَقَ بَيْنَ ذَلِكَ، وَسُبْحَانَ اللَّهِ عَدَدَ مَا هُوَ خَالِقٌ،وَاللَّهُ أَكْبَرُ مِثْلُ ذَلِكَ، وَالْحَمْدُ لِلَّهِ مِثْلُ ذَلِكَ، وَلَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ مِثْلُ ذَلِكَ، وَلَا حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِاللَّهِ مِثْلُ ذَلِكَ)) [10].

قال الأمام ابن حجر المكي [معلقاً على حديث مسلم، وباقي الأحاديث من نفس الباب] ((وَفِيهِ دَلِيلٌ عَلَى أَنَّ مَنْ قَالَ ذَلِكَ يُكْتَبُ لَهُ مِثْلُ الْعَدَدِ الَّذِي ذَكَرَهُ، وَبِهِ تُقَاسُ الصَّلَاةُ عَلَيْهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، فَمَنْ قَالَ: اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى سَيِّدِنَا مُحَمَّدٍ عَدَدَ خَلْقِك، كُتِبَ لَهُ صَلَوَات بِعَدَدِ الْخَلْقِ، وَهَذَا كُلُّهُ مِنْ فَضْلِ اللَّهِ وَمِنَّتِهِ، وَمِنْ مَزِيدِ كَرَمِهِ وَسَابِغِ مِنَّتِهِ))[11].

ولذا لما سئل: عَنْ شَخْصٍ سَبَّحَ بِنَحْوِ سُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِهِ، عَدَدَ خَلْقِهِ إلَخْ، هَلْ الْمَرَّةُ مِنْهُ أَفْضَلُ مِمَّنْ يُسَبِّحُ بِسُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِهِ، وَيُعَدِّدُ مِنْ ذَلِكَ أَلْفَ مَرَّةٍ مَثَلًا؟ أجاب بقوله: ((بِقَوْلِهِ: نَعَمْ، هُوَ أَفْضَلُ مِنْ أُلُوفٍ مُؤَلَّفَةٍ؛ كَمَا دَلَّ عَلَيْهِ الْحَدِيثُ الصَّحِيحُ أَنَّهُ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دَخَلَ عَلَى بَعْضِ أُمَّهَاتِ الْمُؤْمِنِينَ وَعِنْدَهَا حَصَوَاتٌ كَثِيرَةٌ سَبَّحَتْ بِهَا..)).

الحديث الرابع: عَنْ سيدنا رَبِيعَةَ بْنِ عَامِرٍ رضي الله عنه، قَالَ: ((سَمِعْتُ النَّبِيَّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ: «أَلِظُّوا بِيَا ذَا الْجَلَالِ وَالْإِكْرَامِ))[12].

قال الإمام العز بن عبد السلام رحمه الله: ((لِأَنَّ الْأَلِفَ وَاللَّامَ فِي " بِيَا ذَا الْجَلَالِ وَالْإِكْرَامِ" مستغرقةٌ لأصناف الجنس في الإكرام والجلال، إذ لا إكرام إلا منه، وقَدْ اتصف بِكُلِّ جَلَالٍ وَكَمَالٍ، فانتظمت جميعُ صفاتِ السَّلب؛ إذ يصحَّ أن يقال: جلَّ عن كلِّ نقصٍ وعيبٍ، وشمِلَت جميعَ صفاتِ الإثبات؛ إذ يصحُّ أن يقال: جلَّ بعلمه وقدرته، وشمول كلمته ونفوذ إرادته)) .وعلل كلامه في موضع آخرقائلا: (("...فقَدْ يَكُونُ بَعْضُ الْأَذْكَارِ أَفْضَلَ مِنْ بَعْضٍ لِعُمُومِهَا وَشُمُولِهَا واشتمالها على جَمِيعِ الْأَوْصَافِ السَّلْبِيَّةِ وَالذَّاتِيَّةِ وَالْفِعْلِيَّةِ، فَيَكُونُ الْقَلِيلُ مِنْ هَذَا النَّوْعِ أكثر وأَفْضَلَ مِنْ الْكَثِيرِ من غيره؛ كَمَا جَاءَ فِي قَوْلِهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): «سُبْحَانَ اللَّهِ عَدَدَ خَلْقِهِ وَرِضَاءَ))[13].

جاء هذا الكلام من هذا الإمام جواباً لسؤال مفاده: ((وما يقول في المسبح يأتي بلفظ يفيد عدداً كثيراً، كقوله: (سبحان الله عدد خلقه) مرة واحدة، أو عدد هذا الحصى، وهو ألفٌ، هل يستوي أجرُهُ في ذلك وأجرُ من كرَّر لفظ التسبيح ألفَ مرةٍ أو لا؟))[14]، فأجاب بالذي اوردناه آنفا من الجواز والاجزاء. ونقله عنه الإمام ابن حجر المكي، وأقرّه عليه[15].

وقال العلامة ابن علان الشافعي رحمه الله بعد أن نقل كلام العز رحمه الله: "وفي فتاوى الحافظ ابن حجر العسقلاني سئل المحقق الجلال المحلي عما ورد من نحو هذا الخبر من حديث صفية[16]، فقال ما المراد منه حتى يرتفع فضل التسبيح الأقل زمناً على الأكثر زمناً؟

فأجاب: ((قيل في الجواب: إن لألفاظ الخبر سرًّا يفضل به على لفظ غيره، فمن ثمّ أطلق على اللفظ القليل أنه يشتمل على عدد لا يمكن حصره فما كان منها من الذكر بالنسبة إلى عدد ما ذكر في الخبر قليل جداً فكان أفضل من هذه الحيثية والله أعلم)).

وفي شرح الحصن الحصين للحنفي: ((واعلم أن قول سبحان الله وبحمده إذا كان مطلقاً محمولٌ على أول مرتبة وهي الوحدة، وإذا قيّد بقولنا: عدد خلقه، كان هذا المجمل قائماً مقامَ المفصل، فيقاربه ويساويه، وكذا الحال في باقي الأحاديث))[17].

ملحوظة مهمة: يؤخذ من كلام العلماء، أن من نذر أن يصلي على النبي (صلى الله عليه وسلم) عشر مرات، فقال: اللهم صلّ على سيدنا محمد عدد خلقك، فإنه لا يخرج عن عهدة نذره، إلا أن يصلي عليه (صلى الله عليه وسلم) عشر مرات؛ لأن العدد مقصود في باب النذر، والله أعلم، قال الإمام ابن علان الشافعي



رحمه الله:: ((لو نذر إنسان أن يقول (سبحان الله عشر) مرات، فقال سبحان الله عدد خلقه مرة فإنه لا يخرج عن عهدة نذره؛ لأن

العدد هنا مقصود)). وهذا لايناقض قولهم بالإجزاء ، كما لا يناقض قولهم في مَن نذر أن يصلي ألف صلاة لا يخرج عن عهدة نذره بصلاة واحدة في الحرم المكي، وإن كانت تعدلها من حيث الثواب.ومثله ما في معناه من الأخبار كخبر سورة الإخلاص تعدل ثلث القرآن فلا يخرج عن عهدة نذره قراءته، صرح بذلك امام الحرمين"[18].

الحديث الخامس: روى ابن بشكوال (ت578هـ) من طريق أبي الفرج عبدَوس بن محمد الطليطلي (ت390هـ)، عن أبي المطرِّف عبد الرحمن بن عيسى(ت363هـ) هو ابن مدارج رضي الله عنه، قال: ((قال النبي (صلى الله عليه وسلم): "من صلى عليّ في يومٍ خمسينَ مرةً صافحتُهُ يومَ القيامة".قال أبو الفرج فقلتُ له [أي لأبي مطرّف]: وكيف ذلك؟فقال أبو المطرّف: أن كانت الصلاة عليه: اللهم صلّ على محمدٍ وأزواجه وذريته فيكثر، فهو حسنٌ أن شاء الله،وإن قال: اللهم صلَ على محمدٍ خمسينَ مرةً أجزأه إن شاء الله تعالى))"[19].

ومن أدلتها أيضا: القاعدة الأصولية: (ترك الاستفصال في وقائع الأحوال مع قيام الاحتمال). جاء في جمع الجوامع مع شرحه: (("(وَ) الْأَصَحُّ (أَنَّ تَرْكَ الِاسْتِفْصَالِ) فِي حِكَايَةِ الْحَالِ (يَنْزِلُ مَنْزِلَةَ الْعُمُومِ) فِي الْمَقَالِ كَمَا فِي «قَوْلِهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لِغَيْلَانَ بْنِ سَلَمَةَ الثَّقَفِيِّ وَقَدْ أَسْلَمَ عَلَى عَشْرِ نِسْوَةٍ: أَمْسِكْ أَرْبَعًا، وَفَارِقْ سَائِرَهُنَّ» رَوَاهُ الشَّافِعِيُّ وَغَيْرُهُ، فَإِنَّهُ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لَمْ يَسْتَفْصِلْ هَلْ تَزَوَّجَهُنَّ مَعًا أَوْ مُرَتِّبًا، فَلَوْلَا أَنَّ الْحُكْمَ يَعُمُّ الْحَالَيْنِ لَمَا أُطْلِقَ الْكَلَامُ؛ لِامْتِنَاعِ الْإِطْلَاقِ فِي مَوْضِعِ التَّفْصِيلِ الْمُحْتَاجِ إلَيْهِ. وَقِيلَ: لَا يَنْزِلُ مَنْزِلَةَ الْعُمُومِ، بَلْ يَكُونُ الْكَلَامُ مُجْمَلًا))"[20]. والقاعدة مأخوذة من قول الإمام الشافعي رضي الله عنه: (تَرْكُ الِاسْتِفْصَالِ فِي وَقَائِعِ الْأَحْوَالِ مَعَ قِيَامِ الِاحْتِمَالِ يُنَزَّلُ مَنْزِلَةَ الْعُمُومِ فِي الْمَقَالِ)[21]. وفيها دليل على صحة ما نحن بصدده؛ لأن هذا التقييد ينزل منزلة العموم، ويؤيده تقييد غير التسبيح بالمذكورات من التكبير، والتحميد، والتهليل، والحوقلة.

ومن أدلتها أيضاً أنها مبنية على باب زيادة الفضل الإلهي،قال العلامة محمد بن سليمان الكردي (ت1194هـ)، رحمه الله: ((وليس هذا من باب: لك الأجر على قدر نصبك"، بل هو من باب زيادة الفضل الواسع والجود العظيم))[22].

وفصل العز الدليل، فقال: فمن الأعمال ما يكون شريفا في نفسه وفيما رُتِّب عليه من جلب المصالح ودرء المفاسد، فيكون القليلُ منه أفضلَ من الكثير من غيره، والخفيفُ منه أفضلَ من الشاق من غيره، ولا يكون الثوابُ على قدْر النَّصَب في مثل هذا الباب كما ظن بعض الجهلة، بل ثوابُهُ على قدْر خطره في نفسه، كالمعارف العلية والأحوال السنية والكلمات المرضية،فرب عبادةٍ خفيفة على اللسان ثقيلةٍ في الميزان، وعبادةٍ ثقيلةٍ على الإنسان خفيفةٍ في الميزان بدليل أن التوحيد خفيف على الجنان واللسان وهو أفضل ما أعطيه الإنسان ومن به الرحمن، والتفوه به أفضل كل كلام، بدليل أنه يوجب الجنان ويدرأ غضب الديان، ...والحاصل: أن الثواب يترتب على تفاوت الرتب في الشرف، فإن تساوى العملان من كل وجهٍ، كان أكثرُ الثواب على أكثرهما لقوله تعالى: {فَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْراً يَرَهُ}. [سورة الزلزلة: 7][23]. ويعضد ذلك قاعدة: ليس الثواب على قدر المشقة مطلقاً، ومن أمثلتها:فضل أجر الفرائض على مساويها من النوافل، مع تساويهما في جميع ما شرع فيها،وفضل قيام ليلة القدر موجب لغفران الذنوب مع مساواته لقيام كل ليلة من ليالي رمضان، العمل فيها خير من العمل في ليالي باقي الشهر مع التساوي.

وفضل الصلاة في المسجدين: مسجد الحرام، ومسجد المدينة المنورة، على الصلاة في غيرهما من المساجد مع تساويهما في جميع ما شرع فيها[24]. ومن هنا استعمل بعض السلف الصلوات مقيداً، منهم الإمام محمد بن إدريس الشافعي (ت204هـ) رضي الله عنه، إذ قال: "...فصلى اللهُ على نبينا كلَّما ذَكَرَهُ الذاكرون، وَغَفَل عنْ ذِكْرِهِ الغافلون..."[25].

وهذه الصيغة أشهر من نار على علم[26]، ولم أقف على من أعترض عليه، وقد ختم بها الإمام أبو القاسم الرافعي (ت623هـ) رحمه الله كتابه الشهير الشرح الكبير[27].

وعلي هذا المذهب الشوكاني رحمه الله، إذ قال في شرح حديث سيدتنا صفية وسيدنا سعد ابن وقاص رضي الله عنهما: "((وَفِي الْحَدِيثَيْنِ فَائِدَةٌ جَلِيلَةٌ وَهِيَ أَنَّ الذِّكْرَ يَتَضَاعَفُ وَيَتَعَدَّدُ بَعْدَمَا أَحَالَ الذَّاكِرُ عَلَى عَدَدِهِ وَإِنْ لَمْ يَتَكَرَّرْ الذِّكْرُ فِي نَفْسِهِ فَيَحْصُلُ مَثَلًا عَلَى مُقْتَضَى هَذَيْنِ الْحَدِيثَيْنِ لِمَنْ قَالَ مَرَّةً وَاحِدَةً سُبْحَانَ اللَّهِ عَدَدَ كُلِّ شَيْءٍ مِنْ التَّسْبِيحِ مَا لَا يَحْصُلُ لِمَنْ كَرَّرَ التَّسْبِيحَ لَيَالِيَ وَأَيَّامًا بِدُونِ الْإِحَالَةِ عَلَى عَدَدٍ))"[28]. ولا يخفى أن الصلاة على النبي صلى الله عليه وسلم ذكرٌ.

الفريق الثاني: التوقف وإلى هذا مال الإمام الجمال الرملي، على ما نقله عنه العلامة الكردي، وضعفه بقوله: ((جاء في الأحاديث النبوية ما يفيد حصول ذلك الثواب المرتب على العدد المذكور...وأن تردد في ذلك الجمال الرملي، وليس هذا من باب:

" لك من الأجر على قدر نصبك"، بل هو من باب: زيادة الفضل الواسع، والجود العظيم))"[29].

الفريق الثالث: أن المصلي مقيداً يَحْصُلُ لَهُ مِنْ الثَّوَابِ أَكْثَرُ مِنْ ثَوَابِ مَنْ صَلَّى وَاحِدَةً، ولكن لا يحصل له ثَوَابِ مَنْ صَلَّى تِلْكَ الْأَعْدَادَ وإلى هذا ذهب الأمام محمد بن محمد بن محمد بن عرفة التونسي المالكي (ت830هـ) رحمه الله إلى أن المصلي مقيداً يَحْصُلُ لَهُ مِنْ الثَّوَابِ أَكْثَرُ مِنْ ثَوَابِ مَنْ صَلَّى وَاحِدَةً، ولكن لا يحصل له ثَوَابِ مَنْ صَلَّى تِلْكَ الْأَعْدَادَ، قال الإمام محمد المعروف بالحطاب الرُّعيني المالكي (ت 954هـ) رحمه الله: (فَائِدَةٌ) قَالَ الْأَبِيُّ: أُنْظُرْ لَوْ قَالَ: اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ عَدَدَ كَذَا، هَلْ يُثَابُ بِعَدَدِ مَنْ صَلَّى بِتِلْكَ الْأَعْدَادِ؟ كَانَ ابْنُ عَرَفَةَ يَقُولُ: يَحْصُلُ لَهُ مِنْ الثَّوَابِ أَكْثَرُ مِنْ ثَوَابِ مَنْ صَلَّى وَاحِدَةً، لَا ثَوَابِ مَنْ صَلَّى تِلْكَ الْأَعْدَادَ، وَيَشْهَدُ لِهَذَا حَدِيثُ مَنْ قَالَ: "سُبْحَانَ اللَّهِ عَدَدَ خَلْقِهِ"، مِنْ حَيْثُ دَلَالَتُهُ عَلَى أَنَّ التَّسْبِيحَ بِهَذَا اللَّفْظِ لَهُ مَزِيَّةٌ، وَإِلَّا لَمْ تَكُنْ لَهُ فَائِدَةٌ انْتَهَى[30].

والأدلة المذكورة أظهر في المسألة من قوله رحمه الله، وقد قال الإمام ابن علان بعد أن نقله عنه: "وأنت خبير بأن خبر الباب شاهد بإثابته بقدر ذلك"[31].

الفريق الرابع: عدم الحصول على ثواب ذلك القدر واليه ذهب جماعة من المعاصرين منهم ..... واستدلوا ..... بحجة أنه لم يرد منصوصا عليها، وهو محجوجون بالادلة المستفيظة في هذا الباب من الأحاديث والقياس والقواعد الأصولية كما أوضحناه، والله أعلم.

وصلى الله تعالى على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه كلما ذكره الذاكرون، وغفل عن ذكره الذاكرون، وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين.

الهوامش:

1- رواه ابن ماجه في سننه (906) عنه موقوفاً، وأورده المنذري في الترغيب والترهيب (2588)، ثم قال: رواه ابن ماجه موقوفاً بإسنادٍ حسن، ورواه عبدالرزاق في "المصنف" (3109)، وأبو يعلى الموصلي في مسنده (5267)، والطبراني في الكبير (8594)، والبيهقي في شعب الإيمان (1453)، وحسنه السخاوي، ونقل تصحيحه عن الحافظ مغلطاي، ينظر: القول البديع: 126 فما بعدها مع تعليق المحقق عليه.
2- القول البديع:(147 - 148).
3- ومصداق ذلك صيغ الصلوات التي ذكرها العلماء والصلحاء، ومن أجمع الكتب القول البديع في الصلاة والسلام على الحبيب الشفيع صلى الله عليه وسلم للإمام السخاوي رحمه الله.
4- نقله عنه الإمام السخاوي في القول البديع: 145.
5- الرسالة: 13.
6- رواه مسلم (2726).
7- قال الإمام النووي رحمه الله: قوله (وهي في مسجدها) أي موضع صلاتها، قوله: (سبحان الله وبحمده مداد كلماته) هو بكسر الميم. قيل: معناه مثلها في العدد، وقيل مثلها في أنها لا تنفد، وقيل في الثواب. والمداد هنا مصدر بمعنى المدد، وهو: ما كثرت به الشيء. قال العلماء واستعماله هنا مجاز؛ لأن كلمات الله تعالى لا تحصر بعَدٍّ ولا غيره. والمراد: المبالغة به في الكثرة؛ لأنه ذكر أولا ما يحصره العد الكثير من عدد الخلق، ثم زنة العرش، ثم ارتقى إلى ما هو أعظم من ذلك، وعبر عنه بهذا أي: ما لا يحصيه عدٌّ كما لا تحصى". شرح النووي على صحيح مسلم: 17/ 24.
8- برقم:(3555)، ثم قال: هَذَا حَدِيثٌ حَسَنٌ صَحِيحٌ.
9- رواه ابن خزيمة (754)، ومن طريقه ابن حبان (830) في صحيحيهما.
10- رواه أبوداود (1500)، والترمذي (3568)، وقال: هَذَا حَدِيثٌ حَسَنٌ غَرِيبٌ مِنْ حَدِيثِ سَعْدٍ، وابن حبان (837)، وحسنه الحافظ ابن حجر العسقلاني في "نتائج الأفكار": 1/ 80.
11- الفتاوى الفقهية الكبرى (1/ 148-149).
12- رواه أحمد (17596)، والحاكم في المستدرك (1836)، ثم قال: هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحُ الْإِسْنَادِ، وَلَمْ يُخَرِّجَاهُ ".
13- فتاوى شيخ الإسلام عزالدين بن عبد السلام: 201 فما بعدها.
14- المصدر السابق: 194.
15- ينظر: الفتاوى الفقهية الكبرى: 1/ 149.
16- **قَالَتْ السيدة صَفِيَّة أم المؤمنين رضي الله عنها: دَخَلَ عَلَيَّ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَبَيْنَ يَدَيَّ أَرْبَعَةُ آلَافِ نَوَاةٍ أُسَبِّحُ بِهَا، قَالَ: «لَقَدْ سَبَّحْتِ بِهَذِهِ، أَلَا أُعَلِّمُكِ بِأَكْثَرَ مِمَّا سَبَّحْتِ؟» فَقُلْتُ: بَلَى عَلِّمْنِي. فَقَالَ: " قُولِي: سُبْحَانَ اللَّهِ عَدَدَ خَلْقِهِ ". رواه الترمذي (3554)، وقال: هَذَا حَدِيثٌ غَرِيبٌ لَا نَعْرِفُهُ مِنْ حَدِيثِ صَفِيَّةَ إِلَّا مِنْ هَذَا الوَجْهِ مِنْ حَدِيثِ هَاشِمِ بْنِ سَعِيدٍ الكُوفِيِّ، وَلَيْسَ إِسْنَادُهُ بِمَعْرُوفٍ وَفِي البَابِ عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ، والحاكم (2088)، ثم قال: «هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحُ الإِسْنَادِ وَلَمْ يُخَرِّجَاهُ. وَلَهُ شَاهِدٌ مِنْ حَدِيثِ الْمِصْرِيِّينَ بِإِسْنَادٍ أَصَحَّ مِنْ هَذَا».**
17- الفتوحات الربانية على الأذكار النواوية: 1/ 195.
18- الفتوحات الربانية على الأذكار النواوية: 1/ 195.
19- في كتابه «القُرْبَةُ إلى ربّ العالمين بالصلاة على محمد سيد المرسلين» (90)، والحديث وإن لم يثبت، إلا أن المقصود هنا هو قول الأمام أبي المطرّف رضي الله عنه، ونقله عنه مع الإقرار له كلٌّ من الإمام السخاوي الشافعي (ت901هـ) وشيخ الإسلام أحمد بن حجر الهيتمي(ت974هـ)، ينظر: القولُ البديع في الصَّلاة على الحبيبِ الشَّفيع: 288، والدر المنضود في الصلاة والسلام على صاحب المقام المحمود (179-180).
20- جمع الجوامع مع حاشية العطار على شرح الجلال المحلي على جمع الجوامع: (2/ 24 – 25).
21- نقلها عنه الإمام الزركشي (ت 794هـ)، رحمه الله، ثم قال: وَعَلَيْهِ أَعْتَمِدُ فِي صِحَّةِ أَنْكِحَةِ الْكُفَّارِ، وَفِي الْإِسْلَامِ عَلَى أَكْثَرَ مِنْ أَرْبَعِ نِسْوَةٍ وَغَيْرِ ذَلِكَ، لِقَضِيَّةِ غَيْلَانَ حَيْثُ لَمْ يَسْأَلْهُ عَنْ كَيْفِيَّةِ وُرُودِ الْعَقْدِ عَلَيْهِنَّ فِي الْجَمْعِ وَالتَّرْتِيبِ، فَكَانَ إطْلَاقُ الْقَوْلِ دَالًّا عَلَى أَنَّهُ لَا فَرْقَ بَيْنَ أَنْ تَقَعَ تِلْكَ الْعُقُودُ مَعًا أَوْ عَلَى التَّرْتِيبِ، وَاسْتَحْسَنَهُ مِنْهُ مُحَمَّدُ بْنُ الْحَسَنِ. البحر المحيط في أصول الفقه (4/ 201 – 202)، وينظر: نفائس الأصول في شرح المحصول: (4/ 1903).
22- فتاوى الكردي: 731.
23- القواعد الكبرى، المعروف بـ(قواعد الأحكام في مصالح الأنام): 1/ 49 – 50.
24- ينظر: القواعد الكبرى، المعروف: 1/ 44 فما بعدها.
25- الرسالة: 16.
26- قال الإمام الأَصْبَهَانِيّ رحمه الله: رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ :(صلى الله عَلَيْهِ وَسلم) فِي الْمَنَام، فَقلت: يَا رَسُولَ اللَّهِ مُحَمَّدُ بْنُ إِدْرِيسَ الشَّافِعِيُّ ابْنُ عَمِّكَ هَلْ خَصَصْتَهُ بِشَيْءٍ أَوْ هَلْ نَفَعْتَهُ بِشَيْءٍ؟ قَالَ: نَعَمْ، سَأَلْتُ اللَّهَ أَنْ لَا يُحَاسِبَهُ. فَقُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ بِمَ؟ قَالَ: لِأَنَّهُ كَانَ يُصَلِّي عَلَيَّ صَلَاةً لَمْ يُصَلِّ عَلَيَّ أَحَدٌ مِثْلَهَا. قُلْتُ: فَمَا تِلْكَ الصَّلَاةِ، قَالَ: كَانَ يَقُولُ اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ كُلَّمَا ذَكَرَهُ الذَّاكِرُونَ وَصَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ كُلَّمَا غَفَلَ عَنْ ذِكْرِهِ الْغَافِلُونَ. رواها الإمام ابن السبكي رحمه الله في طبقات الشافعية الكبرى: 1/ 188.
27- ينظر: العزيز شرح الوجيز المعروف بالشرح الكبير: 13/ 593.
28- نيل الأوطار: 2/ 385.
29- فتاوى الكردي: 730 – 731.، ونص سؤال السائل: إذا قال قائل: (اللهم صلّ على على سيدنا محمد ألف مرّةٍ)، فهل يكون له ثواب الألف؟ أو لا؟
30- مواهب الجليل في شرح مختصر خليل: (1/ 20).
31- الفتوحات الربانية على الأذكار النواوية: 1/ 196.

المصادر والمراجع

من كتب السنة: (صحيح مسلم، وسنن أبو داود، وسنن الترمذي، وسنن ابن ماجه، ومسند أحمد، وصحيح ابن خزيمة، وصحيح ابن حبان، والمستدرك على الصحيحين للحاكم، ومصنف عبدالرزاق، ومسند أبي يعلى الموصلي، ومعجم الطبراني، وشعب الإيمان البيهقي).

1. البحر المحيط في أصول الفقه: للإمام محمد بن عبد الله بن بهادر الزركشي (ت794هـ)، دار الكتبي، ط1، 1994م.
2. الترغيب والترهيب من الحديث الشريف: للإمام عبد العظيم بن عبد القوي بن عبد الله المنذري (ت656هـ)، ت: إبراهيم شمس الدين، دار الكتب العلمية – بيروت، ط1، 1417هـ.
3. جمع الجوامع مع حاشية العطار: للإمام محمد بن أحمد بن محمد المحلي الشافعي (ت864هـ)، دار الكتب العلمية.
4. حاشية العطار على شرح جمع الجوامع: للعلامة حسن بن محمد بن محمود العطار الشافعي (ت 1250هـ)، دار الكتب العلمية.
5. الدر المنضود في الصلاة والسلام على صاحب المقام المحمود: للإمام أحمد بن حجر المكي(ت974هـ)، عني به: بوجمعة عبد القادر مكري ومحمد شادي مصطفى عربش، الناشر: دار المنهاج – جدة، الطبعة: الأولى - 1426هـ.
6. الرسالة: للإمام محمد بن إدريس الشافعي (ت204هـ)، ت: أحمد شاكر، مكتبه الحلبي- مصر، ط1، (1940م).
7. شرح النووي على صحيح مسلم (المنهاج شرح صحيح مسلم بن الحجاج)، للإمام يحيى بن شرف النووي (ت676هـ)، دار إحياء التراث العربي – بيروت، ط2.
8. الفتاوى الفقهية الكبرى: للإمام أحمد بن حجر المكي (ت974هـ)، جمعها: الشيخ عبد القادر بن أحمد بن علي الفاكهي المكي (ت982 هـ)، الناشر: المكتبة الإسلامية.
9. فتاوى الكردي: للإمام محمد بن سليمان الكردي (ت1194هـ)، ت: بلال بن خالد البعيج، دار ضياء الشام- سوريا، ط1، 2020م.
10. فتاوى شيخ الإسلام عزالدين بن عبدالسلام: للإمام عزالدين بن عبدالسلام، المعروف بسلطان العلماء(ت660هـ)، ت: محمد جمعة كردي، مؤسسة الرسالة- بيروت، ط1، 1996م.
11. الفتوحات الربانية على الأذكار النواوية: للإمام محمد بن علان الصديقي الشافعي (ت1057هـ)، جمعية النشر والتأليف الأزهرية.
12. القواعد الكبرى، الموسوم بـ(قواعد الأحكام في مصالح الأنام): للإمام عبدالعزيز بن عبدالسلام المعروف بسلطان العلماء (ت660هـ)، ت: د. نزيه حماد، ود. عثمان ضميرية، دار القلم- دمشق، ط1، 2000م.
13. القولُ البديع في الصَّلاة على الحبيبِ الشَّفيع: للإمام محمد بن عبدالرحمن السخاوي الشافعي (ت901هـ)، ت: محمد عوامة، دار اليسر-المدينة المنورة، دار المنهاج- الجدة، ط2/ 2011م.
14. مواهب الجليل في شرح مختصر خليل: للإمام محمد بن محمد بن عبد الرحمن، المعروف بالحطاب الرُّعيني المالكي (ت 954هـ)، دار الفكر، ط3، 1992م.
15. نتائج الأفكار في تخريج أحاديث الأذكار: للإمام ابن حجر العسقلاني (ت852هـ)، ت: حمدي عبدالمجيد السلفي، دار ابن كثير- دمشق، ط2، 2008م.
16. نفائس الأصول في شرح المحصول: أحمد بن إدريس القرافي (ت 684هـ)، ت: عادل أحمد عبد الموجود، علي محمد معوض، مكتبة نزار مصطفى الباز، ط1، 1995م.
17. العزيز شرح الوجيز المعروف بالشرح الكبير: للإمام عبد الكريم بن محمد بن عبد الكريم الرافعي (ت 623هـ)، ت: علي محمد عوض - عادل أحمد عبد الموجود، دار الكتب العلمية، بيروت – لبنان، ط1، 1997م.
18. طبقات الشافعية الكبرى: للإمام عبد الوهاب بن تقي الدين السبكي (ت771هـ)، ت: د. محمود محمد الطناحي د. عبد الفتاح محمد الحلو، هجر للطباعة والنشر والتوزيع، ط2، 1413هـ.
19. نيل الأوطار: للعلامة محمد بن علي بن محمد الشوكاني (ت1250هـ)، ت: عصام الدين الصبابطي، دار الحديث، مصر، ط1، 1993م.

د.بەشیر خەلیل حەداد
وتاربێژی مزگەوتی جەلیل خەیات:
" بە فەرمی ناساندنی مەزهەبی ئیمامی شافیعی کە یەکێتی زانایان پێشنیاری کردووە، بابەتێکی هەستیارەو پێویستە ببێتە هۆکاری ڕێکخستنەوەی ئەڕێنی پرسە ئایینیەکان"
ڕاگەیاندنی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان
www.zanayan.org
2023

ماموستا مەلا محمد ئیمام ئاکرەیی
سەرۆکی پێشووتری یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان
" تەواو پشتگیری لە پرۆژەی بەفەرمی ناساندنی مەزهەبی ئیمامی (شافیعی) دەکەم، هەنگاوێکی گرنگ و موبارەکە، لەرابردوو گەورە زانایانی کورد لەسەر بنەمای زانستی پەیڕەوی ئەم مەزهەبەیان کردووە، گرنگە ئێستاش هەر وا بەردەوام بێت. بۆیە پێویستە حکومەت بەتەواوەتی پاڵپشتی ئەم پرۆژەیەی یەکێتی زانایان بکات، چونکە هۆکاری نەهێشتنی ناکۆکیەکانەو خزمەتێکی گەورەش بە کوردستان دەکات"
ڕاگەیاندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان
www.zanayan.org
2023

2023
ماموستا مەلا عبدالواحد باڵەکی:
" میللەتی کورد لە سایەی زانایانەوە لە دێر زەمانەوە پابەندی مەزهەبی ئیمامی شافیعی بووەو پێویستە لەسەر ئەم ڕێڕەوەش بەردەوام بێت، بۆیە ئەم هەنگاوەی یەکێتی زانایان بەرز دەنرخێنم"
ڕاگەیاندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان
www.zanayan.org

پرۆفیسۆر دکتۆر محمد شوکری زاوێتی:
" کوردو مەزهەبی ئیمامی شافیعی دووشتی لێك جیانەکراوون، بۆیە پێشنیاری بە فەرمی ناساندنی ئەم مەزهەبە وەك مەزهەبی هەرێمی کوردستان هەنگاوێکی گرنگ و پڕ بایەخە"
ڕاگەیاندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان
2023

www.zanayan.org
د.جەمیل سورچی
ڕاگری کۆلێژی زانستە ئیسلامیەکان:
" مەزهەبی ئیمامی شافیعی مەزهەبێکی موعتەبەرەو هەڵێنجاوی قورئان و فەرموودەیە "
2023
ڕاگەیاندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

2023
شێخ نیاز نەقشبەندی
بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەبەرایەتی حەج و عومرە:
" دەستخۆشی زۆر لە یەکێتی زانایان دەکەم بۆ ئەو پێشنیارە گرنگەی بە فەرمی ناساندنی مەزهەبی ئیمامی شافیعی لە کوردستان، چونکە ئەم هەنگاوە ڕزگارکردنی خەڵکە لە سەرلێشێواوی و سەرگەردانی"
ڕاگەیاندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان
www.zanayan.org

ئەم هەنگاوە بۆچی؟

سەرنووسەر

لە دێـــر زەمـــانەوە کوردستان باوەشی بۆ ئایینی پیرۆزی ئیسلام کـــــــــردۆتەوەو خۆویســـــــــتانە موســـــــڵمانبوون و پابەنـــدی خـــۆی بە ئیســـلام راگەیانـــدووە، ئەوەی بە شـــێوەیەکی زانســـتی و تێگەیشتنی دروست و دوور لە مەرام و میزاج و کورتبینی لە لێکـدانەوەو بەدواداچـوونی دەقەکان رابەرایەتی ئەو رەت و رێـرەوەی کـردووە زانایـانی پـایەبەرزی کـورد بـوونە، کە هەمیشـــە بە ئاســـتێکی بـــاڵای زانســـتی و هەڵوێســـتێکی دینـــدارانەی گەورەو نیەتـــێکی پـاک و دڵسـۆزانە خزمەتیـان پێشکەش کردووە، ئەوان لەبەر ئەوەی ئەهلی عیلم بوون، بە لێکتێگەیشـــتن و هەســـتی بەرپرســـیارێتی ئەوەیـــان لا مەعلـوم بـووە، کە شـەریعەت و دینـداری پێویسـتیان بە حـاڵیبوونی زانسـتی و تەواوەوە هەیەو نـاکرێ بەپـێی هەواو ئـارەزووی کەسی و نەفسی_ شرۆڤەو گەنگەشـە بکرێـت، چـونکە هەر بەشـێک لە بەشـەکانی خواپەرسـتی و مامەڵەو پـرس و بـابەتە ئایینیەکان بنەمـاو رێسـای تـایبەت بەخـۆی هەیەو تێگەیشـتن لەو بنەمایـانە گـرنگەو، لەهەمـان کـات دینـداری رێـرەوی ئاسـایی خـۆی وەردەگرێـت و دەبێـتە فـاکتەری خۆشـبەختی و سـەقامگیری کـۆمەڵگەو دوور کەوتنەوە لە پەرتەوازەیی و دووبەرەکی و ناکۆکی نەخوازراو.

میللەتی کورد لە ژێر رۆشنایی تێگەیشتنی گەورە زانایان و ئەو رێرەوە رەسەن و زانستیە، نزیکەی هەزار ساڵە گرفتێکی ئەوتۆی نەبووە لە پەیرەوکردنی شەریعەت و جێبەجێ کردنی پەرستش و دڕووشمە ئایینیەکان، بەڵکو ئەو نەهجە هۆکاری خێرو و بەرەو پێشچوونی ئاستی دینداری و مایەی شانازیەکی گەورە بووە.

زانایانی پێشین بە دەستو یەخەی زانست و کتێبە پەڕ زەردەکان و هەوڵ و شەونخونی ماندوونەناسانە، ئاگاداری وردو درشتی ئەو ئیختیلاف و راجیایی و تێگەیشتنەی گەورە زانایانی پێش خۆیان بوون، بەڵام بە ئەدەب و هەیبەتێکی زۆرەوە مامەڵەیان لەگەڵ نواندووە، بۆیە رەوشی دینداری و هۆشیاری لە ئاستێکی بەرزو رۆشنبیریەکی تەواو و تێگەیشتنێکی میانرەوانە خۆی بینیوەتەوەو، کەسیش کەسی تری تەبدیع و تەفسیق و تەکفیر ناکرد.

بەداخەوە بەم دواییانە بەتایبەت لە دوای راپەڕینەوە، بەهۆی کرانەوەو دەستی ئەنقەست و جۆرەها فکرو مومارەسەی ئایدۆلۆژی و کزبوونی رێرەوی زانست و سەرهەڵدانی کەسانی نا ئەهل، ئەو رێرەوەی دینداری و شێوازی پەرستش و دروشمەکان گۆڕانکاری گەورەی بەسەر داهات، تا ئەو ڕادەیەی ئێستا هەندێ جارو لەهەندێ شوێن هەستی پێ دەکەین، هەر مزگەوتەو بە ئاوازو ستایلێک مامەڵە لەگەڵ ئەو دروشم و پەرستشانە دەکات، لەوەش زیاتر زۆرجار یەکتر کرهاندن و رقەبەری و تۆمەتبارکردن و قبوڵنەکردن و تەبدیع و تەفسیق کردنی یەکتری بەدوای خۆیدا هێناوەو کۆمەڵگەی خستۆتە دۆخێکی شپرزەو نارێکەوە، کە هەندێ جار بە ئاقاری تووندوتیژی و رەفزکردنەوەی یەکتری رۆیشتووەو، لە ئەدەبی ئیختیلافەوە دەرچووە بۆ تەفرەقەو پەرتەوازەیی.

یەکێتی زانایان لە سۆنگەی خەمخۆری و چارەسەری ئەم پرسە هەوڵی زۆری داوە، تا گەیشتە ئەوەی لەڕێ فەتوایەکی تایبەت سەرجەم ئەم پرسانە یەکلا بکاتەوەو لە پرۆژە پاکێجێکی پێشنیارکراو بیخاتە بەر چاوان، خۆشبەختانە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی پێشنیازی دیدارێکی فراوانی زانایانی لێ گەڵاڵە بوو، تا لەوێوە بەرچاو ڕوونی و چوارچێوەیەکی دروست و زانستی و واقعی بێتە کایەوە، بۆ نەهێشتن و کەمکردنەوەی ئەم دۆخە نەخوازراوەی لەناو بەشێکی مزگەوتەکانی کوردستان هەیە.

ئەم هەوڵە بۆ کەمکردنەوەو پاڵپشتی هیچ کەس و رەت و هزر نیەو، ناچێتە چواچێوەی بەرتەسککردنەوەی ئازادی! بەڵکو هەوڵێکی دڵسۆزانەیە لەپێناو بەرژەوەندی گشتی و کۆمەڵگەو بەرەو پێشبردنی رەوشی دینداری و رێکخستنەوەی دروشم و پەرستشەکان و نەهێشتنی ئەو فەوزاو ئاڵۆزیەی بەڕۆکی بەشێکی کۆمەڵگەی گرتووە.

نمونەو پێشینەی ئەم هەنگاوە لە خودی مێژووی میللەتەکەمان و زۆربەی وڵاتان هەیە، تا کورد پەیرەوی یەک مەزهەبی کردووە گرفتێکی ئەوتۆ نەبووە، زۆربەی وڵاتانیش لە دیارکردن و رێکخستنی رێرەوی دروشم و پەرستشە ئایینیەکان لەچوارچێوەی مەزهەبێکی پەیرەوکراوی کۆمەڵگە ئەم واقع و هەقیقەتەیان لەبەرچاو گرتووە، کە لەناو یەک کۆمەڵگەدا فرەمەزهەبی کرانەوە نیە بەڵکو ئەندێشەیە، بۆیە ئەم هەنگاوە هەوڵێکی پیرۆزەو ئەرکە هەمووان بە تێگەیشتن لێی پاڵپشتی تەواوەتی بکەین.





خريطة توضح انتشار المجتمعات التي تنتسب للمذهب الشافعي في بلدان العالم الإسلامي في العصر الحالي

رسالة العلماء

مجلة دينية ثقافية يصدرها اتحاد علماء الدين الإسلامي فى كوردستان